
52



گەشتی قیامەت

نووسینی

ناصح ئیبراهیم سازانی

پرۆژەی تیشك (٥٢)

پرۆژەی تیشك

گەشتی قیامەت

نووسینی: ناصح ئیبراهیم سازانی

٢٠٠٩-١٤٣٠

$ # " !

| { z y w v u t s q p o n M

} ~ فَقَدۡ فَازَۗ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ © L آل عمران: ١٨٥.

ناوی کتێب: گەشتی قیامەت

نووسینی: ناصح ئیبراهیم سازانی

ژمارەی سپاردن: ژمارە (١٥١٤) ساڵی (٢٠٠٩)

نۆرەی چاپ: دووەم

ساڵی چاپ: ٢٠٠٩

نەخشەسازیی بەرگو ناوەوە: سیف و سرمد

لە بڵاوكراوەكانی: پرۆژەی (تیشك)، ژمارە (٥٢)

ناونیشانی پرۆژە لەسەر تۆڕی ئینتەرنێت:

www.tishkbooks.com

ئیمەیلی پرۆژە:

info@tishkbooks.com

tishkbooks@yahoo.com

پێڕستەکان

پێشـەکـی

إن الحمد لله، نحمده ونستعينه، ونستغفره، ونعوذ بالله من شرور أنفسنا، وسيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له، ومن يضلل فلا هادي له، وأشهد أن لا إله إلا الله وحده لا شريك له وأشهد أن محمدا عبده ورسوله. دوای ئەوە:

گەشـتی قیامـەت سـەفەرێکی دوورو دێـژە بـەرەو ژیـانی هەمیـشەیی و جاویـدانی، بـەرەو دوا مەنزڵگە، خەڵکی لەو کاتەوە دروستکراون گەشتیارن و لـە ڕێگـادان، نـابیٚ کـەل و پەلـەکانیان دابگرن و لێی دامەزرێن، مەگەر لـە بەهەشت یان لـە دۆزەخدا نەبێت، جا مرۆڤی ژیـر دەزانێـت کە لـە گەشت و گوزاردا تووشی ئێش و ئازار و ترسـناکی دەبێـت نـاکریٚ بـە دوای خۆشـی و حەوانەوەدا بگەڕیٚ، بەڵکو خۆشی و حەوانەوەی دوای ئەوە دەست دەکەوێت کـە گەشـتەکەی تەواو دەکات و دەگاتە مەنزڵگا.

بێگومان مرۆڤی گەشتیار دەبێت بەردوام بێـت لــە گەشـتەکەی نابێـت هـیچ کـاتیٚ ڕاوەسـتیٚ، گەشتیار دەبیٚ بەردوام لـە ئامادەباشیدا بێت بـەخۆی و کـەل و پـەلی گەشـتیەوە، هـەر کـاتێکیش دابەزی بۆ ئەوەی بحەویٚ یان پشوویەکی کەم بدات، دەبێت لەسەر ئامادەباشی گەشتەکەی بێـت و گەشتەکەی لەبیر نەکات[1].

شاعیری خواناس مەولـەوی لـە هۆنراوەیەکدا دەڵیٚ:

ئاخر سەفەرەن ڕا خەیلیٚ دوورەن ..... مەنزڵ بیٚ پایان تۆشە زەروورەن.

دەبێت هەموومان ئەو هەقیقەتە بزانین کـە ژیـانی دنیـا هەرچـەندە گـەورە بێـت بەچـاو ژیـانی قیامەتەوە هەر بچوکە و هیچ نیەیەو گەمەی منداڵانە، چەندە درێژە بکێشیٚ هـەر کورتـەو تـەواو دەبێت، چونکە شەوگار هەرچەندە درێژ بێت هەر ڕۆژ دەبێتەوە، تەمەنیش هەرچەندە درێـژ بێـت کۆتایی دێت و سەرەنجامی چوونە ناو گۆڕی تـەنگ و تاریکـەو وێـستگەیەکی کـاتی یـە بـۆ نـاو قیامەتی گەورە.

خوای گەورە دەفـەرموێت: M ! " # $ % & ' (L الأنبیـاء: ١. واتـە:

[1] - الفوائد لإبن قيم الجوزية: ٢٢٩.

لێ پرسینەوەی خەڵکی نزیك بۆتەوە بەڵام ئەوان لـە بێ ئاگایی و غەفڵەتـدا پـشت تێکـەر و روو وەرگێڕن (لـەدینی خوا).

لـەم ئایەتەدا خوای گەورەوە هەموو خەڵك ئاگادار دەکاتەوە بە نزیك بوونـەوەی رۆژی قیامـەت و لێ پرسینەوە، واتە کاتی ئەوەی کە لـەسـەر کردەوەکانیـان لێپێـچینەوەیان لـەگـەڵ بکرێـت و، پاداشتی کردەوەکانیان وەرگرن، چونکە بەشێوەیەکی گشتی خەڵك بێ ئاگان لـەو رۆژە، کـاری بۆ ناکەن و، خۆیانی بۆ ئامادە ناکەن، بێ ئاگان لـەوەی کە لـە پێنـاوی چـیدا بـەدیهێنراون، وەك ئەوەی تەنها بۆ خواردن و خواردنەوەو رابواردن دروست بووبن.

لێکۆڵینەوە لـە جیهانی دوارِۆژ شتێکی گرنگ و پڕ بایەخەو توێژینەوە لـەم باس و بابەتە گرنگـە گەلێك پێویستە، چونکە کێشەکە پەیوەندی بە باوەڕدار و بێ باوەڕەوە هەیە.

هەروەها بۆ ئەوەی خەڵکە باوەڕدارەکە باوەڕیان دابمەزرێ و زیاتر شارەزای ئەو جیهانە بن کـە بە ناچاری کۆچی بۆ دەکەن، پێویستیەکانی گەشت و سەفەرە دوورو درێژەکەیان ئامـادە بکـەن، بەر لـەوەی کاتەکەیان لـە دەست دەرچێ و زەرەرمەند و شەرمەزار بن لـەو رۆژەدا، چـونکە لـە نێوان ئەوان و قیامەتدا شتێکی ئەو تۆ نییەجگە لـە پەردەیـەکی ناسـك و وجـود و مەودایـەکی کورتی زەمەنی کە بەئاسانی کۆتایی دێت و دەبڕێتەوە.

بۆیە پێویستە خەڵك بە گشتی لـەو رووداوانە ئاگادار بکرێـەوە، تـاکو راسـتی رووداوەکانیـان بـۆ روون بێتـەوە و رێگـای راسـتی دوارۆژی خۆیـان بگـرن و، ژیانیـان بـەگوێرەی ئـەو ئامانجـە دیـاری بکـەن کـە لـە پێناویـدا دروستکراون و بـەرەو لای دەڕۆن، وەك خـوای پـەروەدگار لـەو بـارەوە دەفـەرموێت:M C D E F G

H L الذاريات: ٥٦. واتە: من هەر بۆیە جنۆکەو ئادەمیم دروستکردووە بم ناسن و بم پەرستن.

بزانن دنیا ماڵی پێدا تێپەڕبوونە، ماڵی مانـەوەو حەوانـەوەی هەمیـشەیی نییـە، رێگـای بـەرەو بەهەشتە یان ئاگری دۆزەخ، ماڵی تاقیکردنەوەیـە، سـەرەنجام و کۆتـایی بـەدیهێنراوانیش مردنـە، مردنیش سەرەتای ژیانێکی راستەقینەی هەمیشەییە، کە رۆژی قیامەتە، لـەدوای مردن گۆڕە کـە یەکەم قۆناغ و هەوارگەی ژیانی دوارۆژە، لـە قەبرەوە بۆ لێپێچینەوەی رۆژی قیامەتـە ئـەو کاتـە هەموو بەدیهێنراوێك پاداشتی کۆشش و کردەوەکانی خـۆی وەردەگرێتـەوە و سـەرەنجامی خـۆی دەزانێت، کە ئایا لـە بەهەشتی بەرینی خوایی هەتا هەتایی نیشتەجێ دەبێت کە شتی وەهای تێدایـە نە بەچاو بینراوە نە بەگوێ بیستراوەو نە بـەدڵی کەسیـشدا هـاتووە، یـان لـە ئـاگری دۆزەخـدا

نیشتەجیٚ دەبێت کە سوتەمەنىیەکەی مرۆڤ و بەردە.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: M n o p q s t u v w y z {
| { ~ فَقَدۡ فَازَۗ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ © L آل عمران: ١٨٥.

هـەروەها دەفـەرموێت: M + , - . / 0 1 2 L الملـك: ٢. واتـە: ئـەو خوایـەی کـە مـردن و ژیـانی هێناوەتـە دی، تـا تاقیتـان بکاتـەوە، کێتـان کـردەوەی چـاکتر و پەسـەند تـرە. پێـشەوا (السدي) لـە راڤەی ئەم ئایەتەدا دەڵیٚ: تا تاقیتـان بکاتـەوە کێتـان زیـاتر یـادی مـردن دەکـات و بەچـاکی خۆی بۆ ئامادە دەکات، وە زیاتر لـە خوا دەترسیٚ و خۆی دەپارێزیٚ لـە تاوان و خراپەکاری[٢].

لـە پەروەردگاری باڵادەست دەپاڕێمەوە بە بـەزەیی و میهرەبـانی خـۆی ئـەم بەرهەمـەمان لـیٚ وەربگرێت و، رزگارمان بکات لـە مەترسی و ناخۆشیەکانی رۆژی قیامەت و بە بەهەشـتی بـەرین شادمان بکات لـەگەڵ پێغەمبەران و راستگۆیان و شەهیدان و پیاوچاکاندا.

ئیمام شافیعی دەڵیٚ:

إنَّ لله عِـبَــاداً فُطَنــــَا.........طَلَّقُوا الدُّنْيَا وخَافُوا الفِتَنـَا

نَظَروا فيهَا فَلَمّــَا عَلِـمُوا.......... أَنَّــهَا لَيْسَتْ لِحَيٍّ وَطَنــا

جَعَلُوها لُجــَّةً واتَّخَــذُوا..........صَالِحَ الأَعمالِ فيها سُفُنــا

خوا بەندەی ژیری وای هەیـە دەسـتیان لـە دنیـا هـەڵگرتووە و خۆیـان لـە فیتنـەو ئاشـوبەکانی پاراستوە، چونکە دەزانن جێی مانەوەو حەوانەوە نىیە، کردەوە چاکەکانیان کردۆتە کەشـتیەك و دنیاش بەدەریایەك ئەزانن کە کاری چاکە ئەکەنە کەشتیەك و پێی ئەپەڕنەوە.

إنه نِعمَ المَولى ونِعمَ النَصير.

ناصح ئیبراهیم سازانی / سلیمانی

ساڵی١٤٣١ی کۆچی بەرامبەر بە ساڵی ٢٠٠٩زایینی

[٢] - أخرجه البيهقي في شعب الإيمان: ٧/٤٠٨.

سەرەتـا گەردوون چۆن دەستی پێکردووە؟

پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێکی ئاقڵ و هۆشیار بیربکاتەوە و لە خۆی بپرسێت: سەرەتا گەردوون چۆن دەستی پێکردووە؟ بەدیهێنەری کێ بوو؟ من کێم و بۆچی بەدیهاتووم لەم بوونەوەرەدا؟ ئەرك و فەرمانم چییە لەم سەر زەوییەدا؟ پەیام و بەرنامەم چییە لەم ژیانەدا؟..[٣].

هەرکە مرۆڤ بیرو هۆشی کردەوە ئەم پرسیارانە دێن بە مێشکیدا، داوای وەڵامێکی شیاوی لێدەکەن، بۆیە پێویستە بیرو هۆشی خۆی بخاتە گەڕ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە گرنگانەو بگەرێت بەدوای وەڵامێکی گونجاودا بۆیان، چونکە زۆر شورەییە بۆ مرۆڤ کە خوای گەورە بیرو هۆشی داوەتێ بەڵام ئەو نەیخاتە گەڕو بیرێ نەکاتەوە لە سەرەنجامی خۆی، بەبێ ئاگایی وەك ئاژەڵ بژی بۆ خواردن و خواردنەوە و رابواردن، تا لە ناکاو مردن یەخەی دەگرێت، جا ئەو کاتە پەشیمان دەبێتەوە، کە پەشیمانی دادی نادات و هیچ فریای ناکەوێ و دەرباز بوونی بۆ نییە لەو رۆژەدا، مەگەر کەسێك خوا بۆ خۆی رەحمی پێ بکات.

بێگومان ئەو پرسیارانەش کە لە پێشەوە کران هەر دەبێت وەڵام بدرێنەوە بۆ ئەوەی مرۆڤ بزانێت کێیەو لە کوێوە هاتووە؟ بۆچی بەدیهاتووە؟ سەرەنجامی بەرەو کوێیەو لەدوای تەواوکردنی ئەم تەمەنە کورتە چی روو دەدات؟!.

یەکەم: لە کوێوە هاتووم؟:

ئەمەش گرێ و گۆڵێکی ژیانی ئەو ماددیانەیە کە تەنها باوەڕیان بەو شتانە هەیە کە بە پێنج هەستیارەکان(چاو، دەم، گوێ، لوت، دەست لێدان) هەستی پێدەکەن، لەسەر ئەو کوێرییەی خۆیان بەردەوام هەنگاو دەنێن، ئەو هەموو یاساو رێسا جوان و رێك و پێکانەی گەردوون بە دروستکراوی رێکەوتی کەڕو کوێرو لاڵ دادەنێن!!.

خوای گەورە لەسەر فیترەتی پاك ئادەمیزادی دروستکردووە، جا ئەوانەی بە بەڵێ وەڵامی فیترەتی پاکیان داوەتەوەو باوەڕیان وایە ئەم گەردوونە بێ خاوەن نیە، بەڵکو بەدیهێنەرێکی هەتا بڵێی گەورەو باڵادەستی هەیە، بە هەموو دڵێکیانەوە رووی تێدەکەن بە ترس و لەرزەوە، بە

[٣] - ئەم باسەم لە کتێبی (العبادة في الإسلام)ی د. یوسف القرضاوي وەرگرتووە بە دەسکارییەوە.

هیواو ئومێدەوە، زۆر لایان گەورەیە و پشت و پەنای پێ دەبەسـتن، خـوای گـەورە لـەو بـارەوە دەفـــەرموێت: M فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ © ٱللَّهِ ٱلَّتِي فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ´ ¶ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ L الروم: ٣٠. واتە: دینێکی بنەڕەتیەو لە سروشـتدا خـوا ئـەو خەڵکەی هەر لەسەر یەکتا پەرستی وەدی هێناوە، کاری خودا گۆڕانی بەسەردا نایە، دینی پتـەوو پایەدار هەر ئەمەیە بەڵام زۆربەی خەڵك ئەم راستیانە نازانن.

هەرچەندە خاوەنی ئەو دەنگە فیتریـیە لـە کاتی خۆشی و رابواردنەکانی دنیادا بـە قەسـتی ئـەو دەنگە دەشارێتەوە، بەڵام کاتێك رووداوی سەخت و بـەڵاو ناخۆشـی رووی تێکـرد توانـای خـۆ راگرتنی نەبوو، هیوا بڕاو بوو لـە مرۆڤەکانی دەورو بەری، ئەو کاتـە بـە ملکەچـی و زەلیلیـەوە هاوار لـە خـوا دەکـات و پەشـیمان دەبێتـەوە: واتـە: ئینـسان سروشـتی وایـە کاتێـك تەنگانـەو ناخۆشییەکی تووش دەبێ، روو لـە پەروەردگاری دەنێ و داوای لابردنی لێدەکات، پاشان ئەگـەر خوای گەورە لـەلایەن خۆیـەوە بـەهرەو نیعمـەتێکی دایـە ئـیتر ئـەوە لـەبیر خـۆی دەباتـەوە کـە لـەوەوپێش ئەپاڕایەوە رزگاری بکات، چەند هاوبەش و شەریکێك بۆ خوا دادەنێن، هەتا جگە لـە خۆی خەڵکیش گومڕا بکات و، نەهێڵێ بەرەو رێی خـوا بـچن، بڵـێ: بـەو کەسـە بـێ بڕوایـە، کەمێکی تریش بەو تەمەنە کورت و کەمەوە لەزەت ببەو رابوێرە لـە دونیادا، چونکە تۆ بەراسـتی لـە هاوەڵ و یارانی ئاگری دۆزەخیت.

هەروەها دەفەرمویت: M p q r s t u v w x y z { | } ~ كَانَ يَدْعُوٓاْ إِلَيْهِ مِن قَبْلُ وَجَعَلَ لِلَّهِ أَندَادًا لِّيُضِلَّ © سَبِيلِهِۦ ۚ قُلْ تَمَتَّعْ بِكُفْرِكَ قَلِيلًا ۖ إِنَّكَ مِنْ ´ µ ¶ L الزمر: ٨. واتە: کاتێك لـە ناو دەریادا شەپۆلی گەورەی وەك شاخ بەرەو روویان بێت، بە هـەموو دڵێکیانـەوە هـاوار دەبـەن بـۆ خواو داوای رزگار بوونی لێدەکەن، جـا کاتێـك رزگاریـان دەکـات و دەیانگەیەنێتـە وشـکانی، لـەسەر ئەو بارەیان ناوەستن، هەیانە مام ناوەندیـیە لـە نێـوان شـیرك و یەکتاپەرسـتیدا، هەشـیانە لـەسەر رێگای شیرك و بێباوەڕی خۆی دەمێنێتەوە، جا کەس لـە ئایەت و بەڵگەکانی ئێمـە نکـولی و پەیمان شکێنی ناکات جگە لـە خەڵکێکی فریوبازو زۆردارو سپڵە و پێنەزان.

پیاوێك پرسیاری کرد لـە پێشەوا جەعفەری صادق رەحمەتی خـوای لـێ بـێ دەربـارەی بـوونی خوا(الله)؟. ئەویش فەرمووی: ئایا قەت سواری کەشتی بوویت لـە دەریادا؟. وتی: بـەڵێ سـواری کەشتی بووم لـە دەریادا. فەرمووی: جارێك لـەو جارانـە تووشـی گێژەڵوکـەو رەشـەبای بـەهێز

نەبوویت؟. وتی: بەڵێ تووش هاتووم. فەرمووی: نائومێد نەبوویت لـە هەموو شتێك تەنانـەت لـە کەشتیەوانەکەش؟. وتی: بەڵێ نائومێد بووم. فەرمووی: ئـەی نـەهاتووە بـە دڵ و دەروونتـدا کـە یەکێك دەتوانێت رزگارت بکـات لـەو تەنگانەیـە ئەگـەر ویـستی لەسـەر بێـت؟. وتـی: بـەڵێ. فەرمووی: دەی ئەوە(الله)یە.

ئیمان بە خودا تەنها غەریزەیەکی فیترى و سروشتی نیـەو بـەس، بـەڵکو زەرورەتێکـی ئـاوەزو ئەقڵە، بەبێ ئەو ئیمانەش ئـەو پرسـیارەی کـە قورئـان دەیکـات دەربـارەی بەدیهێنـەری هـەموو دروستکراوان لـە دڵەڕاوکێ زیاتر هیچی تر نیيە و وەڵامێکـی شـیاو و تـەواوی نادرێتـەوە: M : ; < = > ?@ A B C D E F HI J K L الطور: ٣٥ – ٣٦. واتە: ئایا ئەم دروەستکراوانە بەبێ دروستکەرێك بەدیهاتوون؟ یان هـەر خۆیـان خۆیانیـان بـەدیهێناوە؟ یـان ئەوان ئەم زەویەیان دروستکردووە؟ نەخێر بەڵکو بەراستی یەقینیان بە رۆژی پاداشت و تۆڵە نیە.

ئەم دروستکراوانە هـەر لـە سـەرەتاوە بـەبێهوودە بەدینـەهاتوون، هـەروەها خۆشـیان خۆیـان بەدینەهێناوە، کەسیش بانگەوازی بۆ ئەوە نەکردووە کە بەدیهێنەری ئاسمانەکان و زەوی بـێ! کـە ئەوەش شتێکی مەحاڵە، کەواتە ئەی کێ بەدیهێنەری ئەم بوونەوەرەیە؟! وەڵامـی ئـەم پرسـیارەش تەنها لـە قورئاندایە کـە دەفـەرموێت: خـوای گـەورە و باڵادەسـت بـەدیهێناوە، بـۆ عیبـادەت و ئاوەدانکردنـەوەی زەوی نـەوە لـە دوای نـەوەی دروسـتکردووە، تەنانـەت موشـریك و هـاوەڵ بڕیاردەرانی عەرەب هەرچەندە ئەم پرسیارەیان لێکرا بێت هەر هـەمان وەڵامیـان هـەبووە، دانیـان بەوەدا ناوە کە ئاسمانەکان و زەوی خوای گەورە و پـەروەردگار دروسـتیکردوون: M وَلَئِن سَأَلْتَهُم مَّنْ © السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضَ لَيَقُولُنَّ خَلَقَهُنَّ الْعَزِيزُ الْعَلِيمُ ﴿٩﴾ L الزخرف: ٩.

کەی ژێری رێگەی ئەوەی داوە دەرگایەکی تەختە لـەخۆیـەوە پەیـدا ببێـت بـەبێ وەسـتا؟ یـان کۆشك و تەلارێك هەروا لـە خۆیەوە بەبێ وەستایەکی کارامە دروسـت بکرێـت و بڕازێنرێتـەوە؟ ئەی کەواتە بوونەوەرێکی وەها فراوان بە هەزاران کاکەشان و ملیارەها ئەستێرەوە چـۆن هـەروا لـە خۆیانەوە بەدیهاتوون؟!!.

جارێکیان کۆمەڵێ لـە بێباوەڕان داوایان کرد لـە پێـشەوای بـەناوبانگ ئـەبو حەنیفـە رەحمـەتی خوای لـێ بێ کە پێیان بسەلمێنێ خوا(الله)هەیە!. بەڵێ.. ئەویش کاتێکی بۆ دیـاریکردن، بـەڵام بـە

قەستی خۆی دواخست لە کاتی دیاریکراو، ئـەوانیش زۆر چـاوەڕێیان کـردو نائومیـد بـوون لــە هاتنی، پاش ماوەیەك پەیدا بوو، هەنێ گلەییان لێکرد، ئەویش فەرمووی: زۆر هەوڵمدا لــە کـاتی دیاریکراودا ئامادە بم، بەڵام لە قەراغ دەریا زۆرم چاوەڕێ کرد، بۆ ئەوەی کەشتییەك پەیدا ببێـت و بم پەڕێنێتەوە بۆ ئەو بەر.. زۆر وەستام هیچم دەست نەکەوت، تا ئەبینم کۆمەڵێك دارو تەختـە هاتن و یەکیان گرت و هاتنە بەردەستم و بوون بـە کەشـتییەکی زۆر قەشـەنگ و نایـاب، منـیش سواری بووم و لە رووبارەکە هاتمە ئەم بەرەوە ئـەوا ئێـستا گەیـشتمە لاتـان!. بێباوەڕەکـان هـەر هەموویان وتیان: بۆچی گاڵتـەمان پێدەکـەی؟ کـەی گونجـاوە دارو تەختـە خۆیـان یـەکبگرن و کەشتییان لێ دروست ببێت؟!. بەڕێز ئەبو حەنیفە فەرمووی: ئا ئەمەیە ئێوە دەتانەوێ دەمەقاڵــە و بەربەرەکانێی لەسەر بکەن! ئێوە ژیریتان ڕێگای ئەوەتان نادات کەشتییەکی بـچکۆلە لەخۆیـەوە دروست بوبێت، یا خۆی خـۆی دروسـت بکـات..؟ ئـەی چـۆن دەڵـێن: ئـەم بوونـەوەرە سـەر سوڕهێنەرە لە خۆیەوە دروست بووە؟ یا خۆی بەدیهینەری خۆیـەتی..؟ بێباوەڕەکـان هیـچیان پـێ نەماو قسەیان بڕاو هەموویان موسڵمان بوون.

دەشتەکیەك وتویەتی: بوونی جێگە پێیەك بەڵگەیە لەسەر بوونی خاوەنی ئەو جێگە پێیـەی لــەو ڕێگایەوە گوزەری کردووە.

دەی ئایا بوونی ئەو ئاسمانانە کە بە هەزاران کاکەشـان و ملیارەهـا ئەسـتێرەیان تێدایـە لەگـەڵ خۆر و مانگ، بوونی شەوو رۆژ، هەروەها ئەو زەویە کە چەندەها شـاخ و شـیوو دۆڵ و دەریـای بە شەپۆل و دار و درەختی تێدایە کە هەریەکەیان تـام و بـۆن و رەنگـی خۆیـان جیـاوازە لــەوی تریان.. ئایا ئەمانە هەر هـەموویان بەڵگـە نـین لەسـەر بـوونی خـوا(الله)یـەکی گـەورەو خـاوەن دەسەلاٌت؟!.

خوای گەورە زۆر بەڕاشکاوانە لە قورئاندا وەڵام دەداتەوەو دەفـەرمویێت: M _ ` a b | d e f g h i L الزمـر: ٦٢. واتە: خوای گەورە بەدیهێنەری هەموو شتێکە، هەر ئەویش سەرپەرشتیارو پارێزەری هەموو شتێکە.. واتە: خوای گـەورە بەدیهێنـەری هـەموو شـتێکە، هـەر ئەویش سەرپەرشتیارو پارێزەری هەموو شتێکە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (كَانَ اللَّهُ وَلَمْ يَكُنْ شَــيْءٌ قَبْلَــهُ)[٤]. واتــە: خوای گەورە تاك و تەنیا بوە، پێش ئەو هیچ شتێکی تر نەبوە.

هەروەها دەفەرموێت: (كَانَ اللَّهُ وَلَمْ يَكُنْ شَيْءٌ غَيْرُهُ)[٥]. واتە: خوای گــەورە تــەنیا بــوو جگــە لەو هیچ شتێکی تر وجودو بوونی نەبوو.

یەکەم شتێك خوای گەورە دروستیکرد قەڵەم بوو: (إِنَّ أَوَّلَ مَا خَلَقَ اللَّهُ الْقَلَمَ فَقَالَ لَهُ اكْتُــبْ قَالَ رَبِّ وَمَاذَا أَكْتُبُ قَالَ اكْتُبْ مَقَادِيرَ كُلِّ شَيْءٍ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ)[٦]. واتە: یەکەم شتێك خــوای گەورە دروستیکرد قەڵەم بــوو، فــەرمووی بنووســە، وتــی ئــەی پــەروەردگارم! چــی بنووســم؟. فەرمووی: ئەندازەی هەموو شتێك بنووسە هەر لە ئێستاوە تا قیامەت.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لیٚ بیٚ وتی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەستی گــرتم و فەرمووی: (خَلَقَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ التُّرْبَةَ يَوْمَ السَّبْتِ وَخَلَقَ فِيهَا الْجِبَالَ يَوْمَ الْأَحَدِ وَخَلَقَ الشَّجَرَ يَــوْمَ الِاثْنَيْنِ وَخَلَقَ الْمَكْرُوهَ يَوْمَ الثُّلَاثَاءِ وَخَلَقَ النُّورَ يَوْمَ الْأَرْبِعَاءِ وَبَثَّ فِيهَا الدَّوَابَّ يَوْمَ الْخَمِيسِ وَخَلَــقَ آدَمَ عَلَيْهِ السَّلَام بَعْدَ الْعَصْرِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ)[٧]. واتــە خــوای گــەورە لــە رۆژی شــەممەدا خــاکی دروستکرد، لە رۆژی یەك شەممەدا شاخەکان و، لــە رۆژی دوو شــەممەدا درەخــت و، لــە رۆژی سیٚ شەممەدا خراپەی دروستکرد، لە رۆژی چوار شەممەدا نور و رووناکی دروستکرد، لــە رۆژی پێنج شەممەدا گیانەوەران و، دوای عەسری رۆژی هەینیش ئادەمی دروستکرد.

خوای گــەورە لــە قورئــانی پــیرۆزدا دەفــەرموێت: Z M [\ ] ^ ` a b c d e f g h i j k l m n o L النازعــات: ٢٧ – ٣٠. واتـــە: خەڵکینـــە! ئایـــا دروستکردنەوەی ئێوەو زیندووکردنەوەتان دوای مەرگ ســەختترو گــرانترە، یــا بــەدیهێنانی ئــەم ئاسمانە کە خوای گەورە بینای کردووە؟. b M c d L. واتە: بەرزی کردۆتەوەو پەیوەستی کردووە بە یەکەوەو جۆشی داون بە توندو تۆڵی بەستوونی بە یەکەوە، بیٚ عەیب و نەنگ رێکی

---

[٤] - أخرجه البخاري: ٧٤١٨.

[٥] - أخرجه البخاري: ٣١٩٢.

[٦] - صحيح سنن أبو داود: (٤/٢٢٥).

[٧] - أخرجه مسلم: (٢٧٨٩), وأحمد: (٨١٤١).

خستوون. M f g h i j L.شەوەکەی تاریك کردووە، رۆژەکەشی روونـاك دەرهێنـا، واتە: شەوو رۆژتان بە دوای یەکدا بۆ دێنێتM k l m n o L. دوای ئاسمانیش زەوی بە شێوەی هێلکەیی بەدیهێناوە بۆ نیشتەجێبوون و حەوانەوەیان.

لـە ئایەتێکی تردا دەفـەرموێت: M لَخَلْقُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ أَكْبَرُ مِنْ © ٱلنَّاسِ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٥٧﴾ L غـافر: ٥٧. واتـە: بەراسـتی دروسـتکردنی ئاسمانـەکان و زەوی لـە دروسـتکردنی خەڵك گەورەترە، بەڵام زۆرترینی خەڵك نازانن و تیٚ نافکرن.

دووەم: بۆچی بەدیهاتووم؟!

دوای ئەوەی مرۆڤ زانی خوای گەورە ئەم گەردوونەو ئەویشی بـەدیهێناوە، پێویـستە لــە خـۆی بپرسێت بۆچی بەدیهاتووم؟! بۆچی جیاکراومەتەوە لـە سەرجەم بوونەوەرانی تر؟ ئـەرك و فـەرمانم چـیـیە لــەم سـەر زەویـەدا؟ بێگومـان وەڵامەکـەی لای ئیمانـداران ئامادەیـە: بەراسـتی هـەموو دروەستکەرێك نهێنی ئەو شتەی دروستیکردووە دەزانێت، دەزانیٚ بۆچی دروستیکردووەو؟ بۆچی جیا لـە شتەکانی تر دروستیکردووە؟.

خوای گەورە بەدیهێنـەری مرۆڤەکانـە خاوەنیانـە، کـارو فەرمانـەکانیان بەدەسـت ئـەوە، ئایـا پەروەردگار ئەم مرۆڤانەی بۆچی بەدیهێناوە؟ بۆ خواردن و خواردنـەوە و رابـواردن؟ بـۆ گـەڕان بەسەر زەویدا بە ئارەزووی خۆیان؟ بۆ خواردنی ئەو شتانەی لـە گڵ دەردەچن دەچنەوە نـاو گـڵ؟ هەر بەو شێوەیە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ناو ئەو گڵە؟ ئیتر بەسـەرهاتی ژیـانی کۆتـایی دێـت؟ ئایـا حیکمەت لـەو ماوە کورتەی ژیانی پڕ لـە بەڵاو ناسۆرو مەینەتی دنیـا چـیـیە؟ نهێنـی ئـەو هـەموو توانایە چیـیە دراوە بە مرۆڤ، ئایا ئەو ئیرادەو ئەقڵ و ئاوەزەی بۆچی پێـدراوە؟ خـوای گـەورە لــە قورئانی پیرۆزدا وەڵامی ئەو هەموو پرسیارانە دەداتەوەو دەفـەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 9 : ; < = > ? L البقـرة: ٣٠.. واتـە: پـەروەردگارت بـە مەلائیکـەکانی فـەرموو: بەڕاسـتی مـن دەمەوێت لـەسەر زەویدا جێنـشینێك دابنـێم بـۆ ئاوەدانکردنـەوەی زەوی نـەوە لــە دوای نـەوە، مەلائیکەکان وتیان: ئایا کەسێکی تێدا دەکەیتە جێنشین کە تـاوان و کـاری نـاڕەوای تێـدا ئـەنجام بدات، خوێنی تێدا بڕێژێت؟! لـە کاتێکدا ئێمە تەسبیحات و سوپاس و ستایشت دەکەین و قەدر و

ڕێزی تۆ چاك دەزانین، بەدوورت دەگرین لەو شتانەی كە شایستەی تۆ نین، خوای گەورە لە وەڵامیاندا فەرمووی: ئەوەی من دەیزانم ئێوە نایزانن.

یەكەم مەبەست لە بەدیهێنانی ئەم مرۆڤانەو جێنشینیان لەسەر زەویدا ئەوەیە خودای خۆیان بناسن بەراستی و بەندایەتی بۆ بكەن.

خوای گەورە دەفەرموێت: C M D E F G H I L الذاريات: ٥٦ . واتە: من هەر بۆیە جنۆكەو ئادەمیم دروستكردووە بم ناسن و بم پەرستن.

خوای گەورە لە فەرموودەی قودسیدا دەفەرموێت: (يَا ابْنَ آدَمَ تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِي أَمْلَأْ صَدْرَكَ غِنًى وَأَسُدَّ فَقْرَكَ وَإِنْ لَمْ تَفْعَلْ مَلَأْتُ صَدْرَكَ شُغْلًا وَلَمْ أَسُدَّ فَقْرَكَ)[^8]. واتە: ئەی نەوەی ئادەم! خۆت یەكلا بكەوە بۆ خواپەرستی و عیبادەت، ئەوسا من دڵ و دەروونت پڕ دەكەم لە قەناعەت و بێ نیازیی و، دەرگای هەژاریت لێ دادەخەم، خۆ ئەگەر واشت نەكرد ئەوە دڵ و دەروونت پڕ دەكەم لەسەر قاڵبوون بە دنیاوە و دەرگای هەژاریشت لێ داناخەم.

چۆن بگەین بە ناسینی خوای گەورە؟ بێگومان بە دوو ڕێگە دەگەین بەناسینی، یەكەم: لە ڕێگەی قورئانەوە كە كەلامی خوایە.

دووەم: لە ڕامان و سەرنجدانی لاپەڕەكانی گەردوونەوە.

وەك دەزانن لەم گەردوونەدا هەموو شتێك لە پێناوی كاروبار و گوزەرانی جگە لە خۆی ژیان دەباتە سەر، ئاو بۆ زەوی، زەوی بۆ كشتوكاڵ و دارو درەخت، ئەوانیش بۆ ئاژەڵان، ئاژەڵەكانیش بۆ خزمەتی مرۆڤەكان، ئەی مرۆڤەكان بۆ كێ؟ پرسیارەكە ئا لێرەدایە.. وەڵامەكەشی ئەوەیە فیترەتی پاك دەیداتەوە، كە ئادەمیزاد بە تەنها بۆ عیبادەت و پەرستش بەدیهاتووە..ناشێت بۆ شتێكی تر بەدیهاتبێت، لە كاتێكدا هەرچی لەم گەردوونەدایە فەراهەم هاتووە بۆی و لە خزمەتیدایە، ئیتر چۆن دەبێت ئەو كار بكات لە پێناوی ئەواندا.

[^8]: - رواه ابن ماجه: (١٣٧٦/٢) وأحمد: ٣٥٨/٢, صحيح الترغيب والترهيب: ٣١٦٦/٣, جامع الصحيح: ١٩١٤.

ئیبن قەیم دەڵێ:

هَربُوا مِن الرق الذي خُلقوا لَهُ.........وَبَلو برق النفس والشيطانِ[٩].

واتە: لەو بەندایەتیەی لە پێناویدا خوڵقاون رادەکەن و هەڵدێن، دەبنە بەندەی شەیتان و هەواو هەوەس و دەست دەکەن بە عیبادەتی نەفس و شەیتان !.

سێیەم: سەرەنجامم بەرەو کوێ یە؟

دوای ئەوەی مرۆڤ زانی خوای گەورە بەدیهێنەریەتی و، بۆ ناسین و عیبادەتی خۆی دروستیکردووە، با بزانین سەرەنجامی بەرەو کوێ یە؟. بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەش ماددییە گومڕاو سەر لێ شێواوەکان وەڵامێکیان پێیە خەڵك بەرەو نزم بوونەوەو ژیانی ئاژەڵی دەبات، هەروا بە سوك و ئاسانی وەڵامی ئەو پرسیارە دەدەنەوە و دەڵێن: سەرەنجامی ئەم مرۆڤانەش بەرەو نەمانێکی هەمیشەیی دەڕوات هەروەك چۆن گیانەوەرانی تر دەڕۆن بەرەو نەمانی هەمیشەیی و دەبنەوە بە گڵ و دەچن بە بادا.

جا ئەگەر وایە کەواتە حیکمەت لە بوونی چی یە لەم ژیانەدا؟ کە ژیان و بەسەرهاتی مرۆڤ لای ئەوان ئەوە بێت، منالْدانی دایك فڕێی داتە دەرەوەو زەویش قوتی بداتەوە، ئیتر نە قیامەت و موحاسەبە هەبێت، چاکە و خراپە یەکسان و بەرامبەر بێت!. ئەوانەی هەموو تەمەنیان لە پێناوی رێگای راست و یارمەتی و هاوکاری مرۆڤەکانی تر بەسەر دەبەن، وەك ئەوانە بن کە ژیانیان بە خەوو خواردن و خواردنەوەو رابواردن بەسەر دەبەن و ژیان و گوزەران لە خەڵك تێك دەدەن لە پێناوی ئارەزوە سەرکەشەکانی خۆیاندا!!.

ئەگەر وایە ئەم مرۆڤە بۆچی جیاکراوەتەوە لە گیانەوەرانی تر؟ بۆچی ژیری و هۆشمەندی پێدراوە؟ ئەم هەموو شتانەی بۆچی بۆ فەراهەم هێنراوە؟ نهێنی لە چیدایە ئەگەر مرۆڤ لەم تەمەنە کورتەی ژیانی دنیا کە بریتیە لە چەند رۆژێکی دیاریکراو ژیانێکی کورت بەسەر بەرێت و سەرەنجامی لە ناوچوون بێت؟ وەك بە چاوی خۆمان دەبینین کە ئەو ستەمکارو زاڵمانە چەندەها خەڵك بەبێ گوناه دەکوژن لە پیاوی پیرو ئافرەتان و منداڵان، چەندەها کاری خراپ و ناپەسەند

[٩] - کتێبی(النونی یە)ی ئیبن قەیم رحمە الله.

دەکەن لەسەر زەویدا، کەچی لەگەڵ منداڵێکی کەم تەمەن کە مردن ئاکام و سەرەنجامیان چـوون یەك بێت!!..

بەڵام ئیمانداران خاوەنی بیرو هۆشن چاك دەزانن سەرەنجامیان بەرەو کوێ دەڕوات، دەزانن لە دنیادا سەفەرین و مەنزڵگای هەمیشەییان بەهەشتی بەرینی خوایە، دنیـا دەکـەن بـە کیڵگەیـەك و کاری تیا دەکەن و بە پلەکانی عیبادەتدا سەر دەکەون تا دەگەنە ئاستێکی بەرزو دەروونی خۆیان خاوێن رادەگرن، بۆ ئەوەی ببنە شایستەی ئـەو بەهەشـتە خـۆش و رازاوەیـە کـە هـەتا هەتاییـەو جێگەی پیاو چاکان و پاکانە، لە قیامەت بەرهەمەکەی وەردەگرنەوەو، مەلائیکەکانیش پێـشوازی گـەرمیان لێدەکـەن: M وَسِيقَ ٱلَّذِينَ ٱتَّقَوْاْ رَبَّهُمْ إِلَى © زُمَرًاۖ حَتَّىٰٓ إِذَا جَآءُوهَا وَفُتِحَتْ أَبْوَٰبُهَا وَقَالَ لَهُمْ ´ µ ¶ ¸ فَٱدْخُلُوهَا خَٰلِدِينَ ﴿٧٣﴾ وَقَالُواْ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ ٱلَّذِي صَدَقَنَا وَعْدَهُۥ وَأَوْرَثَنَا ٱلْأَرْضَ نَتَبَوَّأُ مِنَ ٱلْجَنَّةِ حَيْثُ نَشَآءُۖ فَنِعْمَ أَجْرُ ٱلْعَٰمِلِينَ ﴿٧٤﴾ L الزمر: ٧٣ – ٧٤.

زۆر ئەستەمە بۆ کەسێك خاوەنی بیرو هۆش بێت، ئیمانی بە خوای تاك و تەنیا هەبێت کـە ئـەم گەردوونەی بەدیهێناوە بەجوانترین شێوە، هەموو شتێکی لـە جێگای خـۆی دانـا بێـت، تـەرازوی دانابێت بۆ کێشانەی کردەوەی بەندەکان و موحاسەبە کردنیان، کەچی بڕوای وابێـت ئـەم ژیانـە هەروا نامێنێت و بێهودە کۆتایی دێت!!..

تالانکەر ماڵی خـەڵك تـالان بکـات و بەهـەدەر بـڕوات، دز مـاڵی خـەڵك بـدزێت و کـەس موحاسەبەی نەکات، مرۆڤ کـوژ سەربەسـت و ئـازاد بێـت و دادگـایی نـەکرێت و تۆڵـەی لـێ نەکرێتەوە، مافی پێ شێل کراوان هەروا بە فیڕۆ بڕوات، هەروەها ئاسمانەکان و زەوی بـە خـۆڕایی بەبێ مەبەست دروستکرابن!! قورئان زۆر بە جوانی ئەم حەقیقەتە روون دەکاتەوەو دەفـەرموێت:
M ~ أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَٰكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ﴿١١٥﴾ فَتَعَٰلَى ©ٱللَّهُ ٱلْمَلِكُ ٱلْحَقُّۖ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ´
µ L المؤمنون: ١١٥ – ١١٦. واتە: ئایا پێتان وابـوو بـە گەمـەو بێهـوودە بـێ هـیچ مەبەسـتێك دروستمانکردون؟.قەتیش بۆ لای ئێمە ناهێنرێنەوە، بۆ تۆڵەو بۆ پاداشت؟! بـەرزی و بڵنـدی بـۆ خوای پاشاو فەرمانڕەوای هەقە دەسەڵاتداری گشت جیهان، کـە زۆر گـەورەترە لـەوەی ئـەوان گاڵتەی پێ بکەن، هەر ئەوە پاشاو دەسەڵاتدار، هەرچی شتە بەدەستی ئەوە، جگە لەو زاتـە هـیچ پەرستراوێکی تر نیە بەهەق، خاوەنی عەرشی زۆر گەورە و شکۆدارە.

هـــەروەها دەفـــەرموێت: M أَمۡ حَسِبَ ٱلَّذِينَ ´ µ ¶ ¸ كَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَوَآءً مَّحۡيَاهُمۡ وَمَمَاتُهُمۡۚ سَآءَ مَا يَحۡكُمُونَ ﴿٢١﴾ L الجاثیـة: ٢١. واتـە: ئـاخۆ ئەوانـەی بڕوایـان نیـە و گونـاه و تاوانیش دەكەن، پێیان وایە كە وەك ئەوانەیان دادەنێین باوەڕیـان هێنـاوە و كـردەوە چـاكەكانیان ئەنجامداوە؟ هەرگیز شتی وانابێت، پێیان وایە ژیانو مردنیان یەكسانە، واتە: پێیـان وایـە وەك یـەك دەژین و دەمرن؟ ئەوانـە خـراپ تێگەیـشتوون و بڕیـارێكی نابـەجێ دەدەن، ئەگـەرپێیان وابێـت هەردوولا یەكساندەبن.

هەر لـەو بارەوە خـوای گـەورە دەفـەرموێت: M M N O P Q R ! T U V W X L الحشر: ٢٠. واتە: هاوەڵانی دۆزەخ و هاوەڵانی بەهەشت یەكسان و بەرامبـەر نـیین لـە تەرازووی دادگەری خوادا، هەر هاوەڵانی بەهەشت براوەكانن.

هـــــەروەها دەفـــــەرموێت: M وَمَا خَلَقۡنَا ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ وَمَا بَيۡنَهُمَا لَٰعِبِينَ ﴿٣٨﴾ مَا خَلَقۡنَٰهُمَآ إِلَّا بِٱلۡحَقِّ وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَهُمۡ لَا à ﴿٣٩﴾ ! " # $ % & L الدخان: ٣٨ – ٤٠. واتە: ئێمە ئاسمانەكان و زەوی و ئەوەی نێوانیان، بـە گاڵتەوگـەپ و بـێ ئامـانج بەدینـەهێناوە، بـەڵكو هـەر بـە هـەق و راسـتمان بـەدیهێناون، بـەڵام زۆربـەیان نـەزانن، بۆیـە مـل بـە هـەق نـادەن, بەڕاسـتی رۆژی جیاكردنەوەی مرۆڤەكان لەیەكتر، هەق لە ناهەق، كاتی جێژوانی هەموانە ئەو رۆژە دەزانن چیان بەسەر خۆیان هێناوە، ئەو رۆژە هیچ دۆستێك ناتوانێت كەمترین كۆمەك بە دۆستی خۆی بكـات، واتە: كەس بە كەس نی یە.

لـە ئەنجامی ئەو لێكۆڵینەوەیەوە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە دەگەینە ئەم ئەنجامـەی لای خـوارەوە: خـوای گـەورە دروسـتیكردووین، لای ئـەوەوە هـاتووین، بـۆ ئـەوە هـاتووین كـە بیپەرسـتین و فەرمانبـەرداری و گوێڕایـەڵی بكـەین، هـاوەڵ و شـەریكی بـۆ بڕیـار نـەدەین، سەرەنجامیـشمان گەڕانەوەیە بۆ بەردەم دادگای پڕ لـە عەدالـەت و دادپەروەری ئەو زاتـە گـەورەو بـە دەسـەڵاتە، پاداشتی كردەوەكانمان وەردەگرین یان بەهەشتی هەتا هەتاییە، یا بـەرەو دۆزەخـی هەمیـشەیی و نەبڕاوەیە.

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: M N O P Q R S T U V L طـە: ٥٥. واتـە: لەسەرەتاوە ئێوەمان لـەو زەوییە دروستكردووە، لـە دوای مردن ئەتان گێڕینەوە بۆ گـڵ، جـارێكی

تر ئەتان هێنینە دەرەوەو زیندووتان دەکەینەوە.. ئێمە یەکەم جار ئێوەمان لەم زەوییە دروسـتکرد، مەبەست باوکە ئادەمە.

هەروەها دەفەرموێت: M = > ? @ A B C D E G H I J K L N O P Q L الروم: ٢٧. واتە: هەر خودایە لـە نەبوونەوە ژیـان دێنێتـە دی و ژیـان بـە هەموو گیانلـەبەرێك دەبەخـشێت..سـەرجەم گـرۆی ئـادەمیزاد پـاش مـردن زینـدوو دەكاتـەوە، بێگومان ئەو زیندوو کرنەوەیە زۆر ئاسانترە لـە هێنانەدی یەکەم جاریان، خودا هەرچـیەکی بوێـت کوت وپڕ دەیهێنێتە دی، نمونەی بەرزو وەسفی بڵند هەر شایستەی ئـەو زاتەیـە لــە ئاسمانـەکان و زەویدا، هەر ئەویش زاتێکی باڵادەست و داناو کار بەجیە.

باوەڕ بە ڕۆژی قیامەت

ڕۆژی قیامەت چی یە؟:

مەبەست لە ڕۆژی قیامەت ئەو ڕۆژەیە کە خوای گەورە کۆتایی بە ژیانی دنیاو سیستەمی ئاسمانەکان و زەوی دەهێنێت، قۆناغی کۆتایی ژیانی مرۆڤە، لە پاش قۆناغەکانی منداڵدانی دایك و ژیانی سەرزەوی و ژیانی بەرزەخ کە لە مردنەوە دەست پێدەکات تاکو زیندوبونەوە.

ڕۆژی پێشوازیە لە ژیانی نوێ، ڕۆژی وەرگرتنەوەی پاداشتە بۆ چاکەکاران، ڕۆژی سزاو تۆڵەیە بۆ خراپەکاران و بێ باوەڕان، ڕۆژێکە هەموو کەس بە ماف و چارەنوسی خۆی دەگات، ڕۆژێکە کەس فریای کەس ناکەوێت، مرۆڤ لە براو باوك و دایك و منداڵەکانی خۆی هەڵدێ و ڕادەکات، کەس ئاگای لە کەس نی یە لەتاو خۆی، جگە لە ڕەحم و بەزەیی خوای کردگار، هەرچی دەسەڵات و سامانی دنیا هەیە بەکەڵکی ئەو ڕۆژە نایەت.

جیهانی دواڕۆژ سا نزیك بێت یان دوور، سا دیار بێت یان نادیار، چ پەیوەندیەکی بە دنیای ئێمەوە هەیە، چ ڕۆڵێکی لەم دنیایەدا هەیە، کاریگەری ئەم دنیایەش لەسەر ئەو جیهانە چی یە؟.

پرسیارێکی زۆر لە گۆڕێدان سەبارەت بەرۆژی قیامەت، گەلێك پرسیاری گەورەش لەبیرکردنەوەی خەڵکانێکی زۆردا بەبێ هیچ وەڵام و چارەسەرێك ماونەتەوە و خەڵکانێکی زۆریش هێشتا نازانن لە کوێوە هاتوون و بەرەو کوێ دەڕۆن و بۆچی هاتوونەتە ئەم ژیانە [١٠].

بەڵام ئیمانداران و ئەوانەی بڕوایان بە خودا هەیەو، باوەڕ بوون بە ڕۆژی دوایی پایەیەکە لە پایەکانی عەقیدەو بیرو باوەڕیان، بەهیچ جۆرێك لە گرێ کوێرەی مەسائیلی نادیاردا ناژین و، لە جیهانی وەهم و خەیاڵدا سەرگەردان نین، چونکە ئایین هەموو شتێکی بۆ ڕونکردونەتەوە.

بێگومان باوەڕ بە ڕۆژی قیامەت پایەیەکە لە پایە گەورەو گرنگەکانی ئیسلام، لە ڕووی بایەخەوە دووەمین پایەیە، بۆیە فەرزە لەسەر هەموو موسڵمانێك باوەڕی بەو ڕۆژە هەبێت، بەبێ ئەمەش عەقیدە و بیروباوەڕ دانامەزرێ، لە زۆر شوێنی قورئاندا لەدوای ئیمان بە خوای

---

[١٠] - خوێنەری خۆشەویست بۆ زیاتر ئاشنا بوون بەم باسە سەیری کتێبی (خوا پەرستی و ئاسەوارەکانی لەسەر پەروەردەی دەروون)ی ناصح ئیبراهیم سازانی بکە.

پەروەردگار هاتووە، هەروەك لـەم ئایەتـەدا دەفـەرموێت: M " # $ % & ' ( ) (* + , - . / 0 X L البقـرة: ١٧٧. واتـە: کـاری چـاك هـەر ئـەوە نىیـە روو لـە ڕۆژهەلات یان ڕۆژئاوا بکەن، بەڵکو ئەمەیە باوەڕتان بە خواو بە ڕۆژی دوایی هەبێ.

هـەروەها دەفـەرموێت: M 5 6 7 8 9 : ; < = > ? E L النسـاء: ٣٩. واتە: چ زیانێکیان لێدەکەوت؟ چیان بەسەر دەهات ئەگەر باوەڕیـان بـە خـواو بـە ڕۆژی دوایـی بهێنایە و لەو رزق و ڕۆزیەی کە خوا پێی بەخشیون بیانبەخشیایە.

پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم لە وەڵامی ئـەو پرسـیارەی کـە جوبرەئیـل دەربـارەی ئیمان لێی کرد، فـەرمووی: (أنْ تُؤمِنَ باللهِ، وَمَلائِكَتِهِ، وَكُتُبِهِ، وَرُسُلِهِ، وَاليَوْمِ الآخِرِ، وتُؤْمِنَ بالقَدَرِ خَيرِهِ وَشَرِّهِ)[11]. واتـە: ئیمـان ئەوەیـە بـاوەڕ بهێنـی بـە خـواو بـە مەلائیکـەکانی و کتێبـەکانی و پێغەمبەرەکانی و ڕۆژی دوایی و بە قەزاو قەدەر بە چاك و خراپیەوە.

جا هەر کەسـێك بـاوەڕی بـە ڕۆژی قیامـەت نـەبێت، ناگونجێـت بـاوەڕی بـە خـوای گـەورە هەبێت، چونکە بڕوابوون بـە ڕۆژی قیامـەت ئـەنجام و بەرهـەمی بڕوابوونـە بـە خـوای گـەورە، بێگومان ئەو کەسەی باوەڕی بە قیامەت نەبێت کردەوەی چاك ئەنجام نادات، چـونکە بـە هیـوای پاداشتی ئەو ڕۆژە نىیە، ناترسێ لە تۆڵەو ئەشکەنجەو ئازاری، وەك ئـەو کەسـانە دەبێـت خـوای پەروەردگار لە بارەیانەوە دەفەرموێت: M ; <=> ? @ A B C D E F H I J K L N O P Q R L الجاثیـة: ٢٤. واتە: خونەناسان دەیانوت: ژیـان تـەنها ئـەم ژیـانی دنیایەیـە، دەمرین و دەژین بەنۆرە، هەر ڕۆژگار و زەمانە کاریگەرن تێمانـداو دەمـان مـرێنن و هیـچی تـر! جا ئەوانە وەنەبێت لەسەر بنچینەی هـیچ جـۆرە زانـستی و زانیاریـەك ئـەوە بڵـێن بـەڵکو تـەنها پشت بە گومان و دوودڵی دەبەستن.

(حافظ إبن کثیر) خاوەنی (تفسیر القرآن العظیم) لە ڕاڤـەی ئـەم ئایەتـەدا دەڵـێ: ئەمـە وتـەی هاوەڵ بۆ خوا دانەرانی عەرەب بوو کە نکولیان لە زیندوبونەوەیان دەکرد و دەیان گـوت: ژیـان هەر ژیانی ئەم دنیایە، کۆمەڵێك دەمرن و کۆمەڵێك دەژین، ئیتر نەزیندوبونەوە هەیە نەقیامەت.

[11] - أخرجه مسلم ٢٨/١ (٨) (١) .

ئەوانەی باوەڕیان بە خواو بە ڕۆژی قیامەت نی یەگومڕان:

خوای گەورە دەفـەرموێت:M K L M N O P Q R S T U V W X Y Z | \ ] ^ _ ` a b c d e f g h L النساء:١٣٦.

واتە: ئـەی ئەوانـەی باوەڕتـان هێنـاوە، بـەردەوام و دامـەزراو بـن لـەسـەر ئیمـان بـە خـواو بـە پێغەمەرەکەی و بەو قورئانەی دایبەزاندووە بۆ پێغەمەرەکەی و بەو کتێبانەش کە پێـشتر رەوانـەی کردوون، جا ئەوەی باوەڕی نـەبێت بـە خـواو بـە مەلائیکـەکانی و کتێبـەکانی و پێغەمبـەرانی و ڕۆژی دوایی ئەوە بەڕاستی گومڕابووە بە ئەوپەڕی گومڕایی.

ئیمان بە ڕۆژی قیامەت مانای چی یە؟:

ئیمان بە ڕۆژی دوایی ئەوەیە کە: مرۆڤ بەعەقڵ بزانێ و بەدڵ بەڕاستی بزانێ و بەزمان دانـی پێـدا بنێ و بەکردەوە بیسەلمێنێ کە دوای ئەم جیهانە زیندوبونەوەو لێ پرسینەوەو سزاو پاداشت هەیـە، جێگەی باوەڕداران بەهەشتی بەرینی خـوایی هـەتا هەتاییـە، جێگـەی بـێ بڕوایـانی خراپـەکاریش ئاگری دۆزەخە.

بۆچی ناو نراوە ڕۆژی دوایی؟

بۆیە ناو نراوە ڕۆژی دوایی، چونکە ڕۆژێکە لـە دوای ئەو ڕۆژە ئیتر هەرگیزاو هەرگیز ڕۆژێکـی تری ژیان نایەت و کۆتا قۆناغە.

بێگومان مرۆڤ پێنج قۆناغی هەیە: قۆناغی نەبوو، قۆناغی ناو سکی دایك، قۆنـاغی سـەرزەوی و ژیانی دنیا، قۆناغی بەرزەخ[12] کە لـەکاتی مردنەوە دەست پێدەکات تاکـاتی زیندوبونـەوە، پاشـان قۆناغی ڕۆژی دوایی[13].

١ - قۆناغـی نـەبوو:

خــوای گــەورە لـــە بارەیـــەوە دەفـــەرموێت: Mهَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ ´ µ ¶ ¸ ﴿١﴾ L الإنسان:١. واتە: بێگومان بەسەر ئادەمیدا تێپەڕی ماوەیەکی زۆر لـە ڕۆژگار کە شتێکی وانەبوو ناوببرێ.

---

[12] - بێگومان بەڕای زۆربەی زانایان ژیانی بەرزەخ لـە مردنەوە دەست پێدەکات تا کاتی زیندووبونەوە.

[13] - موسوعة الأم في التربية الأولاد: (١٠٩ - ١١٠), د. أحمد مصطفى متولي.

پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسـلم دەفـەرموێت: (كَانَ اللَّهُ وَلَمْ يَكُنْ شَيْءٌ غَيْرُهُ)[14] . واتـە: خوای گەورە تەنیا بوو جگە لەو هیچ شتێكی تر وجودو بوونی نەبوو.

هەروەها دەفەرموێت: (كَانَ اللَّهُ وَلَمْ يَكُنْ شَيْءٌ قَبْلَهُ)[15]. واتە: خوای گەورە تاك و تەنیا بـووە، پێش ئەو هیچ شتێكی تر نەبووە.

٢- قۆناغی ناو سكی دایك:

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت:M 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ B C D E G H I L الزمر: ٦. واتە: ئێـوە دروسـت دەكـات لـەناو سـكی دایكتاندابە بەدیهێنانی یەك لـەدوای یـەك لـەناو سـێ تـاریكی (نـاو سـك، منداڵـدان، پـەردەی كۆرپەلـە)دا

٣- قۆناغی ژیانی دنیا:

بە بەڵگەی ئەم ئایەتە:M µ ¶ ¸ بُطُونِ أُمَّهَٰتِكُمْ لَا تَعْلَمُونَ شَيْـًٔا وَجَعَلَ لَكُمُ ٱلسَّمْعَ وَٱلْأَبْصَٰرَ وَٱلْأَفْـِٔدَةَ لَعَلَّكُمْ تَشْكُرُونَ ﴿٧٨﴾ L النحـل: ٧٨. واتە:خوا ئێـوەی لـە سـكی دایكتـان دەرهێنـاوە كـە هیـچتان نەدەزانی بەڵام خوا گوێ و چاو و دڵی پێدان بۆ ئەوەی سوپاسی بكەن.

٤- قۆناغـی بەرزەخ:

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: Mوَمِن وَرَآئِهِم بَرْزَخٌ إِلَىٰ ´ µ ¶ L المؤمنـون: ١٠٠. واتە: لە بەردەمیاندا بەرزەخێك(بەربەستێك) هەیە تا ئەو ڕۆژەی زیندودەكرێنەوە.

٥– قۆناغی ڕۆژی دوایی:

ئەمەش دوا قۆناغە، خوای گەورەش لەو بارەوە دەفەرموێت: M ثُمَّ إِنَّكُم بَعْدَ ذَٰلِكَ لَمَيِّتُونَ ﴿١٥﴾ ثُمَّ ´ µ ¶ ¸ ﴿١٦﴾ L المؤمنون: ١٥ – ١٦. واتە: پاشان بەڕاستی ئێـوە لـەدوای ئـەوە هـەمووتان دەمرن. لە پاشان بێگومان ئێوە لە ڕۆژی دواییدا زیندودوكرێنەوە.

---

[14] - أخرجه البخاري: ٣١٩٢.

[15] - أخرجه البخاري: ٧٤١٨.

خۆئامادەکردن بۆ گەشتی قیامەت:

خوای گـەورە دەفـەرموێت: M " # $ % & ' ( ) * + , - L آل عمران: ١٣٣. واتە: بەپەلە بن و پێشبڕکێ بکەن تا دەگەنە لێخۆشبوونی پـەروەردگارتان و بەهەشتێك کە پانتاییەکەی ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوەو ئامادەکراوە بۆ پارێزکاران.

هەروەها دەفەرموێت: M] ^ _ ` a b c d e f g h i L ق: ٢٢. واتـە: بەیەکە یەکەی بێباوەڕان دەوترێت: سوێند بە خـوا تـۆ بـێ ئاگابوویـت لـەم بەسـەرهاتانە گـوێی خۆتت لێ خەواندبوو، ئێستا ئێمە پەردەمان لەسەر چاوەکانت لاداوەو هەموو شتێك وەکو خۆی دەبینی و ئەمڕۆ چاوەکانت زۆر تیژن.

ئیبن عەباس ڕەزای خوایان لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئامۆژگـاری پیاوێکی دەکرد پێی فـەرموو: (اغْتَنِمْ خَمْسًا قَبْلَ خَمْسٍ شَبَابَك قَبْلَ هَرَمِك وَصِحَّتَك قَبْلَ سَـقَمِك وَغِنَاك قَبْلَ فَقْرِك وَفَرَاغَك قَبْلَ شُغْلِك وَحَيَاتَك قَبْلَ مَوْتِك)[١٦]. واتە: پێـنج شـت بەهـەل بزانـە لـە پێش پێنج شتەوە: گەنجی و لاویت پێش ئەوەی پـیر بیـت، لـەش سـاغیت پـێش ئـەوەی نـەخۆش بکەویت، دەوڵەمەندیت پێش ئەوەی هەژار بکەویت، دەست بەتاڵیت پێش ئەوەی سەرقاڵی ئـیش و کار بیت، ژیانت پێش مردنت.

عومەری کوڕی خەتاب ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: موحاسەبەی نەفسی خۆتان بکەن پێش ئەوەی لێپێچینەوەتان لـەگەڵدا بکرێت، کردەوەکانتان بکێـشن پـێش ئـەوەی لـە قیامەتـدا بۆتـان بکێشن، خۆتان ئامادەبکەن بۆ نمایشی گەورە ئـەو ڕۆژەی پێـشان دەرێـن: M a b c d e f g L الحاقـة: ١٨. واتە: لـەو ڕۆژەدا هەمووتان نیشان دەرێن، هیچ کردەوەیـەکی پـەنهانیتان بە نهێنی نامێنێتەوە.

هەر لـەبەر ئەوەیە پێویستە لـەسەر هەموو موسڵمانێك موحاسەبەی نەفسی خۆی بکات لـەسـەر گوفتار و کردەوەکانی، چـونکە ئـەوەی لـە دنیـادا لێپرسـینەوە لـەگـەڵ نەفـسی خۆیـدا بکـات، لێپێچینەوەی قیامەتی ئاسان دەبێت.

[١٦] - رواه الحاكم والبيهقي, صحيح الترغيب والترهيب: ٣/٣٣٥٥.

ئیبن جەوزی بەغدادی دەڵێ: پێویستە لەسەر ئەو کەسەی کە نازانێت چ کاتێك مردن یەخـەی دەگرێت، خۆی بۆ ئامادە بکات و هەمیشە لەحاڵەتی ئامادەباشیدا بێت بۆی، بە گەنجێتی و لـەش ساغیەکەی هەڵنەخەڵەتێت، چونکە بەراستی زۆرترینی ئەوانەی کەدەمرن گەنج و لاوەکـانن، وە کەمترینیان پیر و بەساڵاچوەکانن [17].

پیاوچاکانی پێشین لـە خۆئامادەکردنیان بۆ قیامەت بەکردەوەی چاکی خۆیـان بوونەتـە نمونـەی بەرز و پێشەنگی چاك بۆ نـەوەکانی دوای خۆیـان، هـیچ دەروازەیـەك لـە دەروازەکـانی خێـر و چـاکە نـەبووە پـێش برکێیـان نـەکردبێ بـۆ چـوونە ژوورەوە لێیـەوە، وە هـیچ دەروازەیـەکی خراپەیش نەبووە خۆیان لـێ نەپاراسـت بـێ، هـەموو ئەمانـەش لەبـەر ئـەوە بـووە پـەیڕەوکاری ئایەتەکانی قورئانی پـیرۆز بـوون: M " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 9 : ; < = > ? @ A B C D E F G H I J K L M N O P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ ` b c d e L آل عمـران: ١٣٣–١٣٦. واتە: بەپەلـە بن و پێشبڕکێ بکەن تا دەگەنـە لێخۆشـبوونی پەروەردگارتان و بەهەشـتێك کـە پانتاییەکـەی ئاسمانـەکان و زەوی گرتۆتـەوەو ئامـادەکراوە بـۆ پارێزکاران. ئەوانەی ماڵ دەبەخـشن لـەرێی خـوا لــە کـاتی خۆشـی و ناخۆشـیدا، رقـی بـەتینی خۆیان دەخۆنـەوە و دەبـوورن لــە خـەڵك، خـواش چـاکەکارانی خـۆش دەوێـت. وە ئەوانـەی کاتێك کە کردەوەیەکی ناشیرین دەکەن یا ستەم لـە خۆیان دەکـەن، کـە یـادی خوایـان کـردەوە ئینجا داوای لێ بووردن دەکەن بۆ گوناهەکانیان، ئایا کێ دەبووڕێ لـە گوناهـەکان بێجگـە لـە خوا؟ وە بەردەوام نابن لەسـەر ئـەوەی کـە کردوویانـە لـە کاتێکـدا بـزانن گوناهـە. ئـا ئەوانـە پاداشتیان لێ بووردنە لەلایەن پەروەردگاریانـەوە و چـەند باخاتێـك کـە رووبارەکـان دەڕۆن بـە ژێریاندا ئەمێننەوە لـەو بەهەشتانەدا بە هەتا هەتایی، چەند چاکە پاداشتی چاکەکاران.

خۆئامادەکردنی پیاوچاکانی پێشین بۆ گەیشتن بە خزمەتی پەروەردگاری خۆیان تـەنها بـە وتـەی رووت و بـەبێ کـردەوە نـەبووە، بـەڵکو لـە کانگـای دڵیانـەوە بـووە و گـشت ئەندامـەکانی

---

[17] - صيد الخاطر لإبن الجوزي: ١/ ٢٠٦ .

جەستەشیان ملکەچ بووە بۆ گوێڕایـەڵی و فەرمانبـەرداری خـوای کردگـار، زمـان حـاڵی هـەر یەکێکیان ئەم ئایەتە بوو کە دەفەرمویێت: M { | { ~ ﴿٨٤﴾ L طـه: ٨٤. واتـە: بـە پەلـە هاتم بۆ لات ئەی پەروەردگارم بۆ ئەوەی لێم رازی بیت.

پیاوچاکانی پێشین بە ئیخلاصەوە کاروکردەوەیان ئەنجام داوە و نیەتیان پـاك و بـۆ خـوا بـووە، پەیڕەوی ئەم ئایەتەیان دەکرد کە دەفەرمویێت: M V W X Y ۤ y L الزمر: ٣ .

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەو بارەوە دەفـەرمویێت: (إِنَّ اللَّهَ لَا يَقْبَلُ مِنْ الْعَمَلِ إِلَّا مَـا كَانَ لَهُ خَالِصًا وَابْتُغِيَ بِهِ وَجْهُهُ)[١٨]. واتە: خوای گەورە هیچ کاروکردەوەیەك وەرناگرێ تاکو ئەو کردەوەیە بە ئیخلاصەوە و لەبەر رەزامەندی ئەو ئەنجام نەدرێت.

ئیبراهیمی تەیمی دەڵێ: مـوخلص کەسـێکە کـاروکردەوە چـاکەکانی دەشـارێتەوە وەك چـۆن کردەوە خراپەکانی دەشارێتەوە.

پیاوچاکانی پێشین هەمیشە کاروکردەوەی قیامەتیان پێش بەرژەوەندی و ئـیش و کـاری دنیـایی دەخست، چونکە بەدڵ گەردنکەچ بوون بۆ ئـەم ئایەتانـە:M ! " # $ % & ' ( ) (*
+ , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < =
> ? @ L الإسراء: ١٨ – ١٩. واتە: هەر کەسێك خۆشی هەر لـە دنیـا دەوێـت، ئەگـەر ئێمە بمانەوێ، ئاواتەکەی زوو پێك دێنین، پاشان بە ئابڕوو نەماوی و دەرکراوی دۆزەخێکمان بـۆ داناوە دەیبرژێنێ. هەر کەسێکیش مەبەسـتی رۆژی قیامـەت بوویێـت وە هـەوڵی بـۆ بـدات بـەو جۆرەی شایستەی ئەوە و باوەڕداریش بێت ئائەوانە کردەوەو تێکۆشانیان وەرگیراوە.

ئەنەسی کوڕی مالیك رەزای خوای لێ بـێ وتـی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فەرمویـەتی: (مَنْ كَانَتْ الْآخِرَةُ هَمَّهُ جَعَلَ اللَّهُ غِنَاهُ فِي قَلْبِهِ وَجَمَعَ لَهُ شَمْلَهُ وَأَتَتْهُ الدُّنْيَا وَهِيَ رَاغِمَةٌ وَمَنْ كَانَتْ الدُّنْيَا هَمَّهُ جَعَلَ اللَّهُ فَقْرَهُ بَيْنَ عَيْنَيهِ وَفَرَّقَ عَلَيْهِ شَمْلَهُ وَلَمْ يَأْتِهِ مِنْ الدُّنْيَا إِلَّا مَـا قُـدِّرَ لَهُ)[١٩]. واتە: هەرکەسێك خەم و پەژارەی قیامەت بێت خوای گەورە دڵـی دەوڵەمەنـد دەکـات،

[١٨] - رواه النسائي في كتاب الجهاد:٦/٢٥ وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة: ٥٢ .

[١٩] - جامع الترمذي: ٢٤٦٥, تحفه:(٢٥٨٣), وفي الصحيحة: (٩٤٩).

ڕەتی کۆدەکاتەوە واتە زۆر سەرقاڵ نابێت بەدنیاوە، بەشی خۆشی پێ دەدات لە دنیا لەکاتێکدا ئەو دنیای ناوێت، ئەو کەسەش خەم و پەژارەی هەر دنیایە خوای گەورە وای لێ دەکات هەمیشە فەقیری و هەژاری بە بەرچاویەوە بێت، ڕەتیشی بڵاو دەکاتەوە هەمیشە سەرقاڵی دنیایە، کەچی ئەوەندەشی لە دنیا دەدرێتێ کە بۆی دیاری کراوە.

پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالب ڕەزای خوای لێ بێ دەڵێ: ئەوەی زۆر لێی دەترسم شوێن کەوتنی هەواو هەوەس و هیوا درێژییە، بێگومان شوێن کەوتنی هەواو هەوەس وا لە مرۆڤ دەکات بەربەرکانێ و دژایەتی هەق بکات، هیوا درێژیش قیامەت لەبیر دەباتەوەدنیا پشتمان تێ دەکات و قیامەتیش ڕومان تێ دەکات، هەریەکەیان کوڕی خۆی هەیە، دەی ئێوەش کوڕی قیامەت بن و مەبنە کوڕی دنیا، ئەمڕۆ ڕۆژی کارکردنە نەك لێپرسینەوە، سبەینێ ڕۆژی لێپێچینەوەیە نەك کارکردن [٢٠].

مالیکی کوڕی دینار دەڵێ: ئەوەی دنیا بخوازێت داوای لێ دەکات هەموو دینەکەی بکاتە مارەیی، بەوەش نەبێت ڕازی نابێت[٢١].

شاعیری گەورە (أبو العتاهية) لە زەمی ماڵی دنیادا دەڵێ:

يـــا جامع المال في الدنيا لوارثـــهِ.........هل أنت بالمال بعد الموت تنتفع

لا تمسك المال واسترضى الإله به.........فإن حسبك مـــنه الري والشبع[٢٢].

واتە: ئەی ئەو کەسەی سامان و دارایی لە دنیا کۆدەکەیتەوە بۆ ئەوانەی بە میراتی ئەیبەن، ئایا ئەو دارایی و سامانە هیچ سوودێك بە تۆ دەگەیەنێت لە دوای مردنت، بەو سامانە خوای گەورە لە خۆت ڕازی بکە، ڕژدی مەکە لە بەخشینی بە هەژاران لێیان مەگرەوە و پێیان ببەخشە، چونکە بەڕاستی تۆ تەنها ئەوەندەت بەسە کەبرسی و تینوو نەبیت و تێر بێ!.

[٢٠] - حلية الأولياء: ١/٤٠, صفة الصفوة: ١/٥٥.

[٢١] - رحلة الى دار الآخرة جمع وترتيب محمود المصري.

[٢٢] - موسوعة الشعر إسلامي: جزء ٥٧ / ص ٥.

پیاوچاکانی پێشین ئەگەر گوناهێکیان بکردایە یەکسەر تەوبەیان دەکرد:

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: Mوَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلۡمُؤۡمِنُونَ لَعَلَّكُمۡ تُفۡلِحُونَ ﴿٣١﴾ L النـور: ٣١ . واتە: ئەی باوەڕداران هەمووتان بەرەو لای خوا بگەڕێنەوەو پەشیمان ببنەوە، سا بەڵکو بگـەن بـە سەرفرازی و بەختیاری.

هـــەروەها دەفـــەرموێت: M } | { ~ تُوبُوٓاْ إِلَيۡهِ .. ¸ L هـود: ٣. واتـــە: لـــە خـــوای پەروەردگارتان بە کوڵی دڵ بپاڕێنـەوەو داوای لـێ خۆشـبوونی لێبکـەن، ئینجـا تەوبـە بکـەن و بگەڕێنەوە بۆ لای ئەو.

پێشەوا نەوەوی دەڵـێ: زانایـان دەڵـێن تەوبـەو پەشـیمان بوونـەوە لـەسـەر هـەموو گونـاهێ پێویستەو فەرزە، ئەگەر تاوانەکە لـە نێوان پەروەردگارو بەندەدا بوو، پەیوەنـدی بـە ئـادەمیزادەوە نەبێ، ئەوە تەوبە بەم شێوەیە دروستەو گیرادەبێت: بە یەکجاری واز لـەو تاوانـە بهێنرێـت، بڕیـار بدا جارێکی تر نەگەڕێتەوە سەر ئەو تاوانەو توخنی نەکەوێت. جا ئەگـەر یـەکێك لـەم مەرجانـە نەهاتەدی ئەوە تەوبەکەی دانامەزرێ [٢٣].

بەڵام ئەگەر تاوانەکە پەیوەندی بە ئادەمیزادەوە بوو ئەوا جگە لـەو مەرجانەی سـەرەوە دەبێـت گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات و خاوەن حەقەکە لـە خۆی رازی بکا، یا ئەگەر ماڵ شـتێکی وابـوو دەبێ بیداتەوە بە خاوەنەکەی، ئەگەر حەددی لەسەر بوو دەبێ خۆی بـدا بەدەسـتەوە یـان داوای لێبووردنی لێ بکات، ئەگەر غەیبەتی کردبوو گەردنی خۆی پێ ئازاد بکات.

عومەری کوڕی خەتاب رەزای خوای لـێ بـێ دەڵـێ: لـەگـەڵ تەوبەکارانـدا دانیـشن چـونکە خاوەنی نەرمترین دڵن [٢٤].

پیاوچاکانی پێشین زۆر ترساون لـە زوڵـم و ستەمکردن لـە بەندەکانی خـوا، چـونکە دەیـانزانی کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسـلـم فەرمویـەتی: (مَنْ كَانَتْ لَهُ مَظْلَمَةٌ لِأَخِيهِ مِنْ عِرْضِـــهِ أَوْ شَيْءٍ فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنْهُ الْيَوْمَ قَبْلَ أَنْ لَا يَكُونَ دِينَارٌ وَلَا دِرْهَمٌ إِنْ كَانَ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ أُخِذَ مِنْـــهُ بِقَـــدْرِ

---

[٢٣] - رياض الصالحين باب التوبة.

[٢٤] - رحلة الى دار الآخرة.

مَظْلَمَتِهِ وَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَاتٌ أُخِذَ مِنْ سَيِّئَاتِ صَاحِبِهِ فَحُمِلَ عَلَيْهِ)[٢٥]. واتە: هەركەسێ نارەوایی و ستەمی لە یەكێك كردبێ یان حەقی كەسێكی تری لەسەر بێ، ئیتر هی ناموس بێ یان هەر شتێكی تر، با ئەمڕۆ گەردنی خۆی پێ ئازاد بكات، پێش ئەوەی بمرێ و بچێ بۆ ئەو دنیاو هەقەكە بكەوێتە رۆژێكەوە كە لەو رۆژەدا دینار و درهەم نامێنێ ، ئەگەر وا نەكات ئەوە حاڵ لەم دوو خاڵە بەدەر نییە: ئەگەر كردەوەی باشی هەبێ بە قەد كردەوە باشەكەی دەدرێ بە خاوەن هەقەكە، خۆ ئەگەر گریمان كردەوەی چاكی نەبوو ئەوا خراپتر چونكە لە خراپەی ئەوەی هەقەكەی لایەتی هەڵ دەگیرێ و فڕێ دەدرێتە سەر ئەو.

ئەبو موسا رەزای خوای لێ بێ وتی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (إنَّ اللهَ لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ، فَإِذَا أخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ). واتە: لە راستیدا خوا مۆڵەتی زۆردارو ستەمكار دەدات تا ماوەیەك جڵەوی بۆ شل دەكات، هەتا بزانێ پەشیمان دەبێتەوە یان نا، بەڵام كاتێ گرتی ئیتر رزگاری نابێ و بەری نادات، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: M] ^ _ ` a b c d f g h i j L هود: ١٠٢. واتە: ئابەو شێوەیە سزادانی پەروەردگارت كاتێ خەڵكی شارەكان سزا دەدات لەكاتێكدا ستەمكاربوون، بەڕاستی تۆڵەسەندنی ئەو ئازار دەرەو بەتینە[٢٦].

هەروەها فەرمویەتی: (أتدرونَ مَنِ الْمُفْلِسُ ؟) قالوا: المفْلسُ فِينَا مَنْ لا دِرهَمَ لَهُ ولا مَتَاع، فَقَالَ: (إنَّ الْمُفْلسَ مِنْ أُمَّتِي مَنْ يأتِي يَومَ القيامَةِ بصلاةٍ وصيامٍ وزَكَاةٍ، ويأتِي وقَدْ شَتَمَ هَذَا، وقَذَفَ هَذَا، وَأَكَلَ مالَ هَذَا، وسَفَكَ دَمَ هَذَا، وَضَرَبَ هَذَا، فيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، وهَذَا مِنْ حَسناتهِ، فإنْ فَنِيَتْ حَسَنَاتُه قَبْل أنْ يُقضى مَا عَلَيهِ، أُخِذَ منْ خَطَايَاهُم فَطُرِحَتْ عَلَيهِ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ)[٢٧]. واتە: ئایا دەزانن كێ نابوت و موفلیسە؟ وتیان: نابوت و موفلیس لای ئێمە ئەو كەسەیە كە درهەم و ماڵی نەبێت، ئەویش فەرمووی: موفلیس لە ئومەتی مندا ئەو كەسەیە لە رۆژی دواییدا دێت بۆ دیوانی خوا بۆ لێپرسینەوە، لەلایەكەوە نوێژی كردووە و رۆژووی گرتووەو زەكاتی داوەو بەشی خۆی چاكەی هەیە، لەلایەكی تریشەوە جنێو و قسەی ناشیرینی بەم و بەو داوە، بوختانی بۆ ئەو

---

[٢٥]- أخرجه البخاري: ٢٣١٧ .

[٢٦]- مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري: ٩٣/٦ (٤٦٨٦) ، ومسلم: ١٩/٨ (٢٥٨٣) .

[٢٧]- أخرجه البخاري: ٤٦٨٦/٨, ومسلم: (٢٥٨٣).

هەڵبەستووە و ماڵی ئەم و ئەوی خواردووە و خوێنی خەڵکی بەناهــەق رشــتووە یــا لــە خــەڵکی داوە، جا لەبەر ئەوە ئەم چاکەیەی دەدرێت بەو ئەو چاکەیەی تری دەدرێت بەوی تر، لە جیــاتی هەقی خۆیان، جا ئەگەر چاکەکانی هەموو تەواو بوون و بەشی دانەوەی ئەو هەقانــەیان نــەدەکرد کەوان لەسەری، ئەوا ئەوجا لــە گونــاهو تاوانــەکانی ئــەو خــاوەن هەقانــە دێــنن و دەیخەنەســەر خراپەکانی و پاشان دەخرێتە ئاگری دۆزەخەوە.

پیاوچاکانی پێشین زۆر لە ئاخر شەڕی ترساون:

ئەنەس رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: زۆرترین دوعاو پاڕانــەوەی پێغەمبــەری خــوا صــلی الله علیە وسلـم ئەوە بوو دەیفــەرموو: (اللّهُم يا مُقَلِبَ القُلُوب ثَبِّت قَلبِي عَلى دِينِكَ)[٢٨]. واتــە: ئــەی هەڵسوڕێنەری دڵەکان، دڵم چەسپاوکە لەسەر دیینەکەی خۆت.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفــەرموێت: (فَإِنَّ الرَّجُلَ مِنْكُمْ لَيَعْمَلُ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجَنَّةِ إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ كِتَابُهُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ وَيَعْمَلُ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ النَّــارِ إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ)[٢٩]. واتە: جاری وا هەیە بەندەیــەك کــارێکی باش دەکات کە هێندەی باسکێك لە نێوان ئەو و بەهەشتدا دەمێنێتەوە، مەلائیکەکان پەلە دەکەن تا بۆی بنوس، بەڵام کارێك دەکات کە شایسشتەی چوونە دۆزەخ بێت، ئیتر دەچێتە دۆزەخــەوە، جاری واش هەیە بەندەیەك کارێکی ئەوەندە خراپ دەکات ئەوەندەی باســکێکی دەمێنێــت بگاتــە دۆزەخ، مەلائیکەکان پەلە دەکەن تا لەســەری بنــوس، بــەڵام کردەوەیــەکی چــاك دەکــات کــە شایسشتەی چوونە بەهەشت بێت، ئیتر دەچێتە بەهەشتەوە.

دەگێڕنەوە حەسەنی بەصری چووە بۆ سەردانی نەخۆشێك، بینی لە گیانەڵادایە، کە ئەو دیمەنەی بینی رەنگی گۆڕا، گەڕایەوە بۆ ماڵەوە رەنگــی بەتــەواوی گۆڕابــوو، پێــان گــوت: نــان ئامادەیــە فەرموو! ئەویش وتی: نانی خۆتان بخۆن بە خوا دیمەنێکم بینیوە تا پێی دەگەم کاری بۆ دەکەم [٣٠].

---

[٢٨] - أخرجه الترمذي: (٣٥٢٢) و صححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٤٨٠١.

[٢٩] - أخرجه البخاري: ٢٩٦٩ .

[٣٠] - مختصر التذكرة للإمام القرطبي: ١٧/١.

هیوا زۆری و بیٰ ئاگایی لە قیامەت

خوای گەورە دەفەرمویٚت: M 1 2 3 4 5 ׀ 7 8 9 L الحجر: ٣. واتە: لیٚیان گەڕیٰ بابخۆن و رابویٚرن و ئومیٚد بیٚئاگایان بکات، جا بیٚگومان لەمەودوا دەزانن چۆن سزایان دەدەین.

هەروەها دەفەرمویٚت: Mأَلَمْ يَأْنِ لِلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَن تَخْشَعَ قُلُوبُهُمْ لِذِكْرِ ٱللَّهِ © نَزَلَ مِنَ ٱلْحَقِّ وَلَا يَكُونُواْ كَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَٰبَ مِن ´ µ ¶ ¸ فَقَسَتْ قُلُوبُهُمْ وَكَثِيرٌ مِّنْهُمْ فَٰسِقُونَ ﴿١٦﴾ L الحديد: ١٦. واتە: ئایا وەختی ئەوە نەهاتووە بۆ بڕواداران کە دڵیان ملکەچ بیٰ بۆ ئامۆژگاری خوا و ئەو قورئانەی کە ناردویٚتیە خوارەوە؟ وەك ئەو کەسانە مەبن کە لەمەو پیٚش کتیٚبی ئاسمانیان پیٚدرا وە ماوەیەکی دوورو دریٚژیان بەسەردا تیٚپەڕی ئینجا دڵیان رەق بوو وە زۆربەیان یاخی و لەسنور دەرچوون.

ئەنەس رەزای خوای لیٰ بیٰ فەرمووی: پیٚغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (يَهْرَمُ ابْنُ آدَمَ وَتَبْقَى مِنْهُ اثْنَتَانِ الْحِرْصُ وَالْأَمَلُ)[٣١]. واتە: نەوەی ئادەم پیر دەبیٰ، بەڵام دووشتی لەگەڵدا دەمیٚنیٚتەوە: سوربوون لەسەر ماڵ و سامان و، هیوا و ئومیٚد.

ئیبن مەسعود رەزای خوای لیٰ بیٰ فەرمووی: پیٚغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم خەتیٚکی چوار گۆشەی کیٚشاو، لەناو ئەو خەتە چوار گۆشەیەوە خەتیٚکی تری راکیٚشا تا دەرەوە، ئینجا لە دیوی ناوەوە چەند خەتیٚکی تری وردی لەسەر خەتەکەی ناوەوە کیٚشا، فەرمووی: (هَـذَا الإِنْسَانُ، وَهذَا أجَلُهُ مُحيطاً بِهِ - أَوْ قَدْ أحَاطَ بِهِ - وَهذَا الَّذِي هُوَ خَارِجٌ أَمَلُهُ، وَهـذِهِ الْخُطَطُ الصِّغَارُ الأَعْرَاضُ، فَإِنْ أخْطَأَهُ هَذَا، نَهَشَهُ هَذَا، وَإِنْ أخْطَأَهُ هَذَا، نَهَشَهُ هَذَا)[٣٢]. واتە: ئەم خەتەیان وا لەناو خەتە چوارگۆشەکەداو خەتە وردەکانی لەسەرە ئەمەیان ویٚنەی ئادەمیزادەو، ئەم خەتە چوار گۆشەیان ویٚنەی ئاکامەکەیەتی، ئەوەتا بەری لیٰ بڕیوەتەوەو لەهەر چوار لاوە گەمارۆی داوە، یا فەرمووی گەمارۆی داوەو دەوری گرتووە، ئەم خەتەشیان کە دەرچووەتە دەرەوە هیواکەیەتی، ئەم خەتە وردانەش دەردو بەڵاو مەینەتین، جا ئەگەر لە هەندیٰ لەو دەردو بەڵایانە رزگاری بوو لە هەندیٚکیان قوتاری نابیٚت و وەك مارو گەزەندە دەیگەزیٰ.

---

[٣١]- أخرجه أحمد والنسائي, وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٨١٧٣.

[٣٢]- أخرجه البخاري ٨/١١٠ - ١١١ (٦٤١٧) .

ئیمام قورتوبی دەڵێ: حەقیقەتی هیوا زۆری بریتیە لە سووربوون لەسەر ماڵ و سامان و، سەرکردنە دنیاو خۆشەویستی بۆی و، پشتکردنە قیامەت.

هیوا زۆری دەردێکی کوشندەیەو نەخۆشیەکی درێژخایەنە هەرکاتێك دڵی داپۆشی خراپی دەکات مەزاجی تێك دەدات لەکۆڵی نابێتەوە و هیچ دەرمانێك چارەسەری ناکات، تەنانەت پزیشکەکان و حەکیمەکان و زانایانیش کۆڵەوارن لە بەرامبەریداو ناتوانن چارەسەری بکەن[٣٣].

هەندێ لە حەکیمان وتویانە: سەیرمان دێ بەکەسێك کە غەم و پەژارە دایدەگرێ و دڵگران دەبێ بە لەناوچوونی ماڵ و سامانی، بەڵام بە لەناوچوونی تەمەنی دڵگران نابێ، سەیرمان دێ بەکەسێك دنیا پشتی تێ دەکات و قیامەت بەرەو رووی دێ، کەچی ئەو خۆی سەرقاڵی دنیا دەکات و، پشتی کردۆتە قیامەت[٣٤].

راستە دەبێت هیواو ئومێدمان هەبێت بۆ ئەوەی ئەم گەردوونە ئاوەدان بکەینەوە بە هەموو جۆرە خێرو چاکەیەك، ئادەمیزاد بە فیترەت خۆشەویستی هەیە بۆ ژیانی دنیایە، بەڵام دەبێت هۆشیار بین هیوا زۆری فریومان نەدات و لە تاعەت و بەندایەتی دوامان نەخات.

ئیبن عومەر رەزای خوایان لێ بێ وتی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم سەرشانی گرتم و فەرمووی: (كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ ، أَو عَابِرُ سَبِيلٍ)[٣٥]. واتە: لە دنیادا وابژی وابزانە غەریبی یان رێبوارێکی تێ دەپەڕی، چونکە غەریب و رێبوار لە هیچ شوێنێکدا بە هەمیشەیی نامێننەوە، هەمیشە بەهیوای گەڕانەوەن بۆ مەنزڵگای خۆیان.

هەر لەو بارەوە ئیبن عومەر دەڵێ:(إِذَا أَمْسَيْتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ، وَإِذَا أَصْبَحتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ الْمَسَاءَ، وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ ، وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ)[٣٦]. واتە: ئەگەر بەیانی هات چاوەڕێی ئێوارە مەکە، ئەگەر کەوتیتە ئێوارە چاوەڕێی بەیانی مەکە، تەندروستیت بەهەل بزانە پێش ئەوەی

[٣٣] - جامع لأحكام القرآن للقرطبي: ٦/١٠ .

[٣٤] - رحلة الى دار الآخرة: ١٥/١, صفة الصفوة: ٩٥/٤.

[٣٥] - أخرجه البخاري: ١١٠/٨ (٦٤١٦) .

[٣٦] - أخرجه البخاري في الرقاق: (٦٤١٦).

نەخۆش بکەوی، واتە: لە کاتی لەش ساغیدا هەوڵی زۆر بدە بۆ قیامەت، هەروەها ژیانت بەهەل بزانە پێش ئەوەی مردن یەخەت پیٚ بگرێت.

خوای گەورە لە فەرمودەی قودسیدا دەفەرموێت: (يَا ابْنَ آدَمَ تَفَرَّغْ لِعِبَادَتِي أَمْلَأْ صَدْرَكَ غِنًى وَأَسُدَّ فَقْرَكَ وَإِلَّا تَفْعَلْ مَلَأْتُ يَدَيْكَ شُغْلًا وَلَمْ أَسُدَّ فَقْرَكَ)[37]. واتە: ئەی نەوەی ئادەم! خۆت یەکلایی بکەرەوە بۆ تاعەت و بەندایەتی من دڵت دەوڵەمەند دەکەم، چونکە دەوڵەمەندی ئەوەیە دڵ دەوڵەمەند بێت، لە فەقیری و هەژاری رزگارت دەکەم، دەوڵەمەندت دەکەم لەوەی پێویستیت بە کەسی تر هەبێت، ئەگەر واشت نەکرد سەرقاڵ بویت بە جگە لەمنەوە ئەو کاتە منیش سەرقاڵ دەکەم بە ئیش و کارەوەو لە فەقیری و هەژاریش رزگارت ناکەم.

شێخ مەعروفی کەرخی وتویەتی: خودایە پەنا دەگرم بەتۆ لە هیوا زۆری، چونکە هیوا زۆری بەرگری لە کردەوەی چاکە دەکات[38].

خەلیفەی راشد عەلی کوڕی ئەبوتالب رەزای خوای لیٚ بیٚ دەفەرمویٚ: ئەوەی زۆر لێی دەترسم شوێن کەوتنی هەواو هەوەس و هیوا زۆری یە، بێگومان شوێن کەوتنی هەواو هەوەس وا لە مرۆڤ دەکات بەربەرکانیٚ و دژایەتی هەق بکات، هیوا زۆریش قیامەت لەبیر دەباتەوە [39].

پێشەوا غەزالی دەڵیٚ: پێویستە لەسەرت خۆت بپارێزی و دووربکەویتەوە لە هیوا زۆری، چونکە ئەگەر مرۆڤ هیوای زۆر بێت توشی چوار شت دەبیت:

یەکەم– وازهێنان لە تاعەت و خوا پەرستی و تەمەڵی کردن تێیاندا، دەڵیٚ: لەمەودوا ئەو کارە دەکەم رۆژگارێکی دوورو درێژم لە بەردەمدایە کەچی نایشی کات.

دووهەم– وازهێنان لە تەوبەو پەشیمانی و دواخستنی دەڵیٚ: لەمەودوا تەوبە دەکەم جاریٚ زۆرم بەبەرەوە ماوە من گەنجم و تەوبە لەبەردەستم دایە هەرکاتیٚ بمەوێت تەوبە دەکەم و دەگەڕێمەوە، تا لەناکاو مردن یەخەی دەگریٚ و فریای هیچ ناکەوێت.

---

[37]- جامع الترمذي (٢٤٦٥) . سلسلة الصحيحة: ٩٤٩.

[38]- حلية الأولياء: ٢٩/٤, صفة الصفوة: ٢٥٠/١.

[39]- حلية الأولياء: ٤٠/١, صفة الصفوة: ٥٥/١.

سێهەم– سوربوون لەسەر کۆکردنەوەی ماڵ و سامان و سەرقاڵ بوون بە دنیاوەو فەرامۆشـکردنی قیامەت دەڵێ: لەوە دەترسم لە تەمەنی پیریمدا هەژار بکـەوم و توانـای کـارکردنم نـەبێت، بۆیـە پێویستە سامان و زەخیرەیەکی چاك ئامادە بکەم بـۆ کـاتی هـەژاری و نەخۆشـی و تەمـەنی پـیری ئەمانەو چەند شتێکی تری لەو جۆرە وای لـێ دەکـەن دنیـای خـۆش بـوێ و سـوربێت لەسـەر کۆکردنەوەی ماڵ و سامان، وە گرنگی زۆر دەدات بە رزق و رۆزی پەیداکردن..

چوارەم– دڵرِقی و لەبیرکردنی دوارِۆژ چونکە ئەگەر بە هیوای ژیانێکی درێـژ بێـت، ئـەو کاتـە یادی مردن و گۆرِ ناکات [٤٠].

یەحیای کورِی موعاز دەڵێ: ئەوەی بۆتە رێگر لەبەردەم گەرِانەوە بۆ لای خواو تەوبـەدا هیـوا زۆری یە [٤١].

چارەسەری هیوا زۆری بەزۆر بیرکردنەوە لە مردن دەبێت، بیرکردنەوە لـە مردنـی دۆسـتان و هاورِێیان و کەسە نزیکەکان ئەوانەی بەدرێژایی تەمەنیان هەوڵیان بـۆ کۆکردنـەوە مـاڵ و سـامان بوو کەچی لەدوای خۆیان هەمووی لەناوچوو! .

ئیمام شافیعی دەڵێ:

تزود مـــن التقى فإنك لا تـــدري..........إذا جن الليل هل تعيش إلى الفـــجر

فـــكم من عروس زينوها لزوجها..........وقد أخذت أرواحهم ليلة القـــدر

وكم من صغار يرجى طول عمرهم..........وقد أدخلت أرواحهم ظلمة القـــبر

وكم من سليم مات من غير عـــلة..........وكم من سقيم عاش حين من الدهر

وكم من فتى يمسي ويصبح لاهيـــا..........وقـــد نسجت أكفانه وهو لا يدري..

واتە: تێشوی تەقواو چاکەکاری زیاد بکە لە دنیادا چونکە تۆ نازانی، کە تاریکی شەو هـات ئایـا دەژیت تا بەیانی، چەند بوك رازێنرایەوە بۆ زاوا، لە شەوی خۆشی و شـادیدا رۆحیـان دەرچـوو

---

[٤٠]- الأستعداد للموت وسؤال القبر: ١/ ٥, بەکەمێ دەسکاریەوە.

[٤١]- صفة الصفوة: ١/٤٢٤.

بەیەك نەگەیشتن، چەند مندالٌ هەبوون باوك و دایك و خۆشەویستانیان هیوای تەمەن درێـژیان بـۆ دەخواستن، بەلاّم مردن یەخەی گرتن و رۆشتنە ناو تاریکایی گـۆڕەوە، چـەندین کەسـی سـاغ و سەلیم مردن بەبیٚ ئەوەی هیچ جۆرە نەخۆشـیەکیان هـەبێت، چـەند کەسـی دەردەدارو نـەخۆش ماوەیەکی زۆر لـە رۆژگار مانەوە لـە ژیاندا، چەند گەنج بەیانیان و ئێواران بیٚ ئاگاو غافلٌ بوو لـە مردن، کفنی بۆ چاك کرا بەخۆی نەزانی.

مردن حەقیقەتێکی گەورەیە

بێگومان مردن روداوێکی راستەقینەی گەورەیە لەم گەردوونەدا، هیچ کەسێك ناتوانێ نکولی لێ بکات و بەدرۆی بخاتەوە، هەموو کەسێك دەزانێت حەقیقەتەو لەشتە نادیارو شاراوەکان نیە.

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: M N O P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c d e f L الواقعة: ٦٠ – ٦٢.

مردن چی یە؟:

لە زمانەوانیدا: مردن لە ئەسڵی زمانی عەرەبیدا بە مانای (السکون) سرەوتن، ئارام بوون هاتووە، واتە لە جم و جوڵ کەوتن.

لە زاراوەی شەرعیدا: مردن بریتیە لە پرۆسەی جیابوونەوەی رۆح لە جەستەو، گواستنەوەی لەماڵی دنیاوە بۆ ماڵی قیامەت[42].

بە واتایەکی تر ئادەمیزاد پێك هاتووە لە رۆح و جەستە، کاتێك کە رۆح بەفەرمانی خوای گەورە لە جەستە جیابوەوە بەم کارە دەڵێن مردن، ئەمەش بەڕاشکاوی لەم ئایەتەدا هاتووە: M 7 8 9 : ; .. S L الزمر: ٤٢. واتە: خودا رۆحەکان دەکێشێ و وەریان دەگرێت لە کاتی مردندا.

خوای گەورە دەربارەی گەڕانەوەی رۆحی ئیمانداران دەفەرموێت: M 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ A L الفجر: ٢٧ – ٣٠. واتە: ئەی رۆحی ئاسوودە و ئارام گرتوو بە رەزامەندیەوە، بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت وەك چۆن ئەوت لە خۆت رازی کرد، دە بچۆ ناو بەندە ساڵحەکانمەوە و، بچۆرە بەهەشتە رازاوەکەمەوە کە ئامادەم کردووە بۆت.

مردن تیاچوون و تەفر و تونابوون نی یە، بەڵکو قۆناغێکە لە قۆناغەکانی ژیان مرۆڤەکان پێیدا

[42]- مختصر التذكرة للإمام القرطبي ص (٩).

تێپەڕ دەبن و دەگەڕێنــەوە بـۆ لای خـوا: M M N O P R S T U L العنكبـوت:٥٧. واتە: هەموو کەسێك دەبێت مردن بچێژێت، پاشان بۆ لامان دەگەڕێنەوە.

بێگومان هیچ نەفسێك نازانێت لە کەی و لەچی شوێنێك مەرگ یەخەی دەگرێت: M..وَمَا تَدۡرِي نَفۡسُۢ بِأَيِّ أَرۡضٖ تَمُوتُۚ ﴿٣٤﴾ L لقمان: ٣٤.

سوێند بە خوا هەموو یـەکێك لــە ئێمـە دەبێـت ئـازاری مـەرگ بـچێژێت، مـردن بەڕێوەیـەو دەمانگاتیێ، دێت و هیچ گومانێکی تێدا نییە،کتوپڕ دێت، نادات لە دەرگای کەس، قەرزێکە لــە گەردنی هەموو کەسێکدایەو دەبێت بدرێتەوە، قیامەتی هەموو کەسێکە!.

مردن پێچەوانەی ژیانە، دابڕانی ڕۆحە لە جەستە، ماڵئاوایی کردنە لە ژیانی دنیـاو خانـەوادەو دۆستان و خۆشەویستان، لە خانوبەرەو کۆشك و تەلار، لە دەسەڵات و پلــەو پایـەو ناوبـانگ و شۆرەت، لە هەموو شتێکی سەر ڕووی زەوی، پەڕینەوەیە لە جیهانی تاقیکرنەوەوە بۆ جیهانی لێ پرسینەوە.

مردن لێك دابڕانی خۆشەویستانە، ڕێگایەکی بەردەوامە بەبێ وەسـتان، دوا ناکـەوێت بـۆ ئـەو کەسـانەی پەشـیمانن، بـەهاوارە لــەکاتی ڕۆح کێـشاندا، پـشت شـکێنەری لــە خـوا یـاخی و ستەمکارانە[٤٣].

مردن بەڵاو کارەساتە:

خوای گەورە مردنی بە کارەسـات نـاو بـردووە:M d e f g h i j k ﴿١٠٦﴾ L المائـدة: ١٠٦. واتە: کاتێك بەزەویـدا ڕۆیـشتن بـۆ بەدەسـت هێنـانی ڕۆزی کارەسـات و بـەڵای مەرگ یەخەی گرتن.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم مردنی بە ڕووخێنەری خۆشی و ئارەزووەکان نـاو بـردووە: (أَكْثِرُوا ذِكْرَ هَاذِمِ اللَّذَّاتِ)[٤٤]. واتە: بەزۆری یادی مردن بکەنەوە، ئەو مردنەی هەرچـی خۆشـیە لەناوی دەبات و ڕووخێنەری خۆشی و ئارەزووەکانە.

---

[٤٣]- مختصر التذكرة للإمام القرطبي.

[٤٤]- أخرجه ابن ماجه:(٤٢٥٨)، والنسائي ٤/٤ , والترمذي (٢٣٠٧).

ئیبن عەباس رەزای خوایان لێ بێ فەرمویەتی: دوا ناخۆشیەك كە ئیماندار پێی دەگات مردنە[45] .

شاعیر دەڵێ:

یـــا مـــن بدنیـــاه أشتغل..........وغـــره طـــول الأمل

ولـــم یـــزل في غـــفلة..........حتى دنـــا مـــنه الأجل

والمـــوت یـــأتي بغتـــة.......... والقبر صـــندوق العمل

مانای شیعرەكە بە كورتی: ئەی ئەو كەسەی كە بە خۆشیەكانی دنیـاوە سـەرقاڵ بوویـت، هیـواو ئومێدی تەمەن درێژی سەرگەردانی كردووی، تۆ هەر لـە بێ ئاگاییدای، تاكو ئەجەل لێـت نزیـك دەبێتەوە، مردن لـە ناكاو یەخەت دەگرێ و، گۆڕیش سندوقی كردەوەكانتە.

مردن دوو جۆری هەیە:

یەكەم: مردنی بچوك واتە خەوتن، ئەمەش لـە كاتی خەوتنـدا روودەدات بـەوەی رۆح لـە جەسـتەی مرۆڤ جیادەبێتەوە بەڵام نامرێت، كاتێك خەبەری بوویـەوە بەویـستی خـوا رۆحەكـە دەگەڕێتـەوە بـۆ جەستەی: M ! " # $ % & ' ( ) * 8 L الأنعام:٦٠ .

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لـەو بارەوە فەرمویـەتی: (النوم أخو الموت ولا يموت أهـــل الجنة)[46]. واتە: خەوتن برای مەرگە، ئەهلی بەهەشتیش هەرگیزاو هەرگیز نامرن.

٢- مردنی گەورە: ئەمەش لــە كـاتی هـاتنی ئاكـام و ئەجەلـدا روودەدات، مـرۆڤ لــە جیهـانی زیندویێتیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ جیهانی مردوان و رۆحەكەی لـە جەستەی جیـا دەبێتـەوە: M 7 8 9 : ; L الزمر: ٤٢.

ئەو مردنەی لێی رادەكەن هەر دەتان گاتێ:

خوای گەورە دەفـەرموێت: M قُلْ ´ µ ¶ ¸ مِنْهُ فَإِنَّهُۥ مُلَٰقِيكُمْ ۖ ثُمَّ تُرَدُّونَ إِلَىٰ عَٰلِمِ ٱلْغَيْبِ وَٱلشَّهَٰدَةِ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٨﴾ L الجمعة: ٨ .

---

[45] - شرح الصدور للحافظ جلال الدين السيوطي ص ٤٣.

[46] - مجمع الزوائد: ٤١٥/١٠, وصححه الألباني في صحيح الجامع: ٦٨٠٨.

واتە: بێژە: ئەو مەرگەی کە ئێوە لێی ڕادەکەن هەر دەتان گاتێ ، پاشـان دەگەڕێنرێنـەوە بـۆ لای خوای زانا بەئاشکراو نهێنی، ئینجا هەواڵتان پێ دەدات بەوەی کە دەتانکرد.

هەروەها دەفەرمویێت: M أَيۡنَمَا تَكُونُواْ يُدۡرِككُّمُ ٱلۡمَوۡتُ وَلَوۡ كُنتُمۡ فِي ´ µ ﴿٧٨﴾ L النساء: ٧٨.

لەهەرکوێ بن تەنانەت ئەگەر لـە قەڵای زۆر قایمش(خۆتان بشارنەوە) مردن دەتاندۆزێتەوە.

مردن وەختی دیاریکراوی هەیە:

خوای گەورە دەفـەرمویێت: M b c d e f g h i j k | | L آل عمـران: ١٤٥.
واتە: هیچ کەسێکیش بەبێ ئیزنی خودا نامرێ، کـە مردنـی هـەموو کەشـێکیش وەختەکـەی بـۆ دانراوە و لای خوا نوسراوە.

هەروەها دەفەرمویێت: M n o p | r s t u v w | y z { L الأعراف:٣٤.
واتە: بۆ مەرگی هەر گەلێك وەختێ هەیە، ئەگەر وەختی مردنیان هات، نە تاوێك پێش دەکـەوێ و نە تاوێکیش دوا دەکەوێ.

عبدالله ی کوڕی مەسعود وتی: ئوم حەبیبە رەزای خوای لێ بێ وتی: خودایـە پێغەمبەرەکـەت کە هاوسەرمە پێم بدەرەوە لـە قیامەتـدا، هـەروەها ئـەبو سـوفیانی بـاوکم و موعاویـەی برایـشم، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم گوێی لێ بوو فـەرمووی: (قَدْ سَأَلْتِ اللَّهَ لِآجَالٍ مَـضْرُوبَةٍ وَأَيَّـامٍ مَعْدُودَةٍ وَأَرْزَاقٍ مَقْسُومَةٍ لَنْ يُعَجِّلَ شَيْئًا قَبْلَ حِلِّهِ أَوْ يُؤَخِّرَ شَيْئًا عَنْ حِلِّهِ وَلَوْ كُنْتِ سَأَلْتِ اللَّـهَ أَنْ يُعِيذَكِ مِنْ عَذَابٍ فِي النَّارِ أَوْ عَذَابٍ فِي الْقَبْرِ كَانَ خَيْرًا وَأَفْضَلَ)[٤٧]. واتە: داوای شتێکت لـە خـوا کرد کاتەکانی لای ئەو دیاریکراوە، مەرگێکی نوسراوە، رۆزیەکی بەشکراوە، خوای گەورە پێش هاتنی کاتی دیاریکراوی ئەو شتە هیچ ناکات، ئەگەر کاتیشی هـات هـیچ دوای ناخـات، ئەگـەر داوات لـە خوای گەورە بکردایە پەنات بدات لـە سزای ئاگر یا سزای گۆڕ چاکتر و خێرتر بوو.

---

[٤٧] - أخرجه مسلم: ٢٦٦٣.

کەس لـە مردن دەربازی نابێت:

خوای گەورە دەفەرمویّت: M Z [\ ] ^ _ ` a b c d f g h i j k l m n o p L القصص: ٨٨. واتە: بێجگە لـە خودا هەموو شتێ لـەبـەین دەچـێ، فـەرمان هـەر فـەرمانی ئەوەو هەر بۆلای ئەو دەبرێنەوە.

ئەگەر بهاتایەو کەسێك لـە مردن رزگاری ببوایە، ئەوا ئـەو کەسـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیە وسلـم دەبوو، چونکە ئەو باشترین هەڵبژاردەی خوایـە: M إِنَّكَ مَيِّتٌ وَإِنَّهُم مَّيِّتُونَ ﴿٣٠﴾ L الزمـر:٣٠. واتە: بێگومان ئەی پێغەمبەر تۆ دەمری و ئەوانیش دەمرن.

خوای گەورە دڵنەوایی پێغەمبەر صلی الله علیـە وسـلـم دەداتـەوە و دەفـەرموێت: M وَمَا جَعَلْنَا لِبَشَرٍ مِّن قَبْلِكَ ٱلْخُلْدَ أَفَإِيْن مِّتَّ فَهُمُ ٱلْخَـٰلِدُونَ ﴿٣٤﴾ L الأنبياء: ٣٤. واتە: ئێمـە پـێش تـۆ ژیـانی نـەمری و هەمیشەییمان بەکەس نەبەخشیوە، ئاخر چۆن ئەگەر تۆ بمری، ئەوانە تاسەر دەمێنن؟.

شاعیر لـەو بارەوە دەڵێ:

أيـــا عبد كـــم يلقاك ربك عاصيا.....حـــريصا على الدنيا وللموت ناسيـــا

أنسيت لـــقاء الله واللحد والثرى.....ويومـــا عبوســـا تشيب فيه النواصيـــا

لو إذا المرء لم يلبس ثيابا من التقى.....تجـــرد عريـــانـــا ولـــو كـــان كاسيـــا

ولـــو كانت الدنيا تدوم لآهلهـــا.....لكـــان رســـول الله حـــيـــا وبـــاقيـــا

ولكنها تـــفنى ويـــفنى نعيمـــهـــا.....وتبقـــى المعاصي والذنوب كـــما هيـــا.

ئیبن عەباس رەزای خوایان لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلـم فەرمویەتی: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِعِزَّتِكَ لَا إِلَهَ إِلَّا أَنْتَ أَنْ تُضِلَّنِي أَنْتَ الْحَيُّ الَّذِي لَـــا يَمُـــوتُ وَالْجِـــنُّ وَالْـــإِنْسُ يَمُوتُونَ)[٤٨]. واتە: پەنا بە عیزەت و گەورەیی تـۆ ئـەی ئـەو پـەروەردگارەی جگـە لـە تـۆ هـیچ پەروەردگارێکی تر نی یە، کە مردنت بەسەردا نایەت، لـە کاتێکدا مرۆڤ و جنۆکە دەمرن.

[٤٨] - أخرجه مسلم: (٢٧١٧).

بیرکردنەوە لـە مردن:

خوای گەورە دەفەرموێت: M n o p q r s t u v w x y z { | } ~ فَقَدۡ فَازَۗ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ © L **آل عمـران: ١٨٥. واتـە: هـەموو کەسـێك دەبێـت مـردن بـچێژێت، بێگومـان لـەرۆژی دوایـدا هـەموو کـەس پاداشـتی کـردەوەی خـۆی وەردەگرێتەوە، ئینجا ئەو کەسەی لە ئاگری دۆزەخ دەربـازی ببێـت و بخرێتـە بەهەشـتەوە ئـەوە سەرفرازو سەرکەوتوو شادومانە، ژیانی دنیا هیچ نییەتـەنها رابواردنێـك نـەبێت کـە مرۆڤـەکان مەغرور و گومڕا دەکات، بۆیە هەق وایە ئادەمیزاد خۆی بۆ شتێك ماندوو نەکات کـە شایـستەی ماندوو بوون نەبێ.**

هەروەها دەفەرموێت: M x y z { | } ~ ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ ´ µ ¶ ¸ نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ L **المؤمنون: ٩٩ – ١٠١. واتە: ئەوان هەروان تا کاتێ مردن دێتە سـەر یـەکێکیان ئـەوکات ئـەڵێت ئەی پەروەردگارم بم گەڕێنەوە بۆ دنیا، بەڵکو ئەو کارە چاکەی وازم لێ هێنا بوو بیکـەم، نـەخێر بۆ خۆی دەڵێ، لەبەردەمیاندا پەردەیەکی گەورە هەیـە تـا ئـەو کاتـەی زیندودەکرێنـەوە، ئینجـا کاتێك فودەکرێ بە کەڕەنادا نە خزمایەتی لـە نێوانیان دەمێنێ و نە کەسیان لـەکەس دەپرسێ.**

ئیبن مەسعود ڕەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتیەوە کـە پێغەمبـەری خـوا صـلى الله علیـه وسـلم فەرمویەتی: (اسْتَحْيُوا مِنْ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ قَالَ قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ إِنَّا نَسْتَحْيِي وَالْحَمْدُ لِلَّهِ قَالَ لَـيْسَ ذَاكَ وَلَكِنَّ الِاسْتِحْيَاءَ مِنْ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ أَنْ تَحْفَظَ الرَّأْسَ وَمَا وَعَى وَالْبَطْنَ وَمَا حَـوَى وَلْتَـذْكُرْ الْمَوْتَ وَالْبِلَى وَمَنْ أَرَادَ الْآخِرَةَ تَرَكَ زِينَةَ الدُّنْيَا فَمَنْ فَعَلَ ذَلِكَ فَقَدْ اسْتَحْيَا مِنْ اللَّهِ حَقَّ الْحَيَاءِ)[٤٩]. واتە: شەرم لـە خوا بکەن شەرمێکی ڕاستەقینە، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسـلم سوپاس بۆ خوا ئێمە بەڕاستی شەرم لـە خوا دەکەین، فەرمووی: ئاوا نییە، بەڵکو شەرم لـە خـوا بە شەرمێکی ڕاستەقینە: ئەوەیە کە سەرت بپـارێزی و ئـەوەیش کـە تێیدایـە، سـکت بپـارێزی و ئەوەی کە تیایەتی، یادی مردن و ڕزین بکەیتەوە، هەر کەسێك قیامەتی بوێت، واز لـە جوانی دنیـا دەهێنێت، ئەوسا هەر کەسێك ئاوەهای کرد، وەك پێویست شەرمی لـە خوا کردووە.

---

[٤٩] - جامع الترمذي: ٢٤٥٨.

ئیبن عومەر ڕەزای خوایان لێ بێ گێڕاویەتیــەوە کــە پێغەمبــەری خــوا صــلی الله علیــە وســلم فەرمویــەتی: (مَا حَقُّ امْرِئٍ مُسْلِمٍ، لَهُ شَيْءٌ يُوصِي فِيهِ، يَبِيتُ لَيْلَتَيْنِ إِلاَّ وَوَصِيَّتُهُ مَكْتُوبَةٌ عِنْــدَهُ)[٥٠]. واتە: هەر موسڵمانێك شتێكی هەبێت كە بیەوێت ڕایسپێریی بـۆ بكـات هـەق وایـە دوو شـەوی بەسەردا تێ نەپەڕێت وەسیەتنامەكەی بە نوسـراوەیی لــە لای خـۆی دانـێ. لـەڕیوایـەتی پێـشەوا موسلیم دا فەرمویەتی: (يَبِيتُ ثَلاَثَ لَيَالٍ). واتە: هەق وایە سێ شـەوی بەسـەردا تـێ نەپـەڕێت. ئیبن عومەر ڕەزای خوایان لێ بێ فەرمووی: ئـەوەتی ئـەم فەرمودەیـەم بیـستووە شـەوێ نـەبووە وەسیەتەكەمم لەلای سەرما نەبووبێت.

پێشەوا حەسەنی بەصری ئەگەر یادی مردنی بكردایە تا چەند ڕۆژ كەس سوودی لێ نەدەبینی، ئەگەر پرسیارێكیان لێ كردایە هەر دەیفەرموو نازانم نازانم[٥١].

لـەبەر ئەوەی مردن كۆتایی بە ژیانی مرۆڤ دەهێنێت پێویستە هەموو كەسێك لـەسەری بوەستێ و بە تێگەیشتنەوە بیری لێ بكاتەوە، چونكە مرۆڤ هەر جۆرە بیروباوەڕێكی هەبێت هەمیشە لــەخۆی دەپرسێت و دەڵێ: دوای مردن چی ڕووئـەدا؟ جـا ئەگـەر موسـڵمان بـوو دەبێـت وەڵامەكـەی بەدڵنیایی و بەتێگەیشتنەوە ئەمە بێ بڵــێ: دەگەڕێینــەوە بـۆ لای خـوای گـەورەو پـەروەردگاری جیهانیان.

زانای پایەبەرز پێشەوا قورتوبی خاوەنی تەفـسیری (أحكام القرآن) دەڵــێ: ئـەی ئـەو كەسـەی لـەخۆت بایی بویت بیر لـە مردن و حاڵی ڕۆح كێشانت بكەرەوە، سـەرنجێكی تـاڵی و نارِەحـەتی سەرەمەرگ بدە، ئای كە مردن بەڵێن و پەیمانەكانی ڕاستە، چ دادوەرێكی داد پەروەرە! ئەوەنـدە بەسە كە مردن داچڵەكێنەری دڵان بێت! چاوان پڕ لـە فرمێسك بكات، كۆمەڵان لـەیـەك بكـات، تام و چێژەكان تێك بدات، خواست و ئاواتەكان تەفرو تونا بكات[٥٢].

بێباوەڕان لـە ڕۆژی قیامەتدا دەڵێن: ئەگەر ئێمە بمان بیستایەو تێ بگەیشتینایە ئـەمڕۆ لــە یـارانی دۆزەخ نەدەبووین: ﴿وَقَالُواْ لَوْ كُنَّا نَسْمَعُ أَوْ نَعْقِلُ مَا كُنَّا فِيٓ أَصْحَٰبِ ٱلسَّعِيرِ ١٠﴾ الملك: ١٠.

[٥٠] - متفقٌ عَلَيْهِ ، أخرجه البخاري ٢/٤ (٢٧٣٨) ، ومسلم ٧٠/٥ (١٦٢٧) (١) و(٤).

[٥١] - ذكره أبو نعيم في الحلية: ٣٨٧/٦, والذهبي في السير.

[٥٢] - مختصر التذكرة للإمام القرطبي ص (١٤).

بێگومان ئەگەر بەتێگەیشتنەوە پرسیاریان لـە خۆیان بکردایە دەگەیشتنە حەقیقەت و خۆیان بـۆ ئەو رۆژە ئامادە دەکرد، ئەو کاتە لـە یارانی دۆزەخ نەدەبوون.

خەڵك لـەبارەی مردنەوە دەبن بە سێ بەشەوە:

بزانە: ئەو کەسەی زۆر بەدنیاوە خەریکە لـەناو فریودەرەکانیـدا سـەرگەرمە، هـیچ گومـانی تێـدا نیيەكە دڵی لـە یادی مردن بێ ئاگایەو هیچ باسێکی ناکات، ئەگەر ئەگەر یادیشی بکاتـەوە پێـی ناخۆشـەو لێـی ڕا دەکـات. جـا هـەموو خـەڵك یـان لــە دنیـا پەرسـتیدا زۆر رۆچـووە، یـان تەوبەکارێکەو تازە دەست پێ دەکات، یا خوا ناسێکەو بەوپەڕی گەیشتووە.

جا ئەوەی کە زۆر رۆچووە: ئەوە یادی مردن ناکاتەوە، ئەگەر یادیشی بکاتەوە بـۆ ئـاخ و ئـۆف هەڵکێشان لـەسەر دنیاکەی یادی دەکاتەوەو، بەلۆمـەکردنی خـەریك دەبـێ، ئـەم یادکردنەوەیـە جگە لـە دوور خستنەوەی لـە خوا هیچ شتێکی تری بۆ زیاد ناکات.

بەڵام تەوبەکار: زۆر یادی مردن دەکاتەوە بۆ ئەوەی دڵی زیندوبکاتەوە بە ترس، تا تەوبەکـەی تەواو بێت، زۆر جار وا دەبێ کە مردنی پێ ناخۆشە لـەترسی ئـەوەی نـەوەك پـێش تـەواو بـوونی تەوبەکەی مردن بیفرێنێت، ئەم کەسە بەهانەی هەیە بۆ رق لێبوونەوەی مردن، بەمـەش بـەر ئـەم فەرمودەیە ناکەوێ: (مَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللهِ كَرِهَ اللهُ لِقَاءهُ) [٥٣]. واتە: هەرکەسێك حـەز بـە گەیـشتن بـە خوا نەکات، خوایش حەز بە گەیشتنی ناکات. چونکە ئـەوە تـەنها لـەبـەر ئەوەیـە کـە لــە خـوا ئەترسێت، لـەبەر کەمتەرخـەمی و کـەم و کـورتی، جـا ئـەوە وەکـو ئـەو کەسـە وایـە کـە دوا دەکەوێت لـە گەیشتن بە خۆشەویستەکەی لـەبەر خەریك بوونی بە خۆ ئامـادەکردن بـۆ گەیـشتن پێی، بەو شێوەیەی کە پێی رازیە، کە ئەمەش بە حەزنەکردن بە گەیشتن پێی ناژمێرێت، نیـشانەی ئەوەیش ئەوەیە هەردەم لـە ئامادەسازیدا بێت، جگـە لــەو خـەریکی شـتێکی تـر نـەبێت، ئـەگینا دەبێتەوە بە بەشی یەکەم و لـە دنیا پەرستیدا رۆدەچێ.

بەڵام خواناس: هەمیشە یادی مردن دەکات، چـونکە وادەی گەیـشتنی بـە خۆشەویـستە، ئـەو وادەی گەیشتن بە خۆشەویستەکەی زۆر جار هـاتنی مـردن بـەدوور دەزانـێ و پێـی خۆشـە لــە

[٥٣] - أخرجه البخاري في كتاب الرقائق: ٨١, ومسلم في كتاب الذكر والدعاء: ٤٨.

خانەی سەرپێچی کەران رزگاریان ببێت و بگات بە پەنای پەروەردگاری جیهان، هەروەك هەندێك وتویانە: خۆشەویستێکی نیازمەند هات.

کەواتە بۆ تەوبەکار بەهانەی هەیە لە حەز نەکردن لە مردن، ئەمەیش بەهانەدارە لە خۆشەویستی مردن و ئاوات بۆ خواستنی، بەرزتر لەو دوانە ئەو کەسەیە کە کاری خۆی سپاردووە بە خوای گەورە، جا ئیتر نەمەرگ و نە ژیان بۆ خۆی هەڵنابژێرێت، بەڵکو هەموو لای ئەو ئەوەیە، کە لەلای پەروەردگار خۆشەویستە، جا ئەمە بە هۆی خۆشەویستی و دۆستایەتی زیادەوە گەیشتونەتە پلەی تەسلیم بوون و رەزامەندی، کە هەر ئەمەیە مەبەست و کۆتایی[٥٤].

پوختەی قسە ئەوەیە یادکردنەوەی مردن پاداش و چاکەی هەیە، چونکە ئەوەی زۆر سەرگەرمی دنیا پەرستیە هەندێ جار بەهۆی یادکردنی مەرگەوە سوود وەردەگرێت بۆ دوورکەوتنەوە لە دنیا.

یادی مردن کاریگەری چاکی هەیە بۆ چاکسازی دەروون:

بیرکردنەوە لە مردن کاریگەری چاکی هەیە بۆ چاکسازی و تەزکیەی دەروون، چونکە دەروون سروشتی وەهایە وابەستەی تام چێژە لەناوچووەکانی دنیایەو حەزی لە نەمری و بەردەوامیە لە ژیان، ئەمەش وا لە مرۆڤ دەکات بکەوێتە ناو زەلکاوی تاوان و، تەمبەڵی بکات لە پەرستش و بەندایەتیەکاندا، بەڵام بەبیرکردنەوە لە مردن دنیای لە بەرچاو بچوك دەبێتەوەو، دڵنیا دەبێت لەوەی کەجێگەی هەموو هیواو ئاواتەکانی تێدا نابێتەوە، ئەو کاتە هەوڵ دەدات دەروونی خۆی چاکسازی دەکات و هەڵەکانی راست دەکاتەوە.

دەگێرنەوە ئافرەتێك چووەتە خزمەت عائیشە رەزای خوای لێ بێ شکاتی دڵ رەقی خۆی لاکردووە ئەویش پێی فەرمووە: زۆر یادی مردن بکە ئەو مردنەی هەرچی خۆشی و لەزەتەکانی دنیا هەیە لەناوی دەبات، ئەویش ماوەیەك بەو شێوەیە دەبێت و دڵی نەرم دەبێت یەتەوە خزمەتی سوپاسی دەکات[٥٥].

---

[٥٤] - مختصر منهاج القاصدين لإبن قدامه: ص ٤٦٩-٤٧٠.

[٥٥] - ذكره إبن رجب في ذم قسوة القلب ص: ٢٧, والقرطبي في مختصر التذكرة: ص ١٧.

ئـەبو هـورەیرە رازای خـوای لــێ بــێ فـەرمووی: پێغەمبــەری خـوا صــلی الله علیــە وســلـم فەرمویەتی: (أَكْثِرُوا ذِكْرَ هَاذِمِ اللَّذَّاتِ) يَعْنِي: الموْتَ)[٥٦]. واتە: بەزۆری یادی مردن بکەنەوە، ئـەو مردنەی هەرچی خۆشیە لـەناوی دەبات و رووخێنەری خۆشی و ئارەزووەکانە.

یادی مردن ئەوە نی یە بڵێـی فـلان کـەس مـرد، نـەخێر ئـەوە یـادی مـردن نیـیـە، بێگومـان بیرکردنەوە لـە مردن مانای ئەوەیە خۆت ئامادە بکەیت بۆ مردن و کاری بۆ بکەیت، دنیـا بکـەی بە کێڵگەیەك بۆ دوای مردن.

هەروەها فەرمویەتی: (اسْتَكْثِرُوا مِنْ ذِكْرِ هَاذِمِ اللَّذَّاتِ، فَإِنَّهُ مَا ذَكَرُهُ أَحَدٌ فِي ضِــيقٍ إلا وَسَّــعَهُ اللَّهُ، وَلا ذَكَرُهُ فِي سَعَةٍ إلا ضَيَّقَهَا عَلَيْهِ)[٥٧]. واتە: بـەزۆری یـادی مـردن بکەنـەوە، ئـەو مردنـەی هەرچی خۆشیە لـەناوی دەبـات و رووخێنـەری خۆشـی و ئارەزووەکانـە، چـونکە هـەر کەسـێك لـەکاتی هەژاری و ناخۆشیدا بیر لـە مـردن بکاتـەوە ئـەوا هـەموو غـەم و پـەژارەو ناخۆشـیەکانی دەڕوێنێتەوە، ئەگەر لـە حاڵـەتی خۆشـگوزەرانی و دەوڵـەمەندیـدا بـێ یـادی مـردن خۆشـیەکانی لـەپێش چاو سووك دەکات.

عومەری کوڕی خەتاب خـوای لـێ ڕەزای بـێ فەرمویـەتی: هـەر کەسـێك زۆر یـادی مـردن بکاتەوە لـە دنیادا بەکەم رازی دەبێت[٥٨].

عومەری کوڕی خەتاب زۆربەی کات ئەم شیعرانەی دەخوێندەوە:

لا شيء مما تــرى تبقى بشــاشتـــه..........يبقى الإلــهُ و يــودي المالُ و الولد

لـــم تغن عن هـــرمز يوماً خزائنـــه..........والخلدَ قد حاولت عاد فمـــا خلدوا

ولا سليمان إذ تجري الريــاح لـــه..........والإنس و الجــن فيمــا بينها تــرِدُ [٥٩].

واتە: هیچ شتێ نامێنێتەوە لـەوەی دەیبینی، هەر خوای باڵادەست دەمێنێتـەوە مـاڵ و منـداڵ لـەناو

[٥٦]- أخرجه ابن ماجه: (٤٢٥٨)، والترمذي (٢٣٠٧)، والنسائي ٤/٤.

[٥٧]- رواه الطبراني في الكبير والأوسط, وإبن حبان: ٢٩٩٣, وحسنه الألباني في الصحيح الجامع: ١٢١١.

[٥٨]- أدب الدنيا والدين: ٣١٨/١.

[٥٩]- مختصر التذكرة للإمام القرطبي ص (١٣).

دەچن، هورمز گەنجینەکانی نەگەیشتنە فریای، گەلی عاد زۆر هەوڵیانـدا نـەمرن بـەڵام نەمانـەوەو مردن، تەنانەت سولـەیمان پێغەمبەر کە با بـە فـەرمانی ئـەو دەهـات و دەچـوو، هـەموو جنۆکـەو مرۆڤەکانی سەردەمی خۆی لـەژێر دەستی ئەودا بوون.

پێشەوا قورتوبی دەڵێ: زانایان وتویانە بیرکردنەوە لـە مردن مـرۆڤ دەگێڕێتـەوە لـەتاوان، دڵـی رەق نەرم دەکات، تام و چێژو خۆشیەکانی دنیا لـەناو دەبات، بەڵاو ناخۆشیەکان سووك و ئاسـان دەکات[60].

سەردانی گۆڕستان دڵ نەرم دەکات:

باشترین رێگا بۆ بیرکردنەوە لـە مردن ئەوەیە زۆر یادی دۆست و برادەرەکانی خۆتـان بکەنـەوە کە لـە پێش ئێوە کۆچیان کردووە، سەرنج لــە نەخۆشـەکان بـدەن، بەتایبـەتی ئـەو نەخۆشـانەی لـەسەرەمەرگ و گیانەڵادان، وێنەیان بێنەوە یادی خۆتان لـە دوای مردنیـان، سـەردانی گۆڕسـتان بکەن، خۆتان وەك ئەوان حساب بکـەن، پەنـدو ئامۆژگاریـان لـێ وەرگـرن، هەمیـشە مردنتـان لـەبەرچاو بێت و لـێی غافڵ مەبن، وەك ئەو گەشتیارە بن کە دەیەوێت سـەفەرێکی دوورو درێـژ و پڕ مەترسی بکات خەیاڵی هەر لای گەشتەکەیەتی.

زانایان فەرمویانە: هیچ شتێ وەك سەردانی گۆڕستان دڵ نەرم ناکات، بەمەرجێ بـۆ خـوا بێـت، دڵ و دەروونی پەروەردە بکات و چاکسازی تێـدا بکـات، قورئـان بەتیلاوەتـەوە بخـوێنێ لـەسـەر مردووەکان و سوودیان پێ بگەیەنێ، لـەسەر گۆڕ دانەنیشێ.

بورەیـدە رەزای خـوای لـێ بـێ گێڕاویەتیـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم فەرمویەتی: (كُنْتُ نَهَيْتُكُمْ عَنْ زِيَارَةِ الْقُبُورِ فَزُورُوهَا)[61]. واتە: لـەمەو پێش رێگـریم لـێ دەکـردن سەردانی گۆڕسـتان بکـەن، ئـیتر لـەمـەو دوا سـەردانی گۆڕسـتان بکـەن. لــە ریوایـەتێکی تـردا فەرمویەتی: قیامەتتان بیردەخاتەوە.

عائیشە رەزای خوای لێ بێ فەرمویەتی: پێغەمبەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم لــە کۆتـایی

---

[60] - مختصر التذكرة للإمام القرطبي: ١٧/١.

[61] - أخرجه مسلم في كتاب الجنائز: ٩٧٧ .

شەودا دەردەچوو بۆ گۆڕستانی بەقیع سلاوی لێ دەکردن و لە خوای گەورە بۆیان ئەپاڕایەوەو دەیفەرموو: (السَّلاَمُ عَلَيْكُمْ دَارَ قَوْمٍ مُؤْمِنِينَ، وَأَتَاكُمْ مَا تُوعَدُونَ، غَداً مُؤَجَّلُونَ، وَإِنَّا إِنْ شَـاءَ اللهُ بِكُمْ لاَحِقُونَ، اللَّهُمَّ اغْفِرْ لأَهْلِ بَقِيعِ الغَرْقَدِ)[٦٢].

پێویستە موسڵمان زوو زوو سەردانی گۆڕستان بکات و سلاویان لێ بکا و دوعای خێریان بۆ بکا، چوونە سەر گۆڕستان دەرس و پەندێکی کردەیيە بۆ ئەوانەی پەندو ئامۆژگاری وەردەگرن، بێگومان مردن گەورەترین ئامۆژگاریە، بیر لە مردن و رووداوەکانی دوای مردن بکاتەوە، شوێن جەنازەی مردوو بکەوێت بۆ سەر قەبران، تەوبەیەکی راستەقینە بکات، خۆی لەناو گۆڕستاندا ببینێتەوە، کفن بۆ خۆی ئامادە بکات، وەسیەت بکات و بینووسێ، هەقی کێی لایە بیداتەوە، چونکە مردن لەپڕ یەخەی ئەویش دەگرێت.

عومەری کوڕی عەبدولعەزیز رەزای خوای لێ بێ: زانایانی کۆدەکردەوەو پێی دەفەرمون: باسی مردن و قەبر و قیامەتم بۆ بکەن، ئەوانیش بۆیان باس دەکرد پێکەوە دەگریان وەك ئەوەی تەرمی مردویەك لەبەردەمیاندا بێت[٦٣].

یەزیدی رەقاشی لەگەڵ خۆیدا دەکەوتە گفتوگۆو دەیگوت: خاکت بەسەر ئەی یەزید لەپاش مردن کێ لەجیاتی تۆ نوێژو دوعا بکات؟ کێ رۆژووت بۆ بگری؟ کێ بێ وا بکات خوا لێم رازی بێ؟ پاشان فەرمووی: ئەی خەڵکینە! ئەوە بۆ ئەو ماوە کەمەی ماوتانە لەدنیادا داینانێن بۆ شیوەن کردن لەسەر خۆتان؟ کێیە ئەو کەسەی گۆڕەکەی بانگی دەکات و ماڵیەتی، خاك جێگایەتی، کرم هاوەڵیەتی، لەگەڵ ئەوەشدا چاوەڕێی مەترسی و ناخۆشی رۆژە گەورەکەیە کە رۆژی قیامەتە داخۆ دەبێ ئەو کەسە حاڵی چۆن بێ، جا دەستی کردە گریان تا لەهۆش خۆی چوو!![٦٤].

ئەو کەسەی یادی مردن نەکات هیوا درێژو بێ ئاگا دەبێت، کە ئەوەش دەبێتە هۆی توڕەیی خوای گەورەو خاوەن دەسەلاتی رەها، بەلام ئەو کەسەی یادی مردن بکات هیوا کورت دەبێ و زیاتر

---

[٦٢] - أخرجه مسلم: ٦٣/٣ (٩٧٤) (١٠٢) .

[٦٣] - مختصر التذكرة للإمام القرطبي: ١٤/١, ذكره الذهبي في سير الأعلام النبلاء.

[٦٤] - مختصر التذكرة للإمام القرطبي: ١٤/١.

لـە خوا دەترسێت و بە دڵسۆزیەوە تاعەت و عیبادەتەکان بەجێ دەهێنێت.

مردن کارەساتە بەڵام بێ ئاگایی خراپترە:

هەرکەسێ بیر لـە مردن بکاتەوە ئەگەر بەدڵێکی خاڵیەوە بیری لێ نەکاتەوەو، دڵـی سـەرقاڵ بـێ بەخۆشیەکانی دنیاوە ئەوا یادی مردن لـە دڵیدا سەرکەوتوو نابێ و هیچ قـازانج و سـوودێکی پـێ ناگەیەنێ، بەڵام رێگەی سەرکەوتوو ئەوەیە بەندە دڵی خاڵی بکاتەوە لـە هەموو شتێك تەنها یادی مردن نەبێ کە لـەبەردەستی دایە، پڕ بەدڵ بیری لێ بکاتەوە وەك ئەو کەسەی بەتەمای سـەفەرێکی دوورو درێژە بۆ شوێنێکی پڕمەترسی، چۆن بەردەوام بیری لێ دەکاتەوەو بیر لـە هیچ شـتێکی تـر ناکاتەوە، ئەویش بەو شێوەیە بێت ئەو کاتە کاریگەری لێ دەکات و خۆشیەکانی دنیای لــەلا بـێ نرخ دەبێ.

پێشەوا قورتوبی دەڵێ: زانایان فەرمویانە: مـردن تیاچـوون و تـەفر و تونـابوون نیـیـە، بـەڵکو بریتیـیە لـە جیابوونەوەی رۆح لـە جەستەو، گۆڕانی حاڵەتێکە، گواستنەوەیەتی لــە مـاڵی دنیـاوە بۆ ماڵی قیامەت، کە ئەمەش گەورەترین کارەساتە، وەك خوای گەورە دەفەرموێت: M d e f g h i j k ﴿١٠٦﴾ L المائدة: ١٠٦. واتـە: کاتێـك بەزەویـدا رۆیـشتن بـۆ بەدەسـت هێنانی رۆزی کارەسات و بەڵای مەرگ یەخەی گرتن.

زانایان فەرمویانە: بەڵێ مردن کارەساتە بەڵام لـەوەش کارەساتر بێ ئاگایی و پشت تێکـردن و، بیر لێکردنەوەیەتی بەکەمی و، کار بۆ نەکردنیـەتی، یەکـەمین پەندێکـە بـۆ ئـەو کەسـانەی پەنـد وەردەگرن[٦٥].

رۆژێـك (ابن مطيـــع) سـەیرێکی خانوەکـەی خـۆی کـرد زۆر سـەری سـوڕما لــە چـاکی و خۆشیەکەی، پاشان دەستی کردە گریان و وتی: سوێند بە خوا ئەگـەر مـردن نەبوایـە دڵـم پێـت خۆش دەبوو، ئەگەر نەچوینایەتە ناو ئەو گۆڕە تەنگەوە ئەوا چاومان بە دنیا رۆشن دەبۆوە، ئینجـا بەکوڵتر دەستی کردە گریان و هاواری لێ بەرزبۆوە [٦٦].

[٦٥]- مختصر التذكرة للإمام القرطبي.

[٦٦]- احياء علوم الدين للغزالي: ٤٧٩/٤ - ٤٨٠.

شاعیری گەورە (أبو العتاهية) دەڵێ:

ياعجباً للناس لــو فكروا.........أو حاســبوا أنفسهم أبصروا

وعبروا الدنيــا إلى غيرها.........فإنمــا الدنيــا لهــم مــعبَر[٦٧].

واتە: سەیرم بەو خەڵکە دێت ئەگەر تۆزێ بیربکەنەوە، پرسیار لە خۆیان بکەن و چـاو بکەنـەوە، ئەوکاتە دەبینن دنیا بۆ ئەوان نیيە هی کەسێکی ترە، چونکە بێگومان دنیا پردێکە بۆیـان بەسـەریا تێپەڕ دەبن.

خۆ ئامادەکردن بۆ مردن:

بەڕاستی روداوەکانی دوای مردن ئەوەندە گەورە و گرنگن، دەبوایە مرۆڤ هەمیشە لە هەوڵی خۆ ئامادەکردندا بوایە بۆی، چونکە لـەوێ هەرچی دەسەڵات و سامانی دنیـا هەیـە رزگـاری ناکـەن، هەموو کەسێ داوای گەڕانەوە دەکات چاکەکار بێت یان خراپەکار، ئەگەر چـاکەکار بـوو ئـەوا داوای گەڕانەوە دەکات بۆ ئەوەی کردەوەی چاکەی زیاتر ئەنجام بدات، بـە پێـچەوانەوە ئەگـەر خراپەکاریش بوو بۆ ئەوەی بگەڕێتەوەو تەوبە بکات، بەڵام بێ سوودە، جا با پێش ئـەوەی لـەوێ داوای گەڕانەوە بکەین ئێستا خۆمانی بۆ ئامادەبکەین، ئەم ژیانە کورتە ئەو مۆڵەتەیە کە خوا پێـی داوین با بەفرسەتی بزانین و لـەدەستی نەدەین، بیکەینە کێڵگەیەك تۆوی چاکەی تێدا بڕوێنین تا لـە قیامەتدا بەرو بومەکەی وەرگرینەوە بەویستی پەروەردگاری باڵادەست.

خوای گـەورە دەفـەرموێت: M x y z { | } ~ ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ
إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ ´ µ ¶ ¸ نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ L
المؤمنون: ٩٩ – ١٠١. واتە: ئەوان هەروان تا کاتێ مردن دێتە سـەر یـەکێکیان ئـەوکات ئـەڵێت ئەی پەروەردگارم بم گەڕێنەوە بۆ دنیا، بەڵکو ئەو کارە چاکەی وازم لێ هێنا بوو بیکـەم، نـەخێر بۆ خۆی دەڵێ، لەبەردەمیاندا پەردەیەکی گەورە هەیـە تـا ئـەو کاتـەی زیندودەکرێنـەوە، ئینجـا کاتێك فوودەکرێ بە کەڕەنادا نە خزمایەتی لـە نێوانیان دەمێنێ و نە کەسیان لـەکەس دەپرسێ.

---

[٦٧] - الكامل في اللغة والأدب: جزء ٢/ ص١٠.

ژیرترین کەس ئەوەیە کار بۆ دوای مردنی دەکات:

ئیبن عومەر ڕەزای خوایان لێ بێ فەرمووی: پیاوێکی ئەنصاری هات سلاَوی لـە پێغەمبـەری خـوا صلی الله علیه وسلـم کردو وتی: ئەی پێغەمبەری خوا! کام ئیماندار چـاکترو باشـترە؟ فـەرموی: (أَحْسَنُهُمْ خُلُقًا). واتە: بەڕەوشترینیان. وتـی: ئـەی کـام ئیمانـدار ژیـرو عاقـڵ تـرە؟. فـەرمووی: (أَكْثَرُهُمْ لِلْمَوْتِ ذِكْرًا وَأَحْسَنُهُمْ لِمَا بَعْدَهُ اسْتِعْدَادًا أُولَئِكَ الْأَكْيَاسُ) [٦٨]. واتـە: ئەوانـەن کـە لـە هەموویان زیاتر یادی مردن دەکەن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ دوای مردن، بەڕاستی ئەوانە ژیرن.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەو بارەوە دەفەرموێت: (الكَيِّسُ مَنْ دَانَ نَفْسَهُ، وَعَمِـــلَ لِمَا بعدَ المَوتِ، والعَاجِزُ مَنْ أَتْبَعَ نَفْسَهُ هَوَاهَا وَتَمَنَّى عَلَى اللهِ) [٦٩]. واتـە: ئاقـڵ و ژیـر ئـەو کەسـەیە لۆمەی نەفسی خۆی دەکات و ئـیش بـۆ دوای مـردن دەکـات، تەمـەڵ و هـیچ لـەبارا نـەبووش کەسێکە شوێن هەواو ئارەزوواتی خۆی کەوتووەو دەڵێ: خوا گەورەیە.

ئیبن عەباس ڕەزای خوایان لێ بێ فەرموی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسـلم ئامۆژگـاری پیاوێکی دەکرد پێی فـەرموو: (اغْتَنِمْ خَمْسًا قَبْلَ خَمْسٍ شَبَابَك قَبْلَ هَرَمِك وَصِحَّتَك قَبْلَ سَـــقَمِك وَغِنَاك قَبْلَ فَقْرِك وَفَرَاغَك قَبْلَ شُغْلِك وَحَيَاتَك قَبْلَ مَوْتِك) [٧٠]. واتە: پێـنج شـت بەهـەل بزانـە لـە پێش پێنج شتەوە: گەنجی و لاویت پێش ئەوەی پـیر بیـت، لـەش سـاغیت پـێش ئـەوەی نـەخۆش بکەویت، دەوڵەمەندیت پێش ئەوەی هەژار بکەویت، دەست بەتاڵیت پێش ئەوەی سەرقاڵی ئـیش و کار بیت، ژیانت پێش مردنت.

عومەری کوڕی خەتاب ڕەزای خوای لێ بێ فـەرمووی: (حاسِبُوا أنْفُسَكُم قبلَ أنْ تُحَاسَـــبُوا ، وزِنُوا أنْفُسَكُم قبلَ أَنْ تُوزَنوا ؛ فإنَّهُ أهونُ عليكُم في الحسابِ غداً أنْ تُحاسِبوا أنْفُـــسَكُمُ اليـــومَ ، وتزيَّنُوا للعَرْضِ الأكْبَرِ :M a b c d e f g L الحاقـة: ١٨. واتە: موحاسەبەی نەفسی خۆتان بکەن پێش ئەوەی لێپێچینەوەتان لـەگەڵدا بکرێت، کردەوەکانتان بکێشن پێش ئـەوەی لـە

[٦٨] - أخرجه ابن ماجه: (٤٢٥٩) والحاكم: ٥٤٠/٤, وهو في الصحيحة: ١٣٤٨.

[٦٩] - أخرجه أحمد: ١٢٤/٤, وابن ماجه: (٤٢٦٠)، والترمذي (٢٤٥) والحاكم: ٥٧/١.

[٧٠] - رواه الحاكم والبيهقي, صحيح الترغيب والترهيب: ٣٣٥٥/٣.

قیامەتدا بۆتان بکێشن، خۆتان ئامادەبکەن بۆ نمایـشی گـەورە ئـەو رۆژەی پیـشان دەرێـن: (لــەو رۆژەدا هەمووتان نیشان دەرێن، هیچ (کردەوەیەکی) پەنهانیتان بە نهێنی نامێنێتەوە) [٧١].

هەر لەبەر ئەوەیە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك موحاسەبەی نەفسی خۆی بکات لەسـەر گوفتار و کردەوەکانی، چـونکە ئـەوەی لــە دنیـادا لێپرسـینەوە لەگـەڵ نەفـسی خۆیـدا بکـات، لێپێچینەوەی قیامەتی ئاسان دەبێت.

شاعیر دەڵێ:

تــأهب للموت لابـــد مـــنه..........مـــن الموت الموكل للعباد

أترضى أن تكون رفيق قـــوم..........لهـــم زاد وأنت بغـــير زاد.

واتە: خۆت ئامادەبکە بۆ ئەو شتەی پێویستە لەسەرت بۆ ئەو رۆژەی مـردن پێـت دەگـات، ئایـا رازیت تۆ ببیت بە دۆست و هاوەڵی کەسانێك کە زەخیرە و تێشویان هـەبێت تـۆش بـێ زەخـیرە بیت.

خراپی ئاوات خواستن بۆ مردن:

هەر کەسێك تووشی زیان هات لە رووی ماددیەوە بێ یان جەستەیی خراپـە ئـاوات بخوازێـت بـۆ مەرگ، چونکە کەس نازانێت مردن بۆی چاکترە یان ژیان، هـەموو کەسـێك بەختـەوەر نیيەلـە دوای مردن، مرۆڤ دەبێت خۆراگر بێ لەسەر بەڵاو ناخۆشیەکانی ژیـانی دنیـا، چـونکە لەوانەیـە بۆی ببێتە مایەی خێرو خۆشی.

ئەنەسی کوڕی مالیك رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم فەرمویەتی: (لا يَتَمَنَّيَنَّ أَحَدُكُمُ المَوتَ لضُرٍّ أَصَابَهُ، فَإِنْ كَانَ لاَ بُدَّ فاعلاً، فَلْيَقُلْ: اللَّهُمَّ أحْــيِني مَــا كَانَتِ الحَيَاةُ خَيراً لِي، وَتَوفّنِي إِذَا كَانَتِ الوَفَاةُ خَيراً لي)[٧٢]. واتە: با هیچ کەسێك لــە ئێـوە لەبـەر نارەحەتیەك یان زیانێ کە تووشی بوو ئاوات بۆ مەرگ نەخوازێت، ئەگەر هەر چارە نـەبوو زۆری بۆ هات با بڵێ: ئەی خودایە! هەتا ژیانم بۆم باشترە بمژێنە، کەی مردنم باشتر بوو ئەوا بمرێنە.

---

[٧١]- إصلاح القلوب: ١/ ١٤.

[٧٢]- مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ١٥٦/٧ (٥٦٧١)، ومسلم ٦٤/٨ (٢٦٨٠) (١٠).

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (وَلَا يَتَمَنَّيَنَّ أَحَدُكُمْ الْمَوْتَ إِمَّا مُحْسِنًا فَلَعَلَّهُ أَنْ يَزْدَادَ خَيْرًا وَإِمَّا مُسِيئًا فَلَعَلَّهُ أَنْ يَسْتَعْتِبَ)[٧٣]. واتە: هیچ کەسێك لە ئێوە با ئاوات بۆ مەرگ نەخوازێت، ئەگەر چاکەکار بیٚ دەگونجێت چاکەکانی زیاتر بکات، ئەگەر خراپەکاریش بوو دەگونجێت لۆمەو سەرزەنشتی خۆی بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای خواو واز لە تاوان بهێنیٚ.

ئەنەس ڕەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: ئەگەر ئاوات خوستنمان بۆ مردن لیٚ قەدەغە نەکرایە ئاواتمان بۆ دەخواست [٧٤].

سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص ڕەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: دوو برای موسڵمان هەبوون یەکێکیان پێش ئەوی کەیان بەچل ڕۆژ وەفاتی کرد، منیش باسی چاکەو پیاوەتی یەکەمیانم کرد بۆ پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (أَلَمْ يَكُنْ الْآخَرُ مُسْلِمًا). واتە: ئەی ئەوی تریشیان موسڵمان نەبوو؟. وتم: بەڵیٚ ئەوی تریشیان موسڵمان بوو. فەرمووی: (وَمَا يُدْرِيكُمْ مَا بَلَغَتْ بِهِ صَلَاتُهُ إِنَّمَا مَثَلُ الصَّلَاةِ كَمَثَلِ نَهْرٍ غَمْرٍ عَذْبٍ بِبَابِ أَحَدِكُمْ يَقْتَحِمُ فِيهِ كُلَّ يَوْمٍ خَمْسَ مَرَّاتٍ فَمَا تَرَوْنَ ذَلِكَ يُبْقِي مِنْ دَرَنِهِ فَإِنَّكُمْ لَا تَدْرُونَ مَا بَلَغَتْ بِهِ صَلَاتُهُ)[٧٥]. واتە: ئێوە نازانن بەو چل ڕۆژەی لە دوای ئەو نوێژەکان ئەویشیان گەیاندۆتە چ پلەیەك؟ وێنەی نوێژەکان وەك چۆن جۆگەیەك بە بەردەم دەرگای یەکیٚ لە ئێوەدا بڕوات و بچێتە ناوی و دابپۆشێت، جا ڕۆژی پێنج جار خۆی فڕیٚ داتە ناوی و خۆی بشوات، چۆن دەی بینن؟ ئایا هیچ چڵکی پێوە دەمێنیٚ؟ کەواتە ئێوە نازانن نوێژەکانی بەو چل ڕۆژە ئەوی گەیاندۆتە چ پلەیەکی بەرزو پڕ شکۆ.

حارث کوڕی ئەبو یەزید وتی: بیستم لە جابیری کوڕی عبدالله فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (لَا تَمَنَّوْا الْمَوْتَ فَإِنَّ هَوْلَ الْمَطْلَعِ شَدِيدٌ وَإِنَّ مِنْ السَّعَادَةِ أَنْ يَطُولَ عُمْرُ الْعَبْدِ وَيَرْزُقَهُ اللَّهُ الْإِنَابَةَ)[٧٦]. واتە: هەرگیز ئاوات بۆ مەرگ مەخوازن چونکە مەترسی و

---

[٧٣] - أخرجه البخاري في صحيحه: ٥٣٤٩, ٢١٤٧/٥.

[٧٤] - أخرجه البخاري: ٥٣٤٧, ومسلم: ٢٦٨٠.

[٧٥] - أخرجه مالك: ٤٧/٢, وأحمد: ١٤٥٢, صحيح الترغيب و الترهيب: (١/ ٣٧١).

[٧٦] - أخرجه أحمد في مسنده: (١٤٥٦٤), والبيهقي قي الشعب: (١٠٥٨٩).

ناخۆشیەکانی گۆڕ زۆر سەختە، بێگومان مایەی خۆشی و بەختەوەری بەنـدەی موسـڵمان تەمـەن درێژیەتی، چونکە هیوا وایە خوای گەورە ماوەی بدات بگەڕێتەوەو پەشیمان بێتـەوە لـە کـردەوە خراپەکانی و، خواپەرستی زیاتر ئەنجام بدات.

ئـەبو صـەفوان رەزای خـوای لـێ بـێ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فەرمویـەتی: (خَيرُ النَّاسِ مَنْ طَالَ عُمُرهُ، وَحَسُنَ عَمَلُهُ)[٧٧]. واتـە: چـاکترین کەسـتان ئەوەیـە کـە تەمەنی درێژ بێ و کردەوەو رەفتاری باش بێت.

قەیسی کوڕی ئەبو حازم رەزای خوای لـێ بـێ فـەرمووی: چـوینە سـەردانی خـەبابی کـوڕی ئەرەت رەزای خوای لێ بێ جەستەی لە حەوت لاوە داخ کرابـوو، فـەرمووی: هاوڕێیانمـان لـە پێش ئێمەوە لە دنیا دەرچوون و سەریان نایەوە، دنیا هیچ لـە پلـەو پایـەی بـەرزی ئـەوانی کـەم نەکردەوە، بەڵام ئێمە ئەوەندە سامانمان دەست کەوتووە لە خاکـا نـەبێت جێـی نابێتـەوە، ئەگـەر پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئاوات خواستنی بۆ مـەرگ لـێ قەدەغـە نەکردینایـە، ئـەوا ئاواتم بۆ مەرگی خۆم دەخواست [٧٨].

ئیمام نەوەوەی دەڵێ: دەقی ئەم فەرمودانە بە ئاشکرا دەریدەخەن کە ئاوات خواستن بـۆ مـردن دروست نی یە لـەبەر تووش بوون بـە زیانێـك وەك نەخۆشـی و هـەژاری یـان بەڵایـەك لەلایـەن دوژمنەوە یا ناخۆشیەك لـە ناخۆشیەکانی دنیا رووی تێ بکات، بەڵام لە حاڵەتێکدا ئەگـەر ترسـا لـەوەی لـەرووی دینەکەیەوە زیانی پـێ بگـات یـان بـەڵاو فیتنـە رووبکاتـە دینەکـەی ئـەوا لـەو حاڵەتەدا ئاوات خواستن بۆ مردن دروستە بە تێگەیشتن لـە چەمکی فەرمودەکە.. [٧٩].

کەی ئاوات خواستن بۆ مردن دروستە؟

بێگومان لـەحاڵەتی دژوارو نارەحەتدا ئـاوات خواسـتن بـۆ مـردن دروسـتە، لـەکاتێـدا موسـڵمان بترسێ تووشی بەڵاو فیتنە بێت و ببێتە هۆی لـەدەستدانی دین و ئیمانەکەی، بێگومان لـە حاڵـەتی

---

[٧٧] - أخرجه الترمذي (٢٣٢٩), سلسلة الصحيحة: (١٨٣٦).

[٧٨] - متفقٌ عَلَيْهِ، أخرجه البخاري: ١٥٦/٧ (٥٦٧٢) ، ومسلم: ٦٤/٨ (٢٦٨١) (١٢).

[٧٩] - إمام مسلم بشرح النووي: ٥٣٧/٥.

وادا مردن بۆی چاكترە.

یوسف سلاوی خوای لـەسەر بێ دوای ئەوەی خوای گەورە موڵك و دەسەڵاتی پـێ بەخـشیو، شاد بوەوە بە خانەوادەكـەی فـەرمووی: Mرَبِّ قَدۡ ءَاتَيۡتَنِي مِنَ ´ µ ¶ ¸ ٱلۡأَحَادِيثِۚ فَاطِرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ أَنتَ وَلِيِّۦ فِي ٱلدُّنۡيَا وَٱلۡأٓخِرَةِۖ تَوَفَّنِي مُسۡلِمٗا وَأَلۡحِقۡنِي بِٱلصَّٰلِحِينَ L یوسف: ١٠١. واتە: ئەی پەروەردگارم بەراستی پێت بەخشیووم هەندێك لە دەسەڵات و پاشایەتی و، هەندێكیش لە لێكدانەوەی خەوت فێركردوم، ئەی داهێنـەری زەوی و ئاسمانـەكان تـۆ پـشت و پـەنامی لــە دنیـاو لــە قیامەتـدا بـە موسڵمانی بمرێنەو بم گەیەنە بە كاروانی پیاو چاكان.

هەروەها مەریەمی دایكی عیسا سلاوی خوایان لێ بێ كاتی سك پڕبوونەكەی ئاواتی بۆ مـردن خواسـت: Mقَالَتۡ يَٰلَيۡتَنِي مِتُّ قَبۡلَ هَٰذَا وَكُنتُ نَسۡيٗا مَّنسِيّٗا ﴿٢٣﴾ L مـریم: ٢٣. واتــە: خۆزگـە بمردمایـەو تووشی ئەم سك پڕبوونە نەبوومایەو من شتێكی لــەبیر چـووەوەی بـاس نـەكراو بوومایـە، چـۆن وەڵامی خەڵك بدەمەوە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لـە كۆتایی فەرمودەی خەوەكەدا دەفـەرموێت: (اللهم إني أسألك عملا بالحسنات وتركا للمنكرات وإذا أردت في قوم فتنة وأنا فيهم فاقبضني إليــك غــير مفتون)[٨٠]. واتە: خوای گەورە داوات لێ دەكەم كە كاری چاكە بكەم و واز لـە خراپكاری بێـنم وە ئەگەر كۆمەڵە خەڵكانێك بتەوێ تووشـی فیتنــەو وەرگێڕانیـان بكـەیت مـن لـەناویانـدا بـووم خوایە بمرێنیت و رزگارم بكەیت لـەو بەڵایەی تووشی ئەوانی دەكەیت.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسـلـم فـەرمووی: (والَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لاَ تَذْهَبُ الدُّنْيَا حَتَّى يَمُرَّ الرجُلُ على القَبْرِ، فَيَتَمَرَّغَ عَلَيْهِ وَيَقُولُ: يَالَيْتَنِي كُنْتُ مَكَانَ صَاحِبِ هذَا القَبْرِ، وَلَيْسَ بِهِ الدِّينُ، ما بِهِ إلاَّ الـــبَلاَءُ)[٨١]. واتــە: سـوێد بـەوەی گیـانی منـی بەدەستە قیامەت نایەت هەتاكو پیاو ئەدات بەلای گـۆڕی كەسـێكی تـرداو ئـەڵێ: ئـای خۆزگـە لـەشوێنی ئەو بوومایە، لـەبەر ئەوە نییەكە بگەڕێتەوە بۆ لای خوای گـەورە بـەڵكو تـەنها لـەبـەر بەڵاو نەهامەتیەكانی كۆتایی زەمانە ئاوات بە مردن دەخوازێت.

---

[٨٠] - سلسلة الصحيحة: ٣١٦٩/٧.

[٨١] - مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ٧٣/٩ (٧١١٥) ، ومسلم ١٨٢/٨ (١٥٧) (٥٤) .

مەحمودی کوڕی لەبید ڕەزای خوای لیٚ بیٚ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبـەری خـوا صـلى الله علیـە وسلـم فەرمویەتی: (اثْنَتَانِ يَكْرَهُهُمَا ابْنُ آدَمَ الْمَوْتُ وَالْمَوْتُ خَيْرٌ لِلْمُؤْمِنِ مِنْ الْفِتْنَةِ وَيَكْـرَهُ قِلَّـةَ الْمَالِ وَقِلَّةُ الْمَالِ أَقَلُّ لِلْحِسَابِ)[82]. واتە: ئادەمیزاد دوو شتی پیٚ ناخۆشە:

یەکەم: مردنی پیٚ ناخۆشە لە کاتێکدا مردن بۆی چاکترە لە بەلاّو فیتنەی دنیـاو پاشـگەزبوونەوە لە دینەکەی.

دووەم: کەمی ماڵ و سامانی پیٚ ناخۆشە لـە کاتێکـدا کـەمترین لێپێـچینەوەی لەسـەرەو ئـەوەش قازانجە بۆی.

عبدالرحمن کوڕی عومەر گێڕایەوەو وتی: پرسیان لە عبـد الـرحمن کـوڕی مەهـدی دەربـارەی ئاوات خواستن بۆ مردن؟ گوێم لیٚ بوو فەرمووی: هیچی تێدا نیـیـە ئەگـەر پیـاو ترسـی ئـەوەی هەبێت بەلاّ روو بکاتە دینەکەی، بەلاّم نابێت لەبەر هەژاری و ئازار و شتی لەو جۆرە ئاوات بـۆ مەرگ بخوازێت، پاشان فەرمووی: ئەبو بـەکرو عومـەر ڕەزای خوایـان لـیٚ بـیٚ جگـە لـەوانیش ئاواتیان بۆ مەرگ خواستووە[83].

عەلی کوڕی ئەبو تالب ڕەزای خوای لیٚ بیٚ لە جەنگی (جمل)دا فـەرمووی: خۆزگایـە بیـست ساڵ پێش ئەم ڕۆژە بمردمایەو توشی ئەم کارەساتە نەهاتمایە [84].

---

[82] - أخرجه أحمد: ٤٢٧/٥, وصححه الألباني في صحيح الجامع: ١٣٩.

[83] - حلية الأولياء: ٤/٤٧.

[84] - كتاب المتمنين لإبن أبي الدنيا: ٦٢.

روداوەکانی پێش رۆح کێشان

مرۆڤ تەنها ئەو بەرگە ماددییە نی یە کە دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، ئـەوەی کـە داوای بەشـی خۆی دەکات لـە خواردن و خواردنەوە، بـەڵکو حەقیقـەتی مـرۆڤ ئـەو گەوهـەرە بەنرخەیـە کـە کردوویەتی بەو مرۆڤە بەرێز و گەورەیە لەم بوونەوەرەدا، ئەو گەوهەرە بەنرخەش رۆحە.

پێناسەی رۆح:

رۆح تا ئێستا کەس نازانێت چىیە و چۆنە، مرۆڤ زانیارییەکی کەمی پێدراوە، چونکە لـە فەرمانـە نهێنىیەکانی پەروەردگارەو تەنها خۆی دەزانێت چىیە، کەواتە بێدەنگ بوون لێی باشترین شـتە: M وَيَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلرُّوحِۖ قُلِ ٱلرُّوحُ مِنۡ أَمۡرِ رَبِّي وَمَآ أُوتِيتُم مِّنَ ٱلۡعِلۡمِ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٥﴾ L الإسـراء: ٨٥. واتـە: لـەتۆ دەپرسن رۆح چی یە؟ بڵێ: رۆح هەر لەوانەیە پەروەردگارم دەیزانێ، ئێوە کەمێکتان لە زانست پێدراوە.

ئیبن تەیمیە دەڵێ: رۆح شتێکی (غەیب) نادیـارەو پەیوەسـتە بـە جەسـتەوە، بـەڵام نـە بۆخـۆی بریتىیە لـە جەستەو وە نە بەشێکیشە لـە جەستە.

ئیمام ئەحمەدی کوڕی حەنبەل دەڵێ: رۆح لـە هیچ شتێك پێك نـەهاتووە، نـە رەنگـی هەیـە نـە بۆن، نازانرێ لـە کوێی جەستەدا ئۆقرە دەگرێت.

رۆح بەدیهێنراوە:

زانایـانی ئیـسلام و تێکـڕای ئـەهلی سـوننەت یەکـدەنگن لەسـەر ئـەوەی کـە رۆح لەلایـەن پەروەردگارەوە بەدیهێنراوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: Mهَلۡ أَتَىٰ عَلَى ٱلۡإِنسَٰنِ حِينٞ مِّنَ ٱلدَّهۡرِ ´ µ ¶ ¸ ﴿١﴾ L الإنـسان: ١. واتە: بەڕاستی ماوەیەکی زۆر لـە رۆژگار بەسەر ئادەمیزاددا هات کەشتێکی وانەبوو ناو ببرێ.

رۆح لـە قورئاندا بەم مانایانە هاتووە:

رۆح بە مانای قورئان هـاتووە وەك لـەم ئایەتـەدا دەفـەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 9 : ; < = L الشوری:٥٢.

رۆح بە مانای وەحی دێت وەك لـەم ئایەتـەدا دەفـەرموێت: Mرَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلۡعَرۡشِ يُلۡقِى ٱلرُّوحَ مِنۡ ´ ¶ µ ¸ مِنۡ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ يَوۡمَ ٱلتَّلَاقِ ﴿١٥﴾ L غافر: ١٥.

رۆح بە مانای جوبریل هاتووە وەك لـەم ئایەتەدا دەفـەرموێت: M 4 5 6 7 8 9 : ; > = L القدر: ٤.

ئایا رۆح و نەفس یەك شتن یان دوو شتی لێك جیان؟

هەنـدێك لــە زانایــان دەڵــێن: دوو شــتی لێــك جیــان، هەندێکیــشیان دەڵــێن: دوو رووی یــەك حەقیقەتن.

خوای گەورە دەفـەرموێت: Mأَخۡرِجُوٓاْ أَنفُسَكُمُۖ ﴿٩٣﴾ L الأنعـام: ٩٣. لێـرەدا نـەفس بـەمانای رۆح دێت.

لــــە ئایــــەتێکی تــــردا دەفــــەرموێت: Mفَسَلِّمُواْ عَلَىٰٓ أَنفُسِكُمۡ ´ µ ¶ ¸ مُبَٰرَكَةً طَيِّبَةًۚ ﴿٦١﴾ L النور:٦١. لێرەدا (نەفس) بەمانای خودی (ذات)ی نەفسەکەیە.

هەندێك جار رۆح بە مانای نەفس هاتووە وەك لـەم فەرموودەیەدا ئامـاژەی پێکـراوە: (باسمِــك ربّي وَضَعْتُ جَنبي وَبِكَ أرفَعُه إن أمسَكتَ نَفسِي فَأَرحَمْها وَإن أَرسَلتَها فَأَحفَظها بِما تُحفَــظُ بِـــه عِبادَكَ الصَالِحِينَ)[٨٥]. واتە: پەروەردگارم بە ناوی تۆوە لـەسەرلا راکشام، بەناوی تۆشەوە لە خەو هەڵئەسم و بە خەبەر دێمەوە، ئەگەر نەفسم نەگەڕایەوە بۆ ناو جەستەم و منت مراند ئەوا سـۆزو بەزەیت پێیدا بێتەوە، خۆ ئەگەر گێڕاشتەوە بۆ ناو جەستەم ئەوە پارێزگاری لێبکـە بـەوەی بەنـدە صالّح و چاکەکانی خۆتی پێ دەپارێزی.

هەروەها وشەی رۆح هاتووە لە جیاتی وشەی نەفس لــە کــاتی هەســتان لــە خــەو، وەك لــەم فەرموودەیەدا ئاماژەی پێکـراوە: (الحَمْدُ لله الذِي عَافَانِي فِي جَسَدِي ورَدَّ عَلَــيَّ رُوحِــي، وأَذِنَ لِي بِذِكْرِهِ)[٨٦]. واتە: سوپاس بۆ ئەو خوایەی لـەش ساغی کردم و رۆحی بۆ گەڕاندمـەوەو بـواری بـۆ رەخساندم و مۆڵـەتی پێبەخشیم کە یادی بکەم.

[٨٥]- أخرجه البخاري في الذكر والدعاء : (٩٤/٩), ومسلم: (٥٥٤/١).

[٨٦]- صحيح سنن الترمذي: (١٤٤/٣).

قورئانی پیرۆز ئاماژەی بە سیٚ جۆر نەفس داوە:

یەکەم– نەفسی فەرماندەر بە تاوان (الامارة بالسوء): واتە ئەو نەفسەی کە فەرمان ئــەدات بــە خراپــەو تاوان، ئەم جۆرە نەفسە ئامۆژگــاری کــەم ئەبیــستیٚت، گــویٚ بــۆ هــەق نــاگریٚ، ئەگــەر رەحــم و بــەزەیی خوای گەورە نەبیٚت زۆر بە کەمی خاوەنی ئەو جۆرە نەفسانە بەرەو لای ئیمــان دیٚــن، لــەو بــارەوە خــوای گـــەورە دەفـــەرمویٚت: M " # $ &' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 L یوسـف: ٥٣. واتە: خۆ هەرگیز پاکانــە بــۆ خــۆم ناکــەم، چــونکە نــەفس و دەروون، هەمیــشە فــەرمان بــە خراپــە دەدا، مەگەر کەسیٚك خوای پەروەردگارم خۆی رەحمی پیٚبکاو لــە پــیلان و فــرت و فیٚلّــی بیپــاریٚزیٚ، بــە راســتی پەروەردگارم زۆر لیٚبووردەیە بۆ هەڵەو تاوانەکان، زۆریش دلۆڤان و میهرەبانە بەرامبەر بە تەوبەکاران.

دووهەم– نەفسی سەرزەنشتکار(اللَّوَّامَةِ): ئەمەش قۆناغیٚکە لـە قۆناغەکانی گۆڕان لــە نەفــسدا، زۆربەی ئیمانداران خاوەنی ئەم جۆرە نەفسەن..ئەویش بەوەی کاتیٚــك تاوانیٚــك ئەکــەن یەکــسەر سەرزەنشت و لۆمەی نەفسی خۆیــان دەکــەن و پەشــیمان دەبنــەوە، یــا بــەردەوام پەشــیمانن لــە رابردووی خۆیان، خوای گەورە ئەم جۆرە نەفسەی لاپەسەندە و ســویٚندی پــیٚ خــواردووە: M _ ` a b c L القیامـة: ٢. واتە: سویٚند دەخۆم بە نەفسی سەرزەنشتکار، واتە کــاتیٚ بــەلای کاری خراپدا رۆشت بە پەلـە سەرزەنشتی خۆی دەکاو دەگەڕیٚتەوە.

سیٚهەم– نەفسی ئارام و دامەزراو(الْمُطمَئِنَة): بیٚگومان ئەوانــەی ئەبنــە خــاوەنی ئــەم نەفــسە ئــەو کەسانەن کە هەمیشەو بەردەوام خەریکی زیکرو یادی خوای گەورەن، ئەوانــەن کــە رەزامەنــدی خوایان زۆر لـە لا مەبەستە، جلّەوی نەفــسی خۆیــان گرتــووەو نایــەڵن سەرکەشــی بکــات، ئــەو بەختەوەرانە لـەکاتی سەرەمەرگدا مژدەی بەهەشتیان پیٚدەدریٚت: M 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ A L الفجـر: ٢٧ – ٣٠. واتە: ئەی رۆحی ئاســوودە و ئــارام گرتوو بە رەزامەندیەوە، بگەڕیٚرەوە بۆ لای پەروەردگارت وەك چۆن ئەوت لـە خۆت رازی کرد، دە بچۆ ناو بەندە ساڵحەکانمەوە و، بچۆرە بەهەشتە رازاوەکەمەوە کە ئامادەم کردووە بۆت.

خوای گەورە رۆح کیٚشانی ئیمانداری پیٚ ناخۆشە:

هەروەك لـەم فەرموودە قودسیەدا دەفـەرمویٚت: (..وَمَا تَرَدَّدْتُ عَنْ شَيْءٍ أَنَا فَاعِلُهُ تَرَدُّدِي عَنْ نَفْسِ الْمُؤْمِنِ يَكْرَهُ

الْمَوْتَ وَأَنَا أَكْرَهُ مَسَاءَتَهُ)[87]. واتە: لە هیچ شتێکدا دوو دڵ نەبووم تـەنها لــە ڕۆح کێـشانی ئیمانـداردا نـەبێت، چونکە ئەو مردنی لا ناخۆشە بۆیە منیش پێم ناخۆشە ناڕەحەتی بکەم بەڵام هەر دەبێت مردن بچێژێت.

ئامادەبوونی شەیتان لەکاتی سەرەمەرگدا:

خوای گەورە لە زۆر شوێندا موسڵمانان ئاگادار دەکاتەوە لـەوەی شـەیتان دوژمنێکـی ئاشـکراو سەرسەختیانە، بۆیە پێویستە خۆیانی لـێ بپـارێزن تەنانـەت لـەکاتی سەرەمەرگیـشدا: M ! " # $ % & ' ( ) (* ، - . / 0 1 L یوسف: ٥.

شەیتان واز لە مرۆڤ ناهێنێت تەنانەت سورە لـەسەر ئەوەی لەکاتی سەرەمەرگدا ئامادە بێت بـۆ ئەوەی مردووەکە لەخشتە بەرێ و سـەرقاڵی بکـات بەشـتی تـرەوە و ئـایینی ئیـسلامی لـە بـیر بەرێتەوە، بانگی دەکات بۆ سەر ئایینی گاور و جولەکە یان هەر دینێکـی تـر جگـە لــە ئیـسلام، لێرەوە مرۆڤ ئاخر شەڕ دەبێ و دڵی دەگـۆڕێ، ئـەوەش ئـەو حاڵەتەیـە کـە خـوای گـەورە لـەم ئایەتەدا دەفەرموێت: M رَبَّنَا لَا تُزِغْ قُلُوبَنَا بَعْدَ إِذْ هَدَيْتَنَا وَهَبْ لَنَا مِن لَّدُنكَ رَحْمَةً إِنَّكَ أَنتَ الْوَهَّابُ ﴿٨﴾ L آل عمران: ٨. واتە: ئەی پەروەردگارمان، لەپاش ئەوەی ڕێگەی ڕاسـتت نیـشان داویـن دڵمـان لـەڕێی خـۆت لامەدەو بەری بەزەیی خۆتمان بخە، بەخشندەی هەرە مەزن تۆی.

بێگومان شەیتان حاڵی وەهایە لە هەموو کارو بارێکدا لــە گـەڵ مرۆڤەکاندایـە بـۆ ئـەوەی لـە خشتەیان بەرێت تەنانەت لە کاتی نان خواردنیشدا وەك لەم فەرمودەدا هاتووە:

جابر ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم فەرمویـەتی: (إنَّ الشَّيْطَانَ يَحْضُرُ أَحَدَكُمْ عِنْدَ كُلِّ شَيْءٍ مِنْ شَأْنِهِ، حَتَّى يَحْضُرَهُ عِنْدَ طَعَامِهِ)[88]. واتـە: شـەیتان بـۆ هەموو کارو بارێکتان دێتە لاتان، تەنانەت لەکاتی نان خواردنیشدا.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم دەفـەرموێت: (فَإِنَّ الرَّجُلَ مِنْكُمْ لَيَعْمَلُ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجَنَّةِ إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ كِتَابُهُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ وَيَعْمَلُ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ النَّـــارِ إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ)[89]. واتە: جاری وا هەیە بەندەیـەك کـارێکی

---

[87] - أخرجه البخاري: ١٣١/٨ (٦٥٠٢).

[88] - أخرجه مسلم ١١٤/٦ (٢٠٣٣) (١٣٣) و(١٣٤) و(١٣٥) .

[89] - أخرجه البخاري: ٢٩٦٩ .

باش دەکات کە هێندەی باسکێك لە نێوان ئەوو بەهەشتدا دەمێنێتەوە، مەلائیکەکان پەلە دەکەن تا بۆی بنوس، بەڵام کارێك دەکات کە شایسشتەی چوونە دۆزەخ بێت، ئیتر دەچێتە دۆزەخەوە، جاری واش هەیە بەندەیەك کارێکی ئەوەندە خراپ دەکات ئەوەندەی باسکێکی دەمێنێت بگاتە دۆزەخ، مەلائیکەکان پەلە دەکەن تا لەسەری بنوس، بەڵام کردەوەیەکی چاك دەکات کە شایسشتەی چوونە بەهەشت بێت، ئیتر دەچێتە بەهەشتەوە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پەنای گرتووە بە خوا لە فڕو فێڵی شەیتان: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ الْهَرَمِ وَالتَّرَدِّي وَالْهَدْمِ وَالْغَمِّ وَالْحَرِيقِ وَالْغَرَقِ وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ يَتَخَبَّطَنِي الشَّيْطَانُ عِنْدَ الْمَوْتِ وَأَنْ أُقْتَلَ فِي سَبِيلِكَ مُدْبِرًا وَأَعُوذُ بِكَ أَنْ أَمُوتَ لَدِيغًا)[٩٠]. واتە: خودایە پەنا بە تۆ دەگرم لە بەربوونەوە لە شاخ یان لە سەربان یان هەر شوێنێکی بەرز، وە لە روخانی بینایەك یان دیوارێك بەسەرمدا وە لە نقوم بوون و خنکاندن لە ئاوی دەریا یان بیر و کارێز، وە لە سوتان بە ئاگر، پەنا بە تۆ دەگرم کە شەیتان رێگەم لێ هەڵە بکات و سەرم لێ تێك بدات پێش مردنم.

ئیبن تەیمیە دەڵێ: گرنگترین کات کە تیایدا شەیتان زۆر سورە لەسەر فریودانی مرۆڤ لە کاتی سەرەمەرگیدایە، چونکە لەو کاتەدا مرۆڤ پێویستی بە یارمەتیدان هەیە، بەڵگەشی ئەم فەرمودەیە: (وَإِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِخَوَاتِيمِهَا)[٩١]. واتە: بەڕاستی کارەکان بەندن بە کۆتاییەکانیانەوە[٩٢].

عبدالله ی کوڕی ئیمام ئەحمەد ئیمامی ئەهلی سوننەت گێڕاویەتیەوەو وتویەتی: باوکم لە سەرەمەرگدا زۆر شپرزە بوو، پەنجەی رادەوەشاندو دەیفەرموو: نا هەرگیز شتی وا نابێت، نابێت نا نابێت، چەند جارێك دوبارەی کردەوە، پاشان هۆشی هاتەوەو حاڵی باشتر بوو وتم: باوکە ئەوە چیت دەوت؟ بۆچی وات کرد؟ فەرمووی: شەیتان لەسەر پێلاوەکانم دانیشتبوو قەیتانەکانی دەجاوی و دەیوت: ئەی ئەحمەد لەگەڵ تۆمە وەڵام بدەرەوە، منیش وتم نا نا هەرگیز بەقسەت ناکەم هەتا لەسەر یەکتاپەرستی دەمرم[٩٣].

٩٠- أخرجه النسائي في السنن: ٨٢/٨, وأبو داود: ١٥٤١, صحيح الجامع: ١٢٨٢.

٩١- أخرجه البخاري: ٦١٢٨ .

٩٢- مجموع الفتاوى لإبن تيميه: ٢٠/٤.

٩٣- مختصر تذكرة للإمام القرطبي ص ٣٤.

ترسان لە ئاخر شەڕی (سوء الخاتمة)

هەندێك كەس هەیە لەسەرەتاوە زۆر بە گەرم و گوڕی ئیسلام وەردەگرێت و پەیڕەوی لێ دەكات، بەڵام لەكۆتایی تەمەنیدا سارد دەبێتەوەو پاشان پشتی تێ دەكات و دواتر دژی دەوەستێتەوە كە ئەوەش جاری وا هەیە درێژە دەكێشێ و مرۆڤەكە فریای تەوبەو پەشیمانی ناكەوێت و دەمرێت بەوە دەوترێت: ئاخر شەڕی.

موسڵمانانی پێشوو لە خوای پەروەردگاری بە بەزەیی دەپاڕانەوە عاقیبەت خێریان بكات و ئاخر شەڕ دەرنەچن، ئەگەر دوعاشیان بۆ خۆشەویستێكیان بكردایە دەیانوت: خوا ئاخری بە خێر و چاكە بگێڕێ، چونكە هەموو كارێك چ دنیایی بێ چ قیامەتی ئاخر و كۆتاییەكەی لەبەرچاو دەگیرێت، زۆر كەس لە سەرەتای تەمەنیانەوە سەركەش و ملهوڕ و خوا نەناس بوون بەڵام خوای گەورە هیدایەتی دان و سەرەنجام بە موسڵمانەتی سەریان نایەوە، زۆر كەسی تریش لە سەرەتای تەمەنیانەوە بە باوەڕداری و چاكەكاری هێنایان بەڵام سەرەنجام لە ئیسلام لایانداو ئاخر شەڕ و مایەپوچ دەرچوون.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (وَإِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِخَوَاتِيمِهَا)[٩٤]. واتە: بەڕاستی كارەكان بەندن بە كۆتاییەكانیانەوە.

هەندێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەكاتی سەرەمەرگدا دەگریان پێیان دەوتن: بۆ دەگرین؟ لە وەڵامدا دەیانوت لە پێغەمبەری خوامان صلی الله علیه وسلم بیستووە دەیفەرموو: (إنَّ الله تَعالى قَبَضَ خَلْقَهُ قَبْضَتَيْنِ فَقَالَ هؤلاء فِي الْجَنَّةِ وهؤلاء فِي النَّارِ ولا أدري في أيِّ قَبْضَتَيْنِ كُنتُ)[٩٥]. واتە: بەڕاستی خوای گەورە و پەروەردگار دروستكراوەكانی خۆی كردووە بە دوو بەشەوە و فەرمویەتی: ئەوانەیان بۆ بەهەشت و ئەوانەیان بۆ دۆزەخ جا من نازانم لە كام بەشیانم.

هەروەها هاوەڵان زۆر لەوە ترساون تووشی دووڕوویی بێن، بۆیە موسڵمانانیش بەگشتی

---

[٩٤] - أخرجه البخاري: ٦١٢٨ .

[٩٥] - أخرجه أحمد في مسنده: ٤/١٧٦ .

دەترسن لەوەی توشی (نیفاق الأصغر) دووڕوویی بچوك بن و سەربکێشیٚ بۆ (نیفاق الأكبر) دووڕوویی گەورە کە سەرەنجام تووشبوونە بە کوفر و بیٚ باوەڕی.

سوفیانی (الثوری) لەکاتی سەرەمەرگدا زۆر دەگریا، پێیان وت: لەبەرچی دەگریت؟ پێویستە بەهیوای لیٚ خۆشبوونی خوا بیت، وتی: من لەبەر گوناهەکانم ناگریم ئەگەر بمزانیایە لەسەر یەکتاپەرستی دەمرم باکم نەبوو بەوەی کە بگەمە خزمەت پەروەردگارم با گوناهەکانم وەك چیا بوونایە [96].

هەروەها سوفیان زۆر لە قەلەقی و دڵەڕاوکیٚ ناخۆشیدا دەژیا دەگریاو دەیوت: دەترسم لە ئەزەلدا بە ئەهلی سزاو دۆزەخ نووسرابم ، وە دەترسم لە کاتی مردنمدا ئیمانم لیٚ بسەنرێتەوە!!.

عبدالله دەڵیٚ: مورید لەوە دەترسێت کە تووشی گوناه بێت بەلاّم زانا لەوە دەترسێت کە تووشی کوفر و بیٚ باوەڕی بێت.

مالیکی کوڕی دینار بە درێژایی شەو دەیوت ئەی پەروەردگارم تۆ ئەزانی کیٚ بەهەشتییەو کیٚ جەهەنمییە دەبیٚ مالیك لە کامیان بێت.

نیشانەکانی ئاخر شەڕی:

١- (الأمن من مكر الله) دڵنیابوون لە مەکری خوا:

زۆر کەس بەردەوام خەریکی گوناهو تاوانن بە خەیاڵیانا نایەت کە خوا چاودێری بەسەریانەوە داناوە:M O P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c L الانفطار: ١٠ – ١٤. واتە: کاتێك کە ئێوە چاودێرتان لەسەر دانراوە. لە مەلائیکە بەڕێزەکان(کە کردەوەکان دەنووسن) ئاگادار و زانان بە هەموو ئەو کردەوەو ڕەفتارانەی کە ئەنجامی دەدەن. بەراستی چاکان لەناو ناز و نیعمەتدان، بێگومان بەدکاران لە دۆزەخان.

٢- (الغفلة عن ذكر الله) بیٚ ئاگایی لە زیکر و یادی خوا.

٣- (النفاق والرياء وحب السمعة) دووڕوویی و ریایی و خۆش ویستنی ناوبانگ و شۆرەت.

---

[96] - صلاح الأمة في علو الهمة: ١٩٢/٤.

٤ - (تخبط الشياطين للإنسان عند الموت) شەیتان لەکاتی سەرەمەرگدا سەری لێ دەشێوێنێ و دەیەوێ لە خشتەی بەرێت.

٥ - (التسخط والإعتراض على قضاء الله) رق هەستان و رەخنەگرتن لە بڕیار و حوکمی خوا

٦- یەکێکی تر لە نیشانەکانی ئاخر شەڕی ئەوەیە لەکاتی سەرەمەرگدا قسەیەك بکات ببێتە مایەی رق هەستانی خوای گەورە وەك: کوفرکردن، یان جنێودان و نارازی بوون و قسەی نابەجێ.

٧- گۆڕانی رەنگ روو بەشێوەیەکی ناشیرین لەکاتی مردندا کە نیشانەی بەردەوام نەبوونە لەسەر بەرنامەی خوا [٩٧].

هۆکارەکانی ئاخر شەڕی:

بێگومان هۆکارەکانی ئاخر شەڕی زۆرن گرنگترینیان ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- گومان و دانەمەزراوی عەقیدە:

ئەگەر مرۆڤ عەقیدەو بیروباوەڕی بە زات و سیفەتەکانی خوا پێچەوانەی هەق بێت و دامەزراو نەبێت لەسەر عەقیدەی ئەهلی سوننەت و جەماعەت، کوێرانە شوێن عەقیدەو بیروباوەڕی تر بکەوێت، یان شوێن بیروڕای خراپی خۆی بکەوێت، کاتی سەرەمەرگ کە پەردە لادرا و حەقیقەت دەرکەوت ئەو کاتە دەزانێ چ زیانێکی گەورەی لە خۆی داوەو، هەموو ئەو شتانەی عەقیدەو بیروباوەڕی پێیان هەبووە هیچ بنەمایەکیان نی یە و دوورن لە راستیەوە.

٢- دواخستنی تەوبەو پەشیمانی:

یەکێکی تر لە هۆکارە گرنگەکانی ئاخر شەڕی دواخستنی تەوبەو پەشیمانیە، بەردەوام بەندە لەگێژاوی گومان و هەواو هەوەس و ئارەزووەکانیدا نقوم بووەو رۆژ لەدوای رۆژ تەوبەو پەشیمانی دوادەخات تاکو لە ناکاو مەلائیکەی مەرگ یەخەی دەگرێت، ئەو کاتە هاوار دەکات لەدەست مەرگ و پەشیمان دەبێتەوە لەو تەمەنەی کە لە خراپەکاری و نافەرمانی و خوادا

[٩٧] - دەروازەی خواناسین نووسینی مامۆستای بەرێز عبدالله سەنگاوی.

بەسەری بردووە و دەڵێ: M ~ ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ ´ µ ¶ ¸ نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ L المؤمنـــون: ٩٩ –١٠١.
واتە: ئەی پەروەردگارم بم گەڕێنەوە بۆ دنیا، بەڵکو ئەو کارە چاکەی وازم لێ هێنا بـوو بیکـەم، نەخێر بۆ خۆی دەڵێ، لەبەردەمیاندا پەردەیەکی گەورە هەیە تا ئەو کاتەی زیندودەکرێنەوە.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (مَن تابَ إلى الله قَبْلَ أن يُغَرْغِـــرَ قَبِـــلَ الله مِنه)[٩٨]. واتە: پێش سەرەمەرگ هەرکەس تەوبە بکات خوا لێی وەردەگرێت.

براکەم رووبکەرە خواو تەوبە بکە لە گوناهەکانت نائومێـد مەبـە لـە بـەزیی و رەحمـەتی خـوا چونکە رەحمەتی خوا لـە هەموو شتێك فراوانترە، تاوانەکەی تـۆ هەرچـەند گـەورە بێـت بـەزیی و رەحمەتی خوا زۆر زۆر لەوە گەورەترە، هۆشیار بەو تەوبەو پەشـیمانی دوامەخـە بـا لــە کاتێکـدا پەشـیمان نەبیتـەوە کـە دادت نـادات، چـەند کـەس تیاچـوون بـە هـۆی دواخـستنی تەوبـەوە، مەلائیکەی مەرگ رۆحـی کێـشان لــە کاتێکـدا ئـەوان نقـوم بـوو بـوون لــە گێـژاوی خراپـەو تاوانکاریدا.

خوای گەورە دەفەرموێت:M وَأَنفِقُواْ مِن مَّا رَزَقۡنَٰكُم مِّن قَبۡلِ أَن يَأۡتِيَ © ٱلۡمَوۡتُ فَيَقُولَ رَبِّ لَوۡلَآ أَخَّرۡتَنِيٓ إِلَىٰٓ أَجَلٖ قَرِيبٖ فَأَصَّدَّقَ ´ µ ¶ ¸ وَلَن يُؤَخِّرَ ٱللَّهُ نَفۡسًا إِذَا جَآءَ أَجَلُهَاۚ وَٱللَّهُ خَبِيرُۢ بِمَا تَعۡمَلُونَ ﴿١١﴾ L المنـافقون: ١٠–١١.
واتە: ببەخشن هێندێ لەو رۆزیانەی پێمان داون پێش ئەوەی مردن یەخـە بـە یـەکێکتان بگـرێ، ئەوسا بڵێت: خوایە خۆزگە مردنی منت دوا بخستایە بۆ ماوەیەکی نزیك جا ماڵم ببەخـشیایەو لــە چاکان بوومایە. هەرگیز خوا هیچ کەسێك دواناخات (لە مردن) کاتێك کە وەختی مردنی هـات، وە خوا شارەزایە بەوەی کە دەیکەن.

٣– بەردەوام نەبوون لەسەر گوێڕایەڵی و فەرمانبەرداری:

خوای گەورە دەفەرموێت: M = > ? @ A B C D E F G ¦ I J K ¦ M N O P Q L إبراهيم: ٢٧. واتە: ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو لــەقووڵایی دڵیانـدا جێگیر بووە، ئەوە خوا لەسەر ئەو ئیمـان و وتـە راسـتەیان لـەژیانی دنیـاو قیامەتـدا سـەقامگیرو

[٩٨] - رواه أحمد والترمذي و صححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٦١٣٢.

دامەزراویان دەکات، ستەمکارانیش گومڕا دەکات، خودا هەرچی بوێت دەیکات.

هەروەها دەفەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 L فـصلت: ٣٠. واتە: بەراستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو وتیان: پەروەردگارمان هەر خوایەو، لـەسەر بیروباوەڕو کردەوە چاکەکانی خۆیان بەردەوام بوون، ئەوانە لـە کاتی مردنیاندا مەلائیکەی ڕەحمەتیان بۆ دێتە خوارەوەو موژدەیـان پـێ دەدەن و پێیـان دەڵـێن: مەترسن لـەوەی بەرەو رووی دەچن و غەمگین مەبن بۆ ئەوەی لـەدوای خۆتان بـەجێی دێڵـن، وە موژدەتان لـێ بێت بەشادی و خۆشی نازو نیعمەتەکانی ئەو بەهەشتەی کە خودا بەڵێنی پێداون.

بڕیاری عەدالـەتی خوای گەورە وایـە ئـەو کەسـەی لـەسـەر یەکتاپەرسـتی بـژی هـەر لـەسـەر یەکتاپەرستی دەیمرێنێ، لـەگەڵ کۆمەڵی یەکتاپەرسـتاندا زیندویـشی دەکاتـەوە، پێغەمبـەری خـوا صلی الله علیه وسلـم دەفەرموێت: (مَن مَاتَ عَلى شيءٍ بَعث عليه)[99]. واتە: هەر کەسێك لـەسەر هەر شتێك بمرێ خوای گەورە لـەسەر ئەو شتە زیندوی دەکاتەوە.

هەر کەسێك لـەسەر گوێڕایەڵی بژی لـەسەر لـەسەر گوێڕایەڵی دەمرێت و ، لـەسەر گوێڕایـەڵیش زیندودەکرێتەوە، هەر کەسـێ لـەسـەر نوێـژکردن بـژی لـەسـەر نوێـژکردن دەمـرێ و، لـەسـەر نوێژکردنیش زیندودەکرێتەوە، هەر کەسێ لـەسەر خراپەو تاوان بژی و ماوەیەکی زۆر لـە ڕۆژگار بەردەوام بێت، لـەسەر خراپەو تاوان دەمرێت و، لـەسەر خراپەو تـاوانیش زیندودەکرێتـەوە، هـەر کەسێ لـەسەر دزیکردن بمرێت لـە ڕۆژی قیامەتدا کاتێ زیندودەکرێتەوە ئەو شتەی دزیویـەتی وا بەسەر شانیەوە، خوای گەورە دەفەرموێت: M g h i j k l m ، x L آل عمران: ١٦١.

ئەوانەی شەپۆلی فیتنەو ئارەزووبازی نوقمی کردوون ئاخر شەڕ دەبن.

بە یەکێك لـە زانایانی پێشینیان گوت: فلان شارەزای ڕێگای خوا بوو پاشان وەرگەڕا لـە دیـن، ئەویش فەرمووی: ئەگەر بگەیشتایەتە حەقیقـەت و شـارەزای ڕێگـای خـوا بوایـە هـەرگیز لـێـی پەشیمان نەدەبۆوە.

ئەوەی شارەزای ڕێگای خوا بێت و پاشان پشتی تـێ بکـات، ئـەوە تووشـی بـەڵاو کارەسـات

[99]- سلسلة الصحيحة: ٢٨٣, في صحيح الجامع برقم: ٦٥٤٣.

دەبێت ڕێگای سەرگەردانی و گومڕایی هەڵدەبژێرێ، سەر لێشێواوی هەڵدەبژێرێ بەسەر ڕێنموونی و شارەزاییدا، گومڕایی بەسەر هیدایەتدا، گوناهکاری بەسەر تەقواو لە خوا ترساندا، کە ئەمانەش گەورەترین هۆکاری ئاخر شەڕین.

خوای گەورە دەفەرمویێت: Mفَلَمَّا زَاغُوٓاْ أَزَاغَ ٱللَّهُ قُلُوبَهُمۡۚ وَٱللَّهُ لَا يَهۡدِي ٱلۡقَوۡمَ ٱلۡفَٰسِقِينَ ۝٥L الصف: ٥. واتە: جا کاتێك لایاندا لە هەق خواش دڵی وەرگێڕان وە خوا ڕێنمایی گەلی لەڕێ دەرچوو ناکات.

دەگێڕنەوە لە میصر پیاوێك هەبوو دڵی بەند بوو بە مزگەوتەوە بۆ بانگدان و نوێژ کردن، خوا پەرستی زۆری دەکرد، ڕۆژێك چووە سەر مەنارەی مزگەوت بۆ بانگدان لەژێر مەنارەکەدا ماڵێکی گاوری لێ بوو، ئەویش تەماشای ماڵەکەی کرد کچی خاوەن ماڵەکەی کەوتە بەرچاو بەبینینی ئەو کچە تووشی فیتنە بوو، وازی لە بانگەکە هێناو دابەزی چوو بۆ ماڵی کچەکە، کچەکە وتی تۆ کێی و چیت دەوێ؟ گوتی: تۆم دەوێ، کچە وتی: بۆچی؟ گوتی: من شێتی تۆ بووم و بەهەموو گیان و دڵم تۆم دەوێ، کچە وتی: وەڵامت نادەمەوە، گوتی: شوم پێ ناکەی؟ کچە وتی: تۆ موسڵمانی من گاورم باوکم من نادات بەتۆ، گوتی منیش دەبمە گاور بەس شوم پێ بکە، کچە وتی: ئەگەر ببیت بەگاور منیش ڕازیم، پیاوەکە بوو بەگاور بۆ ئەوەی کچە شوی پێ بکات، لە خانوەکەدا مایەوە لەگەڵی، هەر ئەو ڕۆژە پیاوەکە چووە سەربان و کەوتەخوارەوەو مرد، کچەکەی بۆ نەبوو، دینەکەشی لەدەستدا [١٠٠].

٤– بەردەوامی لەسەر گوناهکردن:

مرۆڤ لەسەر هەر شتێك بەردەوام بوو وردە وردە خوی پێوە دەگرێت و هۆگری دەبێت، ئەو شتانەی هۆگریان بووە لەکاتی سەرەمەرگدا دێنەوە یادی و باسیان دەکات، جا ئەگەر خەریکی خوا پەرستی و کاری چاکە بێت لە ژیاندا ئەوا لە کاتی سەرەمەرگیشدا خوا پەرستی و کاری چاکەی دێتەوە یاد، بەڵام ئەگەر خەریکی خراپەکاری بێت ئەوا لەکاتی سەرەمەرگدا خراپەکانی سەردڵی دەگرن و دەبنە بەربەست و پەردەیەك لەنێوان خۆی و خوادا، هۆکارێکیشە بۆ شپرزەبوون لە کۆتایی ژیان و گیانەڵادا.

[١٠٠]- داء والدواء: ١/١٧٠.

(أبو حفص) دەڵێ: (الْمَعَاصِي بَرِيدُ الْكُفْرِ)[101]. واتە: گوناهکردن پۆستەی بێ بڕوایی یە.

ئیبن رەجەبی حەنبەلی دەڵێ: (عبد العزیز کوڕی أبي رواد) وتی: چوومە لای پیاوێك لەسەرەمەرگدا بوو پێیان گوت: بڵێ (لا إله إلا الله)، بەڵام ئەو کۆتایی ژیانی پێچەوانەی وشەی تەوحیدو یەکتاپەرستی بوو، ئێمەش پرسیارمان کرد لەو پیاوە کە کارو کردەوەی چۆن بووە لە ژیانی دنیادا، زانیمان کە ئارەق خۆر بووە، جا(عبد العزیز) وتی: خۆتان بپارێزن لە گوناە چونکە بەڕاستی بەهۆی گوناهەوە گەیشتە ئەو سەرەنجامە خراپە [102].

٥- هیوا زۆری:

خوای گەورە دەربارەی ئەو کەسانەی هیوای زۆریان هەیە دەفەرموێت: M 1 2 3 4 5 ! 7 8 9 L الحجر: ٣. واتە: لێیان گەڕێ بابخۆن و رابوێرن و ئومێد بێ ئاگایان بکات، جا بێگومان لەمەودوا دەزانن چۆن سزایان دەدەین.

راستە دەبێت هیواو ئومێدمان هەبێت بۆ ئەوەی ئەم گەردوونە ئاوەدان بکەینەوە بە هەموو جۆرە خێرو چاکەیەك، ئادەمیزاد بە فیترەت خۆشەویستی هەیە بۆ ژیانی دنیا، بەڵام دەبێت هۆشیار بین هیوا زۆری فریومان نەدات و لە تاعەت و بەندایەتی دوامان نەخات.

ئەو کەسەی هیوای زۆر بێت زۆر جار سەردەکاتە خۆشی و ئارەزووەکانی دنیا، ئەو کاتە ئایەت و فەرمودەکان هیچ کاریگەریان بۆی نابێ هەر لەبەر ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لە هیوا درێژی ئاگاداری کردووینەتەوەو رێگری لێ کردووە.

ئیبن عومەر رەزای خوایان لێ بێ وتی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم سەرشانی گرتم و فەرمووی: (كُنْ فِي الدُّنْيَا كَأَنَّكَ غَرِيبٌ، أَو عَابِرُ سَبيلٍ)[103]. واتە: لە دنیادا وابژی وابزانە غەریبی یان رێبوارێکی تێ دەپەڕی، چونکە غەریب و رێبوار لە هیچ شوێنێکدا بە هەمیشەیی نامێننەوە، هەمیشە بەهیوای گەڕانەوەن بۆ مەنزڵگای خۆیان.

---

[101] - حلية: ٢٢٩/١٠, شعب الإيمان: ٧٢٢٣ .

[102] - جامع العلوم والحكم لإبن رجب الحنبلي: ٥٠/١.

[103] - أخرجه البخاري: ١١٠/٨ (٦٤١٦) .

ئیبن عومەر ڕەزای خوایان لیٚ بیٚ لە بارەوە وتویەتی: (إِذَا أَمْسَيْتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ الصَّبَاحَ، وَإِذَا أَصْبَحتَ فَلاَ تَنْتَظِرِ المَسَاءَ، وَخُذْ مِنْ صِحَّتِكَ لِمَرَضِكَ، وَمِنْ حَيَاتِكَ لِمَوْتِكَ)[١٠٤]. واتە: ئەگەر بەیانی هات چاوەڕێی ئێوارە مەکە، ئەگەر کەوتیتە ئێوارە چاوەڕێی بەیانی مەکە، تەندروستیت بەهەل بزانە پێش ئەوەی نەخۆش بکەوی، واتە: لە کاتی لەش ساغیدا هەوڵی زۆر بدە بۆ قیامەت، هەروەها ژیانت بەهەل بزانە پێش ئەوەی مردن یەخەت پیٚ بگرێت.

عبدالله ی کوڕی مەسعود ڕەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەسەر حەسیریٚ خەوتبوو، کە هەستا لەخەو حەسیرەکە چەقیبووە لاتەنیشتی و جێگە تەڵەکانی دیاربوو، وتمان: قوربان! بریا دۆشەکێکمان بۆ دروست دەکردی! فەرمووی: (مَا لِي وَلِلدُّنْيَا؟ مَا أَنَا فِي الدُّنْيَا إِلاَّ كَرَاكِبٍ اسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا)[١٠٥]. واتە: من لەکویٚ و دنیا لە کویٚ! حاڵی من لەم جیهانەدا وەك حاڵی سوارێکی ڕێبوار وایە کە لەژێر سێبەری دارێکدا وچانیٚ بدات و لەپاش کەمێك بڕوات بەڕێی خۆیەوە و درەختەکە بەجیٚ بێڵێت.

(فضیل کوڕی عیاض) دەڵیٚ: هیوا زۆری نەگبەتی و بەدبەختیە، هیوا کورتیش خۆشبەختی و نیعمەتە [١٠٦].

حاتەمی کوڕی ئەصەم دەڵیٚ: هەموو شتێك جوانییەکی هەیە، جوانی عیبادەت و خوا پەرستی ترسانە لە خوا، نیشانەی ترسان لە خوایش هیوا کورتیە[١٠٧].

حەسەن دەڵیٚ: هەر بەندەیەك هیوا درێژ بێت، کردەوی چاك نابێت. هەروەها دەڵیٚ: ئەگەر حەز دەکەیت لە پاش خۆت سەیری دنیا بکەی، سەیری دنیای جگە لەخۆت بکە واتە ئەوانەی پێش تۆ مردوون[١٠٨].

---

[١٠٤]- أخرجه البخاري في الرقاق: (٦٤١٦).

[١٠٥]- أخرجه : ابن ماجه (٤١٠٩)، والترمذي (٢٣٧٧).

[١٠٦]- إبن أبي الدنيا في كتب قصر الأمل: ٨٨/١.

[١٠٧]- رحلة الى دار الآخرة.

[١٠٨]- الزهد للحسن البصرى ص:٨٢, رحلة الى دار الآخرة.

٦- خۆشەویستی لەڕادەبەدەری دنیا:

بێگومان ئەگەر مرۆڤ خۆشەویستی لەڕادەبەدەری هەبوو بۆ دنیا و دڵی پێی خۆش بـوو ئـارەزووە سەرکەشەکانی دڵی داگیر دەکەن، ئـەو کاتـە قـورس و گـران دەبێـت لـە دڵیـان دەربکـات و بیربکاتەوە لـە مردن کە هۆکاری وریابوونەوەیە لێیان، هەرکەسێك رقی لەهـەر شـتێك بێـت لـە خۆی دوور دەخاتەوە، ئینسان ئەگەر سـەرقاڵی هـەواو هـەوەس بـوو ئـەو کاتـە حـەز لەمانـەوە دەکات لـە دنیادا.

ئەسڵی ئەم هەواو هەوەسەش خۆشەویستی دنیاو دڵخۆش بوونە پێـوەی و بـیَ ئاگـا بوونـە لـەم فەرمودەیەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم کە دەفـەرموێت: (أحبب مـا شـئت فإنـك مفارقته)[١٠٩].

یەحیای کوڕی موعاز دەڵیَ: دنیا عـەرەق و مـەیی شـەیتانە هەرکەسـێك پیـیَ سـەرخۆش بێـت هۆشـی نایەتـەوە سـەر خـۆی تـا ئـەو کاتـەی دەچـێتە ریـزی سـوپای مردووەکـان و لەگـەڵ خەسارەتمەنداندا پەشیمان دەبێتەوە [١١٠].

ئەوەی خۆشەویستی لەڕادەبەدەری هەبێت بۆ دنیا گەورەترین سزاو ئازار دەدرێت لەسەری لـە سیَ قۆناغی ژیاندا، لـە دنیـادا بـە هەوڵـدان بـۆی و کێـشمان کـێش و دژایـەتی لەسـەری سـزا دەدەرێت، لـە بەرزەخـدا بـە لـە ناوچـوون و ئـاخ و داخ بـۆ هەڵکێـشانی سـزا دەدەرێـت، لـە قیامەتیشدا لـەگـەڵ خۆشەویـستەکەی بـە شـێوەیەك موحاسـەبەی دەکـەن لەسـەری کـە ئـاوات دەخوازێت هەرگیز کۆنەبێتەوە لەگەڵی، سزا دەدرێت کاتێك بە پەروەردگاری خۆی دەگات.

خوای گەورە دەفەرموێت: M ! " # $ % ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 L التوبة: ٥٥. واتە: جا با سەرنجت رانەکێـشێت مـاڵ و دارایـی و منـداڵیان بێگومان خوا دەیەوێت سزایان بدات بە هۆی ئەو (ماڵ و منداڵەوە) لـەم ژیـانی دنیایـەدا، وە بـە سەختی گیانیان دەربچێت لـە کاتێکدا کە ئەوان بیَ باوەڕن.

---

[١٠٩] - رواه شيرازى وحسنه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٧٣.

[١١٠] - رحلة الى دار الآخرة.

کەعبی کوڕی (عیاض) فەرمووی: گـوێم لــێ بـوو پێغەمبــەری خـوا صــلی الله علیـه وسـلـم فەرمووی: (إنَّ لِكُلِّ أُمَّةٍ فِتْنَةً، وفِتْنَةُ أُمَّتِي: المَالُ)[111]. واتە: هەر گەلـێك بەڵاو فیتنەی تایبەتی خـۆی بووە، فیتنەی ئومەتی من ماڵ و سامانە.

دەگێڕنەوە (سلیمان کوڕی عبد الملك) چوو بۆ مەدینە لـەکاتی حەجکردنـدا، پرسـیاری کـرد ئایا کەسێك ماوە لـە ژیاندا کە هەندێك لـە هاوەڵانی پێغەمبەری صلی الله علیـه وسـلـم بینیبێـت؟ وەڵامیان دایەوە: بەڵـێ، ئەبو حازم ماوە، ناردی بەدوایداو هات، سولـەیمان پێی گوت: هـۆی چـیە رقمان لـەمردنە؟

فەرمووی: ئێوە دنیای خۆتان ئاوەدان کردۆتەوەو قیامـەتی خۆتـان کـاول کـردووە، دیـارە رقتـان لـەوەیە کە لـە ئاوەدانی یەوە بچنە وێرانە! گوتی راستە، خۆزگە بمزانیایـە چـیمان بـۆ ئامـادەکراوە لـەلایەن خواوە!!

فەرمووی: کردەوەکانت لـەگەڵ قورئاندا بەراود بکەو بیانکێشە.

گوتی: جا لـەکوێی قورئاندا ئەو ئاکام و بەراودە دەبینم؟

فەرمووی: لــەم ئایەتــەدا: ZM [\ ] ^ _ ` a b c L الانفطـار: ١٣ – ١٤. واتـە: بەراستی چاکان لـەناو ناز و نیعمەتدان، بێگومان بەدکاران لـە دۆزەخان.

گوتی: ئەی ئەبا حازم رەحمەتی خوا لـە کوێیە؟

فەرمووی: لـە چاکەکارانەوە نزیکە: Mإِنَّ رَحۡمَتَ ٱللَّهِ قَرِيبٞ مِّنَ ٱلۡمُحۡسِنِينَ ´ L الأعراف: ٥٦)[112].

لوقمانی حەکیم بە کوڕەکەی فەرموو: کوڕی شیرینم دنیـات بفرۆشـە بـە قیامـەت ئـەوا لــە هەردووکیاندا قازانج دەکەیت، دوارۆژت مەفرۆشە بە دنیا خەسارەتمەندی هەردوولا دەبیت.

---

١١١ - أخرجه الترمذي (٢٣٣٦) . وقال : ((حديث حسن صحيح غريب)) .

١١٢ - صفة الصفوة لإبن الجوزي: ١٥٨/٢, إحياء علوم الدين: ١٤٧/٢.

هارونە رەشـید لەسـەر ئـەو هـەموو دەسـەڵات و موڵـك و سـامانەی کـە هـەیبووە لـەکاتی سەرەمەرگدا دەستی کردە گریان و وتی: M مَآ أَغْنَىٰ عَنِّي مَالِيَهْۜ ﴿٢٨﴾ هَلَكَ عَنِّي سُلْطَٰنِيَهْ ﴿٢٩﴾ L الحاقة: ٢٨ —٢٩. واتە: سامانەکەم هیچ قازانجێکی پێ نەگەیاندم. لەدەستم چووو دەسەڵاتەکەم.

جا ویستی گۆڕەکەی ببینێ، هەڵیانگرت و بردیان بۆ لای قەبرەکـەی سـەیرێکی کـردوو دەسـتی کردە گریان، پاشان سەری بەرز کردەوە بـۆ ئاسمـان و گـوتی: ئـەی ئـەو کەسـەی کـە هـەرگیز دەسەڵات و موڵکەکەت لەناو ناچێت، بەزەییت بێتەوە بەو کەسەدا کە دەسەڵات و موڵکەکـەی لەناو دەچێت و نامێنێ[١١٣].

٧- هاوڕێی خراپ:

خوای گەورە دەفەرموێت: M l m n o p q r s L الزخرف: ٦٧. واتە: دۆستان و یاران لەو رۆژەدا هەر هەموویان دوژمنی یەکترن، هەموو رقیان لەیەك دەبێتەوە، جگـە لەو کەسانەی کە لەسەر بنچینەی تەقواو خواناسین کۆبونەتەوەو برایەتیان بەرپاکردووە.

هەروەها دەفەرموێت: M g h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | } ~ إِذْ جَآءَنِيۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾ L الفرقان: ٢٧— ٢٩. واتە: رۆژێ دێت ستەمکار قەپ دەکات بە هەردوو دەسـتی خۆیـداو گـاز لـە هـەردوو دەسـتی خۆی دەگرێ و دەڵێ: خۆزگە شوێنکەوتەی پێغەمبەر بومایەو رێبازی ئەوم بگرتایـە. مـاڵ وێـران خۆم خۆزگە فلان کەسم نەکردایەتە هاوڕێ. بەڕاستی لە رێگای ئیمان هێنان بە قورئان گـومڕای کردم دوای ئەوەی بۆم هات و لەڕێ لایدام ، وە بەڕاستی شەیتانیش ریسواکەری ئینسانە.

ئیمام (سیوطي)[١١٤] لە ئیبن عەباسەوە دەگێڕێتەوە کە ئەم ئایەتانە لەسـەر (عقبـە کـوڕی أبـو معیط) دابەزیوە کاتێ موسڵمان بوو پاشان بـەهۆی هاوڕێیـەکی کافریـەوە کـە لـەو کاتـەدا ئـەم موسڵمان بوو ئەو سەفەری کردبوو بۆ شام، کاتێ گەڕایەوە لە عوقبـە تـوڕە بـوو، ئـەویش دڵـی نەشکاند و کافر بویەوە، کەواتە بەهۆی هاوڕێی خراپەوە بەکافری مرد.

١١٣- أحداث النهاية لشيخ محمد حسان: ١/٦٥-٦٧.

١١٤- امام سيوطي في تفسيره: ٦/٢٥٠.

(حافظ ابن كثیر) گەورە موفەسیری قورئان دەڵێ: هەرچەندە هۆكاری دابەزینی لەســەر عوقبــە بێت یان جگە لەو لە ستەمكار و چارە رەشــەكان، ئــەوا ئــەم ئایەتــە گــشتیەو هــەموو زاڵــم و ستەمكارێك دەگرێتەوە[١١٥].

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وســلـم دەفـەرموێت: (الرَّجُلُ عَلَى دِينِ خَلِيلِهِ فَلْيَنْظُرْ أَحَدُكُمْ مَنْ يُخَالِلُ)[١١٦]. واتە: پیاو لەسەر دینی هاوەڵ و برادەرەكەیەتی، هەر كەسێك لە ئێوە باسەیر بكـات لەگەڵ كێ هاورێیەتی دەكات.

ئەنەس خوای لێ رازی بێ فەرمووی: پیاوێك پرسیاری كرد لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیــە وسلم وتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! كەی قیامەت دێــت؟ فـەرمووی: (مَا أَعْدَدْتَ لَهَـــا ؟). واتــە: چیت بۆ ئامادە كردووە؟ وتی: خۆشەویستی خواو پەیامبەرەكەی، فەرمووی: (أَنْــتَ مَــعَ مَــنْ أَحْبَبْتَ)[١١٧]. واتە: دەی تۆ لە قیامەتدا لەگەڵ ئەو كەسەدایت كە خۆشتدەوێت.

شاعیر چەندی جوان و بەجێی گوتووە:

عن المرء لا تسأل وسل عن قرينه...........فكل قريــن بالمقــارن يَــقتدي.

مانای شیعرەكە بەكورتی ئەوەیە: دەربارەی ئــەو كەســە پرسـیار مەكــە دەتــەوێ بیناســی بــەڵكو پرسیاری هاورێكانی بكە، چونكە تێكەڵاوی و هاورێیەتی كێ بكات ئەوە پێــشەنگیەتی و لــەوەوە وەردەگرێ.

٨- دووڕوویی:

بەندەی دووڕوو لە ناو خەڵكدا وا خۆی دەردەخـات چـاكەخوازە، بــەڵام لــە پەنهانیــدا خــۆی دەداتە دەست هەواو ئارەزووەكانی و بە تاوان و گوناهكردن دژایەتی خوای گەورە دەكات.

خوای گەورە دەفەرموێت: M : ; < = > ? @ A B C D FE G H I ! K L M N O P L النساء: ١٠٨. واتە: ئەوانە دەیانویست خیانــەت و تاوانــەكانیان لــە

[١١٥]- ابن كثير في تفسيره : ١١٦/٦ .

[١١٦]- حسن أخرجه أبو داود (٤٨٣٣) ، والترمذي (٢٣٧٨).

[١١٧]- مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري: ١٤/٥ (٣٦٨٨) ، ومسلم: ٤٢/٨ (٢٦٣٩).

خەڵكى بشارنەوە، لــە كاتێكـدا نـاتوانن لــە خـواى بـشارنەوە كـە لەگەڵياندايـەو چـاودێريانە، بەشەودا قسەى وا هەڵدەبەستن خوا پێى رازى نىيە و خـوا بـەردەوام گـەمارۆدەرى ئـەو كـارو كردەوانەيە كە ئەنجامى دەدەن.

(أبو محمد عبد الحـق) دەڵـێ: بزانـە ئـاخر شـەڕى لــە كەسـێك روونـادات روكـارى دەرەوەى رازاندبێتـەوە بـە بەندايـەتى و بـەردەوام بێـت لـەسـەر فەرمانبـەردارى، چاكـسازى دەروونيـشى كردبێت، – سوپاس بۆ خوا– هەرگيز شتى وام نەبيـستووە، بـەڵكو ئـاخر شـەڕى لــە كەسـێك روودەدات عەقڵ و بيروباوەڕى خراپ بێت و، بەردەوام بێت لـەسەر گوناهو تاوانە گەورەكان و، بچێتە پێشەوە لێيان، هەندێ جار ئەو تاوانانـە زاڵ دەبـن بەسـەريا تـاكو مـردن لـەناكاو يەخـەى دەگرێ پێش ئەوەى تەوبە بكات، شەيتان لـەو كاتـە سـەختەدا وەرى دەگێڕێـت و لــە دينەكـەى داى دەبڕێت، لـە كاتى ئەو سەرساميەدا دەيفڕێنێت و ئاخرى شەڕ دەبێت، پەنا بە خوا پاشـان پـەنا بە خوا..

* شەيتان كە هەزاران ساڵ خوا پەرستى كرد ئەوە سەرەنجام و ئاخرەكەيەتى.

* (بلعام كوڕى باعوراو) كە خواى گەورە ئاياتى خۆى بۆ نارد بەڵام ژيانى دنيا فريويـدا، شـوێنى هەواو ئارەزووەكانى كەوت و رەنجەڕۆ بوو.

* (برصيصا) ى خوا پەرست كە شەيتان پێى گوت كافر ببە، ئـەويش بەقـسەى كـرد، شـەيتانيش وتى من لـە تۆ بەريم، من لـە خواى جيهانيان دەترسم، بەم جۆرە شەيتان تووشى كردوو خۆى لــێ بەرى كرد، وە هەردوكيان بە نەمرى دەخرێنە دۆزەخەوە، كە ئەوەش دوا ئاكاميانە:

خواى گەورە دەفەرموێت: ﴿كَمَثَلِ ٱلشَّيۡطَٰنِ إِذۡ قَالَ لِلۡإِنسَٰنِ ٱكۡفُرۡ فَلَمَّا كَفَرَ قَالَ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّنكَ إِنِّيٓ أَخَافُ ٱللَّهَ رَبَّ ٱلۡعَٰلَمِينَ ١٦ ...﴾ الحشر: ١٦ – ١٧.

٩– پەيوەست بوونى دڵ بە غەيرى خواوە:

خــواى گــەورە دەفــەرموێت: ﴿ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَتَطۡمَئِنُّ قُلُوبُهُم بِذِكۡرِ ٱللَّهِۗ أَلَا بِذِكۡرِ ٱللَّهِ تَطۡمَئِنُّ ٱلۡقُلُوبُ ٢٨﴾ الرعد: ٢٨. واتە: ئەوانەى كە بڕوايان هێناوە و دڵيــان ئـارام دەبێـت بـە يـادى خـوا، ئاگـاداربن كەهەر بە يادى خوا دڵەكان ئارام دەبن.

پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وسلم زۆرترين كات ئەم دوعايەى دەخوێنـد: (اللّهُم يا مُقَلِــبَ

القُلُوبِ ثَبِّت قَلبِي عَلى دِينِكَ)[118]. واتە: ئەی هەڵسوڕێنەری دڵــەکان، دڵــم چەسـپاوکە لەسـەر دینەکەی خۆت.

بێگومان دڵ تەنها بە پەیوەست بوون بە خواوە دەبوژێتەوەو ئارام دەبێت، هــەر کەسـێك پـشت بکاتە خواو دڵی پەیوەست بوو بە غەیری خواوەو لەسەر ئەو حاڵەتـە بـەردەوام بـوو ئـەوا ئـاخر شەڕ دەبێ و ڕەنجەڕۆی دنیاو قیامەت دەبێت.

ئەوانە لە کوێ لە چاو ئەو خاوەن تەقواو خواناسانەی کە ئەوەندە دڵیان خۆشـبووە تەنانـەت لە کاتی سەرەمەرگدا فەرمویانە: وای لەو خۆشیە بەیانی دەگـەین بـە پێغەمبـەر صـلی الله علیـە وسلم و هاوەڵانی!!.

یەکێکی تر لەوانە وتویەتی: هەندێ جار ئەوەندە دڵمان خۆشە ئەگەر ئەهلی بەهەشت حاڵیـان وابێت لە خۆشترین حاڵ و گوزەراندان!.

یان گوتویانە: هەژارانی ئەهلی دنیا لێی دەرچوون و هیچ لەزەت و چـێژێکیان لــە ژیـانی دنیـا نەبرد!.

هەندێك لە زانایان گوتویانە: ئەگەر پاشا و نەوەی پاشاکان بیانزانیایە ئێمـەی موسـڵمان چـەندە دڵمان خۆشە بە زۆری شمشێر لێمان دەسەندین ئەگەر دەسەڵاتیان ببوایە!![119].

١٠- گومانی خراپ بردن بە خوای گەورە:

پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـە وسـلم دەفـەرموێت: خـوای گـەورە لەفـەرمودەی قودسـیدا فەرمویەتی: (أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي إِنْ خَيْرًا فَخَيْرٌ، وَإِنْ شَرًّا فَـــشَرٌّ)[120]. واتـە: مـن لــەجێی گومـانی بەندەکەمم ئەگەر بەندەکەم گومانی چاك ببات بە من بۆی دەهێنمە دی، ئەگەر گومـانی خـراپیش ببات بە من بۆی دەهێنمە دی.

[118] - أخرجه الترمذي (٣٥٢٢), وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٤٨٠١.

[119] - تهذيب مدارج السالكين لإبن قيم الجوزية.

[120] - رواه الطبراني في الأوسط: ١٧٦٧٦ وصححه الألباني في صحيح الجامع: ١٩٠.

هەروەها دەفەرمويێت: (لاَ يَمُوتَنّ أحَدُكُمْ إلاَّ وَهُوَ يُحْسِنُ الظَّنَّ باللهِ)[121]. واتە: با هـيچ كەسـێك لـە ئێوە نەمرێت تاكو گومانی چاكەی بە خوای خۆی نەبێت.

ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێ فـەرمووی: (أَنَّ النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ دَخَلَ عَلَى شَابٍّ وَهُـوَ فِي الْمَوْتِ فَقَالَ كَيْفَ تَجِدُكَ قَالَ وَاللَّهِ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَنِّي أَرْجُو اللَّهَ وَإِنِّي أَخَافُ ذُنُوبِي فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ لَا يَجْتَمِعَانِ فِي قَلْبِ عَبْدٍ فِي مِثْلِ هَذَا الْمَوْطِنِ إِلَّا أَعْطَاهُ اللَّهُ مَـا يَرْجُـو وَآمَنَهُ مِمَّا يَخَافُ) [122]. واتە: پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـه وسـلم چـووە سـەردانی گـەنجێك لـەسەرەمەرگدا بوو پێی فەرموو: (حاڵت چۆنە؟). ئەويش وتی: سوێند بە خوا لـە تاوانـەكانم زۆر دەترسم و هیواو ئومێدی زۆریشم بە خوای خۆم هەیە. پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (ئەو دووانە لـەدڵی هەر بەندەیەكدا لـەسەرەمەرگدا كۆببێتەوە ئەوەی لێی ئەترسێ خـوای گـەورە لێی دوور ئەخاتەوە، ئەوەیشی هیوای پێی هەیە بۆی دەهێنێتە دی).

بێگومـان ئـەو كەسـەی گومـانی خـراپ بـێ بەرامبـەر بـە خـوای گـەورەو بـاوەڕی وابێـت پەروەردگاری عاقیبەت و ئاخری یندەی باش ناكات، ئەوا بـەهۆی گومانەكـەی خۆیـەوە ئـاخری باش نابێت و دەچێتە ریـزی زەرەرمەندانـەوە، وەك زانـای گـەورەو پایەبـەرز ئـیبن قـەیم دەڵـێ: گەورەترین تاوان گومانی خراپ بردنە بە خوای پەروەردگار، چونكە ئەو كەسەی گومانی خراپ دەبات بە خوا گومانە خراپەكەی لـەگەڵ كەمال و تەواوی خوای كاربەجێدا ناگونجێ..[123].

حەسەنی بەصری دەڵێ: كەسانێك هەن تاكو لـە دنیا دەردەچن هـیچ چـاكەیەكیان نییـە، جـا یەكێكیان دەڵێ: من گومانم چاكە بەرامبەر بە خوا، جا ئەو كەسـە درۆ دەكـات، چـونكە ئەگـەر گومانی چاكی بە خوا بوایە كردەوەی چاكی ئەنجام دەدا، پاشان ئەم ئایەتـەی خوێنـدەوە: J M L S R Q P O N M L K فـصلت: ٢٣. واتـە: ئـا ئـەوە بـوو گومـانی ناپەسەندتان كە بووتان بەرامبەر بە پەروەردگارتان، ئێستا بوو بـەهۆی تیاچـونتان و بـەو هۆیـەوە

[121] - أخرجه مسلم: ١٦٥/٨ (٢٨٧٧) (٨٢) .

[122] - جامع الترمذي: ٩٨٣, سنن إبن ماجة: ٤٢٦١, سلسلة الصحيحة: ١٠٥١.

[123] - داء والدواء لإبن قيم الجوزية .

چوونە ریزی زەرەرمەندانەوە [124].

١١- لەبیر چوونەوەی دوارۆژو بیرنەکردنەوە لە مردن:

ئەنەسی کوڕی مالیك ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (اللَّهُمَّ لاَ عَيْشَ إِلاَّ عَيْشَ الآخِرَةِ) [125]. واتە: خودایە خۆت ئاگات لێیە ژین هەر ژیانی قیامەتەو بەس.

ئیمام قورتوبی دەڵێ: (الدقاق) وتویەتی: هەر کەسێك زۆر بیر لە مردن بکاتەوە سێ شتی پێ دەبەخشرێت: پەلەکردن لە تەوبە کردن، قەناعەتی دڵ و، شەوقی بەندایەتی کردن، وە هەر کەسێك مردن لەبیر بکات بە سێ شت تۆڵەی لێ وەردەگیرێت: دواخستنی تەوبە کردن، رازی نەبوون بەوەی کە هەیەتی، تەمبەڵی لە بەندایەتی کردندا[126].

ئەوەی بیرنەکاتەوە لە مردن هەرگیز خۆیشی بۆ ئامادە ناکات، لەبەر ئەوە هەمیشە غافڵ و بێ ئاگا دەبێ لە تاعەت و خوا پەرستی و گوێی ناداتێ، بەڵام ئەو کەسەی یادی مردن بکات پەلە دەکات لە تاعەت و بەندایەتیەکاندا وەك پاش کەمێکی تر رۆحی دەرچێ ئاوەها بەو شێوەیە دەبێت یەك چرکە سات لە ژیانی بەفیڕۆ نادات و هەمیشە زیکر و یادی خوا دەکات.

دەگێڕنەوە حەسەنی بەصری چووە بۆ سەردانی نەخۆشێك، بینی لە گیانەڵادایە، کە ئەو دیمەنەی بینی رەنگی گۆڕا، گەڕایەوە بۆماڵەوە رەنگی بەتەواوی گۆڕابوو، پێیان گوت: نان ئامادەیە فەرموو! ئەویش وتی: نانی خۆتان بخۆن بە خوا دیمەنێکم بینیوە تا پێی دەگەم کاری بۆ دەکەم[127].

١٢- زوڵم و ستەمکردن:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی:

---

[124] - مختصر التذكرة للإمام القرطبي: ٨/١.

[125] - متفقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ١٠٩/٨ (٦٤١٣)، ومسلم ١٨٨/٥ (١٨٠٥).

[126] - مختصر التذكرة.

[127] - مختصر التذكرة للإمام القرطبي: ١٧/١.

(مَنْ كَانَتْ لَهُ مَظْلَمَةٌ لِأَخِيهِ مِنْ عِرْضِهِ أَوْ شَيْءٍ فَلْيَتَحَلَّلْهُ مِنْهُ الْيَوْمَ قَبْلَ أَنْ لَا يَكُونَ دِينَارٌ وَلَا دِرْهَمٌ إِنْ كَانَ لَهُ عَمَلٌ صَالِحٌ أُخِذَ مِنْهُ بِقَدْرِ مَظْلَمَتِهِ وَإِنْ لَمْ تَكُنْ لَهُ حَسَنَاتٌ أُخِذَ مِنْ سَــيِّئَاتِ صَــاحِبِهِ فَحُمِلَ عَلَيْهِ)[١٢٨] . واتە: هەرکەسێ نارەوایی و ستەمی لـە یەکێك کردبێ یان حەقی کەسێکی تـری لـەسەر بێ، ئیتر هی ناموس بێ یان هەر شتێکی تر، با ئەمڕۆ گەردنی خۆی پێ ئازاد بکـات، پـێش ئەوەی بمرێ و بچێ بۆ ئەو دنیاو هەقەکە بکەوێتـە ڕۆژێکـەوە کـە لـەو ڕۆژەدا دینـار و درهـەم نامێنێ، ئەگەر وا نەکات ئەوە حاڵ لـەم دوو خاڵە بەدەر نیـیە: ئەگەر کـردەوەی باشـی هـەبێ بـە قەد کردەوە باشەکەی دەدرێ بە خاوەن هەقەکە، خۆ ئەگەر گریمان کردەوەی چاکی نەبوو ئـەوا خراپتر چونکە لـە خراپەی ئەوەی هەقەکەی لایەتی هەڵ دەگیرێ و فڕێ دەدرێتە سەر ئەو.

ئەبو موسا ڕەزای خوای لـێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیـه وسـلم فەرمویـەتی: (إِنَّ الله لَيُمْلِي لِلظَّالِمِ، فَإِذَا أَخَذَهُ لَمْ يُفْلِتْهُ). واتـە: لـە ڕاسـتیدا خـوا مۆڵـەتی زۆردارو سـتەمکار دەدات تا ماوەیەك جڵەوی بۆ شل دەکات، هەتا بزانێ پەشـیمان دەبێتـەوە یـان نـا، بـەڵام کـاتێ گرتی ئیتر رزگاری نابێ و بەری نادات، پاشان ئەم ئایەتـەی خوێنـدەوە: M [^ _ ` a b c d f؛ g h i j L هود: ١٠٢. واتە: ئابەو شێوەیە سزادانی پەروەردگارت کاتێ خەڵکی شارەکان سزا دەدات لـەکاتێکدا ستەمکاربوون، بەڕاستی تۆڵـەسـەندنی ئـەو ئـازار دەرەو بەتینە[١٢٩] .

هەروەها فەرمویـەتی: (أتدرونَ مَنِ الْمُفْلِسُ ؟) قالوا: المفْلسُ فِينَا مَنْ لا دِرهَمَ لَهُ ولا مَتَاع، فَقَــالَ: (إِنَّ الْمُفْلسَ مِنْ أُمَّتِي مَنْ يأتِي يَومَ القيامَةِ بصلاةٍ وصيامٍ وزَكاةٍ، ويأتِي وقَدْ شَتَمَ هَذَا، وقَــذَفَ هَــذَا، وَأَكَلَ مالَ هَذَا، وسَفَكَ دَمَ هَذَا، وَضَرَبَ هَذَا، فيُعْطَى هَذَا مِنْ حَسَنَاتِهِ، وهَذَا مِنْ حَــسناتِهِ، فــإِنْ فَنِيَتْ حَسَناتُه قَبْل أنْ يُقضى مَا عَلَيهِ، أُخِذَ منْ خَطَاياهُم فَطُرِحَتْ عَلَيهِ، ثُمَّ طُرِحَ فِي النَّارِ)[١٣٠]. واتـە: ئایا دەزانن کێ نابوت و موفلیسە؟ وتیان: موفلیس لای ئێمە ئـەو کەسـەیە کـە درهـەم و مـاڵی نـەبێت، ئەویش فەرمووی: موفلیس لـە ئومەتی مندا ئەوەیە لـە ڕۆژی دواییدا دێت بۆ دیوانی خوا بـۆ لێپرسـینەوە، لـەلایەکەوە نوێژی کردووە و ڕۆژووی گرتووەو زەکاتی داوەو بەشـی خـۆی چـاکەی هەیـە، لـەلایـەکی

---

[١٢٨] - أخرجه البخاري: ٢٣١٧ .

[١٢٩] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري: ٩٣/٦ (٤٦٨٦) ، ومسلم: ١٩/٨ (٢٥٨٣) .

[١٣٠] - أخرجه البخاري: ٤٦٨٦/٨, ومسلم: (٢٥٨٣).

تریشەوە جنێو و قسەی ناشیرینی بەم و بـەو داوە، بوختـانی بـۆ ئـەو هەڵبەسـتووە و مـاڵی ئـەم و ئـەوی خواردووە و خوێنی خەڵکی بەناهەق رشتووە یا لـە خەڵکی داوە، جا لـەبەر ئەوە ئەم چـاکەیەی دەدرێـت بەو ئەو چاکەیەی تری دەدرێت بەوی تر، لـە جیاتی هەقی خۆیان، جـا ئەگـەر چـاکەکانی هـەموو تـەواو بوون و بەشی دانەوەی ئەو هەقانەیان نەدەکرد کەوان لـەسەری، ئەوا ئەوجا لـە گونـاهو تاوانـەکانی ئـەو خاوەن هەقانە دێنن و دەیخەنەسەر خراپەکانی و پاشان دەخرێتە ئاگری دۆزەخەوە.

کاتی هاتنی مەرگ

گومانی باش بردن بە خوای گەورە:

بەندەی باوەڕدار کاتێ لە مردن نزیك بویەوە پێویستە لەسەری گومانی باش بێت بەرامبەر بە پەروەردگاری، واتە گومانی وابێت خوای گەورە خاوەنی بەزەیی بێ سنوورەو لێی خۆشدەبێ و، چاوپۆشی لە تاوانەکانی دەکات.

جابر ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم سێ ڕۆژ پێش ئەوەی وەفات بکات گوێم لێی بوو دەیفەرموو: (لاَ يَمُوتَنّ أحَدُكُمْ إلاَّ وَهُوَ يُحْسِنُ الظَّنَّ باللهِ)[131]. واتە: با هیچ کەسێك لە ئێوە نەمرێت تاکو گومانی چاکەی بە خوای خۆی نەبێت.

بێگومان ئەو کەسەی گومانی چاك ببات بە خوای گەورە کردەوەی چاك ئەنجام دەدات و، خۆی بۆ گەیشتن بە دیداری پەروەردگاری ئامادە دەکات.

عائیشە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (مَنْ أحَبَّ لِقَاءَ اللهِ أحَبَّ اللهُ لِقَاءهُ ، وَمَنْ كَرِهَ لِقَاءَ اللهِ كَرِهَ اللهُ لِقَاءهُ)[132]. واتە: هەرکەسێك پێی خۆش بێت بگات بە خوا ، خوایش گەیشتن بەوی پێ خۆشە، هەرکەسێك پێی ناخۆش بێت بە خوا بگات، خوایش پێی ناخۆشە بەو بگات.

ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم چووە سەردانی گەنجێك لەسەرەمەرگدا بوو پێی فەرموو: (كَيْفَ تَجِدُكَ؟). واتە: حاڵت چۆنە؟ ئەویش وتی: سوێند بە خوا لە تاوانەکانم زۆر دەترسم و هیواو ئومێدی زۆریشم بە خوای خۆم هەیە، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (لَا يَجْتَمِعَانِ فِي قَلْبِ عَبْدٍ فِي مِثْلِ هَذَا الْمَوْطِنِ إِلَّا أَعْطَاهُ اللَّهُ مَا يَرْجُو وَآمَنَهُ مِمَّا يَخَافُ)[133]. واتە: ئەو دووانە لەدڵی هەر

[131]- أخرجه مسلم: ١٦٥/٨ (٢٨٧٧) (٨٢) .

[132]- تحقيق الألباني: (صحيح) انظر حديث رقم: ٥٩٦٤ في صحيح الجامع.

[133]- جامع الترمذي: ٩٨٣, سنن إبن ماجة: ٤٢٦١, سلسلة الصحيحة: ١٠٥١.

بەندەیەکدا کۆببێتەوە لەسەرەمەرگدا ئەوەی لێی ئەترسێ خوای گەورە لێی دوور ئەخاتەوە، ئەوەیشی هیوای پێی هەیە بۆی دەهێنێتە دی.

خوای گەورە لەفەرمودەی قودسیدا دەفەرموێت: (أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي إِنْ خَيْرًا فَخَيْرٌ، وَإِنْ شَرًّا فَشَرٌّ)[134]. واتە: من لەجێی گومانی بەندەکەمم ئەگەر بەندەکەم گومانی چاك ببات بە من بۆی دەهێنمە دی، ئەگەر گومانی خراپ ببات بە من بۆی دەهێنمە دی.

(فضیل کوڕی عیاض) دەڵێ: تاکو بەندە ساغ و سەلامەتە ترسان لە خوا بۆی چاکترە لە هیواو ئومێد، بەڵام کاتێك کاتی مردنی هات ئەوا هیواو ئومێد بۆی باشترە [135].

تەڵقین کردن لەسەرەمەرگدا:

کاتێ کەسێك گەیشتە حاڵەتی سەرەمەرگ ئەوا پێویستە لەسەر ئامادەبووان ئەم کارانە بکەن:

١- هەوڵی لەگەڵدا بدەن شایەتومان بهێنێت، چونکە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (مَنْ كَانَ آخِرَ كَلامِهِ لاَ إِلهَ إِلاَّ اللهُ دَخَلَ الجَنَّةَ)[136]. واتە: هەرکەسێك دوا وتەی (لاَ إِلهَ إِلاَّ الله) بێت دەچێتە بەهەشتەوە.

٢،٣- دوعای خێری بۆ بکەن و، جگە لە وتەی چاك هیچ نەڵێن، ئەوەش لەبەر فەرمودەکەی (أم سلمە) کە بۆمان دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (إِذَا حَضَرتُمُ المَرِيضَ أَو المَيِّتَ، فَقُولُوا خَيْراً، فَإِنَّ المَلائِكَةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ)[137]. واتە: ئەگەر لەسەرەمەرگی کەسێك یان لە کاتی مردنیدا ئامادەبوون، ئەوا وتەی چاك بڵێن، چونکە مەلائیکەکانی خوای پەروەردگار هەرچی بڵێن ئامینی لەسەر دەکەن. [138].

---

[134] - رواه الطبراني في الأوسط: ١٧٦٧٦ وصححه الألباني في صحيح الجامع: ١٩٠.

[135] - رحلة الى دار الآخرة لمحمود المصري..

[136] - أخرجه أبو داود (٣١١٨) ، والحاكم ٣٥١/١) وصححه الألباني في الإرواء: ٦٨٦ .

[137] - أخرجه مسلم: ٣٨/٣ (٩١٩) (٦) ، وأبو داود (٣١١٥) ، وابن ماجه (١٤٤٧) ، والترمذي (٩٧٧).

[138] - ئەمانەو چەندەها واجبی تر وەك: شۆردن و کفن کردن و، نوێژ لەسەر کردنی و، بەرێگردنی بۆ گۆڕستان و دفنکردنی و، جێبەجێکردنی وەسیەتەکانی و، بژاردنەوەی قەرزەکانی و، دابەشکردنی میراتەکەی بە پێی شەرع..کە لە باسی ڕووداوەکانی دوای ڕۆح گێشاندا بەدرێژی باسیان دەکەین.

ئازارو ژانەکانی رۆح کێشان:

پێویستە لەسەر هەموو کەسێکی خاوەن ئاوەز یادی مردن و رۆح کێشان بکات، ئەو مردنەی لەپڕ یەخەی دەگرێ و دەرچوونی نییەلە دەستی و دەبێ بەناچاری بیچێژێت، توندو تیژی ئازاری رۆح کێشان کەس نازانێت چۆنە جگە لەوانەی ئازارەکەی دەچەژن، چونکە ئازاری رۆح کێشان هێرش دەکاتە سەر رۆح و هەموو بەشەکانی تری جەستە، هەتا وتویانە: ئازاری رۆح کێشان توند ترە لە شمشێر لێدان و داهێنان بە مشار.

ئەگەر مرۆڤ لە ژیاندا هیچ جۆرە ئازار و ناخۆشیەك نەیەتە رێگای ئەوا تەنها ئازاری رۆح کێشان بەس بوو بۆ ئەوەی ژیانی لێ تاڵ بکات و لەخەوی غەفڵەت بێداری بکاتەوە [139].

خوای گەورە لە چوار ئایەتدا باسی ئازارەکانی رۆح کێشانمان بۆ دەکات:

١– M C D E F H I J K L M L ق: ١٩. واتە: کاتێ ئازار و ژانەکانی مردن بەراستی هات.. جێی سەرنجە نافەرموێت: دێت.. ئەگەر چی مەبەستی هاتنیەتی، ئەمە بۆ ئەوەیە ئادەمیزاد هەمیشە مردنی لە پێش چاو بێ و هاتنەکەی بە مسۆگەر بزانێ، بەئیمانداری و چاکەکاری خۆی بۆ ئامادە بکات.

٢ - M وَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى © ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ ´ µ ¶ ¸ تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾ **L الأنعام: ٩٣. واتە: خۆزگە ستەمکارانت دەبینی لەو کاتەی لە نارەحەتی و سەختی سەرەمەرگدان، مەلائیکەکان دەستیان بۆ درێژ دەکەن(پێیان دەڵێن) خۆتان دەربازکەن (لەم نارەحەتی گیان کێشانە)، ئەمڕۆ پاداشتی ریسواکەر دەدرێنەوە، بەهۆی ئەوەی قسەی ناڕاستان هەڵئەبەست بەدەم خواوەو خۆتان بەگەورە دەزانی لەبەرانبەر ئایەتەکانیدا.**

٣– M = > ? @ A B C D E L الواقعة: ٨٣ – ٨٤. واتە: کاتێك گیان گەیشتە گەروو، ئێوە لەو کاتەدا تەماشا دەکەن.

٤– M ; < = > ? @A C D E F G H L القیامة: ٢٦ – ٢٨. واتە: کاتێك گیان

[139] - (احیاء علوم الدین) ئیمام غەزالی.

گەیشتە قورقوڕاگە، جا دەوترێت کێیە چارەکەر، نەخۆشەکە دڵنیایە ئەوەی توشی بووە بە دڵنیاییەوە کاتی مردنی یەتی.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەکاتی سەرەمەرگدا دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ أَعِنِّي عَلَى سَكَرَاتِ الْمَوْتِ)[١٤٠]. واتە: ئەی پەروەردگارم یارمەتیم بدە لەسەر ئازار و ناخۆشیەکانی ڕۆح کێشان.

فاتمەی کچی فەرمووی: ئەی هاوار بۆ باوکم، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (لَيْسَ عَلَى أَبِيكِ كَرْبٌ بَعْدَ الْيَوْمِ)[١٤١]. واتە: لەم ڕۆژە بەدواوە باوکت توشی هیچ جۆرە ناخۆشی و ئازارێك نابێت.

عائیشە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەکاتی سەرەمەرگدا جامێ یان دەفرێ ئاو لەبەردەمیدا بوو دەستی تێدەخست و ئەیهێنا بە رووخساریداو دەیفەرموو: (لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ إِنَّ لِلْمَوْتِ سَكَرَاتٍ). واتە: بێجگە لەخوا هیچ فریادرەسێك نی یە، ئای نارەحەتی و ئازارو ژانەکانی ڕۆح کێشان زۆر ئەستەمە، پاشان دەستی بەرزدەکردەوە بۆ ئاسمان و دەیفەرموو: (فِي الرَّفِيقِ الْأَعْلَى)[١٤٢]. هەتا گیانی دەرچوو.

هەروەها فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەکاتی سەرەمەرگدا لە باوەشمدا بوو سەری نابوو بە سینگمەوە لەو کاتەدا گوێم لێی بوو دەیفەرموو: (اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِي وارْحَمْنِي، وأَلْحِقْنِي بالرَّفِيقِ الأَعْلَى)[١٤٣]. واتە: ئەی پەروەردگارم! لێم خۆشبەو بەزەیت پێمدا بێتەوەو، بمبەرەوە بۆ ناو یارانی پایە بڵندو شادم بکە پێیان.

کاتێك ئەبوبەکر ڕەزای خوای لێ بێ لە سەرەمەرگدا بوو عائشەی کچی لەوکاتەدا لە خزمەتیدا بوو، ئەم شیعرانەی دەخوێندەوە:

---

[١٤٠] - أخرجه البخاري:(٤٤٦٢).

[١٤١] - مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ١٣/٦ (٤٤٤٠)، ومسلم ١٣٧/٧ (٢٤٤٤) (٨٥).

[١٤٢] - أخرجه البخاري:(٤١٨٤), مشكاة المصابيح: ٥٩٥٩/٣.

[١٤٣] - مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ١٣/٦ (٤٤٤٠)، ومسلم ١٣٧/٧ (٢٤٤٤) (٨٥).

أعاذل ما يغنى الحذار عن الفتى.....إذا حشرجت يوما وضاق بها الصدر.

ئەبوبەکر پێی فەرموو: کچی خۆم وا مەڵێ، بەڵکو بڵــێ: L K J I H F E D C M
L M **ق: ١٩.**[144].

بیلال ڕەزای خوای لــێ بــێ لــە سـەرەمەرگدا بـوو خێزانەکـەی دەیـوت: حـەیف لـێم دوور دەکەویتەوە، بیلال لە وەڵامدا وتی: ئای لەو خۆشیە چەند خۆشحاڵم بەیانی بە خزمەت دۆسـتان و خۆشەویستانم دەگەم موحەممەد صلى الله عليه وسلم و هاوەڵانی[145].

شەدادی کوڕی ئەوس وتویەتی: مردن ناخۆشـترین شـتی سـەر دنیایـەو قیامەتـە بـۆ ئیمانـدار، بەتینترە لە لەتکردن بەمشارو بەمەقەست و کوڵاندن لەناو مەنجەڵدا، ئەگەر مردوو زیندووبێتـەوە هەواڵی مردنەکەی بگێڕێتەوە بۆ خەڵکی دنیا هیچیان سوود لە خۆشیەکانی نابینن و خەویان لـێ ئەتۆرێ و تام و چێژ لە نوستن وەرناگرن [146].

پێشەوا موجاهید دەفـەرموێت: ئـەوەی توانـای هەیـەو بـۆی دەلـوێ بـا هەمیـشەو بـەردەوام دەسنوێژی هەبێ و تەوبە بکات(استغفر الله) زۆر بڵێ، چونکە کاتی ڕۆح کێـشان خـەریکی چـی بێت بەو شێوەیە زیندوودەکرێتەوە [147].

هارونە ڕەشید کۆشکێکی لەسەر دیجلە بۆ خـۆی دروسـتکرد ، خـەڵکی هـاتن بـۆ پیرۆزبـایی یەکێك لەوانە (أبو العتاهية) بوو بە خەلیفەی وت:

عش مـــا بدا لك سالمـــا..........في ظـــل شاهقة القصور

يسعى عليك بمـــا اشتهيت..........لدى الرواح و في البكور

فـــإذا النفـــوس تقعقعت..........في ضيق حشرجة الصدور

---

[144] - التذكرة: ١/١٣٥ .

[145] - أخرجه إبن أبي الدنيا(المتحضرين): ٢٩٤ .

[146] - رحلة الى دار الآخرة لمحمود المصري: ١٢٤.

[147] - کتێبی(إحياء علوم الدين) ئیمام غەزالی : (١/٣١٥).

فهنـــاك تعلـــم موقنـــا..........مـــا كنت إلا في غـــرور.

مانای شیعرەکە بەکورتی: بژی چەند دەتوانی لـەم کۆشـك و تـەلاە بـەرزە خۆشـەدا، هەرچـیت بویێت خزمەتکاران دەیهێننە بەردەستت بە بەیانیان و ئێواران، بەڵام بەداخەوە ئەم خێـر و خۆشـیە بەردەوام نابیٚ، کاتیٚ رۆح گەیـشتە کونـە لوتـت، ئەوسـا چـاك دەزانیـت کـە تـۆ لـە غـرورو سەرکەشیدا بویت [١٤٨].

بیٚ باوەڕان داوای گەڕانەوە دەکەن:

کاتێك مرۆڤ هەستی کرد کاتی مردنی نزیك بۆتەوە و پاش تاوێکی تر رۆحـی دەردەچـێت ئـاوات دەخوازێت نەمرێت و بگەڕێتەوە بۆ ژیانی دنیا، جا بـیٚ بـاوەڕ داوا دەکـات بگەڕێتـەوە بـۆ سـەر زەوی بۆ ئەوەی ئیمان بهێنیٚ و تەوبە بکاو کردەوەی چاکە بکات هـەتا لـەو نارەحـەتی و بەڵایـە رزگاری بێت، بەڵام تازە هیچ فریای ناکەوێت، چونکە تەوبە و پەشیمانی بیٚ باوەڕان لـە حاڵـەتی گیانەڵادا وەرناگیریٚ، وەك چۆن لە فیرعەون وەرنەگیرا.

خوای گەورە لەو بـارەوە دەفـەرمویێت: M x y z { | } ~ ٱرۡجِعُونِ ﴿٩٩﴾ لَعَلِّيٓ أَعۡمَلُ صَٰلِحٗا فِيمَا تَرَكۡتُۚ كَلَّآۚ إِنَّهَا كَلِمَةٌ هُوَ قَآئِلُهَاۖ وَمِن وَرَآئِهِم بَرۡزَخٌ إِلَىٰ ´ µ ¶ ¸ نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ L المؤمنون: ٩٩ – ١٠١. واتە: ئەوان هەروان تـا کـاتیٚ مـردن دێتەسـەر یـەکێکیان ئەوکات ئەڵێت ئەی پەروەردگارم بم گەڕێنەوە بۆ دنیا، بەڵکو ئەو کـارە چـاکەی وازم لـیٚ هێنـا بوو بیکەم، نـەخێر بـۆ خـۆی دەڵـێ، لەبەردەمیانـدا پەردەیـەکی گـەورە هەیـە تـا ئـەو کاتـەی زیندوودەکرێنەوە. ئینجا کاتێك فودەکریٚ بە کـەرەنادا نـە خزمایـەتی لـە نێوانیـان دەمـێنیٚ و نـە کەسیان لەکەس دەپرسیٚ.

تەوبەی کاتی غەرغەرە وەرناگیرێت:

خوای گەورە دەفەرمویێت: W V U T S R Q P O N M L K J M
i h g f e d c b a ` _ ^] \ [Y X
النـــساء: ١٧ – ١٨. L y x w v u t r q p o n m l k j

---

[١٤٨] - لطائف المعارف: ١/٣٢١.

واتە: بێگومان وەرگرتنی تەوبە لای خوا تەنها بۆ ئەوانەیە کە گونـاه دەکـەن بـە نـەفامی، پاشـان پەشیمان دەبنەوە بەزوویی، ئا ئەوانە خوا تەوبەو گەڕانەوەیان لـێ وەردەگـرێ، خـواش هەمیـشە زانای دانایە، تەوبەو پەشیمانی وەرگرتن بۆ ئەوانە نییەتاوانی زۆر دەکەن هەتا کاتی سەرەمەرگی یەکێکیان دێت دەڵێ: بەڕاستی من ئێستا تەوبـەم کـرد، وە بـۆ ئەوانـەش نییەکـە دەمـرن بـەبێ بڕوایی، ئەوانە ئامادەمان کردووە بۆیان سزایەکی ئازاردەر.

عومەری کوڕی خەتاب رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسـلـم فەرمویەتی: (إِنَّ الله عز وجل يَقْبَلُ تَوبَةَ العَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ)[149]. واتە: خوای گەورە تەوبەی بەنـدە گیرا دەکات بە مەرجێك نەکەوتبێتە حاڵـەتی سەرەمەرگ.

ئامادەبوونی مەلائیکەی مەرگ:

مەلائیکەی مەرگ لای سەری مردودا ئامادە دەبێ و رادەوەستێ بۆ رۆح کێشانی، بێگومـان ئـەو کەسەی گیانەوەران دەمرێنێ و زیندوشیان دەکاتەوە خـوای خـاوەن توانـاو بـە دەسـەڵاتە، بـەڵام حیکمەتی خوا وایە رۆح کێشان بە یەکێك لـە مەلائیکە نزیکەکان بسپێرێت، کـە ئـەویش(ملـك الموت)ە واتە مەلائیکەی مەرگ، هەروەك چۆن حیکمەتی وەهایە جوبرەئیلی داناوە بـۆ گەیانـدنی پەیام بە پەیامبەران..

خوای گەورە لـەو بـارەوە دەفـەرمویێت: Mقُلۡ يَتَوَفَّىٰكُم مَّلَكُ ٱلۡمَوۡتِ ٱلَّذِي وُكِّلَ بِكُمۡ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُمۡ تُرۡجَعُونَ ﴿١١﴾ L السجدة: ١١. واتە: ئەی موحەممەد بڵێ: مەلائیکەی مەرگ کە رۆح کێشانی ئێـوەی پـێ سـپێراوە دەتان مرێنێ، لـە پاشان بۆلای پەروەردگارتان دەگەڕێنرێنەوە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە ئایا مەلائیکەی رۆح کێشان خۆی بـە تـەنها کارەکانی دەکات یان یاریدەدەری هەیە؟

وەڵام: رای جمهوری زانایان وایە خوای گەورە مەلائیکی زۆری داناوە بۆ یارمەتیدانی مەلائیکـەی مەرگ بە بەڵگەی ئەم دوو ئایەتەی لای خوارەوە:

خوای گەورە دەفەرمویێت: PM Q R S T U V W X Z [\ ] ^ . ` a

[149] - أخرجه ابن ماجه: (٤٢٥٣) ، والترمذي (٣٥٣٧) وَقالَ : (حديث حسن) .

L o n m l k j i g f e d c b النساء: ٩٧. واتە: ئەوانەی کە ستەمیان لە خۆیان کرد لە کاتێکدا مەلائیکەکان ڕۆحیان دەکێشن پێیان دەڵێن: ئێوە لە چی حاڵ و بارێکدا بوون، دەڵێن: ئێمە چەوساوە بووین لەسەر زەویدا، پێان دەڵێن: مەگەر زەوی خوا فراوان نەبوو تا کۆچتان بکردایە تیایدا، جا ئەوانە شوێنیان دۆزەخە ئای چ پاشەڕۆژێکی خراپە.

هەروەها دەفەرموێت: M A B C D E F G H I J K L الأنعام: ٦١. واتە: کاتیێ یەکێك لە ئێوە کاتی مردنی هات، نێراوەکانمان ڕۆحی دەکێشن.

مەلائیکەی ڕەحمەت مژدەی خۆشی بە ئیمانداران ڕادەگەیەنن:

کاتێك بەندەی ئیماندار کەوتە حاڵەتی گیانەڵا مەلائکەی ڕەحمەت دێنە لای و مژدەی ڕەزامەندی پەروەردگاری باڵادەست و بەهەشتی بەرینی دەدەنێ ئیتر ئەویش زۆر شادو دڵخۆش دەبێت بەو مزگێنییەو بەروخساریەوە دەردەکەوێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ A B C D E F G H I J K L فصلت: ٣٠ – ٣٢. واتە: بەراستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو وتیان: پەروەردگارمان هەر خوایەو، لەسەر بیروباوەڕو کردەوە چاکەکانی خۆیان بەردەوام بوون، ئەوانە لە کاتی مردنیاندا مەلائیکەی ڕەحمەتیان بۆ دێتە خوارەوەو موژدەیان پێ دەدەن و پێیان دەڵێن: مەترسن لەوەی بەرەو رووی دەچن و غەمگین مەبن بۆ ئەوەی لەدوای خۆتان بەجێی دێڵن، وە موژدەتان لێ بێت بەشادی و خۆشی نازو نیعمەتەکانی ئەو بەهەشتەی کە خودا بەڵێنی پێداون، هەروەها مەلائیکەکان پێیان دەڵێن: ئێمە لە ژیانی دنیادا هاوڕێ و ئاگادارتان بووین لە ڕۆژی دوایشدا هەر لەگەڵتانین و ڕێگای چوونە بەهەشتان پیشان دەدەین، ئەو بەهەشتە ڕازاوەی کە ئەوەی ئارەزووی بکەن و دڵتان حەزی لێ بێت تێیدابڕیار دراوە بۆتان و، میوانداریەکە لەلایەن خوایەکی زۆر لێ خۆشبوو خاوەن بەزەییەکی بێ سنوورەوە.

عبادەی کوڕی صامت ڕەزای خوای لیێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (مَنْ أحَبَّ لِقَاءَ اللهِ أحَبَّ اللهُ لِقَاءهُ ، وَمَنْ كَـرِهَ لِقَـاءَ اللهِ كَـرِهَ اللهُ لِقَـاءهُ). واتە: هەرکەسێك پێی خۆش بێت بگات بە خوا، خوایش گەیشتن بەوی پێ خۆشە، هەرکەسێك پێی

ناخۆش بێت بە خوا بگات، خوایش پێی ناخۆشە بەو بگات، جا عائیــشە وتــی یــان هەنــدێك لــە خێزانەكانی وتیان: ئێمە مردنمان پێ ناخۆشە، پێغەمبەر صلی الله علیه وســلم فــەرمووی: (لَــيْسَ كَذَلِكَ، ولكِنَّ الْمُؤْمِنَ إذَا بُشِّرَ بِرَحْمَةِ اللهِ وَرِضْوَانِهِ وَجَنَّتِهِ أحَبَّ لِقَاءَ اللهِ فَأَحَــبَّ اللهُ لِقَــاءهُ، وإنَّ الكَافِرَ إذَا بُشِّرَ بِعَذابِ اللهِ وَسَخَطِهِ كَرِهَ لِقَاءَ اللهِ وكَرِهَ اللهُ لِقَاءهُ)[150]. واتــە: ئــەوە نىيــە، بــەڵكو باوەڕدار هەر كاتێ مردن یەخەی گرت مژدەی بەزەیی و ڕەزامەندی و لێ خۆشبوون و بەهەشــتی بەرینی پەروەردگاری پێدرا، ئەو كاتە هیچ شتێك لەمە زیاتر لە لای خۆشەویستر نییــە، ئەوسا گەیشتن بە خوای لە لا خۆشترە، خوایش گەیشتن بەوی پێ خۆشــە، بــەڵام كــافر كــە كتــی ڕۆح دەرچوونی هات مژدەی تۆڵەو سزای سەختی دەدرێتێ، جا ئەو كاتە هیچ شــتێك لەمــە زیــاتر لــە لای ناخۆشتر نییە، لەبەر ئەوە گەیشتن بە خوای پێ ناخۆشە، خوایش پێی ناخۆشە بەو بگات.

مەلائیكە مژدەی سزای سەخت دەدەن بە بێ باوەڕان:

خوای گەورە دەربارەی نارەحەتی و سەختی ڕۆح كێشانی بێ بــاوەڕ و ســتەمكاران دەفــەرموێت:

Mوَلَوْ تَرَىٰٓ إِذِ ٱلظَّٰلِمُونَ فِى © ٱلْمَوْتِ وَٱلْمَلَٰٓئِكَةُ بَاسِطُوٓا۟ أَيْدِيهِمْ أَخْرِجُوٓا۟ أَنفُسَكُمُ ٱلْيَوْمَ تُجْزَوْنَ µ ¶

تَقُولُونَ عَلَى ٱللَّهِ غَيْرَ ٱلْحَقِّ وَكُنتُمْ عَنْ ءَايَٰتِهِۦ تَسْتَكْبِرُونَ ﴿٩٣﴾ L الأنعــام: ٩٣. واتــە: خۆزگــە ســتەمكارانت دەبینی لــەو كاتــەی لــە نارەحــەتی وســەختی ســەرەمەرگدان، مەلائیكــەكان دەســتیان بــۆ درێــژ دەكەن(پێیان دەڵێن) خۆتان دەربازكەن(لەم نارەحەتی گیان كێشانە)، ئەمڕۆ پاداشــتی ریــسواكەر دەدرێنەوە، بەهۆی ئەوەی قسەی ناڕاستان هەڵئەبەست بەدەم خــواوەو خۆتــان بەگــەورە دەزانــی لەبەرانبەر ئایەتەكانی خوادا.

وەك لە فەرمودەكەی عبادەی كوڕی صامت كە پێشتر باسكرا (..وإنَّ الكَافِرَ إذَا بُشِّرَ بِعَــذابِ اللهِ وَسَخَطِهِ كَرِهَ لِقَاءَ اللهِ وكَرِهَ اللهُ لِقَاءهُ)[151]. واتــە: بــەڵام كــافر كــاتی ڕۆح دەرچــوونی هــات مژدەی تۆڵەو سزای سەختی دەدرێتێ، جا ئەو كاتە هیچ شتێك لەمە زیاتر لە لای ناخۆشتر نییە، لەبەر ئەوە گەیشتن بە خوای پێ ناخۆشە، خوایش پێی ناخۆشە بەو بگات.

[150] - أخرجه البخاري: ٦٥٠٢, ومسلم: (٢٦٨٣).

[151] - أخرجه البخاري: ٦٥٠٢, ومسلم: (٢٦٨٣).

رۆحی ئیماندار زۆر بە ئاسانی دەردەچێت:

خوای گەورە دەربارەی رۆحی باوەڕدار دەفـەرموێت: M 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ A L الفجـر: ٢٧ – ٣٠. واتە: ئەی رۆحی ئاسوودە و ئارام گرتوو بـە رەزامەندیەوە، بگەڕێرەوە بۆ لای پەروەردگارت وەك چۆن ئەوت لـە خۆت رازی کـرد، دە بـچۆ ناو بەندە سالحەکانمەوە و، بچۆرە بەهەشتە رازاوەکەمەوە کە ئامادەم کردووە بۆت.

رۆحی ئیماندار زۆر بەئاسانی دەردەچـێت، کـاتێ دەردەچـێت سوپاسـی پـەروەردگاری خـۆی دەکات، بۆنی رۆحەکەی خۆشترە لەبۆنی هەر میسکێك لەو رۆژەدا هەبێت.

بەرائی کوڕی عازەب رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـه وسـلـم فەرمویەتی: (إِنَّ الْعَبْدَ الْمُؤْمِنَ إِذَا كَانَ فِي انْقِطَاعٍ مِنْ الدُّنْيَا وَإِقْبَالٍ مِنْ الْآخِرَةِ نَزَلَ إِلَيْهِ مَلَائِكَةٌ مِـنْ السَّمَاءِ بِيضُ الْوُجُوهِ كَأَنَّ وُجُوهَهُمْ الشَّمْسُ مَعَهُمْ كَفَنٌ مِنْ أَكْفَانِ الْجَنَّةِ وَحَنُوطٌ مِنْ حَنُوطِ الْجَنَّـةِ حَتَّى يَجْلِسُوا مِنْهُ مَدَّ الْبَصَرِ ثُمَّ يَجِيءُ مَلَكُ الْمَوْتِ عَلَيْهِ السَّلَام حَتَّى يَجْلِسَ عِنْدَ رَأْسِهِ فَيَقُولُ أَيَّتُهَا النَّفْسُ الطَّيِّبَةُ اخْرُجِي إِلَى مَغْفِرَةٍ مِنْ اللَّهِ وَرِضْوَانٍ قَالَ فَتَخْرُجُ تَسِيلُ كَمَا تَسِيلُ الْقَطْرَةُ مِـنْ فِـي السِّقَاءِ فَيَأْخُذُهَا فَإِذَا أَخَذَهَا لَمْ يَدَعُوهَا فِي يَدِهِ طَرْفَةَ عَيْنٍ حَتَّى يَأْخُذُوهَا فَيَجْعَلُوهَا فِي ذَلِكَ الْكَفَـنِ وَفِي ذَلِكَ الْحَنُوطِ وَيَخْرُجُ مِنْهَا كَأَطْيَبِ نَفْحَةِ مِسْكٍ وُجِدَتْ عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ قَالَ فَيَصْعَدُونَ بِهَـا فَلَا يَمُرُّونَ يَعْنِي بِهَا عَلَى مَلَإٍ مِنْ الْمَلَائِكَةِ إِلَّا قَالُوا مَا هَذَا الرُّوحُ الطَّيِّبُ فَيَقُولُونَ فُلَانُ بْـنُ فُلَـانٍ بِأَحْسَنِ أَسْمَائِهِ الَّتِي كَانُوا يُسَمُّونَهُ بِهَا فِي الدُّنْيَا حَتَّى يَنْتَهُوا بِهَا إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيَسْتَفْتِحُونَ لَـهُ فَيُفْتَحُ لَهُمْ فَيُشَيِّعُهُ مِنْ كُلِّ سَمَاءٍ مُقَرَّبُوهَا إِلَى السَّمَاءِ الَّتِي تَلِيهَا حَتَّى يُنْتَهَى بِهِ إِلَى السَّمَاءِ الـسَّابِعَةِ فَيَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ اكْتُبُوا كِتَابَ عَبْدِي فِي عِلِّيِّينَ وَأَعِيدُوهُ إِلَى الْأَرْضِ فَإِنِّي مِنْهَا خَلَقْـتُهُمْ وَفِيهَـا أُعِيدُهُمْ وَمِنْهَا أُخْرِجُهُمْ تَارَةً أُخْرَى..) [١٥٢]. واتە: کاتێ ئیمانداری لە سەرەمەرگدا پشت لە دنیـاو روو لە قیامەت مەلائیکە لە ئاسمانەوە دادەبەزێتە سەری بە روویەکی گـەش و جوانـەوە کـە وەك خۆر وایە، پۆشکی بەهەشتیان بۆ هێناوە بە بۆنێکە خۆشەوە، ئەوەندەی چاو بـڕ بکـات مەلائیکـە لەدەوری دادەنیشن، پاشان مەلائیکەی رۆح کێـشان دێـت و لـە ژوور سـەریەوە دادەنیـشێت و دەڵێ: ئـەی رۆحـە پـاك و دڵنیاکـە وەرە دەرەوە، وەرە دەرەوە بـەرەو رەزامەنـدی و لێبـوردنی

---

[١٥٢] - صحيح سنن أبو داود: ٣٩٧٩, وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ١٦٧٦.

خوایی، ڕۆحەکە وردە وردە دێتە دەرەوە هەروەك چۆن دڵۆپە ئاو لە دەمی کونەی یان مەتارە ئاوێك دەڕژێت و دێتە خوار ئەویش دەیگرێتەوە، گیانی دەکێشێت پاشان یەکسەر لەچاو تروکانێکدا مەلائیکەکان دەیخەنە ناو کفنە سپیەکەوە کە پڕە لە میسك و ڕەیحان ڕۆحەکە کاتێك دەردەچێت بۆنی خۆشترە لە بۆنی هەر میسکێك کە لەسەر زەویدا هەبێت، مەلائیکەکان بەرز دەبنەوەو ڕۆحەکەشیان پێیە هەر پۆلە مەلائیکەیەکیان پێ دەگات دەڵێن: ئەم ڕۆحە پاکە بۆن خۆشە کێیە؟ ئەوانیش دەڵێن فلانی کوڕی فلانە بە چاکترین ناوێك کە لە دنیادا ناوی برابێت تا بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمانی یەکەم، دەرگای بۆ دەکەنەوەو پێشوازی لێ دەکەن، ئاسمان بە ئاسمان بەرزی دەکەنەوەو بەڕێی دەکەن تا دەیگەیەننە ئاسمانی حەوتەم، خوای گەورەش دەفەرموێت: ناوی ئەم بەندەیەم تۆمار بکەن و بینوسن لە (علیین) کە لە ئاسمانی حەوتەمە، وە بیگەڕێننەوە بۆسەر زەوی چونکە من بەڵێنم پێ داون کە لە زەوی دروستمکردوون وە دەیانگێڕمەوە بۆ ناو زەوی وە لە زەویشەوە زیندویان دەکەمەوە جارێکی تر.

ڕۆحی خاوەن باوەڕ لەسەریەوە دەردەچێت لەم لاو ئەو لای تەنیشتیەوە، هەروەك لەم فەرمودەیەدا ئاماژەی بۆ کراوە: (إِنَّ الْمُؤْمِنَ تَخْرُجُ نَفْسُهُ مِنْ بَيْنِ جَنْبَيْهِ وَهُوَ يَحْمَدُ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ)[153]. واتە: ڕۆحی خاوەن باوەڕ لە نێوان هەردوو لاشانیەوە بەرز دەبێتەوەو، سوپاس و ستایشی خوای گەورە دەکات.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ، فَإِنَّ نَفْسَ الْمُؤْمِنِ تَخْرُجُ رَشْحًا)[154]. واتە: وتەی(لا إله إلا الله) بدەن بە گوێی مردووەکانتاندا، بێگومان ڕۆحی خاوەن باوەڕ بە ئارەقکردنەوە دەردەچێت. لە ریوایەتێکی تردا هاتووە: (الْمُؤْمِنُ يَمُوتُ بِعَرَقِ الْجَبِينِ)[155]. واتە: خاوەن باوەڕ کاتێك دەمرێت ئارەق لە ناوچەوانیەوە دەتکێت.

کاتێك ڕۆح دەرچوو چاو بەدوایدا دەڕوانێت، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم

---

[153] - أخرجه أحمد: ٢٧٣/١ برقم: ٢٤١٢, وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ١٩٣١.

[154] - أخرجه الطبراني رواهيثمي في مجمع الزوائد: ٣٢٣/٢ , سلسلة الصحيحة: ٢١٥١ .

[155] - أخرجه الترمذي: ٩٨٢, والنسائي: في السنن الكبرى: ١٩٥٥, وإبن ماجه: ١٤٥٢.

دەفەرموێت: (إِنَّ الرُّوحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ الْبَصَرُ)[156]. واتە: کاتێ رۆح دەرچوو چاو بەدوایدا دەڕوانێت.

رۆحی بێ باوەڕ زۆر بەسەختی دەردەچێت:

بێباوەڕ زۆر بەسەختی رۆحی دەردەچێت، بۆنی رۆحەکەی ناخۆشترە لە بۆنی جەستەی مردارەوە بوو، دەرگای هەموو ئاسمانەکانی لێ دادەخرێت:

بەرائی کوڕی عازەب رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (.. وَإِنَّ الْعَبْدَ الْكَافِرَ إِذَا كَانَ فِي انْقِطَاعٍ مِنْ الدُّنْيَا وَإِقْبَالٍ مِنْ الْآخِرَةِ نَزَلَ إِلَيْهِ مِنْ السَّمَاءِ مَلَائِكَةٌ سُودُ الْوُجُوهِ مَعَهُمْ الْمُسُوحُ فَيَجْلِسُونَ مِنْهُ مَدَّ الْبَصَرِ ثُمَّ يَجِيءُ مَلَكُ الْمَوْتِ حَتَّى يَجْلِسَ عِنْدَ رَأْسِهِ فَيَقُولُ أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْخَبِيثَةُ اخْرُجِي إِلَى سَخَطٍ مِنْ اللَّهِ وَغَضَبٍ قَالَ فَتُفَرَّقُ فِي جَسَدِهِ فَيَنْتَزِعُهَا كَمَا يُنْتَزَعُ السَّفُّودُ مِنْ الصُّوفِ الْمَبْلُولِ فَيَأْخُذُهَا فَإِذَا أَخَذَهَا لَمْ يَدَعُوهَا فِي يَدِهِ طَرْفَةَ عَيْنٍ حَتَّى يَجْعَلُوهَا فِي تِلْكَ الْمُسُوحِ وَيَخْرُجُ مِنْهَا كَأَنْتَنِ رِيحِ جِيفَةٍ وُجِدَتْ عَلَى وَجْهِ الْأَرْضِ فَيَصْعَدُونَ بِهَا فَلَا يَمُرُّونَ بِهَا عَلَى مَلَإٍ مِنْ الْمَلَائِكَةِ إِلَّا قَالُوا مَا هَذَا الرُّوحُ الْخَبِيثُ فَيَقُولُونَ فُلَانُ بْنُ فُلَانٍ بِأَقْبَحِ أَسْمَائِهِ الَّتِي كَانَ يُسَمَّى بِهَا فِي الدُّنْيَا حَتَّى يُنْتَهَى بِهِ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا فَيُسْتَفْتَحُ لَهُ فَلَا يُفْتَحُ لَهُ ثُمَّ قَرَأَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ: M \ ] ^ _ ` a b c d e f g h i j k l m n o ¦ q r s t L الأعراف:٤٠. فَيَقُولُ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ اكْتُبُوا كِتَابَهُ فِي سِجِّينٍ فِي الْأَرْضِ السُّفْلَى فَتُطْرَحُ رُوحُهُ طَرْحًا ثُمَّ قَرَأَ: M ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 L الحج: ٣١. فَتُعَادُ رُوحُهُ فِي جَسَدِهِ..)[157]. واتە: بەڵام کاتێك کافر یان خراپەکار نزیکی مردن دەبێتەوە ، پشت لە دنیاو روو لە قیامەت چەند مەلائیکەیەکی دڵڕەق لە ئاسمانەوە دەێنە سەری کە روخساریان رەش و ترسناکە توندو تیژو بە زەبرن کفنێکیان پێیە لە ئاگر، ئەوەندەی چاو بڕ بکات دەوریان داوە، ئینجا مەلائیکەی رۆح کێشان دێت و لە ژوور سەریەوە دادەنیشێت و دەڵێ: ئەی رۆحە پیسەکە وەرە دەرەوە، وەرە دەرەوە بۆ لای سزاو توڕەیی خوای گەورە، رۆحەکەش بە جەستەیدا بلاو دەبێتەوە

---

[156] - أخرجه مسلم: ٩٢٠, وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ١٦٣٤.

[157] - صحيح مشكاة المصابيح: ١/١٦٣٠, وصححه الألباني في صحيح الجامع: ١٦٧٦.

مەلائیکەی رۆح کێشان رایدەکێشێ و دەیهێنێتە دەرەوە وەك چـۆن شیـشێکی گۆشـت برژانـدنی قولاپدار بکرێت بەناو خوریەکی تەڕی ئاڵۆسکاودا هەموو خوریەکە بەیەکجار دێنێتە دەرەوە،کـە دەردێت هەموو دەئاڵۆسکێ بەیەکدا.. بە هەمان شێوە ئەو دەمارو دەزولانەی نـاو جەسـتەی ئـەو کافرە پارچە پارچە دەبێ، لەچاو تروکانێکدا لـە دەستی مەلائیکەی مـەرگی وەردەگـرن دەیکەنـە ناو ئەو کفنە زبرە بۆن ناخۆشە بۆگەنە دۆزەخیەوە کە ئامادەکراوە بۆ رۆحە گلاوەکەی لـەکاتی دەرکێـشانی ئـەو رۆحــە پیـسە بـۆن ناخۆشـەدا، ناخۆشـترین بـۆن لــەو شـوێنەدا لەسـەر زەوی بلاودەبێتەوە بەهۆی ئەو رۆحە پیسەوە پاشان بەو رۆحـە پیـسەوە کـە تـێ دەپـەڕن بـەلای هـەر کۆمەڵێکدا لـە مەلائیکەکان ئەوان دەڵێن: ئەم رۆحە پیسە کێیە؟ پێیان دەڵێن: ئەمە فلانی کـوڕی فلانە بەناشیرین ترین ناو کە لـە دنیادا ناوی براوەو پێی ناسراوە هـەتا دەگەیەنرێتـە ئاسمـانی دنیـا، داوای کردنەوەی ئاسمان دەکەن بۆ ئەو رۆحە کە بچێتە سەرەوە، بۆی ناکەنـەوە: M \ ] ^

L t s r q ¦ o n m l k j i h g f e d c b a ` _

الأعراف: ٤٠. واتە: ئەوانەی نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دانـاو بـەفیزەوە لەوانـە رویـان وەرگێـڕا، هەرگیز دەرگای ئاسمانیان بۆ ناکرێتەوەو ناچنە بەهەشتەوە هەتا وشتر بە کـونی دەرزیـدا نەچـێت! ئێمە ئاوا سزای تاوانباران دەدەین.

خوای گەورە دەفەرموێت: ناوی بەندەکەم تۆمار دەکرێت لـە (سجين)دا لــەژێر حەوتـەم زەوی هەرە خوار.. رۆحی بێباوەڕ لـە ئاسمانەوە فڕێ دەدرێتە خوارەوە چۆن فڕێ دانێـك: M ' ( ) (

* + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 L الحج: ٣١. واتە: هـەر کەسـێك هاوبەش بۆ خوا بڕیار بدات، وەکو کەسێك وایە لـە ئاسمانەوە بکەوێتە خوارەوە و باڵندە شـالاوی بۆ ببات یان بایـەکی بـەهێز بیکاتـە نـاو قـوڵترین شـوێن لــە خـوارووی زەویـدا، جـا رۆحەکـە دەگەڕێتەوەو دەکەوێتەوە ناو جەستەی..

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسـلـم دەفـەرموێت: (وَنَفَسَ الْكَافِرِ تَخْرُجُ مِنْ شِـدْقِهِ، كَمَـا تَخْرُجُ نَفْسُ الْحِمَارِ)[158]. واتە: رۆحی بێ باوەڕ لــە لالغـاوەی و شـەویلگەیەوە دەهێنرێتـەدەروە وەك رۆحی کەر.

[158] - أخرجه الطبراني والهيثمي في مجمع الزوائد: ٣٢٣/٢, سلسلة الصحيحة: ٢١٥١ .

عـاقیبەت خێری (حسن الخاتمة)

هۆکارەکانی عاقیبەت خێری:

یەکەم – بەردەوام بوون لەسەر بەجێهێنانی فەرمانەکانی خوا:

!M " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2

3 4 L فصلت: ٣٠. واتە: بەراستی ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو وتیان: پەروەردگارمان هەر خوایەو، لەسەر بیروباوەڕو کردەوە چاکەکانی خۆیان بەردەوام بوون، ئەوانە لە کـاتی مردنیانـدا مەلائیکەی رەحمەتیان بۆ دێتە خوارەوەو موژدەیـان پـێ دەدەن و پێیـان دەڵـێن: مەترسـن لـەوەی بەرەو رووی دەچن و غەمگین مەبن بۆ ئەوەی لەدوای خۆتـان بـەجێی دێڵـن، وە موژدەتـان لـێ بێت بەشادی و خۆشی نازو نیعمەتەکانی ئەو بەهەشتەی کە خودا بەڵێنی پێداون.

سوفیانی کوڕی عبداللە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: وتم ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم شتێکم لە ئیسلامدا فێرکە لەدوای تۆ پرسیار لەکەسی تر نەکەم؟ فەرمووی: (قُلْ: آمَنْـــتُ بِاللهِ، ثُمَّ استَقِمْ) [١٥٩]. واتە: بڵێ: ئیمانم هێنا بە زاتی خواو، پاشان بەردەوامبـە لەسـەر بـەجێهێنانی فەرمانەکانی خوا.

دەربارەی بەردەوام بوون لەسەر بەجێهێنانی فەرمانەکانی خـوا پرسـیاریان کـرد لـە خەلیفـەی راشد ئەبو بەکر رەزای خوای لێ بێ ئەویش فەرمووی: واتە: هاوەڵ بۆ خوا بڕیار نەدان.

ئیبن تەیمیە دەڵێ: گەورەترین رێز و کەرامەت بـەردەوام بوونـە لەسـەر بـەجێهێنانی فەرمانـەکانی خوا[١٦٠].

دووهەم– تـەقــوا:

تەقوا: بریتیە لە خۆپاراستن لە خەشم و قاری خواو سزای سـەختی قیامـەت، ئەمـەش بـە ئەنجامـدانی هەموو کـردەوە چـاکەکان و خۆپاراسـتن لەهـەموو قەدەغـە کراوەکـان دێتـە دی، خـوای گـەورە

[١٥٩]- أخرجه مسلم: ٤٧/١ (٣٨).

[١٦٠]- رحلة الى دار الآخرة.

دەفەرموێت:M p q r s t u v w y z | } ~ ٱلۡعِقَابِ ۝٧ L الحشر: ٧.
واتە: ئەی موسوڵمانینە: ئەوەی پێغەمبەری خوا پێی دان وەریبگرن و جێبەجێی بکەن، ئەوەی لێتانی قەدەغەکرد وازی لێ بێنن و مەیکەن..لەخودا بترسن، بێگومان سزاو غەزەبی خوا زۆر سەختە.

دەگێڕنەوە کە ئوبەی کوڕی کەعب پرسیاریکردووە لە پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب ڕەزای خوای لێ بێ دەربارەی تەقوا، ئەویش پێی فەرمووە: ئایا تۆ نەچوویت بە ڕێگایەکی پڕ لە دڕکدا؟ گوتی: بەڵێ چووم! عومەر فەرمووی: چیت کرد؟ گوتی: هەوڵ و تێکۆشانم کردووە بۆ خۆپاراستن لە دڕکەکان، فەرمووی: دەی تەقواش ئاوەهایە، دەبێت بەو شێوەیە خۆت لە گوناهو تاوان بپارێزی [١٦١].

خوای گەورە دەفەرموێت: M 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ L آل عمران: ١٠٢. واتە: ئەی ئەو کەسانەی کە باوەڕتان هێناوە تەقوای خوا بکەن و خۆتان بپارێزن لەو شتانەی قەدەغەکراوە، وە فەرمانەکانی بەجێبێنن ئەوەی فەرمانی پێکردوون بەکردنی بیانکەن و ئەوەی لێیقەدەغەکردوون مەیانکەن و خۆتانی لێ بەدوور بگرن و لە هەوڵی ئەوەدابن کە بە موسڵمانی دنیا بەجێ بهێڵن.

بەهۆی تەقواوە موسڵمان دەتوانێت هەق و ناهەق لێك جیاکاتەوە، هەروەها دەشبێتە هۆی سڕینەوەی تاوانەکانی: M L M N O P Q R S T U V W X Y [\ ] ^ _ L الأنفال: ٢٩.

چاکترین توێشوو بۆ گەشتی قیامەت تەقوایە: M 9 : ; < = ? @ A B L البقرة: ١٩٧.

ئەو کەسەی خاوەن تەقوایە خوای گەورە دەرووی خۆشی و شادی و سەرفرازی لێ دەکاتەوە، لە شوێنێکەوە ڕۆزی بۆ دەنێرێت کە بە هیچ جۆرێك بەتەمای ئەوە نەبووە: M j k l m n o p q r s t u ۝٣ L الطلاق: ٢ – ٣.

[١٦١] - (تربية الأولاد في الإسلام) نووسینی: دکتور عبدالله ناصح علوان وەرگێڕان و ئامادەکردنی ناصح ئیبراهیم سازانی.

سێهەم– گومانی باش بردن بە خوای گەورە:

خوای گەورە لەفەرمودەی قودسیدا دەفەرموێت: (أَنَا عِنْدَ ظَنِّ عَبْدِي إِنْ خَيْرًا فَخَيْـــرٌ، وَإِنْ شَـــرًّا فَشَرٌّ)[162]. واتە: من لـەجێی گومانی بەندەکەمم ئەگەر بەندەکەم گومانی چاك ببات بـە مـن بـۆی دەهێنمە دی، ئەگەر گومانی خراپیش ببات بە من هەر بۆی دەهێنمە دی.

جابر رەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: پێغەمبەری خـوا صـلى الله علیـە وسـلم سـیٚ رۆژ پـێش ئەوەی وەفات بکات گوێم لێی بوو دەیفەرموو: (لاَ يَمُوتَنّ أحَدُكُمْ إلاَّ وَهُوَ يُحْسِنُ الظَّـــنَّ بـــالله)[163]. واتە: با هیچ کەسێك لە ئێوە نەمرێت تاکو گومانی چاکەی بە خوای خۆی نەبێت.

ئەنەس رەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صـلى الله علیـە وسـلم چـووە سـەردانی گەنجێك لـەسەرەمەرگدا بوو پێی فـەرموو: (كَيْفَ تَجِدُكَ؟). واتـە: حاڵـت چـۆنە؟ ئـەویش وتـی: سوێند بە خوا لـە تاوانەکانم زۆر دەترسم و هیواو ئومێدی زۆریشم بە خوای خۆم هەیە، پێغەمبـەر صلى الله علیە وسلم فەرمووی: (لَا يَجْتَمِعَانِ فِي قَلْبِ عَبْدٍ فِي مِثْلِ هَذَا الْمَوْطِنِ إِلَّا أَعْطَاهُ اللَّهُ مَـا يَرْجُو وَآمَنَهُ مِمَّا يَخَافُ)[164]. واتە: ئەو دووانە لـەدڵی هەر بەندەیەکدا کۆببێتەوە لـەسـەرەمەرگدا ئەوەی لێی ئەترسیٚ خوای گەورە لێی دوور ئەخاتەوە، ئەوەیشی هیوای پێی هەیـە بـۆی دەهێنێتـە دی.

چوارەم– راستگۆیی:

خوای گەورە دەفەرموێت: M B C D E F G H I J L التوبة: ١١٩. واتە: ئەی ئەو کەسانەی کـە باوەڕتـان هێنـاوە لــە خـوا بترسـن بپارێزکـاربن و لـەگـەڵ راسـتگۆیان و راستاندا بن.

عبدالله کوڕی مەسعود رەزای خوای لیٚ بیٚ گێڕاوەتیەوە کە پێغەمبـەری خـوا صـلى الله علیـە وسلم فەرمویـەتی: (إنَّ الصِّدقَ يَهْدِي إِلَى البرِّ، وإنَّ البر يَهدِي إِلَى الجَنَّةِ، وإنَّ الرَّجُلَ لَيَصدُقُ حَتَّى

[162] - رواه الطبراني في الأوسط: ١٧٦٧٦ وصححه الألباني في صحيح الجامع: ١٩٠.

[163] - أخرجه مسلم: ١٦٥/٨ (٢٨٧٧) (٨٢) .

[164] - جامع الترمذي: ٩٨٣, سنن إبن ماجة: ٤٢٦١, سلسلة الصحيحة: ١٠٥١.

يُكْتَبَ عِنْدَ اللهِ صِدِّيقاً. وَإِنَّ الكَذِبَ يَهْدِي إِلَى الفُجُورِ، وَإِنَّ الفُجُورَ يَهدِي إِلَى النَّارِ، وَإِنَّ الرَّجُلَ لَيَكْذِبُ حَتَّى يُكتَبَ عِنْدَ اللهِ كَذَّاباً)[165]. واتە: بەڕاستی راستگۆیی یارمەتیتان دەدات بۆ چاکەکردن، چاکەش یارمەتیتان دەدات بۆ بەهەشت بێگومان پیاو بە بەردەوامی راستگۆ بێت و بگەڕێت بەدوای راستیدا تاکو وای لێ دێت لای خوا بە راستگۆ دەنووسرێت. ئێوە ئاگادربن و خۆتان بپارێزن لە درۆکردن، چونکە درۆکردن مرۆڤ دەبات بەرەو خراپەو تاوان، خراپەو تاوانیش بەرەو ئاگری دۆزەخ، پیاو بەردەوام ئەوەندە درۆدەکات تا لای خوای گەورە بەدرۆزن دێتە هەژمارو ناوی لەریزی درۆزنان دەنوسرێ. ئەوەی بەڕاستی و بەنیەتی پاکەوە لە دڵەوە داوای شەهید بوون بکات ئەوا خوای گەورە دەیگەیەنێت بە پلەی بەرزی شەهیدی بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە: (مَنْ سَأَلَ اللهَ تَعَالَى الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ بَلَّغَهُ مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ)[166].

پێنجەم- تەوبەو پەشیمانی:

خوای گەورە دەفەرمویێت: Mوَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾ L النور: ٣١ . واتە: ئەی باوەڕداران هەمووتان بەرەو لای خوا بگەڕێنەوەو پەشیمان ببنەوە، سا بەڵکو بگەن بە سەرفرازی و بەختیاری.

هەروەها دەفەرمویێت:M e f g h i j k l m n L طه: ٨٢. واتە: دڵنیابن کە بەڕاستی من لێ خۆشبووم لەو کەسەی تەوبە دەکات و باوەڕ دێنێت و کاروکردەوەی چاکە دەکات، لەوەودوا تادوایی بەردەوام دەبێت لەسەر ئەو رێبازە.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (التَّائِبُ مِنْ الذَّنْبِ كَمَنْ لَا ذَنْبَ لَهُ)[167]. واتە: هەرکەس تەوبە بکات لە گوناهو تاوانەکانی ئەوە وەك ئەو کەسە وایە گوناهو تاوانی نەبێت.

هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّ اللهَ - عز وجل - يَقْبَلُ تَوبَةَ العَبْدِ مَا لَمْ يُغَرْغِرْ)[168]. واتە: خوای

[165]- مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري : ٨/٣٠ (٦٠٩٤) ، ومسلم: ٨/٢٩ (٢٦٠٧) (١٠٣) .

[166]- أخرجه مسلم: ٦/٤٨ (١٩٠٩) .

[167]- رواه أحمد والترمذي و صححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٦١٣٢.

[168]- رواه ابن ماجه وحسنه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٣٠٠٨.

گەورە تەوبەی بەندە وەردەگرێت مادەم نەگەیشتبێتە حاڵەتی سەرەمەرگ و گیانەڵلاّ.

شەشەم – هیوا کورتی (قصر الأمل):

خوای گەورە دەفەرمویێت: M 8 9 : ; < = > ? @ A B C D F
G H I J K L M N O P Q S T U V W X Y Z \ ] ^
_ ` a b L الحدید: ٢٠. واتـە: بـزانن کـە بێگومـان ژیـانی دنیـا تـەنها گاڵتـەو گەمـەو ڕازاندنەوەو خۆهەڵکێشانە لـە نێوانیاندا و لاف و گەزاف لـێدانە بەداراییی و منداڵی زۆرەوە، وەك بارانێك وایە کە حاصلاّتەکەی جوتیاران دڵخۆش بکات پاشان وشك بیێ و بـەزەردی ببینـی لـە پاشان ببێت بـە پـوش و پـەلاّش ، لـە ڕۆژی دواییـشدا سـزای تونـدو سـەخت وە لێبـووردن و ڕەزامەندی هەیە لەلایەن خواوە بۆ(بۆ خوا ناسان) وە ژیانی دنیا هیچ نییەجگو لـە رابـواردنێکی خەڵەتێنەر.

هەروەها دەفەرمویێت: M b c d e f g h i j k l m n o p q r s
t u v w y z { | } ~ أَنَّمَا خَلَقۡنَٰكُمۡ عَبَثٗا وَأَنَّكُمۡ إِلَيۡنَا لَا تُرۡجَعُونَ ﴿١١٥﴾ L المؤمنون: ١١٢ – ١١٥. واتە: (خوا) دەفەرموێ: چەند ساڵ لەسـەر زەویـدا مانـەوە، (لـە وەلاّمـدا) دەڵـێن ڕۆژێك یان کەمتر لە ڕۆژێك ماینەوە، لەو مەلائیکانـە بپرسـە کـە ژمێریـارن، (خـوا) فـەرمووی: نەماونەتەوە ماوەیەکی کەم نەبێت ئەگەر بەڕاستی ئێوە دەتانزانی ؟ ئایا ئێوە گومانتـان وابـووە کـە بێگومان ئێوەمان بەبێ هودە دروستکردووە.

موستەورەدی کوڕی شەداد ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسلم فەرمویەتی: (مَا الدُّنْيَا فِي الآخِرَةِ إِلاَّ مِثْلُ مَا يَجْعَلُ أَحَدُكُمْ أُصْـبُعَهُ فِي الـيَمِّ، فَلْيَنْظُـرْ بِـمَ يَرْجِعُ!)[١٦٩]. واتە: ئەم جیهانە لەچاو ئەو جیهانی تردا وەك ئەوە وایە یـەکێکتان پەنجەیـەك بـژەنێ بە ئاوی دەریادا، دەی باش سەرنج بدەن کە بەقەد چەندێ ئاو لەو دەریایە هەڵدەگرێ!.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسـلم دەفـەرموێت: (أَلَا إِنَّ الدُّنْيَا مَلْعُونَةٌ مَلْعُونٌ مَا فِيهَا إِلَّا ذِكْرُ اللَّهِ وَمَا وَالَاهُ وَعَالِمٌ أَوْ مُتَعَلِّمٌ)[١٧٠]. واتە: دنیا نەفرەتی لێکراوە، ئەوەشی لەودایە نەفرین لێکـراوە

[١٦٩] - أخرجه مسلم: ٥٦/٨ (٢٨٥٨) (٥٥).

[١٧٠] - أخرجه ابن ماجة وحسنه الألباني في المشكاة: ٥١٧٦, صحيح سنن ابن ماجة: ٣٣٢٠, سلسلة الصحيحة: ٢٧٩٧.

تەنها دووشت نەبێت، یەکەم: زیکروویادی خواو ئەوەی دەبێتە هۆی ڕەزامەندی خوای گەورە، دووەم: زاناو فێرخواز.

سەهلی کوڕی سەعد ڕەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (لَوْ كَانَتْ الدُّنْيَا تَعْدِلُ عِنْدَ اللَّهِ جَنَاحَ بَعُوضَةٍ مَا سَقَى كَافِرًا مِنْهَا شَرْبَةَ مَاءٍ)[١٧١]. واتە: ئەگەر ژیانی دنیا هەمووی بەئەندازەی باڵە مێشولەیەك بەنرخ بوایە لای خوا نەیدەهێشت کافر قومێك ئاوبخواتەوە.

عبدالله ی کوڕی مەسعود ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لەسەر حەسیرێ خەوتبوو، کە هەستا لەخەو حەسیرەکە چەقیبووە لاتەنیشتی و جێگە تەڵەکانی دیاربوو، وتمان: قوربان! بریا دۆشەکێکمان بۆ دروست دەکردی! فەرمووی: (مَا لِي وَلِلدُّنْيَا ؟ مَا أَنَا فِي الدُّنْيَا إِلاَّ كَرَاكِبٍ اسْتَظَلَّ تَحْتَ شَجَرَةٍ ثُمَّ رَاحَ وَتَرَكَهَا)[١٧٢]. واتە: من لەکوێ و دنیا لە کوێ! حاڵی من لەم جیهانەدا وەك حاڵی سوارێکی ڕێبوار وایە کە لەژێر سێبەری دارێکدا وچانێ بدات و لەپاش کەمێك بڕوات بەڕێی خۆیەوە و درەختەکە بەجێ بێڵێت.

(فضيل کوڕی عياض) دەڵێ: هیوا زۆری نەگبەتی و بەدبەختیە، هیوا کورتیش خۆشبەختی و نیعمەتە [١٧٣].

حاتەمی کوڕی ئەصەم دەڵێ: هەموو شتێك جوانیەکی هەیە، جوانی عیبادەت و خوا پەرستی ترسانە لە خوا، نیشانەی ترسان لە خوایش هیوا کورتیە[١٧٤].

حەوتەم- ترسان و دوورکەوتنەوە لە هۆکارەکانی ئاخر شەڕی:

١- عەقیدەو بیروباوەڕی خراپ.

٢- دووڕوویی.

---

[١٧١]- صحيح جامع الترمذي: ٢٣٢٠, سلسلة الصحيحة:٦٨٦ .

[١٧٢]- أخرجه : ابن ماجه (٤١٠٩)، والترمذي (٢٣٧٧).

[١٧٣]- إبن أبي الدنيا في كتب قصر الأمل: ٨٨/١.

[١٧٤]- رحلة الى دار الآخرة.

٣- دواخستنی تەوبەو پەشیمانی.

٤- هیوا درێژی و خۆشەویستی لـە رادەبەدەری دنیا.

٥- پەیوەست بوونی دڵ بە غەیری خواوە.

٦- بەردەوامبوون لـەسەر گوناهو تاوان.

٧- بێ هیوا بوون لـە رەحمەت و بەزەیی خوای گەورە.

٨- هاوڕێیەتی و تێکەڵاوی پیاو خراپان.

٩- بەردەوام نەبوون لـەسەر گوێڕایەڵی و بەجێهێنانی فەرمانەکانی خوا.

١٠- زوڵـم و ستەمکردن لـە بەندەکانی خوا.

نیشانەکانی عاقیبەت خێری:

یەکەم- وتنی شایەتومان لـە کاتی سەرەمەرگدا:

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (مَنْ كَانَ آخِرَ كَلامِــهِ لاَ إِلــهَ إِلاَّ اللهُ دَخَــلَ الجَنَّةَ)[١٧٥]. واتە: هەرکەسێك دوا وتەی (لاَ إِلهَ إِلاَّ الله) بێت دەچێتە بەهەشتەوە.

خـوای گـەورە لـەو بـارەوە دەفـەرموێت: M = > ? @ A B C D E F G I J K M N O P Q L **إبراهيم: ٢٧. واتـە: ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوەو لـەقوولاَیی دڵیاندا جێگیر بووە، ئەوە خوا لـەسەر ئەو ئیمان و وتە راستەیان لـەژیانی دنیاو قیامەتدا سەقامگیرو دامەزراویان دەکات، ستەمکارانیش گومڕا دەکات، خودا هەرچی بوێت دەیکات.**

دووهەم- مردن بە ئەرەقەی نێوچاوان:

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (مَوْتُ الْمُؤْمِنِ بِعَــرَقِ الْجَــبِينِ)[١٧٦]. واتـەی: مردنی ئیماندار بە ئەرەقەی نێوچاوانە.

---

[١٧٥] - أخرجه أبو داود (٣١١٨) ، والحاكم ٣٥١/١) وصححه الألباني في الإرواء: ٦٨٦ .

[١٧٦] - أخرجه أحمد: ١٦١/١ وحسنه الحاكم: ٣٦١/١ ووافقه الذهبي, وصححه الألباني في صحيح سنن النسائي: ١٨٢٨.

هەروەها دەفەرمویّت: (لَقِّنُوا مَوْتَاكُمْ لا إِلَهَ إِلا اللَّهُ، فَإِنَّ نَفْسَ الْمُؤْمِنِ تَخْرُجُ رَشْحًا)[177]. واتە: وتەی (لاَ إِلهَ إِلاَّ الله) بدەن بە گوێی مردووەکانتاندا، بێگومان ڕۆحی خاوەن باوەڕ بە ئارەقکردنەوە دەردەچێت.

سێهەم– مردن لەشەوو ڕۆژی جومعەدا:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمویّت: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَمُوتُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَوْ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ إِلَّا وَقَاهُ اللَّهُ فِتْنَةَ الْقَبْرِ)[178]. واتە: هەر موسڵمانێك لە شەوی جومعە یان لە ڕۆژەکەیدا بمرێت، ئیللا خوای گەورە لە تاقی کردنەوەی گۆڕ دەیپارێزێت.

چوارەم– شەهید بوون لە گۆڕەپانی جەنگ و تێکۆشاندا:

هەرگیز وا گومان مەبەن ئەوانەی کوژران لەرێی خوادا مردوون، بەڵکو ئەوانە زیندوون لای پەروەردگاریان ڕۆزی دەدرێن: M d e f g h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | } ~ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٧٠﴾ ۞ © بِنِعْمَةٍ مِّنَ ٱللَّهِ وَفَضْلٍ وَأَنَّ ٱللَّهَ لَا يُضِيعُ أَجْرَ ´ µ L آل عمران: ١٦٩ – ١٧١.

(المقدام کوڕی معد کوڕی یکرب) ڕەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (لِلشَّهِيدِ عِنْدَ اللَّهِ سِتُّ خِصَالٍ يَغْفِرُ لَهُ فِي أَوَّلِ دُفْعَةٍ مِنْ دَمِهِ وَيُرَى مَقْعَدَهُ مِنْ الْجَنَّةِ وَيُجَارُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَيَأْمَنُ مِنْ الْفَزَعِ الْأَكْبَرِ وَيُحَلَّى حُلَّةَ الْإِيمَانِ وَيُزَوَّجُ مِنْ الْحُورِ الْعِينِ وَيُشَفَّعُ فِي سَبْعِينَ إِنْسَانًا مِنْ أَقَارِبِهِ)[179]. واتە: شەهید شەش شتی بۆ دەبێت لەلای خوای گەورە: لەگەڵ ڕژانی یەکەم دڵۆپ خوێنی دەبەخشریّ و، جێگای خۆی لە بەهەشت نیشان دەدرێت، لە هەموو جۆرە ئازارێکی گۆڕ ڕزگاری دەبێت، لە ترسە گەورەکە دەرباز دەبێت و ترسی نی یە، پۆشاکی ئیمانی لەبەر دەکرێت، لە بەهەشتدا حۆری دەبێت بە خێزانی، شەفاعەت بۆ حەفتا کەسی لە کەس و کاری دەکات.

[177] - أخرجه الطبراني والهيثمي في مجمع الزوائد: ٣٢٣/٢, سلسلة الصحيحة: ٢١٥١.

[178] - أخرجه وأحمد: ١٦٩/٢, وحسنه الألباني في صحيح الجامع: ٥٧٧٣, صحيح سنن الترمذي: ٨٥٨.

[179] - أخرجه الترمذي: ١٦٦٣/٤ وإبن ماجه: ٢٧٩٩/٢, وصححه الألباني في المشكاة: ٣٨٣٤.

ئەوەی بەنیەتی پاکەوە لە دڵەوە داوای شەهید بوون بکات ئەگەر بۆی نەڕەخسا لە گۆڕەپانی جەنگدا شەهید بێت ئەوا خوای گەورە دەیگەیەنێت بە پلەی بەرزی شەهیدی بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە: (مَنْ سَأَلَ اللهَ تَعَالَى الشَّهَادَةَ بِصِدْقٍ بَلَّغَهُ مَنَازِلَ الشُّهَدَاءِ وَإِنْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ)[١٨٠].

پێنجەم- مردن لەکاتی غەزاکردن و تێکۆشان لە پێناوی خوادا:

ئەبو مالیکی ئەشعەری ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: بیستم لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو: (مَنْ فَصَلَ فِي سَبِيلِ اللَّهِ فَمَاتَ أَوْ قُتِلَ فَهُوَ شَهِيدٌ أَوْ وَقَصَهُ فَرَسُهُ أَوْ بَعِيرُهُ أَوْ لَدَغَتْهُ هَامَّةٌ أَوْ مَاتَ عَلَى فِرَاشِهِ أَوْ بِأَيِّ حَتْفٍ شَاءَ اللَّهُ فَإِنَّهُ شَهِيدٌ وَإِنَّ لَهُ الْجَنَّةَ)[١٨١]. واتە: هەرکەسێك لەماڵ دەرچێت بە مەبەستی جیهادو تێکۆشان لە پێناوی خوادا، لەو ڕێگەدا بمرێت یان بکوژرێت ئەوە شەهیدە، یان لە ئەسپەکەی یا وشترەکەی بەربێتەوەو بمرێت، یان مار و دوپشك پێوەی بدات یا لەسەر جێگەی خۆی بە هەر کارەساتێك کە خوا بیەوێت بمرێت ئەوە شەهیدە و بەڕاستی بەهەشت جێگایەتی.

شەشەم- مردن بە نەخۆشیی کولێرا (طاعون):

ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (الطَّاعُونُ شَهَادَةٌ لِكُلِّ مُسْلِمٍ)[١٨٢]. واتە: نەخۆشی کولێرا شەهید بوونە بۆ هەموو موسڵمانێك.

حەوتەم- مردن بە هۆی سکئێشەوە:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (مَنْ يَقْتُلْهُ بَطْنُهُ فَلَنْ يُعَذَّبَ فِي قَبْرِهِ)[١٨٣]. واتە: هەر کەسێك سکی بیکوژێت بەهیچ جۆرێك لە گۆڕدا ئازار نادرێت.

هەروەها دەفەرموێت: (..وَمَنْ مَاتَ فِي الْبَطْنِ فَهُوَ شَهِيدٌ)[١٨٤]. واتە: وە ئەو کەسەش کە لە سکئێشەدا بمرێت.

---

[١٨٠]- أخرجه مسلم: ٤٨/٦ (١٩٠٩) .

[١٨١]- أخرجه أبو داود: ٣٩١/١, والحاكم: ٧٨/٢ وصححه, والبيهقي: ١٦٦/٩.

[١٨٢]- أخرجه البخاري: ١٥٦/١٠-١٥٧, وأحمد: (٣/ ١٥٢, ٢٠٢, ٢٢٣..).

[١٨٣]- صحيح سنن النسائي: ١٩٣٩, والترمذي: ٨٤٩ .

[١٨٤]- تحقيق الألباني : (صحيح) انظر حديث رقم: ٦٤٤٩ في صحيح الجامع .

هەشتەم و نۆهەم– لە ئاوا خنكان و دیوار بەسەردا ڕمان:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (الشُّهَدَاءُ خَمْسَةٌ : الْمَطْعُونُ وَالْمَبْطُونُ، وَالغَرِيقُ، وَصَاحِبُ الهَدْمِ، وَالشَّهِيدُ في سَبِيلِ اللهِ)[185]. واتە: شەهیدەكان پێنجن: ئەو كەسەی بمریٚ بەهۆی كولێراوە، ، كەسێك بە نەخۆشی سك ئێشە بمرێت، خنكاو، كەسیٚ شت بڕوخیٚ بەسەریداو بمرێت، شەهیدیش لە پێناوی خوادا.

دەهەم– مردن لەكاتی پاسەوانی كردن لەرێی خوا:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (كُلُّ مَيِّتٍ يُخْتَمُ عَلَى عَمَلِهِ إلاَّ الْمُرَابِطَ فِي سَبِيلِ اللهِ ، فَإنَّهُ يُنْمى لَهُ عَمَلهُ إلَى يَوْمِ القِيَامَةِ، وَيُؤَمَّنُ فِتْنَةَ القَبْرِ)[186]. واتە: هەموو مردویەك كۆتایی بە كردەوەكانی دێت جگە لەو كەسە لە پێناوی خوای گەورەدا پاسەوانی كردووە دژ بە دوژمنانی ئاینی ئیسلام و لەو كاتەدا مردووە، ئەو كەسە كردەوەكەی گەشەی پیٚ دەدرێت تا قیامەت و لە سزاو فیتنەی گۆڕ پارێزراو دەبێت.

یانزەهەم– مردن لە پێناوی بەرگری لە دین و خۆی و ماڵ و سامانی:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (مَنْ قُتِلَ دُونَ مَالِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ، وَمَنْ قُتِلَ دُونَ أَهْلِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ، وَمَنْ قُتِلَ دُونَ دِينِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ، وَمَنْ قُتِلَ دُونَ دَمِهِ فَهُوَ شَهِيدٌ)[187]. واتە: هەركەسێك لە پێناوی ماڵەكەیدا بكوژرێت ئەوە شەهیدە، وە هەركەسێك لە پێناوی كەس و كاریدا بكوژرێت ئەوە شەهیدە، هەركەسێك لە پێناوی دینەكەیدا بكوژرێت ئەوە شەهیدە، هەركەسێك لە پێناوی خوێنیدا بكوژرێت ئەوە شەهیدە.

دوانزەهەم– مردن لەسەر كاری خێرو چاكە:

ئەنەس فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (إِذَا أَرَادَ اللَّهُ بِعَبْدٍ خَيْرًا اسْتَعْمَلَهُ). واتە: ئەگەر خوای گەورە چاكەی بۆ بەندەیەكی بویێت بەكاری دەهێنێت، وتیان چۆن

[185]- متفقٌ عَلَيْهِ . أخرجه : البخاري ١٦٧/١ (٦٥٣) ، ومسلم ٥١/٦ (١٩١٤) (١٦٤) .

[186]- أخرجه أبو داود (٢٥٠٠) ، والترمذي (١٦٢١), صحيح الترغيب والترهيب: ١٢١٨.

[187]- أخرجه أبو داود (٤٧٧٢) ، والترمذي (١٤٢١), صحيح سنن النسائي: ٤٠٩٥.

بەکاری دەهێنێت ئەی پێغەمبەری خوا ؟ فەرمووی: (يُوَفِّقُهُ لِعَمَلٍ صَالِحٍ قَبْلَ الْمَـوْتِ)[١٨٨]. واتـە: پێش ئەوەی بمرێت یارمەتی دەدات بۆ کردەوەی چاك پاشان گیانی دەکێشێت.

سیانزەهەم و چوادەهەم– مردنی ئافرەتی سك پڕ بەسەر منداڵەکەیەوە و، مردن بە نەخۆشیی سیل:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسـلـم فەرمویـەتی: (القتل في سبيل الله شهادة، والنفساء شهادة، والحرق شهادة، والغرق شهادة، والسـل شـهادة، والبطن شهادة)[١٨٩]. واتە: کوژران لـە پێناوی خوا شەهیدیە، وە کولێرا شەهیدە، ئـافرەتی بەسـەر منداڵەکەیەوە بمرێت شەهیدیە، سوتان شەهیدیە، مردن بـە نەخۆشـیی سـیل شـەهیدیە، مـردن بـە نەخۆشیی سك ئێشە شەهیدیە.

پانزەهەم– مردن بە نەخۆشیی پەردەی ناوەوەی پەراسووەکان.

[١٨٨] -رواه أحمد, جامع الترمذي: ٢١٤٢, وصححه الألباني في صحيح الجامع: ٣٠٥.

[١٨٩] - أخرجه الطبراني في الأوسط: (ح ٣٩١٠), وأحمد في مسنده: ٤٨٩/٣ وحسنه الألباني في صـحيح الجـامع: ٤٤٣٩.

ڕووداوەكانی دوای ڕۆح كێشان

چی لـەسەر ئامادەبووان پێویستە:

یەكەم– نوقاندنی چاوەكانی و، دوعای خێر بۆكردنی:

ئوم سەلـەمە گێڕایەوەو فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسـلـم هاتـە لای (أبـو سـلـمە) كاتی ڕۆح سپاردنی، چـاوەكانی كرابوونـەوە، چـاوەكانی نوقانـدن، دوای ئـەوە فـەرمووی: (إِنَّ الرُّوحَ إِذَا قُبِضَ تَبِعَهُ الْبَصَرُ فَضَجَّ نَاسٌ مِنْ أَهْلِهِ فَقَالَ لَا تَدْعُوا عَلَى أَنْفُسِكُمْ إِلَّا بِخَيْرٍ فَإِنَّ الْمَلَائِكَـــةَ يُؤَمِّنُونَ عَلَى مَا تَقُولُونَ ثُمَّ قَالَ اللَّهُمَّ اغْفِرْ لِأَبِي سَلَمَةَ وَارْفَعْ دَرَجَتَهُ فِي الْمَهْدِيِّينَ وَاخْلُفْهُ فِي عَقِبِـــهِ فِي الْغَابِرِينَ وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ يَا رَبَّ الْعَالَمِينَ وَافْسَحْ لَهُ فِي قَبْرِهِ وَنَوِّرْ لَهُ فِيهِ)[١٩٠]. واتـە: هـەركاتێك ڕۆح لـە جەستە دەرچوو چاو بەدوایدا دەڕوانێـت، كۆمەڵـە كەسـێك لــە كـەس و كـاری ئـەبو سەلـەمە شڵەژان و كردیان بە هـات و هـاوار، پێغەمبـەری خـواش صـلی الله علیـه وسـلـم پێـی فەرموون: دوعا لـە خۆتان مەكەن بەخێر نەبێت، چونكە مەلائیكەكان ئـامین لـەسـەر دوعاكانتـان دەكەن، دوای ئەوە فەرمووی: خوایە لـە (أبو سلمە) خۆش بە، لــەناو هیدایـەت دراوانـدا پلــەی بەرزكەرەوە، جێگەشی پڕ بكەرەوە بۆ ئەوانەی كە لــە دوای بـەجێماون، لـە ئێمـەو لــە ئـەویش خۆش بە ئەی پەروەردگاری هەموو جیهان، گۆڕەكەی بۆ فراوان بكە و، ڕووناكی بكەرەوە.

دووهەم– بە پۆشاكێك هەموو جەستەی داپۆشرێت:

عائیشە ڕەزای خوای لـێ بێ فەرمووی: (أَنَّ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حِينَ تُـــوُفِّيَ سُـــجِّيَ بِبُرْدٍ حِبَرَةٍ)[١٩١]. واتە: كاتێك كە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم وەفاتی كرد بـە عەبایـەكی پیاوانەی دروستكراوی یەمەن داپۆشرا.

---

[١٩٠] - أخرجه مسلم: ٩٢٠, وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ١٦٣٤.

[١٩١] - أخرجه البخاري في كتاب الجنائز: ١٢٤١/٣-١٢٤٢, وفي كتاب الفضائل: ٣٦٦٧/٧ ومسلم: ٩٤٢/٢, وأحمد في مسنده: ١١٧/٦.

بەڵام ئەگەر لـە ئیحرامدا بوو ئەوا دەم و چاوی داناپۆشرێت:

بە بەڵگەی ئەم فەرمودەیە: ئیبن عەباس ڕەزای خوایان لیٚ بیٚ گێڕاویەتیـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا صلی الله علیه وسلم فەرمویـەتی: (بَيْنَمَا رَجُلٌ وَاقِفٌ بِعَرَفَةَ إِذْ وَقَعَ عَنْ رَاحِلَتِهِ فَوَقَـصَتْهُ أَوْ قَـالَ فَأَوْقَصَتْهُ قَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ اغْسِلُوهُ بِمَاءٍ وَسِدْرٍ وَكَفِّنُوهُ فِي ثَوْبَيْنِ وَلَا تُحَنِّطُـوهُ وَلَـا تُخَمِّرُوا رَأْسَهُ فَإِنَّهُ يُبْعَثُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ مُلَبِّيًـا)[192]. واتـە: جاێـك پیاوێـك لـەسـەر کێـوی عەرەفـە رادەوەستێت، لـەسەر وڵاخەکەی دەکەوێتە خوارەوە و ملی دەشکێت، پێغەمبەری خـواش صـلی الله علیه وسلم فەرمووی: بەئاو و سیدر بیشۆن و لـە دوو کراسـدا کفنـی بکـەن، بـۆنی خۆشـی بەسەردا مەکەن و سەرو ڕوومەتیشی دامەپۆشن، چونکە لـە کـاتی زیندوبونەوەیـدا بـە تەلبیـەوە زیندوودەکرێتەوە(واتە: لبیك اللـهم لبیك.. دەکات).

سێهەم- پەلـەکردن لـە شتن و کفن کردن و نوێژ لـەسەر کردنی و بەڕێکردنی بۆ گۆڕستان:

سوننەتە پەلـە بکرێت لـە شتن و کفن کردن و ناشتنی مردودا، بە بەڵگەی ئەم فەرمودانە:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لیٚ بـیٚ گێڕاویەتیـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم فەرمویەتی: (أَسْرِعُوا بِالجَنَازَةِ، فَإِنْ تَكُ صَالِحَةً، فَخَيْرٌ تُقَدِّمُونَهَا إِلَيْهِ، وَإِنْ تَكُ سِوَى ذَلِـكَ، فَـشَرٌّ تَضَعُونَهُ عَنْ رِقَابِكُمْ)[193]. واتە: دەست و برد لـە بەڕێکردنی تەرمدا بکەن و زوو بەزوو بیبـەن بـۆ گۆڕستان و لـەڕیٚ خێرا بڕۆن، چونکە ئەگەر خۆی مرۆڤێکی باش بێت ئەوە ئێـوە دەیبـەن بەسـەر خێر و خۆشیدا، خۆ ئەگەر خۆی مرۆڤێکی باش نەبێت ئەوا شەرێکە لـە کۆڵی خۆتانی دەکەنەوە.

ئەبو قەتادەی کوڕی ڕوبعی وتی: جارێکیان تەرمێك بەلای پێغەمبەردا صـلی الله علیـە وسـلم برا فەرمووی: (مُسْتَرِيحٌ وَمُسْتَرَاحٌ مِنْهُ). واتە: ئەو ئاسـودەیەو ئاسـودەن لـەدەسـتی، وتیـان: ئـەی پێغەمبەری خوا ئاسودەیەو ئاسودەن لـەدەستی یانی چی؟ فەرمووی: (الْعَبْدُ الْمُؤْمِنُ يَـسْتَرِيحُ مِـنْ نَصَبِ الدُّنْيَا وَالْعَبْدُ الْفَاجِرُ يَسْتَرِيحُ مِنْهُ الْعِبَادُ وَالْبِلَادُ وَالـشَّجَرُ وَالـدَّوَابُّ)[194]. واتـە: بەنـدەی

---

[192]- أخرجه البخاري في كتاب جزاء الصيد: ٤/١٨٥٠, ومسلم في كتاب الحج: ٢/٩٩.

[193]- متفقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ١٠٨/٢ (١٣١٥)، ومسلم ٥٠/٣ (٩٤٤) (٥٠).

[194]- متفقٌ عَلَيْهِ.

باوەڕدار لەدەست کێشەو ناخۆشیەکانی دنیا رزگاری دەبێت و ئاسودەیە، بەندەی تاوانکاریش بەندەکان و وڵات و دار و درەخت و ئاژەڵان لەدەستی ئاسودە دەبن.

ئەبو سەعیدی خودری رەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (إِذَا وُضِعَت الجَنَازَةُ، فَاحْتَمَلَهَا الرِّجَالُ عَلَى أعنَاقِهِمْ، فَإِنْ كَانَتْ صَالِحَةً، قالتْ: قَدِّمُونِي، وَإِنْ كَانَتْ غَيْرَ صَالِحَةٍ، قَالَتْ لأَهْلِهَا: يَا وَيْلَهَا أَيْنَ تَذْهَبُونَ بِهَا؟ يَسْمَعُ صَوْتَهَا كُلُّ شَيْءٍ إلاَّ الإِنْسَانَ، وَلَوْ سَمِعَ الإنسَانُ لَصَعِقَ)[195]. واتە: کاتێك کە تەرم دادەنرێت و پیاوان هەڵی دەگرن و لەسەر شان و ملی خۆیانی دادەنێن، جا ئەگەر چاکەکار بێت دەڵیّ: پەلە بکەن پێشم بخەن، بەڵام ئەگەر چاکەکار نەبێت دەڵیّ: داخ و خەفەت بۆ من ئەوە بۆ کوێی دەبەن؟ هەموو شتێك دەنگەکەی دەبیستێت جگە لە مرۆڤ، ئەگەر ببیستێت زەندەقی دەچیّ و لەناودەچێت.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (مامِن مُسْلِمٍ يَمُوتُ، فَيَقُومُ عَلَى جَنَازَتِه أَرْبَعُونَ رَجُلاً، لايُشرِكُونَ باللهِ شَيْئاً إلا شُفِعوا فِيه)[196]. واتە: ئەگەر چل پیاو نوێژی لەسەر بکەن هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار نەدابیّ، ئەوا خوای گەورە نوێژی ئەو چل کەسە دەکاتە تکاو شەفاعەت بۆی و سەرفراز دەبێت لە قیامەتدا !!.

چوارەم- هەر لەو شوێنەی مردووە بنێژرێت مەگەر لەبەر زەرورەت:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمانی کرد کوژراوەکانی جەنگی ئوحد لە شوێنی خۆیاندا بنێژرێن.

پێنجەم- پەلەکردن لە دانەوەی قەرزەکانی:

لە سەعدی کوڕی (الأطول) رەزای خوای لیّ بیّ دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: (أَنَّ أَخَاهُ مَاتَ وَتَرَكَ ثَلَاثَ مِائَةِ دِرْهَمٍ وَتَرَكَ عِيَالًا فَأَرَدْتُ أَنْ أُنْفِقَهَا عَلَى عِيَالِهِ فَقَالَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّ أَخَاكَ مُحْتَبَسٌ بِدَيْنِهِ فَاقْضِ عَنْهُ فَقَالَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَدْ أَدَّيْتُ عَنْهُ إِلَّا دِينَارَيْنِ ادَّعَتْهُمَا امْرَأَةٌ وَلَيْسَ لَهَا بَيِّنَةٌ

---

[195] - أخرجه البخاري: ١٢٤/٢ (١٣٨٠) .

[196] - أخرجه مسلم: (٩٤٨).

قَالَ فَأَعْطِهَا فَإِنَّهَا مُحِقَّةٌ)[197]. واته: براکەی مردوو سێ سەد درهەمی لەپاش خۆی بـەجێ هێـشت بوو، چەند منداڵێکیشی لە پاش خۆی لەپاش خۆی بـەجێ هێـشت بـوو، دەڵـێ:ویـستم لەسـەر منداڵەکانی خەرجی بکەن، بەڵام پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم پێـی فـەرمووم: براکـەت بەندکراوە بەهۆی قەرزەکانی یەوە جا برۆ قەرزەکانی بـۆ ببـژێرە، منـیش رۆشـتم قـەرزەکانم بـۆ بژارد، پاشان رۆشتم پێم گوت: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەموو قـەرزەکانم بـۆ بژارد، جگە لـە دوو دینار نەبێت کە هی ئافرەتێك بوو هیچ بەڵگەیەی نـەبو، ئـەویش فـەرمووی: بیدەرێ حەقی خۆیەتی. لەریولایەتێکی تردا هاتووە: ئەو ئافرەتە راستگۆیە.

بێگومان هەرکەسێك قەرزار بوایە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم نوێـژی مـردوی لەسـەر نەدەکرد.

شەشەم: جێبەجێکردنی وەسیەتە شەرعیەکانی.

حەوتەم: دابەشکردنی میراتەکەی بە پێی شەرع.

چۆنیەتی نوێژی مردوو (الصلاة الجنازة):

نوێژی مردوو فەرزی کیفایەیە واتە ئەگەر هەندێك لـە موسڵمانان پێی هەستان ئەوا لەسـەر بـاقی موسوڵمانانی تر دەکەوێ و پێی گوناهبار نابن، وا چاکە بە سـێ ریـز بکـرێ، نوێژەکـە بـە پێـوە دەکرێ، ئەگەر مردووەکە پیاو بوو ئیمام لای سەریەوە رادەوەستێ، ئەگەر ئافرەت بـوو ئـاوا لــە ناوەراستییەوە رادەوەستێت، چوار(الله اکبر) دەکرێت لـە یەکەمدا سورەتی فاتیحـە دەخـوێنرێ یـا سورەتێکی تـریش لــە گەڵیـدا، پاشـان(الله اکـبر)ی دووەم دەکـرێ و سـلاوات دەدرێ لەسـەر پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم، پاشان (الله اکبر)ی سێیەم دەکرێ و دوعای خێـر دەکـرێ بۆ مردووەکە (اللهم اغفر له وارحمه.. هەروەها، پاشان(الله اکبر)ی چوارەم دەکرێ و دوعای خێر دەکەن بۆ خۆیان و بۆ مردووەکەو بۆ موسڵمانان بەگـشتی (اللَّهُمَّ لاَ تَحْرِمْنَا أجْرَهُ، وَلاَ تَفْتِنَّا بَعدَهُ، وَاغْفِرْ لَنَا وَلَهُ). ئینجا سلاو دەدەنەوە.

---

[197] - صحيح سنن ابن ماجة (٢٤٣٣).

مەلائیکە رۆحەکان بەرز دەکەنەوە بۆ ئاسمان:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیـه وسـلم فـەرمووی: (الْمَيِّتُ تَحْضُرُهُ الْمَلَائِكَةُ فَإِذَا كَانَ الرَّجُلُ صَالِحًا قَالُوا اخْرُجِي أَيَّتُهَا النَّفْسُ الطَّيِّبَـةُ كَانَـتْ فِـي الْجَسَدِ الطَّيِّبِ اخْرُجِي حَمِيدَةً وَأَبْشِرِي بِرَوْحٍ وَرَيْحَانٍ وَرَبٍّ غَيْرِ غَضْبَانَ فَلَا يَزَالُ يُقَالُ لَهَا ذَلِـكَ حَتَّى تَخْرُجَ ثُمَّ يُعْرَجُ بِهَا إِلَى السَّمَاءِ فَيُفْتَحُ لَهَا فَيُقَالُ مَنْ هَذَا فَيَقُولُونَ فُلَانٌ فَيُقَالُ مَرْحَبًا بِـالنَّفْسِ الطَّيِّبَةِ كَانَتْ فِي الْجَسَدِ الطَّيِّبِ ادْخُلِي حَمِيدَةً وَأَبْشِرِي بِرَوْحٍ وَرَيْحَانٍ وَرَبٍّ غَيْرِ غَضْبَانَ فَلَا يَزَالُ يُقَالُ لَهَا ذَلِكَ حَتَّى يُنْتَهَى بِهَا إِلَى السَّمَاءِ الَّتِي فِيهَا اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ وَإِذَا كَانَ الرَّجُـلُ السُّوءُ قَـالَ اخْرُجِي أَيَّتُهَا النَّفْسُ الْخَبِيثَةُ كَانَتْ فِي الْجَسَدِ الْخَبِيثِ اخْرُجِي ذَمِيمَةً وَأَبْشِرِي بِحَمِـيمٍ وَغَـسَّاقٍ وَآخَرَ مِنْ شَكْلِهِ أَزْوَاجٌ فَلَا يَزَالُ يُقَالُ لَهَا ذَلِكَ حَتَّى تَخْرُجَ ثُمَّ يُعْرَجُ بِهَا إِلَى السَّمَاءِ فَلَا يُفْتَحُ لَهَـا فَيُقَالُ مَنْ هَذَا فَيُقَالُ فُلَانٌ فَيُقَالُ لَا مَرْحَبًا بِالنَّفْسِ الْخَبِيثَةِ كَانَتْ فِي الْجَسَدِ الْخَبِيثِ ارْجِعِي ذَمِيمَـةً فَإِنَّهَا لَا تُفْتَحُ لَكِ أَبْوَابُ السَّمَاءِ فَيُرْسَلُ بِهَا مِنْ السَّمَاءِ ثُمَّ تَصِيرُ إِلَى الْقَبْـرِ)[١٩٨]. واتـە: مەلائیکـە ئامادە دەبن لـە کاتی گیان کێشاندا، ئەگەر پیاوی چـاك بـوو دەڵـێن: ئـەی رۆحـە پاکەکـە لـەو جەستە پاکە وەرە دەرەوە، وەرە دەرەوە بەڕاسـتی شـایەنی پیاهەڵـدانی و سوپاسـکراوی مـژدەی سۆزو بەزەیی خواو بۆنی خۆشی بەهەشتت لیٚ بیٚ، هەروەها خوا لێت رازیەو لێت تـورە نىیـەو سزات نادات، بەردەوام وای پیٚ ئەڵێن تا رۆحی لـە جەستەی دێتە دەرەوەو، پاشان هەڵیـدەگرن و بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان و دەرگای ئاسمانی بـۆ دەکەنـەوەو دەڵـێن: ئـەوە کێیـە؟ ئـەوە فلانـی کوڕی فلانە، ئەوانیش دەڵێن: مەرحەبا ئەی رۆحە پاکەکە لـەناو جەسـتەیەکی پاکیـشدا بـووی، برۆ ژوورەوە بەخۆشی و شادیەوە، مژدەی سۆزو بەزەیی خواو بۆنی خۆشی بەهەشـتت لـیٚ بـیٚ، هەروەها خوا لێت رازیەو هەرگیز لێت تورە نابێت و سزات نادات، بەردەوام وای پیٚ دەڵێن تـا دەگاتە ئەو ئاسمانەی خوای گەورە لەسەرویەوەیە، بەلام ئەگەر پیاوی خـراپ بـوو پێـی دەڵـێن: وەرە دەرەوە ئەی رۆحە پیـسەکە لـەناو جەسـتەیەکی پیـسدای، وەرە دەرەوە ئـەی سەرزەنـشت کراوو زەمکراو مژدەی کلٚپەی ئاگری دۆزەخت لیٚ بیٚ کـە لەگـەڵ کـێم و زووخاوەکـەی لـە چاوەڕێتدان، بەردەوام وای پیٚ دەڵێن تا رۆحی لە جەستەی دێتە دەرەوەو، پاشـان هەڵیـدەگرن و بەرزی دەکەنەوە بۆ ئاسمان و دەرگای ئاسمانی بـۆ دەکەنـەوەو دەڵـێن: ئـەوە کێیـە؟ ئـەوە فلانـی

---

[١٩٨] - رواه إبن ماجه: ٤٢٦٢, وأحمد: ٣٦٤/٢, وصححه الألباني في صحيح الجامع: ١٦٧٦.

کوڕی فلانە، ئەوانیش دەڵێن: بەخێر نەیەی و مەرحەبات لێ نەبێ ئەی ڕۆحە پیسەکە لەناو جەستەیەکی پیسدا بووی، بگەڕێوە ئەی زەمکراو دەرگاکانی تری ئاسمانت بۆ ناکرێتەوە، ئیتر دەگەڕێتەوە بۆ ناو گۆڕەکەی.

مەنزڵ و نیشتگەی ڕۆحەکان لە ژیانی بەرزەخدا:

ئیبن قەیم لە کتێبی (الروح)دا دەڵێ: ڕۆحەکان مەنزڵیان جۆراو جۆر و جیاوازە لە ژیانی بەرزەخدا:

– هەندێك ڕۆح لە بەرزترین شوێن و پلەو پایەدان کە ئەوانەش ڕۆحی پەیامبەرانن کە ئەوانیش جۆراو جۆرن وەك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بینی لە شەوی میعراجدا.

– هەندێ ڕۆح دەکرێنە بەری باڵندەیەکی سەوزو بە ئارەزووی خۆیان بەناو بەهەشتدا دەگەڕێن ئەویش ڕۆحی شەهیدەکانە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم لەو بارەوە دەفەرموێت: (إِنَّمَا نَسَمَةُ الْمُؤْمِنِ طَيْرٌ يَعْلَقُ فِي شَجَرِ الْجَنَّةِ حَتَّى يَرْجِعَهُ اللَّهُ إِلَى جَسَدِهِ)[199]. واتە: ڕۆحی باوەڕدار باڵندەیەکە بە درەختانی بەهەشت هەڵدەواسرێ هەتا خوا ئەیگێڕێتەوە ناو جەستەکەی.

– هەندێ ڕۆح لەبەر دەرگای بەهەشت بەند دەکرێن وەك لەم فەرمودەیەدا هاتووە: (رأيتُ صاحِبَكُم مَحبوساً على بابِ الجَنة)[200]. واتە: هاوڕێکەتانم بینی لەبەر دەرگای بەهەشتدا بەند کرابوو.

– هەندێ ڕۆح لە گۆڕەکەیدا بەند دەکرێت وەك ئەو کەسەی کە جبەکەی لە دەسکەوتی جەنگی خستەلاوە بۆ خۆی دوایی شەهید بوو، وتیان فلان کەس بەهەشتی لێ پیرۆز بێت، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ إِنَّ الشَّمْلَةَ الَّتِي غَلَّهَا لَتَشْتَعِلُ عَلَيْهِ نَارًا فِي قَبرِهِ)[201]. واتە: بەو کەسەی کە نەفسی منی بەدەستە ئەو جبەیەی کە گلی

---

[199] - صحيح تخريج الطحاوية: ٤٥٥.

[200] - أخرجه الترمذي: ١٦٤١, والنسائي: ٢٠٧٢, وصححه مالك في " الموطأ " (٢٣٨/١).

[201] - رواه البخاري: ٤١٥/٢٠.

داوەتەوە بۆ خۆی بۆتە بڵێسەی ئاگرو لەناو گۆڕەکەیدا ئەیسوتێنێ.

– هەندێ رۆح لەسەر زەویدا بەند دەکرێت و بەرز نابێتەوە بۆ ئاسمان، کە ئەویش رۆحێکی نزمی زەمینیە، دەروونی نزم و زەمینیش ناتوانێت نزیکی ئاسمان بێتەوە.

– هەندێ رۆح هەیە لەناو تەنووری داوێن پیس و شەرواڵ پیسەکاندایە.

– هەندێ رۆحیش لەناو رووباری خوێندا مەلە دەکات و بەرد هەڵئەلوشێت[٢٠٢].

* ئیمام ئەحمەد ئەفەرموێت: رۆحی ئیمانداران لەبەهەشتدایەو، رۆحی کافرانیش لە ئاگری دۆزەخدایە.

* ئیمام مالیك ئەفەرموێت: پێم گەیشتووە کە رۆح لە جم و جوڵ و هاتو چۆدایە.

* ئیبن رەجەبی حەنبەلی دەڵێ: هیچ گومانێکی تێدا نیەکە رۆحی پەیامبەران لە هەرە بەرزیدایە (أعلى عليين)[٢٠٣].

رۆحی ئیمانداران بەیەك دەگەن و شادمان دەبن:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (فَيَأْتُونَ بِهِ أَرْوَاحَ الْمُؤْمِنِينَ فَلَهُمْ أَشَدُّ فَرَحًا بِهِ مِنْ أَحَدِكُمْ بِغَائِبِهِ يَقْدَمُ عَلَيْهِ فَيَسْأَلُونَهُ مَاذَا فَعَلَ فُلَانٌ مَاذَا فَعَلَ فُلَانٌ فَيَقُولُونَ دَعُوهُ فَإِنَّهُ كَانَ فِي غَمِّ الدُّنْيَا فَإِذَا قَالَ أَمَا أَتَاكُمْ قَالُوا ذُهِبَ بِهِ إِلَى أُمِّهِ الْهَاوِيَةِ)[٢٠٤]. واتە: جا رۆحی باوەڕداران دەهێننە لای، کە ئەوان بە ئامادەبوونی ئەو لەو کەسە شادمانترن کە یەکێك لە ئێوە دۆستێکی بۆ دەگەڕێتەوە، جا پرسیاری لێ دەکەن: فلان کەس چی کرد؟ ئەڵێن: وازی لێ بێنن تا ئەحەسێتەوە، بەراستی ئەو لەناو پەژارەی دنیادا بووە، ئەگەر بیوتایە: هاتۆتە لاتان، دەڵێن: براوە بۆ (هاویە)ی دایکی.

٢٠٢- کتێبی (الروح)ی ئیبن قەیم لاپەڕە: ٩٨– ١٠١.

٢٠٣- کتێبی (أهوال القبور)ی ئیبن رجب.

٢٠٤- صحيح سنن النسائي: ١٣٠٩ , سلسلة الصحيحة: ١٨٣٣.

مەترسی و ناخۆشیەکانی گۆڕ

گۆڕ یەکەم هەوارگەی قیامەتە:

گۆڕ هەوارگەیەکە لە نێوان دنیاو قیامەتدا، دواهەمین هەوارگەی دنیاو یەکەمین هەوارگەو مەنزڵی دوارۆژە، هەر کەسێك خرایە گۆڕەو تێشوی چاکی بۆ ئامادەکردبوو بەچاکی پاداشت دەدرێتەوە، ئەگەر تێشوی خراپی بۆ ئامادەکردبوو بە خراپە تۆڵەی لێ وەردەگیرێت.

عوسمانی کوڕی عەفان جارێك لەسەر گۆڕێك وەستا ئەوەندە گریا تاکو ریشی تەڕبوو، پێیان وت: بۆ باسی دۆزەخ و بەهەشتت بۆ دەکرێ ناگریت کەچی لەسەر گۆڕ دەگریت؟ فەرمووی: بیستوومە لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو: (إِنَّ الْقَبْرَ أَوَّلُ مَنْزِلٍ مِنْ مَنَازِلِ الْآخِرَةِ فَإِنْ نَجَا مِنْهُ فَمَا بَعْدَهُ أَيْسَرُ مِنْهُ وَإِنْ لَمْ يَنْجُ مِنْهُ فَمَا بَعْدَهُ أَشَدُّ مِنْهُ). واتە: گۆڕ یەکەم مەنزڵی قیامەتە، ئەگەر خاوەنەکەی رزگاری ببێت ئەوا لێ پرسینەوەی دوای گۆڕی ئاسانتر دەبێت، بەڵام ئەگەر رزگاری نەبێت لە گۆڕدا ئەوا لێپێچینەوەی قورس و گرانتر دەبێت. هەروەها فەرمووی: بیستوومە لە پێغەمبەری خوا دەیفەرموو: (مَا رَأَيْتُ مَنْظَرًا قَطُّ إِلَّا الْقَبْرُ أَفْظَعُ مِنْهُ)[٢٠٥]. واتە: هیچ دیمەنێکم نەدیوە لە مردن ناخۆشتر بێت.

رۆژێکیان پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەماشای گۆڕێکی کرد کە هەڵکەنرا بوو، لێی نزیك بووەوە و فرمێسك بە چاوەکانیدا هاتەخوارەوە و رووی کردە هاوەڵانی و فەرمووی: (أَيْ إِخْوَانِي لِمِثْلِ هَذا الْيَوْمِ فَأَعِدُّوا)[٢٠٦]. واتە: ئەی برایان خۆتان ئامادە بکەن بۆ رۆژێکی وەك ئەمڕۆ.

ئەنەس رەزای خوای لێ بێ فەرمووی : پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (يَتْبَعُ المَيتَ ثَلاَثَةٌ : أَهْلُهُ وَمَالُهُ وَعَمَلُهُ ، فَيَرجِعُ اثنَانِ وَيَبْقَى وَاحِدٌ : يَرجِعُ أهْلُهُ وَمَالُهُ ، وَيَبقَى عَمَلُهُ)[٢٠٧]. واتە: سێ شت دوای مردوو دەکەوێت، جا دوانیان دەگەڕێنەوەو یەکێکیان لەگەڵدا دەمێنێتەوە، کەس و کارو ماڵ و کردەوەکانی لەگەڵدا دەڕوات، کەس و کارو ماڵەکەی دەگەڕێنەوە، بەڵام

---

[٢٠٥] - قال شيخ الألباني: حسن في جامع الترمذي: ٢٣٠٨, وإبن ماجة: ٤٢٦٧.

[٢٠٦] - رواه أحمد وإبن ماجة, وحسنه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٢٦٥٩.

[٢٠٧] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ . أخرجه البخاري ١٣٤/٨ (٦٥١٤) ، ومسلم ٢١١/٨ (٢٩٦٠) (٥) .

کردەوەکانی لـەگەڵدا دەمێنێتەوە.

مامۆستا کرێکار لـە هۆنراوەیەکدا دەڵێ:

ئێوارەی ژین بەسەردا هات ناچاری بازاڕ هەڵبگری

بەرەوماڵی گۆڕی تارت بە تـەنها ملی رێ بگـری

گوناهـت کرد تامی رۆیی سزاکەی وا چاوەڕێتـە

دە فرمێسکی پەشیمانی هەڵوەرێنە هەتـا دەمـری

مانەوەی پیاو چاکان لەسەر گۆڕ:

عەمری کوڕی عاص رەزای خوای لێ بێ لـە کاتێکدا مردن یەخەی گرت لـە وەسیەتەکەیدا وتی: (فَإذا دَفَنْتُمُونِي، فَشُنُّوا عَليَّ التُّرابَ شَنّاً، ثُمَّ أقِيمُوا حَوْلَ قَبْرِي قَدْرَ مَا تُنْحَرُ جَزورٌ، وَيُقْسَمُ لَحْمُهَا، حَتَّى أَسْتَأنِسَ بِكُمْ، وَأنْظُرَ مَا أُرَاجعُ بِهِ رسُلَ رَبّي) [٢٠٨]. واتـە: هـەرکاتێ منتـان شـاردەوە خاکتـان کرد بەسەرمدا چۆن بەسەردا کردنێك، پاشان ئەوەندەی کە وشـترێ سـەر بـبڕن و گۆشـتەکەی بەش بکەن، لـە دەوری گۆڕەکەم بوەستن هەتا هـۆگرېم پێتانـەوەو تـرس و سـامم بـشکێ و بـیرێ بکەمەوە کە چۆن وەڵامی فروستادەو نێردراوانی پەروەردگارم بدەمەوە.

کاتێ مردوو خرایە گۆڕ و هاوڕێکانی گەڕانەوە گوێی لـە دەنگی پێڵاوەکانیانە:

ئەنەس رەزای خوایان لێ بێ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویـەتی: (الْعَبْدُ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ وَتُوُلِّيَ وَذَهَبَ أَصْحَابُهُ حَتَّى إِنَّهُ لَيَسْمَعُ قَرْعَ نِعَالِهِمْ)[٢٠٩]. واتە: بەندە کاتێ خرایە ناو گۆڕو خەڵکەکە گەڕانەوە گوێی لـە دەنگی پێڵاوەکانیانە.

لێ پرسینەوەی ناو گۆڕ:

هەر کاتێك مردوویەك خرایە گۆڕەوە دوو مەلائیکەی رەشی دەم و چاو شین دێنە لای یـەکێکیان مونکەری پێ دەوترێت و ئـەوی تریـشیان نـەکیر پرسـیاری لـێ دەکـەن دەربـارەی ئایینەکـەی،

[٢٠٨] - أخرجه أخرجه مسلم: ٧٨/١ (١٢١) (١٩٢).

[٢٠٩] - رواه البخاري: ١٢٥٢, ١٢٨٥,وأنظر الصحيحة: ١٣٤٤.

ئەوانەی ئیمانیان هێناوە خوای گەورە دامەزراویان دەکات، بەبێ ترس لە گۆڕەکەیدا دادەنیشێت و بە جوانی وەڵام دەداتەوە، بەڵام کافر و پیاو خراپ بە ترس لەرزێکی زۆرەوە دادەنیشێت و دەشڵەژێت.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إِذَا قُبِرَ الْمَيِّتُ أَوْ قَالَ أَحَدُكُمْ أَتَاهُ مَلَكَانِ أَسْوَدَانِ أَزْرَقَانِ يُقَالُ لِأَحَدِهِمَا الْمُنْكَرُ وَالْآخَرُ النَّكِيرُ فَيَقُولَانِ مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ فَيَقُولُ مَا كَانَ يَقُولُ هُوَ عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ فَيَقُولَانِ قَدْ كُنَّا نَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُولُ هَذَا ثُمَّ يُفْسَحُ لَهُ فِي قَبْرِهِ سَبْعُونَ ذِرَاعًا فِي سَبْعِينَ ثُمَّ يُنَوَّرُ لَهُ فِيهِ ثُمَّ يُقَالُ لَهُ نَمْ فَيَقُولُ أَرْجِعُ إِلَى أَهْلِي فَأُخْبِرُهُمْ فَيَقُولَانِ نَمْ كَنَوْمَةِ الْعَرُوسِ الَّذِي لَا يُوقِظُهُ إِلَّا أَحَبُّ أَهْلِهِ إِلَيْهِ حَتَّى يَبْعَثَهُ اللَّهُ مِنْ مَضْجَعِهِ ذَلِكَ وَإِنْ كَانَ مُنَافِقًا قَالَ سَمِعْتُ النَّاسَ يَقُولُونَ فَقُلْتُ مِثْلَهُ لَا أَدْرِي فَيَقُولَانِ قَدْ كُنَّا نَعْلَمُ أَنَّكَ تَقُولُ ذَلِكَ فَيُقَالُ لِلْأَرْضِ الْتَئِمِي عَلَيْهِ فَتَلْتَئِمُ عَلَيْهِ فَتَخْتَلِفُ فِيهَا أَضْلَاعُهُ فَلَا يَزَالُ فِيهَا مُعَذَّبًا حَتَّى يَبْعَثَهُ اللَّهُ مِنْ مَضْجَعِهِ ذَلِكَ)[210].

واتە: هەر کاتێك مردوویەك خرایە گۆڕەوە دوو مەلائیکەی رەشی دەم و چاو شین دێنە لای یەکێکیان مونکەری پێ دەوترێت و ئەوی تریشیان نەکیر دەڵێن: دەربارەی ئەم پیاوە چی دەڵێی؟ دەڵێ: ئەو بەندەی خواو پێغەمبەری خوایە(أشهد أن لا إله إلا الله وأن محمد عبده ورسوله). جا دەڵێن: ئێمە زانیومانە تۆ ئەمە ئەڵێیت، پاشان گۆڕەکەی حەفتا گەزی بۆ فراوان دەکرێت و، ئینجا بۆی رووناك دەکرێتەوە، ئینجا پێی دەوترێت: بخەوە، جا ئەڵێت: دەگەڕێمەوە ناو کەس و کارم و هەواڵیان دەدەمێ؟ پێی دەڵێن: بخەوە وەکو خەوتنی ئەو زاوایەی کە جگە لە خۆشەویسترین کەسی کەس خەبەری ناکاتەوە تا خوا لەو جێگایەی کە تێیدا راکشاوە زیندوی دەکاتەوە، ئەگەر مونافیق بێت دەڵێ: بیستم خەڵك شتێکیان دەوت، منیش وەکو ئەوەم وتوە: نازانم، ئینجا پێی دەڵێن: ئێمە ئەمانزانی تۆ ئەوە ئەڵێیت، جابەزەوی دەوترێت خۆتی لێ بهێنەوەیەك، جا ئەویش خۆی لێ دێنێتەوەیەك تا پەراسوەکانی بەناویەکدا دێن، جا هەر ئاوا سزا دەدرێت تا ئەو کاتەی لەو جێگایەی راکشاوە خوای گەورە زیندوی دەکاتەوە.

بەرائی کوڕی عازب رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم

[210]- أخرجه الترمذي: ١٠٧١, وحسنه الألباني في صحيح الجامع : ٧٢٤.

دەفەرموێت: (کاتێ موسڵمان لە گۆڕەکەیدا پرسیاری لیّ دەکرێت شایەتمان بێنێ و بڵێ: (أَشْـــهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا رَسُولُ اللَّهِ)، ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئـەم فەرمودەیـە: M = >

L Q P O N M K J I G F E D C B A @ ?

إبراهيم: ٢٧. واتە: ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو لەقووڵایی دڵیاندا جێگیر بـووە، ئـەوە خـوا لـەسـەر ئەو ئیمان و وتە راستەیان لەژیانی دنیاو قیامەتدا سەقامگیرو دامەزراویان دەکـات، سـتەمکارانیش گومڕا دەکات، خودا هەرچی بوێت دەیکات[211].

مردوو لە گۆڕدا کەی پرسیاری لیّ دەکرێت؟:

عوسمانی کوڕی عەفان رەزای خوای لیّ بێ فەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلى الله علیـه وسـلم کاتیّ لە شاردنەوەی مردوو لیّ دەبوەوە لەسەری دەوەستاو دەیفـەرموو: (اسْـتَغْفِرُوا لأخِـيكُمْ وَسَلُوا لَهُ التَّثْبِيتَ، فَإِنَّهُ الآنَ يُسأَلُ)[212]. واتە: داوای لیّ خۆشبوون بـۆ براکـەتان بکـەن و داوای دامەزراوی بۆ بکەن، چونکە هەر ئێستا پرسیاری لیّ دەکرێت.

مردوو خوا رێنمایی دەکات بۆ وەڵام دانـەوەی پرسـیاری گـۆڕ، تـەنها پرسـیاری خواپەرسـتی و ئایینەکەی لیّ دەکرێت.

ئەنەس رەزای خوای لیّ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خـوا صـلى الله علیـه وسـلم فـەرمووی: (إِنَّ الْمُؤْمِنَ إِذَا وُضِعَ فِي قَبْرِهِ أَتَاهُ مَلَكٌ فَيَقُولُ لَهُ مَا كُنْتَ تَعْبُدُ فَإِنْ اللَّهُ هَدَاهُ قَالَ كُنْتُ أَعْبُدُ اللَّهَ فَيُقَالُ لَهُ مَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ فَيَقُولُ هُوَ عَبْدُ اللَّهِ وَرَسُولُهُ فَمَا يُسْأَلُ عَنْ شَيْءٍ غَيْرِهَا فَيُنْطَلَقُ بِـهِ إِلَى بَيْتٍ كَانَ لَهُ فِي النَّارِ فَيُقَالُ لَهُ هَذَا بَيْتُكَ كَانَ لَكَ فِي النَّارِ وَلَكِنَّ اللَّهَ عَصَمَكَ وَرَحِمَكَ فَأَبْدَلَكَ بِهِ بَيْتًا فِي الْجَنَّةِ فَيَقُولُ دَعُونِي حَتَّى أَذْهَبَ فَأُبَشِّرَ أَهْلِي فَيُقَالُ لَهُ اسْكُنْ وَإِنَّ الْكَافِرَ إِذَا وُضِعَ فِـي قَبْرِهِ أَتَاهُ مَلَكٌ فَيَنْتَهِرُهُ فَيَقُولُ لَهُ مَا كُنْتَ تَعْبُدُ فَيَقُولُ لَا أَدْرِي فَيُقَالُ لَهُ لَا دَرَيْتَ وَلَا تَلَيْتَ فَيُقَالُ لَـهُ فَمَا كُنْتَ تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ فَيَقُولُ كُنْتُ أَقُولُ مَا يَقُولُ النَّاسُ فَيَضْرِبُهُ بِمِطْرَاقٍ مِنْ حَدِيـدٍ بَـيْنَ أُذُنَيهِ فَيَصِيحُ صَيْحَةً يَسْمَعُهَا الْخَلْقُ غَيْرُ الثَّقَلَيْنِ)[213]. واتە: کاتیّ باوەڕدار خرایـە گۆڕەکـەی پێـی

[211] - أخرجه البخاري: ١٣٦٩, ومسلم: ٢٨٧١ .

[212] - أخرجه أبو داود: (٣٢٢١), صحيح سنن أبي داود: ٢٧٥٨, والحاكم.

[213] - أخرجه أحمد, صحيح سنن أبي داود: ٣٣٩٧٧, وأنظر الصحيحة: ١٣٤٤.

ئەوترێت: تۆ چیت دەپەرست، ئینجا خوا ڕێنمایی دەکات و دەڵێ: من خودام ئەپەرست، جا پێـی دەوترێت: دەربارەی ئەم پیاوە واتە پێغەمبـەر صـلی الله علیـه وسـلم چـی دەڵێـی؟ دەڵـێ: ئـەو بەندەی خواو پێغەمبەری خوایە، ئیتر جگە لـەوە پرسیاری تری لێ ناکرێت.

گەڕانەوەی عەقڵ بۆ جەستە:

عبد الله کوڕی عومەر ڕەزای خوایـان لێ بێت فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه باسـی دوو تاقیکەرەوەکەی گۆڕی کردووە، جا عومەر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا عەقڵمان بۆ دەگەڕێتـەوە؟! فەرمووی: (نعم کهیئتك الیوم)[٢١٤]. واتە: بەڵێ هەروەکو شێوەی ئێستاتان.

گــۆڕەوشـــار:

هەر کەسێك مرد دوای ئەسپەردەکردنی گۆڕ بەخۆیـەوە دەیگوشـێت و فـشارێکی دەخاتـە سـەر ئـەوەش پێـی دەوترێـت گۆڕەوشـار، هـەموو کەسـێك بـەپێی پلـەی خـۆی ئـازاری گۆڕەوشـار دەچێژێت، جا ئیتر منداڵ بێت یان گەنج یا پیر، ئەگەر بەندەیەکی چاك بێت ئەوا ئازارەکەی کـەم دەکرێتەوە، زەوی وەك جگەرگۆشەی خۆی دەیگوشێت بەخۆیەوە، بێگومان ئـەوەی کـافر بێـت ئازارەکەی زۆر لـەسەر قورس دەکرێت و زەوی هەموو پەراسوەکانی دەبات بەناو یەکـدا، کـەس لـە دەستی قوتار نابێت.

سەعد عەرشی پەروەردگاری بۆ کەوتە لـەرزین و دەرگاکانی ئاسمانی بۆ کرایەوە، حەفتا هـەزار مەلائیکە ئامادەی ڕۆح کێشانی بوون کەچـی گۆڕەوشـار درا، پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فـەرمووی: (إِنَّ لِلْقَبْرِ ضَغْطَةً وَلَوْ كَانَ أَحَدٌ نَاجِيًا مِنْهَا نَجَا مِنْهَا سَعْدُ بْنُ مُعَـاذٍ)[٢١٥]. واتـە: گۆڕ گوشینێکی هەیە گەر هەبوایە لـەو گوشینە ڕزگاری ببوایە ئەوا سەعد ڕزگاری دەبوو.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم منداڵێکی خستە ناو گۆڕەوەو فـەرمووی: (لَوْ أَفْلَتَ أَحَدٌ مِنْ ضَمَّةِ الْقَبْرِ لأَفْلَتَ هَذَا الصَّبِيُّ.)[٢١٦]. واتە: گەر کەسێك هەبوایە ڕزگاری ببێت لـە گۆڕەوشـار

٢١٤- رواه أحمد وإبن حبان في صحيحه والطبراني بإسناد جيد, وحسنه الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب): ٣٥٥٣.

٢١٥- أخرجه الطحاوي في مشكل: ٢٧٤, وأحمد: ٥٥/٦, وهو في الصحيحة: ١٦٩٥.

٢١٦- أخرجه الطبراني في الكبير: ٣٨٥٨, وأنظر تفصيله في الصحيحة: ٢١٦٤ .

ئەوایە ئەم منداڵە رزگاری دەبوو.

بێ باوەڕ لە گۆڕەکەیدا دەرگای ئاگری دۆزەخـی بـۆ دەکرێتـەوە، شـوێنی خـۆی لـە ئـاگری دۆزەخ نیشان دەدرێت، یـەك گـورزی ئاسـن ئەکێـشن بەسـەریدا دەیکـات بـە خـاك و خـۆڵ، گۆڕەکەی دێتەوە یەك و فشاری دەخاتەسەر تا پەراسوەکانی دەچێت بەناو یەکدا.

ئازار و ئەشکەنجەی گۆڕ:

شەرع ناسان و زانایانی سەلەفی ئەم ئوممەتە یەکدەنگن لـەسەر ئـازار و ئەشـکەنجە و نیعمەتـەکانی گۆڕ، ئەمەش بۆ جەستە و بۆ رۆحیش دەبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت: M = > ? @ A B C D E F G ¦ I J K ¦ M N0 P Q L إبـراهیم: ٢٧. واتـە: ئەوانـەی ئیمانیـان هێنـاوەو لـەقووڵایی دڵیاندا جێگیر بـووە، ئـەوە خـوا لـەسـەر ئـەو ئیمـان و وتـە راسـتەیان لـەژیانی دنیـاو قیامەتـدا سەقامگیرو دامەزراویان دەکات، ستەمکارانیش گومڕا دەکات، خـودا هەرچـی بوێـت دەیکـات. پێشەواو زانایانی ئیسلام یەك دەنگن لـەسەر ئەوەی ئەم ئایەتە بەڵگەیە بۆ سزای ناو گۆڕ.

ئیبن عەباس رەزای خوایان لـێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دای بـەلای دوو گۆڕداو فەرمووی: (إِنَّهُمَا يُعَذَّبَانِ، وَمَا يُعَذَّبَانِ فِي كَبِيرٍ ! بَلَى إِنَّهُ كَبِيرٌ : أَمَّا أَحَـدُهُمَا، فَكَـانَ يَمْشِي بِالنَّمِيمَةِ، وأَمَّا الآخَرُ فَكَانَ لاَ يَسْتَتِرُ مِنْ بَوْلِهِ)[٢١٧]. واتە: ئەم دوانە ئـازار دەدرێـن، لـەسـەر گوناهی گەورە ئازار نادرێن، یەکێکیان خۆی لـە میز پاك نەکردۆتەوە، ئەوی تریشیان دوو زمـانی کردووە.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفـەرموێت: (إِنَّ عَامَّةَ عَذَابِ القَبر مِنَ الَبول، فتَنَزَهُـوا مِنْهُ)[٢١٨]. واتە: زۆربەی سزای گۆڕ لـەسەر خۆپاك نەکردنەوەیـە لـەپاش میزکـردن، خۆتـان پـاك بکەنەوە لـەپاش دانیشتن لـەسەر ئاو.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لـێ بێ فەرمووی: ئافرەتێکی رەش خزمەتی مزگـەوتی دەکـرد، کـە

[٢١٧] - متفق عَلَيْهِ. أخرجه البخاري: ٦٥/١ (٢١٨) ، ومسلم: ١٦٥/١ (٢٩٢) (١١١) .

[٢١٨] - رواه عبد الحميد, والبزار, والحاكم وصححه الألباني في الإرواء: ٣١١/١.

دەمرێت پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هەواڵی دەپرسێت، دەڵێن: ئەو مردووەو ئەسپەردەی خاك كراوە، فەرمووی: (أَفَلا كُنْتُمْ آذَنْتُمُونِي). ئەی بۆ هەواڵتان نەدامێ كە مردووە، وتیان: حەزمان نەكرد بەو شەوە ئەرك بخەینە سەرشانت و زەحمەتت بدەین، فەرمووی: (دُلُّونِي عَلَى قَبْرِهِ). واتە: گۆڕەكەیم پێ نیشان دەن، گۆڕەكەیان پێ نیشاندا چووە سەر گۆڕەكەی و نوێژی لەسەر كرد، فەرمووی: (إِنَّ هذِهِ الْقُبُورَ مَمْلُوءةٌ ظُلْمَةً عَلَى أَهْلِهَا، وَإِنَّ اللهَ تعالى. يُنَوِّرُهَا لَهُمْ بِصَلاتِي عَلَيْهِمْ)[٢١٩]. واتە: ئەم گۆڕانە تاریكیيان تێدایە لەسەر خاوەنەكانیان، بەڵام بەهۆی ئەوەی كە من دوعایان بۆ دەكەم خوای گەورە بۆیان ڕۆشن دەكاتەوە.

فیرعەون و دارو دەستەكەی بەیانیان و ئێواران دەبرێنە بەر ئاگری دۆزەخ، خوای گەورە دەفەرموێت: M b c d e f ¦ h i j k l m n o p q r ¦ t u v w x y z { | L غافر: ٤٥ – ٤٦.

ئیبن مەسعود ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (إِنَّ الْمَوْتَى لَيُعَذَّبُونَ فِي قُبُورِهِمْ، حَتَّى إِنَّ الْبَهَائِمَ لَتَسْمَعُ أَصْوَاتَهُمْ)[٢٢٠]. واتە: مردووەكان لە گۆڕەكانیاندا سزا دەدرێن، تەنانەت ئاژەڵان گوێیان لە هاوار و ناڵەیانە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (إِنَّ هَذِهِ الْأُمَّةَ تُبْتَلَى فِي قُبُورِهَا فَلَوْلَا أَنْ لَا تَدَافَنُوا لَدَعَوْتُ اللَّهَ أَنْ يُسْمِعَكُمْ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ الَّذِي أَسْمَعُ مِنْهُ)[٢٢١]. واتە: بێگومان ئەم ئومەتە لە گۆڕەكانیدا ئازار و ئەشكنجە دەدرێ، وە ئەگەر لەبەر ئەوە نەبوایە كە مردوان نەنێژن، لە خوای گەورە دەپاڕامەوە كە ئەوەی من دەیبیستم لە سزاو ئازاری گۆڕ بیبیستن.

عائیشە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: ژنێكی جولەكەم لە لا بوو، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم هاتە ژوورەوە، ژنەكە وتی: ئایا ئەزانی ئێوە تووشی فیتنەی گۆڕ دەبن؟ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم داچڵەكی و فەرمووی: (یەهودیەكان تووش دەبن). عائیشە دەڵێ: چەند شەوێك ڕابورد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (ئەی عائیشە ئایا دەزانیت وەحیم بۆ

---

[٢١٩] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري: ١/١٢٤ (٤٥٨)، ومسلم ٣/٥٦ (٩٥٦).

[٢٢٠] - رواه الطبراني, (صحيح الترغيب والترهيب): ٣٥٤٨, وأنظر الصيحة: ١٣٧٧ .

[٢٢١] - رواه مسلم: ٧١٤٣, مشكاة المصابيح: ١٢٩/١.

کراوه که تووشی فیتنەی گۆڕ دەبین). عائیشه دەڵێ: لەو ڕۆژه بەدواوه پێغەمبەر صلی الله علیـه وسلـم پەنای به خوا دەگرت لـه ئازاری گۆڕ)[222].

عەبدولڵای کوڕی عەباس خوا لێیان رازی بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسـلـم ئەم دوعایەی فێردەکردین وەك چۆن فێری سورەتێکی قورئانی دەکردین: (اللَّهُمَّ إِنَّا نَعُوذُ بِكَ مِـنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ، وَأَعُوذُ بِكَ مِنْ فِتْنَةِ الْمَسِيحِ الدَّجَّالِ، وَأَعُوذُ بِـكَ مِـنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ)[223]. واته: خودایه پەنا دەگرین بـەتۆ لـه دۆزەخ ، پـەنا دەگـرین بـەتۆ لـه سزای سەختی گۆڕ، پەنا دەگرین بەتۆ لـه بەڵاو فیتنەی دەججـال، پـەنا دەگـرین بـەتۆ لـه بـەڵاو فیتنەی ژیان و مردن. بێگومان زۆر لـه زانایان ئەم دوعایه بەسـوننەت دەزانـن بخـوێنرێ لـه دوای تەحیاتەوه بگره هەندێکیشیان به واجبی ئەزانن.

عائیشه رەزای خوای لێ بێ لەبارەی ئازاری گۆڕ پرسیاری لـه پێغەمبەری خوا صلی الله علیـه وسلـم کرد، ئەویش فەرمووی: (نَعَمْ عَذَابُ الْقَبْرِ حَـقٌّ)[224]. واتـه: بـەڵێ ئـازاری گـۆڕ راسـته. عائیشه وتی: پاش ئەوه نەمدی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلـم نوێـژێك بکـات و پـەنای بـه خـوا نەگرتبێ لـه ئازاری گۆڕ.

موغیرەی کوڕی شوعبه رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: بیستم لـه پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیه وسلـم فـەرموی: (مَنْ نِيحَ عَلَيْهِ، فَإِنَّهُ يُعَذَّبُ بِمَا نِيحَ عَلَيهِ)[225]. واتـه: مـردوو لـەناو گـۆڕدا لەسەر ئەو شین و گریانەی لەسەری دەکرێت سزا دەدرێت.

ئەبو زەری غیفاری رەزای خوای لێ بێ فەرموویەتی: ئەی خەڵکینه من دڵسۆزی ئێوەم، من به سۆزو به بەزەیم بۆتان، لـه تاریکی شەودا نوێژ بکەن بۆ تاریکی گۆڕەکەتان، لـه ڕۆژی گەرمادا به

[222] - أخرجه مسلم: ١/ ٤١٠ برقم: (٥٨٤).

[223] - البخاري: ١٠٢/٢, ومسلم: ٤١٢/١.

[224] - أخرجه البخاري: ١٣٧٢, ومسلم: ٥٨٦ .

[225] - مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ١٠٢/٢ (١٢٩١) ، ومسلم ٤٥/٣ (٩٣٣) (٢٨) .

رۆژوو بن بۆ ئـەوەی ببێتـە هـۆی پاراسـتنتان لــە گـەرمای رۆژی قیامـەت، ئـەی خەڵكینـە مـن دڵسۆزی ئێوەم و من بەسۆزو بە بەزەیم بۆتان[226].

خۆشی و نیعمەتەكانی گۆڕ:

وەك لـە فەرمودەی راستدا هاتووە گۆڕ باخچەیەك دەبێت بۆ ئیماندار، بۆی رووناك دەكرێتـەوەو، تا چاو برِبكات گۆڕكەی فراوان دەبێـت، شـوێنی حەوانـەوەی دەبێـت، جێگـەی خـۆی نیـشان ئەدرێت لـە بەهەشتدا، دەرگایەك دەبێت لێیـەوە گـوزەر دەكـات بـۆ بەهەشـت، رێگـەی چـونە بەهەشتی دەبێت، ئەگەر ئاوەها بوو ئـەو كاتـە گـۆڕ نیعمـەتێك دەبێـت لــە نیعمەتـەكانی خـوای پەروەردگار بۆ باوەڕدار.

خـوای پـەروەردگار دەفـەرمویت: M = < ? > @ A B C D E F G H I
J K L M N O P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ `
a b c d e f g h i j k l m n o p L الواقعـة: ٨٣ – ٩١. واتە: سـا ئەو كاتەی كە مردن گەیشتە گەروتان، ئێوەش ئەو كاتە تەماشای گیاندانی دەكەن، ئێمە بـۆ ئـەو لـە ئێوە نزیكترین، بەڵام ئێوە ئێمە نابینن، جا ئەگـەر ئێـوە پێتـان وایـە ناكەونـە بـەر لێپرسـینەوە، بیگەڕێننەوە ئەگەر راست دەكەن، بەڵام ئەوەی كە نزیكی ئێمەیەو دەمرێت، بۆ ئەو حەسانەوەیەو بۆنی خۆش و باخچەی نیعمەت، ئەوانە ئەگەر لـە یاران و دەستەڕاست بن، سڵاو بۆ تۆ لـەوانـەی دەستە راستن.

ئیماندار لـە گۆڕەكەیدا دەرگای بەهەشتی بۆ دەكرێتەوە و، شوێنی خۆی لــە بەهەشــت نیـشان دەدرێت، تا چاو برِكات گۆڕەكەی بۆ فراوان دەكرێت.

ئیبن عومەر رەزای خوایان لــێ بـێ گێڕاویەتیـەوە كـە پێغەمبـەری خـوا صـلى الله عليـه وسـلم فەرمویـەتی: (إِنَّ أَحَدَكُمْ إِذَا مَاتَ عُرِضَ عَلَيْهِ مَقْعَدُهُ بالْغَدَاةِ وَالْعَشِيِّ إِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ فَمِـنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ وَإِنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ النَّارِ فَمِنْ أَهْلِ النَّارِ فَيُقَالُ هَذَا مَقْعَـدُكَ حَتَّـى يَبْعَثَـكَ اللَّـهُ يَـوْمَ الْقِيَامَةِ)[227]. واتە: ئەگەر كەسێك لـە ئێوە بمرێت بەیانیان و ئێواران جێگـەی خـۆی لـە بەهەشـت

---

[226] - تأريخ دمشق: ٦٦/ ٢١٤.

[227] - صحيح مسلم: ٢٨٦٦, جامع الترمذي: ٣٨٤/٣ برقم: ١٠٧٢.

یان دۆزەخ نیشان دەدرێت پێی دەوترێت ئەوە جێگای تۆیە تا ئەو کاتەی خوای گەورە زیندوی دەکاتەوە.

جابر رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: (إِذَا دَخَلَ الْمَيِّتُ الْقَبْرَ مُثِّلَتْ الشَّمْسُ عِنْدَ غُرُوبِهَا فَيَجْلِسُ يَمْسَحُ عَيْنَيه وَيَقُولُ دَعُونِي أُصَلِّي)[٢٢٨]. واتە: کاتێك مردوو خرایە گۆڕەوە خۆر وەك رۆژ ئاوابوونی لێ دەکرێت دادەنیشێت دەست دەهێنێ بە دەم و چاویداو دەڵێ: رێگەم بدەن با نوێژەکەم بکەم.

ئایا ئازار و ئەشکەنجەی گۆڕ و خۆشی و نیعمەتەکانی بۆ جەستە و رۆحە یان بۆ یەکێکیانە؟:

مەولەوی لەو بارەوە دەڵێ:

تەعذیب و تەنعیم، لە حەق لامەدە
پێکەوە لەسەر رۆح و جەسەدە
لەلای ئەهلی هەق راسەو تاقییە
رۆح بعدەز مەوتی بەدەن باقییە
وەك عەجبی **ذنب** فەنای بۆ ناوێ
قل لە ئەمری رۆح هەڵنەکەی بیبەس!
قُل (قُل الـروحُ من أمـر ربي) بەس.

واتە: لەباسی سزاو ئازاری مردوو یاخۆشی و ناخۆشی و ئارامی لە گۆڕدا لە رێگای راستی حەق لامەدەو باوەڕت وابێ کە ئەم خۆشی و ناخۆشیە، ئەم ئازار و حەسانەوەیە بۆ تێڕای جەستەو رۆحە، واتە ئەم دووانە پێکەوە ئازاریان پێ دەکات و پێکەوە بێ ئازار و بەختیار دەبن، چونکە لای ئەهلی هەق رۆح پاش مردنی ئینسانەکە هەر دەمێنێ، وای بزانە چونکە هەواڵدەری راستی هەواڵی داوە، وەك چۆن دەفەرموێ سەری کلێنچکە لەدوادوایی زنجیرەی برِبڕەی پشتی مرۆڤدا نارزێ و دەمێنێتەوە، جا مادەم رۆح باقی یە و ماددەی جەستەش هەر هەیە سزاو خۆشی و ئازارو

[٢٢٨] - أخرجه إبن ماجة: ٤٢٧٣ وحسنه الألباني.

رەحەتی بۆ جەستەو رۆحە هەردووکیان:

دەخیل سەد دەخیل نەکەی قۆڵی لێ هەڵکەیت و ، بڵێیت رۆح خوێنــە یــان تــەڕای یــە و کــاتێ ئینسان مرد ئەو خوێن و تەڕای یە نامێنێ و وشك و برینگەو هەست بە ئازار و ناخۆشی یا خۆشــی و بەختەوەری ناکات، ئیتر قۆڵی بیرکردنەوەت ببەستەو مەیەڵە ئەم لاولا بکات، تەنها بلێ نهێنــی رۆح و چۆنیەتی یەکەی کاری خودایەو هەر ئەو دەیزانێ وەك لە قورئانی پیرۆزدا خــوای گــەورە دەفەرموێت: ﴿قُل الـــروحُ من أمـــر ربي﴾. بەپێی ئــەم ئایەتــە حەقیقــەتی رۆح هــەر خــوا خــۆی دەیزانێ و لەوانەیە دەیان جۆری سزاو پاداشت رووبکاتە رۆح بێ ئەوەی کەس پێی بزانێ.

ئەو قسەیە دەیکەن و دەڵێن مردوو ماددەیەکی بــێ گیانــە وەك داری وشــك و بــەردی رەق و تەق، سزاو خۆشی رووی تێ ناکات و هەستی پێ ناکات، قسەیەکی بــۆش و بــێ گەڵکــە و وەك بایە، لەوانەیە خوای کەورە هەست لە هەموو ئەندام و بەش بەشی جەستەدا یان لــە هەندێکیانــدا دروست بکا ئەوەندەی هەست بە خۆشی و ناخۆشی بکــات، لــە مەیــشەوە پێویــست ناکــا رۆح بەتەواوی بۆ ئەو جەستە بگەڕێتەوە با مردووەکە جموجوڵ بکا، یا نیشانەی ســزاکان بــە لەشــیەوە دیار بێ.

تەنانەت یەکێ کرابێ بە دارا یان کوژرا بێ و پەل پەل کرابێ، یا دڕندەی کێوی خواردبێتی، یــا نەهەنگێ قووتی دابێ، هەر چۆن بێ و بە هەر حاڵێك بێ زیندودەکرێتەوە و پرسیاری لێ دەکــرێ و هەست بە خۆشی و ناخۆشی دەکات، بــا هــیچ کەســیش چــاوی پێــی نــەکوێ‌و کــەس پێــی نەزانێ.

ئەو خوا بەدەسەڵاتە بتوانێت لەداری تەڕا ماددەی ئاگر بشارێتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئــاو و ئاکر دژی یەکن و پێکەوە نایانکرێ، دەتوانێ بە شێوەیەك لە شێوەکان، کە هەر خــۆی دەیزانــێ، مردوو زیندوبکاتەوە تا پرسیاری لێ بکرێ و هەست بەئازار و خۆشی بکات.

ئیتر نەبینین و نەبیستنی تۆ بۆ ئەم پرسیار و سزاو ناسزای مردووە لە گۆڕدا نابێتە دەلیلی ئــەوە کە نیـیە، ئەگەر بەچاوی باوەڕەوە سەیری مەسئەلـەکە بکەی بەڵگە زۆرە.

نەختێ وردبەرەوە یەکێك لە پاڵتا دەخەوێ، لــە خەوەکەیــدا گــە خــەو دەبــینێ دەگــری، پــێ دەکەنێ، قسە دەکا، قسە دەبیستێ، هەڵئەسێ، دادەنیشێ، ڕاست دەڕوات، یا پێــی هەڵدەکــەوێ،

ئازاری پیٚ دەگا یان شاد دەبیٚ.

ئەمانە هەموو لـەبن دەستتا روودەدەن و تۆیش زەڕڕیەك ئاگات لیٚ نییە، بەڵیٚراستیان وتووەكـە خەو برای مەرگە.

مامۆستا مەلا عبدالكریمی مدرس دەڵیٚ: زانای ناوداری ئیسلام ئیمام غەزالی لـە كتـیٚبی (احیـاء علوم الدین)دا لـەم بابەتەوە چەند پایەیـەكی بـاس كـردووە كـە دەرمـانی دەردی بـیٚ بـاوەڕی و دوودڵی یە، دە لـەو سەرچاوە بخۆرەوە با تینویٚتیت بشكیٚ و گڕی دڵت دامركیٚتەوە.

بەڵیٚ ئیمام غەزالی دەڵیٚ: لـە باوەڕكردن بە ویٚنەی ئەم مەسئەلـەیە سیٚ پایە هەیە:

پایەی یەكەم: ئەوەیە باوەڕت پیٚ بەوە كە مار لـەپاڵ مردووەكەدا هەیەو پیٚوەی دەدا ، بەڵام ئیٚمـە بەچاو نایبینین، چونكە چاوی ئیٚمە بەكاری بینینی ئەم جـۆرە شـتە نایـەت، ئـەم شـتانە كاروبـاری غەیبن و زانینیان لـە وزەی ئیٚمەدا نییە، نابینن یارانی پیٚغەمبەر صـلی الله علیـە وسـلـم باوەڕیـان بەوە هەبوو كە جوبرەئیل دیٚت بۆ لای پیٚغەمبەر صلی الله علیە وسلـم و باوەڕیشیان بـەوە هـەبوو كە پیٚغەمبەر صلی الله علیە وسلـم دەیبینیٚ، كەچی خۆیان هەرگیز نەیان دەبینی.

جا ئەگەر باوەڕی بەوە نییە كە جوبرەئیل هاتووەتە لای پیٚغەمبەر صلی الله علیە وسلـم ئەوا بـڕۆ ئیمانی خۆت راست بكەرەوە، چونكە باوەڕۆ بەوە بایەخدارترە ، خـۆ ئەكگـەر باوەڕیـشت بـەوە هەیە ئەوا بزانە لـەوانەیە هۆكانی ئازار و سزاو خۆشی و بـەختیاریی مـردوو هـەبن و ئیٚمـە پیٚیـان نازانین.

پایەی دووهەم: ئەوەیە كە تەماشای ئەحواڵی ئینسان بكەی كە لـە خەودا تووشی مـاریٚ دەبـیٚ و پیٚوەی دەدات، یان لـەكەڵ كەسیٚكدا شەڕدەكاو لـەیەك دەدەن و بەو پەریٚشانی و ترسەوە خەبەری دەبیٚتەوە، ئەو كەسانەیش كە وان لـەلایا هیچ نابینن گومان لـەوەدا نییە كە نیـسبەت بـە كـابرای نووستوو ئەو ئازارە راستەو خەیاڵ نییەو تیایا دەژی. ئای چەند پیٚی خۆشە خەبەری دەبیٚتەوە لـەو ئازارە رزگار دەبیٚ، ئاخۆ ئەگەر تا ماوەیـەك یـان تـا رۆژی دوایـی و زیندوبونـەوەی دووەم لــەو خەوەدا بیٚ حاڵی چۆن دەبیٚ؟

پایەی سیٚهەم: ئەوەیە باش بیربكەرەوە كە زیانی مار لـە زاتی خۆیدا نییە بەڵكو وا لـە زەهرەكەیا، زەهرەكەیش بەهۆی ئیٚشەكەیەوە ئینسان پەریٚشان دەبیٚ، جا ئەگەر ئەو نەوعە ئـیٚش و ئـازارە لــە

کیانی یەکێکدا پیێ بە بێ مار و ژار، راستە ئەگەر بڵێین فلان کەس ئێشی ژاری مار وا لە جەستەیدا.

هەموو ئەم سێ پایەیە بە نیسبەت مردوو لە قەبرا شتێکی مومکینەو، هەرکەس باوەڕ بە یەکێ لەمانە نەکا لەبەر ئەوەیە فکری گورتەو ناکاتە مەعنا، ئەگەرنا هەموو سەهل و ئاسانن[٢٢٩].

نوێژ و رۆژوو بەرگری دەکەن لە بەندەی ئیماندار:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ، إِنَّهُ لَيَسْمَعُ خَفْقَ نِعَالِهِمْ حِينَ يُوَلُّونَ عَنْهُ، فَإِنْ كَانَ مُؤْمِنًا كَانَتِ الصَّلاةُ عِنْدَ رَأْسِهِ، وَالزَّكَاةُ عَنْ يَمِينِهِ، وَالصَّوْمُ عَنْ شِمَالِهِ، وَفِعْلُ الْخَيْرَاتِ وَالْمَعْرُوفُ وَالإِحْسَانُ إِلَى النَّاسِ مِنْ قِبَلِ رِجْلَيْهِ، فَيُؤْتَى مِنْ قِبَلِ رَأْسِهِ، فَتَقُولُ الصَّلاةُ: لَيْسَ قِبَلِي مَدْخَلٌ، فَيُؤْتَى عَنْ يَمِينِهِ، فَتَقُولُ الزَّكَاةُ: لَيْسَ مِنْ قِبَلِي مَدْخَلٌ، ثُمَّ يُؤْتَى عَنْ شِمَالِهِ، فَيَقُولُ الصَّوْمُ: لَيْسَ مِنْ قِبَلِي مَدْخَلٌ، ثُمَّ يُؤْتَى مِنْ قِبَلِ رِجْلَيْهِ، فَيَقُولُ فِعْلُ الْخَيْرَاتِ وَالْمَعْرُوفُ وَالإِحْسَانُ إِلَى النَّاسِ: لَيْسَ مِنْ قِبَلِي مَدْخَلٌ، فَيُقَالُ لَهُ: اجْلِسْ، فَيَجْلِسُ وَقَدْ مُثِّلَتْ لَهُ الشَّمْسُ لِلْغُرُوبِ، فَيُقَالُ لَهُ: مَا تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ الَّذِي كَانَ فِيكُمْ؟ يَعْنِي النَّبِيَّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَيَقُولُ: أَشْهَدُ أَنَّهُ رَسُولُ اللَّهِ جَاءَنَا بِالْبَيِّنَاتِ مِنْ عِنْدِ رَبِّنَا، فَصَدَّقْنَا وَاتَّبَعْنَا، فَيُقَالُ لَهُ: صَدَقْتَ، وَعَلَى هَذَا حَيِيتَ، وَعَلَى هَذَا مِتَّ، وَعَلَيْهِ تُبْعَثُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، فَيُفْسَحُ لَهُ فِي قَبْرِهِ مَدَّ بَصَرِهِ، فَذَلِكَ قَوْلُ اللَّهِ عَزَّ وَجَلَّ: M = < > ? @ A B C D E F G ؛ Q L. فَيُقَالُ: افْتَحُوا لَهُ بَابًا إِلَى النَّارِ،فَيُفْتَحُ لَهُ بَابٌ إِلَى النَّارِ، فَيُقَالُ: هَذَا كَانَ مَنْزِلَكَ لَوْ عَصَيْتَ اللَّهَ عَزَّ وَجَلَّ، فَيَزْدَادُ غِبْطَةً وَسُرُورًا، وَيُقَالُ لَهُ: افْتَحُوا لَهُ بَابًا إِلَى الْجَنَّةِ، فَيُفْتَحُ لَهُ، فَيُقَالُ: هَذَا مَنْزِلُكَ، وَمَا أَعَدَّ اللَّهُ لَكَ، فَيَزْدَادُ غِبْطَةً وَسُرُورًا، فَيُعَادُ الْجِلْدُ إِلَى مَا بَدَأَ مِنْهُ، وتُجْعَلُ رُوحُهُ فِي نَسَمِ طَيْرٍ تَعْلَقُ فِي شَجَرِ الْجَنَّةِ، وَأَمَّا الْكَافِرُ، فَيُؤْتَى فِي قَبْرِهِ مِنْ قِبَلِ رَأْسِهِ، فَلا يُوجَدْ شَيْءٌ، فَيُؤْتَى مِنْ قِبَلِ رِجْلَيْهِ فَلا يُوجَدُ شَيْءٌ، فَيَجْلِسُ خَائِفًا مَرْعُوبًا، فَيُقَالُ لَهُ: مَا تَقُولُ فِي هَذَا الرَّجُلِ الَّذِي كَانَ فِيكُمْ؟ وَمَا تَشْهَدُ بِهِ؟ فَلا يَهْتَدِي لاسْمِهِ، فَيُقَالُ: مُحَمَّدٌ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ، فَيَقُولُ: سَمِعْتُ النَّاسَ يَقُولُونَ شَيْئًا، فَقُلْتُ كَمَا قَالُوا، فَيُقَالُ لَهُ: صَدَقْتَ، عَلَى هَذَا حَيِيتَ،

---

[٢٢٩]- عقیدەی مرضیة دانانی سید عبدالرحیمی مەولەوی, شەرح و لێکدانەوەی مامۆستا عبدالکریمی مدرس, لاپەڕە ٦٠٤-٦٠٨ چاپخانەی (خلود) ساڵی ١٤٠٧ی كۆچی – ١٩٨٨ زایینی. بە كەمێك دەسكاریەوە.

وَعَلَيْهِ مِتَّ، وَعَلَيْهِ تُبْعَثُ إِنْ شَاءَ اللَّهُ، فَيُضَيَّقُ عَلَيْهِ قَبْرُهُ حَتَّى تَخْتَلِفَ أَضْلاعُهُ، فَذَلِكَ قَوْلُهُ عَزَّ وَجَلَ: M وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِى فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ L. فَيُقَالُ: افْتَحُوا لَهُ بَابًا إِلَى الْجَنَّةِ، فَيُفْتَحُ لَهُ بَابٌ إِلَى الْجَنَّةِ، فَيُقَالُ لَهُ: هَذَا كَانَ مَنْزِلَكَ وَمَا أَعَدَّ اللَّهُ لَكَ لَوْ أَنْتَ أَطَعْتَهُ، فَيَزْدَادُ حَسْرَةً وثُبُورًا، ثُمَّ يُقَالُ لَهُ: افْتَحُوا لَهُ بَابًا إِلَى النَّارِ، فَيُفْتَحُ لَهُ بَابٌ إِلَيْهَا، فَيُقَالُ لَهُ: هَذَا مَنْزِلُكَ وَمَا أَعَدَّ اللَّهُ لَكَ، فَيَزْدَادُ حَسْرَةً وثُبُورًا)[٢٣٠]. واته: بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە مردوو گوێی لە دەنگی پێڵاوەکانتانە کاتیٚ کە دەگەڕێنەوە و بەجێی دێڵن، جا ئەگەر باوەڕدار بیٚ نوێژەکەی لە لای سەریەوە دەبێت و زەکاتەکەی لە لای راستیەوە دەبێت و رۆژووەکەی لە لای چەپیەوە دەبێت، جا کارە باشەکانی و چاکەکردنی لەگەڵ خەڵکدا لە لای پێیەتی، جا لەسەریەوە بۆی دێت، نوێژەکەی دەڵیٚ: لە لای منەوە جێگای چوونە ژوورەوە نیە، لە لای راستیەوە بۆی دێت، زەکاتەکەی دەڵیٚ: لە لای منەوە جێگای چوونە ناوەوە نیە، پاشان لە لای چەپیەوە بۆی دێت، رۆژووەکەی دەڵیٚ: لە لای منەوە جێگای چوونە ژوورەوە نیە، ئینجا لەلایەن قاچەکانەوە بۆی دێت، جا کارە باشەکانی و چاکەکردنی لەگەڵ خەڵکدا دەڵێن: لە لای ئێمە جێگای چوونە ژوورەوە نیە، جا پێی دەوترێت: دانیشە ئەویش دادەنیشێت و خۆر وەك رۆژ ئاوابوونی لیٚ دەکرێت. جا پێی دەڵێن: دەربارەی ئەو پیاوەی کە لەناو ئێوەدا رەوانەکراوە چی دەڵێیت؟ ئەویش دەڵیٚ: شایەتی ئەدەم ئەو پێغەمبەری خوایە لەلایەن پەروەردگارمانەوەو، بەچەند بەڵگەیەکی روون هاتە لای ئێمەو ئێمەش باوەڕمان پێکردوو دوای کەوتین، پێی دەوترێت: راست دەکەیت، تۆ لەسەر ئەمە ژیاویت و لەسەر ئەمە مردویت ئەگەر خوا ویستی لەسەر بێت هەر لەسەر ئەمە زیندو دەکرێیتەوە، لەناو گۆڕکەیدا بە ئەندازەی چاوی بڕ بکات بۆی فراوان دەکرێت، تا ئەوەیە فەرمودەکەی زاتی خوای پاك و خاوێن و بیٚ عەیب: M = > ? @ A B C D E F G ׀ Q L إبراهيم: ٢٧. واتە: ئەوانەی ئیمانیان هێناوەو لەقوولایی دڵیاندا جێگیر بووە، ئەوە خوا لەسەر ئەو ئیمان و وتە راستەیان لەژیانی دنیاو قیامەتدا سەقامگیرو دامەزراویان دەکات.

ئینجا پێی دەوترێت: دەروازەیەکی بەرەو ئاگری بۆ بکەنەوە، جا پێی دەوترێت: ئەگەر سەرپێچی فەرمانی خودات بکردایە ئەوە شوێنت بوو، جا شادمانی و خۆشی زیاتر دەبێت، دەوترێت:

[٢٣٠] - أخرجه الطبراني وإبن حبان في صحيحه, وللفظ له, وحسنه الألباني في(صحيح الترغيب والترهيب):٣٥٦١ .

دەروازەیەکی بەرەو بەهەشتی بۆ بکەنەوە، جا پێی دەوترێت: ئەمە جێگاتـەو ئـا ئەمەیـە کـە خـوا بۆتی ئامادەکردووە، ئینجا زیاتر شادمان و خۆشحاڵ دەبێت، ئینجا لاشەکەی دەبێتەوە بەوەی کـە لێی دروستکراوە، رۆحەکەی دەبێت بە جۆرە باڵندەیەك لەسەر درەختی بەهەشت دەگیرسێتەوە.

بەلاَم بیٚ باوەڕ لـە گۆڕەکەی لە لای سەریەوە دێن بۆ لای هیچ شـتێکی نـی یـەئینجا بـەترس و پەشۆکاویەوە دادەنیشێت، پێی دەڵێن: بەرانبەر بەو پیاوەی کە لەناو ئێوەدا بـوو چـی دەڵێیـت و چۆن شایەتی دەدەیت؟ ئەویش ناوی نازانێت، جا دەوترێت: موحەممەد پێغەمبەری خوایە صلى الله عليه وسلـم، ئینا دەڵیٚ: بیستم خەڵك شتێکیان دەوت، جا منیش هـەروەکو ئـەوان وتومـە، پێـی دەوترێت: راست دەکەیت، تۆ لەسەر ئەمە ژیاویت و لـەسەر ئەمە مردویت ئەگـەر خـوا ویـستی لـەسەر بێت هەر لـەسەر ئەوەیش زیندو دەکرێیتەوە،، جا گۆڕەکـەی لـەسـەر تـەنگ دەکرێتـەوە، هەتا پەراسووەکانی بەناو یەکدا دەچێت، ئا ئەوەیـە فەرمودەکـەی خـوای گـەورە: M وَمَنْ أَعْرَضَ عَن ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُۥ مَعِيشَةً ضَنكًا وَنَحْشُرُهُۥ يَوْمَ ٱلْقِيَـٰمَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾ L طە: ١٢٤. واتە: هەر کەسـێك پـشت لــە یادی ئێمە بکات ژیانێکی تەنگ بۆ ئەو هەیە و لـە دوارۆژیشدا بەکوێری حەشر دەکرێت.

بەندەی باوەڕدار لـە گۆڕەکەیدا کردەوە چاکەکانی لــە شـێوەی مرۆڤێکـی دەم و چـاو جـوان دێتە لای، بەلاَم بیٚ باوەڕ کردەوە پیسەکانی لـە شێوەی مرۆڤێکی دەم و چـاو ناشـیرین دێتـە لای، بە بەڵگەی فەرمودەکەی بەرائی کوڕی عازەب کە لـەبارەی بـاوەڕدارەوە دەفـەرموێت: (.. وَيَأْتِيهِ رَجُلٌ حَسَنُ الْوَجْهِ حَسَنُ الثِّيَابِ طَيِّبُ الرِّيحِ فَيَقُولُ أَبْشِرْ بِالَّذِي يَسُرُّكَ هَذَا يَوْمُكَ الَّذِي كُنْتَ تُوعَدُ فَيَقُولُ لَهُ مَنْ أَنْتَ فَوَجْهُكَ الْوَجْهُ يَجِيءُ بِالْخَيْرِ فَيَقُولُ أَنَا عَمَلُكَ الصَّالِحُ، فَيَقُولُ: رَبِّ أَقِمْ السَّاعَةَ حَتَّى أَرْجِعَ إِلَى أَهْلِي وَمَالِي..). واتە: ئیمانـدار لــە گۆڕەکەیـدا کـردەوە چـاکەکانی لــە شـێوەی مرۆڤێکی دەم و چاو جوان پۆشاك رێك و پێك و بـۆن خـۆش دێتـە لای و ئـەڵێت: مـوژدە بـدە بەوەی کە شادمانت دەکـات، ئەمـە ئـەو رۆژەی تۆیـە، کـە بـەڵێنت پـیٚ درا، جـا ئـەڵیٚ: ئـەی پەروەردگار قیامەت هەستا تا بگەڕێمەوە ناو خاو خێزان و مـاڵم.. بـەلاَم لـەبارەی بـیٚ بـاوەڕەوە دەفەرموێت: (.. وَيَأْتِيهِ رَجُلٌ قَبِيحُ الْوَجْهِ قَبِيحُ الثِّيَابِ مُنْتِنُ الرِّيحِ فَيَقُولُ أَبْشِرْ بِالَّذِي يَسُوءُكَ هَـذَا يَوْمُكَ الَّذِي كُنْتَ تُوعَدُ فَيَقُولُ مَنْ أَنْتَ فَوَجْهُكَ الْوَجْهُ يَجِيءُ بِالشَّرِّ فَيَقُولُ أَنَا عَمَلُـكَ الْخَبِيـثُ، فَيَقُولُ رَبِّ لَا تُقِمْ السَّاعَةَ)[٢٣١]. واتە: بیٚ باوەڕ لـە گۆڕەکەیـدا کـردەوە خـراپ و پیـسەکانی لــە

[٢٣١] - أخرجه أبو داود والحاكم, صحيح سنن أبي داود: ٣٩٧٩, والطياليسي وأحمد وغيرهم, أنظر أحكام الجنائز.

شێوەی مرۆڤێکی دەم و چاو ناشیرین پۆشاك پیس و پۆخڵ و بۆن ناخۆش دێتە لای و ئەڵێت: موژدە بدە بەوەی کە پێت ناخۆشە، ئەمە ئەو رۆژەی تۆیە، کە بەڵێنت پێ درا. ئینجا دەڵێ: ئەی پەروەردگار قیامەت نەهێنی.

مردوان نازانن لەسەر زەویدا چی روو ئەدات:

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: L 6 5 4 3 2 1 0 / . - , + M الروم: ٥٢. واتە: تۆ ناتوانی کارێك بکەی ئەم مردوانە گوێت پێ بدەن، ئەگەر خۆ لە تۆ کەڕ بکەن، هەرچەندە بانگیشیان بکەی نابیستن.

دوای تەواو بوونی جەنگی بەدر لاشەی بۆگەنی سەرکردەو ناودارانی قورەیشیان خستە چاڵێکەوە، ئیبن عومەر رەزای خوایان لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم چووە راسەریان و بانگی لێ کردن و فەرمووی: (يا أهل الْقَلِيبِ فَقَالَ وَجَدْتُمْ مَا وَعَدَ رَبُّكُمْ حَقًّا فَقِيلَ لَهُ تَدْعُو أَمْوَاتًا؟ فَقَالَ مَا أَنْتُمْ بِأَسْمَعَ مِنْهُمْ وَلَكِنْ لَا يُجِيبُونَ) [٢٣٢]. واتە: ئەی ئەهلی (قلیب) ئایا پێتان گەیشت ئەوەی خوا پەیمانی پێ دابوون؟ بەڕاستی من ئەوەی خوای گەورە پەیمانی پێدام پێی گەیشتم، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ئەوانە مردوون ئایا دەبیستن؟. فەرمووی: ئەوان چاکتر لە ئێوە گوێیان لێیە بەڵام ناتوانن وەڵام بدەنەوە.

ئەو کردەوانەی سوود دەگەیەنن بە مرۆڤ لە دوای مردن:

یەکەم- نوێژ کردن لەسەر جەنازەی مردوەکە:

عائیشە رەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (مَا مِنْ مَيتٍ يُصَلِّي عَلَيْهِ أُمَّةٌ مِنَ الْمُسْلِمِينَ يَبْلُغُونَ مِئَةً كُلُّهُمْ يَشْفَعُونَ لَهُ إِلاَّ شُفِّعُوا فِيهِ)[٢٣٣]. واتە: هەر موسڵمانێك بمرێت، کۆمەڵێك لە موسڵمانان کۆببنەوە کە ژمارەیان بگاتە سەد کەس نوێژی لەسەر بکەن و تکای بۆ بکەن لای خوا بێگومان تکاکەیان لێ وەردەگیرێت.

دووهەم- پاڕانەوەی موسڵمانان بۆ مردوەکە لە دوای ناشتنی:

---

[٢٣٢] - أخرجه البخاري: ١٣٧٠, ومسلم:٢٨٧٤.

[٢٣٣] - أخرجه البخاري ٢/٩٩ (١٢٧٨) ، ومسلم ٣/٤٦ (٩٣٨) (٣٤) , (٩٤٧) .

خــوای گــەورە دەفــەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 8 L الحشر: ١٠. واتە: ئەو کەسانەی کە لـە دوای ئەمانە هاتوون، دەڵێن: ئەی پەروەردگارمان لـە ئێمە و ئەو برایانەمان وا پێش ئێمە باوەڕیـان هێناوە خۆش ببە.

عوسمانی کوڕی عەفان ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـە وسـلـم کاتێ لـە شاردنەوەی مردوو لێ دەبووەوە لەسەری دەوەستاو دەیفـەرموو: (اسْـتَغْفِرُوا لأخِـيكُمْ وَسَلُوا لَهُ التَّثْبِيتَ، فَإِنَّهُ الآنَ يُسأَلُ)[٢٣٤]. واتە: داوای لێ خۆشبوون بـۆ براکـەتان بکـەن و داوای دامەزراوی بۆ بکەن، چونکە هەر ئێستا پرسیاری لێ دەکرێت.

سێهەم– مانەوەی پیاو چاکان لـەسەسر گۆڕی مردوەکە:

عەمری کوڕی عاص ڕەزای خوای لێ بێ لـە کاتێکدا مردن یەخەی گرت لـە وەسیەتەکەیدا وتی: (فَإِذا دَفَنْتُمُونِي، فَشُنُّوا عَليَّ التُّرابَ شَنّاً ، ثُمَّ أقِيمُوا حَوْلَ قَبْرِي قَدْرَ مَا تُنْحَـرُ جَـزورٌ، وَيُقْـسَمُ لَحْمُهَا، حَتَّى أَسْتَأنِسَ بِكُمْ، وَأنْظُرَ مَا أُرَاجعُ بِهِ رسُلَ رَبّي)[٢٣٥]. واتـە: هـەرکاتێ منتـان شـاردەوە خاکتان کرد بەسەرمدا چـۆن بەسـەردا کردنێـك، پاشـان ئەوەنـدەی کـە وشـترێ سـەر بـبڕن و گۆشتەکەی بەش بکەن، لـە دەوری گۆڕکەم بوەستن هەتا هۆگرم پێتانەوەو ترس و سامم بـشکێ و بیرێ بکەمەوە کە چۆن وەڵامی فروستادەو نێردراوانی پەروەردگارم بدەمەوە.

چوارەم– خێر و چاکەی بەردوام و زانستی بەسوود و منداڵی چاك:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلـم دەفەرموێت: (إِذَا مَاتَ الْإِنْسَانُ انْقَطَعَ عَنْهُ عَمَلُهُ إِلَّـا مِـنْ ثَلَاثَةٍ صَدَقَةٍ جَارِيَةٍ أَوْ عِلْمٍ يُنْتَفَعُ بِهِ أَوْ وَلَدٍ صَالِحٍ يَدْعُو لَهُ)[٢٣٦]. واتە: هەر کاتێ ئادەمیزاد مـرد لـە کردەوەکەی دادەبڕێ، تەنها لـەم سێ شتەدا نەبێت: خێرێکی بەردەوام، زانیاریـەك بـڵاو بکاتـەوە سودی لێ وەرگیرێت، منداڵێکی صاڵح و چاك دوعای خێری بۆ بکات.

[٢٣٤] - أخرجه أبو داود (٣٢٢١) والحاكم, صحيح سنن أبي داود: ٢٧٥٨ .

[٢٣٥] - أخرجه مسلم: ١/٧٨ (١٢١) (١٩٢).

[٢٣٦] - أخرجه مسلم: ٢٠٢٩/٤ برقم: ٢٦٣٥, صحيح الترغيب والترهيب: ١٩٩٨/٢.

پێنجەم- پاسەوانی کردن لە پێناوی خوادا:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفـەرموێت: (كُلُّ مَيِّتٍ يُخْتَمُ عَلَى عَمَلِهِ إِلاَّ الْمُـرَابِطَ فِـي سَبِيلِ اللهِ، فَإِنَّهُ يُنْمى لَهُ عَمَلُهُ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ، وَيُؤَمَّنُ فِتْنَةَ القَبْرِ)[237]. واتە: هەموو مردویەك كۆتایی بە كردەوەكانی دێت و مۆر دەنرێت بەسەریدا تەنها ئـەو كەسـە نـەبێت كـە لـە پێنـاوی خـوای گەورەدا پاسەوانی كردووە دژ بە دوژمنانی ئایینی ئیسلام، ئەو كەسە كردەوەكـەی گەشـەی پـێ دەدرێت لـە گۆڕدا تا قیامەت و پارێزراو دەبێت لـە سزاو تاقی كردنەوەی گۆڕ.

ئەوكەسانەی لە فیتنەو ئازاری گۆڕ رزگاریان دەبێت:

١- شەهید بوون لـە گۆڕەپانی جیهاد و تێكۆشاندا:

(المقدام كوڕی معد كوڕی یكرب) رەزای خوای لـێ بـێ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیه وسـلـم فـەرمووی: (لِلشَّهِيدِ عِنْدَ اللَّهِ سِتُّ خِصَالٍ يَغْفِرُ لَهُ فِي أَوَّلِ دُفْعَةٍ مِنْ دَمِهِ وَيُرَى مَقْعَدَهُ مِنْ الْجَنَّةِ وَيُجَارُ مِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَيَأْمَنُ مِنْ الْفَزَعِ الْأَكْبَرِ وَيُحَلَّى حُلَّةَ الْإِيمَانِ وَيُزَوَّجُ مِـنْ الْحُـورِ الْعِينِ وَيُشَفَّعُ فِي سَبْعِينَ إِنْسَانًا مِنْ أَقَارِبِهِ)[238]. واتە: شەهید شەش شتی بـۆ دەبێـت لـەلای خـوای گەورە: لـەگەڵ رژانی یەكەم دڵۆپ خوێنی دەبەخشرێ و، جێگای خـۆی لـە بەهەشـت نیـشان دەدرێت، لـە هەموو جۆرە ئازارێكی گۆڕ رزگاری دەبێت، لـە ترسە گەورەكـە دەربـاز دەبێـت و ترسی نییە، پۆشاكی ئیمانی لـەبەر دەكرێت، لـە بەهەشتدا حۆری دەبێت بە خێزانـی، شـەفاعەت بۆ حەفتا كەسی لـە كەس و كاری دەكات.

پیاوێك وتی: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بۆچی باوەڕداران لـەناو گۆڕەكانیانـدا تاقی دەكردێنەوە، بێجگە لـە شەهید؟ ئەویش فەرمووی: (كَفَى بِبَارِقَـةِ الـسُّيُوفِ عَلَـى رَأْسِـهِ فِتْنَةً)[239]. واتە: تریفەی شمشێرەكان بەسەر سەریەوە بەسە بۆ تاقی كردنەوە.

[237] - أخرجه أبو داود (٢٥٠٠)، والترمذي (١٦٢١), صحيح الترغيب والترهيب: ١٢١٨.

[238] - أخرجه الترمذي: ١٦٦٣/٤ وإبن ماجه: ٢٧٩٩/٢, وصححه الألباني في المشكاة: ٣٨٣٤.

[239] - أخرجه النسائي: ٩٩/٤, وصححه الألباني في صحيح الجامع : ٤٤٨٣.

٢- پاسەوانی کردن لە پێناوی خوادا:

سەلمان فەرمووی: بیستم لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو: (رِبَاطُ يَوْمٍ وَلَيْلَةٍ خَيْرٌ مِنْ صِيَامِ شَهْرٍ وَقِيَامِهِ، وَإِنْ مَاتَ جَرَى عَلَيْهِ عَمَلُهُ الَّذِي كَانَ يَعْمَلُ، وَأُجْرِيَ عَلَيْهِ رِزْقُهُ، وَأَمِنَ الفَتَّانَ)[٢٤٠]. واتە: یەك شەو و رۆژ سەنگەر گرتن بۆ پارێزگاری لە موسڵمانان لە رۆژووی شەو نوێژی مانگێك چاکترە، ئەگەر مرد ئەو کارەی کە کردوویەتی هەر بۆی هەیە، هەمیشە رزق و رۆزی ئەبێت و بیٚ ترس دەبێت لە تاقی کردنەوەکان.

هەروەها پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (كُلُّ مَيِّتٍ يُخْتَمُ عَلَى عَمَلِهِ إِلاَّ الْمُرَابِطَ فِي سَبِيلِ اللهِ، فَإِنَّهُ يُنْمى لَهُ عَمَلُهُ إِلَى يَوْمِ القِيَامَةِ، وَيُؤَمَّنُ فِتْنَةَ القَبْرِ)[٢٤١]. واتە: هەموو مردویەك کۆتایی بە کردەوەکانی دێت و مۆر دەنرێت بەسەریدا تەنها ئەو کەسە نەبێت کە لە پێناوی خوای گەورەدا پاسەوانی کردووە دژ بە دوژمنانی ئایینی ئیسلام، ئەو کەسە کردەوەکەی گەشەی پیٚ دەدرێت لە گۆڕدا تا قیامەت و پارێزراو دەبێت لە سزاو تاقی کردنەوەی گۆڕ.

٣- مردن لە شەو و رۆژی جومعەدا:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (خَيْرُ يَوْمٍ طَلَعَت عَلَيهِ الشَّمْسَ يَوْمُ الجُمعَةِ، فيهِ خُلِقَ آدَم، وَفِيهِ أُدْخِلَ الجَنّةَ، وفيهِ أُخرِجَ مِنْها)[٢٤٢]. واتە: باشترین رۆژی هەفتە کە خۆری لیٚ هەڵبیٚ جومعەیە، خوای گەورە لە رۆژی جومعەدا ئادەمی دروستکرد، لە رۆژی جومعەدا چووە ناو بەهەشتەوە، هەر لەو رۆژەشدا لە بەهەشت دەرکراو خرایە سەر ئەم زەوییە.

هەروەها دەفەرموێت: (مَا مِنْ مُسْلِمٍ يَمُوتُ يَوْمَ الْجُمُعَةِ أَوْ لَيْلَةَ الْجُمُعَةِ إِلَّا وَقَاهُ اللَّهُ فِتْنَةَ الْقَبْرِ)[٢٤٣]. واتە: هەر موسڵمانێك لە شەوی جومعە یان لە رۆژەکەیدا بمرێت، خوای گەورە لە تاقی کردنەوەی گۆڕ دەیپارێزێت.

---

[٢٤٠]- أخرجه : مسلم ٥٠/٦ (١٩١٣) (١٦٣) .

[٢٤١]- أخرجه أبو داود (٢٥٠٠)، والترمذي (١٦٢١)، صحيح الترغيب والترهيب: ١٢١٨.

[٢٤٢]- أخرجه مسلم ٤٨٦.

[٢٤٣]- أخرجه أحمد, صحيح سنن الترمذي: ٨٥٨ وغيرهما, أنظر أحكام الجنائز: ص ٥٠ .

٤- خوێندنى سورەتى (تبارك):

پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وســلـم دەفـەرموێت: (سورة تبارك هي المانعة من عذاب القبر)[٢٤٤].

واته: سورەتى تەبارەك رێگره لـه ئازارى گۆڕ.

٥- مردن به نەخۆشى سكئێشه.

پێغەمبەرى خوا صلى الله عليه وسلم فەرمويـەتى: (مَنْ يَقْتُلْهُ بَطْنُهُ فَلَنْ يُعَذَّبَ فِي قَبْرِهِ)[٢٤٥]. واتـه: هەر كەسێك سكى بيكوژێت بەهيچ جۆرێك لـه گۆڕدا ئازار نادرێت.

---

[٢٤٤] - أخرجه الحاكم في مستدرك: ٤٩٨/٢, سلسلة الصحيحة: ١١٤٠.

[٢٤٥] - صحيح سنن النسائي: ١٩٣٩, والترمذي: ٨٤٩

نیشانەکانی هاتنی قیامەت

خوای گەورە دەفەرموێت: M فَهَلْ يَنظُرُونَ إِلَّا ٱلسَّاعَةَ أَن تَأْتِيَهُم بَغْتَةً فَقَدْ جَآءَ أَشْرَاطُهَا فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَآءَتْهُمْ ذِكْرَىٰهُمْ ﴿١٨﴾ L محمد: ١٨. واتە: ئایا چاوەڕوانی چی دەکەن جگە لە قیامەت کە بێگومان نیشانەکانیی هاتوون، جا کاتێك قیامەت لە ناکاو هات چۆن چۆنی دەتوانن خوایان بێتەوە یادو پەند وەربگرن!

هەروەها دەفەرموێت: M X Y Z [\ ] ^ _ ` a b L النحل: ١. واتە: فەرمانی خوا دەرچوو بە هەستانی ئەو رۆژە ئیتر ئێوەش پەلەی لێ مەکەن.

خوای گەورە موعجیزەی کەرت بوونی مانگی لەسەردەمی پێغەمبەردا صلی الله علیه وسلم کردووە بە هاوکات لەگەڵ نزیك بوونەوەی هاتنی رۆژی قیامەت وەك دەفەرموێت: M | { ~ ٱلْقَمَرُ ﴿١﴾ L القمر: ١. واتە: قیامەت نزیك بوەوەو مانگ بوو بە دوو کەرتەوە.

عبدالله کوڕی مەسعود رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: لەکاتێکدا ئێمە لە خزمەت پێغەمبەردا بووین صلی الله علیه وسلم لەمونا، مانگ بوو بەدوو لەتەوە، لەتێکیان لەو دیوی کێوەکەوە بوو لەتەکەی تریش لەمدیوەوە بوو، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (ببینن!، ببینن!) [٢٤٦].

بێگومان هاتنی قیامەت یەکێکە لە شتە نهێنی و شاراوەکان تەنها خوای گەورە خۆی دەزانێ کەی بەرپادەبێ، بێگومان لە پڕێکدا روو دەدات، بەڵام چەند بەڵگەو نیشانەیەك هەیە پێشتر روودەدەن.

---

[٢٤٦] - أخرجه مسلم: ٢٨٠٠ باب انشقاق القمر.

یەکەم - نیشانەکانە بچوکەکان:

١- هاتنی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم:

هاتنی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم یەکەم نیشانەی بچوکە، چونکە لە دوای ئەو ئیتر هەرگیزاو هەرگیز پێغەمبەری تر نایەت، خاتەم و دواهەمین پەیامبەرە، خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: ﴿ مَّا كَانَ مُحَمَّدٌ أَبَآ أَحَدٍ مِّن رِّجَالِكُمْ وَلَٰكِن رَّسُولَ ٱللَّهِ وَخَاتَمَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٤٠﴾ ﴾ الأحزاب: ٤٠ .

جابر ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (بُعِثتُ أنَا والسَّاعَةُ كَهَاتَيْنِ، وَضمَّ السَّبَّابَةِ وَالوُسْطَى)[٢٤٧]. واتە: من و قیامەت وەك ئەم دووانە وایـن، ئاماژەی کرد بۆ پەنجەی شایەتمان و نێوەڕاستی.

٢- وەفاتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم:

بوخاری لە عەوفی کوڕی مالیکەوە ڕەزای خوای لێ بێ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو: (اعْدُدْ سِتًّا بَيْنَ يَدَيْ السَّاعَةِ مَوْتِي..)[٢٤٨]. واتە: شەش شت دەبژێرم کە نیشانەی هاتنی قیامەتە: یەکێك لەوانە مردنم .

یەکەم نەهامەتی کە بەسەر ئومەتی ئیسلامدا هات وەفاتی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم بوو، بە مردنی ئەو وەحی وەستا لە ئاسمانەوە، زۆربەی هۆزە عەرەبەکان لە دین وەرگەڕان و ئاژاوەو فیتنە بەرپابوو.

ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (لَمَّا كَانَ الْيَوْمُ الَّذِي دَخَلَ فِيهِ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْمَدِينَةَ أَضَاءَ مِنْهَا كُلُّ شَيْءٍ فَلَمَّا كَانَ الْيَوْمُ الَّذِي مَاتَ فِيهِ أَظْلَمَ مِنْهَا كُلُّ شَيْءٍ)[٢٤٩]. واتە: ئەو ڕۆژەی کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم هاتە شاری مەدینەوە، هەموو شتێك لەو شارەدا ڕووناك بووەوە، وە لەو ڕۆژەشدا کە

---

[٢٤٧] - أخرجه مسلم: ١٨/٨٩-٩٠كتاب الفتن وأشراط الساعة.

[٢٤٨] - أخرجه البخاري: ٦/٢٧٧ كتاب الجزية والموادعة.

[٢٤٩] - رواه أحمد: ٣/٢٢١, ٢٦٨, والترمذي: ٣٦١٨, وابن ماجة: ١٦٣١.

وەفاتی کرد تیایدا هەموو شتێك لەو شارەدا تارك بوو.

٣- رزگارکردنی قودس (بيت المقدس):

بوخاری لە عەوفی کوڕی مالیکەوە رەزای خوای لێ بێ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو: (اعْدُدْ سِتًّا بَيْنَ يَدَيْ السَّاعَةِ مَوْتِي ثُمَّ فَتْحُ بَيْتِ الْمَقْدِسِ..)[٢٥٠]. واتە: شەش شت دەبژێرم کە نیشانەی هاتنی قیامەتە: یەکێك لەوانە مردنم پاشان رزگارکردنی قودس. ئەوە بوو لە ساڵی شانزەی کۆچی لەسەردەمی خەلیفەی راشید عومەری کوڕی خەتابدا رەزای خوای لێ بێ لەسەر دەستی ئەبو عوبەیدەی کوڕی جەراح رزگارکراو، عومەر رەزای خوای لێ بێ لە مەدینەوە رۆشت بۆ فەلەستین بۆ وەرگرتنی کلیلەکانی قودس.

٤- نەخۆشی کولێرا(طاعون عمواس):

عەمواس شارێکە لە فەلەستین، لەسەردەمی خەلیفەی راشید عومەری کوڕی خەتابدا رەزای خوای لێ بێ نەخۆشی کولێرای تێدا بڵاوبوویەوە بیست و پێنج هەزار موسڵمان بوونە قوربانی لەوانە ئەبو عوبەیدەی جەراح و موعازی کوڕی جەبەل بوون.

بوخاری لە عەوفی کوڕی مالیکەوە رەزای خوای لێ بێ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پێی فەرموو: (اعْدُدْ سِتًّا بَيْنَ يَدَيْ السَّاعَةِ.. ثُمَّ مُوْتَانٌ)[٢٥١]. واتە: شەش شت دەبژێرم کە نیشانەی هاتنی قیامەتە: یەکێك لەوانە نەخۆشی کولێرایە.

٥- کوشتن زۆر دەبێت:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَكْثُرَ الْهَرْجُ) واتە: قیامەت هەڵناسێت تاکو (هرج) زۆر دەبێت، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم (هرج) چی یە؟ فەرمووی: (الْقَتْلُ، الْقَتْلُ)[٢٥٢]. واتە: کوشتن، کوشتن.

---

[٢٥٠] - أخرجه البخاري: ٢٧٧/٦ كتاب الجزية والموادعة.

[٢٥١] - أخرجه البخاري: ٢٧٧/٦ كتاب الجزية والموادعة.

[٢٥٢] - أخرجه مسلم: ١٣/١٨ كتاب الفتن وأشراط الساعة.

٦- پەیدابوونی ژنانی بێ ئابڕوو زۆربوونی زیناکردن:

ئەبو هورەیرە رازی خوای لێ بێ گێڕایەوەویەتیەوە کە پێغەمبــەری خــوا صــلی الله علیــه وســلـم فەرمویــەتی: (صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَــا النَّــاسَ وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّــةَ وَلَــا يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا)[٢٥٣]. واتە: دوو کۆمەڵ هەیە لــەڕیزی ئــەهلی دۆزەخن و من نەمدیون: جۆرێکیان قامچیان پێیە ریشودار وەك كلكی مانگا وایە کە ئەشکەنجەی خەڵکی پێدەدەن، جۆرەکەی ترشیان: ئافرەتانێکن پۆشاکیان لـەبەردایە بەڵام رووتن(چونکە تــەنك و کورتە یان تەسکە) ئەوانە هەم خۆیان لـەخــشتەچوون هــەم خــەڵکیش لـەخــشتەدەبەن، بــەفیزو لـەنجەو لارەوە دەڕۆن بەڕێگادا، قژی سەریان لـە دواوە وەك کۆپارەی پشتی وشتر بەرزدەکەنەوە، ئەوانە نەدەچنە بەهەشت و نەبۆنیشی دەکەن کــە بــۆنی بەهەشــت ئەوەنــدەو ئەوەنــدە ســاڵە ڕێ دەڕوات.

هەروەها فەرمویــەتی: (إِنَّ مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ.. وَيَظْهَرَ الزِّنَــا)[٢٥٤]. واتــە: لــە نیــشانەکانی هــاتنی قیامەت ئەوەیە کە.. زیناکردن بڵاودەبێتەوە.

٧- نەمانی دەست پاکی و ئەمانەت لە وڵاتدا:

ئەبو هورەیرە رازی خوای لێ بێ گێڕایەوەویەتیەوە کە پێغەمبــەری خــوا صــلی الله علیــه وســلـم فەرمویــەتی: (إِذَا ضُيِّعَتِ الأَمَانَةُ فَانْتَظِرِ السَّاعَةَ). قال: كَيفَ إضَاعَتُهَا؟ قال: (إِذَا وُسِّدَ الأَمْــرُ إِلى غَيْرِ أَهْلِهِ فَانْتَظِرِ السَّاعَةَ) [٢٥٥]. واتە: (کاتێك ئەمانەت نەما چاوەڕێی قیامەت بکــە). وتــی: نــەمانی ئەمانەت چیە ئەی پێغەمبــەری خــوا ؟ فــەرمووی: (کاتێــك گــەورەیی و کاروبــار درایــە دەســت کەسانێك کە شیاو نەبن بۆی ئەو کاتە چاوەڕێی قیامەت بکە).

ئیبن عەباس دەڵێ: ئەمانەت ئەو فەرزانەن کە خوای گەورە فەرزی کردوون لـەسەر بەندەکانی.

---

[٢٥٣]- أخرجه مسلم ١٦٨/٦ (٢١٢٨) (١٢٥) , وأحمد في مسنده: ٣٥٦/٢.

[٢٥٤]- أخرجه البخاري: ١٨٧/١, ومسلم: ٢٢١/١٦.

[٢٥٥]- أخرجه البخاري: ٢٣/١ (٥٩) .

قەتادە دەڵێ: دین هەمووی ئەمانەتەو، ئەمانەتیش دینە.

٨- بڵاوبونەوەی فیتنەو ئاژاوە:

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (إِنَّ بَيْنَ يَدَيْ السَّاعَةِ فِتَنًا كَقِطَعِ اللَّيْلِ الْمُظْلِمِ يُصْبِحُ الرَّجُلُ فِيهَا مُؤْمِنًا وَيُمْسِي كَافِرًا وَيُمْسِي مُؤْمِنًا وَيُصْبِحُ كَافِرًا الْقَاعِدُ فِيهَا خَيْرٌ مِنْ الْقَائِمِ، والماشي خَيْرٌ مِنَ السَاعي ..)[٢٥٦]. واتە: لە نیشانەکانی هاتنی قیامەت ئەوەیە کە فیتنەو ئاشوب وەك شەوەزەنگ خەڵك دادەگرن و دنیا تاریك دەکەن ، خەڵك وا سەریان لێ دەشێوێ و رێیان لێ دەگۆڕێ، پیاو هەیە بەیانی موسڵمانەو ئێوارە کافرە، ئێوارە موسڵمانەو بەیانی کافرە، جا ئەوەی دانیشتووە تێیدا چاکترە لەوەی بە پێوەیە، ئەوەیشی تیایدا دەڕوات باشترە لەوەی کە هەوڵی بۆدەدات و بە تەکان بەرەو پیریەوە دەچێت.

هەروەها پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم نەتەوەکەی لە فیتنەو ئاشوب ئاگادار کردۆتەوەو فەرمانی کردووە پێیان کە پەنابگرن بە خوا لە فیتنەو ئاشوب: (تَعَوَّذُوا بِاللَّهِ مِنْ الْفِتَنِ مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَمَا بَطَنَ)[٢٥٧].

٩- زۆربوونی ئامێری مۆسیقاو گۆرانی و مەی خواردنەوە:

ئەبو مالکی ئەشعەری رازی خوای لێ بێ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (لَيَكُونَنَّ مِنْ أُمَّتِي أَقْوَامٌ يَسْتَحِلُّونَ الْحِرَ وَالْحَرِيرَ وَالْخَمْرَ وَالْمَعَازِفَ)[٢٥٨]. واتە: لە ئومەتەکەم کۆمەڵێك پەیدا دەبن زیناکردن و پۆشینی ئاوریشم و مەی خواردنەوەو ئامێری مۆسیقا ژەندن بەحەڵاڵ دەزانن.

سەهلی کوڕ سەعد رازی خوای لێ بێ دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی:: (سَيَكُونُ فِي آخِرِ الزَّمَانِ خَسْفٌ، وَقَذْفٌ، وَمَسْخٌ"، قِيلَ: وَمَتَى ذَلِكَ يَا رَسُولَ اللَّـهِ؟

[٢٥٦]- رواه أحمد وأبو داود والحاكم وصححة الألباني في صحيح الجامع: ٢٠٤٩.

[٢٥٧]- أخرجه مسلم في كتاب الجنة وصفة نعيمها وأهلها: ٢٠٣/١٧.

[٢٥٨]- أخرجه البخاري في كتاب الأشربة: ١٥/١٠.

قَالَ:"إِذَا ظَهَرَتِ الْمَعَازِفُ وَالْقَيْنَاتُ، وَاسْتُحِلَّتِ الْخَمْرُ")[259]. واته: (له ئاخر زەماندا رۆچوونی خاك و ئاگر باران و روو وەرگێڕان زۆر دەبێت). وتیان: کەی ئەوە روودەدات ئەی پێغەمبەری خوا ! فەرمووی: (هەرکاتێك ئامێری مۆسیقا ژەندن و ئافرەتی گۆرانی بێژ زۆربوون مەی خواردنەوەحەلاڵ کرا).

١٠- زۆربوونی سامان و دارایی:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَكْثُرَ فِيكُمْ الْمَالُ فَيَفِيضَ حَتَّى يُهِمَّ رَبَّ الْمَالِ مَنْ يَقْبَلُهُ مِنْهُ صَدَقَةً وَيُدْعَى إِلَيْهِ الرَّجُلُ فَيَقُولُ لَا أَرَبَ لِي فِيهِ)[260]. واته: قیامەت نایەت تا ماڵ و داراییتان زۆر دەبێت، هێندە زۆر دەبێت کە خاوەن ماڵ خەمی ئەوە دەخوات ئاخۆ کەسی دەست کەوێت زەکاتی پێ بدات، کەسێك بانگ دەکات تا خێری پێ ببەخشێت، لێی وەرناگرێت و دەڵێ پێویستیم پێی نی یە.

١١- جەنگ لەگەڵ عەجەم:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تُقَاتِلُوا خُوزًا وَكَرْمَانَ مِنْ الْأَعَاجِمِ حُمْرَ الْوُجُوهِ فُطْسَ الْأُنُوفِ صِغَارَ الْأَعْيُنِ وُجُوهُهُمْ الْمَجَانُّ الْمُطْرَقَةُ نِعَالُهُمْ الشَّعَرُ)[261]. واته: قیامەت نایەت هەتا جەنگ لەگەڵ خوز و کرمان دەکەن، دەم و چاو سورن، لوتیان کورت و پانە، چاویان بچوکە، روخساریان هەر دەڵێی قەڵغانی بە چەرم داپۆشراوە، پێڵاوەکانیان لەموو دروستکراوە.

١٢- جەنگ لەگەڵ تورك:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يُقَاتِلَ الْمُسْلِمُونَ التُّرْكَ قَوْمًا وُجُوهُهُمْ كَالْمَجَانِّ الْمُطْرَقَةِ يَلْبَسُونَ الشَّعَرَ

[259]- رواه الطبراني في الكبير, صحيح الجامع: ٣٦٦٥.

[260]- أخرجه البخاري: ١٣/٨١-٨٢, ومسلم: ٧/٩٧.

[261]- أخرجه مسلم في كتاب الفتن وأشراط الساعة: ١٨/٣٧.

وَيَمْشُونَ فِي الشَّعَرِ)[٢٦٢]. واته: قیامەت نایەت هەتا جەنگ لەگەڵ تورکدا دەکەن، گەلێکن دەم و چاویان هەر دەڵێی قەڵغانی بە چەرم داپۆشراوە، پۆشاکی لەمووەدروستکراو لەبەر دەکەن و پێڵاوەکانیان لەموو دروستکراوە.

١٣- بەرپابوونی جەنگ لە نێوان موسڵمانان و جولەکەدا:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (تَقْتَتِلُونَ أَنْتُمْ وَيَهُودُ حَتَّى يَقُولَ الْحَجَرُ يَا مُسْلِمُ هَذَا يَهُودِيٌّ وَرَائِي تَعَالَ فَاقْتُلْهُ)[٢٦٣]. واته: جەنگ لە نێوان ئێوە و جولەکە بەرپا دەبێت جا بەرد هاوار دەکات و دەڵێ: ئەی موسڵمان ئەوە جولەکەیە لە پشتمەوە خۆی حەشارداوە وەرە بیکوژە.

١٤- کەمبوونەوەی پیاوان و زۆربوونی ژنان:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (مِنْ أَشْرَاطِ السَّاعَةِ أَنْ يَقِلَّ الْعِلْمُ وَيَظْهَرَ الْجَهْلُ وَيَظْهَرَ الزِّنَا وَتَكْثُرَ النِّسَاءُ وَيَقِلَّ الرِّجَالُ حَتَّى يَكُونَ لِخَمْسِينَ امْرَأَةً الْقَيِّمُ الْوَاحِدُ) [٢٦٤]. واته: لە نیشانەکانی هاتنی قیامەت ئەوەیە کە زانیاری کەم دەبێ و نەزانین زۆر دەبێت و زیناکردن زۆر دەبێ و شەراب خۆری زۆر دەبێ و پیاو کەم دەبن و ژن زۆر دەبن، هەتا وای لێ دێت کە پەنجا ئافرەت یەك یاو سەرپەرشتیان دەکات.

١٥- پەیدابوونی چەندین کەسی درۆزن کە بانگەشەی پێغەمبەرایەتی دەکەن:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يُبْعَثَ دَجَّالُونَ كَذَّابُونَ قَرِيبٌ مِنْ ثَلَاثِينَ كُلُّهُمْ يَزْعُمُ أَنَّهُ رَسُولُ اللَّهِ)[٢٦٥]. واته: قیامەت نایەت هەتا چەند کەسێکی جادوگەری درۆزنی ساختەچی پەیدا دەبن کە نزیکەی سی کەسێکن، هەریەك لەوان خۆی بە پێغەمبەر دەزانێت. وەك: (موسەیلەمەی درۆزن و ئەسوەدی عەنسی و تەلیحەی ئەسەدی و سەجاجی یەمامە..).

---

[٢٦٢] - أخرجه مسلم في كتاب الفتن وأشراط الساعة: ٣٧/١٨.

[٢٦٣] - رواه مسلم برقم: ٢٩٢١.

[٢٦٤] - أخرجه البخاري: ١٧٨/١, ومسلم: ٢٢١/١٦.

[٢٦٥] - أخرجه البخاري: ٦١٦/٦ كتاب المناقب.

١٦– نیوه دوورگەی عەرەب دەبێتەوە بەباخ و بێستان:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفـەرموێت: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَكْثُرَ الْمَالُ وَيَفِيضَ حَتَّى يَخْرُجَ الرَّجُلُ بِزَكَاةِ مَالِهِ فَلَا يَجِدُ أَحَدًا يَقْبَلُهَا مِنْهُ وَحَتَّى تَعُودَ أَرْضُ الْعَرَبِ مُرُوجًـا وَأَنْهَـارًا)[٢٦٦]. واته: قیامەت نایەت هەتا نیوه دوورگەی عەرەب دەبێتەوە بەباخ و بێستان و سـەوزایی و رووبـار هەروەك جاران.

١٧– دابەشکردنی گەنجینەکانی کیسراو قەیسەر لـەرێی خوا:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (قَدْ مَاتَ كِسْرَى فَلَا كِسْرَى بَعْدَهُ، وَإِذَا هَلَكَ قَيْصَرُ فَلَا قَيْصَرَ بَعْدَهُ، وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَتُنْفَقَنَّ كُنُوزُهُمَا فِي سَـبِيلِ اللَّـهِ)[٢٦٧]. واتـه: کیـسرا مردووه، کیسرای تر پاش ئەو نابێت، ئەگەر قەیسەر لـەناو چوو قەیسەری دی دوای ئەو نابێـت، سوێند بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە دڵنیابن گەنجینەکانیان لـەرێی خوا دەبەخشنەوە.

١٨– کەوتنەوەی ئاگرێك لە حیجاز:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَخْرُجَ نَـارٌ مِـنْ أَرْضِ الْحِجَازِ تُضِيءُ أَعْنَاقَ الْإِبِلِ بِبُصْرَى)[٢٦٨]. واته: قیامەت نایـەت هـەتا ئاگرێـك لـە خـاکی حیجـاز نەکەوێتەوە کە گەردنی حوشتر لـە(بصری) رونـاك دەکاتـەوە. ١٨– کەوتنـەوەی ئاگرێـك لـە حیجاز

١٩– قیامەت نایەت تا کەسێك لـەسەر زەویدا بڵێ: الله، الله:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفـەرمووێت: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى لَا يُقَالَ فِي الْأَرْضِ اللَّهُ اللَّهُ) [٢٦٩]. واته: قیامەت نایەت تا لـەسەر زەویدا کەس نەمێنێ بڵێ: الله، الله.

---

[٢٦٦] - أخرجه مسلم: ٩٧/٧ كتاب الزكاة.

[٢٦٧] - أخرجه مسلم: ٢٢٥/٤, وأبو داود: ١٤٤/٤.

[٢٦٨] - أخرجه البخاري: ٧٨/١٣ ومسلم: ٣٠/١٨.

[٢٦٩] - أخرجه مسلم: ١٤٨.

٢٠- قیامەت نایەت مەگەر بەسەر خراپترینی خەڵکدا:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموویت: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ إِلَّا عَلَى شِرَارِ الْخَلْقِ)[٢٧٠].

٢١- شوان و گاوان دەبنە خاوەنی کۆشك و تەلار:

کاتێك جوبرەئیل هات بۆ خزمـەت پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم و پرسـیاری هـاتنی قیامەتی لێکرد: ئەویش فـەرمووی: (مَا المَسْؤُولُ عَنْهَا بأعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ) . واتـە: پرسـیار لێکـراو زاناتر نىیەلـە پرسیارکار، جوبرەئیل وتی: هەواڵی نیـشانەکانیم بـدەرێ، فـەرمووی: (وأنْ تَـرَى الحُفَاةَ العُرَاةَ العَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ فِي البُنْيَانِ) [٢٧١]. واتە: کاتێك بینرا شـوان و گـاوان و پـێ پەتی کۆشك و تەلاریان بەرزیان بە ئاسماندا برد.

٢٢- سلاوکردنی تایبەت، زۆربوونی بازرگانی، کزبوون خزمایەتی:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمویت: (أَنَّ بَيْنَ يَدَيْ السَّاعَةِ تَسْلِيمَ الْخَاصَّـةِ وَفُـشُوَّ التِّجَارَةِ حَتَّى تُعِينَ الْمَرْأَةُ زَوْجَهَا عَلَى التِّجَارَةِ وَقَطْعَ الْأَرْحَامِ)[٢٧٢]. واتـە: یـەکێك لـە نیـشانەکانی هاتنی قیامەت سلاوکردنی تایبەتە، بلاوبونـەوەی بازرگانیـە، تەنانـەت ژن مێردەکـەی خـۆی لـەسەر بازرگانی دادەمەزرێنێت، برینی سیلـەی خزمایەتی.

٢٣- زۆربوونی پۆلیس و دەست و پێوەندی ستەمکاران:

ئەبو هورەیرە رازی خوای لێ بێ گێڕایەوەویەتیەوە کە پێغەمبەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فەرمویـەتی: (صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِـيَاطٌ كَأَذْنَـابِ الْبَقَـرِ يَـضْرِبُونَ بِهَـا النَّاسَ..)[٢٧٣]. واتە: دوو کۆمەڵ هەیە لەڕیزی ئەهلی دۆزەخن و من نەمدیون: جۆرێکیان قامچیان پێیە ریشودار وەك کلکی مانگا وایە کە ئەشکەنجەی خەڵکی پێدەدەن.

ئەبو ئومامە رازی خوای لێ بێ گێڕایەوەویەتیەوە کە پێغەمبەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم

[٢٧٠] - أخرجه مسلم: ١٩٢٤.

[٢٧١] - أخرجه مسلم في كتاب الإيمان: ١/١٨٥.

[٢٧٢] - أخرجه أحمد في مسنده, سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٢/٢٤٦ برقم: ٦٤٧ .

[٢٧٣] - أخرجه مسلم ٦/١٦٨ (٢١٢٨) (١٢٥) , وأحمد في مسنده: ٢/٣٥٦.

فەرمویەتی: (سَيَكُونُ فِي آخِرِ الزَّمَانِ شَرَطَةٌ، يَغْدُونَ فِي غَضِبِ اللَّهِ، وَيَرُوحُونَ فِي سَخَطِ اللَّهِ، فَإِيَّاكَ أَنْ تَكُونَ مِنْ بِطَانَتِهِمْ) ")[٢٧٤]. واتە: لە ئاخر زەماندا جۆرە شورتەیەك دەبن لە تورەبوونی خوادا رۆژ بەسەر دەبەن و لە رقی خواشدا خۆریان لێ ئاوا دەبێت، خۆت بپارێزەو نەکەی لە دەست و پێوەندی ئەوانە بیت.

٢٤- کەسانی سووك و ریسوا دەبنە خاوەن پلەو پایە:

ئەبو هورەیرە رازی خوای لێ بێ گێڕایەوەویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (سَيَأْتِي عَلَى النَّاسِ سَنَوَاتٌ خَدَّاعَاتٌ يُصَدَّقُ فِيهَا الْكَاذِبُ وَيُكَذَّبُ فِيهَا الصَّادِقُ وَيُؤْتَمَنُ فِيهَا الْخَائِنُ وَيُخَوَّنُ فِيهَا الْأَمِينُ وَيَنْطِقُ فِيهَا الرُّوَيْبِضَةُ قِيلَ وَمَا الرُّوَيْبِضَةُ قَالَ الرَّجُلُ التَّافِهُ فِي أَمْرِ الْعَامَّةِ)[٢٧٥]. واتە: (سالانێکی هەڵخەڵەتێنەر بەسەر خەڵکدا دێت، درۆزنی تێدا دەکرێت بەڕاستگۆ، راستگۆشی تێدا دەبێت بە درۆزن، وە خیانەتداری تێدا دەکرێت بە دەست پاك و دەست پاکیشی تێدا دەکرێت بە خیانەتکار، (رويبضة) قسەی تێدا دەکات). وتیان: (رويبضة) چی یە؟ فەرمووی: (کەسانی سووك و ریسواو بێ نرخ قسە لە کاروباری گشتی خەڵکدا دەکەن).

کاتێك جوبرەئیل هات بۆ خزمەت پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم و پرسیاری هاتنی قیامەتی لێکرد: ئەویش فەرمووی: (مَا المَسْؤُولُ عَنْهَا بأعْلَمَ مِنَ السَّائِلِ) . واتە: پرسیار لێکراو زاناتر نیيەلە پرسیارکار، جوبرەئیل وتی: هەواڵی نیشانەکانیم بدەرێ، فەرمووی: (وأنْ تَرَى الحُفَاةَ العُرَاةَ العَالَةَ رِعَاءَ الشَّاءِ يَتَطَاوَلُونَ في البُنْيَانِ)[٢٧٦]. واتە: کاتێك بینرا شوان و گاوان و پێ پەتی کۆشك و تەلاریان بەرزیان بە ئاسماندا برد.

هەروەها دەفەرموێت: (مِن أشراط السّاعة أن يَغلِبَ على الدُّنيا لُكَعُ ابْنُ لُكَعٍ، فخيرُ الناسِ يومئذٍ مؤمن بين كريمين)[٢٧٧]. واتە: لە نیشانەکانی قیامەت هەرچی کەسانی سووك و ریسواو بێ نرخ

---

[٢٧٤]- رواه الطبراني في الكبير, صحيح الجامع: ٣٦٦٢.

[٢٧٥]- رواه أحمد وابن ماجة والحاكم, صحيح الجامع: ٣٦٥٠.

[٢٧٦]- أخرجه مسلم في كتاب الإيمان: ١/١٨٥.

[٢٧٧]- رواه الطبراني في الأوسط,مجمع الزوائد: ٧/٣٢٥.

هەیە دەسەلاتی دنیا دەگرنە دەست، وە باشترین کەس لەو زەمانەدا ئیمانداریکە لە نیوان دوو کەسی بەڕێزدا.

٢٥- رازاندنەوەی مزگەوتەکان:

ئەنەس رەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: پیغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى يَتَبَاهَى النَّاسُ فِي الْمَسَاجِدِ)[٢٧٨]. واتە: قیامەت هەلناسیّ تاکو خەلك گرنگیەکی زۆر دەدەن بە رازاندنەوەی مزگەوتەکان و شانازی پیوە دەکەن.

٢٦- زۆربوونی مردنی کتوپڕی:

پیغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمویت: (إن من أمارات الساعة.. أن يظهر موت الفجأة)[٢٧٩]. واتە: لە نیشانەکانی هاتنی قیامەت.. زۆربوونی مردنی کتوپڕییە.

٢٧- خواردنی ماڵی حەرام و ریبا:

پیغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمویت: (بين يدي الساعة يظهر الربا)[٢٨٠].

هەروەها ئەمانەش:

نەمانی زانست و زانیاری و زۆربوونی نەزانی، زۆربوونی قەلەم بەدەست، شاردنەوەی شایەتی حەق و شایەتیدانی درۆ، بلاوبوونەوەی بت پەرستی، رۆچوون و بومەلەرزە، نزیك بوونەوەی رۆژگار، بلاوبوونەوەی درۆ، شوینکەوتنی رەوشت و ئاکاری بیّ باوەڕان، جەنگی موسلمانان لەگەڵ رۆم، رزگارکردنی (قسطنطينية) ئستەنبوڵ، روخانی کەعبە، ئاوات خواستن بۆ مەرگ.. بیگومان خوای گەورە لە هەموو کەس زاناترەو هەر خۆشی دەیزانیت[٢٨١].

---

[٢٧٨] - رواه أحمد وابن حبان , صحيح الجامع: ٧٤٢١.

[٢٧٩]- رواه الطبراني في الأوسط, صحيح الجامع: ٥٨٩٩ .

[٢٨٠] - أخرجه أبو داود في كتاب المهدي: ٤٢٨٤, والحاكم: ٥٥٧/٤, وصححه الألباني في صحيح الجامع: ٦٧٣٤.

[٢٨١] - بیگومان ئەو نیشانانەی باسکران هەر هەموویان فەرموودەی صەحیحیان لەسەرە لەبەر دریژی باسەکە نەمان ویست نقلیان بکەین.

دووهەم- نیشانە گەورەکان:

موسلیم لە (حُذَيْفَةَ كوڕی أَسِيدٍ الْغِفَارِيِّ)یەوە دەگێڕێتەوە و دەڵـێ: (اطَّلَعَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَيْنَا وَنَحْنُ نَتَذَاكَرُ فَقَالَ: (مَا تَذَاكَرُونَ). قَالُوا نَذْكُرُ السَّاعَةَ قَالَ (إِنَّهَا لَنْ تَقُومَ حَتَّى تَرَوْنَ قَبْلَهَا عَشْرَ آيَاتٍ فَذَكَرَ الدُّخَانَ وَالدَّجَّالَ وَالدَّابَّةَ وَطُلُوعَ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا وَنُزُولَ عِيسَى ابْنِ مَرْيَمَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ وَيَأَجُوجَ وَمَأْجُوجَ وَثَلَاثَةَ خُسُوفٍ خَسْفٌ بِالْمَشْرِقِ وَخَسْفٌ بِالْمَغْرِبِ وَخَسْفٌ بِجَزِيرَةِ الْعَرَبِ وَآخِرُ ذَلِكَ نَارٌ تَخْرُجُ مِنْ الْيَمَنِ تَطْرُدُ النَّاسَ إِلَى مَحْشَرِهِمْ) [٢٨٢]. واتـە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بینینی کە پێکەوە بیرمان دەکـردەوە، فـەرمووی: ئـەوە بـیر لـەچی دەکەنەوە ؟ وتیان باسی هاتنی قیامەت دەکـەین، پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فەرمووی: ڕۆژی قیامەت نایەت تا دە لـە نیـشانەکانی نـەبینن لـەپێـشەوە : دوکـەڵ، دەججـال، (دابـــة) زینـدەوەرێك(کـە قـسە لـەگـەڵ خەڵکـدا دەکـات)، هـەڵهاتنی خـۆر لـە ڕۆژئـاواوە، هاتنەخوارەوەی عیسای کوڕی مەریەم سلاوی خوای لەسەر بێ، هاتنی یەئجوج و مەئجوج، سـێ ڕۆچوونی زەوی، یەکێك لە ڕۆژهەلات، یـەکێك لـە ڕۆژئـاوا، یـەکێکیش لـە نیـوە دوورگـەی عەرەبیەوە، کۆتایی ئەوانە ئاگرێکە لە یەمەن پەیدا دەبێت کە خەڵك بەرەو شـوێنی کۆبونـەوەیان ڕاپێچ دەکات کە شامە.

هەرکە نیشانەیەك دەرکەوت باقی نیشانەکانی تر بە خێرایی بەدوای یەکدا دێـن وەك دانـەکانی مورویەك هۆنرابێتەوە وەك لەم فەرمودەیـەدا هـاتووە: (خروج الآيات بعضها على أثر بعض يتتابعن كما تتابع الخرز في النظام)[٢٨٣].

ئیبن حەجەر دەڵێ: چۆن دەزووەکە دەپـچرێت و دەنکـەکانی خێـرا بـەدوای یەکـدا پـەرش و بلاودەبنەوە ئاوەها نیشانە گەورەکان بەدوای یەکدا دێن[٢٨٤].

---

[٢٨٢] - أخرجه مسلم: ٢٢٥/٤, وأبو داود: ١٤٤/٤.

[٢٨٣] - رواه الطبراني في الأوسط, صحيح الجامع: ٣٢٢٧.

[٢٨٤] - فتح الباري: ٧٧/١٣.

فیتنەی مەسیحی دەججال:

وشەی دەججال ، لە (دَجَل)وە هاتووە، بەمانای داپۆشین، وە دەججال بە مانای زۆر داپۆشەر دێت. بۆیە ئەو ناوەشی لێ نراوە چونکە حەق و راستی لەخەڵك دادەپۆشێ بەناهەق.

شێوەو رووخساری دەججال:

دەججال پیاوێکە لەنەوەی ئادەم، لە فەرمودەکانی پێغەمبەردا صلی الله علیە وسلم کۆمەڵێکی زۆر سیفاتی شێوەو رووخساری باسکراوە، بۆ ئەوەی خەڵك هەرکات پەیدا بوو بیناسنەوەو پێی نەخەڵەتێن و خۆیان لە فیتنەی بپارێزن، سیفات و نیشانەکانی ئەوەندە روون و ئاشکران کە مەگەر کەسێکی نەزان و گومڕا دەرکی پێ نەکات، ئەگینا هەموو موسڵمانێك دەیناسێتەوەو کە دەججالە.

پیاوێکی گەنجە، سورە، کورتە بالآیە، سنگی پێی لێك نزیکن و پاژنەکانی لەیەك دوورن، قژی لولە، ناوچاوانی پان و گەورەیە، ملی ئەستور و پانە، چاوی راستی رووناکی تێدا نەماوەو سڕاوەتەوە لە جێگای خۆی رەش بۆتەوە، وەك دەنکە ترێی پوکاوەی ئاو تێدا نەماو وایە،کە نەڕۆچووەو قوڵە، وە نە دەرچووەو زەقە، چاوی چەپیشی گۆشتێکی زیادەی ئەستوور بەپێڵوەکەیەوەیە، : لەنێوان هەردوو چاوەکانیدا نوسراوە کافر هەموو موسڵمانێکی خوێنەوارو نەخوێنەوار دەخوێنێتەوە، نەزۆکە و منداڵیشی نابێت.

ئەمانەی لای خوارەوە چەند فەرمودەیەکی راست و دروستن باس لە شێوەو رووخساری دەججال دەکەن:

* ئیبن عومەر رەزای خوای لێ بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: لە کاتێکدا من نوستبووم خەومدا تەوافم دەکرد بەدەوری ماڵی خوادا.. باس دەکات کە عیسای کوڕی مەریەمی دیوە، پاشان دەججالی دیوەو وەسفی دەکات و دەفەرموێت: (فَإِذَا رَجُلٌ أَحْمَرُ جَسِيمٌ جَعْدُ الرَّأْسِ أَعْوَرُ عَيْنِهِ الْيُمْنَى كَأَنَّ عَيْنَهُ عِنَبَةٌ طَافِيَةٌ قُلْتُ مَنْ هَذَا قَالُوا هَذَا الدَّجَّالُ وَأَقْرَبُ النَّاسِ بِهِ شَبَهًا ابْنُ قَطَنٍ رَجُلٌ مِنْ خُزَاعَةَ هَلَكَ فِي الْجَاهِلِيَّةِ)[٢٨٥] . واتە: سەیردەکەم پیاوێکی

---

[٢٨٥] - أخرجه البخاري: ٩٠/١٣, ومسلم: ٢٣٧.

کەتەیە، سورە، قژی لولـە، چـاوی کـوێرەو دەڵێـی ترێیـەو رووناکـە تێـدا نیـیـە، وتیـان: ئـەوە دەججالـە، شێوەی لـە(ابْنُ قَطَنٍ) دەچێت کە پیاوێك بوو لـە خێڵی خوزاعە، لـەسـەردەمی نەفامیـدا مردووە.

* ئەنەس رەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویـەتی: (مَا مِنْ نَبِيٍّ إِلاَّ وَقَدْ أَنْذَرَ أُمَّتَهُ الأَعْوَرَ الكَذَّابَ، ألاَ إِنَّهُ أعْوَرُ، وإِنَّ رَبَّكُمْ - عز وجل - لَيْسَ بِأَعْوَرَ، مَكْتُوبٌ بَيْنَ عَيْنَيهِ ك ف ر)[٢٨٦] . واتە: هەموو پێغەمبەرێك گەلـەکەی خۆی ئاگادار کردۆتـەوە لـە مەترسی دەججالی کوێری درۆزن، بەڵێ بەڕاستی کوێرە، ئەمـەش یەکێکـە لـە درۆ زەقـەکانی چـونکە پـەروەردگارتان کـوێر نییـە، لـەنێوان هـەردوو چـاوەکانیدا نوسـراوە کـافر هـەموو موسڵمانێکی خوێنەوارو نەخوێنەوار دەخوێنێتەوە.

* ئیبن عومەر رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (إِنَّ اللَّهَ لَيْسَ بِأَعْوَرَ ألا وَإِنَّ الْمَسِيحَ الدَّجَّالَ أَعْوَرُ الْعَيْنِ الْيُمْنَى كَأَنَّ عَيْنَهُ عِنَبَةٌ طَافِيَةٌ)[٢٨٧] . واتە: خوای گەورە کوێر نییە، بێگومان دەججال چاوی راستی کوێرە، وەك دەنکە ترێی پوکاوەی ئاو تێدا نەماو وایە،کە نەڕۆچووەو قوڵە، وە نە دەرچووەو زەقە.

دەججال لـەکوێ دەردەکەوێت؟:

دەججال کابرایەکە لـەکۆتایی ژیانی سەرزەویدا لـە رۆژهەڵاتـەوە دەردەچـێت، کـە شـوێنێکە پێـی دەوترێت خۆراسان، حەفتا هەزار لـە جولـەکەکانی ئەسفەهان شوێنی دەکەون، لـە سـنوری نێـوان عێراق و شام بانگەوازی خۆی ئاشکرا دەکات، لافی خوایەتی لـێ دەدات، جولـەکـەکان شـوێنی دەکەون، چاوەڕێی دەکەن کە بێت و حوکمی جیهان بگرێتەدەست، کاتێك کە دەردەچێت ئاو و ئاگری لـەگەڵدایە، جا ئەوەی خەڵك بە ئاوی دەبینن لـە راستیدا ئاگرێکی سوتێنەرە، ئەوەشی کـە خەڵك بە ئاگری دەبینن لـە راستیدا ئاوێکی سـاردو سـازگارە، فـەرمان دەکـات بـەئاسمان بـاران ببارێنێ بە ویستی خوا ئـەیبارێنێ، داوا دەکـات لـە زەوی کەسـەوز بێـت بەویـستی خـوا سـەوز ئەبێت، ئەو کەسەی خۆی دەیکوژێ زیندوی دەکاتەوە.. ئەمانە هەموو بە قودرەتی خوای گـەورە

---

[٢٨٦]- متفق علیه . أخرجه البخاري ٧٥/٩ (٧١٣١) ، ومسلم ١٩٥/٨ (٢٩٣٣) (١٠١) .

[٢٨٧]- أخرجه البخاري: ٩٠/١٣ ومسلم: ٥٩/١٨.

ئەنجام دەدات بۆ تاقی کردنەوەی بەندەکان، پاشان خوای گەورە کردەوەکانی بەتاڵ دەکاتەوە و توانای هیچی نامێنێت و عیسای کوڕی مەریەم سلاّوی خوایان لەسەر بێ دادەبەزێ و دەیکوژێ.

* ئەنەسی کوڕی مالیك ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی : پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (يَتْبَعُ الدَّجَّالَ مِنْ يَهُودِ أَصْبَهَانَ سَبْعُونَ أَلْفاً عَلَيْهِم الطَّيَالِسَةُ) [288] . واتە: لە جولەکەکانی ئەصفەهان حەفتا هەزار شوێنی دەکەون کە عەبایان داوە بەسەر شانیاندا.

فیتنەی مەسیحی دەججال گەورەترین و ترسناکترین تاقیکردنەوەیە:

ئەبو ئومامەی باهیلی دەڵێ: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (إِنَّهُ لَمْ تَكُنْ فِتْنَةٌ فِي الْأَرْضِ مُنْذُ ذَرَأَ اللَّهُ ذُرِّيَّةَ آدَمَ أَعْظَمَ مِنْ فِتْنَةِ الدَّجَّالِ وَإِنَّ اللَّهَ لَمْ يَبْعَثْ نَبِيًّا إِلَّا حَذَّرَ أُمَّتَهُ الدَّجَّالَ) [289] . واتە: ئەی خەڵکینە بەڕاستی لەو کاتەوەی خوای گەورە وەچەی ئادەمی دروستکردووە لەسەر ڕووی زەویدا هیچ فیتنەو تاقیکردنەوەیەکی گەورەتر لە فیتنەی دەججال نەبووەو ناشبێت، هەموو پێغەمبەرێك گەلەکەی خۆی ترساندووە لە فیتنەی دەججال.

دەججال هەموو شوێنێکی سەر زەوی دەگەڕێت:

ئەنەسی فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (لَيسَ مِنْ بَلَدٍ إلاَّ سَيَطَؤُهُ الدَّجَّالُ إلاَّ مَكَّةَ وَالمَدِينَةَ؛ وَلَيْسَ نَقْبٌ مِنْ أنْقَابِهِمَا إلاَّ عَلَيْهِ المَلاَئِكَةُ صَافِّينَ تَحْرُسُهُمَا..) [290]. واتە: دەججال هەموو شوێنێکی سەر زەوی دەگەڕێت جگە لە مەککەو مەدینە، لەسەر هەریەك لە ڕێگاکانی مەلائیکە ریزیان بەستووەو پاسەوانی ئەو شوێنە دەکەن بۆ ئەوەی نەچێتە ناویان.

گەورەترین شایەتی لای پەروەردگاری جیهانیان:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (گەنجێکی بڕوادار بەرەو لای دەجال دەڕوات، پاسەوانەکانی لێی دەپرسن بۆ کوێ دەچی؟ دەڵێ دەچم بۆ لای ئەوەی سەری

[288] - أخرجه مسلم ٢٠٧/٨ (٢٩٤٤) (١٢٤) .

[289] - كنز العمال: ٣٨٧٤٢ , صحيح الجامع: ٧٨٧٥.

[290] - أخرجه مسلم ٢٠٦/٨ (٢٩٤٣) (١٢٣) .

هەڵداوە. دەڵێن: باوەڕ بە خواکەمان ناهێنیت؟ دەڵێ: نەخێر. دەڵێن: بیکوژن ، پاشان دەڵــێن: بـا بیبەین بۆ لای خۆی. کـاتێ گەنجـە باوەڕدارەکـە دەججـال دەبـینێ دەڵــێ: ئـەی خەڵکینـە ئەمـە مەسیحی دەججالە کە پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـه وسـلم باسـیکردووە، دەججـال فـەرمان دەکات بەراکشاندنی و لێدان لـە سك و پشتی، پاشان دەڵێ: تـۆ مەسـیحی درۆزنیـت. دەججـال فەرمان دەکات بە مشار لـە تەوقی سەریەوە هەتا بەری پێی بیکەن بـە دوو کەرتـەوە، پاشـان پێـی دەڵێ: هەستە ئەویش چاك دەبێتەوەو هەڵدەستێ، ئینجـا دەججـال دەڵــێ: بـڕوام پـێ دەهێنیـت؟. گەنجەکە دەڵێ: زیاتر درۆی تۆم بۆ ئاشکرا بوو، ئەی خەڵکینە ئیتر لـە دوای من هیچ لــە کەسـی تر ناکات، دەججال دەیگرێت سەری ببڕێت، ملی دەبێتە مس و ناتوانێت سـەری ببڕێـت، پاشـان دەست و قاچی گەنجەکەدەگرێت خەڵك وادەزانن فڕێی دەداتە ناو ئاگرەکەوە کەچی دەیخاتە نـاو بەهەشتەکەوە. پێغەمبەری خوا صلی الله علیـه وسـلم فـەرموی: ئەمـە گـەورەترین شـایەتیە لای پەروەردگار) [٢٩١] .

ئەوانەی لـە فیتنەی دەججال رزگاریان دەبێت:

١ – دامەزراوی و بەردەوام بوون لـەسەر ئیمان:

خـوای گـەورە دەفـەرمویێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ A B C D E F G H I J K L فـصلت: ٣٠ – ٣٢. واتە: بەراستی ئەوانـەی ئیمانیان هێناوەو وتیان: پـەروەردگارمان هـەر خوایـەو، لەسـەر بیروبـاوەڕو کـردەوە چـاکەکانی خۆیان بەردەوام بوون، ئەوانـە لــە کـاتی مردنیانـدا مەلائیکـەی رەحمـەتیان بـۆ دێتـە خـوارەوەو موژدەیان پێ دەدەن و پێیان دەڵێن: مەترسـن لــەوەی بـەرەو رووی دەچـن و غـەمگین مـەبن بـۆ ئەوەی لەدوای خۆتان بەجێی دێڵن، وە موژدەتان لێ بێت بەشادی و خۆشـی نـازو نیعمەتـەکانی ئەو بەهەشتەی کە خودا بەڵێنی پێداون، هەروەها مەلائیکەکان پێیان دەڵێن: ئێمە لـە ژیانی دنیـادا هاوڕێ و ئاگادارتان بووین لـە رۆژی دوایشدا هەر لـەگەڵتانین و رێگای چوونە بەهەشتان پیـشان دەدەین، ئەو بەهەشتە رازاوەی کە ئەوەی ئارەزووی بکەن و دڵتان حەزی لـێ بێـت تێیـدا بڕیـار

[٢٩١] - أخرجه مسلم: ٤/٢٢٢٥٤, ٢٩٣٨.

دراوه بۆتـان و، میوانداریەکـە لەلایـەن خوایـەکی زۆر لـیّ خۆشـبوو خـاوەن بەزەییـەکی بـیّ سنوورەوە.

٢- خوێندنی ئەم دوعایە لـە پاش تەحیات: (إِذَا تَشَهَّدَ أَحَدُكُمْ فَلْيَسْتَعِذْ بِاللَّهِ مِنْ أَرْبَعٍ يَقُولُ اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ وَمِنْ عَذَابِ الْقَبْرِ وَمِنْ فِتْنَةِ الْمَحْيَا وَالْمَمَاتِ وَمِنْ شَرِّ فِتْنَةِ الْمَـــسِيحِ الدَّجَّالِ)[٢٩٢]. واتە: کە یەکێکتان شەیەتومانی هێنا لـە نوێژدا با دوعا بکات و پەنا بە خـوا بگرێـت لـە چوار شت: بڵێ ئەی خوای ئێمە من پەنا بە تۆ دەگرم لـە سزای دۆزەخ، وە پەنا بە تۆ دەگـرم لـە سزای گۆڕ، وە لـە فیتنـەو ئاشـوبی زیندوبونـەوەو مـردن، وە لــە خراپـەی فیتنـەی مەسـیحی دەججال .

٣- خوێندنی دە ئایەتی سەرەتای سورەتی کەهف و لـەبەرکردنی:

ئەبو دەرداء ڕەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـە وسـلم فەرمویـەتی: (مَنْ حَفِظَ عَشْرَ آيَاتٍ مِنْ أَوَّلِ سُورَةِ الكَهْفِ، عُصِمَ مِنَ الدَّجَّالِ) . واتـە: هەرکەسـێك دە ئایـەت لـە سورەتی کەهف لـەبەر بکات خـوای گـەورە لـەبـەلاو فیتنـەی دەججـال ڕزگـاری دەکـات و دەیپارێزیّ . لـە ڕوایەتێکی تـردا فەرمویـەتی: (مِنْ آخِرِ سُـــورَةِ الكَهْـــفِ)[٢٩٣]. واتـە: دە ئایـەت لـەکۆتایی سورەتی کەهف لـەبەر بکات.

ماوەی مانەوەی دەججال لـەسەر زەویدا:

نەواسی کوڕی سەمعان ڕەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی : وتمـان ئـەی پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیە وسلم ! دەججالی پیس و درۆزن چەند ڕۆژ لـەسەر زەویدا دەمێنێتەوە، فەرمووی: (أَرْبَعُـــونَ يَوماً: يَوْمٌ كَسَنَةٍ، وَيَوْمٌ كَشَهْرٍ، وَيَوْمٌ كَجُمْعَةٍ، وَسَائِرُ أَيَّامِهِ كَأَيَّامِكُمْ، قُلْنَا يَا رَسُولَ اللَّهِ فَذَلِكَ الْيَوْمُ الَّذِي كَسَنَةٍ أَتَكْفِينَا فِيهِ صَلَاةُ يَوْمٍ قَالَ لَا اقْدُرُوا لَهُ قَـــدْرَهُ)[٢٩٤]. واتـە: (چـل ڕۆژ لـەسـەر زەویـدا دەمێنێتەوە، بەڵام ڕۆژێکیانی بەقەد ساڵێکە واتە دوانزە مانگە، ڕۆژێکیشیانی بەقەد مانگێکـە واتـە

---

[٢٩٢] - أخرجه مسلم في كتاب المساجد: ٥/٨٧.

[٢٩٣] - أخرجه مسلم: ١٩٩/٢ (٨٠٩) (٢٥٧) , وأحمد في مسنده: ٥/ ١٩٦.

[٢٩٤] - أخرجه مسلم ١٩٦/٨ (٢٩٣٧) (١١٠) , صحيح جامع الترمذي: ٢٢٤٠.

سی رۆژە، رۆژێکی تری بەقەد هەفتەیەکە واتە حەوت رۆژە، وە باقی رۆژەکانی تری وەك ئەم رۆژانەی ئێوە وایە). وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەو رۆژەی وەك ساڵێکە ئایا نوێژی تەنها یەك رۆژی تێدا بەسە؟ فەرمووی: نەخێر، ئەندازەی رۆژی ئاسایی دابنێ واتە هەر بیست و چوار سەعاتێك پێنج نوێژ دەکرێت.

دابەزینی پێغەمبەر عیسا سلاوی خوای لەسەر بێ:

دوای ئەوەی مەسیحی دەججال هات و سەرزەوی پڕکرد لە خراپەکاری و ماوەکەی تەواو بوو عیسای کوڕی مەریەم سلاوی خوای لەسەر بێ دادەبەزێت و دەیکوژێ، ئەوانەش بەدرۆ دەخاتەوە کەراهیب و ئەحبارەکانیان دەپەرست لەجیاتی خودا، هەروەها ئەوانەش کە دەیانگوت هەڵواسراوە و کوژراوە، بەبەرنامەی خواو پێغەمبەر صلی اللـه علیـه وسلم حوکم دەکات و لەسەر زەویداو دادگەری و عەدالەت بلاودەکاتەوە، بۆ ماوەی حەوت ساڵ خێرو خۆشی و تەبایی دەگەڕێتەوەو ناکۆکی نامێنێ.

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: M @ A B C D E F G H I J K L
M N O Q R S T U V W Y Z [\ ] ^ _ ` b c d e L النساء: ١٥٧.
واتە: نە کوشتویانەو نە لە خاچیان داوە بەڵکو لێیان گۆڕا، ئەوانەی دووبەرەکیان تێکەوت دەربارەی عیسا لە گوماندان لە کوشتنەکەیدا هیچ زانیاریەکیان دەربارەی نییە، بەراستی و بێگومان نەیان کوشتبوو.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم فەرمویەتی: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَيُوشِكَنَّ أَنْ يَنْزِلَ فِيكُمْ ابْنُ مَرْيَمَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَكَمًا مُقْسِطًا فَيَكْسِرَ الصَّلِيبَ وَيَقْتُلَ الْخِنْزِيرَ وَيَضَعَ الْجِزْيَةَ وَيَفِيضُ الْمَالُ حَتَّى لَا يَقْبَلَهُ أَحَدٌ)[٢٩٥]. واتە: بەوەی کە گیانی منی بەدەستە نزیکە عیسای کوڕی مەریەم سلاوی خوایان لەسەر بێ دابەزێ و لەسەر زەویداو دادگەری و عەدالەت بلاودەکاتەوە، خاچ تێك دەشکێنێ، بەراز دەکوژێ، جزیە لادەبات، ئەوەند ماڵ و سامان زۆردەبێ کەس زەکات و خێر وەرناگرێ.

[٢٩٥] - أخرجه البخاري: ٢٢٢٢ ومسلم: في كتاب الإيمان: ١٥٥.

سیفەتەکانی عیسا سلاّوی خوای لەسەر بیّ:

عیسا سلاّوی خوای لەسەر بیّ پیاویّکی مام ناوەندیە لەنیّوان سور و سپیدا، لە دوو پۆشاکی رەنگ بەرەو زەرد دایە، دەلّیی ئاوی لیّ دەتکیّ ئەگەر ئاویشی بەرنەکەوتبیّت.

عیسای سلاّوی خوای لیّ بیّ لەکویّ دادەبەزیّ:

پیّغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمویّت: (إِذْ بَعَثَ اللهُ تَعَالَى المَسِيحَ ابْنَ مَرْيَمَ صلى الله عليه وسلم ، فَيَنْزِلُ عِنْدَ المَنَارَةِ البَيْضَاءِ شَرْقِيَّ دِمَشقَ)[296]. واتە: عیسای کوڕی مەریەم سلاّوی خوایان لیّ بیّ لە ئاستی منارە سپیەکەی خۆرهەلاّتی دیمەشق دادەبەزیّ.

جابری کوڕی عەبدولاّ رەزای خوای لیّ بیّ گیّڕاویەتیەوەو فەرموویەتی: گویّم لە پیّغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بوو دە یفەرموو: (لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي يُقَاتِلُونَ عَلَى الْحَقِّ ظَاهِرِينَ إِلَى يَوْمِ الْقِيَامَةِ.. فَيَقُولُ أَمِيرُهُمْ تَعَالَ صَلِّ لَنَا فَيَقُولُ لَا إِنَّ بَعْضَكُمْ عَلَى بَعْضٍ أُمَرَاءُ تَكْرِمَةَ اللَّهِ هَذِهِ الْأُمَّةَ)[297]. واتە: کۆمەلّیّ تائەو کاتەی عیسای کوری مەریەم سلاّوی خوای لەسەر بیّ دادەبەزیّت لەسەرحەقن و ئەجەنگن لەپیّناوی خوادا، پیّشەواکەیان ئەفەرمویّ بەعیسا وەرە ببە بەپیّشەواو ئیمامان، ئەویش دەفەرمویّ: نا.... هەندیّکتان لە خۆتان ببن بەپیّشەوا و ئەمیر بۆ ئەوانی تر. تۆ بچۆ پیّشەوە قامەت بۆ تۆ کراوە، ئەوەش ریّزو کەرامەتیّکە بۆ ئەم ئوممەتە.

دەرکەوتنی یەئجوج و مەئجوج:

یەئجوج و مەئجوج دوو نەتەوەی پیس و خراپن لە نەتەوەکان و، لە نەوەی ئادەمن، سەرزەوی ویّران دەکەن، زانایانی زمانەوانی دەلّیّن: ئەو دوو ناوە دوو ناوی عەجەمین، لە بلّیّسەی ئاگر و ئاویّکی زۆر سویّرو گەرمەوە وەرگیراون.

خوای گەورە دەفەرمویّت: M S T U V W X Y Z [\ ] L الأنبياء: ٩٦. واتە: هەتا ئەو کاتەی بەربەستەکەی(ذوالقرنین) لەسەر یەئجوج و مەئجوج دەکریّتەوە ئەوانە ئەوکاتە لەهەموو کون و کەلیّنیّکەوە بەلیّشاو پەیدادەبن و زۆردەبن.

---

[296] - أخرجه مسلم ١٩٦/٨ (٢٩٣٧) (١١٠) .

[297] - رواه مسلم: ٤٩٢٧, وأحمد في مسنده: ٣٨٤/٣.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (وَيَبْعَثُ اللَّهُ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ وَهُمْ مِنْ كُـلِّ حَـدَبٍ يَنْسِلُونَ فَيَمُرُّ أَوَائِلُهُمْ عَلَى بُحَيْرَةِ طَبَرِيَّةَ فَيَشْرَبُونَ مَا فِيهَا وَيَمُرُّ آخِرُهُمْ فَيَقُولُونَ لَقَـدْ كَـانَ بِهَـذِهِ مَـرَّةً مَاءٌ)[298]. واتە: یـەئجوج و مـەئجوج لەهـەموو کـون و کەلێنێکـەوە بەلێـشاو پەیـدادەبن، ئەوەنـدە زۆرن کـاتێ بـەرەتایان دەگاتـە سەردەریاچـەی تەبەرییـە هـەمووی دەخۆنـەوەو چـۆڕی لێـدەبڕن، ئەوانـەی لـە دواوەن کە دەگەنە ئەو شوێنە دەڵێن: ڕۆژێك لە ڕۆژان لەم شوێنەدا ئاو هەبووە!.

زەینەب دایکی ئیمانداران ڕەزای خوای لێ بێ دەڵێ: پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـه وسـلم لەخەو ڕاپەڕی و دەم و اوی سور هەڵگـەڕابوو فـەرمووی: (لا إلهَ إلاّ الله، وَيلٌ للْعَرَبِ مِنْ شَرٍّ قَدِ اقْتَرَبَ، فُتِحَ اليَوْمَ مِنْ رَدْمِ يَأجُوجَ وَمَأجُوجَ مِثلَ هذِهِ)، وحلّق بأُصبُعيهِ الإبهامِ والتي تليها، فقلتُ: يَا رَسُول الله، أنَهْلِكُ وَفِينَا الصَّالِحُونَ ؟ قَالَ: (نَعَمْ ، إِذَا كَثُرَ الخَبَثُ)[299]. واتە: (لا إلهَ إلاّ الله) هاوار بۆ عەرەب لەشەڕێك نزیك بۆتەوە، بازنەیەکی بەدوو پەنجەی دروستکردو فـەرمووی: ئـەمڕۆ لـە بەربەستەکەی یەئجوج و مەئجوج ئەوەندەی ئەمە کـونی تـێ بـوو. منـیش وتم: ئـەی پێغەمبـەری خوا! ئایا لەناو دەچین لەکاتێکدا پیاو چاکانمان لەناودایە؟. فەرمووی: بەڵێ کاتێ تاوان زۆر بوو.

عیسا سلاّوی خوای لەسەر بێ خۆی و هاوڕێکانی دەدەنە پاڵ کێوی تور و خۆیان پـەنا دەدەن، گیر دەخۆن بەدەست یەئجوج و مەئجوجەوە، کە لە هەموو لایەکـەوە تـەنگیان پـێ هەڵدەچـنن، دەست دەکەن بەدوعاو پاڕانەوە تاخوا لەناویان بەرێت، بە فەرمانی خوای گەورە کرمێك دەداتـە گەردنیان و بەیەکجار هەموویان لەناودەبات و دەفەوتێن، ئەو ناوچەیە بەیەکجار بۆگەن دەکـات و بستێ زەوی نامێنێ لەو ناوچەیە بۆگەنی نەکردبێ، پاشان عیـسا سـلاّوی خـوای لەسـەر بـێ و هاوڕێکانی بەدڵ دەپاڕێنەوە کە ئەو لاك و بۆگەنەیان نەهێڵێ، خوای گـەورەش دوعاکـەیان گـیرا دەکات و باڵندەگەلێکی گەردن گەورە دەنێرێ کە ملیان وەکو ملـی وشـتر درێـژ و گەورەیـە، جائەو مەلانە لاشە بۆگەنەکان هەڵدەگرن و لەکوێ خوا خـۆی بیـەوێت لەوێـدا فڕێیـان دەدەن، پاشان خوای گەورە بارانێکی زۆر دەبارێنێ و هەموو سەر زەوییان لێ پاك دەکاتەوە [300].

---

[298] - صحيح أخرجه مسلم: ٢٩٣٧ .

[299] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري ١٦٨/٤ (٣٣٤٦) ، ومسلم ١٦٦/٨ (٢٨٨٠) (٢) .

[300] - صحيح أخرجه مسلم: ٢٢٥٠/٤ برقم: ١١٠.

ئەبو سەعیدی خودری ڕەزای خوای لێ بێ دەگێڕێتەوە کـە پێغەمبــەری خــوا صــلی الله علیــه وسلم فەرمویەتی: (يَقُولُ اللَّهُ تَعَالَى: يَا آدَمُ فَيَقُولُ لَبَّيْكَ وَسَعْدَيْكَ وَالْخَيْرُ فِي يَدَيْكَ فَيَقُولُ أَخْــرِجْ بَعْثَ النَّارِ قَالَ وَمَا بَعْثُ النَّارِ قَالَ مِنْ كُلِّ أَلْفٍ تِسْعَ مِائَةٍ وَتِسْعَةً وَتِسْعِينَ فَعِنْدَهُ يَــشِيبُ الــصَّغِيرُ، وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا، وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى، وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَــدِيدٌ) قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَأَيُّنَا ذَلِكَ الْوَاحِدُ قَالَ (أَبْشِرُوا فَإِنَّ مِنْكُمْ رَجُلًا وَمِنْ يَأْجُوجَ وَمَأْجُوجَ أَلْفًا)[٣٠١].

واتە: خوای گەورە دەفەرموێت: ئەی ئادەم، ئەویش دەڵێ بەڵێ بۆ فەرمانت ئەی خوای گەورە و خێریش هەر لەدەست تۆدایە، خواش دەفـەرموێت: ئەوانـەی کـە دەنێـردرێن بـۆ ئـاگری دۆزەخ جیایان بکەرەوە، ئەویش دەڵێ: نێردراوەکانی ئاگر کێن، نێردراوەکانی ئاگر کـێن؟ دەفـەرموێت: لـە هەموو هەزارێك نۆسەدو نـەوەدو نـۆ، ئالــەو کاتـەدا منـداڵ سـەری سـپی دەبێـت و هـەموو ئافرەتێکی سك پڕ سکەکەی دادەنێت و خـەڵك دەبینیـت سەرخۆشـن و هیچیـشیان سەرخۆشـی مەی خواردنەوە نین، بەڵام ئازار و تۆڵەی خوا زۆر توندو سەختە، وتیان: جا باشە کـام لـە ئێمـە ئەو نەفەرە دەبێت؟ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم فەرمووی: مژدە بێت بۆ ئێـوە ، لـە ئێـوە یـەك پیاو و لە یەئجوج و مەئجوج هەزار.

پەیدا بوونی دوکەڵ (الدخان):

یەکێکی تر لە نیشانە گەورەکانی هاتنی قیامەت پەیدابونی دوکەڵێکی چڕو پڕە لـە ئاسمانـەوە کـە سەرزەوی دادەگرێت، خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: M c d e f g h i j k l m n o p L الدخان: ٩ – ١١. واتە: جا چاوەڕوان بە ڕۆژێ ئاسمان دوکەڵێکی ئاشکرای لێ پەیدا دەبێ. هەموو ئادەمی دادەگرێ و دەڵێن: ئەمە بەڵایەکی سەختە.

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ دەگێڕێتـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فەرمویەتی: (بَادِرُوا بِالْأَعْمَالِ سِتًّا طُلُوعَ الشَّمْسِ مِنْ مَغْرِبِهَا أَوْ الدُّخَانَ أَوْ الــدَّجَّالَ..)[٣٠٢]. واتـە: دەست پێشکەری بکەن بۆ کاری چاکە پێش ئەوەی ئەم شەش شتە بێتە پێـشەوە، هـەڵهاتنی خـۆر لە ڕۆژئاواوە و، پەیدا بوونی دوکەڵ و، هاتنی دەججال..

---

[٣٠١] - أخرجه البخاري باب قصة يأجوج ومأجوج:٦/٣٨٢.

[٣٠٢] - أخرجه مسلم:١٨/٨٧.

دەرهاتنی زیندەوەر (دابة):

خوای گەورە دەفەرموێت: M V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c d e f L النمل: ٨٢. واتە: کاتێ کە بڕیـار(ی خـوا) لەسـەریان هاتـەدی (کـە زەوی تێـك بـچێت) زیندەوەرێکیان بۆ دەردێنین کە قسەیان لەگەڵدا دەکات (و دەڵێ): خەڵك بـڕوا بـە ئایەتـەکانمان ناهێنن!.

وشەی (دابة) لە زمانی عەرەبیدا بە هەموو گیاندارێك دەوترێت کـە بەسـەر زەویـدا بـڕوات و دەنگی رۆشتنەکەی ببیسترێت.

بەڵام ئەم زیندەوەر جیاوازە لە زیندەوەرەکانی تر چونکە قسە لەگەڵ خەڵك دەکات.

ئەبو ئومامە رەزای خوای لـێ بـێ لـە پێغەمبـەرەوە صـلی الله علیـە وسـلم دەگێڕێتـەوە کـە فەرمویـەتی: (تَخْرُجُ الدَّابَّةُ فَتَسِمُ النَّاسَ عَلَى خَرَاطِيمِهِمْ ثُمَّ يَغْمُرُونَ فِيكُمْ حَتَّى يَشْتَرِيَ الرَّجُلُ الْبَعِيرَ فَيَقُولُ مِمَّنْ اشْتَرَيْتَهُ فَيَقُولُ اشْتَرَيْتُهُ مِنْ أَحَـــدِ الْمُخَطَّمِـــينَ)[٣٠٣]. واتـە: زینـدەوەر دەردەچـێت لـە زەویەوە، نیشانە لە لوتی خـەڵکی دەدات و دەیـسمێت، پاشـان ژمـارەی لـوت سمراوەکـان زۆر دەبن لەناوتاندا، تەنانەت دەگاتە ئەو ئاستەی کە پیاوێـك وشـترێك دەکرێـت، لێـی دەپرسـن لـە کێت کڕیوە دەڵێ لە یەکێك لەو لوت سمراوەکان.

هەڵهاتنی خۆر لە رۆژئاواوە:

یەکێکی تر لە نیشانە گەورەکانی هاتنی قیامەت هەڵهاتنی خۆرە لە رۆژئاواوە، لەو کاتەوە خوای گەورە ئەم گەردوونەی دروستکردووە تاکو ئێستا خۆر لە رۆژهەڵاتەوە هەڵدێ و لـە رۆژئـاواوە ئاوا دەبێ و هـەرگیز دوا ناکـەوێ، بـە حـسابێکی زۆر ورد، بـەڵام لـەو رۆژەدا لـە رۆژئـاواوە هەڵدێ.

لە ئەبو هورەیرە رەزای خوای لـێ بـێ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم فەرمویـەتی: (لَا تَقُومُ السَّاعَةُ حَتَّى تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهَا فَإِذَا طَلَعَتْ فَرَآهَا النَّاسُ آمَنُوا أَجْمَعُونَ فَذَلِكَ حِينَ M 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ A B D E F G H L الأنعام:

[٣٠٣]- رواه أحمد: ٢٦٨/٥, وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٢٩٢٧..

١٥٨)[٣٠٤] . واتە: قیامەت نایەت هەتا خۆر لـە رۆژئاواوە هەڵدێت، كە لـەوێوە هەڵهات و خەڵك بینیان ئیتر هەموویان باوەڕ دەهێنن، ئەو كاتەش ئەو كاتەیە كە تیایدا باوەڕ هێنـان كـەڵكی نیـیـەو خێری تێدا نیـیەئەگەر پێشتر باوەڕیان نەهێنا بێت.

هەروەها فەرمویەتی: (مَنْ تَابَ قَبْلَ أنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ مِنْ مَغْرِبِهـا تَـابَ اللهُ عَلَيـهِ)[٣٠٥]. واتـە: هەركەسێك تەوبە بكات پێش ئەوەی خۆر لـە رۆژئاواوە هەڵبێت، ئەوا خـوای گـەورەو تەوبـەی لـیّ قبوڵ دەكات.

روودانی سیّ رۆچوونی گەورە لەسەر زەوی:

یەكێكی تر لـە نیشانە گەورەكانی هاتنی قیامەت روودانی سیّ رۆچوونی گەورەیـە لـەسـەر زەوی. هەروەك (حذیفە كوڕی أسید) دەگێڕێتەوە كە پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسـلم فەرمویـەتی: (إنَّ السَاعةَ لَنْ تَقُومَ حَتَّى تَرَوا عَشْرَ آيَاتٍ.. فَذَكَرَ منها: وَثَلَاثَةَ خُسُوفٍ خَسْفٌ بِالْمَشْرِقِ وَخَسْفٌ بِالْمَغْرِبِ وَخَسْفٌ بِجَزِيرَةِ الْعَرَبِ) [٣٠٦]. واتە: رۆژی قیامەت نایەت تـا دە لــە نیـشانەكانی نـەبینن لـەپێشەوە: لـەو دە نیشانە فەرمووی: وە سیّ رۆچوونی زەوی: یەكێك لـە رۆژهەڵات، یەكێك لــە رۆژئاوا، رۆچوونێكیش لـە نیوە دوورگەی عەرەب.

ئەو ئاگرەی كە خەڵكی كۆدەكاتەوە:

هەر لـەو فەرمودەیەدا كە (حذیفە كوڕی أسید) گێڕاویەتیەوە دەربـارەی دەنیـشانە گەورەكـەی رۆژی یامەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسـلم دەفـەرموێت: (وَآخِرُ ذَلِكَ نَارٌ تَخْـرُجُ مِـنْ الْيَمَنِ تَطْرُدُ النَّاسَ إِلَى مَحْشَرِهِمْ) [٣٠٧]. واتە: وە كۆتایی ئـەو نیـشانانە ئاگرێكـە لــە یەمـەن پەیـدا دەبێت كە خەڵك بەرەو شوێنی كۆبونەوەیان راپێچ دەكات.

[٣٠٤]- أخرجه البخاري: ٣٥٢/١١ ومسلم: ١٩٤/٢.

[٣٠٥]- أخرجه مسلم: ٧٣/٨ (٢٧٠٣) .

[٣٠٦]- أخرجه مسلم: ٢٢٥/٤, وأبو داود: ١٤٤/٤.

[٣٠٧]- أخرجه مسلم: ٢٢٥/٤, وأبو داود: ١٤٤/٤.

چۆن خەڵك بەرەو شوێنی كۆبونەوەیان راپێچ دەكرێن؟

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسـلـم فەرمویـەتی: (يُحْشَرُ النَّاسُ عَلَى ثَلَاثِ طَرَائِقَ رَاغِبِينَ رَاهِبِينَ وَاثْنَانِ عَلَى بَعِيرٍ وَثَلَاثَةٌ عَلَى بَعِيرٍ وَأَرْبَعَةٌ عَلَى بَعِـيرٍ وَعَشَرَةٌ عَلَى بَعِيرٍ وَيَحْشُرُ بَقِيَّتَهُمْ النَّارُ تَقِيلُ مَعَهُمْ حَيْثُ قَالُوا وَتَبِيتُ مَعَهُمْ حَيْثُ بَاتُوا وَتُصْبِحُ مَعَهُمْ حَيْثُ أَصْبَحُوا وَتُمْسِي مَعَهُمْ حَيْثُ أَمْسَوْا) [٣٠٨]. واته: خەڵك به خۆشی خۆیان بێـت یـان بـەزۆر، لـەسێ رێگاوە كۆدەكرێنەوە. دوو كەس بە سواری وشترێك، سـێ كـەس بـە سـواری وشـترێك، چوار كەس بە سواری وشترێك، دە كەس بە سواری وشترێك، ئەوەی تریش كـە مـاوە ئاگرەكـە كۆیان دەكاتەوە، بەرەو هەر شوێنێك بڕۆن ئاگرەكەیان لـەگەڵدایە.

دەركەوتنی ئیمام مەهدی:

ئیمام مەهدی یەكێكە لـە خەلیفە راشیدینەكان، ئەو مەهدیە نییەكە شیعەكان چاوەڕوانی دەكـەن و دەڵێن: لـە سامەڕاوە سەرهەڵدەدات و دەردەكەوێت كە هیچ حەقیقەت و راستیەكی نییە.

مەهدی ناوی (محمد كوڕی عبدالله العلوي الفاطمي الحسني)یە[٣٠٩].

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (الْمَهْدِيُّ مِنْ عِتْرَتِي مِنْ وَلَدِ فَاطِمَةَ)[٣١٠]. واتـە: مەهدی لـە خانەوادەی منە لـە نەوەی فاتیمەیە.

بڕوای ئەهلی سوننەت و جەماعەت لـەسەر ئەوەیە كە مەهدی لـە بنەماڵـەی پێغەمبـەری خوایـە صلى الله عليه وسلم، لـە نەوەی حوسەینی كـوڕی عەلیـە رەزای خوایـان لـێ بـێ، لـە ئـاخری زەمانەدا دەردەكەوێت، لـەو كاتەدا دنیا پڕبووە لـە زوڵم و ستەم، ئەو دنیا پڕدەكات لـە عەدالـەت و دادپەروەری.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم لـەو بارەوە دەفەرموێت: (لَا تَذْهَبُ الدُّنْيَا حَتَّـى يَمْلِـكَ الْعَرَبَ رَجُلٌ مِنْ أَهْلِ بَيْتِي يُوَاطِئُ اسْمُهُ اسْـمِي). واتـە: دنیـا كۆتـایی نایـەت هـەتا پیاوێـك لـە

[٣٠٨] - أخرجه البخاري: ١١/٣٥٢ ومسلم: ٢/١٩٤.

[٣٠٩] - حافظ إبن الكثير في كتاب الفتن والملاحم: ١/٣٩.

[٣١٠] - أخرجه أبو داود في كتاب المهدي: ٤٢٨٤, والحاكم: ٤/٥٥٧, وصححه الألباني في صحيح الجامع: ٦٧٣٤.

بنەماڵـەی من دەکرێتە دەسەڵاتدار بەسەر عەرەبدا، ناوی وەك ناوی من وایە. لـە ریوایەتێکی تـردا ئەمەشی بۆ زیاد کـراوە: (يَمْلَأُ الْأَرْضَ قِسْطًا وَعَدْلًا كَمَا مُلِئَتْ ظُلْمًـــا وَجَـــوْرًا)[٣١١]. واتـە: زەوی پڕدەکات لـە دادگەری، لـە کاتێکدا پێش ئەو زوڵـم و ستەم و نارەوایی زەوی پڕ کردبوو.

[٣١١]- رواه أبو داود:٤٢٨٢, والترمذي: ٢٢٣٠, وحسنه الألباني في المشكاة: ٥٤٥٢.

ناوە ناسراوەکانی قیامەت

بێگومان لە قورئان و سوننەتدا ناو وسیفاتی زۆر بۆ رۆژی قیامەت بەکارهاتوون لەبەر گەورەی و گرنگیەکەی، بەلام ئەم بیست و دوو ناوەی خوارەوە زۆربەی زانایان لەسەریان پێکهاتوون:

١- (یوم القیامة) رۆژی هەستانەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت: M ! " # $ % ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 L النساء: ٨٧. واتە: خوا، جگە لەو، پەرستراوی دیکەتان نیە، کۆتان دەکاتەوە بۆ رۆژی هەستانەوە،کە هیچ گومانی تێدا نی یەو دێتە دی .

هەروەها دەفەرموێت: M تِلۡكَ ٱلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ نَجۡعَلُهَا لِلَّذِينَ لَا يُرِيدُونَ عُلُوّٗا فِي ٱلۡأَرۡضِ وَلَا فَسَادٗاۚ وَٱلۡعَٰقِبَةُ لِلۡمُتَّقِينَ ﴿٨٣﴾ L القصص: ٨٣.

٢- ڕۆژی دوایی (الیوم الآخر) یا (الآخرة) یان (الدار الآخرة): چونکە هیچ رۆژێکی تری بەدوادا نایەت بۆیە ناو نراوە ڕۆژی دوایی.

خوای گەورە دەفەرموێت: M " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 X L البقرة: ١٧٧. واتە: کاری چاك هەر ئەوە نیەروو لە رۆژهەلات یان رۆژئاوا بکەن، بەڵکو ئەمەیە باوەڕتان بە خواو بە رۆژی دوایی هەبێ..

هەروەها دەفەرموێت: M ! " # $ % ' ( ) * + , - . 0 1 2 3 4 5 6 7 9 : ; < = > ? @ L الإسراء: ٩٧. واتە: هەر کەسێك خوا گومڕای بکات ئەوە هەرگیز دەستی ناکەوێ بێجگە لە خوا دۆست و یارمەتی دەرانێك، ئەوانەی رێگای هیدایەتیان نەگرت لە دنیادا لەرۆژی رۆژی هەستانەوەدا لە مەیدانی حەشردا کۆیان دەکەینەوەو رایان دەکێشین بەسەر روویاندا بە کوێری و کەڕو لاڵی، شوێنی نیشتە جێیان دۆزەخە، هەر جارەی بڵێسەی ئاگرەکە دامرێتەوەو خامۆش ببێت بڵێسەی ئاگرەکەیان بۆ زیاد دەکەین.

٣- (یوم البعث)رۆژی زیندوبونەوە: خەڵکی لەم رۆژەدا زیندودەبنەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: M q r s t u v w x y z { | } فَهَـٰذَا يَوۡمُ ٱلۡبَعۡثِ

وَلَٰكِنَّكُمْ كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ ﴿٥٦﴾ L الروم: ٥٦. واتە: ئەوانەی خــوا زانیــاری و بــڕوای پێــداون بــە بــێ بڕواکان دەڵێن: لـە دوای مردناتانەوە تا ڕۆژی زیندوبونەوە لـە زانستی کتێبی خوادا بـوون، بـەڵێ ئەوەتا ڕۆژی زیندوبونەوە، بەڵام ئێوە نەتان دەزانی.

٤- ڕۆژی لێپرســینەوە (یــوم الحِــساب): چــونکە لــەم ڕۆژەدا خــەڵکی لێیــان دەپرســرێتەوەو موحاسەبە دەکرێن.

خوای گەورە دەفەرموێت: M يَٰدَاوُۥدُ إِنَّا جَعَلْنَٰكَ خَلِيفَةً فِى ٱلْأَرْضِ فَٱحْكُم بَيْنَ ٱلنَّاسِ بِٱلْحَقِّ وَلَا تَتَّبِعِ ٱلْهَوَىٰ فَيُضِلَّكَ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ ۚ إِنَّ ٱلَّذِينَ يَضِلُّونَ عَن سَبِيلِ à لَهُمْ â شَدِيدٌۢ بِمَا نَسُوا۟ يَوْمَ ç L ص: ٢٦. **واتە: بێگومان ئەوانەی لە ڕێی خوا ون دەبن و لادەدەن، ئازارێکی بە ئێشیان هەیــە لــە ســۆنگەی ئــەوەوە ڕۆژی لێپرســینەوەیان فەرامۆشکردبوو .**

٥- (يَوْمُ الْخُرُوج) ڕۆژی دەرچوون یان چوونەدەر: چونکە لەم ڕۆژەدا خەڵکی لە گۆڕەکانیان دێنەدەرەوە.

خوای گەورە دەفەرموێت: M h i j k l m n o p L ق: ٤٢. واتە: ئەو ڕۆژەی کە دەنگی هەرە گەورە بە حەق دەبیستن، ئەو ڕۆژە ڕۆژی دەرچونە.

٦- (يَوْمُ الدِّين)ڕۆژی سزاو پاداشت:

خوای گەورە دەفەرموێت: M وَقَالُوا۟ يَٰوَيْلَنَا هَٰذَا يَوْمُ ٱلدِّينِ ﴿٢٠﴾ L الصافات: ٢٠. واتە: بێ بڕواکان دەڵێن: ئەی هاوار خۆ ئەوە ڕۆژی سزاو پاداشتە.

٧- (السَّاعَة) کاتێکی دیاریکراو:

خوای گەورە دەفەرموێت: M ! " # $ & ' ( ) * L الحج: ١. واتــە: خەڵکینە! لە پەروەردگارتان بترسن: بومەلـەرزەی کاتی دیاریکراو کارەساتێکی مەزنە.

٨- (يوم الْجَمْع)ڕۆژی کۆکردنەوە:

خوای گەورە دەفــەرموێت: M يَوْمَ يَجْمَعُكُمْ لِيَوْمِ ٱلْجَمْعِ ۖ ذَٰلِكَ يَوْمُ ٱلتَّغَابُنِ ۗ à L التغــابن: ٩. واتــە: خــوا لــە ڕۆژی کۆکردنەوەدا کۆتان دەکاتەوە کە ڕۆژی زیانبار بونی بێ بڕواکانە.

٩- (یوم b)ڕۆژی نزیك:

خوای گەورە دەفــەرموێ: M a b c d e f g h i j L النجم: ٥٧ - ٥٨. واتــە: ڕۆژی نزیك بونەوە نزیك بوەوە، خوا نەبێت کەسی تر ئاشکرای ناکات.

هەروەها دەفــەرموێت: M 1 2 3 4 5 6 7 8 : ; < = > ? @ A L غافر: ١٨. واتە: وە بیانترسێنە لـە ڕۆژی نزیك..

١٠- (" #) ڕۆژی جودابونەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت: M b c d e f g L النبأ: ١٧. واتە: ڕۆژی جودابونەوە کاتی کۆبونەوەی مەردومانە.

هــەروەها دەفــەرموێت: M ! " # $ % & L الـدخان: ٤٠. واتــە: بێگومــان ڕۆژی جودابونەوە کاتی دیاریکراوی هەموویانە.

١١- ڕۆژی شریخەو کارەساتی هەرە گەورە(یوم الطَّامَّةُ الْكُبْرَى):

خوای گەورە دەفەرموێت: M | { ~ ٱلۡكُبۡرَىٰ ﴿٣٤﴾ L النازعـات: ٣٤. واتــە: جـا کــە کارەسـاتی هەرە گەورە قەوما.

١٢- (الْقَارِعَة) دەنگێکی داچڵەکێنەر:

خوای گەورە دەفــەرموێت: M , - . / 0 1 2 3 4 5 L القارعـة: ١ - ٣. واتە: داچڵەکێنەر، داچڵەکێنەر چیـیە، تۆ چوزانی داچڵەکێنەر چیـیە؟!.

١٣- (يَوْمُ الْخُلُود)ڕۆژی هەمیشە مانەوەیە:

خوای گەورە دەفەرموێت: M è é ë يَوۡمُ ٱلۡخُلُودِ î L ق: ٣٤. واتە: بە بڕواداران دەوترێـت: بچنە بەهەشتەوە بە ئارامی و بەبێ ئازار، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەمیشە مانەوەیە.

١٤- ڕۆژی پەشیمانی و داخ و خەفەت(يَوْمَ الْحَسْرَة):

خوای گەورە دەفەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - L مریم: ٣٩. واتە:

بیانترسێە لە رۆژی پەشیمانی و خەم و پەژارە.

١٥-(الْوَاقِعَة) ئەو رووداوەی کە روودەدات:

خوای گەورە دەفەرموێت: M [^ _ ` L الواقعة: ١. واتە: کاتێك رووداوەکە روویدا.

١٦- (الصَّاخَّة) دەنگێکی گەورەو بەهێز کە گوێیەکان کەڕ دەکات:

خوای گەورە دەفەرموێت: Mفَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ ﴿٣٣﴾ L عبس: ٣٣. واتە: کاتێك کە دەنگە هەرەگەورە هات کە گوێی ئینسان کەڕ دەکات.

١٧- (الْغَاشِيَةِ) داپۆشەر یان دەورەدان: چونکە لەم رۆژەدا بێ بڕوایان بە ئاگری دۆزەخ دەورە دەدرێن.

خوای گەورە دەفەرموێت: M 4 5 6 7 8 L الغاشیة: ١. واتە: ئایا هەواڵی ئەو رۆژەت پێگەیشتوە کە هەموو شتێك دادەپۆشێت؟!.

١٨- (یوم التَّلَاق)رۆژی بەیەك گەیشتن:

خوای گەورە دەفەرموێت: Mرَفِيعُ ٱلدَّرَجَٰتِ ذُو ٱلۡعَرۡشِ يُلۡقِي ٱلرُّوحَ مِنۡ ´ µ ¶ ¸ مِنۡ عِبَادِهِۦ لِيُنذِرَ يَوۡمَ ٱلتَّلَاقِ ﴿١٥﴾ L غافر: ١٥. واتە: خوا خاوەنی پلە بەرزەکانە، خاوەنی بارەگایە، بە فەرمانی خۆی وەحی و پەیام دەنێرێ بۆ لای هەرکام لە بەندەکانی کە خۆی مەبەستی بێت، بۆ ئەوەی خەڵکی بترسێت لە رۆژی بەیەك گەیشتن.

١٩- (الْحَاقَّة) ئەو رۆژەی کە حەقی تیا دەچەسپێ، یان ئەو رۆژەی کە حەقەو هەر دێتەدی:

خوای گەورە لە قورئاندا دەفەرموێت: Mٱلۡحَآقَّةُ ﴿١﴾ مَا ٱلۡحَآقَّةُ ﴿٢﴾ وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا ٱلۡحَآقَّةُ © L الحاقة: ١ - ٣. واتە: رۆژەی حەق، رۆژی حەق چیە؟ ، تۆ چوزانیت ئەو رۆژەی کە حەقی تیا دەچەسپێ چی یە؟!.

٢٠-(یوم التَّنَاد)رۆژی یەکتر بانگ کردن:

خوای گەورە لەسەر زمانی پیاوە ئیماندارەکەی ناو دەستەو دایەرەی فیرعەون دەفەرموێت: Mوَيَٰقَوۡمِ إِنِّيٓ أَخَافُ عَلَيۡكُمۡ يَوۡمَ ٱلتَّنَادِ ﴿٣٢﴾ L غافر: ٣٢. واتە: ئەی گەلەکەم من ترسی رۆژی یەکتر

بانگکردنم لە ئێوە هەیە.

٢١-(یوم الوَعید) ڕۆژی هەڕەشەو ترساندن:

خوای گەورە دەفەرموێت: M N O P ¦ R S T U L ق: ٢٠. واتە: وە فو بە کەڕەنادا کـرا، ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڕەشەیە.

٢٢- (التَّغَابُنِ) ڕۆژی زەرەر لـە یەکتردان:

خوای گەورە دەفەرموێت: Mيَوۡمَ يَجۡمَعُكُمۡ لِيَوۡمِ ٱلۡجَمۡعِۖ ذَٰلِكَ يَوۡمُ ٱلتَّغَابُنِۗ à L التغـابن: ٩. واتە: ئەو ڕۆژەی کە لـە ڕۆژی کۆکردنەوەدا کۆدەکرێنەوە، ئەو ڕۆژەی ڕۆژی میرات لـەیەکتر وەرگرتنـە، (واتـە: کافرەکان کە دەچنە دۆزەخ جێگای ئیمانداران بە میرات دەگرنەوە کە لـە دۆزەخدا بۆیان دیاری کرابوو، وە ئیماندارانیش لـە بەهەشتدا جێگای کافرەکان بە میرات دەگرنەوە کـە لــە بەهەشــتدا بۆیان دیاری کرابوو).

سەرەتـای لەنـاوچوونی بونەوەر

هەموو جەستەی مرۆڤ دەڕزێت تەنها یەك ئێسكۆڵـە نەبێت:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلـم فەرمويـەتی:: (كُلُّ ابْنِ آدَمَ يَأْكُلُهُ التُّرَابُ إِلَّا عَجْبَ الذَّنَبِ مِنْهُ خُلِقَ وَفِيـــهِ يُرَكَّـــبُ)[٣١٢]. واتـە: خـاك و خـۆڵ سەرتاپای مرۆڤ دەخوات تەنها ئێسكە كلێنـچە نـەبێت كـە خـۆی لـە كلێنـچەوە بـەدیهێنراوەو لـەوێیشەوە دەڕوێتەوە.

زەوی جەستەی پەیامبەران و شەهیدان ناخوات:

ئەوسی كوڕی ئەوس رەزای خوای لیٚ بیٚ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلى الله عليـە وسـلـم فەرمويەتی: (إِنَّ اللهَ حَرَّمَ عَلَى الأَرْضِ أَجْسَادَ الأَنْبِيَاءِ)[٣١٣]. واتە: خـوا لـە زەوی حـەرام كـردووە جەستەی پێغەمبەران بخوات.

خوای گـەورە دەفـەرمویٚت: M d e f g h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | } ~ خَلْفِهِمْ أَلَّا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿١٧٠﴾ L آل عمـران: ١٦٩ – ١٧١.

فووكردن بە كەڕەنادا (الصور) چی یە و كیٚ فووی پێدا دەكات ؟:

لە پێغەمبەری خوایان صلى الله عليه وسلـم پرسی كەڕەنا (الصُّور) چیـیە؟ ئـەویش لـە وەڵامـدا فەرمووی: (الصُّورُ قَرْنٌ يُنْفَخُ فِيهِ)[٣١٤]. واتە: شەیپورێكە فووی پێدا دەكرێت.

* بێگومـان ئیـسرافیل فـووی پێـدا دەكـات كـە یەكێكـە لـە مەلائیكـە بـەڕێزەكانی خـوای پەروەردگار، كاتێك خوای گەورە ویستی بەندەكانی زیندوبكاتەوە فەرمان دەكـات بـە ئیـسرافیل فوو بكات بە كەڕەنادا.

---

[٣١٢] - أخرجه مسلم: ٢٩٥٥.

[٣١٣] - رواه أحمد: ٨/٤, وأبو داود: ١٠٤٧ وإسناده صحيح.

[٣١٤] - رواه أحمد: وأبو داود والترمذي وصححه الألباني في صحيح الجامع: ٣٧٦٣.

ئیسرافیل چاوەڕوانی فەرمانی خوایە:

ئەبو سەعیدی خودری ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (كَيْفَ أَنْعَمُ وَقَدْ الْتَقَمَ صَاحِبُ الْقَرْنِ الْقَرْنَ وَحَنَى جَبْهَتَهُ وَأَصْغَى سَمْعَهُ يَنْتَظِرُ أَنْ يُؤْمَرَ أَنْ يَنْفُخَ فَيَنْفُخَ قَالَ الْمُسْلِمُونَ فَكَيْفَ نَقُولُ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ قُولُوا حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ تَوَكَّلْنَا عَلَى اللَّهِ رَبِّنَا)[٣١٥]. واتە: چۆن کەیف خۆش بم لە کاتێکدا ئیسرافیل خاوەن کەڕەنا کەڕناکەی لەدەم ناوەو نێوچەوانی بەسەردا شۆڕکردۆتەوەو گوێی هەڵخستووە چاوەڕوانە، کە هەر کاتێك فەرمانی پێ بکرێت دەستبەجێ فووی پێدا بکاو کۆتایی بە جیهان بێنێ!، موسڵمانەکانیش گوتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئەی ئێمە چی بکەین؟ فەرمووی: بڵێین: (حَسْبُنَا اللَّهُ وَنِعْمَ الْوَكِيلُ، تَوَكَّلْنَا عَلَى اللَّهِ رَبِّنَا).

خاوەنی کەڕەنا (الصور) کاتێك لەناکاودا فووی پیا دەکات، کەس فریای هیچ شتێك ناکەوێت، ئەوەندە شریخەو ناڵەی بەهێزە دەست بەجێ هەرچی گیانلەبەر هەیە هەر هەموویان دەمرن و خامۆش دەبن، لەکاتێکدا ئەوان سەرگەرمی ئیش و کاری خۆیانن و نە دەتوانن وەسیەت بکەن یا ڕاسپاردەیەك بنێرن، وە نە دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ناو کەس و کاریان..

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (وَلَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وَقَدْ نَشَرَ الرَّجُلَانِ ثَوْبَهُمَا بَيْنَهُمَا فَلَا يَتَبَايَعَانِهِ وَلَا يَطْوِيَانِهِ وَلَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وَقَدْ انْصَرَفَ الرَّجُلُ بِلَبَنِ لِقْحَتِهِ فَلَا يَطْعَمُهُ وَلَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وَهُوَ يَلِيطُ حَوْضَهُ فَلَا يَسْقِي فِيهِ وَلَتَقُومَنَّ السَّاعَةُ وَقَدْ رَفَعَ أَحَدُكُمْ أُكْلَتَهُ إِلَى فِيهِ فَلَا يَطْعَمُهَا)[٣١٦]. واتە: کە قیامەت هات پیاو هەیە تۆپە قوماشەکەی هەڵوەشاندۆتەوە بیفرۆشێت بەڵام نە فریای ئەوە دەکەوێت بیفرۆشێ وە نە فریای ئەوە دەکەوێت هەڵی بکاتەوە، کە قیامەت هات پیاوی وا هەیە وشترەکەی دۆشیوە و ناتوانێ تامی شیرەکەی بکات، چونکە یەکسەر دەمرێت، پیاوی واش هەیە حەوزەکەی سواق دەدات کەچی خۆی و ماڵاتەکەی ئاوی لێ ناخۆنەوە، پیاوی وا هەیە خواردنەکەی دەبات بۆ دەمی بەڵام دەمرێت و ناتوانێت بیخوات.

---

[٣١٥]- أخرجه والترمذي وابن حبان وصححه لغيره الألباني في صحيح الترغيب والترهيب: ٣٥٦٩.

[٣١٦]- أخرجه البخاري: ٣٥٢/١١ ومسلم: ١٩٤/٢.

خوای گەورە دەفەرموێت: M ! " # $ %& ' ( ) * + , - . /0 1 2 3 4 5 6 7 8 L الزمـر: ٦٨. واتە: کاتێ فووکرا بە کەڕەنادا دەستبەجێ ئەوانەی لـە ئاسمانەکان و زەویدان دەمرن، مەگەر کەسانێ خوا بیەوێت نەمرن.

وە کاتێك بۆ دووەم جار فوو دەکرێتەوە بە کەڕەنادا هەرچی ڕۆح لـەبـەر هەیـە دەچـێتەوە نـاو جەسـتەی خاوەنەکـەی و زیندودەکرێنـەوەو لـە گۆڕەکانیـان بـە پەلـە دێنـە دەرەوە، بـۆ لای پـەروەردگاریان دەگەڕێنـەوە: M0 1 2 3 4 5 6 7 8 L الزمـر: ٦٨. واتـە: پاشـان جارێکی تر فوو دەکرێ بە کەڕنادا جا لـەپڕ هەموو ڕاست دەبنەوەو چاوەڕێی فەرمان دەبن.

هــەروەها دەفــەرموێت: Mوَنُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَإِذَا هُم مِّنَ ´ µ ¶ ¸ ﴿٥١﴾ قَالُواْ يَٰوَيۡلَنَا مَنۢ بَعَثَنَا مِن مَّرۡقَدِنَاۜۗ هَٰذَا مَا وَعَدَ ٱلرَّحۡمَٰنُ وَصَدَقَ ٱلۡمُرۡسَلُونَ ﴿٥٢﴾ إِن كَانَتۡ إِلَّا صَيۡحَةً وَٰحِدَةً فَإِذَا هُمۡ جَمِيعٌ لَّدَيۡنَا مُحۡضَرُونَ ﴿٥٣﴾ L یـس: ٥١ – ٥٣. واتـە: کـاتێ فـووکرا بـە کـەڕنادا دەسـتبەجێ لـە گۆڕەکانیـان بـەرەو لای پەروەردگاریان دێنە دەرەوە. بێبڕواکـان دەڵـێن: هـەی هـاوار ! ئـەوە کـێ لـە گـۆڕدا زینـدوی کردینەوە؟ پێیان دەڵێن: ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە خوای گەورە بەڵێنی پێدابون و پێغەمبـەران ڕاسـتیان فەرموو، ئەم ڕۆژە هیچ ئەستەمێکی تێدا نییە، تاقـە قیژەیەکـەو سـەرجەمیان لـە لامانـدا ئامـادە دەبن.

چ ڕۆژێك فوو دەکرێ بە کەڕنادا؟

ئەوسی کوڕی ئەوسی (ثقفي) ڕەزای خوای لێ بێ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسلم فەرمویەتی: (إِنَّ مِنْ أَفْضَلِ أَيَّامِكُمْ يَوْمَ الْجُمُعَةِ فِيهِ خُلِقَ آدَمُ وَفِيهِ قُبِضَ وَفِيهِ النَّفْخَـةُ وَفِيـهِ الصَّعْقَةُ)[٣١٧]. واتە: چاکترین ڕۆژتان ڕۆژی جومعەیە، لـەو ڕۆژەدا ئادەم دروست بـوو، هـەر لـەو ڕۆژەدا وەفاتی کـرد، لـەو ڕۆژەشـدا فـوو دەکـرێ بـە کـەڕنادا، هـەر لـەو ڕۆژەشـدا مـەرگی سەرتاسەری پەیدا دەبێ.

ماوەی نێوان ئەو دوو فووە چەندە؟

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیـە وسـلم فـەرمووی:

---

[٣١٧]- رواه أحمد وأبو داود والنسائي وصححه الألباني في صحيح الجامع: ٢٢١٢ .

(ما بَيْنَ النَّفْخَتَيْنِ أرْبَعُونَ، ثُمَّ يُنْزِلُ اللَّهُ مِنْ السَّمَاءِ مَاءً فَيَنْبُتُونَ كَمَا يَنْبُتُ الْبَقْلُ لَيْسَ مِنْ الْإِنْسَانِ شَيْءٌ إِلَّا يَبْلَى إِلَّا عَظْمًا وَاحِدًا وَهُوَ عَجْبُ الذَّنَبِ وَمِنْهُ يُرَكَّبُ الْخَلْقُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ)[٣١٨]. واتە: ماوەی نێوان هەردوو فووەکە چل وەختە، پاشان خوای گەورە بارانێك دەبارێنێ جەستەکان وەکو گیا دەڕوێنەوە، مرۆڤ هیچ جێگایەکی نیەنەرزێ تەنها یەك ئێسکۆڵە نەبێت کە ئەویش کلێنچەیە، لە رۆژی ژیانەوەدا خەڵك لە کلێنچەوە دەڕوێنەوە.

سەرجەم بونەوەران لەناو دەچن:

خوای گەورە دەفەرموێت: L o n m l k j i h g f M القصص: ٨٨. واتە: هەموو شتێك لەناو دەچێ جگە لە زاتی خوا، بڕیار و حوکم تایبەتی خوایەو تەنها بۆ لای ئەویش دەگەڕێنرێنەوە.

هەروەها دەفەرموێت: L Z Y X W V U T S R Q P O M الرحمن: ٢٦ – ٢٧. واتە: هەرچی کەس لەسەر زەویدایە نامێنێ و تیادەچێ. وە هەر پەروەردگارت دەمێنێ کە خاوەن شکۆی رێزدارە.

ئیبن عومەر رەزای خوایان لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (يَطْوِي اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ السَّمَاوَاتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بِيَدِهِ الْيُمْنَى ثُمَّ يَقُولُ أَنَا الْمَلِكُ أَيْنَ الْجَبَّارُونَ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ)[٣١٩]. واتە: خوای گەورە لە رۆژی دواییدا ئاسمانەکان دەپێچێتەوە پاشان بەدەستی راست دەیانگرێ و دەفەرموێت: من پادشام کوانێ زۆرداران؟ کوانێ خۆ بەگەورە زانان.

---

[٣١٨]- أخرجه البخاري: ٤٩٣٥، ومسلم : (٢٩٥٥).

[٣١٩]- أخرجه مسلم: ٢٧٨٨.

زیندوبونەوە (البعث)

زیندوبونەوە بریتیە لە دوبارەبونەوەی جەستەو ژیانەوەی بەندەکان لە ڕۆژی ڕەستاخێزدا، جا کاتێك خوای گەورە ویستی بەندەکانی زیندوبکاتەوە فەرمان دەکات بە ئیسرافیل فو بکات بە شەیپوردا.

خوای گەورە دەفەرمویێت: M ! " # $ %& ' ( ) * + , - . /0 1 2 3 4 5 6 7 8 L الزمر: ٦٨. واتە: کاتیێ فووکرا بە کەڕەنادا دەستبەجیێ ئەوانەی لە ئاسمانەکان و زەویدان دەمرن، مەگەر کەسانیێ خوا بیەوێت نەمرن، پاشان جارێکی تر فوو دەکریێ بە کەڕنادا جا لەپڕ هەموو ڕاست دەبنەوەو چاوەڕێی فەرمان دەبن.

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لیێ بیێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (ما بَيْنَ النَّفْخَتَيْنِ أَرْبَعُونَ، ثُمَّ يُنْزِلُ اللَّهُ مِنْ السَّمَاءِ مَاءً فَيَنْبُتُونَ كَمَا يَنْبُتُ الْبَقْلُ لَيْسَ مِنْ الْإِنْسَانِ شَيْءٌ إِلَّا يَبْلَى إِلَّا عَظْمًا وَاحِدًا وَهُوَ عَجْبُ الذَّنَبِ وَمِنْهُ يُرَكَّبُ الْخَلْقُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) [٣٢٠]. واتە: ماوەی نێوان هەردوو فووەکە چل وەختە، پاشان خوای گەورە بارانێك دەبارێنیێ جەستەکان وەکو گیا دەڕوێنەوە، مرۆڤ هیچ جێگایەکی نی یە نەڕزیێ تەنها یەك ئێسکۆڵە نەبێت کە ئەویش کلێنچەیە، لە ڕۆژی ژیانەوەدا خەڵك لە کلێنچەوە دەڕوێنەوە.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم یەکەم کەس زیندودەکرێتەوە:

وەك خۆی دەفەرمویێت: (أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَوَّلُ مَنْ يَنْشَقُّ عَنْهُ الْقَبْرُ وَأَوَّلُ شَافِعٍ وَأَوَّلُ مُشَفَّعٍ)[٣٢١]. واتە: من گەورەی وەچەی ئادەمم لە ڕۆژی دواییدا، یەکەمین کەسم کە گۆڕ لە من دەکرێتەوەو دێمە دەرەوە، وە یەکەمین کەسم کە تکا دەکەم، وە یەکەمین کەسیشم کە تکام لیێ وەردەگیرێت.

مرۆڤ لەسەر هەر شتێك بمریێ لەسەر ئەو شتە زیندودەکرێتەوە:

جابیر ڕەزای خوای لیێ بیێ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی:

---

[٣٢٠]- أخرجه البخاري: ٤٩٣٥، ومسلم : (٢٩٥٥).

[٣٢١] - أخرجه مسلم: ٢٢٧٨.

(يُبْعَثُ كُلُّ عَبْدٍ عَلَى مَا مَاتَ عَلَيهِ) [٣٢٢]. واتە: هەموو کەس لەسەر ئەو حاڵە زیندودەکرێتەوە کـە لەسەری مردووە.

ئەبو سەعیدی خودری رەزای خوای لیٚ بیٚ لە کاتی سەرەمەرگدا داوای جل و بەرگە تازەکانی کرد تا لەبەری بکات، پاشان وتی: بیستم لە پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـه وسـلـم فـەرمووی: (إِنَّ الْمَيِّتَ يُبْعَثُ فِي ثِيَابِهِ الَّتِي يَمُوتُ فِيهَـــا)[٣٢٣]. واتـە: بێگومـان مـردوو بـەو پۆشـاك و جـل و بەرگەوە زیندو دەکرێتەوە کە کاتێك مردووە لەبەریدا بووە.

(حافظ ابن کثیر) دەڵیٚ: کەرەم و بەخشندەیی خوا وەهایە: هەر کەسێك لەسەر هەر شتێك بـژی لەسەر ئەوە دەمرێت، وە هەرکەسیٚ لەسەر هەر شتێك بمریٚ لەسەر ئەو شتە زیندودەکرێتەوە.

جا ئەوەی لەسەر تاعەت و بەندایەتی بژی لەسەر تاعەت و بەندایـەتی زیندودەکرێتـەوە، ئـەوەی لەسەر نوێژ کردن بمریٚ لەسەر نوێژ کردن زیندودەکرێتەوە، ئەوەی لەسەر خراپـە بمرێـت دوای ئەوەی لە ژیاندا لەسەری بەردەوام بووە، ئەوا لەسەر ئەو خراپەیە زیندودەکرێتەوە.

ئەوانەی باوەڕیان بە زیندوبونەوە نی یە:

خوای گەورە دەفەرموێت: M X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c d e f g
h j k l m n o p q r s t u v x y z { | L یس: ٧٧–٧٩.
واتە: ئایا ئادەمیزاد سەرنجی نەداوە کە: ئێمە بێگومان لە دڵۆپە ئاوێك دروسـتمانکردووە کەچـی خێرا بووەتە دوژمنێکی ئاشکراو دژایـەتیمان دەکـات؟! نمونـەی لاوازی و بێدەسـەڵاتی بـۆ ئێمـە هێناوەتەوە و بەدیهاتنی خۆی لـەبیر کـردووە، دەیـوت: کـیٚ ئـەم ئێـسکانە زیندودوکاتـەوە لـە کاتێکدا کە رزیوو پتورکاون؟! پێیان بڵیٚ: ئەو زاتـەی کـە یەکـەمجار دروسـتیکرد، هـەر ئـەویش زیندوی دەکاتەوە، بە هەموو دروستکراوێك زاناو ئاگادارە.

(حافظ ابن کثیر) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵیٚ: موجاهید و عیکریمە و عوروەی کوڕی زبێـر و سوددە و قەتادە گێڕاویانەتەوە کە ئوبەی کوڕی خەڵەف نەفرەتی خوای لیٚ بیٚ هەندیٚ ئێـسکی

---

[٣٢٢]- رواه مسلم, وصححه الألباني في صحيح الجامع: ٨٠١٥.

[٣٢٣]- أخرجه أبو داود: ٣١١٤, وإبن حبان في صحيحه, وصححه الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب) (٣٥٧٥).

رزیوی بەدەستەوە بوو لەبەردەم پێغەمبەری خوادا صلی الله علیه وسلم وردی کردو کردی بە باداو وتی: ئەی موحەممەد پێت وایە خوای تۆ ئەم ئیسقانە رزیوانە زیندوبکاتەوە پاش ئەوەی وردو خاش بوون؟ ئەویش فەرمووی: بەڵێ تۆش زیندودەکاتەوەو دەشتباتە ناو ئاگری دۆزەخەوە، دوای ئەوە خوای گەورەش ئەم ئایەتانەی دابەزاند.

هەر لەو بارەوە خوای گەورە لە فەرمودەی قودسیدا: (كَذَّبَنِي ابْنُ آدَمَ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ ذَلِكَ وَشَتَمَنِي وَلَمْ يَكُنْ لَهُ ذَلِكَ فَأَمَّا تَكْذِيبُهُ إِيَّايَ فَقَوْلُهُ لَنْ يُعِيدَنِي كَمَا بَدَأَنِي وَلَيْسَ أَوَّلُ الْخَلْقِ بِأَهْوَنَ عَلَيَّ مِنْ إِعَادَتِهِ وَأَمَّا شَتْمُهُ إِيَّايَ فَقَوْلُهُ اتَّخَذَ اللَّهُ وَلَدًا وَأَنَا الْأَحَدُ الصَّمَدُ لَمْ أَلِدْ وَلَمْ أُولَدْ وَلَمْ يَكُنْ لِي كُفْئًا أَحَدٌ) [٣٢٤]. واتە: نەوەی ئادەم بەدرۆی دانابوو کە زیندوی دەکەمەوە مافی ئەوەشی نیەو هەق نیە بەدرۆی بزانێ، چونکە زیندوکردنەوەی زۆر ئاسانترە بەلامەوە لە بەدیهێنانی یەکەم جاری دژایەتی کردووم ، مافی ئەو دژایەتیەی نیە، دژایەتی کردووم کە وتوویەتی خوا کوڕی هەیە! بەڵام من خوایەکی تاك و تەنیام بێ نیازم نە لەکەس بووم و نەکەسیشم لێ بووە، هیچ وێنەو هاوتایەکیشم نی یە.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (كَانَ رَجُلٌ يُسْرِفُ عَلَى نَفْسِهِ فَلَمَّا حَضَرَهُ الْمَوْتُ قَالَ لِبَنِي ية إِذَا أَنَا مُتُّ فَأَحْرِقُونِي ثُمَّ اطْحَنُونِي ثُمَّ ذَرُّونِي فِي الرِّيحِ فَوَاللَّهِ لَئِنْ قَدَرَ عَلَيَّ رَبِّي لَيُعَذِّبَنِّي عَذَابًا مَا عَذَّبَهُ أَحَدًا فَلَمَّا مَاتَ فُعِلَ بِهِ ذَلِكَ فَأَمَرَ اللَّهُ الْأَرْضَ فَقَالَ اجْمَعِي مَا فِيكِ مِنْهُ فَفَعَلَتْ فَإِذَا هُوَ قَائِمٌ فَقَالَ مَا حَمَلَكَ عَلَى مَا صَنَعْتَ قَالَ يَا رَبِّ خَشْيَتُكَ فَغَفَرَ لَهُ)[٣٢٥]. واتە: پیاوێك زۆر زیادەڕەوی لە نەفسی خۆی کردبوو گوناحکار بوو لە کاتی سەرەمەرگدا وەسیەتی کرد بۆ منداڵەکانی و گوتی: ئەگەر مردم بم سوتێنن و بم کەنە خۆڵەمێش و فڕێم بدەنە ناو دەریاوە، سوێند بەخوا ئەگەر زیندوبکرێمەوە پەروەردگارم سزایەکی سەختی وەهام دەدات پێشر سزای کەسی تری وەها نەدابێت، ئەوانیش بەو شێوەیان لێکرد، خوای گەورە فەرمانی کرد بەزەوی کە بیگەڕێنێتەوە، زیندوبوویەوەو لەبەردەم پەروەردگاردا راوەستا فەرمووی: بۆچی ئەوەت کرد ئەویش وتی: ئەی پەروەردگارم لەترسی تۆ، لەبەر ئەوە خوای گەورە لێی خۆش بوو.

[٣٢٤] - أخرجه البخاري في كتاب التفسير: (٥٩٧٥) من حديث أبو هريرة.

[٣٢٥] - أخرجه البخاري ومسلم وأحمد, في صحيح الجامع: ٤٣٢٣ .

حیکمەت لـە گەڕانەوە و زیندوبونەوە:

حیکمەت لـە زیندوبونەوەی بەندەکان بۆ ئەوەیـە کـە پاداشـتی ئـەو کردەوانـەی ئـەنجامیان داوە بداتەوە، چونکە دنیا ماڵی کارکردنە، قیامەتیش ماڵی پاداشت وەرگرتنەوەیە.

خوای گەورە لـەو بارەوە دەفـەرموێت: M n o p q s t u v w y z { | } ~ فَقَدۡ فَازَۗ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا مَتَٰعُ ٱلۡغُرُورِ L آل عمـران: ١٨٥. واتـە: هـەموو کەسێك دەبێت مردن بچێژێت، بێگومان لـەرۆژی دوایدا هەموو کەس پاداشتی کـردەوەی خـۆی وەردەگرێتەوە، ئینجا ئەو کەسەی لـە ئاگری دۆزەخ دەربـازی ببێـت و بخرێتـە بەهەشـتەوە ئـەوە سەرفرازو سەرکەوتوو شادومانە، ژیانی دنیا هیچ نی یە تەنها رابواردنێـك نـەبێت کـە مرۆڤـەکان مەغرور و گومڕا دەکات، بۆیە هەق وایە ئادەمیزاد خۆی بۆ شتێك ماندوو نەکات کـە شایـستەی ماندوو بوون نەبێ.

بەڵگە لـەسەر زیندوبونەوە:

بێگومان ئەو زاتەی یەکەم جار لـە نەبوونەوە دروستیکردوون هـەر ئـەویش زۆر ئاسـانە بەلایـەوە زیندویان بکاتەوە لـەدوای مردنیان وەك خوای گەورە لــەو بـارەوە دەفـەرموێت: M = < ? @ A B C D E G H I J K L L الروم: ٢٧.

خوای گەورە هەواڵی روودانی قیامەتی راگەیاندووە:

* لـەهەندێ جێگەدا بە ئامرازی تەوکیدی(إنّ) و(إن) و(لام) رودانەکەی رادەگەیەنێت:

خوای گەورە دەفەرموێت: M 3 4 5 6 7 = L طه: ١٥. واتـە: وا کـاتی دیـاریکراو دێت بەڵام من دەیشارمەوە.

هەروەها دەفەرموێت: M u v w x y z { | ~ ٱلسَّاعَةَ لَأٓتِيَةٞۖ فَٱصۡفَحِ ٱلصَّفۡحَ ٱلۡجَمِيلَ ﴿٨٥﴾ L الحجر: ٨٥. واتە: بێگومان رۆژی قیامەت دێت تۆش بەجوانی چاوپۆش بکە لێیان.

وە دەفەرموێت: M t u v w L المرسلات: ٧ . واتە: ئـەوەی بـەڵێنتان پـێ دەدرێـت هـەر دێت.

* لە هەندێ شوێندا خوای گەورە سوێند دەخوات لەسەر هاتنی:M ! " # $ % ' ( ) * + , - . 4 L النساء: ٨٧. واتە: خوا، جگە لـەو، پەرسـتراوی دیکـەتان نییـە، کۆتـان دەکاتەوە بۆ رۆژی هەستانەوە،کە هیچ گومانی تێدا نی یە و دێتە دی .

* لە هەندێ شوێندا خوای گەورە فەرمان دەکات بە پێغەمبەرەکەی کە بەرپەرچی بێ بڕواکـان بداتەوەو سوێند بە هاتنی ئەو رۆژە بخوات: M ~ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓاْ أَن لَّن يُبۡعَثُواْۚ قُلۡ بَلَىٰ وَرَبِّي © ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلۡتُمۡۚ وَذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرٞ ´ L التغـابن: ٧. واتە: بێ باوەڕان وایان دەزانی لـە رۆژی قیامەتدا زیندوناکرێنەوە، ئـەی موحەممەد پێان بڵێ بەرێ وەڵڵا سوێند بە پەروەردگارم بێگومان زیندودەکرێنەوە، دڵنیـابن پاشـان هەواڵتان پێ دەدرێ بەوەی کە کردووتانە، وە ئەمە بۆ خوا ئاسانە.

* هەندێ جار سەرزەنشتی ئەوانە دەکات کە بڕوایان بـە زیندوبونـەوە نییـە: EM F G H I J K L M N L یونس: ٤٥. واتە: ئەوانـەی بڕوایـان بەدیـداری خـوا نییـەدۆڕاون و هیدایەت نادرێن.

* هەندێ جار وەسفی ئەو بڕوادارانە دەکات کە باوەڕیا بـە رۆژی دوایـی هەیـە: M " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 X L البقرة: ١٧٧. واتە: کاری چـاك هـەر ئەوە نییەروو لـە رۆژهەڵات یان رۆژئاوا بکەن، بەڵکو ئەمەیە باوەڕتان بە خواو بە رۆژی دوایـی هەبێ..

* هەندێ جار نزیك بوونەوەی رادەگەیـەنێ: Mإِنَّهُمۡ يَرَوۡنَهُۥ بَعِيدٗا ٦ وَنَرَىٰهُ قَرِيبٗا ٧ L المعـارج: ٦ – ٧. واتە: بێ باوەڕان رۆژی دوایی بەدوور دەزانن. ئێمەش بەنزیکی دەزانین.

* هەندێ جار رادەگەیەنێ بەڵێنێکی راستە:M y z { | } ~ لَّا يَجۡزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوۡلُودٌ هُوَ جَازٍ © وَالِدِهِۦ شَيۡـًٔاۚ إِنَّ وَعۡدَ ٱللَّهِ حَقّٞۖ فَلَا ´ µ ¶ ¸ يَغُرَّنَّكُم بِٱللَّهِ ٱلۡغَرُورُ ٣٣ L لقمـــــان:٣٣ . واتە: خەڵكینە! لـە خوا بترسن، لەو رۆژە بترسن کە نە باوك بەکـەڵکی کـوڕ دێـت و نـەکوڕ دادی باوکی دەدات، بەڵێنی خوا راستە.

هەروەها دەفـەرموێت:M m n o p q r s t u L الزخـرف: ٨٣. واتـە: لێیان گەڕێ با لـە گومڕاییدا رۆبچن و یاری بکەن و بەدنیاوە خەریك بن، تا بەو رۆژەیان دەگـەن کە بەڵێنیان پێدراوە.

* لە جێگەیەکی تردا دەفەرموێ بەدیهێنان و زیندوبونەوە لای بەندەکان ئەستەمە، لای خوای پەروەردگار ئاسانە: L p o n m l k j i h g f e d M القيامة: ٣ – ٤. واته: مرۆڤ پێی وایە ئێسك و پروسکەکەی کۆناکەینەوە،؟ بەڵێ ئێمە تواناما‌ن هەیە زیندویان بکەینەوە، تەنانەت نەخشەی سەری پەنجەکانیشیان.

نمونە هێنانەوە بە بە زیندوکردنەوەی زەوی:

خوای گەورە دەفەرموێت:M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . L الزخرف: ١١. واتە: خوا بە ئەندازەی پێویست باران دەبارێنێ، کە بەو بارانە خاکی مردوو زیندودەکاتەوە لە ژیانەوەشدا ئاوەها زیندوتان دەکەینەوە.

چەند روداوێکی راستەقینە لەسەر زیندوبونەوە:

یەکەم– چیرۆکی ئەو پیاوە دای بەلای شارە خاپور کراوەکەدا:

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: M k l m n o p q r s t u v w x y z | } ~ عَامٍ ثُمَّ بَعَثَهُۥ قَالَ كَمْ لَبِثْتَ قَالَ © يَوْمًا أَوْ بَعْضَ يَوْمٍ قَالَ بَل لَّبِثْتَ مِاْئَةَ ´ µ ¶ وَشَرَابِكَ لَمْ يَتَسَنَّهْ وَٱنظُرْ إِلَىٰ حِمَارِكَ وَلِنَجْعَلَكَ ءَايَةً لِّلنَّاسِ وَٱنظُرْ إِلَى ٱلْعِظَامِ كَيْفَ نُنشِزُهَا ثُمَّ نَكْسُوهَا لَحْمًا فَلَمَّا تَبَيَّنَ لَهُۥ قَالَ أَعْلَمُ أَنَّ ٱللَّهَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ ﴿٢٥٩﴾ L البقرة: ٢٥٩. واتە: یان وەکو ئەو کەسەی تێ پەڕی بەلای شارێکدا خاپور بوو بوو خانوەکانی تەپی بوون بەسەر یەکدا لەبەر خۆیەوە وتی: ئاخۆ خوای گەورە چۆن خەڵکی ئەم شارە دوای مردنیان زیندودەکاتەوە؟ یەکسەر خوای گەورە سەدساڵ مراندی و پاشان زیندوی کردەوەو پێی فەرموو: چەند مایتەوە؟ وتی: رۆژێك یان کەمتر لە رۆژێك ماومەتەوە، فەرمووی: نەخێر ئەوە سەد ساڵت پێ چووە، جا تەماشای خواردن و خواردنەوەکەت بکە نەگۆڕاوەو تێك نەچووە، تەماشای گوێدرێژەکەشت بکە، تا بەم بەسەرهاتە بتکەینە موعجیزەو بەڵگە بۆ خەڵکی، جا سەیری ئێسکەکانی بکە چۆن بەرزیان دەکەینەوەو بەیەکەوەیان دەبەستین و پاشان بە گۆشت دایان دەپۆشین، کاتێك بینی و بۆی دەرکەوت وتی: چاك دەزانم و دڵنیام بەڕاستی خوا دەسەڵاتی بەسەر هەموو شتێکدا هەیە.

دووەم– ئیبراهیم سلاّوی خوای لەسەر بێ داوای کرد لە خوای گەورە کە زیندوبونەوەی نیشان بدات:

خوای گەورە دەفـەرمویّت: M ! " # $ % & ' (* + , . / 0 1
2 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ A B C D E G H I J
K L L البقرة: ٢٦٠ . واتە: کاتێـك ئیـبراهیم وتـی: پـەروەردگارا نیـشانم بـدە چـۆن مـردوو زیندودەکەیتەوە؟ خوا فەرمووی: ئایا باوەڕت نەهێناوە؟ ئیبراهیم وتی: بەڵێ بەلاّم بۆ ئەوەی دڵنیـا بم، خوا فەرمووی: جا کەواتە چوار باڵندە بهێنەو جـوان سـەرنجیان بـدەو دوایـی هـەر چـواریان سەربڕەو گۆشت و پەڕو خوێنیان تێکەڵ بکەو، ئەوسا لەسەر لوتکەی هەر شاخێك هەندێك لــەو تێکەڵـەیە دابنێ، پاشان بانگیان بکە بەگورجی و بەپەلە هەموویان دێنەوە بۆ لات و چـاك بزانـە و دڵنیابە بەڕاستی خوا بالاّدەست و کار بەجێیە.

سێیەم– عیسا سلاّوی خوای لەسەر بێ لە قوڕ باڵندەی ساز دەکرد پاشان فووی پێدا دەکرد بە ویستی خوای دەبووە باڵندە، هەروەها بەئیزنی خوا مردوانی زیندودەکردەوە:

خوای گـەورە دەفـەرمویّت: M I J K L MN O P Q R T U V W X
Y Z [\ ] ^ _ ` b c d e f g h j k l m
n o p r s t u v w x y z L آل عمران: ٤٩.

چوارەم– زیندوبونەوەی پیاوانی ئەشکەوت دوای سێ سەدو نۆ ساڵ:

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرمویّت: M وَلَبِثُواْ فِي كَهْفِهِمْ © مِاْئَةٍ سِنِينَ وَٱزْدَادُواْ تِسْعًا ﴿٢٥﴾ L الکهف:٢٥.

کۆکردنەوە(الحشر)

خوای گەورە لـە قورئاندا دەربارەی حەقیقەتی کۆکردنەوەی خەڵك لـە قیامەتـدا دەفـەرموێت: M قُلْ إِنَّ ٱلْأَوَّلِينَ وَٱلْآخِرِينَ ﴿٤٩﴾ لَمَجْمُوعُونَ إِلَىٰ مِيقَٰتِ يَوْمٍ مَّعْلُومٍ ﴿٥٠﴾ L الواقعـة: ٤٩ – ٥٠. واتە: بڵێ: خـەڵكانی سەرەتاو کۆتا هەر هەموویان بۆ ژوانی رۆژێكی تەرخان کۆدەکرێنەوە.

هیچ کەسێك لەو رۆژەدا دوا ناکەوێت:

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: M 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; L الكهف:٤٧. واتـە: رۆژێ کـە شـاخەکان دەخەینـەڕێ رووی زەوی بـەڕوونی و تـەختی دەبینـی، هەموو خەڵك کۆدەکەینەوەو هیچ کەسیان بەجێ ناهێڵین.

هەموو جانەوەران کۆدەکرێنەوە:

بەپێی رای زۆربەی زانایان تەنها ئینسان و جنۆکـە نـین کـە زیندوودەکرێنـەوە، بـەڵكو هەرچـی زیندەوەری سـەر زەوی هەیـە زیندوودەکرێنـەوە، وەك خـوای پـەروەردگار دەفـەرموێت: M 1 2 3 4 L التكوير: ٥. واتە: وە کاتێك کە جانەوەران کۆکرانەوە.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویـەتی: (لَتُؤَدُّنَّ الحُقُوقَ إِلَى أَهْلِهَا يَومَ القِيَامَةِ، حَتَّى يُقَادَ للشَّاةِ الجَلْحَاءِ مِـنَ الـشَّاةِ القَرْنَـاءِ)[٣٢٦]. واتـە: مافەکان بۆ خەڵكی خۆیان رەت دەکرێنەوە لـە رۆژی دواییدا، تەنانەت تۆڵەی مەڕی بێ شاخ لـە شاخدار دەکرێتەوە!.

خەڵك بەپێی پەتی و بەرووتی کۆدەکرێنەوە:

خوای گەورە دەفـەرموێت: M 8 9 : ; < = ? @ A B C E F H I J K L الأنبیـاء: ١٠٤. واتە: پاشان سـەرلـەنوێ بـەدی دەهێنینـەوە، بەڵێنێکـەو جێبەجێی دەکەین.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ القِيَامَةِ حُفَاةً عُرَاةً غُـــرْلاً).

---

[٣٢٦] - أخرجه مسلم: ١٨/٨ (٢٥٨٢) .

واته: خەڵك لە ڕۆژی قیامەتدا کۆدەکرێنەوە بەپێی پەتی و، بەرووتی و خەتەنە نـەکراوی حەشـر دەکـرێن! عائیشە ڕەزای خوای لـێ بێ دەڵـێ: گوتم: ئەی پێغەمبەری خوا ! (الرِّجَالُ وَالنِّساءُ جَمِيعاً يَنْظُرُ بَعضُهُمْ إِلَــى بَعْض ؟!). واته: جا ئەو پیاو و ژنانە سەیری عەورەتی یەکتر ناکەن؟. فەرمووی: (يَا عائِشَةُ، الأمرُ أشَدُّ مِــنْ أنْ يُهِمَّهُمْ ذلِكَ). واته: ئەی عائیشە! کێ دەیپەرژێتە سەر شتی وا، لە ڕۆژێکی وا سەختدا کێ بیر لــە شـتی وا دەکاتەوە. لـە ریوایەتێکی تردا فەرمویـەتی: (الأَمْرُ أهمُّ مِنْ أنْ يَنْظُرَ بَعضُهُمْ إِلَى بَعــض)[٣٢٧]. واتـە: کـار لەوەدا نی یە خەڵك بتوانن تەماشای یەکتر بکەن، چونکە ڕۆژێکی گەلـێك سەختە.

گۆڕەپانی کۆکردنەوە چۆنە؟:

سەهلی کوڕی سەعد ڕەزای خوای لـێ بێ فەرمووی: گوێم لـێ بـوو پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیه وسلـم فەرمووی: (يُحْشَرُ النَّاسُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ عَلَى أَرْضٍ بَيْضَاءَ عَفْرَاءَ كَقُرْصَةِ نَقِيٍّ)[٣٢٨]. واتـە: خەڵك لە ڕۆژی ژیانەوەدا لـەسەر زەمینێکی سـپی مەیلــەو سـوری وەك نـانی گـەنمی پـاك و بـێ کەپەك کۆدەکرێنەوە. سەهل یان یەکێکی تر دەڵـێ: (لَيْسَ فِيهَا مَعْلَمٌ لِأَحَدٍ). واته: هیچ نیـشانەیەك نی‌یەتا خەڵك ڕێی هات و چۆی پێ دەسنیشان بکەن.

بێگومان ئەو شوێنە ئەم زەویەی ئێستامان نـی یـە، چـونکە ئـەو کاتـە خـوای گـەورە زەوی و ئاسمانەکانی تێدا دەگۆڕێت وەك لـەم ئایەتەدا دەفەرموێت: x ı v u t s r q M L | { z y إبراهيم: ٤٨. عائیشە ڕەزای خوای لــێ بــێ گـوتی: لـەبارەی ئـەو ئایەتـەی سەرەوە لـە پێغەمبەرم صلی الله علیه وسلـم پرسی لـەو کاتەدا خەڵك لـە کوێ دەبـن؟ فـەرمووی: (عَلَى الصِّرَاطِ)[٣٢٩]. واته: لـەسەر پردی دۆزەخ دەبن.

زانایەکی جولـەکە هاتە خزمەتی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلـم و لـێی پرسـی کـە زەوی و ئاسمانەکان دەگۆڕێن خەڵك لـە کوێ دەبن؟ فەرمووی: (هُمْ فِي الظُّلْمَةِ دُونَ الْجِسْرِ)[٣٣٠]. واتـە: خەڵك لـە تاریکایی خوارەوەی دۆزەخدا دەبن.

---

[٣٢٧] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري ١٣٦/٨ (٦٥٢٧) ، ومسلم ١٥٦/٨ (٢٨٥٩) (٥٦).

[٣٢٨] - أخرجه البخاري: ٦٥٢١, ومسلم: ٢٧٩٠ .

[٣٢٩] - أخرجه مسلم في كتاب صفات المنافقين, باب البعث والنشور: (٢٧٩١) .

[٣٣٠] - أخرجه مسلم, كتاب الحيض, باب صِفَةِ مَنِيِّ الرَّجُلِ وَالْمَرْأَةِ: ٢٥٢/١ برقم (٣١٥).

حاڵ و باری چاکەکاران لەو ڕۆژەدا:

خوای پەروەردگار دەفەرموێت: M g h i j k l m L مریم: ٨٥. واتە: ئەو ڕۆژەی خوا پەرستانی پارێزکار زیندوودەکەینەوە، بەقەدرو ڕێزەوە دەستە دەستە کۆیان دەکەینەوە بۆ حزووری پەروەردگار.

هەروەها دەفەرموێت: Mإِنَّ ´ µ ¶ ¸ ٱلۡحُسۡنَىٰٓ أُوْلَـٰٓئِكَ عَنۡهَا مُبۡعَدُونَ ﴿١٠١﴾ ! " # $ %
& ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5
6 7 L الأنبياء: ١٠١ – ١٠٣. واتە: ئەوانەی کە لەلایەن ئێمەوە پێشتر بەڵێنی باشیان پێ دراوە، ئەوانە لە دۆزەخ دوور دەخرێنەوە، دەنگ و قرچەقرچی ئاگرەکە نابیستن لە شوێنێکدان ئەوەی کە ئارەزوویان دەیخوازێ تێیدایەو بە هەمیشەیی دەمێننەوە، وە ترس و بیم و داچڵەکێنەری گەورە ئەوان دڵ تەنگ ناکات، وە فریشتەکان دێنە پێشوازیان و(دەڵێن): ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە بەڵێنتان پێ درابوو(ترستان نەبێ).

ئەوانەی خوای گەورە ئەیانخاتە ژێر سێبەری خۆیەوە:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (سَبْعَةٌ يُظِلُّهُمُ اللَّهُ فِي ظِلِّهِ يَوْمَ لاَ ظِلَّ إِلاَّ ظِلُّهُ الإِمَامُ الْعَادِلُ، وَشَابٌّ نَشَأَ فِي عِبَادَةِ رَبِّهِ، وَرَجُلٌ قَلْبُهُ مُعَلَّقٌ فِي الْمَسَاجِدِ، وَرَجُلاَنِ تَحَابَّا فِي اللَّهِ اجْتَمَعَا عَلَيْهِ وَتَفَرَّقَا عَلَيْهِ، وَرَجُلٌ طَلَبَتْهُ امْرَأَةٌ ذَاتُ مَنْصِبٍ وَجَمَالٍ فَقَالَ إِنِّي أَخَافُ اللَّهَ. وَرَجُلٌ تَصَدَّقَ أَخْفَى حَتَّى لاَ تَعْلَمَ شِمَالُهُ مَا تُنْفِقُ يَمِينُهُ، وَرَجُلٌ ذَكَرَ اللَّهَ خَالِيًا فَفَاضَتْ عَيْنَاهُ)[٣٣١]. واتە: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: حەوت کۆمەڵ لەژێر سێبەری خوا دان، کە لەو ڕۆژەدا هیچ سێبەرێکی ترنییە جگە لەو سێبەرە، نە درەخت نە دار نە بەرد نە دیوار..

١ـ کاربەدەستی دادپەروەر.

٢ـ لاوێ لە بەندایەتی کردنی خودا پێ گەیشتووبێ و بەردەوام بێ لە سەری.

٣ـ پیاوێ دڵی بەمزگەوتەوە ئالوودە بێ.

---

[٣٣١] - صحيح البخاري: (٦٦٠) (١٤٢٢)، تحفة ١٢٢٦٤.

٤ـ دوو پیاو لەبەر خوا یەکتریان خۆشبوێت، کۆببنەوە لەبەر ڕەزامەندی خوا، تەنها مردن لێکیان جیا بکاتەوە، نەك پارەو پلەو پایەی دنیایی و شتی تر.

٥ـ پیاوێ کە ئافرەتێکی خان و مانی شۆخ و شەنگ داوای کاری خراپی لێ بکات، بەڵام ئەو بڵێ من لە خوا دەترسم و ئەو کارە ناکەم.

٦ـ پیاوێ خێر بکات بە پەنامەکی و بەدەستی ڕاست بیکات دەستی چەپی نەزانێت، واتە ئەوەندە نهێنی بێت کەس پێی نەزانێت، نەوەك لای خەڵك باسی بکات و منەت بکات بەسەر ئەو کەسەدا کە پێی دەبەخشێ.

٧ـ پیاوێك لە شوێنێکی چۆڵدا زیکرو یادی خوا بکات و فرمێسك بڕێژێ.

حاڵ و باری خراپەکاران لەو ڕۆژەدا:

خوای گەورە لەبارەی کۆکردنەوەی ئەوانەی ڕێگای هیدایەتیان نەگرت لە دنیادا دەفەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ L الإسراء: ٩٧. واتە: هەر کەسێك خوا گومڕای بکات ئەوە هەرگیز دەستی ناکەوێ بێجگە لە خوا دۆست و یارمەتی دەرانێك، ئەوانەی ڕێگای هیدایەتیان نەگرت لە دنیادا لەڕۆژی قیامەتدا لە مەیدانی حەشردا کۆیان دەکەینەوەو ڕایان دەکێشین بەسەر ڕوویاندا بە کوێری و کەڕو لاڵی، شوێنی نیشتە جێیان دۆزەخە، هەر جارەی بڵێسەی ئاگرەکە دامرێتەوەو خامۆش بێ بڵێسەی ئاگرەکەیان بۆ زیاد دەکەین.

هەروەها دەفەرموێت: M n o p q r s L مریم: ٨٦. واتە: ئەوانەی بێباوەڕو خراپەکار بوون ڕاپێچ دەکرێن بەرەو دۆزەخ.

کافران لەسەر ڕوومەتیان کۆدەکرێنەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت: M 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ L الإسراء: ٩٧. واتە: لە ڕۆژی دوایدا حەشریان دەکەین بەسەر ڕوو دەم و چاویاندا کە کوێرو لاڵ و کەڕن، شوێنی نیشتە جێیان دۆزەخە.

ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پیاوێك وتی ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه

وسلـم! لـه قیامەتدا کافر چۆن لـەسـەر روومـەتی حەشـر دەکـریّ و کۆدەکرێتـەوە؟. فـەرمووی: (أَلَيْسَ الَّذِي أَمْشَاهُ عَلَى الرِّجْلَيْنِ فِي الدُّنْيَا قَادِرًا عَلَى أَنْ يُمْشِيَهُ عَلَى وَجْهِهِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ) [٣٣٢]. واتـه: ئەی ئەو کەسەی لـەدونیادا توانای رۆشتنی پێداوه لـەسـەر لاقـەکانی، ناتوانێـت توانـای رۆشـتنی لـەسەر روومەتی پیّ بدات لـه قیامەتدا.

نزيك بوونەوەی خۆر لـه خەڵك:

مقدادی کوڕی ئەسوەد رەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: پێغەمبەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلـم فەرمویـەتی: (تُدْنَى الشَّمْسُ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنَ الخَلْقِ حَتَّى تَكُونَ مِنْهُمْ كَمِقْدَارِ مِيلٍ، فَيكُونُ النَّاسُ عَلَى قَدْرِ أعْمَالِهِمْ فِي العَرَقِ ، فَمِنْهُمْ مَنْ يَكُونُ إِلَى كَعْبَيْهِ، ومنهم من يكون إِلَى ركبتيه، ومنهم مَنْ يَكُونُ إِلَى حِقْوَيْهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ يُلْجِمُهُ العَرَقُ إلْجَاماً، وَأَشَارَ رَسُول الله صلى الله عليه وسـلم بيـدهِ إِلَـى فِيهِ)[٣٣٣]. واتە: لـه رۆژی دواییدا خۆر لـه خەڵکی نزیك دەبێتەوه تا هێندەی میلێکـی دەمـێنیّ، جـا خەڵك بە پێی کاروکردەوەکانیان دەکەونە نـاو ئارەقـە، هەیانـە هـەتا پاژنـەی دیّ، هەیانـە هـەتا ئەژنۆی دیّ، هەیانە هەتا کەلـەکەکانی دیّ و هەشیانە ئارەقە دایدەپۆشیّ تا دەمی، پێغەمبەری خـوا صلی الله علیه وسلـم ئاماژەی بۆ دەمی کرد.

شاعیر دەڵێ:

وإذا الجـنين بـأمـه مـتـعـلـقٌ... خـوف الحـسـاب وقـلبـه مـذعـور

هـذا بلا ذنـب يخـاف لـهـولـه... كـيـف المـقيم عـلى الـذنوب دهـور.

واتە: کۆرپە لـەترسان دڵی دەلـەرزیّ و خۆی پێچاوە بە دایکیەوە، ئەمە بەبیّ گوناهو تـاوان ئـەوە حاڵیەتی و لـه سامناکی ئەو رۆژە دەترسیّ، ئەی ئەبیّ حـاڵی ئەوانـە چـۆن بێـت کـە ژیانیـان بـە تاوانکاری دەبەنەسەر.

---

[٣٣٢] - أخرجه البخاري: (٤٧٦٠) ، ومسلم : (٢٨٠٦).

[٣٣٣] - أخرجه مسلم: ١٥٨/٨ (٢٨٦٤) (٦٢) .

دیمەنە سامناکەکانی رۆژی قیامەت

قورئانی پیرۆز باسی لـە رۆژی قیامـەت و ئـەو گۆڕنكـاری و كارەسـاتە مەزنانـەی كـردووە كـە روودەدەن، بۆ ئەم مەبەستەش بە پشتیوانی خوای گـەورە لــە ژێـر رۆشـنایی قورئـان و سـونەتدا چەند وێنەو دیمەنێكی ئەو رۆژەتان بۆ روون دەكەینەوە:

خوای گەورە بە دیمەنێكی گەلێك گەورەو سامناك ناوی بـردووەو وەسـفی كـردووە: M ﴿ يَظُنُّ أُوْلَٰٓئِكَ أَنَّهُم مَّبْعُوثُونَ ﴿٤﴾ لِيَوْمٍ عَظِيمٍ ﴿٥﴾ يَوْمَ يَقُومُ ٱلنَّاسُ لِرَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ﴿٦﴾ L المطففين: ٤ – ٦. واتە: ئایا ئەوانە نازانن كـە بێگومـان زیندوودەكرێنــەوە لــە رۆژێكــی گــەورەدا، رۆژێ كـە خــەڵك لـەبـەر بارەگــای پەروەردگاری جیهانیاندا دەوەستن.

لە ئایەتێكی تردا بە رۆژێكی سەخت و گران وەسفی دەكـات: M فَذَٰلِكَ يَوْمَئِذٍ يَوْمٌ عَسِيرٌ ﴿٩﴾ عَلَى ٱلْكَٰفِرِينَ غَيْرُ يَسِيرٍ ﴿١٠﴾ L المـدثر: ٩ – ١٠. واتە: ئەو رۆژە رۆژێكی سەخت و گرانە، لـەسەر كافران سـوك و ئاسان نی یە.

هەروەها دەفـەرموێت: M (* + , - . / 0 1 L الإنـسان: ٢٧. واتـە: بێگومان ئەم بێ بڕوایانە دنیـای بـێ بـەقایان خۆشـدەوێت، رۆژێكـی قـورس و گـران پـشتگوێ دەخەن.

رۆژێكە منداڵ مووی سەری سپی دەبێت: M µ ¶ كَفَرْتُمْ يَوْمًا يَجْعَلُ ٱلْوِلْدَٰنَ شِيبًا ﴿١٧﴾ ٱلسَّمَآءُ مُنفَطِرٌۢ بِهِۦ كَانَ وَعْدُهُۥ مَفْعُولًا ﴿١٨﴾ L المزمـل: ١٧ – ١٨. واتـە: جـا ئەگـەر بـێ بڕوایـی بكـەن چـۆن خۆتـان دەپارێزن لـە رۆژێك كە بەترس و سامی خۆی منداڵان پـیر دەكـات، ئاسمـان لـەبـەر سـەختی ئـەو رۆژە لـەت دەبێت.

لــەو رۆژەدا دایـك ئاگــای لــە جگەرگۆشــە شــیرەخۆرەكەی خــۆی نییــەو، خــەڵك وەك سەرخۆشــیان لــێ دێــت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ A B L الحج: ١ – ٢.

رۆژێكە كەس لـە كەس ناپرسێ و هیچ خزمایەتیەك نامێنێ هەر كەس سەرقاڵی حاڵی خۆیـەتی:

M ﮋ نُفِخَ فِي ٱلصُّورِ فَلَآ أَنسَابَ بَيۡنَهُمۡ يَوۡمَئِذٖ وَلَا يَتَسَآءَلُونَ ﴿١٠١﴾ L المؤمنون: ١٠١. واتە: ئینجا کاتێك فودەکرێ بە کەڕەنادا نە خزمایەتی لە نێوانیان دەمێنێ و نە کەسیان لەکەس دەپرسێ.

هەروەها دەفەرموێت: M فَإِذَا جَآءَتِ ٱلصَّآخَّةُ ﴿٣٣﴾ يَوۡمَ يَفِرُّ ٱلۡمَرۡءُ مِنۡ أَخِيهِ ﴿٣٤﴾ وَأُمِّهِۦ وَأَبِيهِ ﴿٣٥﴾ وَصَٰحِبَتِهِۦ وَبَنِيهِ ﴿٣٦﴾ لِكُلِّ ٱمۡرِيٕٖ مِّنۡهُمۡ يَوۡمَئِذٖ شَأۡنٞ يُغۡنِيهِ ﴿٣٧﴾ L عبس: ٣٣ – ٣٧.

لەو رۆژەدا نە باوك بەکەڵکی کوڕی خۆی دێت نە کوڕیش دادی باوکی دەدات: M y z } | { ~ لَّا يَجۡزِي وَالِدٌ عَن وَلَدِهِۦ وَلَا مَوۡلُودٌ هُوَ جَازٍ © وَالِدِهِۦ شَيۡـًٔاۚ ﴿٣٣﴾ L لقمان: ٣٣. واتە: خەڵکینە! لە خوا بترسن، لەو رۆژە بترسن کە نە باوك بەکەڵکی کوڕ دێت و نەکوڕ دادی باوکی دەدات، بەڵێنی خوا راستە.

رۆژێکە کەس دادی کەس نادات و تکای بۆ وەرناگیرێ: M وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا لَّا تَجۡزِي نَفۡسٌ عَن نَّفۡسٖ شَيۡـٔٗا وَلَا يُقۡبَلُ مِنۡهَا شَفَٰعَةٞ وَلَا يُؤۡخَذُ مِنۡهَا عَدۡلٞ وَلَا هُمۡ يُنصَرُونَ ﴿٤٨﴾ L البقرة: ٤٨.

وا مەزانن خوای گەورە بێ ئاگایە لە کرداری ستەمکاران، نەخێر بەڵکو دوایان دەخات بۆ رۆژێك چاویان تێیدا ئەبڵەق دەبێ: M وَلَا تَحۡسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعۡمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمۡ لِيَوۡمٖ تَشۡخَصُ فِيهِ ٱلۡأَبۡصَٰرُ ﴿٤٢﴾ ! " # $ % & ') * + L إبراهيم: ٤٢ – ٤٣.

بێ بڕوایان لەو رۆژەدا دڵیان دێتە گەرویان: M 1 2 3 4 5 6 7 8 : ; < = > ? @ A L غافر: ١٨.

مرۆڤی بێ بڕوا لەو رۆژەدا ئەگەر بەقەد سەر زەوی زێری هەبێ و ببەخشێت لێی قبوڵ ناکرێت: M إِنَّ ٱلَّذِينَ ´ µ ¶ ¸ فَلَن يُقۡبَلَ مِنۡ أَحَدِهِم مِّلۡءُ ٱلۡأَرۡضِ ذَهَبٗا وَلَوِ ٱفۡتَدَىٰ بِهِۦٓۗ أُوْلَٰٓئِكَ لَهُمۡ عَذَابٌ أَلِيمٞ وَمَا لَهُم مِّن نَّٰصِرِينَ ﴿٩١﴾ L آل عمران: ٩١.

رۆژێکی یەکجار درێژ خایەنە: M µ ¶ ¸ إِلَيۡهِ فِي يَوۡمٖ كَانَ مِقۡدَارُهُۥ خَمۡسِينَ أَلۡفَ سَنَةٖ ﴿٤﴾ فَٱصۡبِرۡ صَبۡرٗا جَمِيلًا ﴿٥﴾ إِنَّهُمۡ يَرَوۡنَهُۥ بَعِيدٗا ﴿٦﴾ وَنَرَىٰهُ قَرِيبٗا ﴿٧﴾ L المعارج: ٤ – ٧. واتە: مەلائیکەو جوبرەئیل بۆ لای خوا بەرز دەبنەوە لە رۆژێکدا کە ماوەکەی پەنجا هەزار ساڵە، ئینجا خۆت رابگرە ئەی موحەممەد بە خۆ راگرتنێکی جوان، ئەم بێ بڕوایانە ئەم رۆژە بەدوور دەزانن، بەڵام ئێمە بە نزیکی دەبینین.

بێ بڕوایان لەو رۆژەدا سوێند دەخۆن و دەڵێن: تەنها یەك سەعات ژیاوین: M c d e

f g h i j k l m n o p L الروم: ٥٥.

خوای گەورە لەو رۆژەدا زەوی لە چنگ دەگریّ و ئاسمانەکانیش دەپێچێتەوە: M ¸ قَدَرُواْ ٱللَّهَ حَقَّ قَدۡرِهِۦ وَٱلۡأَرۡضُ جَمِيعٗا قَبۡضَتُهُۥ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَٱلسَّمَٰوَٰتُ مَطۡوِيَّٰتُۢ بِيَمِينِهِۦۚ سُبۡحَٰنَهُۥ وَتَعَٰلَىٰ عَمَّا يُشۡرِكُونَ ﴿٦٧﴾ L الزمر: ٦٧. واتە: ئەو بێباوەڕانە شکۆو ڕێزو هێزی خوایان نەناسیوە، خوا لە ڕۆژی دواییدا زەوی لە چنگ دەگریّ و سەرجەم ئاسمانەکانیش بەدەستی ڕاست دەپێچێتەوە، خوای تاك و تەنیا ورتەورتی بێباوەڕان پاك و دوورە کە هاوبەشی بۆ بڕیار دەدەن.

لەم ئایەتەدا باسی چۆنیەتی پێچانەوەکە دەکات: M 8 9 : ; < = ? @ A B C E F H I J K L الأنبياء: ١٠٤. واتە: لە ڕۆژی دواییدا ئاسمان وەك پێچانەوەی پەڕەکانی پەرتوك دەیپێچینەوە پاشان سەرلەنویّ بەدی دەهێنینەوە، بەڵێنێکەو جێبەجێی دەکەین.

ئیبن مەسعود ڕەزای خوای لیّ بیّ دەگێڕێتەوەو دەڵێ: (أَنَّ يَهُودِيًّا جَاءَ إِلَى النَّبِيِّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ يَا مُحَمَّدُ إِنَّ اللَّهَ يُمْسِكُ السَّمَوَاتِ عَلَى إِصْبَعٍ وَالْأَرَضِينَ عَلَى إِصْبَعٍ وَالْجِبَالَ عَلَى إِصْبَعٍ وَالشَّجَرَ عَلَى إِصْبَعٍ وَالْخَلَائِقَ عَلَى إِصْبَعٍ ثُمَّ يَقُولُ أَنَا الْمَلِكُ فَضَحِكَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ حَتَّى بَدَتْ نَوَاجِذُهُ ثُمَّ قَرَأَ: (يَوْمَ نَطْوِي السَّمَاءَ كَطَيِّ السِّجِلِّ لِلْكُتُبِ كَمَا بَدَأْنَا أَوَّلَ خَلْقٍ نُعِيدُهُ وَعْدًا عَلَيْنَا إِنَّا كُنَّا فَاعِلِينَ). الأنبياء: ١٠٤)[٣٣٤]. واتە: جارێکیان جولەکەیەك هاتە خزمەت پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم و گوتی: ئەی موحەممەد ! خوا ئاسمانەکان دەخاتە سەر پەنجەیەك و زەمینەکان لەسەر پەنجەیەکی ترو شاخەکان لەسەر پەنجەیەکی ترو بەدیهێنراوان لەسەر پەنجەیەك، پاشان دەفەرموێت: من پاشام، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم بۆ پشتیوانی قسەی جولەکەکە ئەوەندە پێکەنی تاکو ددانەکانی دەرکەوت، ئینجا ئەم ئاتەی سەرەوەی بۆ خوێندەوە.

ئیبن عومەر ڕەزای خوایان لیّ بیّ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (يَطْوِي اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ السَّمَاوَاتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بِيَدِهِ الْيُمْنَى ثُمَّ يَقُولُ أَنَا

[٣٣٤] - أخرجه البخاري: ٦٩٧٨.

الْمَلِكُ أَيْنَ الْجَبَّارُونَ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ)[٣٣٥]. واتە: خوای گەورە لــە رۆژی دوایيــدا ئاسمانــەكان دەپێچێتەوە پاشان بەدەستی راست دەیانگرێ و دەفەرموێت: مــن پادشــام كــوانێ زۆرداران؟ كوانێ خۆ بەگەورە زانان.

حاڵی ئاسمان و ئەوەی تیایەتی لە خۆر مانگ و ئەستێرەكان:

ئەم ئاسمانە بەرفراوان و شین و جوانە كە بە خــۆرو مــانگ و ئەســتێرەكان رازێنراوەتــەوە لــەو رۆژەدا وەك خۆی نامێنێ و لــەت و پەت دەبێت:

خوای گەورە دەفەرموێت: M ! " # $ L **الانفطـار: ١. واتە: كاتێك كە ئاسمان لــەت و پەت بوو.**

هەروەها دەفەرموێت: M , - . / L **الانشقاق: ١. واتە: كاتێك كە ئاسمان شەق بوو.**

ئاسمان زۆر بەتوندی دەكەوێتە جوڵە: M يَوْمَ تَمُورُ ٱلسَّمَآءُ مَوْرًا ﴿٩﴾ L **الطـور: ٩. واتە: رۆژێـك كــە ئاسمان زۆر توند دەكەوێتە جوڵەو هاتوچۆ.**

رەنگە شینە جوانەكەی نامێنێ دەگۆڕێت: M فَإِذَا ٱنشَقَّتِ ٱلسَّمَآءُ فَكَانَتْ وَرْدَةً كَٱلدِّهَانِ L **الـرحمن: ٣٧. واتە: ئینجا كاتێك ئاسمان لــەت و پەت بوو، جا سور هەڵگەڕا.**

ئاسمان لێك دەترازێ و شل و شۆڵ دەبێ: M P Q R S T L **الحاقـة: ١٦. واتە: ئاسمان هەمووی شەق و پەق دەبێت و لێك دەترازێت و شل و شۆڵ دەبێت.**

ئاسمان دەبێتە دەروازە و دەرگا: M o p q r s L **النبأ: ١٩. واتە: رۆژێ كــە ئاســمان دەكرێتەوەو بەشێوەی دەرگایەكی لێ دێت.**

خوای گەورە زەوی و ئاسمانەكانی تێـدا دەگۆڕێـت: M q r s t u v w x y z { | L **إبراهيم: ٤٨. واتە: لـە رۆژێكدا كە ئەم زەویــە دەگۆڕێــت بــە زەوییــەكی تــرو هەروەها ئاسمانەكانیش دەگۆڕێن بەشێوەو شێوازێكی ترو هەموو ئەو خەڵكە دەردەكەون و ئامــادە دەبن لـەبەردەم دادگای خوای تاك و تەنیاو بەدەسەڵات و خەشمگیر لـە كافران.**

---

[٣٣٥] - أخرجه مسلم: ٢٧٨٨.

خۆر و مانگ روناکیان نامێنێت:

خوای گەورە لەبارەی خۆرەوە دەفەرموێت: M ! " # $ L التكوير: ١. واتە: ئەو دەمـەی کە خۆر روناکی نامێنێ و تاریك دادێت.

هەروەها ئەو مانگە جوانە کە شەوانە حەز دەکیت سەرنجی بدەیت لەناکاو دەگـیرێ و تاریـك دەبێت: Mوَخَسَفَ ٱلۡقَمَرُ ﴿٨﴾ L القیامة: ٨. واتە: کاتێ کە مانگ روناکی نەماو تاریك داهات.

خۆر و مانگ دەکەونە پاڵ یەك: Mوَجُمِعَ ٱلشَّمۡسُ وَٱلۡقَمَرُ ﴿٩﴾ L القیامة: ٩. واتە: کاتێ خۆر و مانگ لـە شوێنێکدا یەکیان گرت و کەوتنە پاڵ یەك.

* ئەستێرەکان پرژو بڵاودەبنەوە: M % & ' (L التكوير: ٢. واتـە: ئـەو دەمـەی کـە ئەستێرەکان پرژو بڵاودەبنەوەو دەکەونە خوارێ.

حاڵی روبارو دەریاکان:

دەریاکان بەشیرین و سوێریانەوە تێکەڵ دەبن و بەیەك کەرەت گڕدەگرن و دەبنە یەك پارچە ئاگر:

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: M (* + , L الانفطار: ٣. واتە: وەختێ کە ئـاوی دەریاکان دەتەقێنرێنەوە.

هەروەها دەفەرموێت: M 5 6 7 8 L التکـویر: ٦. واتـە: ئـەو دەمـەی کـە دەریاکـان هەڵگیرسێنران.

حاڵی زەوی و شاخەکان:

خوای گەورە دەفـەرموێت: M> ? @ A B C D E F G H I J K L M N O L الحاقـة: ١٣ – ١٥. واتە: ئینجا کاتێ یەکجار فوکرا بـە کـەرەنادا، زەوی وکێوەکـان هەڵگیران و یەککەرەت دران بەیەکدا، لەو رۆژەدا ئیتر قیامەت بـەرپا دەبێـت، ئاسمـان هـەمووی شەق و پەق دەبێت و لێك دەترازێت و شل و شۆڵ دەبێت.

شاخەکان دێنە لەرزە: Mw x y z { | } ~ L المزمل: ١٤. واتە: لـە رۆژی قیامەتـدا زەوی و شاخەکان دێنە لەرزە، سەرەنجام کێوەکان وردوخاش دەبن و وەکو تەپۆڵکەی لمیان لێ دێت.

زەوی وردوخاش دەکرێت: M ﴿كَلَّآ ´ µ ¶ ¸ دَكًّا ﴿٢١﴾ L الفجـر: ٢١. واتـە: نـەخێر، کاتێـك دێت کە زەوی وردوخاش دەکرێت و لەناکاو دەدرێت بەیەکدا.

زەوی زۆر بە توندی دەهەژێت و دەکەوێتـە لـەرزین: M 9 : ; < = L الزلزلـة: ١. واتە: وەختێ کە زەوی بە توندترین پلەی لەرزین دێتە لەرزین.

چیاکان لەجێی خۆیان دەجولێن: M وَتَسِيرُ ٱلۡجِبَالُ سَيۡرٗا ´ L الطـور: ١٠. واتـە: چـیاکان لـەجێی خۆیان دەجولێن و توند دەڕۆن.

شاخەکان دەخەینەڕێ و رووی زەوی بەڕوونی و تەختی دەبینـی: M 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; L الکهف: ٤٧. واتە: رۆژێ کە شاخەکان دەخەینـەڕێ و رووی زەوی بەڕوونی و تەختی دەبینی، هەموو خەڵك کۆدەکەینەوەو هیچ کەسیان بەجێ ناهێڵین.

شاخەکان وەك تراویلکەیان لێ دێت: M t u v w x L النبأ: ٢٠. واتـە: کێوەکـان هەڵدەکەنرێن و دەڕۆن بە ئاسماندا وەك تراویلکەو سەرابێکی گەورە.

کێوەکان وەکو خوری شیکراوەیان لێ دێ: M < = > ? L القارعة: ٥.

شاخەکان وردوخـاش دەبـن و پـەرش و بـڵاو دەبنـەوەو، هـیچ خـوارو خێـچی و بـەرزی و نزمیەکیان نامێت: M l m n o p q r L طه: ١٠٧.

حاڵی گۆڕەکان:

گۆڕەکان یەکاڵادەکرێنەوەو مردوەکان دێنەدەرەوە: M - . / 0 L الانفطار:٤.

حاڵی مرۆڤەکان:

قورئان وەك چۆن کارەسات و روداوە سامناکەکانی سروشتی خستۆتە بەرچاو، حـاڵی مرۆڤیـشی لەو رۆژەدا خستۆتە بەرچاو کەچی بەسەردێت و چ ترس و لەرزێك رووی تێ دەکات تەنها ئـەو ئیماندارانە نەبێت کە لەو رۆژەدا دڵنیان، خوای گەورە وەسفی حاڵیـان دەکـات و دەفـەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , L النمـل: ٨٩. واتـە: ئەوانـە دڵنیـان لـە تـرس و داچڵەکانی گەورەی ئەو رۆژە.

هــەروەها دەفــەرموێت: M ,   -   .   .   /   7 L الأنبيـاء: ١٠٣. واتــە: ترســە هــەرە گەورەکە غەمباریان ناکات.

ڕەوشی بێ بڕواکان:

کاتێ لە گۆڕەکانیان دەردەچن:

خوای گەورە دەفەرمویت: M ; < = > ? @ A B C D E F G H| J K L M N O L المعارج: ٤٣–٤٤. واتە: ئەو رۆژەی لە گۆڕەکانیان بەپەلە دێنــە دەرەوە، دەڵێــی بۆ لای بتەکانیان هەڕا دەکەن چاو نزم و زەبونن، پێیان دەگوترێ، ئەوە رۆژەکەیە کە هەڕەشەتان پێ لێ دەکرا .

بێ باوەڕان چاوەکانیان تێیدا ئەبڵەق دەبێت:

خوای گەورە دەفــەرمویت: M وَلَا تَحْسَبَنَّ ٱللَّهَ غَٰفِلًا عَمَّا يَعْمَلُ ٱلظَّٰلِمُونَۚ إِنَّمَا يُؤَخِّرُهُمْ لِيَوْمٍ تَشْخَصُ فِيهِ ٱلْأَبْصَٰرُ ﴿٤٢﴾ ! " # $ % & ' | ( ) * + L إبــراهيم: ٤٢ – ٤٣. واتــــە: وا گومان مەبەن کە خوا بێ ئاگایــە لــەو کــارو کردەوەیــەی ستەمکاران دەیکــەن، بەراســتی خــوا سزاکەیان دوا دەخات بۆ رۆژێك کە چاوەکانیان تێیدا ئەبڵــەق دەبــن و بــێ جوڵــە دەمێــنن، بــە پەلــەو شــپرزەییەوە دێــن، ســەریان بەرزکردۆتــەوەو لــە تــرس و ســامناکی ئــەو رۆژەدا چــاویان ناچەرخێ و بەرپێی خۆیان نابینن، دڵیان بەتاڵەو هیچ حاڵێ نین.

روخساری هەندێك رۆشن و سپی دەبێ و روخساری هەندێکی تریشی رەش دائەگەڕێت:

M يَوْمَ تَبْيَضُّ © وَتَسْوَدُّ وُجُوهٌۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسْوَدَّتْ وُجُوهُهُمْ أَكَفَرْتُم بَعْدَ ´ µ ¶ ¸ كُنتُمْ تَكْفُرُونَ ﴿١٠٦﴾ L آل عمران: ١٠٦. واتە: رۆژێك دێت چەند روویەك سپی دەبن و وە چــەند روویــەك رەش دەبــن، جــا ئەوانەی کە روویان رەش بووە(پێیان دەوترێت) بۆچی بێ بڕوا بوون لــەپاش بــڕوا هێنــان کەواتــە بیچێژن سزا بەهۆی بێ بڕوایتانەوە.

هەروەها رۆژێکە مرۆڤە بێ باوەڕەکان تێیدا روخساریان تێك دەچێ و رەش هەڵدەگەڕێت:

M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . L الملك: ٢٧.

لــەو رۆژەدا دۆســتان دوژمنــی یــەکترن: M l m n o p q r s L

الزخرف: ٦٧. واتە: دۆستان و یاران لەو رۆژەدا هەر هەموویان دوژمنی یـەكتـرن، هـەموو رقیـان لـەیەك دەبێتەوە، جگە لـەو كەسانەی كە لـەسەر بنچینەی تەقواو خواناسین كۆبونەتەوەو برایـەتیان بەرپاكردووە.

رۆژێكە مرۆڤی ستەمكار پەشیمان دەبێتەوەو دەستی خۆی دەگەزێ: M g h i j k l m n o p q r L الفرقان: ٢٧. واتە: رۆژێ دێت ستەمكار قەپ دەكات بە هەردوو دەستی خۆیداو گاز لـە هەردوو دەستی خۆی دەگرێ و دەڵـێ: خۆزگـە شـوێنكەوتەی پێغەمبـەر بومایەو ڕێبازی ئەوم بگرتایە.

رۆژێكە مرۆڤی بێباوەڕ دەڵێ: چۆن خۆم دەرباز بكەم، رێگای هەڵهاتن لـە كوێیـە؟: Mيَقُولُ © يَوۡمَئِذٍ أَيۡنَ ٱلۡمَفَرُّ ﴿١٠﴾ L القيامة: ١٠.

ئەگەر لـەو رۆژەدا بێ بڕوای ستەمكار خاوەنی هەموو سەر زەوی بوایـە لــە پێنـاوی رزگـاربونی خۆیدا دەیبەخشی: M ! " # $ % &' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 L یونس: ٥٤.

بێ بڕوا لـەو رۆژەدا دەڵێ خۆزگە دەبومە خۆڵ: M l m n o p L النبأ: ٤٠.

تكاكردن (الشفاعة)

شەفاعەت زاراوەیەكی عەقیدەی ئیسلامیە، لە زمانـدا بـەمانای: پـشتگیری كردنـی كەسـێكە لـە كەسێكی تر بەمەبەستی سەرخستنی و تكـا بـۆكردنی، وشـەكەش بـەكاردەهێنرێ بـۆ پـشتگیری كردنی كەسێكی بەرێزو پایە بڵند لە كەسێك كە رێـزو پلـەو پایـەی لـەو نـزمترە، شـەفاعەت و تكای رۆژی قیامەتیش لەوەوە هاتووە [٣٣٦].

لە عەقیدەی ئیـسلامیدا بـەمانای: پاڕانەوەیـە لـە خـوای گـەورە بـۆ بەخـشین و لێبـوردن لـە تاوانكاران و گوناهكاران لە رۆژی قیامەتـدا، ئـەویش لەلایـەن كەسـانێكەوە كـە خـوا مۆڵـەتی ئەوەی پێداون داوای بەخشین و لێبوردنی لێ بكەن بۆ ئەو جۆرە كەسانە.

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: L q p o n l k j i g f e d M الزمر: ٤٤. واتە: بڵێ: تكا هەمووی هەر بۆ خوایە، مـوڵكی ئاسمانـەكان و زەوی هـەر بـۆ ئـەوە، پاشان هەر بۆ لای ئەو دەگەڕێنرێنەوە.

یەكەمین كەسێك كە لە سەرای مەحشەردا تكا دەكات پێغەمبەری خوایە صلی الله علیه وسلم وەك خـۆی دەفـەرموێت: (أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَوَّلُ مَنْ يَنْشَقُّ عَنْهُ الْقَبْرُ وَأَوَّلُ شَافِعٍ وَأَوَّلُ مُشَفَّعٍ)[٣٣٧]. واتە: من گەورەی وەچەی ئادەمم لە رۆژی دواییدا، یەكەمین كەسم كە گۆڕ لـە مـن دەكرێتـەوەو دێمـە دەرەوە، وە یەكـەمین كەسـم كـە تكـا دەكـەم، وە یەكـەمین كەسیـشم كـە شەفاعەتم لێ وەردەگیرێت.

ئەبو سەعیدی خودری رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیـە وسـلم فەرمویەتی: (أَنَا سَيِّدُ وَلَدِ آدَمَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَلَا فَخْرَ وَبِيَدِي لِوَاءُ الْحَمْدِ وَلَا فَخْرَ وَمَا مِنْ نَبِيٍّ يَوْمَئِـــذٍ آدَمَ فَمَنْ سِوَاهُ إِلَّا تَحْتَ لِوَائِي وَأَنَا أَوَّلُ مَنْ تَنْشَقُّ عَنْهُ الْأَرْضُ وَلَا فَخْرَ)[٣٣٨]. واتـە: مـن سـەرووەری وەچەی ئادەمم لـە رۆژی دواییدا بەبێ شانازی، بەیـداخی سـتایش بەدەسـتی منـە بـەبێ شـانازی،

---

[٣٣٦]- معجم مفردات الفاظ القرآن / الراغب الأصفهاني.

[٣٣٧]- أخرجه مسلم وأبو داود , صحيح الجامع: ١٤٦٧.

[٣٣٨]- رواه أحمد والترمذي وابن ماجة, صحيح الجامع: ١٤٦٨.

هەموو پێغەمبەران لـە ئادەمەوە تاکو ئەوانی تر سەرجەمیان لـەژێر بەیـداخی منـدان، مـن یەکـەمین کەسم گۆڕم بۆ یەکالا دەبێت بەبێ شانازی.

ئـەبو هـورەیرە ڕەزای خـوای لـێ بـێ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فەرمویەتی: (لِكُلِّ نَبِيٍّ دَعْوَةٌ مُسْتَجَابَةٌ فَتَعَجَّلَ كُلُّ نَبِيٍّ دَعْوَتَهُ وَإِنِّي اخْتَبَأْتُ دَعْوَتِي شَـفَاعَةً لِـأُمَّتِي فَهِيَ نَائِلَةٌ إن شَاءَ الله تعالى مَنْ مَاتَ مِنْهُمْ لَا يُشْرِكُ بِاللَّهِ شَيْئًا)[339]. واتە: هەموو پێغەمبەرێك دوعاو نزایەکی وەرگیراوی هەیە، هەموویان پەلـەیان کردووەو نزاکەیان کردووە، بـەلام مـن دوعاکـەی خۆمم هەڵگرتووە بۆ تکاخوازی ڕۆژی قیامەت، بە ویستی خوا هەموو ئەوانەی بەردەکەوێت کـە مردبن و هاوەڵیان بۆ خوا بڕیار نەدابێت.

مەرجەکانی شەفاعەت:

بێگومان شەفاعەت دوو مەرجی هەیە:

١- خوای گەورە مۆڵەتی ئەو کەسە بدات کە شەفاعەت دەکات.

٢- ڕازی بێت لـەو کەسەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت.

بە بەڵگەی ئەم ئایەتانەی لای خوارەوە:

خوای گەورە دەفەرموێت: Mمَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ﴿٢٥٥﴾ L البقـرة: ٢٥٥. واتە: کەس هەیـە بێ مۆڵەتی خوا شەفاعەت بکات.

M I J K L M N O P Q R L الأنبياء: ٢٨. واتە: تەنها بۆ ئەوانە شەفاعەت دەکرێ کە خوا لێیان ڕازییە.

M ! " # $ % & ' ( ) : L سـبأ: ٢٣. واتـە: ڕۆژێکـە تکـاو شـەفاعەت سـوودی نییەلای خوا مەگەر بۆ کەسێك کە خوا خۆی مۆڵەتی داوە شەفاعەتی بۆ بکرێ.

Mيَوْمَئِذٍ لَّا تَنفَعُ ٱلشَّفَـٰعَةُ إِلَّا مَنْ © لَهُ ٱلرَّحْمَـٰنُ وَرَضِىَ لَهُۥ قَوْلًا ﴿١٠٩﴾ L طه: ١٠٩. واتـە: ئـا لـەو ڕۆژەدا تکـاکردن سوودی نی یە مەگەر کەسێك کە خوای میهرەبان ڕێگەی بدات و لـە وتەکەشی ڕازی بێت.

[339] - أخرجه مسلم وأبن ماجة, صحيح الجامع: ٥١٧٦.

Mوَكَم مِّن مَّلَكٍ فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ لَا تُغۡنِي شَفَٰعَتُهُمۡ à إِلَّا â بَعۡدِ أَن يَأۡذَنَ ٱللَّهُ ç è é L النجم: ٢٦. واتە: زۆر مەلائیکە لە ئاسمانەکاندا هەن کە تکاو پاڕانەوەیان بێ ئاکام و بێ سوودە، مەگەر خوا مۆڵەت بدات بۆ هەر کەسێك کە شایستەیەو رازی بێت کە شەفاعەت بکات، یان تکای بۆ بکرێت.

جۆرەکانی شەفاعەت:

جۆری یەکەم: شەفاعەتی گەورە کە تایبەتە بە پێغەمبەری خواوە صلی الله علیه وسلم، بۆ هیچ کەسێکی تر نی یە.

خوای گەورە دەفەرموێت: M M N O P Q R S T U V W X Y L الإسراء:٧٩. واتە: ئەی پێغەمبەر! لە بەشێکی شەوگاردا خۆت ماندوو بکەو قورئان بخوێنە، کە زیادە ئەرکێکە لەسەر تۆ، بۆ ئەوەی پەروەردگارت پایەو مەقامە بەرزەکەت پێ ببەخشێت، هەندێك لە زانایان دەڵێن مەبەست لە(مقاما محمودا) پایەی شەفاعەتی گەورەیە لە قیامەتدا، هەروەها با سوپاس کراو بیت لەلایەن هەموو بەدیهێنراوانی خواوە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (أَنَا سَيِّدُ النَّاسِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَهَلْ تَدْرُونَ بِمَ ذَاكَ يَجْمَعُ اللَّهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ فِي صَعِيدٍ وَاحِدٍ فَيُسْمِعُهُمْ الدَّاعِي وَيَنْفُذُهُمْ الْبَصَرُ وَتَدْنُو الشَّمْسُ فَيَبْلُغُ النَّاسَ مِنْ الْغَمِّ وَالْكَرْبِ مَا لَا يُطِيقُونَ وَمَا لَا يَحْتَمِلُونَ فَيَقُولُ بَعْضُ النَّاسِ لِبَعْضٍ أَلَا تَرَوْنَ مَا أَنْتُمْ فِيهِ أَلَا تَرَوْنَ مَا قَدْ بَلَغَكُمْ أَلَا تَنْظُرُونَ مَنْ يَشْفَعُ لَكُمْ إِلَى رَبِّكُمْ فَيَقُولُ بَعْضُ النَّاسِ لِبَعْضٍ ائْتُوا آدَمَ فَيَأْتُونَ آدَمَ فَيَقُولُونَ يَا آدَمُ أَنْتَ أَبُو الْبَشَرِ خَلَقَكَ اللَّهُ بِيَدِهِ وَنَفَخَ فِيكَ مِنْ رُوحِهِ وَأَمَرَ الْمَلَائِكَةَ فَسَجَدُوا لَكَ اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فِيهِ أَلَا تَرَى إِلَى مَا قَدْ بَلَغَنَا فَيَقُولُ آدَمُ إِنَّ رَبِّي غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ وَإِنَّهُ نَهَانِي عَنْ الشَّجَرَةِ فَعَصَيْتُهُ نَفْسِي نَفْسِي اذْهَبُوا إِلَى غَيْرِي اذْهَبُوا إِلَى نُوحٍ فَيَأْتُونَ نُوحًا فَيَقُولُونَ يَا نُوحُ أَنْتَ أَوَّلُ الرُّسُلِ إِلَى الْأَرْضِ وَسَمَّاكَ اللَّهُ عَبْدًا شَكُورًا اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ أَلَا تَرَى مَا نَحْنُ فِيهِ أَلَا تَرَى مَا قَدْ بَلَغَنَا فَيَقُولُ لَهُمْ إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ وَإِنَّهُ قَدْ كَانَتْ لِي دَعْوَةٌ دَعَوْتُ بِهَا عَلَى قَوْمِي نَفْسِي نَفْسِي اذْهَبُوا إِلَى إِبْرَاهِيمَ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَأْتُونَ إِبْرَاهِيمَ فَيَقُولُونَ أَنْتَ نَبِيُّ اللَّهِ وَخَلِيلُهُ مِنْ أَهْلِ الْأَرْضِ اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ أَلَا تَرَى إِلَى

مَا نَحْنُ فِيهِ أَلَا تَرَى إِلَى مَا قَدْ بَلَغَنَا فَيَقُولُ لَهُمْ إِبْرَاهِيمُ إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ وَلَا يَغْضَبُ بَعْدَهُ مِثْلَهُ وَذَكَرَ كَذَبَاتِهِ نَفْسِي نَفْسِي اذْهَبُوا إِلَى غَيْرِي اذْهَبُوا إِلَى مُوسَى فَيَأْتُونَ مُوسَى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَقُولُونَ يَا مُوسَى أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ فَضَّلَكَ اللَّهُ بِرِسَالَاتِهِ وَبِتَكْلِيمِهِ عَلَى النَّاسِ اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ أَلَا تَرَى إِلَى مَا نَحْنُ فِيهِ أَلَا تَرَى مَا قَدْ بَلَغَنَا فَيَقُولُ لَهُمْ مُوسَى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ وَإِنِّي قَتَلْتُ نَفْسًا لَمْ أُومَرْ بِقَتْلِهَا نَفْسِي نَفْسِي اذْهَبُوا إِلَى عِيسَى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَأْتُونَ عِيسَى فَيَقُولُونَ يَا عِيسَى أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ وَكَلَّمْتَ النَّاسَ فِي الْمَهْدِ وَكَلِمَةٌ مِنْهُ أَلْقَاهَا إِلَى مَرْيَمَ وَرُوحٌ مِنْهُ فَاشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ أَلَا تَرَى مَا نَحْنُ فِيهِ أَلَا تَرَى مَا قَدْ بَلَغَنَا فَيَقُولُ لَهُمْ عِيسَى صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ إِنَّ رَبِّي قَدْ غَضِبَ الْيَوْمَ غَضَبًا لَمْ يَغْضَبْ قَبْلَهُ مِثْلَهُ وَلَنْ يَغْضَبَ بَعْدَهُ مِثْلَهُ وَلَمْ يَذْكُرْ لَهُ ذَنْبًا نَفْسِي نَفْسِي اذْهَبُوا إِلَى غَيْرِي اذْهَبُوا إِلَى مُحَمَّدٍ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَيَأْتُونِّي فَيَقُولُونَ يَا مُحَمَّدُ أَنْتَ رَسُولُ اللَّهِ وَخَاتَمُ الْأَنْبِيَاءِ وَغَفَرَ اللَّهُ لَكَ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِكَ وَمَا تَأَخَّرَ اشْفَعْ لَنَا إِلَى رَبِّكَ أَلَا تَرَى مَا نَحْنُ فِيهِ أَلَا تَرَى مَا قَدْ بَلَغَنَا فَأَنْطَلِقُ فَآتِي تَحْتَ الْعَرْشِ فَأَقَعُ سَاجِدًا لِرَبِّي ثُمَّ يَفْتَحُ اللَّهُ عَلَيَّ وَيُلْهِمُنِي مِنْ مَحَامِدِهِ وَحُسْنِ الثَّنَاءِ عَلَيْهِ شَيْئًا لَمْ يَفْتَحْهُ لِأَحَدٍ قَبْلِي ثُمَّ يُقَالُ يَا مُحَمَّدُ ارْفَعْ رَأْسَكَ سَلْ تُعْطَهْ اشْفَعْ تُشَفَّعْ فَأَرْفَعُ رَأْسِي فَأَقُولُ يَا رَبِّ أُمَّتِي أُمَّتِي فَيُقَالُ يَا مُحَمَّدُ أَدْخِلْ الْجَنَّةَ مِنْ أُمَّتِكَ مَنْ لَا حِسَابَ عَلَيْهِ مِنْ الْبَابِ الْأَيْمَنِ مِنْ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ وَهُمْ شُرَكَاءُ النَّاسِ فِيمَا سِوَى ذَلِكَ مِنْ الْأَبْوَابِ وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ إِنَّ مَا بَيْنَ الْمِصْرَاعَيْنِ مِنْ مَصَارِيعِ الْجَنَّةِ لَكَمَا بَيْنَ مَكَّةَ وَهَجَرٍ أَوْ كَمَا بَيْنَ مَكَّةَ وَبُصْرَى)[٣٤٠]. واته: من سەروەری خەڵكیم لە ڕۆژی قیامەتدا، دەزانن ئەوەش لەبەر چییە؟ خوای گەورە پێشینان و پاشینان هەر هەموویان لە گۆڕەپانێكدا كۆدەكاتەوە كە بانگكەر دەنگی دەیانگاتێ و چاو دەیانبینێ، وە خۆر نزیك دەكەوێتەوەو خەڵك دەكەونەخەم و پەژارەو تەنگانەیەكی واوە لە وزەو توانایاندا نییەو نایتوانن، بۆیە لە ناو خۆیاندا دەڵێن: سەیری خۆتان ناكەن چیتان بەسەر هاتووە، حاڵتان چەند شڕو شلۆقە، ئایا یەكێك نادۆزنەوە كە تكاتان بۆ بكات لای پەروەردگارتان، تاكو لەم تەنگانەیە رزگارتان بكات؟

جا هەندێك لە خەڵكی بە هەندێكی تریان دەڵێن: بچنە لای ئادەم، جا دەچنە خزمەتی و دەڵێن: ئەی ئادەم تۆ باوكی بەرەی ئادەمیزادی ، خوا بەدەستی خۆی دروستیكردووی و لە گیانی خۆی

[٣٤٠]- أخرجه البخاري: (٤٧١٢)، ومسلم: (١٩٤) وللفظ له.

فووی بەبەردا کردووی، وە فەرمانی بە مەلائیکەکانی کردووە کڕنوشیان بۆ برووی، دەی بفەرموو لەلای پەروەردگارت تکامان بۆ بکە؟ ئایا نابینی لە چیداین و نابینی چیمان لێ بەسەر هاتووە توشی چی گۆبەندێك بووین؟!

ئادەم دەڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم ئەمڕۆ توڕەبونێك توڕە بووە هەرگیز پێشتر وا توڕە نەبووەو لە داهاتوشدا وا توڕە نابێتەوە، لە هەمان کاتدا هۆیەکی تریش هەیە ئەویش ئەوەیە درەختەکەی لێ قەدەغەکردم سەرپێچیم لێ کرد، هەر بۆ خۆم دەپاڕێمەوەو بەس: خۆم، خۆم، بچنە لای یەکێکی دیکە، بچنە لای نوح.

ئینجا دێنە لای نوح و دەڵێن: ئەی نوح! تۆ یەکەم پێغەمبەری رەوانەکراوی خوای بۆ سەر خەڵکی زەوی، وە خوا ناوی ناوی بەندەی سوپاسگوزار، لای پەروەردگارت تکامان بۆ بکە! خۆ خۆت دەبینی ئێمە لە چ حاڵێکی ناخۆش داین و چیمان لێ قەوماوە؟ ئەویش پێیان دەڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم ئەمڕۆ توڕەبونێك توڕە بووە هەرگیز پێشتر وا توڕە نەبووەو لە داهاتوشدا وا توڕە نابێتەوە، وە من نزاو پاڕانەوەیەکم هەبوو لە رابوردودا لە گەلەکەمم کرد، بڕۆن بۆ لای ئیبراهیم.

ئینجا دەڕۆن بۆ لای ئیبراهیم و دەڵێن: ئەی ئیبراهیم! تۆ پێغەمبەری خواو دۆست و خۆشەویستی ئەوی، کەواتە لای پەروەردگارت تکامان بۆ بکە! ئایا نابینی لە چ حاڵێکداین؟ ئایا نابینی چیمان لێ هاتووە؟ ئیبراهیمیش پێیان دەڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم ئەمڕۆ توڕەبونێك توڕە بووە هەرگیز پێشتر وا توڕە نەبووەو لە داهاتوشدا وا توڕە نابێتەوە، ئینجا باسی سێ درۆکانی خۆی کرد [٣٤١]، گوتی: هەر خۆم هەر خۆم! بچنە لای یەکێکی دیکە، بچنە لای موسا.

ئینجا دەچنە خزمەت موساو دەڵێن: ئەی موسا ! تۆ پێغەمبەری خوای، خوا بەهۆی پەیام و قسە لەگەڵ کردنتدا بەسەر خەڵکیدا هەڵی بژاردووی! بۆیە لای خوا تکامان بۆ بکە، ئایا نابینی لە چ

[٣٤١] - شایەنی باسە ئەم سێ درۆیە لە رواڵەتدا درۆ بوون ئەویش ئەمانەن:

١ – ئەوە بوو کە گوتی من نەخۆشم تاکو نەچێتە دەرەوەو بتەکان بشکێنێ .

٢ – کە گوتی بتە گەورەکەیان شکاندونی.

٣– کە سارای خێزانی بە خوشکی ناو برد تا دەربازی بکات لە پاشای میصر.

حاڵێکداین؟ ئایا نابینی چیمان لێ قەوماوە؟ موساش پێیان دەڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم ئەمڕۆ توڕەبونێك توڕە بووە هەرگیز پێشتر وا توڕە نەبووەو لە داهاتوشدا وا توڕە نابێتەوە، وە من کەسێکم کوشتکە فەرمانم پێ نەکرابوو بیکوژم، هەر خۆم هەر خۆم! بڕۆن بۆ لای عیسا.

ئینجا دەچنە لای عیساو دەڵێن: ئەی عیسا ! تۆ پێغەمبەری خوای، لە بێشکەدا قسەت لەگەڵ خەڵك کردووە، تۆ وشەی خوای گیانێکی لە خواوە بۆ مەریەمی نارد، جا تکامان بۆ بکە لەلای پەروەردگارت، نابینی لە چ حاڵێکداین؟ ئایا نابینی چیمان لێ هاتووە؟ عیساش پێیان دەڵێ: بەڕاستی پەروەردگارم ئەمڕۆ توڕەبونێك توڕە بووە هەرگیز پێشتر وا توڕە نەبووەو لە داهاتوشدا وا توڕە نابێتەوە، بەڵام باسی هیچ گوناهێکی نەکرد، هەر خۆم هەر خۆم! بچنە لای یەکێکی دیکە، بچنە لای موحەممەد. ئینجا دێنە لای خۆم و دەڵێن: ئەی موحەممەد! تۆ ڕەوانەکراوی خواو کۆتایی پێغەمبەرانی وە خوا لە گوناهی سەرەتاو کۆتایشت خۆش بووە، جا تکامان بۆ بکە لەلای پەروەردگارت،ئایا سەرنج لەچی داین؟ ئایا سەرنج نادەی چیمان لێ هاتوە؟

منیش دەڕۆم بۆ ژێر عەرش و سەجدەیەك بۆ خوا دەبەم و پاشان خوا دەروونم ڕۆشن دەکاتەوەو لە ستایش کردن و چاك پیاهەڵاگوتنی خۆی شتی وام فێر دەکات کە پێش من فێری کەسی تری نەکردووە.

ئینجا دەگوترێ: ئەی موحەممەد! سەرت بەرزکەرەوە، داوا بکە دەتدرێتێ، تکا بکە تکات وەردەگیرێت،! منیش سەرم بەرزدەکەمەوەو دەڵێم: پەروەردگارم ئومەتەکەم ئومەتەکەم!

دەگوترێ: ئەی موحەممەد! سەرجەم ئەوانەی کە لێپرسینەوەیان لەسەر نییەلە ئومەتت بیانخە بەهەشتەوە لە دەرگای ڕاست لە دەرگاکانی بەهەشت، وە لە دەرگاکانی تریشدا خەڵکی تری بەشدارن. جا سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە نێوان هەرکام لە دوو لاشیپانەکانی دەرگاکانی بەهەشت هێندەی مەککەو هەجەر(هَجَـر)، یان نێوانی مەککەو بوصرا(بُصْرَى) دەبێت[٣٤٢].

[٣٤٢]- شایەنی باسە (هجر) شارێکە لە یەمەن و (بصری)ش شارێکە لە شام.

جۆری دووهەم و سێهەم: بۆ ئەو کەسانەیە کە چاکە و خراپەیان یەکسانە، تا بچنە بەهەشت، وە بۆ ئەوانەش کە فەرمانکراوە ببرێنە دۆزەخ، تاکو نەچنە ناویەوە.

جۆری چوارەم: بۆ بەرزکردنەوەی پلەو پایەی ئەو موسڵمانانەیە کە لە بەهەشتدان.

جۆری پێنجەم: بۆ ئەو خەڵکانەیە بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە، بە بەڵگەی فەرمودەکەی عوکاشەی کوڕی میحصەن ڕەزای خوای لێ بێ کە پێغەمبەری خوا نزای بۆ کرد بچێتە ریزی ئەو حەفتا هەزار کەسەوە کە بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (يَدْخُلُ مِنْ أُمَّتِي زُمْرَةٌ هُمْ سَبْعُونَ أَلْفًا تُضِيءُ وُجُوهُهُمْ إِضَاءَةَ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ). واتە: کۆمەڵێك لە ئومەتی من بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت ژمارەیان حەفتا هەزار کەسە روخساریان وەك مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە، ئەبو هورەیرە وتی: عوکاشەی کوڕی میحصەن هەستاو گوتی: ئەی پێغەمبەری خوا ! نزام بۆ بکە یەکێك بم لەوانە، فەرمووی: (اللَّهُمَّ اجْعَلْهُ مِنْهُمْ)[٣٤٣]. واتە: خوایە بیکەی بە یەکێك لەوانە.

جۆری شەشەم: بۆ سووك کردنی سزای ئەو کافرانەیە کە شایەنی سزان، وەك ئەو شەفاعەتەکەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم بۆ ئەبو تالبی مامی کە سزای لەسەر سووك بوو[٣٤٤].

جۆری حەوتەم: بۆ کردنەوەی دەرگای بەهەشتە:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم یەکەم کەسە کە دەرگای بەهەشتی بۆ دەکرێتەوە. وە ئومەتەکەشی لە پێش نەتەوەکانی ترەوە دەچنە بەهەشتەوە.

ئەنەسی کوڕی مالیك ڕەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (آتِي بَابَ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَسْتَفْتِحُ فَيَقُولُ الْخَازِنُ مَنْ أَنْتَ فَأَقُولُ مُحَمَّدٌ

[٣٤٣]- أخرجه البخاري: ٦٥٤٢ ومسلم: ٢١٦.

[٣٤٤]- أخرجه البخاري: ٣٨٨٣, ومسلم: ٢٠٩.

فَيَقُولُ بِكَ أُمِرْتُ لَا أَفْتَحُ لِأَحَدٍ قَبْلَكَ) [345] . واته: لە رۆژی قیامەتدا من دێم و دەرگای بەهەشت دەکەمەوە، دەرگاوانی بەهەشت دەڵێ: تۆ کێی؟ منیش دەڵێم: موحەممەدم، ئەویش دەڵێ: بۆ تۆ فەرمانم پێ کراوە ، لەپێش تۆ بۆ کەسی تری نەکەمەوە.

هەروەها فەرمویەتی: (أَنَا أَكْثَرُ الْأَنْبِيَاءِ تَبَعًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَنَا أَوَّلُ مَنْ يَقْرَعُ بَابَ الْجَنَّةِ) [346] . واته: من لە هەموو پێغەمبەرانی تر شوێن کەوتەم زیاترە لە رۆژی قیامەتدا، وە من یەکەم کەس دەدەم لە دەرگای بەهەشت.

جۆری هەشتەم: خاوەنی کتێبی (معارج القبول) دەڵێ: بۆ ئەو موسڵمانانەیە کە لەسەر دینی ئیسلام مردوون بەڵام خاوەنی گوناهی زۆرن، پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم شەفاعەتیان بۆ دەکات و لە دۆزەخ دەیانهێننە دەرەوەو دەخرێنە بەهەشتەوە. ئەم شەفاعەتەش حەقەو ئەهلی سوننەت و جەماعەت بڕوایان پێی هەیە، وەك چۆن هاوەڵان و شوێن کەوتوانی ئەوانیش بڕوایان پێی هەبووە.

ئەوانەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم شەفاعەتیان بۆ دەکات:

جابر رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمووی: هەر کەسێك گوێی لە بانگ بوو دوای ئەوەی بانگدەر لە بانگ بوویەوە ئەم دوعایە بخوێنێت: (اللَّهُمَّ رَبَّ هَذِهِ الدَّعْوَةِ التَّامَّةِ وَالصَّلاَةِ الْقَائِمَةِ آتِ مُحَمَّدًا الْوَسِيلَةَ وَالْفَضِيلَةَ وَابْعَثْهُ مَقَامًا مَحْمُودًا الَّذِي وَعَدْتَهُ) [347] . شەفاعەتی بۆ دەکەم لە قیامەتدا.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم ! کێ بەختەوەرترین کەسە لە قیامەتدا بە شەفاعەتی تۆ؟ ئەویش فەرمووی: (أَسْعَدُ النَّاسِ بِشَفَاعَتِي يَوْمَ الْقِيَامَةِ مَنْ قَالَ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ خَالِصًا مِنْ قَلْبِهِ) [348] . واته: بەختەوەرترین کەس لە

---

[345] - أخرجه مسلم: ١٩٧.

[346] - أخرجه مسلم عن أنس: ١٩٦, صحيح الجامع: ١٤٥٧.

[347] - أخرجه البخاري في الآذان: (٦١٤). ومسلم: (٣٨٣) تحفة ٣٠٤٦.

[348] - أخرجه البخاري في كتاب العلم: (٩٩).

قیامەتدا بە شەفاعەتی من ئەو کەسەیە کە بـە هـەموو دڵێکـەوە بڵـێ: هـیچ کـەس شـایەنی پەرستن نی یەجگە لـە خودا.

شەهید تکا دەکات بۆ حەفتا کەس لـە بنەماڵەکەی:

ئەبو دەرداء رەزای خوای لـێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیـه وسـلم فەرمویـەتی: (يُشَفَّعُ الشَّهِيدُ فِي سَبْعِينَ مِنْ أَهْلِ بَيْتِهِ)[٣٤٩].

شەفاعەتی ئیمانداران:

(عبدالله کوڕی أَبِي الْجَدْعَاءِ) رەزای خوای لـێ بێ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسلم فەرمویەتی: (لَيَدْخُلَنَّ الْجَنَّةَ بِشَفَاعَةِ رَجُلٍ مِنْ أُمَّتِي أَكْثَرُ مِنْ بَنِي تَمِيمٍ). واتە: بـە شـەفاعەتی پیاوێك لـە ئومەتی من ئەوەندە خەڵك دەبرێنە بەهەشتەوە ژماریان لـە هـۆزی تـەمیم زۆرتـر بێـت، وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! بەبێ شەفاعەتی تۆ؟ فەرمووی: (سِوَايَ). بەبێ شەفاعەتی من. وتم تۆ بەگوێی خۆت بیستت لـە پێغەمبەری خوا؟ وتی: بەڵێ بەگوێی خۆم بیستم[٣٥٠].

شەفاعەتی قورئان بۆ خاوەنەکەی:

ئەبو ئومامـە رەزای خـوای لـێ بـێ وتـی: بیـستم لـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم دەیفەرموو: (اقْرَؤُوا القُرْآنَ؛ فَإِنَّهُ يَأتِي يَوْمَ القِيَامَةِ شَفِيعاً لأَصْحَابِهِ)[٣٥١]. قورئان زۆر بخوێنن، چونکە لـە قیامەتدا شفاعەت ئەکات بۆ خاوەنەکەی.

عبدالله کوڕی عەمری کوڕی عاص رەزای خوایان لێ بێ گێڕاویەتیـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (يُقَالُ لِصَاحِبِ الْقُرْآنِ: اقْرَأْ وَارْتَقِ وَرَتِّلْ كَمَا كُنْتَ تُرَتِّلُ فِي الدُّنْيَا، فَـإِنَّ مَنْزِلَتَـكَ عِنْدَ آخِرِ آيةٍ تَقْرَؤُهَا)[٣٥٢]. واتە: لەبەهەشتدا بە قورئـان خـوێن دەوترێـت بخوێنـە هـەروەك چـۆن لـەدنیادا بەتەرتیل و بەڕەوانی دەتخوێند چونکە پلەو مەنزڵت دوا ئایەت دیاریی دەکات کە دەیخوێنی.

---

[٣٤٩]- صحيح سنن أبي داود: (٢٥٢٣) .

[٣٥٠]- أخرجه ابن ماجة, صحيح سنن ابن ماجة: ٣٤٨٤.

[٣٥١]- أخرجه مسلم ١٩٧/٢ (٨٠٤) (٢٥٢) .

[٣٥٢]- أخرجه أبو داود (١٤٦٤) ، والترمذي (٢٩١٤) وقال : (حديث حسن صحيح).

شەفاعەتی کردەوە چاکەکان:

عبدللە کوڕی عەمری کوڕی عاص ڕەزای خوایان لێ بێ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (الصِّيَامُ وَالْقُرْآنُ يَشْفَعَانِ لِلْعَبْدِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ يَقُولُ الصِّيَامُ أَيْ رَبِّ مَنَعْتُهُ الطَّعَامَ وَالشَّهَوَاتِ بِالنَّهَارِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ وَيَقُولُ الْقُرْآنُ مَنَعْتُهُ النَّوْمَ بِاللَّيْلِ فَشَفِّعْنِي فِيهِ قَالَ فَيُشَفَّعَانِ)[٣٥٣] . واتە: لە قیامەتدا ڕۆژوو قورئان شەفاعەت دەکەن بۆ بەندە، ڕۆژوو دەڵێ: پەروەردگار ڕێگریم لێکردووە لە خواردن و خواردنەوە و ئارەزووەکانی لە ڕۆژدا، ڕێگەم بدە با شەفاعەتی بۆ بکەم، قورئانیش دەڵێ: بەشەو نەدەخەوت قورئانی دەخوێند ڕێگەم بدە ئەی پەروەردگار با شەفاعەتی بۆ بکەم، ئیتر ئەو کاتە هەردووکیان شەفاعەتی بۆ دەکەن.

موسڵمان تکاو شەفاعەت ناکات بۆ کافران:

خوای گەورە دەفەرموێت: M ! " # $ % L المدثر: ٤٨. واتە: تکای تکاکاران سوودیان پێ ناگەیەنێت.

هەروەها دەفەرموێت: M 1 2 3 4 5 6 7 8 : ; < = > ? @ A L غافر: ١٨. واتە: هیچ دڵسۆزو پشتیوانێك بۆ ستەمکاران نییە، کەس تکاکارو غەم خۆریان نییە، تا قسەیەکی ڕەواجی هەبێت و تکای لێ وەربگیرێت.

ئایا کەس بەکردەوەی خۆی دەچێتە بەهەشتەوە؟

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (قَارِبُوا وَسَدِّدُوا وَاعْلَمُوا أَنَّهُ لَنْ يَنْجُوَ أَحَدٌ مِنْكُمْ بِعَمَلِهِ قَالُوا يَا رَسُولَ اللَّهِ وَلَا أَنْتَ قَالَ وَلَا أَنَا إِلَّا أَنْ يَتَغَمَّدَنِيَ اللَّهُ بِرَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ)[٣٥٤]. واتە: (نزیك ببنەوە لە ڕاستی و داوای ڕاستی بکەن وە بزانن هیچ کەسێ لەئێوە بە کردەوەی خۆی ناچێتە بەهەشتەوە). وتیان تۆش ئەی پێغەمبەری خوا ! فەرمووی: (بەڵێ: منیش مەگەر بە فەزڵ و بەزەیی خۆی بمخاتە بەهەشتەوە).

---

[٣٥٣] - أخرجه أحمد: ٦٣٣٧, وصححه الألباني في (صحيح الترغيب والترهيب): ١٤٢٩.

[٣٥٤] - أخرجه البخاري ٦٤٦٧ ومسلم: ٢٨١٨.

لێپرسینەوە و سزاو پاداشت

مەبەست لــە لێپرســینەوە بریتیــە لــە هەڵــسەنگاندن و هــاوکێش کردنــی نێــوان کــارو کــردەوە چاکەکانی ئادەمیزاد و کارە دزێو و خراپەکانی، بۆ ئەوەی پاداشــتی شایــستەی کــارە چــاکەکانی بدرێتەوەو سزای سەرپێچی و کارە خراپەکانیشی لیێ وەربگیرێتەوە.

لێرسینەوە هەیە ئاسانە، هەیە قورسە، هەیە بۆ رێز لێنانە، هەیشە بــۆ سەرزەنــشت و گلــەیی و گازندەیە، هەیە بۆ چاوپۆشی و چاکە لەگەڵ کردنە.

دیمەنی لێرسینەوە:

دیمەنی لێرسینەوە دیمەنێکی گەورە سامناکە وەك خوای گەورە دەفــەرموێت: M 9 : ; < = > ? @ A B C D E F G H L الزمر: ٦٩. واتە: زەوی بــە نوری پــەروەردگار رونــاك بۆوە،کارنامــەکان هاتنــە گــۆرێ و درانــەوە، پێغەمبــەران و گــەواهی دەرانیشیان هێنا تا لێرســینەوەیان لەگەڵــدا بکــەن و نێوانیــان بەحــەق یــەکلایی بکرێتــەوە، هــیچ کەسێك زوڵـم و ستەمی لیێ ناکریێ.

هەروەها دەفــەرموێت: M : ; < = > ? @ A B D E F G H I J K M N O P L الأنبیــاء: ٤٧. واتە: وە تەرازووەکانی عەدالــەت و دادگــەری دادەنێین لە رۆژی قیامەتدا، هیچ کەسێك کــەمترین زوڵــم و ســتەمی لــیێ ناکرێــت، ئەگــەر بــە ئەندازەی قورسایی دەنکە خەرتەلەیەکیش بێت هەر دەیهێنین و ئامادەی دەکەین(چــاکە بێــت یــان خراپە)، وە ئێمە بەسین بۆ سەرژمێری (گوناهو چاکەکان)و لێپرسینەوە .

تاوانباران لەو رۆژەدا تاوانباران کۆت و زنجیر دەکرێن: M { ~ يَوْمَئِذٍ مُّقَرَّنِينَ فِي ٱلْأَصْفَادِ ﴿٤٩﴾ سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٍ وَتَغْشَىٰ © ٱلنَّارُ ﴿٥٠﴾ لِيَجْزِيَ ٱللَّهُ كُلَّ نَفْسٍ مَّا كَسَبَتْ ´ µ ¶ ¸ ﴿٥١﴾ L إبراهیم: ٤٨ – ٥١. واتە: لەو رۆژەدا تاوانباران دەبینیت کۆت و زننجیر کراوەتــە دەســت و پــیێ وگەردنیان و بەیەکەوە بەستراون، کراسەکانیان لە قەترانە(کە ماددەیەکی رەشی بــۆن ناخۆشــەو بەخێرایش دەسوتێت)و بڵێــسەی ئــاگریش روخــساریانی داپۆشــیوە،ئەم رۆژە بــۆ ئەوەیــە هــەموو کەسێك پاداشتی کردەوەکانی وەرگرێتەوە.

وەستان لـەبەردەم خواى گەورەدا:

عەدى كورِى حاتيم رەزاى خواى لىَ بىَ گيَراويەتيەوە كە پيَغەمبەرى خوا صلى الله عليه وسـلم فەرمويـەتى: (مَا مِنْكُمْ مِنْ أَحَدٍ إلاَّ سَيُكَلِّمُهُ رَبُّهُ لَيْسَ بَينَهُ وَبَيْنَهُ تَرْجُمَانٌ ، فَيَنْظُرُ أَيْمَنَ مِنْهُ فَلاَ يَـرَى إلاَّ مَا قَدَّمَ، وَيَنْظُرُ أَشْأَمَ مِنْهُ فَلاَ يرى إلاَّ مَا قَدَّمَ، وَيَنظُرُ بَيْنَ يَدَيهِ فَلاَ يَرَى إلاَّ النَّار تِلقَـاءَ وَجْهِـهِ، فَاتَّقُوا النَّارَ وَلَو بِشِقِّ تَمْرَةٍ، فَمَنْ لَمْ يَجِدْ فَبِكَلِمَةٍ طَيِّبَةٍ)[٣٥٥]. واتە: پيَغەمبەرى خـوا صـلى الله عليـە وسلـم دەفەرمويَت: (هەر كەسيَك لـە ئيَوە خواى گەورە بەبىَ تـەرجومان گفـت و گـۆى لـەگـەلَ دەكات (بيَگومان هەموو بەندەيەكى ئيماندار)، جائەو كاتە تەماشاى لاى راسـتى دەكـات ئـەوەى لـەپيَش خۆيەوە رەوانەى كردووە هـەر ئـەوە دەبينيَتـەوە، تەماشـاى لاى چـەپى دەكـات ئـەوەى لـەپيَش خۆيەوە رەوانەى كردووە هەر ئەوە دەبينيَت، تەماشـاى بـەردەمى خـۆى دەكـات دۆزەخ دەبينىَ روو بەرِووى راوەستاوە، كەواتە خۆتان بپاريَزن لـەئاگرى دۆزەخ بابە لـەتـە خورمايـەكيش بىَ ، ئەگە هەر هيچ نەبوو ئەوا بە قسەيەكى باش بەگفتيَكى شيرين خۆتان رزگار بكەن.

ئيبن عومەر رەزاى خوايان لىَ بىَ فەرمووى: بيستم لـە پيَغەمبەرى خوا صـلى الله عليـە وسـلم دەيفەرموو: (إنَّ اللَّهَ يُدْني الْمُؤْمِنَ فَيَضَعُ عَلَيْهِ كَنَفَهُ وَيَسْتُرُهُ فَيَقُولُ أَتَعْرِفُ ذَنْبَ كَذَا أَتَعْرِفُ ذَنْـبَ كَذَا فَيَقُولُ نَعَمْ أَيْ رَبِّ حَتَّى إِذَا قَرَّرَهُ بِذُنُوبِهِ وَرَأَى فِي نَفْسِهِ أَنَّهُ هَلَكَ قَالَ سَتَرْتُهَا عَلَيْكَ فِي الدُّنْيَا وَأَنَا أَغْفِرُهَا لَكَ الْيَوْمَ فَيُعْطَى كِتَابَ حَسَنَاتِهِ وَأَمَّا الْكَافِرُ وَالْمُنَافِقُونَ فَيَقُولُ الْأَشْهَادُ: Mهَـٰٓؤُلَآءِ ٱلَّذِينَ كَذَبُواْ عَلَىٰ رَبِّهِمْۚ أَلَا لَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّـٰلِمِينَ ﴿١٨﴾ L هـود: ١٨ [٣٥٦]. واتـە: لــە رۆژى قيامــەت ئيمانـدار ئەوەندە لـە خودا نزيك دەبيَتەوە تا خوا بەرەحمەتى خۆى پـەناى دەداو، جـا خـواى گـەورە يەكـە يەكە گوناهەكانى دەخاتە بەرچاوى و ئەويش دان دەنىَ بەهەموو ئەو كردەوانەى كەكردوويـەتى، پيَى دەفەرمويَت: ئايا ئەم گوناهەت لـە بيرە؟ ئەويش هەموو جاريَك دەلَىَ: بـەلَىَ لــە يادمـە ئـەى پەروەردگار! خـوداش دەفـەرمويَت: هـەروەك لــە دنيـادا بـۆم پۆشـيويت، ئـەمرِۆش ئـەوا ليَـت خۆشبووم، ئينجا نامەى كردەوە چاكەكانى دەدريَتىَ، بەلاَم كافرو مونافيقەكان لـەبەرچاوى هەموو مەخلوقاتــدا پيَيــان دەوتريَــت: ئــا ئەوانــە ئــەو كەســانەن درۆيــان هەلَدەبەســت بــەدەم پەروەردگاريانەوە، بيَداربن نەفرينى خوا بۆ ستەمكارانە.

---

[٣٥٥] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري: ١٣٦/٢ (١٤١٧)، ومسلم ٨٦/٣ (١٠١٦).

[٣٥٦] - مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري في تفسير القرآن: ٤٦٥, ومسلم في التوبة: ٥٢.

یەکەمین کردەوە کە بەندە موحاسەبەی لەسەر دەکرێت نوێژە:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لیّ بیّ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمووی: (إنَّ أوَّلَ مَا يُحَاسَبُ بِهِ العَبْدُ يَوْمَ القِيَامَةِ مِنْ عَمَلِهِ صَلاَتُهُ، فَإنْ صَلَحَتْ، فَقَدْ أفْلَحَ وأنْجَحَ، وَإنْ فَسَدَتْ، فَقَدْ خَابَ وَخَسرَ، فَإنْ انْتَقَصَ مِنْ فَريضَتِهِ شَيْءٌ، قَالَ الرَّبُ عز وجل: انْظُرُوا هَلْ لِعَبدي مِن تطوّعٍ، فَيُكَمَّلُ مِنْهَا مَا انْتَقَصَ مِنَ الفَرِيضَةِ؟ ثُمَّ تَكُونُ سَائِرُ أعْمَالِهِ عَلَى هَذَا)[٣٥٧]. واتە: یەکەم شتێك بەندە موحاسەبەی لەسەر دەکرێت نوێژەکانیەتی لە قیامەتدا، جا ئەگەر تەواو بن و بە چاکی ئەنجامی دابن ئەوە سەرکەوتوو سەرفرازە، ئەگەر ناتەواویش بوون ئەوا دۆڕاو و پەشیمانە، ئەگەر نوێژە فەرزەکانی کەم وکورتی تێدا بیّ خوای گەورە دەفەرمووێ: تەماشاکەن ئەگەر نوێژی سوننەتی هەبیّ کەم وکورتیەکەی بۆ پڕ بکەنەوە، پاشان لەسەر کردەوەکانی تری لێپێچینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

جەریری کوڕی عبدالله بەجەلی رەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: شەویّ لە خزمەت پێغەمبەردا بووین، مانگی چواردە بوو، تەماشایەکی مانگی کردوو فەرمووی: (إنَّكُمْ سَتَرَونَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذَا القَمَرَ، لاَ تُضَامُونَ فِي رُؤْيَتِهِ، فَإنِ اسْتَطَعْتُمْ أنْ لاَ تُغْلَبُوا عَلَى صَلاَةٍ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْلَ غُرُوبِهَا، فَافْعَلُوا)[٣٥٨]. واتە: چۆن ئێستا ئەو مانگی چواردەیە بە ئاسانی دەبینن لە قیامەتدا ئاوا خوای خۆتان دەبینن و لە بینینیدا توشی هیچ زەحمەتیّ نابن، دەی بە ئومێدی شادبوون بەو بەهرە گەورەیە تا دەتوانن ئاگاداری نوێژی بەیانی و عەسر بن و مەیان فەوتێنن. پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: M Q R S T U V W X Y L ق: ٣٩.

یەکەم کەس موحاسەبەی دژایەتی و ناکۆکی لەگەڵدا دەکریّ:

پێشەوا عەلی کوڕی ئەبو تالیب رەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: یەکەم کەس لە حوزوری خوای گەورەدا موحاسەبەی دژایەتی و ناکۆکی لەگەڵدا دەکرێت منم .. چونکە یەکەم کەس بووە چۆتە مەیدانی موشریکەکانی قورەیش لە جەنگی بەدردا. ئەم ئایەتەش بەو بۆنەیەوە دابەزی: M n o p q r s t u v w x y z { | } ~ ٱلْحَمِيمُ ﴿١٩﴾ L الحج:١٩ [٣٥٩].

---

[٣٥٧] - أخرجه الترمذي (٤١٣) ، والنسائي ٢٣٢/١, صحيح الجامع : (٢٠٢٠).

[٣٥٨] - متفقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ١٤٥/١ (٥٥٤) ، ومسلم ١١٣/٢ (٦٣٣) (٢١١).

[٣٥٩] - سنن إبن ماجة: ٩٤٦/٢ برقم: ٢٨٣٥.

واتە: ئە مانە دوو کۆمەڵی دژ بەیەکن دەمەقاڵێ و کێشەیانە دەربارەی پەروەردگاریان، جا ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون لە قیامەتدا پۆشاکیان لە ئاگر بۆ دەبڕێت پڕ بەبەریان و بەسەریاندا دەڕژێنرێت ئاوی زۆر گەرم.

ئەو ڕێسایانەی لێرسینەوەی بەندەکانی لەسەر ئەنجام دەدرێت:

١- دادگەری تەواو و بێگەرد لە زوڵم و ستەم:

خوای گەورە دەفەرموێت: M وَٱتَّقُواْ يَوۡمٗا تُرۡجَعُونَ فِيهِ إِلَى ٱللَّهِۖ ثُمَّ تُوَفَّىٰ كُلُّ نَفۡسٖ مَّا كَسَبَتۡ وَهُمۡ لَا يُظۡلَمُونَ ﴿٢٨١﴾ L البقرة: ٢٨١. واتە: لە سزاو تۆڵەی ڕۆژێك بترسن کە تیایدا بۆ لای خوا دەگەڕێنەوە، لەوەودوا هەموو کەس پاداشتی کاروکردەوەی خۆی وەردەگرێت و زوڵم و ستەمیان لێ ناکرێت.

هەروەها دەفەرموێت: M F G H I J K L M N O P Q R S T U V L النساء: ٤٠. واتە: بەراستی خوا بەقەد قورسایی گەردیلەیەك زوڵم و ستەم ناکات.

M O P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ L النساء: ١٢٤. واتە: هەر کەسێك چ نێر بێ یان مێ خاوەنی ئیمانێکی ڕاست و دروست بێت، کردەوەی چاکە بکات و خۆی لە کردەوەی ناپەسەند و ناشیرین بپارێزێت، ئەوانە لە ڕۆژی قیامەتدا دەچنە بەهەشتەوەو ستەمیشیان لێناکرێ، ئەگەرچی بە ئەندازەی تاڵی ناوکی خورما یان خاڵی وردیلەی ناوکە خورمایەکیش بێت.

M W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c d L الزلزلة: ٧-٨. واتە: هەر کەسێك بەقەد قورسایی گەردیلەیەك کردەوەی چاك بکات بێگومان ئەو چاکەیەی خۆی دەبینێتەوەو پاداشتی لەسەر وەردەگرێت، هەر کەسێك بەقەد قورسایی گەردیلەیەك کردەوەی خراپە بکات لەو ڕۆژەدا ئەو کردەوە خراپەی خۆی دەبینێتەوەو پاداشتی لەسەر وەردەگرێت.

٢- هەموو کەسێك ئۆباڵی گوناهی خۆی لە ئەستۆی خۆیدایە:

خوای گەورە دەفەرموێت: M مَّنِ ٱهۡتَدَىٰ فَإِنَّمَا © لِنَفۡسِهِۦۖ وَمَن ضَلَّ فَإِنَّمَا يَضِلُّ عَلَيۡهَاۚ وَلَا ´ µ ¶ ¸ ۗ وَمَا كُنَّا مُعَذِّبِينَ حَتَّىٰ نَبۡعَثَ رَسُولٗا ﴿١٥﴾ L الإسراء: ١٥. واتە: هەر کەسێك ڕێنمونی وەرگرتبێت ئەوە بێگومان ڕێنمونییەکەی هەر بۆ خۆیەتی، وە هیچ کەسێکی گوناهکار گوناهی کەسێکی تر هەڵناگرێت،

ئێمە هەرگیز سزای (بەندەکان) نادەین هەتا پەیامبەر نەنێرین بۆیان.

هەروەها دەفەرموێت: Mوَلَا تَكۡسِبُ كُلُّ نَفۡسٍ إِلَّا عَلَيۡهَاۚ وَلَا تَزِرُ وَازِرَةٞ وِزۡرَ أُخۡرَىٰۚ ثُمَّ إِلَىٰ رَبِّكُم مَّرۡجِعُكُمۡ فَيُنَبِّئُكُم بِمَا كُنتُمۡ فِيهِ تَخۡتَلِفُونَ ﴿١٦٤﴾ L الأنعـام: ١٦٤. واته: هەر کەسێك هەر گونـاهو خراپەیـەك بکـات تـەنها لـەسـەر خۆیەتی، وە هیچ کەسێکی گوناهکار گوناهی کەسێکی تر هـەڵناگرێت، پاشـان گەڕانـەوەتان بـۆ لای پەروەردگارتانە، ئینجا هەواڵتان پێ دەداتبەوەی کە ئێوە تیایدا جیاواز بوون.

مرۆڤ جگە لـە گوناحەکانی خۆی گوناحی ئەو کەسـانەش هەڵـدەگرێت کـە بـە کـردار یـان بـە گوفتار گومڕای کردوون بێ ئەوەی لـە گوناهی گومڕاکراوەکانیش کەم ببێتەوە، بـە پێـچەوانەوە ئەوانەی هیدایەتی خەڵك دەدەن جگە لـە پاداشتی خۆیان بە ئەنـدازەی پاداشـتی شـوێنکەوتوانیش پاداش وەردەگرن.

خوای گەورە دەفەرموێت: Mوَلَيَحۡمِلُنَّ أَثۡقَالَهُمۡ وَأَثۡقَالٗا مَّعَ أَثۡقَالِهِمۡۖ ﴿١٣﴾ L العنکبوت: ١٣. واتـە: جگـە لـە گوناحی خۆیان گوناحی تریش هەڵدەگرن.

هەروەها دەفەرموێت: M لِيَحۡمِلُوٓاْ أَوۡزَارَهُمۡ كَامِلَةٗ يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ وَمِنۡ أَوۡزَارِ ´ µ ¶ ¸ أَلَا سَآءَ مَا يَزِرُونَ ﴿٢٥﴾ L النحل: ٢٥. واته: جگە لـە گوناحی خۆیان هەندێ گوناحی ئـەوانیش هەڵـدەگرن کە بەبێ زانست گومڕایان کردوون.

٣- نیشاندانەوەی کردەوەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: M P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c d L الزلزلـة: ٦ - ٨. واته: لـەو ڕۆژەدا کـە مـردووان زیندوو دەکرێنەوە، سەرجەم مردووان بەپەلـە لـە هەموو لایەکەوە ڕوودەکەنە گۆڕەپانی مەحـشەر تا هەرکەسە کردەوەی خۆی ببینێت و نامەی کردەوەکانی بدرێتە دەسـتی، هـەر کەسـێك بەقـەد قورسایی گەردیلـەیەك کردەوەی چاك بکات بێگومان ئەو چاکەیەی خـۆی دەبینێتـەوەو پاداشـتی لـەسەر وەردەگرێت، هەر کەسێك بەقەد قورسـایی گەردیلـەیـەك کـردەوەی خراپـە بکـات لـەو ڕۆژەدا ئەو کردەوە خراپەی خۆی دەبینێتەوەو پاداشتی لـەسەر وەردەگرێت.

هـەروەها دەفـەرموێت: M N O P Q R S T U V W X Y Z

[\ ] ^ _ ` a b c d e g h i j k L الكهـف: ٤٩. واتـه: نامـەی کردەوەکان دابەش دەکرێت، ئینجا تاوانباران دەبینی زۆر دەترسن و سـام دەیـانگرێ لـە تاوانـە نوسراوەکانیان و دەڵێن: ئای هاوار بۆ ئێمە ئەم نامەو دەفتەرە چی یە؟ هیچ کردەوەیـەکی بـچوك و گـەورەی بـەجێ نەهێـشتوەو تۆمـاری کـردووە، هـەر کردەوەیـەکیان کردبـێ ئامادەیـە و پەروەردگارت ستەم لەکەس ناکات.

M H I J K L M N O P L المائدة: ١٠٥. واته: سەرەنجامتان بۆ لای خوایە، لە رۆژی قیامەتدا هەموو کردەوەکانتان پێ دەڵێەوە، کە چیتان کردووە و چیتان نەکردووە.

٤- پاداشی چاکە چەند قاتە بەڵام خراپە وەك خۆی:

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: M إِن تُقْرِضُوا۟ ٱللَّهَ قَرْضًا حَسَنًا يُضَٰعِفْهُ لَكُمْ وَيَغْفِرْ لَكُمْ µ ¶ ¸ ﴿١٧﴾ L التغابن: ١٧. واته: ئەگەر ماڵێکی باش لە پێناوی خوا ببەخشن، خوا بە چـەندین جـار لـە خـۆی زیاتر پاداشتی دەداتەوە.

هـەروەها دەفـەرموێت: M ^ _ ` a b c e f g h i j k l m n o L الأنعام: ١٦٠. واته: هەر کەسێك چاکەیەك بکات دە ئەوەندەی چاکەکەی خـۆی پاداشـت وەردەگرێتەوە.

هەندێ جار ئەو چەندانە قات زیادەیە دەگاتە یەك بـە حـەوت سـەد و زیـاتر، وەك بەخـشین لـە پێناوی خوای گەورەدا: M M N O P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b d e f g L البقرة: ٢٦١. واته: وێنەی ئەو کەسانەی لە پێناوی خوا ماڵ دەبەخشن وەکو وێنەی دەنکە تۆوێکە حەوت گوڵ بگرێت، هـەر گوڵـەی سـەد دەنکۆڵـەی گرتبێت، بەڵکو خوا پاداشتی لەوەش پتر دەداتەوە، خوا زانایەو بەخششی فراوانە.

بەڵام لەسەر خراپە تەنها هێندەی خۆی سزا وەردەگرێ:

خوای گەورە دەفەرموێت: M e f g h i j k l m n o L الأنعام: ١٦٠. واتـە: ئەوەی خراپەیەك بکات تەنها سزای شایەنی خۆی وەردەگرێت بێ ئەوەی لێی زیاد بکرێت.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسـلـم دەفـەرموێت: (الْحَسَنَةُ بِعَشْرِ أَمْثَالِهَا أَوْ أَزِيـــدُ وَالـــسَّيِّئَةُ

بِوَاحِدَةٍ أَوْ أَغْفِرُ وَلَوْ لَقِيتَنِي بِقُرَابِ الْأَرْضِ خَطَايَا مَا لَمْ تُشْرِكْ بِي لَقِيتُكَ بِقُرَابِهَا مَغْفِرَةً)[٣٦٠]. واتـه: هەر چاکەیەك بە دە هێندە یان زیاتر پاداش دەدرێتەوە، بـەڵام خراپـە تـەنها هێنـدەی خـۆی سـزا وەردەگرێتەوە یان لێی خۆش دەبم، بەندە! ئەگەر بەپڕی زەوی گوناحم بۆ بـێنێ بـەڵام شـەریك و هاوبەشی بۆ دانەنابم، منیش بەپڕی زەوی لێی دەبوورم.

٥- خوای گەورە تاوانەکان دەگۆڕێ بەچاکە:

خوای گەورە دەفەرمویێت: O M L K J I H G F E D C B M Q P R S T U V W X Y Z [\ ] L الفرقـان: ٧٠ – ٧١. واتە: بێجگـە لـە کەسێك تەوبەی کردبێ و باوەڕی هێنابێ کارو کردەوەی چاکیشی کردبێـت ئـا ئەوانـە خـوا تاوانەکانیان بۆ دەگۆڕێ بەچاکە، وە خوا هەمیشە لێبووردەی بە بەزەییـە. وە هەرکـەس تەوبـەی کردو کردەوەی چاکی کرد ئەوە ئەو کەسە بەڕاستی دەگەڕێتەوە بۆ لای خوا، بە گەڕانەوەیـەکی تەواو.

٦- بێ بڕواو مونافیقەکان روو بەرووی شاهیدان دەکرێنەوە:

گەورەترین شایەت لـە رۆژی قیامەتـدا بەسـەر بەندەکانـەوە خـوای پـەروەردگار و بەدیهێنـەری بونەوەرانە، کە هیچ شتێك لای ئەو شاراوە نی یە:

خوای گەورە دەفەرمویێت: Mإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيۡءٍ شَهِيدًا ﴿٣٣﴾ L النساء: ٣٣. واتە: بەڕاسـتی خوا هەمیشە بەسەر هەموو شتێکدا ئاگادار و چاودێرە.

هەموو پێغەمبەرێك بەسەر نەتەوەیەکەیەوە دەبێت بە شایەت:

خـوای گـەورە دەفـەرمویێت: M W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c L النساء: ٤١. واتە: چۆنە ئەگەر لـە رۆژی قیامەتدا بۆ هەموو نەتەوەیەك شایەتێکمان هێناو، تۆشمـان کردە شایەت لـەسەر ئەوانەی نەتەوەکەت.

هـەروەها دەفـەرمویێت:M : ; < = > ? @ A B C D E k L

[٣٦٠]- رواه الحاكم: ٢٤١/٤ و وافقه الذهبي وحسنه الألباني في السلسلة الصحيحة: ١٢٨.

البقـرة: ١٤٣. واته: بەم جۆرە ئێوەمان کردۆتە گەلێکی میانەڕەو تا ببنە شایەت لـەسەر خـەڵکان و پێغەمبەریش ببێتە شایەت بەسەر ئێوەوە.

ئەو مەلائیکانەی کردەوەی بەندەکان دەنووسن دەبنە شایەت:

خوای گەورە دەفەرموێت: M V W X Y Z] \ L ق: ٢١. واته: لـەو رۆژەدا هـەموو کەسێك ئەو دوو مەلائیکەیەی لـەگەڵدا دێن کە لـە دنیادا بە نووسـینەوەی کردەوەکـان تـەرخان بوون.

یەکەمجار نەتەوەی پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موحاسەبە دەکرێ:

ئیبن عەباس رەزای خوایان لـێ بـێ گێڕاویەتیـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فەرمووی: (نَحْنُ آخِرُ الْأُمَمِ وَأَوَّلُ مَنْ يُحَاسَبُ..)[٣٦١] . واته: ئێمە کۆتا نەتەوەو گەلـەکانین، بـەڵام یەکەمجار ئێمە موحاسەبە دەکرێین.

لێپرسینەوەی بەندەی موسڵمان ئاسانە:

خوای گەورە دەفەرموێت: M J K L M N O P Q R S T U V W X Y L الانشقاق: ٧ – ٩. واته: ئەو کەسەی نامـەی کردەوەکـانی بدرێتـە دەسـتی راسـتی، ئـەوە لێپرسینەوەیەکی سوك و ئاسانی لـەگەڵدا دەکرێت، وە بە دڵخۆشیەوە دەگەڕێتەوە بۆ نـاو کـەس و کاری.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فـەرمووی: (لَيْسَ أَحَدٌ يُحَاسَبُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَّـا هَلَـكَ). واته: هەرکەسێك لـە قیامەتـدا لێپرسـینەوەوەی لـەگەڵـدا بکرێـت ئـەوە دەفـەوتێ و تیادەچـێت، عائیـشە وتـی: ئـەی پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم! ئـەی ئـەوە نیيـەخوای گـەورە دەفەرموێت: M P Q R S T L الانـشقاق: ٨. واته: ئەوەی نامەی کردەوەکـانی بدرێتـە دەستی راستی ئەوە لێپرسینەوەیەکی سوك و ئاسانی لـەگەڵدا دەکرێت، پێغەمبەری خوا صـلی الله علیه وسلم فەرمووی: (إِنَّمَا ذَلِكِ الْعَرْضُ وَلَيْسَ أَحَدٌ يُنَاقَشُ الْحِسَابَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ إِلَّا عُـذِّبَ)[٣٦٢].

---

[٣٦١] - صحيح سنن إبن ماجة: (٤٢٩٠), وأحمد في مسنده: ٢٨١/١.

[٣٦٢] - أخرجه البخاري: (٦٥٣٦) ومسلم: (٢٨٧٦).

واتە: ئەوە خستنەرووی کردەوەکانە ئەگینا هەر کەسێك وت و وێژو موحاسەبە بکرێت لە رۆژی قیامەتدا ئەوە سزا دەدرێت.

عومەری کوڕی خەتاب خوای لێ رازی بێ فەرمویەتی: لێ پرسینەوە لەگەڵ خۆتان بکەن پێش ئەوە خوای گەورە لێ پێچینەوەتان لەگەڵ بکات، کردەوەکانتان بکێشن پێش ئەوەی لە قیامەتدا بۆتان بکێشن، چونکە بۆتان ئاسان دەبێت سبەینێ لە قیامەتدا.

حەسەنی بەصری دەڵێ: ئەوانەی ئاسانترین لێ پرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لە رۆژی قیامەتدا، ئەو کەسانەن کە لێ پرسینەوەیان لەگەڵ خۆیان کردووە لە دنیادا [٣٦٣].

ئەو کاروکردەوانەی بەندەی لەسەر موحاسەبە دەکرێ:

١- بێ باوەڕی و هاوبەش بۆ خوا دانان:

خوای گەورە دەفەرمویت: M P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ L الشعراء:٩٢ – ٩٣. واتە: پێیان دەوترێ: کوا ئەو بەناو خوایانەی دەتانپەرستن؟ ئاخۆ دەتوانن کۆمەکیتان بکەن، یاخۆ دەتوانن کۆمەکی خۆیان بکەن.

هەروەها دەفەرمویت: M E F G H I J K L M L القصص: ٦٢. واتە: خوا بانگیان دەکات و دەفەرمویت: کوا ئەو هاوبەشانەی پێتان وابوو لەگەڵ مندا خوایەتی دەکەن.

٢- ئەو کردەوانەی لە دنیادا ئەنجامی داون:

خوای گەورە دەفەرمویت: M & ' ( ) * + , - L الحجر: ٩١ – ٩٣. واتە: سوێند بە پەروەردگارت لەگەڵ هەموویاندا لێپرسینەوە دەکەین، لەو کاروکردەوانەی کە دەیانکرد.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرمویت: (لا تَزُولُ قَدَمَا عَبْدٍ يَومَ القِيَامَةِ حَتَّى يُسْأَلَ عَنْ عُمُرِهِ فِيمَ أفنَاهُ ؟ وَعَنْ عِلمِهِ فِيمَ فَعَلَ فِيهِ ؟ وَعَنْ مَالِهِ مِنْ أيْنَ اكْتَسَبَهُ ؟ وَفيمَ أنْفَقَهُ ؟ وَعَنْ

---

[٣٦٣]- مواعظ لإبن الجوزي: ٩/١.

جِسمِهِ فِيمَ أبلاهُ)[٣٦٤]. واتە: بەندە لە ڕۆژی قیامەتدا ڕادەوەستێ و ناجولێـت تـا چـوار پرسـیاری لێدەکرێت: تەمەنەکەی لەچیدا بەسەر برد، چ کارێکی کرد بە زانـست و زانیاریەکـەی، مـاڵ و سامانەکەی چۆن پەیداکردو لە چیدا خەرجیکرد، جەستەی لەچیدا بەکارهێنا تا مردوو چووە ناو گۆڕ و رزی. ئایا تەمەنەکەی لە بەندایەتی و چاکەدا بەسـەربرد یـان لەشتی بێهـودەدا؟!. ئایـا زانست و زانیاریەکەی و ماڵ و سامانەکەی لە خزمەتکردنی خەڵکدا بەکارهێنا یان نا؟. ئایـا ئـەو جەستە جوانەی بۆ خواپەرستی و عیبادەت بەکارهێنا یان لە ڕێگەی تێرکردنی ئارەزووەکانیـدا بـە حەرامی بەکارهێنا؟.

٣- خۆشگوزەرانی:

خوای گەورە دەفەرموێت: M y z { | } ~ L التكـاثر: ٨. واتە: لە پاشان سوێند بە خوا لەو ڕۆژەدا پرسیاری هەموو بەهرەیەکتان لێ دەکرێ.

بێگومان بەهرەو بەخششی خوایی ئەوەندە زۆرن لە ژمارە نایە، هەر پەروەدگارە خاوەنی فـەزڵ و چاکەیە، ئەم مرۆڤەی کە هیچ نەبووە لـە نەبوونـەوە بـەدیهێناوە، ڕۆحـی کـردووە بـە بـەردا، لەسەر جوانترین شێوە جەستەی بەدیهێناوە، فێری گفتو گۆی کردووە، هەرچی لـە ئاسمانـەکان و زەویدایە بۆی ڕامکردوە تا سوودی لێ وەربگرێت، زەوی بۆ ڕاخستووە بچێت بەسـەریا، ئاسمـانی بۆ کردووە بە سەقف، تیشکی خۆر ڕووناکی و گەرمی دەداتێ، ئەسـتێرەکانی بـۆ ڕازاندوەتـەوەو ڕێگای پێ دەدۆزێتەوە لە شەوا، ئاوی ڕووبارو دەریاکان بۆ خواردنەوەو رزق و ڕۆزی، بارانی بۆ دەبارێنێ تا زەوی شین و پاراو کات، ئەو هەموو نازو نیعمەتانەی پێبەخشیوە، مەگەر هەر خوا بـۆ خۆی بزانێت ژمارەیان چەندە؟!: M ' ( ) * + , L إبراهيم: ٣٤.

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ: بەهرەو بەخشش تەنانـەت خـواردنی هـەنگوینیش دەگرێتـەوە. حەسەنی بەصری دەڵێ: خواردنی ئێواران و بەیانیان لە ڕیـزی بـەهرەو بەخشـشدایە. دەگێڕنـەوە ئیبن عەباس وتویەتی: بەهرەو بەخشش جەستەو گوێ و چاو ساغیە [٣٦٥].

---

[٣٦٤]- أخرجه الترمذي: (٢٤١٧), صحيح سنن الترمذي: (١٩٧٠), وأنظر الصحيحة: (٩٤٦).

[٣٦٥]- تفسير ابن كثير ٧/٣٦٤ .

مەبەست لە لێپرسینەوەی بەهرەو بەخشش ئەوەیە کە داخۆ سوپاسی خوای لەسەر کردووە یان نا، ئەگەر سوپاسی خوای کردبوو ئەوە ئەرکی خۆی بەجێهێناوە، خۆ ئەگەر نەیشی کردبوو ئەوا خوای گەورە لێی تورە دەبێ و موحاسەبەی دەکات.

ئەنەس رەزای خوای لێ بێ گێراویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (إنَّ اللهَ لَيَرْضَى عَنِ العَبْدِ أنْ يَأْكُلَ الأَكْلَةَ، فَيَحمَدَهُ عَلَيْهَا، أَوْ يَشْرَبَ الشَّرْبَةَ، فَيَحْمَدَهُ عَلَيْهَا)[٣٦٦]. واتە: خوا لەو بەندەیە رازیەو لێی خۆش دەبێ ئەگەر نان بخوات سوپاسی خوا بکات، ئەگەر ئاو بخواتەوە سوپاسی خوا بکات.

هەروەها دەفەرموێت: (نِعْمَتَانِ مَغبونٌ فيهما كَثيرٌ مِنَ النَّاسِ: الصِّحَّةُ، وَالفَرَاغُ)[٣٦٧]. واتە: دوو بەهرە و بەخشش هەن خەڵك لێیان کەمتەرخەمە و سوپاسگوزاری ناکەن و ئەرکەکانی بەجێ ناگەیەنن: ئەو دوانەش لەش ساغی و دەستبەتاڵیە.

٤- بەڵێن و پەیمان:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَأَوۡفُواْ بِٱلۡعَهۡدِۖ إِنَّ ٱلۡعَهۡدَ كَانَ مَسۡـُٔولٗا ٣٤﴾ الإسراء: ٣٤. واتە: پەیمانەکانتان بەجێ بێنن چونکە خوا لە بەڵێن و پەیمانتان دەپرسێتەوە.

هەروەها دەفەرموێت: ﴿وَلَقَدۡ كَانُواْ عَٰهَدُواْ ٱللَّهَ مِن قَبۡلُ لَا يُوَلُّونَ ٱلۡأَدۡبَٰرَۚ وَكَانَ عَهۡدُ ٱللَّهِ مَسۡـُٔولٗا ١٥﴾ الأحزاب: ١٥. واتە: لە پێشتر بەڵێنتاندا ئەمجارە روو لە جیهاد وەرنەگێڕن و بەشداری بکەن ئاگاداربن خوا لە پەیمان دەپرسێتەوە.

٥- گوێچکەو چاو و دڵ:

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وَلَا تَقۡفُ مَا لَيۡسَ لَكَ بِهِۦ عِلۡمٌۚ إِنَّ ٱلسَّمۡعَ وَٱلۡبَصَرَ وَٱلۡفُؤَادَ كُلُّ أُوْلَٰٓئِكَ كَانَ عَنۡهُ مَسۡـُٔولٗا ٣٦﴾ الإسراء: ٣٦. مەکەوە شوێن شتێکی وا کە نازانی چیەو چۆنە، چونکە گوێچکەو چاو و دڵیش گشتیان پرسیاریان لەسەرە.

[٣٦٦]- أخرجه مسلم : ٨٧/٨ (٢٧٣٤) .

[٣٦٧]- أخرجه البخاري: ١٠٩/٨ (٦٤١٢) .

قەتادە دەڵێ: کە نەتدیوە مەڵێ دیومە، گوێت لێ نەبووە مەڵێ بیستومە، کە نەتزانیوە مەڵێ زانیومە، چونکە لەسەر هەموو ئەوانە خوای گەورە لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکات.. [٣٦٨].

دابەشکردنی نامەو لیستی کردەوەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: M N O P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c d e f g h i j k L الکهف: ٤٩. واتە: نامەی کردەوەکان دابەش دەکرێت، ئینجا تاوانباران دەبینی زۆر دەترسن و سام دەیانگرێ لە تاوانە نوسراوەکانیان و دەڵێن: ئای هاوار بۆ ئێمە ئەم نامەو دەفتەرە چیە؟ هیچ کردەوەیەکی بچوك و گەورەی بەجێ نەهێشتوەو تۆماری کردووە، هەر کردەوەیەکیان کردبێ ئامادەیە و پەروەردگارت ستەم لەکەس ناکات.

هەروەها دەفەرموێت: M µ ¶ عَلَيْكُم بِٱلْحَقِّۚ إِنَّا كُنَّا نَسْتَنسِخُ مَا كُنتُمْ تَعْمَلُونَ ﴿٢٩﴾ L الجاثیة: ٢٩. واتە: ئەوە کارنامەکەی ئێمەیە کە بۆ تۆمارکردنی سەرجەم کردەوەکانتان تەرخان کرابوو ئەمڕۆ بەهەق پێتان دەڵێ چیتان کردووە.

باوەڕدار نامەکەی لە پێشەوە و بەدەستی راستی وەردەگرێت، بێباوەڕیش لە پشتەوە دەدرێتە دەستی چەپی، خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: M a b c d e f L الحاقة: ١٨. واتە: لەو رۆژەدا هەمووتان لەبەردەم دادگای خوادا دەخرێنەروو، هیچ کردەوەیەکی نهێنیتان بەشاراوەیی نامێنێتەوە، بەڵکو هەمووی بەئاشکرا دەخرێنەروو.

هەروەها دەفەرموێت: M h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | L الحاقة: ١٩ – ٢١. واتە: جا کەسێك بەدەستی راستی نامەی کردەوەکانی وەربگرێتەوە دەڵێ: ها وەرن نامەکەم بخوێننەوە، من یەقینم هەبوو کە تووشی لێپرسینەوەی خۆم دێم، جا ئەو کەسە لە ژیانێکی پڕ لە رەزامەندی دایە (خوا لێی رازیەو ئەویش بەم بەشەی خۆی زۆر دڵخۆش و رازییە).

ئەوەی بەدەستی راستی نامەی کردەوەکانی وەربگرێتەوە زۆر دڵخۆشە: M J K L M N

[٣٦٨] - تفسیر ابن کثیر ٤/٣٠٨.

O P Q R S T U V W X Y L الانشقاق: ٧ – ٩. واتە: ئەو کەسەی نامـەی کردەوەکانی بدرێتە دەستی راستی ئەوە لێپرسینەوەیەکی سوك و ئاسـانی لەگەڵـدا دەکرێـت، وە بە دڵخۆشیەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناو کەس و کاری.

مرۆڤی بێباوەڕ لـە پشتیەوە نامەی کردەوەکانی دەدرێتە دەستی چەپی: Mوَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَٰبَهُۥ بِشِمَالِهِۦ ´ µ ¶ ¸ كِتَٰبِيَهْ ﴿٢٥﴾ وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ ﴿٢٦﴾ يَٰلَيْتَهَا كَانَتِ ٱلْقَاضِيَةَ ﴿٢٧﴾ L الحاقة: ٢٥ – ٢٧. واتە: وە ئەو کەسەی نامەی کردەوەکانی نامەی کردەوەکانی بە دەستی چەپی وەربگرێتەوە دەڵێ: خۆزگە هەرگیز ئـەم نامەیم وەرنەگرتایە، خۆزگە هەر نەمزانیایە کـە لێپرسـینەوەم چـۆنە، بریـا مردنەکـەم یـەکجاری بوایەو هەر زیندو نەکرامایەتەوە.

ئەوەی بەدەستی چەپی نامەی کردەوەکانی وەربگرێتەوە ئەوە بەشی خەفـەت و پـەژارە و ئـاگری دۆزەخە: ZM [\ ] ^ _ ` a b c d e f g L الانـشقاق: ١٠ – ١٢. واتـە: بەڵام ئەوەی نامەی کردەوەکانی لـە پشتیەوە درایە دەستی، ئەوە مردن بە خۆزگـە دەخوازێـت و، لـە ئاگری بڵێسەداردا دەبرژێنرێت.

تەرازوو(المیزان)

لـە رۆژی قیامەتدا تـەرازوو دانـراوە بـۆ کێـشانەو پێوانـەی کـردەوەی بەنـدەکان، هەرکەسـێك کاروکردەوەی چاکی زۆر بوو ئەوە سـەرکەوتوو سـەرفرازە، ئەوەشـی خراپـەی زۆر بـوو ئـەوە زەرەرمەندو پەشیمانە، بەڵام پەشیمانی دادی نـادات، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: M h i j l m n o p q r s t u v w x y z { | } ~ L الأعراف: ٨ – ٩.

پێشەوا قورتوبی دەڵێ: کە لێپرسینەوە تـەواو دەبێـت کێـشانی کردەوەکـان دەسـت پێـدەکات، هەڵسەنگاندن بۆ دیاریکردنی پاداشت و سزایە، بۆیە هەر دەبـێ دوای لێپرسـینەوە بـێ، چـونکە لێپرسینەوە بۆ خەملاندنی کردەوەکانە بەڵام کێشان بـۆ دەرخـستنی بـڕو ئەنـدازەو چـەندێتیە تـا سزاو پاداشتی پێ دیاری بکرێـت: M : ; < = > ? @ A B D E F G H I J K M N O P L الأنبیـاء: ٤٧. واتە: ئێمە لـە رۆژی قیامەتدا تەرازووی دادپەروەری دادەنێین و هیچ کەس کەمترین ستەمی لێ ناکرێ، با قورسی کردەوەکـەی بەقـەدەر تۆوی خەرتەلـەیەکیش بێت هەر دەیهێنین و ئامادەی دەکەین(چـاکە بێـت یـان خراپـە)، وە ئێمـە بەسین بۆ سەرژمێری (گوناهو چاکەکان)و لێپرسینەوە[٣٦٩].

هەروەها دەفـەرموێت: M h i j l m n o p q r s t u v w x y z { | } ~ L الأعراف: ٨ – ٩. واتە: لـەو رۆژەدا کێشانە بـە هەق دەبێ و گومانی تێدا نی یە، ئەو کەسانەی سەنگی کـردەوە چـاکەکانیان قورسـە سـەرفرازو رزگـارو سـەرکەوتوون، ئەوانـەش سـەنگی کـردەوە چـاکەکانیان سـووکە خۆیـان فەوتانـدوەو زەرەرمەند بوون، بەهۆی ئەوەی ستەمیان کرد بەرامبەر بەڵگەو نیشانەکانی ئێمە.

دەقی ئایەت و فەرمودەکان روونیان کردۆتەوە کـە تەرازووەکـە تەرازوویـەکی راسـتەقینەیە و جگە لـە خوا هیچ کەسێکی تر نازانێ چۆنە.

سەلمان رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویـەتی: (يُوضَعُ

---

[٣٦٩] - مختصر التذكرة للإمام القرطبي: ٢٣٥.

الميزانُ يوم القيامة فَلَو وُزِنَ فيه السَّماواتُ والأرضُ لَوَسِعَتْ، فتقول الملائكة: يا ربِّ لِمَنْ يَزِنْ هَـــذا؟ فيقول الله تعالى: لمن شِئْتُ مِن خَلْقِي، فتقولُ الملائكة: سُبْحَانَكَ مَا عَبَدْنَاكَ حَقَّ عِبَادَتِكَ)[٣٧٠]. واتـه: لـه رۆژی قیامەتدا تەرازوو دادەمـەزرێ و ئەگـەر ئاسمانـەکان و زەویـشی تێـدا بکێـشرێت جێـی دەبێتەوە، مەلائیکەکان دەڵێن: خوایە! ئەم تەرازووە بۆ کێ دەکێشی؟ خوای گەورە دەفـەرموێت: بۆ ئەو بەندانەی خۆم مەبەستمن، مەلائیکەکان دەڵێن: پاکی بۆ تۆ خوایە وەکو پێویست و شـایەن بە خۆت نەمانپەرستوی.

تەرازوو چی دەکێشێت:

بێگومان زانایان رایان وایە سێ شت هەیە بۆ کێشانە لـە رۆژی قیامەتدا: کردەوەکـان، کارنامـەی کردەوەکان، خاوەنی کردەوەکان.

یەکەم – کردەوەکان دەکێشرێن:

بەو جۆرەی کردەوەکان دەبنە تەن(جسم) و دەخرێنە سەر تەرازوو بە بەڵگەی ئەم فەرموودەیە:

خوای گەورە دەفـەرموێت: M W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c d L الزلزلة: ٧ – ٨. واتە: هەر کەسێك بەقەد قورسایی گەردیلـەیـەك کـردەوەی چـاك بکـات بێگومان ئەو چاکەیەی خۆی دەبینێتـەوەو پاداشـتی لەسـەر وەردەگرێـت، هـەر کەسـێك بەقـەد قورسایی گەردیلـەیەك کردەوەی خراپە بکات لـەو رۆژەدا ئەو کردەوە خراپەی خۆی دەبینێتەوەو پاداشتی لـەسەر وەردەگرێت.

هەر لـەو بارەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسـلـم دەفـەرموێت: (كَلِمَتَانِ خَفِيفَتَـــانِ عَلَـــى اللِّسَانِ ثَقِيلَتَانِ فِي الْمِيزَانِ حَبِيبَتَانِ إِلَى الرَّحْمَنِ سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ، سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِـــيمِ)[٣٧١]. واتە: دوو وشە هەیە خۆشەویستن لای خوای گـەورە، ئاسـانن لـەسـەر زمـان، سـەنگیان قورسـە لـەسەر تەرازودا: (سُبْحَانَ اللَّهِ وَبِحَمْدِهِ)، (سُبْحَانَ اللَّهِ الْعَظِيمِ)ن.

---

[٣٧٠] - رواه الحاكم: ٥٨٦/٤ (هذا حديث صحيح على شرط مسلم ولم يخرجاه) ووافقه الذهبي, سلسلة الأحاديث الـصحيحة: ٦٥٦/٢ برقم: ٩٤١.

[٣٧١] - مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري: ٦٤٠١, ومسلم: ٢٦٩٤.

ئەبو دەرداء رەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: گویٚم لیٚ بوو پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموو: (مَا مِنْ شَيْءٍ يُوضَعُ فِي الْمِيزَانِ أَثْقَلُ مِنْ حُسْنِ الْخُلُقِ وَإِنَّ صَاحِبَ حُسْنِ الْخُلُقِ لَيَبْلُغُ بِهِ دَرَجَةَ صَاحِبِ الصَّوْمِ وَالصَّلَاةِ)[372]. واتە: هیچ کردەوەیەك وەك رەوشتی چاك و ئاكاری جوان قورس نىیەلەسەر تای تەرازوو، خاوەنی رەوشتی چاك بەو کردەوە جوانانە دەگاتە پلەی ئەوانەی خاوەنی نویٚژو رۆژوون.

دووهەم- کارنامەی کردەوەکان دەکیٚشریٚن:

عبدالله کوڕی عەمری کوڕی عاص رەزای خوایان لیٚ بیٚ گیٚڕاویەتیەوە کە پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (إِنَّ اللَّهَ سَيُخَلِّصُ رَجُلًا مِنْ أُمَّتِي عَلَى رُءُوسِ الْخَلَائِقِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَيَنْشُرُ عَلَيْهِ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ سِجِلًّا كُلُّ سِجِلٍّ مِثْلُ مَدِّ الْبَصَرِ ثُمَّ يَقُولُ أَتُنْكِرُ مِنْ هَذَا شَيْئًا أَظَلَمَكَ كَتَبَتِي الْحَافِظُونَ فَيَقُولُ لَا يَا رَبِّ فَيَقُولُ أَفَلَكَ عُذْرٌ فَيَقُولُ لَا يَا رَبِّ فَيَقُولُ بَلَى إِنَّ لَكَ عِنْدَنَا حَسَنَةً فَإِنَّهُ لَا ظُلْمَ عَلَيْكَ الْيَوْمَ فَتَخْرُجُ بِطَاقَةٌ فِيهَا أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ فَيَقُولُ احْضُرْ وَزْنَكَ فَيَقُولُ يَا رَبِّ مَا هَذِهِ الْبِطَاقَةُ مَعَ هَذِهِ السِّجِلَّاتِ فَقَالَ إِنَّكَ لَا تُظْلَمُ قَالَ فَتُوضَعُ السِّجِلَّاتُ فِي كَفَّةٍ وَالْبِطَاقَةُ فِي كَفَّةٍ فَطَاشَتْ السِّجِلَّاتُ وَثَقُلَتْ الْبِطَاقَةُ فَلَا يَثْقُلُ مَعَ اسْمِ اللَّهِ شَيْءٌ)[373]. واتە: بە بەرچاوی بەدیهیٚنراوانەوە پیاویٚك دیٚنن کردەوەکانی دەخەنە روو لە چەند تۆماریٚکدا کە ژمارەیان دەگاتە نەوەدو نۆ تۆمار، هەر سجیلیٚك ئەوەندەی چاو کاربکات و ببینیٚ دەبیٚت، پیٚی دەوتریٚت: بەهانەیەکت هەیە یان کردەوەیەکت ماوە تۆمار نەکرابیٚت؟. دەڵیٚ: نەخیٚر ئەی پەروەردگار. خوای گەورە دەفەرمویٚت: تۆ کردەوەیەکی چاکەت لای ئیٚمەیە پسوولەیەکی بچوکی دەدەنیٚ: (أَشْهَدُ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلَّا اللَّهُ وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ)ی تیٚدایە، دەڵیٚ: ئەی پەروەردگار ئەم پسوولە بچوکە لەگەڵ ئەو سجلە گەورانەدا چیە؟. پیٚی دەوتریٚت: تۆ زوڵم و ستەمت لیٚ ناکریٚ. تۆمارە گەورەکان دەخەنە تایەکی تەرازوەکەو پسوولە بچوکەکەش دەخەنە تایەکەی تری، سجلە گەورەکان سوکتر دەبن و پسوولە بچوکەکە قورستر دەبیٚت.

---

[372] - صحيح جامع الترمذي: ٢٠٠٣, وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٥٧٢٦.

[373] - أخرجه الترمذي: ٢٦٣٩, وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٨٠٩٥.

سێهەم- خاوەنی کردەوەکان دەکێشرێ:

عەبدوڵای کوڕی مەسعود ڕەزای خوای لێ بێ جارێکیان لاقی دەرکەوت ئەوەنـدە لاقـی باریـك بوو هاوەڵان پێکەنین، پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمووی: (مِـــمَّ تَـــضْحَكُونَ؟). بـۆ پێدەکەنن؟ وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! بەباریکی لاقەکانی پێدەکەنین، فـەرمووی: (وَالَّذِي نَفْسِي بِيَدِهِ لَهُمَا أَثْقَلُ فِي الْمِيزَانِ مِنْ أُحُدٍ)[٣٧٤] . واتە: بەو کەسەی گیانی منی بەدەسـتە کـە خوایـە ئـەو دوو لاقەی سەنگین ترو قورسترن لـەسەر تای تەرازودا لـە چیای ئوحد.

هەر لـەو بارەوە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفـەرموێت: (إِنَّهُ لَيَأْتِي الرَّجُلُ الـسَّمِينُ العَظِيمُ يَوْمَ القِيَامَةِ لاَ يَزِنُ عِنْدَ اللهِ جَناحَ بَعُوضَةٍ، اقْرَءُوا M { ~ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَزْنًا ﴿١٠٥﴾ L الکهـف: ١٠٥ [٣٧٥]. واتە: لـە ڕۆژی قیامەتدا پیاو هەیە دەیهێـنن ئەوەنـدە قەڵـەو و زەبەلاحـە کەچـی لای خـوا سەنگی باڵە مێشولـەیەکی نییە، فەرمووی: ئەم ئایەتە بخوێنـەوە، واتـە: لـە ڕۆژی قیامەتـدا هـیچ جۆرە بایەخ و نرخێکیان بۆ دانانێین.

ئایا کاروکردەوەی کافران دەکێشرێ؟:

هەندێك لـە زانایان لایان وایە کاروکردەوەی کافران ناکێشرێ، چونکە کردەوەکانیان هیچ بایەخ و ئەرزشێکی نی یەو بەبا دەچێ:

خوای گـەورە دەفـەرموێت: M c d e f g h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | } ~ فَلَا نُقِيمُ لَهُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ وَزْنًا ﴿١٠٥﴾ L الکهـف: ١٠٣ - ١٠٥.

واتە: ئەی موحەممەد پێیان بڵێ: ئایا هەواڵی ئەو کەسانەتان بدەمێ کە لـە کـارو کردەوەیانـدا زۆر زەرەرمەندو خەسارەتمەندن؟! ئەو کەسانەن کە هەوڵ و کۆشـشیان لــە دنیـادا بەزایـەو بەهـەدەر چووە، بەمەرجێك وایان دەزانی کە بەڕاستی کاری چاك دەکەن و کردەوەی ڕەوا ئـەنجام دەدەن، ئەوانە کەسانێکن باوەڕیان بە بەڵگەو نیـشانەکانی پـەروەردگاریان نـەبووەو بـە نیـازی ئامـادەیی بارەگای خوا نـەبون، ئـیتر هـەموو کـارو کردەوەیـەکیان بـێ نـرخ و پـووچ بـووە، لـە ڕۆژی

---

[٣٧٤] - أخرجه أحمد: ٣٩٨, وابن حبان:٥٤٦/١٥, سلسلة الأحاديث الصحيحة: ٣١٩٢/٧.

[٣٧٥] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري: ١١٧/٦ (٤٧٢٩)، ومسلم: ١٢٥/٨ (٢٧٨٥) (١٨).

قیامەتیشدا هیچ جۆرە بایەخ و نرخێکیان بۆ دانانێین.

هەروەها دەفەرموێت: M : ; < = > ? L القصص: ٧٨. واتە: تاوانکـاران لـە بارەی گوناهەکانەوە پرسیاریان لیێ ناکرێت.

عائشە رەزای خوای لیێ بیێ فەرمووی وتم: ئەی پێغەمبەری خـوا ! عەبـدولڵای کـوڕی جـدعان پیاوێك بوو لـە سەردەمی نەفامیدا مـافی خزمایـەتی بـەجێهێناوە، رێـزی میـوانی گرتـوە، یارمـەتی هەژارو نەدارانی داوە، ئایا ئەوانە هیچ سوودی پیێ دەگەیەنن؟ فەرمووی: (لَا يَنْفَعُهُ إِنَّهُ لَمْ يَقُلْ يَوْمًا رَبِّ اغْفِرْ لِي خَطِيئَتِي يَوْمَ الدِّينِ)[٣٧٦] . واتە: نەخێر چونکە بێگومان رۆژێـك لــە رۆژان نـەیوتووە: خودایە لـە تاوان و گوناهەکانم خۆشببە لـە رۆژی قیامەتدا.

---

[٣٧٦] - أخرجه مسلم في صحيحه: ١٩٦/١, سلسلة الصحيحة: ٤٩٧/١ برقم: ٢٤٩.

حەوزی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: VM W X Y Z [\ ] ^ _ ` a
L b الكوثر: ١ – ٣. واتە: ئێمە بە تۆمان بەخـشیوە كەوسـەر، نوێـژ بـۆ پـەروەردگارت بكـەو قوربانی هەر بۆ ئەو سەربڕە، بێگومان ئەو كەسەی رقی لـە تۆیە دوا بڕاوو بێ خێرە.

هەموو پێغەمبەرێك حـەوزی خـۆی هەیـە بـەلاَم ئـەوەی پێغەمبەرصـلى الله عليـه وسـلم لـە هەموویان گەورەترە و تایبەتە بەوەوە، ئەم حەوزە لـە رووباری كەوسـەرەوە سەرچـاوەی گرتـووە كە لـە بەهەشتەوە دەڕژێنە ناوی، ئاوەكەی لـە شیر سپی تـرە، لــە هـەنگوین شـیرین تـرە، بـۆن و بەرامەكەی لـە میسك و گولاَو خۆشترە، ژمارەی ئەو پەرداخ و دەفرانـەی پێـی دەخورێتـەوە لـە ژمارەی ئەستێرەكان زیاترەو بریسكەدارن، هەركەسێك قومێكی لێ بخواتەوە بـۆ هەمیـشە تینـوی نابێت، بێگومان تەنها ئیمانداران لێی دەخۆنەوە.

عوقبەی كوڕی عامر رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خـوا صـلى الله عليـه وسـلم جارێكیان وتاری دەدا بۆ هاوەلاَنی فەرمووی ئێستا بەچاوی خۆم حەوزەكـەم دەبیـنم: (إِنِّي فَــرَطٌ لَكُمْ وَأَنَا شَهِيدٌ عَلَيْكُمْ وإِنِّي واللهِ لأَنْظُرُ إِلَــى حَوْضِــي الآنَ)[٣٧٧]. لـە ریوایـەتێكی تـردا هـاتووە فەرمویەتی: مینبەرەكەم لـەسەر حەوزەكەمە.

عبدالله كوڕی عەمر رەزای خوایان لێ بێ گێڕاویەتیەوە كـە پێغەمبـەری خـوا صـلى الله عليـه وسلم فەرمویەتی: (حَوْضِي مَسِيرَةُ شَهْرٍ وَزَوَايَاهُ سَوَاءٌ وَمَاؤُهُ أَبْيَضُ مِنْ الْوَرِقِ وَرِيحُهُ أَطْيَــبُ مِــنْ الْمِسْكِ وَكِيزَانُهُ كَنُجُومِ السَّمَاءِ فَمَنْ شَرِبَ مِنْهُ فَلَا يَظْمَــأُ بَعْــدَهُ أَبَــدًا)[٣٧٨]. واتـە: حەوزەكـەم پانتاییەكەی یەك مانگە رێیەو گۆشەكانی یەكسانن، وە ئاوەكەی لـە شیر سپی تـرە، بۆنەكـەی لـە بۆنی میسك خۆشترە، پەرداخەكانی وەك ئەستێرەی ئاسمانن و هـەر كەسـێك لێـی بخواتـەوە دوای ئەوە هەرگیز تینوی نابێتەوە.

ئـەبو هـورەیرە رەزای خـوای لـێ بـێ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلى الله عليـه وسـلم

[٣٧٧]- متفقٌ عَلَيْهِ . أخرجه البخاري: ٢/١١٤ (١٣٤٤) و٥/١٢٠ (٤٠٤٢) ، ومسلم: ٧/٦٧ (٢٢٩٦) (٣٠١) و(٣١) .

[٣٧٨]- أخرجه البخاري: ٦٥٧٩ , ومسلم: ٢٢٩٢.

فەرمویەتی: (أَنَا فَرَطُكُمْ عَلَى الْحَوْضِ لَيُرْفَعَنَّ إِلَيَّ رِجَالٌ مِنْكُمْ حَتَّى إِذَا أَهْوَيْتُ لِأُنَاوِلَهُمْ اخْتُلِجُوا دُونِي فَأَقُولُ أَيْ رَبِّ أَصْحَابِي يَقُولُ لَا تَدْرِي مَا أَحْدَثُوا بَعْدَكَ)[379]. واتە: من پێشڕەوتانم بۆ سەر حەوزی کەوسەر، مەلائیکەکان هەندێکتان دەگێڕنەوە و من دەڕۆم بیانهێنمەوە بەلاّم ئەوان دەیانبەن و راپێچیان دەکەن، دەڵێم: خوایە ئەوانە هاوەڵی منن، دەفەرموێت: تۆ نازانی لە دوای تۆ چیان کردووە؟.

هەروەها فەرمویەتی: (تَرِدُ عَلَيَّ أُمَّتِي الْحَوْضَ وَأَنَا أَذُودُ النَّاسَ عَنْهُ كَمَا يَذُودُ الرَّجُلُ إِبِلَ الرَّجُلِ عَنْ إِبِلِهِ قَالُوا يَا نَبِيَّ اللَّهِ أَتَعْرِفُنَا قَالَ نَعَمْ لَكُمْ سِيمَا لَيْسَتْ لِأَحَدٍ غَيْرِكُمْ تَرِدُونَ عَلَيَّ غُرًّا مُحَجَّلِينَ مِنْ آثَارِ الْوُضُوءِ وَلَيُصَدَّنَّ عَنِّي طَائِفَةٌ مِنْكُمْ فَلَا يَصِلُونَ فَأَقُولُ يَا رَبِّ هَؤُلَاءِ مِنْ أَصْحَابِي فَيُجِيبُنِي مَلَكٌ فَيَقُولُ وَهَلْ تَدْرِي مَا أَحْدَثُوا بَعْدَكَ)[380]. واتە: خەڵك دێن بۆ سەر کانیاوەکەم منیش پاسی دەکەم وەك چۆن پیاوێك وشتری خەڵکی لە لە ئاوی حەوزەکەی دەردەکات، پرسیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! دەمانناسیتەوە؟ فەرمووی: بەڵێ ، ئێوە نیشانەیەکی واتان هەیە هیچ نەتەوەیەکی تر نیەتی، دەست و پێ و نێو چاوانتان لەبەر ئاسەواری دەسنوێژ گەش و سپی و روناکە، بەلاّم کۆمەڵێکی تر دێن مەلائیکەکان بەرهەڵستیان لێ دەکەن و ناهێڵن بێن، دەڵێم: خوایە! ئەوانە هاوەڵی منن، مەلائیکەیەك دێت و دەڵێ: جا دەزانیت لە دوای تۆ چیان کردووە؟.

---

[379] - أخرجه البخاري: ٦٢٠٥.

[380] - أخرجه مسلم: ٢٤٧.

پردى سيرات (الصراط)

پردى سيرات پرديكە بەدرێژايى دۆزەخ و بەسەريەوەيە، لەنێوان بەهەشت و دۆزەخدايە، ئـەوەى بپەڕێتەوە رزگارى بووەو دەچـێتە بەهەشـتەوە، ئـەوەش نەپەڕێتـەوە ئـەوە دەكەوێتـە نـاو ئـاگرى دۆزەخەوە.

خـــواى گــەورە دەفــەرموێت: o n m l k j i h g f e d c b a ` M
p q r s L مريم: ٧١ – ٧٢. واتە: لەناو ئێوەدا هـيچ كەسـێك نىيەنەچـێتە سـەر ئـەو پردەو دۆزەخ نەبينێت جا چ چاكەكار يـان خراپـەكار بـوو بـێ، ئيمانـداران بـۆ بينـينى دۆزەخ و پەڕينەوە بەسەريا بۆ بەهەشــت، بێبـاوەڕانيش بـۆ چـوونە نـاو دۆزەخ، ئەمـەش كارێكـە لـەلايـەن پەروەردگارتەوە بڕيارى لەســەر دراوەو بڕاوەتـەوە.دواتـر ئەوانـە رزگـار دەكـەين خـوا نـاس و پارێزكار بوون و ستەمكاران بە چۆكا هاتوويى لەناو (دۆزەخ)دا دەهێڵينەوە.

هەروەها دەفـەرموێت: M 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ A B C D
E F G H I J K L M N O P L التحريم: ٨. واتە: خوا لـە رۆژى قيامەتدا پێغەمبەر و بـڕواداران ريـسوا ناكـات، لــە پـێش و لــەلاى راسـتيانەوە رووناكيـان هەيـە، دەڵـێن خوايـە ! رووناكيەكەمان بۆ تەواو بكە و لە گوناحەكانمان خۆش ببە، تـۆ توانـات بەسـەر هـەموو شـتێكدا هەيە.

ئـەبو هـورەيرە رەزاى خـواى لـێ بـێ فـەرمووى: پێغەمبـەرى خـوا صـلى الله عليـه وسـلم فەرمويەتى: (فَيُضْرَبُ الصِّرَاطُ بَيْنَ ظَهْرَانَيْ جَهَنَّمَ فَأَكُونُ أَوَّلَ مَنْ يَجُوزُ)[٣٨١]. واتە: پردێـك بەسـەر دۆزەخدا رادەكێشرێت منيش يەكەم كەسێكم كە دەيبڕم و لێى دەپەڕمەوە.

ئيبن عەباس رەزاى خوايان لێ بێ گفت و گۆى لەگەڵ پياوێك دەكرد پێى فەرموو: ئەبو راشـد من و تۆ هەردوكمان تێدەپەڕين جا سەرنج بدە ئاخۆ رزگارمان دەبێت يان نا؟ [٣٨٢].

ئەبو هورەيرە رەزاى خواى لێ بێ گێڕاويەتەوە كـە پێغەمبـەرى خـوا صـلى الله عليـه وسـلم

---

[٣٨١]- أخرجه البخاري: ٧٧٣.

[٣٨٢]- تفسير إبن كثير: (٤/٤٧٦).

فەرمویەتی: کاتێك خوای گەورە لـە رۆژی مەحشەردا خەڵك هـەموو کۆدەکاتـەوە، موسـڵمانان دەڕوانن بەهەشتیان بۆ ئامادەکراەوە دەڕۆن بۆ لای پێغەمبەران سلاوی خوایان لـەسەر بیٚ: ئـادەم، نوح، ئیبراهیم، موسا، عیسا، یەك بەیەك دەیاننێرن بۆ لای یەکتر تا دوا جار عیـسا دەیانێرێـت بـۆ لای پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلـم و خوای گەورە رێگـای پێـدەدات شـەفاعەت بکـات: (وتُرْسَلُ الأَمَانَةُ وَالرَّحِمُ فَيَقُومانِ جَنْبَتَي الصِّرَاطِ يَمِيناً وَشِمَالاً فَيَمُرُّ أَوَّلُكُمْ كَـالبَرْقِ) واتـە: بـەلام سپاردەو سیلـەی رەحم لـە راسـت و چـەپی پـردی سـیراتەوە رادەوەسـتن، ئـەوجا مـن دەرگـای بەهەشت دەکەمەوە بۆ بەهەشتیەکان، یەکەمەکەتان بەسەر پـشتی پـردی سـیراتدا وەك بروسـکە تێپەڕ دەکات و دەپەڕێتەوە، ئەبو هورەیرە دەڵیٚ: وتم ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسـلـم ! دایك و باوکم بەقوربانت بن وەك بروسکە چۆنە؟ فـەرمووی: (أَلَمْ تَرَوا كَيْفَ يَمُرُّ وَيَرْجِعُ فِي طَرْفَةِ عَيْن، ثُمَّ كَمَرّ الرِّيحِ، ثُمَّ كَمَرِّ الطَّيْرِ، وَشَدِّ الرِّجَال تَجْرِي بِهِمْ أَعْمَالُهُمْ، وَنَبِيُّكُمْ قَائِمٌ عَلَى الصِّراطِ، يَقُولُ: رَبِّ سَلِّمْ سَلِّمْ، حَتَّى تَعْجزَ أَعْمَالُ العِبَادِ، حَتَّى يَجِيء الرَّجُلُ لا يَسْتَطِيعُ السَّيْرَ إلاَّ زَحْفاً، وَفِي حَافَتِي الصِّراطِ كَلاَلِيبُ معَلَّقَةٌ مَأمُورَةٌ بِأخْذِ مَنْ أُمِرَتْ بِهِ، فَمَخْدُوشٌ نَاجٍ، وَمُكَرْدَسٌ فِي النَّارِ)[٣٨٣] . واتە: بروسکەتان نەدیوە کە چۆن بەچاو تروکاندنیٚ دێت و دەڕوات و ون دەبێتەوە ئـاوا، پاشـان هی واتان هەیە وەك با تێپەڕ دەبیٚ، هی واهایش هەیە وەك مەل و باڵندە، ئەو پیاوەی زۆر خێرایـەو زۆرباش رادەکات کە کردەوەی خۆی غاری دەدەات، لـەم کاتەدا پێغەمبەرەکەتان لـەسـەر پـردی سیرات راوەستاوەو دەفەرمویٚ: خودایە بە خۆشی و بە بێوەی، تا بەرە بەرە کـردەوە کـۆڵ دەداو پیاوانی وەها دێن کردەوەکانیان نایـان پەڕێننـەوە! وای لـیٚ دیٚ هەنـدیٚ کـەس بـە گـاکۆڵکیٚ و سنگەخـشیٚ بەسـەریدا دەڕۆن، لــە هـەمان کاتـدا لـەمبـەرو لـەوبـەری پـردی سـیراتەوە قـولاپ هەڵواسراون، ناو بەناو لـەسەر فەرمانی خودا هەندیٚ کەسی تاوانبار دەگـرن و گلـی دەدەنـەوە، هی وا هەیە بە رووشاوی رزگاری دەبێت لـە چنگیان، زۆریشیان دەکەون دەسـەپێن بەسـەریەکاو دەیان ترنجێننە ناو دۆزەخەوە!.. ئەبو هورەیرە فـەرمووی: (وَالَّذِي نَفْسُ أَبِي هُرَيْرَةَ بِيَدِهِ ، إنَّ قَعْـرَ جَهَنَّمَ لَسَبْعُونَ خَرِيفاً)[٣٨٤] . واتە: بەو کەسە کـە گیـانی ئـەبو هـورەیرەی بەدەسـتە قـەڵی دۆزەخ حەفتا پایز رێگەیە، واتە حەفتا ساڵ.

---

[٣٨٣] - أخرجه مسلم ١/١٢٩ (١٩٥) (٣٢٩) .

[٣٨٤] - أخرجه مسلم: (١٩٥).

ئەبو سەعیدی خودری ڕەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمویەتی: (بَلَغَنِي أَنَّ الْجِسْرَ أَدَقُّ مِنْ الشَّعْرَةِ وَأَحَدُّ مِنْ السَّيْفِ) [٣٨٥] . واتە: پیٚم گەیشتووە کە پردی سیرات لە موو باریکترەو لە شمشیٚر تیژ ترە.

ئیبن تەیمیە دەڵیٚ: پردی سیرات پردیکە بەدریٚژایی دۆزەخ و بەسەریەوەیە، لەنیٚوان بەهەشت و دۆزەخدایە، خەڵك بەگویٚرەی کردەوەکانیان بەسەریا دەپەڕنەوە: هەیانە لەچاو تروکانیٚکدا، هەیانە وەك تیشك، هەیانە وەك با، هەشیانە وەك بەسواری ئەسپ، یان بەسواری وشتر، هەیانە بەڕاکردن، هەیانە بە پیادە، هەیانە بە سنگەخشیٚ، هەشیانە بە هەڵگرتن و فڕاندن، فڕیٚی دەدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە[٣٨٦].

---

[٣٨٥] - أخرجه مسلم في صحيحه: ١/١٦٧ برقم: ١٨٣.

[٣٨٦] - مجموع الفتاوى: ٣/١٤٦ .

سیفەتەکانی بەهەشت

بەهەشت جێگایەکە ئامادەکراوە بۆ ئەو کەسانەی ئیماندارن و لە خوا دەترسن، پڕ لە ئاسایش و خۆشیە، پانتاییەکەی بەقەد زەوی و ئاسمانەکانە، شتی وای تێدایە نە بەچاو بینراوە، نە بەگوێ بیستراوە، نە بەدڵ و دەروونی هیچ کەسێکدا هاتووە.

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: M { ~ بِـَٔايَٰتِنَا وَكَانُواْ مُسۡلِمِينَ ﴿٦٩﴾ ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ أَنتُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ تُحۡبَرُونَ © يُطَافُ عَلَيۡهِم بِصِحَافٖ مِّن ذَهَبٖ وَأَكۡوَابٖۖ وَفِيهَا مَا ´ µ ¶ ¸ ۖ وَأَنتُمۡ فِيهَا خَٰلِدُونَ ﴿٧١﴾ L الزخرف: ٦٨ – ٧١. واتە: ئەوانەی باوەڕیان بە ئایەتەکانی ئێمە هێناوە و هەمیشە گەردن کەچ بوون. (لەو ڕۆژەدا پێیان دەڵێن) بچنە بەهەشتەوە ئێوە و هاوسەرەکانتان دڵخۆش دەکرێن. بە سینی و پەرداخی ئاڵتونی (خواردن و خواردنەوە) دەگێڕن بەسەریاندا وە لەو بەهەشتەدا هەیە ئەوەی کە دڵ حەزی لێ بکات و چاو حەز بەبینینی بکات وە ئێوە بەهەتا هەتایی دەمێننەوە تیایدا.

پێغەمبەری خواش صلی الله علیه وسلم لەو بارەوە دەفەرموێت: (فِيهَا مَا لَا عَيْنٌ رَأَتْ وَلَا أُذُنٌ سَمِعَتْ وَلَا خَطَرَ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ)[387] . واتە: بەهەشت شتی وای تێدایە نە بەچاو بینراوە، نە بەگوێ بیستراوە، نە بەدڵ و دەروونی هیچ کەسێکدا هاتوە، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە: M d e f g h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | } L . السجدة: ١٦ – ١٧. واتە: تەنیشتیان دوورئەکەوێتەوە لە جێگای خەوتنیان هاوارو نزا لە پەروەردگاریان دەکەن بەترس و هیواوە، کەس نازانێت کە چی نازو نیعمەتێکی زۆری بێ مانەند لە پشت پەردەی غەیبەوە بۆ ئەو خوا پێداوانە ئامادەکراوە، کە دەبێ بە مایەی ڕۆشنی چاو و دڵ و دەروونیان، ئەوەش لە پاداشتی باوەڕی ساغ و کردەوەی باشیاندا.

---

[387] - مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ٣٢٤٤, ومسلم: ٢٨٣٠.

بەهەشت ئێستاکە هەیە و ئامادەکراوە:

عەقیدەی زۆربەی زانایانی ئەهلی سوننەت لـەسەر ئەوەیە کە بەهەشت ئێستاکە هەیە، بەبەڵگەی چەندەها ئایەت و فەرمودە:

خوای گـەورە دەفـەرمویٚت: M " # $ % & ' ( ) * + ,

- L. آل عمران: ١٣٣. واتە: پێشبڕکێ بکەن بۆ لێبوردنێکی گەورە لەلایەن پەروەردگارتانـەوە، وە بۆ بەهەشتێك پانتاییەکەی بە ئەندازەی ئاسمانەکان و زەوییەو بۆ پارێزکاران ئامادەکراوە.

پێغەمبەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم لـە جـەنگی بـەدری گـەورەدا هـانی هـاوەڵانی داو فـەرمووی: (قُومُوا إِلَى جَنَّةٍ عَرْضُهَا السَّمَوَاتُ وَالْـأَرْضُ)[٣٨٨] واتـە: دەهەسـتن و راپـەڕن بـەرەو بەهەشتێك پانتاییەکەی بەقەد ئاسمانەکان و زەوییە.

هەروەها دەفەرموێت: (اطَّلَعْتُ فِي الْجَنَّةِ فَرَأَيْتُ أَكْثَرَ أَهْلِهَا الْفُقَرَاءَ وَاطَّلَعْتُ فِي النَّـارِ فَرَأَيْـتُ أَكْثَرَ أَهْلِهَا النِّسَاءَ)[٣٨٩]. واتە: بەهەشتم نیشان درا، سەیرم کرد زۆربەی خەڵکەکەی هەژارەکانن، وە دۆزەخیشم نیشان درا، سەیرم کرد زۆربەی خەڵکەکەی ئافرەتانن.

ئیبن مەسعود ڕەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتـەوە کـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم فەرمویەتی: (الجَنَّةُ أَقْرَبُ إِلَى أَحَدِكُمْ مِنْ شِرَاكِ نَعْلِهِ، وَالنَّارُ مِثلُ ذلِكَ)[٣٩٠]. واتە: هەر کەسێك لـە ئێوە بەهەشت لـە بەرەزوانەی پێڵاوەکانی لێی نزیکترە، دۆزەخیش هەروەها.

ناوەکانی بەهەشت:

١- باخ و بێستان(الجنة):

لـەبنچینەدا وشەکە لـە داپۆشینەوە هاتووە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: M ٱدۡخُلُواْ ٱلۡجَنَّةَ أَنتُمۡ وَأَزۡوَٰجُكُمۡ تُحۡبَرُونَ © L الزخرف: ٧٠.

---

[٣٨٨] - تحقيق الألباني: (صحيح) انظر حديث رقم: ٤٤٢٦ في صحيح الجامع.

[٣٨٩]- أخرجه البخاري: (٣٢٤١) ومسلم: ٢٧٣٧.

[٣٩٠] - أخرجه البخاري: ١٢٧/٨ (٦٤٨٨) .

هـــــەروەها دەفـــــەرموێت: M M N O P Q R T U V W X L .
الحشر: ٢٠.

٢- ماڵی ئاشتی (دار السلام):

خوای گەورە دەفەرموێت: M L M N O P R S T U V W L. الأنعام: ١٢٧.

هەروەها دەفەرموێت: M وَٱللَّهُ يَدۡعُوٓاْ إِلَىٰ دَارِ ٱلسَّلَٰمِ وَيَهۡدِي مَن يَشَآءُ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ﴿٢٥﴾ L . یونس: ٢٥.

٣- ماڵی هەمیشەیی(دار الخلد):

خوای گـەورە دەفـەرموێت: M " # $ % & ( ) * + - . / 1 2
3 4 6 7 8 9 L الرعد: ٣٥.

هەروەها دەفەرموێت: M لَا يَمَسُّهُمۡ فِيهَا نَصَبٞ وَمَا هُم مِّنۡهَا بِمُخۡرَجِينَ ﴿٤٨﴾ L الحجـر: ٤٨. واتـە: هـەرگیز لـەو بەهەشتە دەرناکرێن.

٤- ماڵی نیشتەجێی هەمیشەیی (دار المقامه):

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: M g h i j k l m n o p q r s t u L
فاطر: ٣٥.

٥- بەهەشتی ئارامگاو نیشتەجێبوون (جنة المأوى):

خوای گەورە دەفەرموێت: M f g h i L النجم: ١٥.

هەروەها دەفەرموێت: Mوَأَمَّا مَنۡ خَافَ مَقَامَ رَبِّهِۦ وَنَهَى ٱلنَّفۡسَ عَنِ ٱلۡهَوَىٰ ﴿٤٠﴾ فَإِنَّ ٱلۡجَنَّةَ هِيَ ٱلۡمَأۡوَىٰ ﴿٤١﴾ L النازعات: ٤٠ - ٤١.

٦- بەهەشتانی جێی مانەوە یەکجاری (جنات عدن):

خوای گەورە دەفەرموێت: M جَنَّٰتِ ´ µ ¶ ¸ عِبَادَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّهُۥ كَانَ وَعۡدُهُۥ مَأۡتِيّٗا ﴿٦١﴾ L مریم: ٦١.

٧- ماڵی ژیان (دار الحيوان):

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0

1 2 L. العنكبوت: ٦٤.

٨- فیردەوس (الفردوس):

خوای گەورە دەفەرموێت: Mإِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ´ µ ¶ ¸ ٱلْفِرْدَوْسِ نُزُلًا ﴿١٠٧﴾ خَـٰلِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا ﴿١٠٨﴾ L الكهف: ١٠٧ – ١٠٨.

٩- بەهەشتی نازو نیعمەت (جنات النعیم):

خوای گـەورە دەفـەرموێت: fM g h i j k l m n o p q r s t u v w x y L لقمان: ٨ – ٩.

١٠- شوێنی هێمنی و ئارامی (المقام الأمین):

خوای گەورە دەفەرموێت: fM g h i j k L الدخان: ٥١.

١١-١٢ جێگەی راستەقینە (مقعد الصدق) ، شوێنی راستەقینە (قدم الصدق):

خـــوای گـــەورە دەفـــەرموێت: M : ; < = > ? @ A B C D E F L القمر: ٥٤ – ٥٥.

ژمارەی دەرگاکانی بەهەشت:

بێگومان بەهەشت هەشت دەرگای هەیە:

سەهلی کوڕی سەعد رەزای خوای لێ بێ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فەرمویەتی: (فِي الْجَنَّةِ ثَمَانِيَةُ أَبْوَابٍ فِيهَا بَابٌ يُسَمَّى الرَّيَّانَ لَا يَدْخُلُهُ إِلَّا الـصَّائِمُونَ)[٣٩١]. واتـە: بەهەشت هەشت دەرگای هەیـە، دەرگایـەکیان نـاوی رەیانـە تـەنها رۆژووەوانـانی لـێـوە دەچـنە ژوورەوە.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتەوە کـە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـه وسـلم فەرمویەتی: (مَنْ أَنْفَقَ زَوْجَيْنِ فِي سَبِيلِ اللَّهِ نُودِيَ مِنْ أَبْوَابِ الْجَنَّةِ يَا عَبْدَ اللَّهِ هَذَا خَيْرٌ فَمَنْ كَـانَ

[٣٩١] - أخرجه البخاري: ٣٠٨٤.

مِنْ أَهْلِ الصَّلَاةِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الصَّلَاةِ وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الْجِهَادِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الْجِهَادِ وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصِّيَامِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الرَّيَّانِ وَمَنْ كَانَ مِنْ أَهْلِ الصَّدَقَةِ دُعِيَ مِنْ بَابِ الصَّدَقَةِ فَقَالَ أَبُو بَكْرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُ بِأَبِي أَنْتَ وَأُمِّي يَا رَسُولَ اللَّهِ مَا عَلَى مَنْ دُعِيَ مِنْ تِلْكَ الْأَبْوَابِ مِنْ ضَرُورَةٍ فَهَلْ يُدْعَى أَحَدٌ مِنْ تِلْكَ الْأَبْوَابِ كُلِّهَا قَالَ نَعَمْ وَأَرْجُو أَنْ تَكُونَ مِنْهُمْ)[392]. واته: هەر ئافرەتێك دوو مێرد لە پێناو خوادا ببەخشێ، یانی دوو مێرد بکا و هەر دووکیان لە پێناوی خوادا بکوژرێن، ئەوە لە دەرگاکانی بەهەشت بانگ دەکرێ: ئەی بەندەی خوا ئەوە زۆر چاکە، جا ئەگەر ئەهلی نوێژ بوو لەدەرگای نوێژەوە، ئەگەر ئەهلی جیهادو تێکۆشان بوو لەدەرگای جیهادو تێکۆشانەوە، رۆژوەوان لەدەرگای رەییانەوە کە تایبەتە بە رۆژووانان، ئەهلی خێرو خێرات لەدەرگای خێرو خێراتەوە، ئەبوبەکر وتی: ئەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم! باوك و دایکم بە قوربانت بێت کەس هەیە لە هەموو دەرگاکانەوە بانگ بکرێ و بچێتە ژوورەوە، فەرمووی: بەڵێ، هیوادارم تۆش یەکێك بیت لەوانە.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ إِنَّ مَا بَيْنَ الْمِصْرَاعَيْنِ مِنْ مَصَارِيعِ الْجَنَّةِ لَكَمَا بَيْنَ مَكَّةَ وَهَجَرٍ أَوْ كَمَا بَيْنَ مَكَّةَ وَبُصْرَى)[393]. واتە: سوێند بەو کەسەی گیانی موحەممەدی بەدەستە نێوان هەرکام لە دوو لاشیپانەکانی دەرگاکانی بەهەشت هێندەی مەککەو هەجەر(هَجَر)، یان نێوانی مەککەو بوصرا(بُصْرَى) دەبێت[394].

یەکەم کەس کێ دەچێتە بەهەشتەوە؟

بێگومان پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم یەکەم کەس ئەدات لە دەرگای بەهەشت و دەچێتە ژوورەوەوەك لەم فەرمودەیەدا ئاماژەی پێداوە: (آتِي بَابَ الْجَنَّةِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ فَأَسْتَفْتِحُ فَيَقُولُ الْخَازِنُ مَنْ أَنْتَ فَأَقُولُ مُحَمَّدٌ فَيَقُولُ بِكَ أُمِرْتُ لَا أَفْتَحُ لِأَحَدٍ قَبْلَكَ) [395] . واته: لە رۆژی قیامەتدا من دێم و دەرگای بەهەشت دەکەمەوە، دەرگاوانی بەهەشت دەڵێ: تۆ کێی؟ منیش دەڵێم:

---

[392] - مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ٣٢/٣ (١٨٩٧) ، ومسلم ٩١/٣ (١٠٢٧) (٨٥) .

[393] - أخرجه البخاري: (٤٧١٢)، ومسلم: (١٩٤) وللفظ له.

[394] - شایەنی باسە (هجر) شارێکە لە یەمەن و (بصری)ش شارێکە لە شام.

[395] - أخرجه مسلم: ١٩٧.

موحەممەدم، ئەویش دەڵێ: بۆ تۆ فەرمانم پێ کراوە ، لەپێش تۆ بۆ کەسی تری نەکەمەوە.

ئەنەسی کوڕی مالیك ڕەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتیەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (أَنَا أَكْثَرُ الْأَنْبِيَاءِ تَبَعًا يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَأَنَا أَوَّلُ مَنْ يَقْرَعُ بَابَ الْجَنَّةِ)[396] . واتە: من لە هەموو پێغەمبەرانی تر شوێن کەوتەم زیاترە لە ڕۆژی قیامەتدا، وە من یەکەم کەس دەدەم لە دەرگای بەهەشت.

یەکەم کۆمەڵ کە دەچنە بەهەشتەوە:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتەوە کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (أَوَّلُ زُمْرَةٍ يَدْخُلُونَ الجَنَّةَ عَلَى صُورَةِ القَمَرِ لَيْلَةَ البَدْرِ، ثُمَّ الَّذِينَ يَلُونَهُمْ عَلَى أشَدِّ كَوْكَبٍ دُرِّيٍّ فِي السَّمَاءِ إضَاءةً ، لاَ يَبُولُونَ، وَلاَ يَتَغَوَّطُونَ، وَلاَ يَتْفُلُونَ، وَلاَ يَمْتَخِطُونَ . أمْشَاطُهُمُ الذَّهَبُ، وَرَشْحُهُمُ المِسْكُ، وَمَجَامِرُهُمُ الأُلُوَّةُ - عُودُ الطِّيب - أزْوَاجُهُمُ الحُورُ العيْنُ، عَلَى خَلْقِ رَجُلٍ وَاحِدٍ، عَلَى صُورَةِ أَبِيهِمْ آدَمَ سِتُّونَ ذِرَاعاً فِي السَّمَاءِ)[397] . واتە: یەکەم دەستە کە دەڕۆنە بەهەشتەوە ئەوەندە رووگەش و جوانن لە شێوەی مانگی چواردەدان، دەستەی دوای ئەوان وەك گەشترین ئەستێرەی درەخشانی ئاسمان وان کە بەئاسمانەوە دەدرەوشێنەوە، بەهەشتیەکان نەمیز دەکەن، نە پاشەڕۆیان هەیە، نە تف و چڵم و بەڵغەمیان هەیە، نە نەخۆش دەکەون، شانەکانیان زێڕو زیوە، ئارەقیان میسکە، بخوردانەکانیان دارعودی تێدا دەسوتێ، هاوسەری حۆریە جوان و نازدارە چاو جوانەکانن، لە شێوەی یەك کەسدان، بوغزو کینەو حەسودییان لەنێوانیدا نی یە، هەمووشیان لە شێوەی بابە گەورەیان ئادەم دروستکراون کە شەست باڵ بالآیان بەرزە.

حەفتا هەزار کەس بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشتەوە:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (يَدْخُلُ مِنْ أُمَّتِي زُمْرَةٌ هُمْ سَبْعُونَ أَلْفًا تُضِيءُ وُجُوهُهُمْ إِضَاءَةَ الْقَمَرِ لَيْلَةَ الْبَدْرِ) [398]. واتە: کۆمەڵێك لە ئومەتی من بەبێ لێپرسینەوە دەچنە بەهەشت ژمارەیان حەفتا هەزار کەسە

[396] - أخرجه مسلم: ١٩٦.

[397] - مُتَفَقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ١٤٣/٤ (٣٢٤٥) و(٣٢٤٦) ، ومسلم ١٤٦/٨ (٢٨٣٤) (١٥) و(١٧) .

[398] - تحقيق الألباني: (صحيح) انظر حديث رقم: ٨٠٧٠ في صحيح الجامع.

روخسارییان وەك مانگی چواردە دەدرەوشێتەوە.

بەهەشت جێگەی ئەوانەیە هاوەڵ و شەریك بۆ خوا بڕیار نادەن:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (مَنْ لَقِيَ اللَّهَ لَا يُشْرِكُ بِهِ شَيْئًا دَخَلَ الْجَنَّةَ وَمَنْ لَقِيَهُ يُشْرِكُ بِهِ دَخَلَ النَّارَ)[399]. واتە: ئەوەی بە دیداری پەروەردگاری شاد بێت و هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار نەدابێت ئەوە دەچێتە بەهەشتەوە، ئەوەش هاوەڵ و شەریکی بۆ بڕیار دابێت ئەوا دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە.

تەمەنی ئەهلی بەهەشت:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (يَدْخُلُ أَهْلُ الْجَنَّةِ الْجَنَّةَ جُرْدًا مُرْدًا مُكَحَّلِينَ أَبْنَاءَ ثَلَاثِينَ أَوْ ثَلَاثٍ وَثَلَاثِينَ سَنَةً)[400]. واتە: ئەهلی بەهەشت کە دەچنە بەهەشتەوە موو بە لاشەیانەوە نی یە، وەك مێرد منداڵێك وەهان ریشیان نەهاتووە پێڵوی چاویان رەشە وەکو ئەوەی کلیات لەچاو کرابێ، تەمەنیشیان لەنێوان سی ساڵ یان سی و سێ ساڵانە.

هێزی جوتبوونی ئەهلی بەهەشت:

ئەنەس رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (يُعْطَى الْمُؤْمِنُ فِي الْجَنَّةِ قُوَّةَ كَذَا وَكَذَا مِنْ الْجِمَاعِ قِيلَ يَا رَسُولَ اللَّهِ أَوَ يُطِيقُ ذَلِكَ قَالَ يُعْطَى قُوَّةَ مِائَةٍ)[401]. واتە: (ئیماندار لە بەهەشتدا ئەوەندەو ئەوەندە هێزی جوتبوونی پێ دەدرێت). وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا ! ئایا مرۆڤ ئەوەندە توانای هەیە؟ فەرمووی: (بەڵێ هێز و توانای سەد کەسی پێ دەدرێت).

بالآترین شوێن لە بەهەشتدا وەسیلەیە (الوسيلة):

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (الوسيلة درجة عند الله ليس فوقها درجة فسلوا الله أن يؤتيني الوسيلة)[402]. واتە: وەسیلە پلەو پایەیەکە لای خوا لەوە پلەی بەرزتر نییە،

---

[399]- صحيح البخاري: ١٢٦, ومسلم: ١٣٦.

[400]- جامع الترمذي: ٢٥٤٥, صحيح الجامع : ٧٩٢٨ .

[401]- أخرجه الطبراني في الصغير والأوسط وأنظر الصحيحة: ٣٠٠٢ .

[402]- سلسلة الصحيحة: ٣٥٧١.

داوا بکەن لـە خوای گەورە وەسیلـەم پیٚ ببەخشیٚت.

عبدالله کوڕی عەمری عاص فـەرمووی: بیـستم لــە پیٚغەمبــەری خــوا صــلی الله علیــه وســلـم دەیفەرموو: (..فَمَنْ سَأَلَ لِيَ الوَسِيلَةَ حَلَّتْ لَهُ الشَّفَاعَةُ)[٤٠٣]. واته: هەر کەسیٚك داوای وەسـیلـەم بۆ بکات لـە خوای گەورە، ئەوا بەر شەفاعەتم دەکەویٚت.

بەرزترین پلـەو پایەی بەهەشت:

خوای گەورە دەفەرمویٚت: M وَمَن يَأْتِهِۦ مُؤْمِنًا قَدْ عَمِلَ ٱلصَّٰلِحَٰتِ فَأُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمُ à ٱلْعُلَىٰ â L طه: ٧٥. واته: هەرکەس بە باوەڕداری بگەڕیٚتەوە بۆلای خواو کردەوەی چاکەی کردبیٚت ئەوا ئەو کەسانە پلـە بەرزەکانی بەهەشت بەدەست دەهیٚنن.

ئـەبو هـورەیرە ڕەزای خــوای لــیٚ بــیٚ فـەرمووی: پیٚغەمبــەری خــوا صــلی الله علیــه وســلـم فەرمویەتی: (إِنَّ فِي الْجَنَّةِ مِائَةَ دَرَجَةٍ أَعَدَّهَا اللَّهُ لِلْمُجَاهِدِينَ فِي سَبِيلِهِ كُلُّ دَرَجَتَيْنِ مَا بَيْنَهُمَا كَمَـا بَيْنَ السَّمَاءِ وَالْأَرْضِ فَإِذَا سَأَلْتُمُ اللَّهَ فَسَلُوهُ الْفِرْدَوْسَ فَإِنَّهُ أَوْسَطُ الْجَنَّةِ وَأَعْلَى الْجَنَّةِ وَفَوْقَهُ عَــرْشُ الرَّحْمَنِ وَمِنْهُ تَفَجَّرُ أَنْهَارُ الْجَنَّةِ)[٤٠٤]. واته: لـە بەهەشتدا سەد پلــە هەیـە خــوای گــەورە ئامـادەی کردوون بۆ موجاهیدن و تیٚکۆشەرانی ڕیٚگای خوا، نیٚوانی هەر دوو پلـەیـەك بـە ئەنـدازەی نیٚـوان ئاسمان و زەویە، ئەگەر داواتان لـە خوا کرد داوای فیردەوس بکەن، چونکە ناوەڕاستی بەهەشتە و بەرزترین پلـەیەتی، عەرشی خوای گەورە لـە سەرویەوەیە، لـەویٚشەوە تاڤگەو ڕووبارکانی بەهەشــت هەڵدەقوڵیٚن.

نزمترین پلـەو پایەی بەهەشت:

موغیرەی کوڕی شوعبە ڕەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: پیٚغەمبەری خــوا صــلی الله علیــه وســلـم فەرمویـەتی: (سألَ مُوسَى - صلى الله عليه وسلم - رَبَّهُ : ما أدْنَى أهْلِ الجَنَّةِ مَنْزِلَةً ؟ قال: هُوَ رَجُلٌ يَجيءُ بَعْدَ مَا أُدْخِلَ أهْلُ الجَنَّةِ الجَنَّةَ، فَيُقَالُ لَهُ : ادْخُلِ الجَنَّةَ . فَيَقُولُ: أيْ رَبِّ، كَيْفَ وَقَــدْ نَــزَلَ النَّاسُ مَنَازِلَهُمْ، وأخَذُوا أَخَذَاتِهِمْ ؟ فَيُقَالُ لَهُ: أَتَرْضَى أَنْ يَكُونَ لَكَ مِثْلُ مُلْكِ مَلِكٍ مِنْ مُلُوكِ الدُّنْيَا؟

---

[٤٠٣] - أخرجه مسلم: ٤/٢ (٣٨٤) (١١) .

[٤٠٤] - أخرجه البخاري: ٧٤٢٣.

فَيقُولُ: رَضِيْتُ رَبِّ، فَيقُولُ: لَكَ ذَلِكَ وَمِثْلُهُ وَمِثْلُهُ وَمِثْلُهُ وَمِثْلُهُ، فَيقُولُ فِي الخامِسَةِ. رَضِــيْتُ رَبِّ، فَيقُولُ: هذَا لَكَ وَعَشَرَةُ أَمْثَالِهِ، وَلَكَ مَا اشْتَهَتْ نَفْسُكَ، وَلَذَّتْ عَيْنُكَ. فَيقُولُ: رَضِيتُ رَبِّ. قَالَ: رَبِّ فَأَعْلاَهُمْ مَنْزِلَةً ؟ قالَ: أُولَئِكَ الَّذِينَ أَرَدْتُ؛ غَرَسْتُ كَرَامَتَهُمْ بِيَدِي، وَخَتَمْتُ عَلَيْهَا، فَلَمْ تَــرَ عَيْنٌ، وَلَمْ تَسْمَعْ أُذُنٌ، وَلَمْ يَخْطُرْ عَلَى قَلْبِ بَشَرٍ)[٤٠٥]. واتـە: موسـا سـلاّوی خـوای لەسـەر بـێ جارێك لـە گفت و گۆیەكدا لـە لـە پەروەردگاری دەپرسێت: خاوەنی نزمترین پلـە لـە بەهەشـتدا پلەو پایەیان چۆنە؟ ئەوە پیاوێكە كە دێ، دەبینێ بەهەشتیەكان چوونەتە بەهەشتەوە، پێـی دەڵـێن: بچۆرە ناو بەهەشتەوە ئەویش دەڵێ: ئەی خودای خـۆم بـچمە كوێـوە ئـەو خەڵكـە هەركەسـە جێگای خۆی گرتووە، جێگای كەسی تریان نەهێشتۆتەوە، پێی دەگـوترێ: ئایـا رازی دەبیـت بـە ئەندازەی موڵكی پاشایەك لـە پاشاكانی جیهان موڵك و سامانت بـدرێتێ؟ دەڵـێ: ئـا رازیـم ئـەی پەروەردگارم! ، جا دەفەرمویێت: دەی ئەوا بەقەد موڵك و سامانی پاشایەك لــە پاشـاكانی جیهـان درا بە تۆ، واتە بەقەد هەموو دنیـا، وە ئەوەنـدەی تـریش، ئەوەنـدەی تـریش، ئەوەنـدەی تـریش، ئەوەندەی تریش، ئەوەندەی تریش، جا بەندەكە لـە پێنجەم جاردا دەڵێ: ئەی پەروەردگارم رازیم، دەفەرمویێت: دەی ئەوەو دە ئەوەندەی تریش بۆ تۆ، واتە: پەنجا ئەوەنـدەی دنیـا، ئـەوا سـەرەڕای ئەوەش دام بەتۆ، هەرچی دڵت حەزی پێ دەكات و چاوت خۆشی لێ وەردەگرێت، دەڵێ: ئـەی پـەروەردگارم! بەڕاسـتی خـۆش نـوودم، موسـا دەفـەرمویێت: ئـەی پـەروەردگارم! ئـەی پایـە بەرزترینەكانیان پلەو پایـەیان چـۆنە؟ دەفـەرمویێت: ئەوانـە هەڵبـژاردەی ویـستی خـۆمن و خـۆم بەدەستی خۆم باخی شەرەفمەندی و قەدرزانی ئەوانم ناشتووەو مۆرم كردووە، تا كەسی تـر پـەیی پێ نەبا جگە لـە خۆم، ئەو پلەو پایەی بۆ ئەوانم ئامـادەكردووە، نـە بەچـاو بینـراوە، نـە بـەگوێ بیستراوە، نە بەدڵ و دەروونی هیچ كەسێكدا هاتوە، نە خەیاڵی ئادەمیزاد بۆ ئەوە دەچێت.

شێوەی بیناو ژوورەكانی بەهەشت:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: وتمان ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم باسی بیناكانی بەهەشتمان بۆ بكە لەچی دروستكراون؟ فەرمووی: (لَبِنَةٌ مِنْ ذَهَبٍ وَلَبِنَةٌ مِنْ فِضَّةٍ مِلَاطُهَا الْمِسْكُ الْأَذْفَرُ حَصْبَاؤُهَا الْيَاقُوتُ وَاللُّؤْلُؤُ وَتُرْبَتُهَا الْوَرْسُ وَالزَّعْفَرَانُ مَنْ يَدْخُلُهَا يَخْلُدُ لَا

[٤٠٥]- أخرجه مسلم: ١/١٢٠ (١٨٩) (٣١٢) .

يَمُوتُ وَيَنْعَمُ لَا يَبْأَسُ لَا يَبْلَى شَبَابُهُمْ وَلَا تُخَرَّقُ ثِيَابُهُمْ)[406]. واته: خشتێك لـه ئاڵتون، خشتێك لـه زیوه، قوڕی نێوان خشتەكان میسكە، بەردو چەوەكەی لـه دوڕو یاقوتە، خۆڵـەكەی لـه زەعفەرانە، هەركەس بچێتە ناوی هەردەم لـه خۆشیدایە بێزار و نائومێد نابێت و نەمر دەبیّ و نامریّ، پۆشاك و جل و بەرگی نادڕێت و كۆن نابێت، هەرگیز پیریش نابێت.

پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسـلـم دەفـەرموێت: (في الجنّةِ غُرفَةٌ يُرى ظاهِرُها مِنْ بَاطِنِها، وبا طنُها من ظَاهِرِها، فَقَالَ أَبُو مَالِك الأشعَرى: لِمَنْ هِيَ يَارَسُولُ الله ؟ قالَ: لِمَنْ أَطابَ الكَلام، وأَطعم الطَعام، وَبَاتَ قائِماً والنّاسُ نيامٌ)[407]. واتـە: بەهەشـت ژووری وای تێدایـە لــە نـاوەوە دەرەوەی دەبینی، لـە دەرەوە ناوەوەی دەبینی، ئەبو مـالیكی ئەشـعەری ڕەزای خـوای لـیّ بـیّ وتـی: ئـەی پێغەمبەری خوا ئەوە بۆ كێیە؟ فـەرمووی: بـۆ ئـەو كەسـەیە كـە قـسەی جـوان و چـاك بكـات، خواردن بدات بە فەقیرو هەژاران، شەونوێژ بكات لـە كاتێكـدا خـەڵك خـەوتوون، قورئـانی زۆر بخوێنیّ لـە شەودا.

شێوەی چادرەكانی بەهەشت:

ئەبو موسا ڕەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم فەرمویـەتی: (إنَّ لِلمُؤْمِنِ فِي الجَنَّةِ لَخَيْمَةً مِنْ لُؤْلُؤَةٍ وَاحِدَةٍ مُجَوَّفَةٍ طُولُها في السَّمَاءِ سِتُّونَ مِيلاً. لِلمُؤْمِنِ فِيهَا أَهْلُـونَ يَطُوفُ عَلَيْهِمُ المُؤْمِنُ فَلاَ يَرَى بَعْضُهُمْ بَعْضاً)[408]. واته: بۆ باوەڕدار لـه بەهەشتدا چادرێك هەیە لــە مرواری ناو بۆش، پانیەكـەی شەسـت میلــە، هــەروا درێژایەكەشـی شەسـت میلـە، لــە هــەر گۆشەیەكا كۆمەڵێكی تێدایە، ئەوانی دیكە نابینن، بڕوادار بەسەریاندا دەگەڕێت.

دارو درەختەكانی بەهەشت:

پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم دەفەرموێت: (مَا فِي الْجَنَّةِ شَجَرَةٌ إِلَّا وَسَاقُهَا مِنْ ذَهَبٍ)[409]. واته: هەر دارو درەختێك لـه بەهەشتدا بێت ئیللا قەد و لقەكانی لـه ئاڵتونە.

---

[406]- أخرجه أحمد والبزار والترمذي(صحيح سنن الترمذي): ٢٠٥٠ .

[407]- أخرجه الطبراني:٤٨٣ والحاكم وقال الألباني حسن صحيح, (صحيح الترغيب والترهيب): ٦١٧.

[408]- متفق عليه. أخرجه البخاري: ١٨١/٦ (٤٨٧٩) ، ومسلم: ١٤٨/٨ (٢٨٣٨) (٢٣).

[409]- أخرجه الترمذي وإبن حبان في صحيحه, (صحيح سنن الترمذي): ٢٠٤٩).

ئەبو سەعیدی خودری فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویـەتی: (إِنَّ فِـي الْجَنَّةِ لَشَجَرَةً يَسِيرُ الرَّاكِبُ فِي ظِلِّهَا مِائَةَ عَامٍ لَا يَقْطَعُهَا)[٤١٠] . واتـە: بێگومـان بەهەشـت درەختـی وای تێدایە سوار دەتوانێت سەد ساڵ بە سێبەرەکانیاندا بڕوات بێ ئەوەی ببڕێت.

خوای گەورە لەو بـارەوە دەفـەرموێت: M] ^ _ ` a b c d e f g h i j k l m L الواقعة: ٢٩– ٣٣. واتە: داری مۆزی هۆنراو بە هێشووە مۆز، سێبەری بەردەوام و، ئاوی ڕەوان، وە میوەهاتی زۆر، کە هەرگیز تەواو نابێ و قەدەغەش ناکرێ.

ڕووبارەکانی بەهەشت:

خوای گەورە دەفەرموێت: M V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b c d e f g h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | } ~ ٱلنَّارِ وَسُقُوا۟ مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ ﴿١٥﴾ L محمـد: ١٥. واتـە: وێنـەی ئـەو بەهەشـتەی کـە بـەڵێن دراوە بـدرێت بـە خواناسـان و پارێزکاران، ڕووباری ئاوی سازگاری تێدایە کە ناگۆڕێ، ڕووباری شـیر کـە تـامی نـاگۆڕێ، وە ڕووباری شەرابی خۆش بۆ ئەوانەی دەیخۆنەوە، وە ڕووباری هەنگوینی پاڵفتەکراو.

ئەنەس ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (دخلت الجنة فإذا أنا بنهر حافتاه خيام اللؤلؤ فضربت بيدي إلى ما يجري فيه الماء فإذا مسك أذفر فقلت ما هذا يا جبريل قال هذا الكوثر الذي أعطاكه الله)[٤١١]. واتە: چومە ناو بەهەشت و کاتێك لەسەر کەناری ڕووبارێك ڕاوەستا بووم بینیم دەوروبەری لێوارەکانی هەمووی پڕە لە چادر و خێوەتی گەوهەردار، منیش بەهەردوو دەستەکانم کێشام بە ئاوەکەدا بۆ ئەوەی ئاوم بۆ بێت، چ ئاوێ لە میسکێکی زۆر بۆنخۆش و پاك و بێگەرد بۆندار تربوو، گوتم: ئەی جبریل ئائەمە چییە؟ فەرمووی: ئەو ئاوە کەوسەرەیە کە خوا بەتۆی داوە لە بەهەشت تا بینۆشیت و بیدەیتە ئەوانەی ئەهلی بەهەشتن.

---

[٤١٠] - أخرجه البخاري: ٣٢٥١ .

[٤١١] - صحيح الجامع: ٣٣٦٥ .

پۆشاکی ئەهلی بەهەشت:

خوای گەورە دەفەرمویّت: M إِنَّ ٱللَّهَ يُدۡخِلُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ جَنَّٰتٖ تَجۡرِي مِن تَحۡتِهَا ٱلۡأَنۡهَٰرُ يُحَلَّوۡنَ فِيهَا مِنۡ أَسَاوِرَ مِن ذَهَبٖ وَلُؤۡلُؤٗاۖ وَلِبَاسُهُمۡ فِيهَا حَرِيرٞ ﴿٢٣﴾ L الحج: ٢٣. واتە: ئەوانەی کە باوەڕیان هێناوە و کردەوە چاکەکانیان کردووە دەیانخەنە بەهەشتانێك روبارەکان بەژێریاندا دەڕۆن، دەرازێنرێنەوە بە بازنی ئاڵتون و مرواری وە پۆشاکیان لە بەهەشتدا ئاوریشمە.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (مَنْ يَدْخُلُ الْجَنَّةَ يَنْعَمُ لَا يَبْأَسُ لَا تَبْلَى ثِيَابُهُ وَلَا يَفْنَى شَبَابُهُ)[٤١٢]. واتە: هەر کەس بچێتە بەهەشتەوە هەمیشە بەهرەمەند دەبێت و بێ هیوا نابێت، پۆشاکی کۆن نابێت و نادرێت، تافی لاوی بەسەر ناچێت و پیریش نابێت.

بەردەوامی و نەبڕانەوەی نازو نیعمەتی بەهەشت:

خوای گەورە دەفەرمویّت: M إِنَّ هَٰذَا لَرِزۡقُنَا مَا لَهُۥ مِن نَّفَادٍ ﴿٥٤﴾ L ص: ٥٤. واتە: ئەو نازو نیعمەتی بەهەشتە کە پێمان بەخشیون و لەناوچوون و بڕانەوەی نییە.

هەروەها دەفەرمویّت: M - . / | 9 L الرعد: ٣٥. واتە: خواردن و سێبەرەکەی هەمیشەییە.

ئیبن عومەر رەزای خوایان لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (إِذَا صَارَ أَهْلُ الْجَنَّةِ إِلَى الْجَنَّةِ وَأَهْلُ النَّارِ إِلَى النَّارِ جِيءَ بِالْمَوْتِ حَتَّى يُجْعَلَ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ ثُمَّ يُذْبَحُ ثُمَّ يُنَادِي مُنَادٍ يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ لَا مَوْتَ وَيَا أَهْلَ النَّارِ لَا مَوْتَ فَيَزْدَادُ أَهْلُ الْجَنَّةِ فَرَحًا إِلَى فَرَحِهِمْ وَيَزْدَادُ أَهْلُ النَّارِ حُزْنًا إِلَى حُزْنِهِمْ)[٤١٣]. واتە: کاتێك بەهەشتیەکان بەرەو بەهەشت یەکلایی کرانەوە و، دۆزەخیەکانیش بەرەو دۆزەخ یەکلاکرانەوە مردن دەهێنرێت لە نێوان بەهەشت و دۆزەخدا سەردەبڕرێت، ئینجا جارچیەك جاڕ دەدات، ئەی بەهەشتیەکان ئیتر مردن نییە، ئەی دۆزەخیەکانیش ئیتر مردن نی یە، ئیجا بەهەشتیەکانیش لەسەرو دڵخۆشیەکەیانەوە هێندەی تر

---

[٤١٢] - أخرجه مسلم: ٢٨٣٦.

[٤١٣] - أخرجه البخاري:٦١٨٢ ومسلم: ٢٥٨٠.

دڵخۆش دەبن و، دۆزەخیەکانیش لەسەرو خەفەتەکەیانەوە هێندەی تر خەفەتبار دەبن.

بەهەشت هیچ غەم و پەژارەیەکی تێدا نی یە:

خوای گەورە دەفەرموێت: M إِنَّ ٱلْمُتَّقِينَ فِى جَنَّٰتٍ © ﴿٤٥﴾ ٱدْخُلُوهَا بِسَلَٰمٍ ءَامِنِينَ ﴿٤٦﴾ وَنَزَعْنَا مَا فِى صُدُورِهِم ´ µ ¶ ¸ سُرُرٍ مُّتَقَٰبِلِينَ ﴿٤٧﴾ لَا يَمَسُّهُمْ فِيهَا نَصَبٌ وَمَا هُم مِّنْهَا بِمُخْرَجِينَ ﴿٤٨﴾ L الحجر: ٤٥ – ٤٨. واتە: بەڕاستی خواناس و پارێزکاران لەناو بقاخەکانی بەهەشت و کانیوە سازگارەکاندان، پێیان دەوترێت: بچنە ناوی بەسەلامەتی و سەلامەتان لەسەر بێت ژیانی پڕ لە ئاسوودەیی تیادا بەرنەسەر، لە کاتێکدا هەرچی کینەو بوغزە لە دڵ و دەروونیاندا دەرمان کێشاو ئەو بەختەوەرانە برای یەکترن و لەسەر کورسی و قەنەفە بەرامبەر بە یەکتر دادەنیشن و توشی هیچ کێشەو گرفتێك نابن و بەهەمیشەیی تێیدا دەحەوێنەوە، هیچ کات ئەوان لەو بەهەشتە دەرناکرێن.

حۆریەکانی بەهەشت:

خوای گەورە دەفەرموێت: M ; < = > ? @ A L الواقعة: ٢٢ – ٢٣. واتە: وە حۆریانی چاوگەش و چاو بەلەك، وەك مرواری ناو سەدەف وان.

هەروەها دەفەرموێت: M v w x y z L الدخان: ٥٤. واتە: هەروەها کیژانی چاو گەورە دەکەینە هاوسەریان.

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (وَلَوْ أَنَّ امْرَأَةً مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ اطَّلَعَتْ إِلَى أَهْلِ الْأَرْضِ لَأَضَاءَتْ مَا بَيْنَهُمَا وَلَمَلَأَتْهُ رِيحًا وَلَنَصِيفُهَا عَلَى رَأْسِهَا خَيْرٌ مِنْ الدُّنْيَا وَمَا فِيهَا)[٤١٤]. واتە: ئەگەر ئافرەتێکی بەهەشت خۆی پیشانی خەڵکی سەر زەوی بدات هەموو زەوی ڕۆشن دەکاتەوە و بۆن خۆشی دەکات، بەڕاستی تەنها سەرپۆشەکەی چاکترە لە هەموو دنیاو ئەوەیشی تێیدایە.

بازاڕەکانی بەهەشت:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی:

[٤١٤] - أخرجه البخاري: ٢٦٤٣.

(إِنَّ فِي الْجَنَّةِ لَسُوقًا يَأْتُونَهَا كُلَّ جُمُعَةٍ فَتَهُبُّ رِيحُ الشَّمَالِ فَتَحْثُو فِي وُجُوهِهِمْ وَثِيَابِهِمْ فَيَــزْدَادُونَ حُسْنًا وَجَمَالًا فَيَرْجِعُونَ إِلَى أَهْلِيهِمْ وَقَدْ ازْدَادُوا حُسْنًا وَجَمَالًا فَيَقُولُ لَهُمْ أَهْلُوهُمْ وَاللَّهِ لَقَدْ ازْدَدْتُمْ بَعْدَنَا حُسْنًا وَجَمَالًا فَيَقُولُونَ وَأَنْتُمْ وَاللَّهِ لَقَدْ ازْدَدْتُمْ بَعْدَنَا حُسْنًا وَجَمَالاً)[٤١٥]. واتــه: لــه بەهەشــتدا بازاڕێك هەیە، هەموو جومعەیـەك بەهـشتیەكان سـەردانی دەكـەن، شـنەبای شـەماڵ لێـان هـەڵ ئەكات، لـە گوڵاو و میسك و عەتری جۆراوجۆری بەهەشت دەپرژێنێ لە ڕەنگ و ڕوخسارو لــە جل و بەرگیان، ئیتر ئەوەندەی تر نازدار و شیرین و جوانیان ئەكات، جا لـەسـەر ئـەو حاڵــە، كـە گەڵێ لـە جارانیان جوانترن، دەگەڕێنـەوە بـۆ لای كـەس و كاریـان، كـەس و كارەكانیـان پێیـان دەڵێن: بە خوا گەلێ گەلێ لە جاران نازدار ترو جوانتر بوون! ئەوانیش دەڵێن: بـە خـوا ئێـوەش گەلێ گەلێ لە جاران نازدار ترو جوانتر بوون!

ڕازی بوونی خوا لـە ئەهلی بەهەشت:

ئـەبو سـەعیدی خـودری ڕەزای خـوای لـێ بـێ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلى الله عليـه وسـلم فەرمویـەتی: (إنَّ الله - عز وجل - يَقُولُ لأَهْلِ الجَنَّةِ: يَا أهْلَ الجَنَّةِ، فَيقولُونَ: لَبَّيكَ رَبَّنَا وَسَعْدَيْكَ، وَالخَيْـرُ فِي يَدَيْكَ ، فَيقُولُ: هَلْ رَضِيتُم؟ فَيَقُولُونَ: وَمَا لَنَا لاَ نَرْضَى يَا رَبَّنَا وَقَدْ أَعْطَيْتَنَا مَا لَـمْ تُعْـطِ أحـداً مِـنْ خَلْقِكَ، فَيَقُولُ: ألاَ أُعْطِيكُمْ أفْضَلَ مِنْ ذلِكَ ؟ فَيَقُولُونَ: وَأيُّ شَيءٍ أفْضَلُ مِنْ ذلِكَ؟ فَيقُولُ: أُحِلُّ عَلَـيكُمْ رِضْوَانِي فَلاَ أسْخَطُ عَلَيْكُمْ بَعْدَهُ أبَـداً)[٤١٦]. واتـە: خـوای باڵادەسـت و خـاوەن شـكۆ بـە بەهەشـتیەكان دەفەرموێت: ئـەی خـەڵكی بەهەشـت! ئـەوانیش بەیـەك دەنـگ دەڵـێن: بفـەرموو ئـەی پـەروەردگارمان، ئێمە ملكەچ و گوێڕایەڵی تۆین هەمیـشە ئێمـە ئامـادەین بـۆ جـێ بـەجێكردنی فەرمانـەكانت، سەرچـاوەی گشت خێرو خۆشی و بەهرەیەك لــە دەسـتی تۆدایـە، خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ئایـا ڕازیـن بـە بەشـی خۆتان لە بەهشتدا؟ دەڵێن: ئەی بۆ ڕازی نین ، لەم بەشە باشە كـە تـۆ داوتـە بـە ئێمـە دەبـێ لەمـە باشـتر هەبێ؟ خوای گەورە دەفەرموێت: ئەدی دەڵێن چی ئەگەر لــەوەیش باشـترتان پـێ بـدەم؟ دەڵـێن جـا شـتی وا هەیـە، دەبـێ چـی هــەبێ لــەوە باشــتر بـێ ؟ خـوای گـەورە دەفـەرموێت: شایـستەی خۆشـنودی و ڕەزامەندی خۆمتان دەكەم، لەمەولا هەرگیز لێتان زویر نابم و نارەنجێم.

---

[٤١٥] - أخرجه مسلم: ٢٨٣٣.

[٤١٦] - متفق عليه. أخرجه البخاري: ١٤٢/٨ (٦٥٤٩)، ومسلم: ١٤٤/٨ (٢٨٢٩) (٩).

گەورەترین خۆشی بەهەشت بینینی خوایە:

خوای گەورە دەفـەرموێت: M " # $ % ' ( ) * + , . / 0 2 3 4 5 L یونس: ٢٦. واتە: بۆ ئەوانەی چاکەیان کردووە پاداشـتی چـاکتر و زیاتریـانن هەیـە (کە بینینی خوایە) دەم و چاویان داناگرێ هیچ رەشی و تەپ و تۆزو ریـسواییەك ئەوانـە هـاورێی بەهەشتن، ئەوانە لـەو(بەهەشتە)دان بە هەمیشەیی.

هەروەها دەفەرموێت: M (* + , - . / 0 L القیامة: ٢٢ – ٢٣. واتە: زۆر روخسار لـەو رۆژەدا گەشاوەن، تەماشای پەروەردگاریان دەکەن.

صوهەیب رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلـم فەرمویـەتی: (إذا دَخَلَ أهْلُ الجَنَّةِ الجَنَّةَ يَقُولُ اللهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى: تُرِيدُونَ شَيئاً أَزِيدُكُمْ ؟ فَيَقُولُونَ: أَلَمْ تُبَيِّضْ وُجُوهَنَا؟ أَلَمْ تُدْخِلْنَا الجَنَّةَ وَتُنَجِّنَا مِنَ النَّارِ؟ فَيَكْشِفُ الحِجَابَ، فَمَا أُعْطُوا شَيْئاً أَحَبَّ إِلَيْهِمْ مِنَ النَّظَـرِ إِلَـى رَبِّهِمْ)[٤١٧]. واتە: کاتێك بەهەشـتیەکان سـەرجەم دەچـنە بەهەشـت، خـوا تـەبارك و تعـالی پێیـان دەفەرموێت: ئەرێ شتێکی ترتان دەوێ بۆتان زیاد بکەم؟ ئـەوانیش دەڵـێن: چـی مـاوە تـا پێمـان بدەیت، ئەوەتانێ رووت سپی کردووین و لـەناو بەهەشتدا داتناوین و لـە ئاگری دۆزەخ رزگـارت کردووین! جا خوا پەردەی نێوانی خۆی و بەنـدەکانی هـەڵ دەمـاڵێ و بەنـدەکان بەچـاوی سـەر تەماشای زاتی پەروەردگاری خۆیان دەکەن، ئیتر هەرگیز شتی وا خـۆش و خۆشەویـست لـەوەو پێش خەڵات نەکراوە پێیان، وەك ئەوە بەچاوی سەر تەماشای زاتی پەروەردگاری خۆیان بکەن.

جەریری کوڕی عبدالله بەجەلی رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: شەوێ لـە خزمـەت پێغەمبـەردا بووین، مانگی چواردە بوو، تەماشایەکی مانگی کردوو فـەرمووی: (إِنَّكُمْ سَتَرَوْنَ رَبَّكُمْ كَمَا تَرَوْنَ هَذَا القَمَرَ، لاَ تُضَامُونَ فِي رُؤْيَتِهِ، فَإِنِ اسْتَطَعْتُمْ أَنْ لاَ تُغْلَبُوا عَلَى صَلاَةٍ قَبْلَ طُلُوعِ الشَّمْسِ وَقَبْـلَ غُرُوبِهَا، فَافْعَلُوا)[٤١٨]. واتە: چۆن ئێستا ئەو مانگی چواردەیە بە ئاسـانی دەبیـنن لـە قیامەتـدا ئـاوا خوای خۆتان دەبینن و لـە بینینیدا توشی هیچ زەحمەتێ نابن، دەی بە ئومێدی شادبوون بـەو بـەهرە گەورەیە تا دەتوانن ئاگاداری نوێژی بەیانی و عەسر بـن و مـەیان فـەوتێنن. پاشـان ئـەم ئایەتـەی

---

[٤١٧] - أخرجه مسلم: ١١٢/١ (١٨١) (٢٩٧) .

[٤١٨] - متفقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري ١٤٥/١ (٥٥٤) ، ومسلم ١١٣/٢ (٦٣٣) (٢١١).

خوێندەوە: L k j i h g f e d c a ` _ ^] \ [Z M
طه: ١٣٠.

زۆربەی ئەهلی بەهەشت هەژارەكانن:

هەروەها دەفەرمویێت: (ألاَ أُخْبِرُكُمْ بِأهْلِ الجَنَّةِ ؟ كُلُّ ضَعِيف مُتَضَعَّف، لَوْ أقْسَمَ عَلَى اللهِ لأَبَرَّهُ، أَلاَ أُخْبِرُكُمْ بِأهْلِ النَّارِ ؟ كُلُّ عُتُلٍّ جَوّاظٍ مُسْتَكْبِرٍ)[419]. واتە: پێتان بڵێم بەهەشتیەكان كامانەن؟ وتیان: بەڵێ فەرموو: هەموو كەسێكی لاوازی خۆ بە لاواز زان، كە ئەگەر سوێند لەسەر خوا بخوات داواكەی بۆ جێبەجێ دەكات، پاشان فەرمووی: پێتان بڵێم دۆزەخیەكان كامانەن؟ وتیان: بەڵێ فەرموو: هەموو كەللە رەقێكی چاوبرسی خۆ پەرستی لەخۆبایی خۆ بەزلزان.

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (يَدْخُلُ الجَنَّةَ أَقْوامٌ أفْئِدَتُهُمْ مِثلُ أفْئِدَةِ الطَّيرِ)[420]. واتە: كۆمەڵانی وەها دەچنە بەهەشتەوە دڵیان وەك دڵی باڵندە وایە.

هەروەها فەرمویەتی: (تَحَاجَّتْ الْجَنَّةُ وَالنَّارُ فَقَالَتْ النَّارُ أُوثِرْتُ بِالْمُتَكَبِّرِينَ وَالْمُتَجَبِّرِينَ وَقَالَتْ الْجَنَّةُ فَمَا لِي لَا يَدْخُلُنِي إِلَّا ضُعَفَاءُ النَّاسِ وَسَقَطُهُمْ وَغِرَّتُهُمْ..)[421]. واتە: بەهەشت و دۆزەخ مشت و مڕیان بوو، دۆزەخ وتی: من تایبەت كراوم بە خۆ بەزلزان و مل هوڕە ستەمكارەكان، بەهەشتیش گوتی: باشە من چیمە وا هەر كەسانی زەبوون و لاواز و بێ سەرو ساختە و رازونیاز نەبێت نایەتە ناوم؟.

بەهەشت بە ناخۆشی دەورە دراوە:

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (حُفَّتْ الْجَنَّةُ بِالْمَكَارِهِ وَحُفَّتْ النَّار بِالشَّهَوَاتِ)[422] . واتە: بەهەشت بە ناخۆشی دەورە دراوە، واتە بەدەست هێنانی بەهەشت

---

[419]- مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري: ١٩٨/٦ (٤٩١٨)، ومسلم: ١٥٤/٨ (٢٨٥٣) (٤٦).

[420]- أخرجه مسلم ١٤٩/٨ (٢٨٤٠) (٢٧) .

[421]- أخرجه البخاري:٤٥٦٩, ومسلم: ٢٨٤٦.

[422]- مُتَّفَقٌ عَلَيهِ . أخرجه البخاري ١٢٧/٨ (٦٤٨٧) ، ومسلم ١٤٣/٨ (٢٨٢٣) .

بەزەحمەت و هەوڵدانە، بەڵام دۆزەخ بە ئارەزوو هەواو هەوەس دەورە دراوە، واتە دۆزەخ بە شوێن کەوتنی ئارەزووە و بە ئاسانی بەدەست دێت.

ئەهلی بەهەشت هەرگیز مردن ناچەژن:

خوای گەورە دەفەرموێت: M لَا يَذُوقُونَ فِيهَا الْمَوْتَ إِلَّا الْمَوْتَةَ الْأُولَىٰ وَوَقَاهُمْ عَذَابَ الْجَحِيمِ ﴿٥٦﴾ L الدخان: ٥٦.
واتە: لە بەهشتدا هەرگیز مردن ناچەژن، جگە لە مردنی یەکەم جار وە(خوا) لە سزای دۆزەخ پاراستونی.

ئەبوسەعید و هورەیرە رەزای خوایان لێ بێ فەرموویانە: پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (إذَا دَخَلَ أهْلُ الجَنَّةِ الجَنَّةَ يُنَادِي مُنَادٍ: إنَّ لَكُمْ أنْ تَحْيَوْا، فَلاَ تَمُوتُوا أَبَداً، وإنَّ لَكُمْ أنْ تَصِحُّوا، فلا تَسْقَمُوا أبداً، وإنَّ لَكمْ أنْ تَشِبُّوا فلا تَهْرَمُوا أبداً، وإنَّ لَكُمْ أَنْ تَنْعَمُوا، فَلاَ تَبْأسُوا أَبَداً)[٤٢٣].
واتە: کاتێك بەهەشتیەکان سەرجەم چوونە ناو بەهەشتەوە ئیتر جارچی جاردەدا ئەم مژدە خۆشەیان بۆ پەخش دەکاتەوە: ئەی دانیشتوانی بەهەشت ! ژیانی نەبڕاوەی پڕ خێر و خۆشی تاپۆیە لەسەرتان ئیتر هەتا هەتایە لەم نازو نیعمەتەدا دەژین و هەرگیز نامرن، هەتا هەتایە بە لەشی ساغ و بەبێ دەردو ئازارو نەخۆشی بە ئاسودەیی دەژین، هەمیشە جەهێڵ و لاو دەبن قەت قەت پیرو ئیختیارو کەفتەکار نابن، هەمیشەش لە نازو نیعمەتدا دەبن قەت قەت هەژار و کەساس ناکەون.

ئیمان و ئیسلام دەبنە هۆی چوونە بەهەشت:

پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (مَنْ آمَنَ بِاللَّهِ وَبِرَسُولِهِ وَأَقَامَ الصَّلَاةَ وَصَامَ رَمَضَانَ كَانَ حَقًّا عَلَى اللَّهِ أَنْ يُدْخِلَهُ الْجَنَّةَ)[٤٢٤]. ئەوەی باوەڕی بە خوا و پێغەمبەر هەبێت نوێژەکانی بە چاکی ئەنجام بدات و رۆژووی مانگی رەمەزان بگرێت خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە.

هەروەها دەفەرموێت: (مَن آمَن بالله و رسولِه وأَقامَ الصّلاةَ وَصام رمضان فانّ حقاً علی الله أن يدخلة الجنّة)[٤٢٥]. ئەوەی باوەڕی بە خوا و پێغەمبەرهەبێت نوێژەکانی بە چاکی ئەنجام بدات و رۆژووی مانگی رەمەزان بگرێت خوای گەورە دەیخاتە بەهەشتەوە.

---

[٤٢٣] - أخرجه مسلم: ١٤٨/٨ (٢٨٣٧) (٢٢) .

[٤٢٤] - أخرجه البخاري: ٢٥٨١, ٦٨٧٣.

[٤٢٥] - أخرجه البخاري: ٢٧٩٠, ٧٤٢٣.

سیفەتەکانی ئاگری دۆزەخ

ترسان لە ئاگر:

خوای گەورە دەفەرمویت: Mيَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ قُوٓاْ أَنفُسَكُمۡ وَأَهۡلِيكُمۡ نَارٗا وَقُودُهَا ´ µ ¶ ¸ عَلَيۡهَا مَلَٰٓئِكَةٌ غِلَاظٞ شِدَادٞ لَّا يَعۡصُونَ ٱللَّهَ مَآ أَمَرَهُمۡ وَيَفۡعَلُونَ مَا يُؤۡمَرُونَ ﴿٦﴾ L التحريم: ٦. واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە خۆتان و خاوو خێزانتان بپاریزن لەو ئاگرەی سوتەمەنییەکەی خەڵك و بەردە، سەرپەرشتیاری ئەو دۆزەخ و ئاگرە جۆرە مەلائیکەیەکن زۆر دڵ رەق و تونـدو تیـژن، نافەرمانی خوا ناکەن لە هیچ شتێکدا کە فەرمانیان پێ بدات و هەرچی فەرمانێکیان پێ بدرێ ئەنجامی دەدەن.

هەروەها دەفەرمویت: Mفَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾ L البقرة: ٢٤. واتە: خۆتان بپاریزن لەو ئاگرەی سوتەمەنییەکەی خەڵك و بەردە، بۆ کافرەکان ئامادەکراوەو چاوەڕێیان دەکات.

عەدی کوڕی حاتیم رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: بیستم لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەیفەرموو: (اتَّقُوا النَّارَ وَلَوْ بشقِّ تَمْرَةٍ)[٤٢٦]. واته: خۆتان لە ئاگری دۆزەخ بپاریزن با بە لەتی دەنکە خورمایەکیش بێت.

هەروەها فەرمویەتی: (مَثَلِي وَمَثَلُكُمْ كَمَثَلِ رَجُلٍ أوْقَدَ نَاراً فَجَعَلَ الجَنَادِبُ والفَرَاشُ يَقَعْنَ فِيهَا وَهُوَ يَذُبُّهُنَّ عَنْهَا ، وَأَنَا آخذٌ بِحُجَزِكُمْ عَنِ النَّارِ ، وَأَنْتُمْ تَفَلَّتونَ مِنْ يَدَيَّ)[٤٢٧]. واتە: وێنەی من و وێنەی ئێوەی نەتەوەی من وەك وێنەی پیاوێك وایە ئاگرێکی کردبێتەوە جانەوەر و پەپولەیەکی زۆر دوریان دابێت پەیتا پەیتا تێی بکەون و بسوتێن ئەویش خۆش خۆش دوریان بخاتەوە لە ئاگرەکە، کەچی ئێوە بەزۆر خۆتان لە دەستم رادەپسکێنن و خۆتانی تێ فڕێ دەدەن.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم پەنای گرتووە بە خوا لە ئاگر:

ئەنەس رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: زۆرترین پاڕانەوەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم

---

[٤٢٦] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري: ١٣٦/٢ (١٤١٧) ، ومسلم: ٨٦/٣ (١٠١٦).

[٤٢٧] - أخرجه مسلم: ٦٤/٧ (٢٢٨٥) (١٩) .

ئەمە بوو ئەیفەرموو: (اللَّهُمَّ آتِنَا في الدُّنْيَا حَسَنَةً، وَفِي الآخِرَةِ حَسَنَةً، وَقِنَا عَذَابَ النَّارِ)[٤٢٨].

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمانی دەکرد بە هاوەڵانی لــە دوای تــەحیات خوێنــدن پەنا بگرن بە خوا لـە چوار شت کە یەکێکیان ئاگری دۆزەخــە، وەك لــەم فەرمودەیــەدا ئامــاژەی پێداوە: (اللَّهُمَّ إِنِّي أَعُوذُ بِكَ مِنْ عَذَابِ جَهَنَّمَ، وَمِنْ عَذَابِ القَبْرِ، وَمِنْ فِتْنَةِ المَحْيَا وَالْمَمَاتِ، وَمِــنْ شَرِّ فِتْنَةِ المَسِيحِ الدَّجَّالِ)[٤٢٩].

ئەنەسی کوڕی مالیك ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صــلی الله علیــە وســلم فەرمووی: (مَنْ سَأَلَ اللَّهَ الْجَنَّةَ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ قَالَتْ الْجَنَّةُ اللَّهُمَّ أَدْخِلْهُ الْجَنَّةَ وَمَنْ اسْتَجَارَ مِنْ النَّــارِ ثَلَاثَ مَرَّاتٍ قَالَتْ النَّارُ اللَّهُمَّ أَجِرْهُ مِنْ النَّارِ)[٤٣٠]. واتە: ئەوەی سێ جار دوای بەهەشت بکات لــە خوای گەورە، بەهەشت دەڵێ: خوایە بیخەرە بەهەشتەوە، وە ئەوەی سێ جار پەنا بگرێت بە خوا لـە ئاگری دۆزەخ، دۆزەخ دەڵێ: خوایە بیپارێزە لـە ئاگر.

خوای گەورە فەرمانی کردووە بە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم کە خزم و کەسە نزیکــەکانی ئاگادار بکاتەوەو بیانترسێنێت لـە ئاگری دۆزەخ:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ دەڵێ: کاتێك ئەم ئایەتە دابــەزی: M O P Q R L الشعراء: ٢١٤. واتە: خزمە هەرە نزیکەکانت ئاگادار بکەرەوەو بیانترسێنە لـە قار و غەزەبی خوا.

پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم قورەیشی بانگ کرد کە کۆبونەوە، هەم بەشێوەی بەگشتی هەم بەشێوەی تایبەتی مەترسی نانە بەرو هۆشیاری کردنەوە، یەکە بە یەکە نــاوی هێنــان و فــەرمووی: (يَا بَنِي عَبْدِ شَمْسٍ، يا بَنِي كَعْبِ بْنِ لُؤَيٍّ، أنقِذُوا أنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ، يَا بَنِي مُرَّةَ بن كَعْبٍ، أنْقِــذُوا أنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ، يَا بَنِي عَبْدِ مَنَاف ، أنْقِذُوا أنْفُسَكُمْ مِنَ النَّارِ، يَا بَنِي هاشم، أنقذوا أنفسكم مــن النار، يَا بني عبد المطلب، انقذوا أنفسكم من النار، يَا فَاطِمَةُ، أنْقِذي نَفْسَكِ مِنَ النَّارِ. فَإنِّي لا أمْلِكُ لَكُمْ مِنَ اللهِ شَيئاً ، غَيْرَ أنَّ لَكُمْ رَحِماً سَأَبُلُّهَا بِبِلالِهَا)[٤٣١]. واتە: ئەی نــەوەی عبــدو شــەمس! ئــەی

---

[٤٢٨] - متفقٌ عَلَيْهِ .أخرجه البخاري: ١٠٢/٨ (٦٣٨٩) ، ومسلم ٦٨/٨ (٢٦٩٠) (٢٦) .

[٤٢٩] - أخرجه مسلم: ٩٣/٢ (٥٨٨) (١٢٨) .

[٤٣٠] - أخرجه الترمذي و النسائي, صحيح سنن إبن ماجة: ٤٣٤٠, صحيح الجامع: ٦٢٧٥ .

[٤٣١] - أخرجه مسلم: ١٣٣/١ (٢٠٤) (٣٤٨) .

نەوەی کەعبی کوڕی لوئەی! خۆتان لـە ئاگری دۆزەخ رزگارکەن، ئەی نـەوەی مـورەی کـوڕی کەعب! خۆتان لـە دۆزەخ رزگارکەن، ئەی نەوەی عەبدو مەناف! خۆتان لـە دۆزەخ رزگارکـەن، ئەی نەوەی هاشم! خۆتان لـە دۆزەخ رزگارکەن،،ئەی فاتیمەی کچی موحەممەد خۆت لــە دۆزەخ رزگارکە، بزانن من لـەلای خوا دەسەلاتی هیچم نییەکە بیکەم بۆ ئێوە، ئەوەندە هەیە لــە دنیـادا مافی خزمایەتیتان بەجێ ئەهێنم.

ئەوانەی ژیرو هۆشمەندن پەنایان گرتووە بە خوا لـە سزای ئاگر:

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: M Y Z [\ ] ^ _ ` a b c d
e f g h i j k l m n o p q r s t u v w
x y z { | } ~ ٱلنَّارَ فَقَدۡ أَخۡزَيۡتَهُۥۖ وَمَا لِلظَّٰلِمِينَ مِنۡ أَنصَارٖ ١٩٢ L آل عمران: ١٩٠ – ١٩٢. واته: بەڕاستی لـە دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویدا و لـە جیاوازی شەو و رۆژدا چەندەها بەڵگە هەیـە بۆ خاوەن ژیریەکان، ئەوانەی کە یـادی خـوا دەکـەن بـەپێوەو بەدانیـشتنەوە بەڕاکـشانەوە، وە بیردەکەنەوە لـە دروستکردنی ئاسمانـەکان و زەوی ئـەڵێن: ئـەی پـەروەردگارمان ئـەم جیهانـەت دروست نەکردووە بەبێهودە، پاك و بێگەردی بۆ تـۆ، دەسـا تـۆش بمانپـارێزە لــە سـزای ئـاگری دۆزەخ، ئەی پەروەردگارمان هەر کەس تۆ بیخەیتە ئاگری دۆزەخـەوە ئـەوە بێگومـان ریـسوات کردووە، وە هیچ پشتیوانێك نی یە بۆ ستەمکاران.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلـم لـە باسی ئەو مەلائیکانەدا کە دەگەڕێن بە شوێن ئەوانەدا کۆدەبنەوەو یادی خوا دەکەن: خوای گەورە لـێیان دەپرسێت لـە کاتێکدا خـۆی لــەوان ئاگـادار ترە بە حاڵیـان: (مِمَّ يَتَعَوَّذُونَ ؟ قَالَ: يقولون: يَتَعَوَّذُونَ مِنَ النَّارِ، قَالَ: فيقولُ: وَهَلْ رَأَوْهَا؟ قَـالَ: يقولون: لا واللهِ مَا رَأَوْهَا. فيقولُ: كَيْفَ لَوْ رَأَوْهَا ؟! قَالَ: يقولون: لَوْ رَأَوْهَا كانوا أشَدَّ مِنْهَا فِرَاراً، وأشَدَّ لَهَا مَخَافَةً. قَالَ: فيقولُ: فَأُشْهِدُكُمْ أنِّي قَدْ غَفَـرْتُ لَهُـم..)[٤٣٢]. واتـە: بەنـدەکانم لـەچـی دەترسن و خۆیان لـەچی دەپـارێزن؟ پێغەمبـەر صـلی الله علیـە وسـلـم فـەرمووی: مەلائیکـەکان دەڵێن: لـە ئاگر دەترسن و پەنا دەگرن بە خوا لـێی، خوا پێان دەفەرموێت: ئایا دیویانە؟ دەڵێن: نـە بەخوا نەیان دیوە، خوا دەفەرموێت: ئەگەر ببینن چۆنە ؟ فەرمووی: دەڵێن: ئەگـەر ببیـنن زیـاتر

---

[٤٣٢] - متفق عَلَيْهِ. أخرجه البخاري: ٨/١٠٧ (٦٤٠٨) ، ومسلم: ٨/٦٨ (٢٦٨٩) (٢٥).

لـە دەستی هەڵدێن و زیاتر لـێی ئەترسن، فەرمووی: خوا دەفەرموێت: دە ئێـوە بەشـایەت بـن مـن لـێیان خۆشبووم..

پیاوچاکانی پێشین لـە سزای ئاگر ترساون:

سلێمانی دارانی وتویەتی: ئەسڵی هەموو شتێك لـە دنیاو لـە قیامەتدا ترسـانە لــە خـوای گـەورە، هەر دڵـێ خاڵی بێت لـە ترسی خوا ئەوە دڵێکی وێرانە [٤٣٣].

پیاوچاکانی پێشین کاتێك ئاگریان دەبینی حاڵیان دەگۆڕا:

خوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿نَحْنُ جَعَلْنَاهَا تَذْكِرَةً وَمَتَاعًا لِّلْمُقْوِينَ ﴿٧٣﴾﴾ الواقعـة: ٧٣. واتـە: ئێمـە ئـەو (ئاگرە) مـان کـردووە بەیادخـەرەوە (ی ئـاگری دۆزەخ). موجاهیـد دەڵـێ: واتـە ئـاگری دنیـا یادخەرەوەی ئاگری دوارۆژە.

عەتای خۆراسانی دەڵـێ: جارێکیان وەیسی قەرەنی لای ئاسنگەرەکاندا راوەستا سەیری کـردن چۆن ئاسن نەرم دەکەنەوە بە ئاگر، گوێی لـە دەنگی ئاگری ناو کورکە بوو هـاواری کـردوو لــە هۆش خۆی چوو [٤٣٤].

(فضیل کوڕی عیاض) گوتویەتی: ترسان باشترە لـە هیواو ئومێد پێش هـاتنی مـەرگ، بـەڵام لــە کاتی هاتنی مردندا هیواو ئومێد چاکترە.

عومەری کوڕی خەتاب رەزای خوای لـێ بێ فەرمویەتی: ئەگـەر بـانگ کـەرێ لــە ئاسمانـەوە هاوار بکات و بڵێت: ئەی خەڵکینە هـەمووتان دەچـنە بەهەشـتەوە تـەنها یـەك کەسـتان نـەبێت دەترسم ئەو کەسە من بم.. [٤٣٥].

حەسەن وتی: عومەر کاتێك ئاگر بڵێسەی دەدا هەردوو دەستی لـێ نزیـك دەکـردەوەو پاشـان دەیفەرموو: ئەی کوڕی خەتاب ئایا تۆ بەرگەی ئەمە دەگریت و خۆت پێ رادەگیرێ ؟[٤٣٦].

---

[٤٣٣] - التخويف من النار لإبن رجب الحنبلي: ١٣/١.

[٤٣٤] - التخويف من النار.

[٤٣٥] - الحلية: ٥٣/١.

[٤٣٦] - التخويف من النار: ٤٢/١.

ماليكى كوڕى دينار وتى: كچێكى (ربيع كوڕى خثيم) شەوێكيان بە باوكى گوت: باوكە ئەوە بۆ ناخەويت خەڵك هەموو خەوتون؟ ئەويش وتى: كـچى خـۆم بەڕاسـتى ئـاگر نـاهێڵێ باوكـت بخەوێ[٤٣٧].

ئاگرى دۆزەخ سزايەكە خواى گەورە ئامادەى كردووە بۆ كافرو دووڕووەكان:

خواى گەورە دەفەرموێت: M إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْكَٰفِرِينَ فِى جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾ L النساء: ١٤٠. واتـە: بەڕاستى خواى گەورە بێ باوەڕەكان و دووڕووەكان هەموويان لـە دۆزەخدا كۆدەكاتەوە.

كافرو دووڕووەكان دەستە دەستە راپێچى دۆزەخ دەكرێن:

خـــواى گـــەورە دەفـــەرموێت: M S T U V W X Z [\ ] ^ _ `
a b c d e f g h i j k l m o p q r s t
u v w x y z { | { فَبِئْسَ مَثْوَى ٱلْمُتَكَبِّرِينَ ﴿٧٢﴾ L الزمر: ٧١ – ٧٢. واتە: ئەوانەى كافربوون پۆل پۆل بـەرەو دۆزەخ بـەڕێكران، تـا كاتێـك دەگەنـە لاى دۆزەخ يەكـسەر كتوپڕ دەرگاكانى دۆزەخ بەڕوياندا دەكرێتەوە، وە دەرگاوانەكانى دۆزەخ پێيان دەڵێن: ئەدى لـە خۆتان چەند پێغەمبەرێك نەهاتن بۆ لاتان و ئايەتەكانى پەروەردگاريان بەسەرتاندا نەخوێندەوە، لـە ديدارى ئەمڕۆتان نەيان ترساندن؟! دەڵێن: با بەڵام بڕيارى سزاو ئەشكەنجەدان بەسەر كافرەكانـدا چەسپيوە. پێيان گـوترا: دە بـچنە نـاو دەرگاكـانى دۆزەخـەوە، بەهەميـشەيى تێيـدا بـن، دۆزەخ خراپترين شوێنە بۆ خۆ بەزلگران.

هەروەها دەفەرموێت: M n o p q r s L مـريم: ٨٦. واتە: تاوانبارەكـان بـەرەو دۆزەخ لێ دەخورێن بە تينوێتى.

ئاگرى دۆزەخ ئێستاكە هەيە و ئامادەكراوە:

عەقيدەى زۆربەى زانايانى ئەهلى سونەت لـەسەر ئەوەيە كـە دۆزەخ ئێـستاكە هەيـە، بەبەڵگـەى چەندەها ئايەت و فەرمودە:

خواى گەورە دەفـەرموێت: M y z { | } L النبـأ: ٢١. واتـە: بێگومـان دۆزەخ خـۆى

[٤٣٧] - التخويف من النار: ١/٤٤.

مەلاس داوەو لـە کەمین دایە.

هەروەها دەفــەرمویت: Mفَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾ L البقـرة: ٢٤. واتــە: خۆتان بپاریزن لــەو ئـاگرەی سـوتەمەنییەکەی خـەڵك و بـەردە، بـۆ کافرەکـان ئامـادەکراوەو چاوەڕێیان دەکات.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرمویت: (اطَّلَعْتُ فِي النَّــارِ فَرَأَيْــتُ أَكْثَــرَ أَهْلِهَــا النِّسَاءَ)[٤٣٨]. واتە: دۆزەخم نیشان درا، سەیرم کرد زۆربەی خەڵکەکەی ئافرەتانن.

ئـەبو هـورەیرە ڕەزای خـوای لــێ بــێ فـەرمووی: پێغەمبــەری خـوا صــلی الله علیـه وســلم فەرمویەتی: (وَالَّذِي نَفْسُ مُحَمَّدٍ بِيَدِهِ لَوْ رَأَيْتُمْ مَا رَأَيْتُ لَضَحِكْتُمْ قَلِيلًا وَلَبَكَيْتُمْ كَثِيرًا قَــالُوا وَمَــا رَأَيْتَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ رَأَيْتُ الْجَنَّةَ وَالنَّارَ)[٤٣٩]. واتە: سوێند بەو کەســەی گیـانی منـی بەدەسـتە ئەگەر ئەوەی من بینیومە ئێوەش بتان بینیایە ئەوا کەم پێ دەکەنین و زۆر دەگریان ، وتیـان چـیت بینیوە ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم؟ فەرمووی: بەهەشت و دۆزەخم بینیوە.

ئیبن مەسعود ڕەزای خوای لێ بێ گێڕاویەتــەوە کــە پێغەمبــەری خـوا صــلی الله علیــە وســلم فەرمویەتی: (الجَنَّةُ أَقْرَبُ إِلَى أَحَدِكُمْ مِنْ شِرَاكِ نَعْلِهِ، وَالنَّارُ مِثْلُ ذلِكَ)[٤٤٠] . واتە: هەر کەسێك لــە ئێوە بەهەشت لـە بەرەزوانەی پێڵاوەکانی لێی نزیکترە، دۆزەخیش هەروەها.

سەعیدی کوڕی جوبەیر گوتویەتی: چۆن پێبکەنم لـە کاتێکدا ئـاگری دۆزەخ کڵپــەی دێـت و پێوەندەکانی دامەزراون و کاربەدەستەکانیش ئامادەکراون .

[٤٣٨]- أخرجه البخاري: ١٤٢/٤ (٣٢٤١) عن عمران بن حصين.

[٤٣٩]- أخرجه مسلم: ٤٢٦.

[٤٤٠]- أخرجه البخاري: ١٢٧/٨ (٦٤٨٨) .

ناوەكانی دۆزەخ لە قورئاندا:

١- ئاگر (النار):

خوای گەورە دەفەرمویێت: M وَيَوْمَ يُحْشَرُ أَعْدَآءُ ٱللَّهِ إِلَى ٱلنَّارِ فَهُمْ يُوزَعُونَ ﴿١٩﴾ حَتَّىٰٓ إِذَا مَا جَآءُوهَا شَهِدَ عَلَيْهِمْ سَمْعُهُمْ وَأَبْصَٰرُهُمْ وَجُلُودُهُم بِمَا كَانُوا۟ يَعْمَلُونَ ﴿٢٠﴾ L فصلت: ١٩ – ٢٠. واتە: وە رۆژێ دوژمنانی خوا كۆدەكرێنەوە بەرەو ئاگر راپێچ دەكرێن ریزدەكرێن تاكو ئەوانی تر پێیان دەگەنەوە شایەتی دەدەن گوێكانیان وە چاوەكانیان وە پێستیان بەو كارە خراپانەی كە كردویانە شایەتی دەدەن لەسەریان.

هەروەها دەفەرمویێت:M 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? L البقرة: ٣٩. واتە: ئەوانەی كە بێ بڕوابوون و نیشانەو ئایەتەكانی ئێمەیان بەدرۆ زانی ئەوانە هاوەڵ و هاودەمی ئاگرن تیایدا ئەمێننەوە بەهەتا هەتایی.

٢ - جەهەنەم (جهنم):

خوای گەورە دەفەرمویێت: M v w x y z { | } ~ وَلَا يُخَفَّفُ عَنْهُم مِّنْ عَذَابِهَا كَذَٰلِكَ نَجْزِى كُلَّ © ﴿٣٦﴾ L فاطر: ٣٦. واتە: ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوانەیە بێباوەڕ بوون بڕیاری لەناو چوونیان نادرێت تا بمرن و رزگاریان بێت، هەروەها سزاشیان لەسەر سووك ناكرێت، ئابەو جۆرە تۆڵە ئەسێنین لە هەموو بێباوەڕێك.

هەروەها دەفەرمویێت: M y z { | } ~ صَدِيدٍ ﴿١٦﴾ يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ وَيَأْتِيهِ ٱلْمَوْتُ مِن © مَكَانٍ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٍ وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٌ ´ L إبراهيم: ١٦ – ١٧. واتە: (هەر یەك لەوانە) لە داهاتوودا دۆزەخ چاوەڕێیەتی و تێیدا كێم و زوخاوی دەرخوار دەدرێت، جا ئەو كێم و زووخاو قوم قوم بەناچاری دەخواتەوە، بە ئاسانی بۆی قوت نادرێت، مردنی بۆ دێت لە هەموو لایەكەوە كەچی ناشمرێت، لە دوای ئەوەش سزای سەخت دەدرێ.

٣ - (الجحيم):

خوای گەورە دەفەرمویێت: M _ ` a b c d e f g h i j k l L الانفطار: ١٤–١٦. واتە: بێگومان بەدكاران لە دۆزەخان، لە رۆژی پاداشتدا دەچنە ناوی، وە ئەوان لێی دەرناچن.

هەروەها دەفەرموێت: M وَبُرِّزَتِ © لِمَن يَرَىٰ ﴿٣٦﴾ L النازعـات: ٣٦. واتە: وە دۆزەخ پیــشان درا بـۆ هەر کەسێك کە بڕوانێ.

٤ - سەقەر:

خـــــوای گـــــەورە دەفـــــەرموێت: M F G H I J K L M N O P Q R S T U L المدثر: ٢٦– ٢٩. واتە: زوو دەیخەمە دۆزەخەوە، تۆ چـوزانیت دۆزەخ چـیـیە؟ (ئاگرێکـە) هـیچ ناهێڵێتەوەو واز ناهێنێ، پێست رەش دەکاتەوەو دەیبرژێنێت.

هەروەها دەفەرموێت: M إِنَّ ٱلۡمُجۡرِمِينَ فِي ضَلَٰلٖ وَسُعُرٖ ﴿٤٧﴾ يَوۡمَ يُسۡحَبُونَ فِي ٱلنَّارِ عَلَىٰ وُجُوهِهِمۡ ذُوقُواْ مَسَّ سَقَرَ ﴿٤٨﴾ L القمر: ٤٧ – ٤٨. واتە: بەڕاستی تاوانبارەکـان لـە گـومرایی و شـێتیدان، ئـەو ڕۆژەی کـە لـە ئـاگری دۆزەخدا بەسەر روخساریان رادەکێشرێن، (پێیان) دەڵێن: بچەژن ئازاری دۆزەخ.

٥ - (السعیر):

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: Mإِنَّآ أَعۡتَدۡنَا لِلۡكَٰفِرِينَ سَلَٰسِلَاْ وَأَغۡلَٰلٗا وَسَعِيرًا ﴿٤﴾ L الإنـسان: ٤. واتـە: بەڕاستی ئێمە ئامادەمان کردووە بـۆ بێبـاوەڕان زنجیر و تـەوقی زۆر (کـە دەکرێتـە گـەردنیان) و ئاگری هەڵگیرساوە.

٦– هاویە (الهاوية):

خوای گـەورە دەفـەرموێت: M K L M N O P Q R S T U V W X Y Z L القارعـة: ٨ – ١١. واتـە: ئـەوەی کێـشی (چـاکەکانی) سـووك بێـت، ئـەوە جێـی ئەو(هاویە)یە، تۆ چوزانیت(هاویە) چییە؟ ئاگرێکی هەڵگیرساوە.

٧– (الحطمة):

خوای گەورە دەفەرموێت: M A C D E F G H I J K L M N O P Q R S T U V W X Y Z [\ L الهمزة: ٤ – ٩. واتە: نەخێر وا نییـە، بێگومـان فڕێ دەدرێتە ناو ئاگرێکی تێکشکێنەرەوە، تۆ چوزانیت ئەو ئـاگرە چـییە؟ ئـاگرێکی تـاودراوی خواییە، کە دێ بەسەر دڵاندا، بێگومان ئەو ئاگرە داخراوە لەسـەریان (دەرچـونیان بـۆ نـی یـە)، (زنجیر کراون) لەناو چەند کۆتێکی ڕاکشاودا.

٨- (لظى):

خوای گەورە دەفەرموێت: M : ; > = < ? @ A B C D E F L المعارج: ١٥ – ١٧. واتە: نەخێر (وا نىيە) بەڕاستی ئاگری دۆزەخ بە بڵێسەیە، داماڵێنەری پێستی سەرە، بانگی کەسێك دەکات کە پشتی هەڵکردبێ لە خواو ڕووی وەرگێڕابێ.

دۆزەخ حەوت دەرگای هەیە:

خوای گەورە دەفـەرموێت: M v w x y z { | } ~ بَابٍ مِّنْهُمْ جُـزْءٌ مَّقْسُومٌ ﴿٤٤﴾ L الحجر: ٤٣ – ٤٤. واتە: بەڕاستی دۆزەخ جێگای هەموویانە، ئەو دۆزەخە حەوت دەرگای هەیـە، هەر دەرگایەکیشیان بۆ بەشێك لەوانە دابەشکراوە.

بەڵێ ڕاستە دۆزەخ جێگەی گشت کافرانە، بەڵام هەر دەستەیەك دەرگای تایبـەتی خـۆی هەیـە لێیەوە دەچێتە ژوورەوە و دەرگاکانی دۆزەخ داخراون لەسەریان و ئاگر ئابڵوقەی داون:

خوای گەورە دەفەرموێت:M U V W X Y Z [\ L الهمزة: ٨ – ٩. واتـە: بێگومـان ئەو ئاگرە داخراوە لەسەریان (دەرچـونیان بـۆ نـی یـە)، (زنجیر کـراون) لـەناو چـەند کـۆتێکی ڕاکشاودا.

هەروەها دەفەرموێت: M N O P Q R S T V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a L الکهـف: ٢٩. واتـە: بێگومـان ئێمـە دۆزەخێکمـان ئامـادەکردووە بـۆ ستەمکاران کە لە هەموو لایەکەوە دەورەیان دەدات و دیـواری بڵێـسەی ئابڵوقـەی داون، خـۆ ئەگەر هوار بکەن لە ئازار و تینوێتیدا ئەوە ئاو دەدرێن بە ئاوێکی گەرمی پیس و بۆن ناخۆش کـە وەکـو خڵتـەی کـانزایی تـواوە وایـە، ئەوەنـدەش گەرمـە دەم و چـاویان هەڵـدەکرۆزێنێت و دەیبرژێنێت، ئای کە چەند خواردنەوەیەکی تـاڵ و ناخۆشـە، چـەندە جێگـەو ڕێگەیـەکی پـڕ لـە ئازارە.

بە گورزی ئاسن لێیان دەدەن وەك لەم ئایەتـەدا دەفـەرموێت: M يُصْهَرُ بِهِۦ مَا فِى بُطُونِهِمْ وَٱلْجُلُودُ ﴿٢٠﴾ © مَّقَـٰمِعُ مِنْ حَدِيدٍ ﴿٢١﴾ كُلَّمَآ أَرَادُوٓاْ أَن يَخْرُجُواْ مِنْهَا ´ µ ¶ ¸ وَذُوقُواْ عَذَابَ ٱلْحَرِيقِ ﴿٢٢﴾ L الحج: ٢٠ – ٢٢. واتـە:بۆیـان ئامادەیـە گـورزی ئاسـن، هـەرکاتێ بیانـەوێت بێنـە دەرەوە لەبـەر زۆر گـەرمی

دەگێرێنرێنەوە بۆ ناوی وە (پێان دەوترێت) بچێژن سزای سوتێنەر.

پاسەوانەکانی دۆزەخ:

خوای گەورە نۆزدە مەلائیکەی تایبەتی بۆ دۆزەخ دانـاوە کـە هـەرگیز لـە فـەرمانی دەرناچـن و هەرچیکیان پیّ بفەرمویّت خێرا جێبەجێی دەکەن، خوای گەورە دەفەرمویّت: M V W X Y Z

[\ ] ^ _ `a b c d e f g h i j k l m n o p q r s t

u v ﴿٣١﴾ L المـدثر: ٣٠ – ٣١. واتـە: نـۆزدە مەلائیکــە ئــەوەتان بەســەرەوەیە، هــەر مەلائیکەمان کردووە بە بە کاربەدەستی دۆزەخ وە ژمارەی ئەو مەلائیکانـەمان نـەگێڕاوە مەگـەر بۆ تاقیکردنەوەی ئەوانەی کە بێباوەڕن، تا ئەوانەی کە کتێبیان پێدراوە دڵنیـابن، وە بڕوادارەکـان بڕواکەیان زیاد بکات، وە هیچیان دوودڵ نەبن ئەوانەی کتێبیان پێدراوە، ئیماندارانیش.

فراوانی و قوڵی دۆزەخ:

خوای گـەورە دەفـەرمویّت: M يَوْمَ نَقُولُ لِجَهَنَّمَ هَلِ ٱمْتَلَأْتِ وَتَقُولُ هَلْ مِن مَّزِيدٍ ﴿٣٠﴾ L ق: ٣٠. واتـە: ئێمـە لـەو ڕۆژەدا بە دۆزەخ دەڵێین: ئایا پڕبوویت؟ ئەویش دەڵێ: ئایا زیاتر ماون تا بیانسوتێنم؟.

ئەنەسی کوڕی مالیك ڕەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صـلى الله علیـه وسـلم فەرمویـەتی: (لَا تَزَالُ جَهَنَّمُ تَقُولُ هَلْ مِنْ مَزِيدٍ حَتَّى يَضَعَ فِيهَا رَبُّ الْعِزَّةِ تَبَارَكَ وَتَعَالَى قَدَمَهُ فَتَقُولُ قَطْ قَطْ وَعِزَّتِكَ)[441]. واتە: بـەردەوام مـرۆڤ و جنۆکـە فـڕێ دەدرێتـە دۆزەخـەوە وە دۆزەخـیش دەڵێ: ئایا هەیە فڕێبدرێتە ناومەوە؟ هـەتا پـەروەردگاری مـەزن پێـی پـیرۆزی دەخاتـە ناویـەوە و دۆزەخ دێتەوەیەك و دەڵێ: بەسمە بەسمە سوێندبێت بە عیزەتی تۆ.

ئیبن مەسعود ڕەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله علیه وسلم فـەرمووی: (يُؤْتَى بِالنَّارِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ لَهَا سَبْعُونَ أَلْفَ زِمَامٍ، مَعَ كُلِّ زِمَامٍ سَبْعُونَ أَلْفَ مَلَكٍ يَجُرُّونَهَا)[442] . واتـە: دۆزەخ دەهێنن حەفتا جڵەوی هەیە هەر جڵەوێکی حەفتا هەزار مەلائیکە رایدەکێشن.

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لیّ بیّ فەرمووی: بەو کەسە کە گیـانی ئـەبو هـورەیرەی بەدەسـتە:

---

[441] - أخرجه البخاري: ٦٢٨٤, ومسلم: ٢٨٤٨.

[442] - أخرجه مسلم: ١٤٩/٨ (٢٨٤٢) (٢٩) .

(إنَّ قَعْرَ جَهَنَّمَ لَسَبْعُونَ خَرِيفاً)[443] . واتە: بەڕاستی قوڵی دۆزەخ حەفتا پایز ڕێگەیــە، واتــە حــەفتا ساڵ.

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرموی: جارێکیان لـە خزمەتی پێغەمبەری خــوادا صــلی الله علیه وسلـم بووین دەنگێك هات، فەرمووی: (هَلْ تَدْرُونَ مَا هَذَا؟). دەزانن ئەو دەنگە چی بوو؟. وتمان: خواو پێغەمبەری خوا دەزانــن. فــەرمووی: (هذَا حَجَرٌ رُمِيَ بِهِ فِي النَّارِ مُنْذُ سَبْعِينَ خَرِيفــاً ، فَهُوَ يَهْوِي فِي النَّارِ الآنَ حَتَّى انْتَهَى إِلَى قَعْرِها فَسَمِعْتُمْ وَجْبَتَهَا)[444] . واتە: ئەوە بەردێك بوو حــەفتا ساڵـە فڕێ دراوەتە دۆزەخ لـەو کاتەوە بەناو دۆزەخدا دەڕوات ئێستا گەشتە بنەکەی.

هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ لَا يَرَى بِهَا بَأْسًا يَهْوِي بِهَا سَبْعِينَ خَرِيفًــا فِــي النَّارِ)[445]. واتە: وا دەبێ بەندەیە قسەیە دەکات ، وشــەیە بــە دەمیــدا دێــت، بــە باشــی لــێ ورد نابێتەوە کە باشە یان خراپە، لـەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەوە حەفتا پایز بە ناخی دۆزەخدا دەچــێتە خوارەوە.

عومەر ڕەزای خوای لێ بێ فەرموی: زۆر یادی ئاگر بکەن، چونکە بەڕاستی زۆر گەرم و بەتینە، زۆر قوڵـەو بنەکەی زۆر دوورە، وە بەڕاستی گورزەکانی لـە ئاسنن.

دۆڵ و شیوەکانی دۆزەخ:

خوای گەورە دەفــەرموێت: M w x y z { | } ~ ﴿فَسَوْفَ يَلْقَوْنَ غَيًّا ۝٥٩﴾ L مــریم: ٥٩. واتە: ئینجا لـە پاش ئەوان کەسانێك لــە نــەوەکانیان بوونــە جێنــشینیان نوێــژیان دەفەوتانــدو شوێن هەواو ئارەزوو کەوتن، جا ئەوانە لـە داهاتوودا تووشی (سزای) گومڕاییان دەبن.

ئیبن مەسعود لـە ڕاڤەی ئەم ئایەتەدا فەرمویەتی: (غَيًّا) شیوێکە لـە شیوەکانی دۆزەخ.

---

[443] - أخرجه مسلم: (١٩٥).

[444] - أخرجه مسلم ٨/١٥٠ (٢٨٤٤) .

[445] - رواه الترمذي وابن ماجة و الحاكم وصححه الألباني في صحيح الجامع: ١٦١٨.

سوتەمەنی ئاگری دۆزەخ:

خوای گەورە دەفەرموێت: Mفَٱتَّقُواْ ٱلنَّارَ ٱلَّتِي وَقُودُهَا ٱلنَّاسُ وَٱلۡحِجَارَةُۖ أُعِدَّتۡ لِلۡكَٰفِرِينَ ﴿٢٤﴾ L البقرة: ٢٤. واتە: خۆتان بپاریزن لـەو ئـاگرەی سـوتەمەنییەکەی خـەڵك و بـەردە، بـۆ کافرەکـان ئامـادەکراوەو چاوەڕێیان دەکات.

گەرمی ئاگری دۆزەخ:

خـوای گـەورە دەفـەرموێت: M Q R S T U W X Y Z L التوبـة: ٨١. واتـە: ئـەی موحەممەد بلّێ ئاگری دۆزەخ زۆر گەرمترە، ئەگەر ئەوانە تێ بگەن و ژیربن.

هەروەها دەفـەرموێت: M a b c d e L المرسـلات: ٣٢. واتـە: بەڕاسـتی دۆزەخ پزیسکی وەك کۆشك دەهاوێژێ.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسـلم دەفـەرموێت: (نَارُكُمْ هَذِهِ مَا يُوقِدُ بَنُوآدَمَ جُزْءٌ وَاحِدٌ مِنْ سَبْعِينَ جُزْءًا مِنْ نَارِ جَهَنَّمَ)[٤٤٦]. واتە: ئەو ئاگرەی ئێوە بـەکاری دێـنن بەشـێکە لـە حـەفتا بەشـی ئاگری دۆزەخ.

دۆزەخ لەتاو گەرمی هاواری لێ بەرز دەبێتەوە:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسـلم فەرمویـەتی: (اشْتَكَتْ النَّارُ إِلَى رَبِّهَا فَقَالَتْ يَا رَبِّ أَكَلَ بَعْضِي بَعْضًا فَأَذِنَ لَهَا بِنَفَسَيْنِ نَفَسٍ فِي الشِّتَاءِ وَنَفَسٍ فِي الصَّيْفِ فَهُوَ أَشَدُّ مَا تَجِدُونَ مِنْ الْحَرِّ وَأَشَدُّ مَا تَجِدُونَ مِنْ الزَّمْهَرِيرِ)[٤٤٧]. واتە: ئاگر سکاڵای بردە لای پەروەردگار و وتی: ئەی پەروەردگارم هەندێکم هەندێکمی خوارد، خوای گەورە ڕێـی پێـدا دوو هەناسە بدات، هەناسەیەك لە زستانداو، هەناسەیەك لە هاویندا،گـەرمترین ڕۆژ کـە هەسـتی پێ بکەن لە هاویندا ئەوە لە گـڕ و بلّێـسەی دۆزەخەوەیـە، وە سـاردترین ڕۆژ لـە زسـتاندا لـە سەهۆڵ بەندانەکەی دۆزەخەوەیە، کە ناوی (زەمهەریرە).

هەروەها ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صـلی الله علیـە وسـلم

٤٤٦- أخرجه البخاري:٣٠٩٢, ومسلم في الجنة: ١٨٩١.

٤٤٧- البخاري مع الفتح: ٢/٢٣(٥٣٧) ، ومسلم: ٥/١٦٦(٦١٧).

فەرمویەتی: (إِذَا اشْتَدَّ الْحَرُّ، فَأَبْرِدُوا بِالصَّلَاةِ فَإِنَّ شِدَّةَ الْحَرِّ مِنْ فَيْحِ جَهَنَّمَ)[448]. واتە: هەر کاتێ گەرما تینی بۆ هێنان بە نوێژ کردن خۆتان فێنك بکەنەوە، چونکە تینی گەرمی لە هالاوی دۆزەخەوەیە.

مشت و مڕی بەهەشت و دۆزەخ:

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (تَحَاجَّتْ الْجَنَّةُ وَالنَّارُ فَقَالَتْ النَّارُ أُوثِرْتُ بِالْمُتَكَبِّرِينَ وَالْمُتَجَبِّرِينَ وَقَالَتْ الْجَنَّةُ فَمَا لِي لَا يَدْخُلُنِي إِلَّا ضُعَفَاءُ النَّاسِ وَسَقَطُهُمْ وَغِرَّتُهُمْ قَالَ اللَّهُ لِلْجَنَّةِ إِنَّمَا أَنْتِ رَحْمَتِي أَرْحَمُ بِكِ مَنْ أَشَاءُ مِنْ عِبَادِي وَقَالَ لِلنَّارِ إِنَّمَا أَنْتِ عَذَابِي أُعَذِّبُ بِكِ مَنْ أَشَاءُ مِنْ عِبَادِي وَلِكُلٍّ وَاحِدَةٍ مِنْكُمَا مِلْؤُهَا فَأَمَّا النَّارُ فَلَا تَمْتَلِئُ حَتَّى يَضَعَ اللَّهُ تَبَارَكَ وَتَعَالَى رِجْلَهُ تَقُولُ قَطْ قَطْ قَطْ فَهُنَالِكَ تَمْتَلِئُ وَيُزْوَى بَعْضُهَا إِلَى بَعْضٍ وَلَا يَظْلِمُ اللَّهُ مِنْ خَلْقِهِ أَحَدًا وَأَمَّا الْجَنَّةُ فَإِنَّ اللَّهَ يُنْشِئُ لَهَا خَلْقًا)[449]. واتە: بەهەشت و دۆزەخ مشت و مڕیان بوو، دۆزەخ وتی: من تایبەت کراوم بە خۆ بەزلزان و مل هوڕە ستەمکارەکان، بەهەشتیش گوتی: باشە من چیمە وا هەر کەسانی زەبوون و لاواز و بێ سەرو ساختە و رازونیاز نەبێت نایەتە ناوم؟ خوای بالادەستیش بە بەهەشتی فەرموو: تۆ بەزەیی منی بە تۆ بەزەیی دەنوێنم، بۆ هەر کەس بمەوێت لە بەندەکانم، بە دۆزەخیشی فەرموو: ئەی دۆزەخ تۆیش سزای منی بۆ هەر کەس بمەوێت لە بەندەکانم بە تۆ سزای دەدەم، هەریەك لە ئێوە پڕ بە پڕی خۆی هەیە، بەلام ئاگر پڕ نابێت تاکو خوای بەرز و بڵند پێیەکی پیادەنێت، ئینجا دۆزەخ دەڵێ: بەسمە، بەسمە، ئیتر لەوێدا دێتەوە یەك و پڕبەپڕی، خوای گەورە ستەم لە هیچ کام لە دروستکراوەکانی ناکات، بەهەشتیش پڕ نابێت تا خوای گەورە جۆرە دروستکراوێکی بۆ بەدی دەهێنێت.

کارەکان بەندن بە کۆتاییەکانیانەوە:

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (فَإِنَّ الرَّجُلَ مِنْكُمْ لَيَعْمَلُ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ الْجَنَّةِ إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ كِتَابُهُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ النَّارِ وَيَعْمَلُ حَتَّى مَا يَكُونُ بَيْنَهُ وَبَيْنَ النَّارِ

---

[448] - البخاري مع الفتح: ٢/٢٠(٥٣٣) ، ومسلم: ١٦٣/٥(٦١٥).

[449] - أخرجه البخاري:٤٥٦٩, ومسلم: ٢٨٤٦.

إِلَّا ذِرَاعٌ فَيَسْبِقُ عَلَيْهِ الْكِتَابُ فَيَعْمَلُ بِعَمَلِ أَهْلِ الْجَنَّةِ)[٤٥٠]. واته: جاری وا هەیە بەندەیەك كارێكی باش دەكات كە هێندەی باسكێك لە نێوان ئەو و بەهەشتدا دەمێنێتەوە، مەلائیكەكان پەلە دەكەن تا بۆی بنوس، بەڵام كارێك دەكات كە شایسشتەی چوونە دۆزەخ بێت، ئیتر دەچێتە دۆزەخەوە، جاری واش هەیە بەندەیەك كارێكی ئەوەندە خراپ دەكات ئەوەندەی باسكێكی دەمێنێت بگاتە دۆزەخ، مەلائیكەكان پەلە دەكەن تا لەسەری بنوس، بەڵام كردەوەیەكی چاك دەكات كە شایسشتەی چوونە بەهەشت بێت، ئیتر دەچێتە بەهەشتەوە.

سەهلی كوڕی سەعد رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (إِنَّ الْعَبْدَ لَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ النَّارِ وَإِنَّهُ مِنْ أَهْلِ الْجَنَّةِ وَيَعْمَلُ عَمَلَ أَهْلِ الْجَنَّةِ وَإِنَّهُ مِنْ أَهْلِ النَّارِ وَإِنَّمَا الْأَعْمَالُ بِالْخَوَاتِيمِ)[٤٥١]. واته: بەڕاستی بەندە كاروكردەوەی وا ئەنجام ئەدات لە كاری ئەهلی ئاگر دەچێت بێگومان لە هەمان كاتدا ئەهلی بەهەشتە، وە هەروەها كاروكردەوەی وا دەكات لە كاری ئەهلی بەهەشت دەچێت بێگومان لە هەمان كاتیشدا ئەهلی ئاگرە، بەڕاستی كارەكان بەندن بە كۆتاییەكانیانەوە.

ئەهلی ئاگر رێگەی دۆزەخ دەگرن:

ئیمام عەلی رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: لە گۆڕستانی بەقیع خەریكبووین تەرمێكمان بەڕێ دەكرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم تەشریفی هێنا بۆ ناومان و دانیشت ئێمەش لە دەوری دانیشتین، گۆچانێكی بەدەستەوە بوو سەری دانەواندبوو، رامابوو، نوكی گۆچانەكەی لە زەوی دەخشاند، لە پاشان فەرمووی: (مَا مِنْكُمْ مِنْ أحَدٍ إلاَّ وَقَدْ كُتِبَ مَقْعَدُهُ مِنَ النَّارِ وَمَقْعَدُهُ مِنَ الجَنَّةِ). واته: هەر یەكێ لە ئێوە لە سەرەتاوە، لە ئەزەلەوە، چارەنوسی بۆ دیاریكراوە، ئەگەر دۆزەخی بێت جێگەی لە دۆزەخدا بۆ دیاریكراوە، ئەگەر بەهەشتی بێت جێگەی لە بەهەشتدا بۆ دیاریكراوە. وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم كەواتە بۆ خۆمان ماندوو بكەین؟ ئێمە لەمەو پێش چارەنوسمان بۆ دیاریكراوە، فەرمووی: (اعْمَلُوا ؛ فكلٌّ مُيَسرٌ لِمَا خُلِقَ لَهُ)[٤٥٢].

---

[٤٥٠] - أخرجه البخاري: ٢٩٦٩ .

[٤٥١] - أخرجه البخاري: ٦٢٣٣.

[٤٥٢] - أخرجه البخاري:٤٦٦٦ ، و مسلم: ٢٨٤٧.

واته: کار بکەن بە ئەرکی سەرشانی خۆتان هەستن، چونکە هەرکەسیٚ بۆ کویٚ دروستکرا بیٚت ریٚگەی ئەو شویٚنە دەگریٚ، جا لەسەر ئەم بنیاتە بەختیار ریٚگەی چاکە دەگریٚ، بەدکار ریٚگەی خراپە، بەم پیٚیە کاری باش نیشانەی بەهەشتەو، کاری خراپیش نیشانەی دۆزەخە.

خوای گەورە دەفەرمویٚت: M w x y z { | } ~ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡيُسۡرَىٰ ﴿٧﴾ وَأَمَّا مَنۢ بَخِلَ وَٱسۡتَغۡنَىٰ ﴿٨﴾ وَكَذَّبَ © ﴿٩﴾ فَسَنُيَسِّرُهُۥ لِلۡعُسۡرَىٰ ﴿١٠﴾ وَمَا يُغۡنِي عَنۡهُ مَالُهُۥٓ إِذَا ´ µ ¶ ¸ لَلۡهُدَىٰ ﴿١٢﴾ L الليل: ٥ – ١٢. واتە: ئینجا ئەو کەسەی ببەخشیٚ و لە خوا بترسیٚت و پاریٚزکار بیٚت، بڕوای پیٚ بەوەی زۆر چاکە(لا الـە الا الله یا بەهەشت)، ئەوە زوو یارمەتی دەدەین بۆ ڕیٚی ئاسان، وە ئەو کەسەی رژدی بکات خۆی بیٚ نیاز بزانیٚت، وە بڕوای نەبیٚ بە چاکە (کە لا الـە الا الله یە یا بەهەشتە)، ئەوە ئیٚمە ریٚبازی تەنگانەو ناخۆشی بۆ ئاسان دەکەین و سەرەنجام بە دۆزەخی دەگەیەنین.

عائیشە رەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (أَنَّ اللَّهَ خَلَقَ الْجَنَّةَ وَخَلَقَ النَّارَ فَخَلَقَ لِهَذِهِ أَهْلًا وَلِهَذِهِ أَهْلًا)[٤٥٣]. واتە: خوای گەورە بەهەشت و دۆزەخی دروستکردووە و هەریەکەیان ئەهلی خۆی هەیە.

ئەمین مەبە لە خۆت:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: بیستم لە پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم ئەیفەرموو: (إِنَّ اللَّهَ خَلَقَ الرَّحْمَةَ يَوْمَ خَلَقَهَا مِائَةَ رَحْمَةٍ فَأَمْسَكَ عِنْدَهُ تِسْعًا وَتِسْعِينَ رَحْمَةً وَأَرْسَلَ فِي خَلْقِهِ كُلِّهِمْ رَحْمَةً وَاحِدَةً فَلَوْ يَعْلَمُ الْكَافِرُ بِكُلِّ الَّذِي عِنْدَ اللَّهِ مِنْ الرَّحْمَةِ لَمْ يَيْئَسْ مِنْ الْجَنَّةِ وَلَوْ يَعْلَمُ الْمُؤْمِنُ بِكُلِّ الَّذِي عِنْدَ اللَّهِ مِنْ الْعَذَابِ لَمْ يَأْمَنْ مِنْ النَّارِ)[٤٥٤]. واتە: خوای گەورە خاوەنی سەد پلە رەحم و بەزەییە، یەك پلەی پلەی دابەزاندووە بۆسەر دروستکراوەکانی کە دەبینی شەفەقەت و بەزەییەیان هەیە بەرامبەر یەکتر، نەوەدو نۆی هەڵگرتووە بۆ رۆژی دوایی، بۆ ئەوەی رەحم بکات ئیمانداران، ئەگەر کافران بیان زانیایەیە خوای گەورە خاوەنی ئەو هەموو رەحم و بەزەییە هەرگیز نائومیٚد نەدەبوون لە بەهەشت، وە ئەگەر ئیمانداران بیان زانیایەیە خوای

[٤٥٣] - أخرجه مسلم: ٢٦٦٢, صحيح الجامع: ١٧٨٤.

[٤٥٤] - أخرجه البخاري: (٦١٠٤).

گەورە چەندە خاوەنی سزای سەختە هەرگیز ئەمین نەدەبوون لە ئاگر.

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: بیستم لـە پێغەمبەری خوا صلی الله علیـه وسـلم ئەیفـەرموو: (إنَّ العَبْدَ لَيَتَكَلَّمُ بالكَلِمَةِ مَا يَتَبَيَّنُ فِيهَا يَزِلُّ بِهَا إِلَى النَّارِ أبْعَـدَ مِمَّـا بَـيْنَ المَـشْرِقِ والَمغْرِبِ)[٤٥٥]. واتە: وا دەبێ بەندەیە قسەیە دەکات ، وشەیە بە دەمیدا دێـت، بـە باشـی لـێ ورد نابێتەوە کە باشە یان خراپە، لـەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ئەوەوە پتر لـە نێوانی خۆرهەڵات و خۆرئـاوا بەرەو ئاگری دۆزەخ دەخزێ.

هەروەها دەفەرموێت: (إِنَّ الرَّجُلَ لَيَتَكَلَّمُ بِالْكَلِمَةِ لَا يَرَى بِهَا بَأْسًا يَهْوِي بِهَا سَبْعِينَ خَرِيفًـا فِـي النَّارِ)[٤٥٦]. واتە: وا دەبێ بەندەیە قسەیە دەکات، وشەیە بە دەمیدا دێت، بە باشی لێ ورد نابێتەوە کە باشە یان خراپە، لـەگەڵ ئەوەشـدا بـەهۆی ئـەوەوە حـەفتا پـایز بـە نـاخی دۆزەخـدا دەچـێتە خوارەوە.

خوای گەورە دۆزەخی دروستکردووە بۆ ئادەمیزاد و جنۆکەکان هەر بەوانیش پڕی دەکات:

خوای گەورە دەفەرموێت: M 8 9 : ; < = > L هود: ١١٩. واتـە: سـوێند بـە خوا دۆزەخ پڕ دەکەم لـە جنۆکەو ئادەمی هەموو پێکەوە.

هەروەها دەفـەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 9 : ; < = ? @ A B L الأعـراف: ١٧٩. واتە: سوێند بە خوا بەراستی دروستمانکردووە بۆ دۆزەخ زۆرێك لـە جنۆکەو ئادەمی دڵیان هەیە بـەڵام پێـی تـێ ناگەن، چاویان هەیە بەڵام (هەقی) پێ نابینن، گوێیان هەیە(هەقی پێ) نابیستن، ئەوانـە وەك ئـاژەڵ وان بگرە خراپتر و گومڕاتریشن، هەر ئەوانەن بێ ئاگایان.

خوای گەورە لـەبارەی ئەو جنۆکانەوە کە گوێیان گرت لـە قورئان خوێندنی پێغەمبەر صلی الله علیـە وسـلم دەفـەرموێت: M ! " # $ % ' ( ) * + , - . / 0 1 2 L الجن: ١٤ – ١٥. واتە: بێگومان ئێمە هەندێکمان موسـڵمانین و هێنـدێکمان

---

[٤٥٥] - متفق عَلَيْهِ. أخرجه البخاري: ١٢٥/٨ (٦٤٧٧)، ومسلم: ٢٢٣/٨ (٢٩٨٨) (٥٠).

[٤٥٦] - رواه الترمذي وابن ماجة و الحاكم وصححه الألباني في صحيح الجامع: ١٦١٨.

ستەمكار، ئینجا ئەوانەی موسڵمان بوون ئەوە ئەوانە ڕێی ڕاسـتیان دۆزیوەتـەوە، بـەڵام لــە ڕێـی ڕاست لادەران –ستەمكارەكان– دەبنە سوتەمەنی دۆزەخ.

خواردنی دۆزەخیەكان:

ئەهلی دۆزەخ خواردن و خواردنەوەیان تایبەتی و جۆراو جۆرە:

١– كێم و زوخاوی خوێن:

خوای گـەورە دەفـەرموێت: Mوَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ ç è é ! " # $ % & L الحاقـة: ٣٤ – ٣٥.
واتە: ئینجا ئەمڕۆكە هیچ دۆست و لایەنگیرێكیان نییە، هەروەها هیچ خۆراكێكیـان نییەمەگـەر كێم و زوخاوی جەستەی دۆزەخیان،كە كەس نایخوات گوناهباران نەبێت.

٢– ڕوەكێكی دڕكین:

خوای گەورە دەفـەرموێت: M I J K L M N O P Q R S T U V L الغاشـیة: ٦ – ٧.
واتە: هیچ خواردنێكیان نییەمەگەر (ضریع) نەبێ واتە دڕكی وشتر خۆر[٤٥٧]، ئەویش نە قەڵەویان دەكات نە برسێتیان دەشكێنێ.

هــەروەها دەفــەرموێت: M l m n o p q r s t u v L المزمـل: ١٢ – ١٣.
واتە: بێگومان لای ئێمە هەیە كۆت و زنجیری قورس و گران، وە ئـاگری هەڵگیرسـاو، هــەروەها خواردنێكی ئەوتۆ كە لـە قوڕگیان دەگیرێت لـەگەڵ ئازارێكی زۆر بە ئێش.

٣– درەختی زەققوم:

خــوای گــەورە دەفــەرموێت: M < = > ? @ A B C D E F G H I J L الدخان: ٤٢ – ٤٦. واتە: بێگومان درەختی زەققوم، خــواردنی تاوانبـارە، هــەروەك كانزای تواوە لـەناو ورگ و ڕیخۆڵـەكاندا دەكوڵـێ، وەك كوڵانی ئاوی یەكجار گەرم.

هەروەها دەفـەرموێت: M \ ] ^ _ ` a b c d e f g h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | } ~ لَشَوْبًا مِّنْ حَمِيمٍ

٤٥٧- متفقٌ عَلَيْهِ. أخرجه البخاري: ٢١٢/٦ (٤٩٤٩) ، ومسلم: ٤٧/٨ (٢٦٤٧) (٦).

﴿٦٧﴾ ثُمَّ إِنَّ مَرْجِعَهُمْ لَإِلَى ٱلْجَحِيمِ © L الصافات: ٦٢ – ٦٨. واته: ئایا ئـەو هـەموو نـازو نیعمەتـەی لـە پێشەوە باسکران باشترە یان درەختی زەققوم، ئێمە ئەو درەختەمان گێڕاوە بـە سـزاو عـەزاب بـۆ کافران، ئەمە درەختێکە بنی لـە دۆزەخەوە دەردەچێت، بەرەکەی دەڵێی سەری شـەیتانەکانە، جـا کافرەکان لێی دەخۆن و ورگی خۆیانی لیّ پڕ دەکەن، پاشان ئاوێکی لێڵی لێڵی زۆر گەرمی بەسـەردا دەخۆنەوە، بێگومان دواتر گەڕانەوەیان بۆ دۆزەخە.

ئیبن عەباس رەزای خوایان لیّ بیّ فـەرمووی: پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم ئـەم ئایەتەی خوێندەوە: M 4 5 6 7 8 9 : ; < = > ? @ L آل عمـران: ١٠٢ .
پاشان فەرمووی: (لَوْ أَنَّ قَطْرَةً مِنْ الزَّقُّومِ قُطِرَتْ فِي دَارِ الدُّنْيَا لَأَفْسَدَتْ عَلَى أَهْلِ الدُّنْيَا مَعَايِـــشَهُمْ فَكَيْفَ بِمَنْ يَكُونُ طَعَامَهُ)[٤٥٨]. واته: ئەگەر یەك دڵۆپ لـەو درەختـی زەقومـە بڕژێتـە سـەر زەوی ژیان و گوزەرانی خەڵك تێك دەدات، جا دەبێت حاڵی ئەو کەسە چۆن بێت کـە ئـەوە خـواردن بێت.

شەراب و خواردنەوەی دۆزەخیەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: M B C D E G H I J K L N O P Q R S T V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b L الکهـف: ٢٩. واتـە: ئێمە ئاگرێکمان بۆ ستەمکاران ئامادەکردووە ئاگرێك کـە بڵێـسەکەی دەوریـان دەدات، ئەگـەر داوای ئاو بکەن ئاوێکیان بۆ دەهێنرێت وەك مـسی تـواوە روو دەم و چـاویان دەبـرژێنیّ، ئـای چ خواردنەوەیەکی پیس و خراپە، و ئای چ شوێن و جێگایەکی خراپە.

هەروەها دەفەرموێت: M ! " # $ % & ' ( ) * + , - . / 0 1 2 3 4 5 L الواقعة: ٥١ – ٥٤. واته: پاشان ئێوە ئەی گومڕایانی بێباوەڕان، بێگومان لـە درەختـی زەققوم دەخۆن، جا ورگی خۆتانی لیّ پڕدەکەن، ئینجا ئاوی کوڵاوی بەسەردا دەخۆنەوە.

هـەر لـەو بـارەوە دەفـەرموێت: M D E F G H L الغاشـیة: ٥. واتـە: ئـاو دەدرێـن لـە سەرچاوەی لـە کوڵ و هەرە گەرم.

---

[٤٥٨]- رواه الترمذي وصححه الألباني في مشكاة المصابيح: ٥٦٨٣/٣.

ئاوەکە ئەوەندە گەرمە ریخۆڵەکانیان دەپچڕێنێت:

خوای گەورە لەو بارەوە دەفەرموێت: Mوَسُقُوا مَآءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَآءَهُمْ ﴿١٥﴾ L محمد: ١٥. واتە: لە ئاوێکی کوڵاو ئاو دەدرێن کە لەگەڵ خواردنەوەیدا هەموو ریخۆڵەکانیان دەپچڕێنێت.

جل و بەرگ و پۆشاکیان:

خوای گەورە دەفەرموێت: M { ~ يَوْمَئِذٍ مُّقَرَّنِينَ فِي ٱلْأَصْفَادِ ﴿٤٩﴾ سَرَابِيلُهُم مِّن قَطِرَانٍ وَتَغْشَىٰ © ٱلنَّارُ ﴿٥٠﴾ L إبراهيم: ٤٨ – ٥٠. واتە: لەو رۆژەدا تاوانباران دەبینی لە کۆت و زنجیردا پێکەوە بەستراون، پۆشاکیان قەترانی رەشەو دەم و چاویشیان ئاگر دایپۆشیوە.

هەروەها دەفەرموێت: M t u v w x y z { | } ~ ٱلْحَمِيمُ ﴿١٩﴾ L الحج:١٩. واتە: جا ئەوانەی کە بێباوەڕ بوون پۆشاکیان بۆ دەبڕێت لە ئاگر، بەسەریاندا دەڕژێنرێت ئاوی زۆر گەرم.

ئەبو مالیکی ئەشعەری رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (النَّائِحَةُ إِذَا لَمْ تَتُبْ قَبْلَ مَوْتِهَا تُقَامُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ وَعَلَيْهَا سِرْبَالٌ مِنْ قَطِرَانٍ وَدِرْعٌ مِنْ جَرَبٍ)[٤٥٩]. واتە: ئەو ئافرەتەی کە مردوو دەلاوێنێتەوە ئەگە تەوبە نەکات و پەشیمان نەبێتەوە پێش مردنی ، ئەوا لە رۆژی قیامەتدا زیندودەکرێتەوەو پۆشاکێکی لە(قطران) لەبەردایە و زری پۆشێکی لە مسی تواوە پۆشیوە.

لێفەو رایەخی دۆزەخیەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: M u v w x y z { | } ~ ٱلظَّٰلِمِينَ ﴿٤١﴾ L الأعراف:٤١. واتە: ئەوانە لەناو دۆزەخدا رایەخی ئاگرینیان هەیە، لە سەروشیانەوە پۆشەری ئاگرینیان بۆ هەیە، بێگومان هەر بەو شێوەیە پاداشتی ستەمکاران دەدەینەوە و تۆڵەیان لێ دەسێنین.

هەروەها دەفەرموێت: M X Y Z [\ ] ^ _ ` i j L الزمر: ١٦. واتە: لەسەریانەوە سێبەرێکە واتە بڵێسەی ئاگرەو لە ژێریشیانەوە بەهەمان شێوە.

[٤٥٩] - أخرجه مسلم في الجنائز: ٢٣٥/٦ (٢٣٦).

کۆت و زنجیری دۆزەخیەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: M خُذُوهُ فَغُلُّوهُ ﴿٣٠﴾ ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ ﴿٣١﴾ ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ ﴿٣٢﴾ إِنَّهُ كَانَ لَا à يُؤْمِنُ بِاللَّهِ â ﴿٣٣﴾ وَلَا يَحُضُّ عَلَىٰ ç è é L الحاقة: ٣٠ – ٣٤. واتە: (ئینجا بە چاودێری دۆزەخ دەوترێت) بیگرن زنجیربکەنە دەست و گەردنی، لە پاشان بیبەن بۆ دۆزەخ (بیسوتێنن لە دۆزەخدا)، ئینجا بەزنجیرێکی حەفتا گەزی بیبەستنەوە، بێگومان ئەو بڕوای بە خوای گەورە نەدەکرد.

هەروەها دەفەرموێت: Mإِنَّا أَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ سَلَاسِلَا وَأَغْلَالًا وَسَعِيرًا L الإنسان: ٤. واتە: بەڕاستی ئێمە ئامادەمان کردووە بۆ بێباوەڕان زنجیر و تەوقی زۆر (کە دەکرێتە گەردنیان) و ئاگری هەڵگیرساوە.

گەوریی جەستەی کافران و ناشیرینی شێوەیان:

ئەبو هورەیرە رەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (مَا بَيْنَ مَنْكِبَيْ الْكَافِرِ مَسِيرَةُ ثَلَاثَةِ أَيَّامٍ للرَّاكِبِ الْمُسْرِعِ)[٤٦٠]. واتە: نێوانی هەردوو دەفەی شانی کافر لە ئاگردا سێ رۆژ رێگایە بۆ سواری خێرای چاپوك.

هەروەها فەرمویەتی: (ضِرْسُ الْكَافِرِ أَوْ نَابُ الْكَافِرِ مِثْلُ أُحُدٍ وَغِلَظُ جِلْدِهِ مَسِيرَةُ ثَلَاثٍ)[٤٦١]. واتە: ددانی پێشەوەی یان خرێی کافر بە وێنەی کێوی ئوحودە، ئەستوری پێستیشی ئەوەندەی سێ رۆژ رێگایە.

گریان و هاواری دۆزەخیەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: M + , - . / 0 1 2 3 4 5 6 7 8 9 : ; < = L الفرقان: ١٣ – ١٤. واتە: کاتێ فڕێ دەدرێنە جێگایەکی تەنگ لە دۆزەخدا بەجووت کراوی دەست و قاچ و ملیان لە کۆت و زنجیردا (یا لەشیان بە کۆت و زنجیر پێکەوە بەسراوە) لەوێدا داوای مردن و تیاچوون دەکەن. ئەمڕۆ داوای تەنیا مردنێك

[٤٦٠] - أخرجه البخاري: ٦١٨٥, ومسلم: ٢٨٥٢.

[٤٦١] - أخرجه مسلم: ٢٨٥١.

مەکەن بەڵکو داوای مردنی زۆر بکەن.

هەروەها دەفەرموێت: M g h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | } ~ إِذْ جَآءَنِىۗ وَكَانَ ٱلشَّيْطَٰنُ لِلْإِنسَٰنِ خَذُولًا ﴿٢٩﴾ L الفرقان: ٢٧ –٢٩.
واتە: رۆژێ دێت ستەمکار قەپ دەکات بە هەردوو دەستی خۆیداو گاز لە هەردوو دەستی خۆی دەگرێ و دەڵێ: خۆزگە شوێنکەوتەی پێغەمبەر بومایەو رێبازی ئەوم بگرتایە. ماڵ ویران خۆم خۆزگە فلان کەسم نەکردایەتە هاورێ. بەڕاستی لە رێگای ئیمان هێنان بە قورئان گومڕای کردم دوای ئەوەی بۆم هات و لەرێ لایدام ، وە بەڕاستی شەیتانیش ریسواکەری ئینسانە.

پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەفەرموێت: (إن أهل النار ليبكون حتى لو أجريت السفن في دموعهم لجرت، وإنهم ليبكون الدم يعني مكان الدمع)[٤٦٢]. واتە: دۆزەخیەکان ئەوەندە دەگرین ئەگەر کەشتی لە فرمێسکیاندا بکەوێتە رێ دەتوانێت بڕوات، وە گریانەکەشیان خوێنە لە جیاتی فرمێسک.

وتاری شەیتان بۆ دۆزەخیەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: M \ ] ^ _ ` a b c d e f g i j k l m n o p q r s u v w x z { | } ~ بِمُصْرِخِىَّ إِنِّى كَفَرْتُ بِمَآ أَشْرَكْتُمُونِ مِن قَبْلُۗ إِنَّ ٱلظَّٰلِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ ﴿٢٢﴾ L إبراهيم: ٢٢. واتە: جا شەیتان دەڵێ: کاتێ کە کار تەواو دەبێ بێگومان خوا بەڵێنی پێدان بەڵێنێکی هەق و راست و منیش بەڵێنم پێدان بەڵام درۆم کرد لە گەڵتان وە من نەمبوو بەسەرتاندا هیچ زۆر و دەسەولاتێك تەنها ئەوە نەبێت بانگم کردن (بۆ گومڕایی) ئیتر ئێوەش بەدەنگمەوە هاتن (و بەگوێتان کردم) کەوتە لۆمەی من مەکەن لۆمەی خۆتان بکەن، بەڕاستی من ناتوانم بێم بەهاواری ئێوەوە و ئێوەش ناتوانن بێن بەهاواری منەوە، بەڕاستی من بڕوام نەبوو بەوەی کە پێشتر (لە دنیادا) منتان کردبوو بە هاوبەش بۆ خوا، بەڕاستی ستەمکاران سزای سەختیان دەبێت.

[٤٦٢] - سلسلة الصحيحة: ١٦٧٩.

دەرچونی ڕیخۆڵەی دۆزەخیەکان:

ئوسامەی کوڕی زەید ڕەزای خوای لیٚ بیٚ فەرموە بیستم لە پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم دەیفەرموو: (يُؤْتَى بالرَّجُلِ يَوْمَ القِيَامَةِ فَيُلْقَى فِي النَّارِ، فَتَنْدَلِقُ أقْتَابُ بَطْنِهِ فَيدُورُ بِهَا كَمَا يَدُورُ الحِمَارُ فِي الرَّحَى، فَيَجْتَمِعُ إلَيْه أهْلُ النَّارِ، فَيَقُولُونَ: يَا فُلانُ، مَا لَكَ؟ أَلَمْ تَكُ تَأمُرُ بالمعْرُوفِ وَتنهَى عَنِ المُنْكَرِ؟ فَيقُولُ: بَلَى، كُنْتُ آمُرُ بالمَعْرُوفِ وَلا آتِيهِ، وأنْهَى عَنِ المُنْكَرِ وَآتِيهِ)[٤٦٣] . واتە: لە ڕۆژی قیامەتدا پیاویٚ دیٚنن و فڕیی دەدەنە ناو ئاگری دۆزەخەوە، ڕیخۆڵەکانی دەرژیٚنە بەر پیٚی، وەك گای گیٚرە بەدەوری خۆیا دەخولیٚتەوەو ڕیخۆڵکانی خۆی گیٚرە دەکات، دۆزەخیەکان لەدەوری کۆدەبنەوەو پیٚی دەڵیٚن: فلانە کەس! ئەمە خۆتی؟ تۆ چییتە؟ تۆ چی دەکەی لیٚرە؟ خۆ تۆ لە دنیدا ئامۆژگاری ئیٚمەت دەکرد! ئەمەت لەچی و ئەوەت لە چی؟ ئەویش دەڵیٚ: بەڵیٚ وابووم، بەلاٚم داخەکەم بۆ خۆم وانەبووم، بە پیٚچەوانەوە بە ئیٚوەم دەگوت چاکە بکەن خۆم نەم دەکرد، بە ئیٚوەم دەگوت خراپە مەکەن کەچی خۆم خراپەم دەکرد، ئەمەی دەیبینن سزای ئەو کەسانەیە کە ئەمە ڕەفتارو کرداریانە.

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لیٚ بیٚ فەرمووی: پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (رَأَيْتُ عَمْرَو بْنَ عَامِرِ بْنِ لُحَيٍّ الْخُزَاعِيَّ يَجُرُّ قُصْبَهُ فِي النَّارِ وَكَانَ أَوَّلَ مَنْ سَيَّبَ السَّوَائِبَ)[٤٦٤]. واتە: عەمری کوڕی عامری خوزاعیم بینی بە ڕیخۆڵەکانی بەناو دۆزەخدا ڕادەکیٚشرا، یەکەم کەسیش بوو یاسای (سوائب)ی دانا.

هەندیٚك لە شیٚوەکانی سزاو ئازاری دۆزەخیەکان:

ئەنەس ڕەزای خوای لیٚ بیٚ فەرموی: پیٚغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرمویەتی: (يُؤْتَى بأنْعَمِ أهْلِ الدُّنْيَا مِنْ أهْلِ النَّارِ يَوْمَ القِيَامَةِ، فَيُصْبَغُ فِي النَّارِ صَبْغَةً، ثُمَّ يُقَالُ: يَا ابْنَ آدَمَ، هَلْ رَأيْتَ خَيْراً قَطُّ؟ هَلْ مَرَّ بِكَ نَعِيمٌ قَطُّ؟ فَيَقُولُ: لاَ وَاللهِ يَا رَبِّ، وَيُؤْتَى بأشَدِّ النَّاسِ بُؤسَاً فِي الدُّنْيَا مِنْ أهْلِ الجَنَّةِ، فَيُصْبَغُ صَبْغَةً فِي الجَنَّةِ، فَيُقَالُ لَهُ: يَا ابْنَ آدَمَ، هَلْ رَأيْتَ بُؤساً قَطُّ؟ هَلْ مَرَّ بِكَ شِدَّةٌ قَطُّ؟

---

[٤٦٣] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري: ١٤٧/٤ (٣٢٦٧) ، ومسلم ٢٢٤/٨ (٢٩٨٩) (٥١).

[٤٦٤] - رواه النسائي, وصححه الألباني في صحيح الجامع برقم: ٣٤٦٩.

فيَقُولُ: لاَ وَاللهِ، مَا مَرَّ بِي بُؤْسٌ قَطُّ، وَلاَ رَأَيْتُ شِدَّةً قَطُّ)[٤٦٥] . واته: لـه رۆژی قیامەتـدا کـێ زۆر خۆشی بووەو لەنازو نیعمەتدا بووە، بەڵام لەو دنیـا لــە دۆزەخدایـە دەیهێـنن و لــە ئـاگر هـەڵی دەکێشن، ئینجا پێی دەوترێت: ئەی نەوەی ئادەم! ئایا ئەوەتی تۆ هەیت هەرگیز خۆشـیت بینیـوە؟ دەڵێ: نە بەو خوایە ئەی پەروەردگارم! بەحەیاتم چاوم بەخۆشی نەکەوتووە.

برژاندنی پێستی جەستەی کافران:

خـوای گــەورە دەفــەرموێت: M Z [\ ] ^ _ ` a b c d e f g h i j k l m n o L النساء: ٥٦. واتە: بەڕاستی ئەوانـەی بـێ بڕوابـوون بـە ئایەتەکانی ئێمە لەمەولا دەیانخەینە ناو ئاگرێك هەر کاتێك کە پێستیان سوتا بۆیـان دەگـۆڕین بـە پێستێکر تر بۆ ئەوەی سزاکە بچەژن، بەڕاستی خوا هەمیشە زاڵی کار دروستە.

ڕەش هەڵگەڕانی دەم و چاویان:

خوای گەورە دەفـەرموێت: M يَوۡمَ تَبۡيَضُّ © وَتَسۡوَدُّ وُجُوهٞۚ فَأَمَّا ٱلَّذِينَ ٱسۡوَدَّتۡ وُجُوهُهُمۡ أَكَفَرۡتُم بَعۡدَ µ ¶ كُنتُمۡ تَكۡفُرُونَ ﴿١٠٦﴾ L آل عمـران: ١٠٦. واته: رۆژێك دێت چەند ڕوویـەك سـپی دەبـن و وە چەند ڕوویەك ڕەش دەبن، جا ئەوانەی کە ڕوویان ڕەش بووە(پێیـان دەوترێـت) بۆچـی بـێ بـڕوا بوون لـەپاش بڕوا هێنان کەواتە بیچێژن سزا بەهۆی بێ بڕوایتانەوە.

هــەرووەها دەفــەرموێت: M 6 7 8 9 : ; < = ? @ A B C D F G H I J K L N O P R S T U L یونس: ٢٧. واتە: ئەوانەش کە کردەوەی خراپیان کردووە تۆڵەی هەر خراپەیەك بەئەندازەی ئەو (خراپەیـە) وە ریـسوایی دایـان دەگرێـت بۆیان نی یە هیچ پەنادەرێك لـە(سـزای) (بەڕادەیــەك ڕوویـان ڕەش بـووە) دەڵێـی دەم و چـاویان داپۆشراوەبەچەند بەشێك لـە شەوەزەنگ ئەوانەی (کە باسکران) هاوڕێی ئاگری دۆزەخن.

سزای ئەوانەی خەڵك ئازار دەدەن:

ئەبو هورەیرە ڕازی خوای لـێ بێ گێڕایەوەویەتیەوە کە پێغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسـلم فەرمویـەتی: (صِنْفَانِ مِنْ أَهْلِ النَّارِ لَمْ أَرَهُمَا قَوْمٌ مَعَهُمْ سِيَاطٌ كَأَذْنَابِ الْبَقَرِ يَضْرِبُونَ بِهَـا النَّـاسَ

[٤٦٥] - أخرجه مسلم ١٣٥/٨ (٢٨٠٧) (٥٥) .

وَنِسَاءٌ كَاسِيَاتٌ عَارِيَاتٌ مُمِيلَاتٌ مَائِلَاتٌ رُءُوسُهُنَّ كَأَسْنِمَةِ الْبُخْتِ الْمَائِلَةِ لَا يَدْخُلْنَ الْجَنَّةَ وَلَا يَجِدْنَ رِيحَهَا وَإِنَّ رِيحَهَا لَيُوجَدُ مِنْ مَسِيرَةِ كَذَا وَكَذَا)[٤٦٦]. واته: دوو کۆمەڵ هەیە لەڕیزی ئەهلی دۆزەخن و من نەمدیون: جۆرێکیان قامچیان پێیە ریشودار وەك کلکی مانگا وایە کە ئەشکەنجەی خەڵکی پێدەدەن، جۆرەکەی ترشیان: ئافرەتانێکن پۆشاکیان لەبەردایە بەڵام رووتن(چونکە تەنك و کورتە یان تەسکە) ئەوانە هەم خۆیان لەخشتەچوون هەم خەڵکیش لەخشتەدەبەن، بەفیزو لەنجەو لارەوە دەڕۆن بەرێگادا، قژی سەریان لە دواوە وەك کۆپارەی پشتی وشتر بەرزدەکەنەوە، ئەوانە نەدەچنە بەهەشت و نەبۆنیشی دەکەن کە بۆنی بەهەشت ئەوەندەو ئەوەندە ساڵە ڕێ دەڕوات.

سووکترین سزای دۆزەخ:

نوعمانی کوڕی بەشیر ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: بیستم لە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم دەیفەرموو: (إنَّ أهْوَنَ أهْلِ النَّارِ عَذَاباً يَوْمَ القِيَامَةِ لَرَجُلٌ يوضعُ في أخْمَصِ قَدَمَيْهِ جَمْرَتَانِ يَغْلِي مِنْهُمَا دِمَاغُهُ. مَا يَرَى أنَّ أَحَداً أشَدُّ مِنْهُ عَذَاباً، وَأنَّهُ لأَهْوَنُهُمْ عَذَاباً)[٤٦٧]. واته: لە رۆژی قیامەتدا ئەوەی لە هەموو کەسێك سزای سووکترە پیاوێکە دوو پشکۆ ئاگر دادنێن لە ژێر پێیدا ئیتر مێشکی بە تینی ئەو سکڵانە وەك مەنجەڵی سەر ئاگر دەکوڵێ، لە خۆی وایە کەس لەو سزای سەخت تر نی یە، بەڵام لە راستیدا لەناو دۆزەخیەکاندا کەس لەو سزای سووکتر نی یە.

ئاگر تا کوێی دۆزەخی دەگرێت:

سەمورەی کوڕی جوندب ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویەتی: (مِنْهُمْ مَنْ تَأخُذُهُ النَّارُ إلَى كَعْبَيهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ تَأخُذُهُ إلَى رُكْبَتَيهِ، وَمنْهُمْ مَنْ تَأخُذُهُ إلَى حُجزَتِهِ، وَمِنْهُمْ مَنْ تَأخُذُهُ إلَى تَرْقُوَتِهِ)[٤٦٨]. واته: دۆزەخیەکان هەیانە ئاگر تا قولە پێی دێت، هەیانە تاکو هەردوو ئەژنۆی و، هەشیانە تا پشتێنەی و، هەشیانە تا ئێکی بینە قاقای.

---

[٤٦٦] - أخرجه مسلم ١٦٨/٦ (٢١٢٨) (١٢٥) , وأحمد في مسنده: ٣٥٦/٢.

[٤٦٧] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ. أخرجه البخاري : ١٤٤/٨ (٦٥٦٢) ، ومسلم: ١٣٥/١ (٢١٣) (٣٦٣)و(٣٦٤) .

[٤٦٨] - أخرجه مسلم: ١٥٠/٨ (٢٨٤٥) (٣٣) .

شوێنی دووڕووەکان:

خوای گەورە دەفەرموێت: M إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ ﴿١٤٥﴾ L النساء: ١٤٥. واتە: بەڕاستی دووڕووەکان لە خانەو تەبەقی هەرە ژێرەوەی ئاگردان.

وتووێژی ئەهلی دۆزەخ:

خوای گـەورە دەفـەرموێت: M هَٰذَاۚ وَإِنَّ لِلطَّٰغِينَ لَشَرَّ مَـَٔابٍ ﴿٥٥﴾ جَهَنَّمَ يَصۡلَوۡنَهَا فَبِئۡسَ ٱلۡمِهَادُ ´ µ ¶ ¸ وَغَسَّاقٌ ﴿٥٧﴾ وَءَاخَرُ مِن شَكۡلِهِۦٓ أَزۡوَٰجٌ ﴿٥٨﴾ هَٰذَا فَوۡجٌ مُّقۡتَحِمٌ مَّعَكُمۡ لَا مَرۡحَبَۢا بِهِمۡۚ إِنَّهُمۡ صَالُواْ ٱلنَّارِ ﴿٥٩﴾ قَالُواْ بَلۡ أَنتُمۡ لَا مَرۡحَبَۢا بِكُمۡۖ أَنتُمۡ قَدَّمۡتُمُوهُ لَنَاۖ فَبِئۡسَ ٱلۡقَرَارُ ﴿٦٠﴾ قَالُواْ رَبَّنَا مَن قَدَّمَ لَنَا à فَزِدۡهُ â ضِعۡفًا فِي ٱلنَّارِ ﴿٦١﴾ L ص: ٥٥ – ٦١. واتـــــــە: بێگومان سەرکەشان خراپترین پاشە ڕۆژیان هەیە، دۆزەخە کە دەچنە ناویەوە ئـای چ جێگایـەکی بەدو خراپە، ئەمەو ئاوی لە کوڵ و کێم و زوخە دەبا بیچەژن، وە چەند جۆری تر سـزامان هەیـە لــەو شـێوە، (بــە گومڕاکــەرەکان دەوتـرێ) ئەمــە کۆمەڵێکــە لــە گــەڵ ئێــوەدا دێنــە دۆزەخ، (گومڕاکەرەکان) دەڵێن: بەخێر نەیەن، بێگومـان ئەوانــە دەچـنە نـاو ئـاگری دۆزەخ،ئـەوان (بـە گومڕاکەرەکان) دەڵێن: بەڵکو ئێوە بـەخێر نەیـەن، ئێـوە (لــە دنیـادا گومڕاتـان کـردین و) ئـەم سزایەتان پێش هێنا بۆمان، ئای چ جێگاو مەنزڵێکی خراپـە، دەڵـێن: ئـەی پـەروەردگارمان هـەر کەس (هۆی) پێش هێنانی ئەم سزایە بوو بۆ ئێمە، ئەوە سزای ئەو لە دۆزەخدا دوو چەندانە بکە.

هەروەها دەفـەرموێت: M { ~ فِي ٱلنَّارِ فَيَقُولُ ٱلضُّعَفَـٰٓؤُاْ لِلَّذِينَ ٱسۡتَكۡبَرُوٓاْ إِنَّا كُنَّا لَكُمۡ © فَهَلۡ أَنتُم مُّغۡنُونَ عَنَّا نَصِيبٗا مِّنَ ٱلنَّارِ ﴿٤٧﴾ قَالَ ´ µ ¶ ¸ فِيهَآ إِنَّ ٱللَّهَ قَدۡ حَكَمَ بَيۡنَ ٱلۡعِبَادِ ﴿٤٨﴾ L غـافر: ٤٧ – ٤٨. واتــە: وە کـاتێ (دۆزەخیــەکان) لــەناو ئاگرەکــەدا دەمــەقڕە دەکــەن لاوازەکان بەوانەی خۆ بەزلزان بوون دەڵێن: بەڕاستی ئێمە شـوێنکەوتووی ئێـوە بـوین دەی ئایـا ئێوە لە جیاتی ئێمە لە ئەستۆدەگرن بەشێك لــەم ئـاگرە. ئەوانــەی خــۆ بــەزلزان و زۆرداربــوون دەڵێن: بەڕاستی هەموومان لە ئاگرداین بێگومان خوا لە نێوان بەندەکانیدا دادوەری کردووە.

بانگ و هاواری ئەهلی دۆزەخ لە ئەهلی بەهەشت:

خوای گەورە دەفەرموێت: M وَنَادَىٰٓ أَصۡحَٰبُ ´ µ ¶ ¸ أَفِيضُواْ عَلَيۡنَا مِنَ ٱلۡمَآءِ أَوۡ مِمَّا رَزَقَكُمُ ٱللَّهُۚ قَالُوٓاْ إِنَّ ٱللَّهَ حَرَّمَهُمَا عَلَى ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٥٠﴾ L الأعراف: ٥٠. واتە: دۆزەخیەکان بانگ و هاوار لە بەهەشتیەکان دەکەن (دەڵێن)هەندێ ئاومان پێ ببەخشن، یان هەندێ لەو ڕۆزیـەی کـە خـوا پێـی بەخـشیون،

(لـەوەڵامیاندا) دەڵێن: خوا هەردوکی لـەسەر بێ بڕوایان حەرام کردووە.

شەیتان خۆی بێ بەری دەکات لـە شوێن کـەوتوانی: کـافران کاتێـك لـەسـەر قـەراغی دۆزەخ وەستێنراون ئاوات بۆچی دەخوازن:

خـوای گــەورە دەفــەرموێت: Mوَلَوۡ ç è é ê ë فَقَالُواْ يَٰلَيۡتَنَا î ï نُكَذِّبَ بِـَٔايَٰتِ رَبِّنَا وَنَكُونَ ôٱلۡمُؤۡمِنِينَ ﴿٢٧﴾ L الأنعام: ٢٧. واتە: وە ئەگەر بیـان بینیتکاتێـك لـەسـەر قـەراغی دۆزەخ وەسـتێنراون کـە دەڵـێن خۆزگە دەگەڕێنراینەوە بۆ دنیاو بەڵگەکانی پەروەردگارمان بـەدرۆ نـەدەزانی، وە لــە بـڕواداران ئەبووین.

ئەهلی دۆزەخ مردن ناچەژن:

خوای گەورە دەفـەرموێت: M v w x y z { | } ~ وَلَا يُخَفَّفُ عَنۡهُم مِّنۡ عَذَابِهَاۚ كَذَٰلِكَ نَجۡزِي كُلَّ © ﴿٣٦﴾ L فاطر: ٣٦. اته: ئاگری دۆزەخ بۆ ئەوانەیە بێبـاوەڕ بـوون بڕیـاری مردن نادرێت بەسەریاندا تا بمرن، سزاشیان لـەسەر سووك ناكرێت، ئا بەو جۆرە تۆڵە ئەسێنین لـە هەموو بێباوەڕێك.

هەروەها دەفەرموێت: Mثُمَّ لَا يَمُوتُ فِيهَا وَلَا يَحۡيَىٰ ﴿١٣﴾ L الأعلـى: ١٣. واتـە: پاشـان لــەم شـوێنەدا نـە دەمرن و نە دەژین.

دۆزەخیەکان قوم قوم کێم و زووخاو دەخۆنەوە، ناتوانن قوتی بـدەن، مردنیـان بـۆ دێـت لــە هەموو لایەکەوە، کەچی ناشمرن، لـە دوای ئەوەش سزای سەخت دەدرێـن هـەروەك لــەو بـارەوە خوای گەورە دەفـەرموێت: My z { | } ~ صَدِيدٖ ﴿١٦﴾ يَتَجَرَّعُهُۥ وَلَا يَكَادُ يُسِيغُهُۥ وَيَأۡتِيهِ ٱلۡمَوۡتُ مِن © مَكَانٖ وَمَا هُوَ بِمَيِّتٖۖ وَمِن وَرَآئِهِۦ عَذَابٌ غَلِيظٞ ´ L إبراهیم: ١٦ – ١٧.

ئەبو سەعید ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرمویـەتی: (أَمَّا أَهْلُ النَّارِ الَّذِينَ هُمْ أَهْلُهَا فَإِنَّهُمْ لَا يَمُوتُونَ فِيهَا وَلَا يَحْيَوْنَ)[٤٦٩]. واتـە: بـەڵام ئـەهلی ئـاگر، ئەوانەی ئەهلی هەمیشەیی ئاگرن، نە دەمرن و نە دەژین.

---

[٤٦٩] - أخرجه مسلم: ١٨٥.

نەبڕانەوەی بەهەشت و دۆزەخ:

ئیبن عومەر ڕەزای خوایان لیٚ بیٚ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليـه وسـلم فەرمویـەتی: (إِذَا صَارَ أَهْلُ الْجَنَّةِ إِلَى الْجَنَّةِ وَأَهْلُ النَّارِ إِلَى النَّارِ جِيءَ بِالْمَوْتِ حَتَّى يُجْعَلَ بَيْنَ الْجَنَّةِ وَالنَّارِ ثُـمَّ يُذْبَحُ ثُمَّ يُنَادِي مُنَادٍ يَا أَهْلَ الْجَنَّةِ لَا مَوْتَ وَيَا أَهْلَ النَّارِ لَا مَوْتَ فَيَزْدَادُ أَهْلُ الْجَنَّةِ فَرَحًا إِلَى فَرَحِهِمْ وَيَزْدَادُ أَهْلُ النَّارِ حُزْنًا إِلَى حُزْنِهِمْ)[٤٧٠]. واتـه: کاتێـك بەهەشـتیەکان بـەرەو بەهەشـت یـەکلایی کرانەوە و، دۆزەخیەکانیش بەرەو دۆزەخ یەکلاکرانەوە مردن دەهێنرێت لـە نێـوان بەهەشـت و دۆزەخدا سەردەبڕرێت، ئینجا جارچیەك جارِ دەدات، ئەی بەهەشتیەکان ئیتر مـردن نیـیە، ئـەی دۆزەخیەکانیش ئیتر مردن نییە، ئیجا بەهەشتیەکانیش لەسـەرو دڵخۆشـیەکەیانەوە هێنـدەی تـر دڵخۆش دەبن و، دۆزەخیەکانیش لەسەرو خەفەتەکەیانەوە هێندەی تر خەفەتبار دەبن.

ئەو تاوانە هەرە گەورانەی کە دەبنە هۆی مانەوەی هەمیشەیی لە دۆزەخدا:

١– بێباوەڕی و هاوەڵ دانان بۆ خوا:

خوای گەورە دەفەرموێت: M [\ ] ^ _ ` a ا c d e f g
h i j k l m n o p q r s t u v w x y z { | }
~ قَالُواْ ضَلُّواْ عَنَّا بَل لَّمۡ نَكُن نَّدۡعُواْ مِن © شَيۡـًٔاۚ كَذَٰلِكَ يُضِلُّ ٱللَّهُ ٱلۡكَٰفِرِينَ ﴿٧٤﴾ ذَٰلِكُم بِمَا ´ µ ¶ ¸ بِغَيۡرِ ٱلۡحَقِّ وَبِمَا كُنتُمۡ تَمۡرَحُونَ ﴿٧٥﴾ L غافر: ٧٠ – ٧٥. واتـە: کـاتیٚ زنجـیر و تـەوقیان لـە گەردندایـە پێـی ڕادەکێشرێن، لەناو ئاوی زۆر گەرمدا، پاشان لە دۆزەخدا دەسوتێنرێن، لە پاشان پێیان دەوتـریٚ: لەکوێن ئەو هاوبەشانەی بۆ خوداتان دادەنان، بێجگە لە خوا دەڵێن: وون بوون لێمان (وا نییە) بەڵکو ئێمە لە دنیا (بێجگە لە خوا) شتێکمان نەدەپەرست، ئابەم جۆرە خوا بیٚ باوەڕان لە ڕێگـە لادەدات، ئەمەتان لەبەر ئەوەیە کە ئێوە بەناڕەوا شادی و کەیفتان دەکرد لە زەویـدا . وە لەبـەر ئەوەی کە فیز و کەشخەتان دەکرد لە زەویدا، دەی لە دەرگای دۆزەخەوە بڕۆنـە ژوورەوە تیایـا دەمێننەوە بە ئێجگاری ئای چەند خراپە شوێنی خۆ بەزل زانان.

---

[٤٧٠]- أخرجه البخاري : ٢١٨٢ ومسلم: ٢٨٥٠.

٢- بەدرۆ زانینی ڕۆژی دوایی:

خوای گەورە دەفەرموێت: M فِي â يَتَسَآءَلُونَ ﴿٤٠﴾ عَنِ ٱلۡمُجۡرِمِينَ ç è é ê ë ﴿٤٢﴾ قَالُواْ î ï مِنَ ٱلۡمُصَلِّينَ ﴿٤٣﴾ وَلَمۡ ô نُطۡعِمُ ٱلۡمِسۡكِينَ ﴿٤٤﴾ û ü مَعَ ٱلۡخَآئِضِينَ ﴿٤٥﴾ وَكُنَّا نُكَذِّبُ بِيَوۡمِ ٱلدِّينِ ﴿٤٦﴾ L المدثر: ٤٠ – ٤٦. واتە: کە لە باخاتی بەهەشتدا پرسیار لەیەکتری دەکەن لــە(حــاڵی)تاوانبــاران (هــەر لــە بەهەشــتیەکان وەڵام دەداتەوە کە دیومانن و پێمان وتوون)چی ئێوەی خستۆتە دۆزەخەوە؟ (ئەوانیش)وتیان: کەسـانەی سەر فرازو شادمانن لــە بەهەشــتدا بــە تاوانبــارانی دۆزەخ دەڵــێن: لــە نوێژگــەران نــەبووین، وە خۆراکمان نەدەدا بەهەژاران. وە ڕۆدەچووین لەگەڵ ئەوانەی کە ڕۆدەچوون(لە قسەی خراپــەو بێ شەرعیدا) وە باوەڕمان بە ڕۆژی دوایی نەبوو.

٣- گوێڕایەڵی سەرکردە بێ بڕواکان:

خــوای گــەورە دەفــەرموێت: M Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b L الأحزاب: ٦٧ – ٦٨. واتە: وە دەڵێ: ئــەی پــەروەردگارمان بەڕاسـتی ئێمە بــەگوێی ســەران و گــەورەکانمان کــرد ئــیتر لــە ڕێگــای ڕاســت گومڕایــان کــردین، ئــەی پەروەردگارمان دوو بەرابەر سزایان بدە و بەر نەفرینی خۆتیان بخەیت.

٤- دووڕوویی:

خوای گەورە دەفەرموێت: M إِنَّ ٱلۡمُنَٰفِقِينَ فِي ٱلدَّرۡكِ ٱلۡأَسۡفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ © تَجِدَ لَهُمۡ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾ L النساء: ١٤٥. واتە: بەڕاستی دووڕووەکان لـە خانەو تەبەقی هەرە ژێرەوەی ئاگردان.

٥- خۆبەزل زانین:

خــوای گــەورە دەفــەرموێت: M F G H I J K L M N O P Q R S T U V W X Y Z [\ ] ^ _ ` a b d e f g h i j k L الأعـراف: ١٤٦. واتــە: بــەم زوانــە لائــەدەم و بــەرگری دەکــەم لــە نیــشانەو بەڵگەکانم، ئەوانەی کە خۆیان بە گەورە دادەنێن لەســەر زەویــدا بــە ناهــەق و نــاڕەوا ، ئەوانــە ئەگەر هەموو موعجیزەیەك ببینن باوەڕی پێ ناهێنن، وە ئەگــەر ئــایینی ڕاســت و دروســت ببیــنن

نایکەن بە ڕێباز و ئایینی خۆیان، هەموو ئەمانە لەبەر ئەوەیە کە بەڵگەو نیشانەکانی ئێمەیان بەدرۆ دەزانی و هەمیشە بێ ئاگا بوون لێیان.

هەروەها دەفەرموێت: 3M 4 5 6 7 8 9 : L غافر: ٦٠. واتە: بەڕاستی ئەوانەی خۆیان بە گەورە دەزانن کە بمپەرستن، لەمەو دوا بە سەرشۆڕی دەچنە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم دەفەرموێت: (لَا يَدْخُلُ النَّارَ أَحَدٌ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِنْ إِيمَانٍ ، وَلَا يَدْخُلُ الْجَنَّةَ أَحَدٌ فِي قَلْبِهِ مِثْقَالُ حَبَّةِ خَرْدَلٍ مِنْ كِبْرِيَاءَ)[٤٧١] واتە: ناچێتە ئاگری دۆزەخ یەکێك بەقەد دەنکی ناوکە خەرتەلەیەك ئیمان لەدڵیدا بێت، هەروەها ناچێتە بەهەشتەوە یەکێك بەقەد دەنکە خەرتەلەیەك خۆ بەزلزانی لەدڵیدا بێت.

خوای گەورە لە فەرمودەی قودسیدا دەفەرموێت: (الكبرياء ردائي والعظمة إزاري فمن نازعني واحدا منهما قذفته في النار)[٤٧٢]. واتە: گەورەیی و مەزنایەتی کاڵای منن و مافی کەسی تریان پێوە نییە، ئەوەی لەسەر یەکێ لەم دووانە بەربەرەکانێ و دژایەتیم بکات ئەوە فڕێی دەدەمە ناو ئاگری دۆزەخەوە.

ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (تَحَاجَّتْ الْجَنَّةُ وَالنَّارُ فَقَالَتْ النَّارُ أُوثِرْتُ بِالْمُتَكَبِّرِينَ وَالْمُتَجَبِّرِينَ..)[٤٧٣]. واتە: بەهەشت و دۆزەخ مشت و مڕیان بوو، دۆزەخ وتی: من تایبەت کراوم بە خۆ بەزلزان و مل هوڕە ستەمکارەکان.

ئیبن عومەر ڕەزای خوایان لێ بێ فەرمووی: پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم فەرمویەتی: (يَطْوِي اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ السَّمَاوَاتِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ ثُمَّ يَأْخُذُهُنَّ بِيَدِهِ الْيُمْنَى ثُمَّ يَقُولُ أَنَا الْمَلِكُ أَيْنَ الْجَبَّارُونَ أَيْنَ الْمُتَكَبِّرُونَ)[٤٧٤]. واتە: خوای گەورە لە ڕۆژی دواییدا ئاسمانەکان دەپێچێتەوە پاشان

---

[٤٧١] - أخرجه مسلم: (١٣٢), مشكاة المصابيح: ٣/ ٥١٠٧, صحيح الجامع: (٧٦٧٩).

[٤٧٢] - صحيح سنن أبي داود: ٤٠٩٠, في صحيح الجامع: ٤٣١١.

[٤٧٣] - أخرجه البخاري:٤٥٦٩, ومسلم: ٢٨٤٦.

[٤٧٤] - أخرجه مسلم: ٢٧٨٨.

بەدەستی راست دەیانگریٚ و دەفەرمویٚت: مـن پادشـام کـوانیٚ زۆرداران؟ کـوانیٚ خـۆ بەگـەورە زانان.

کاروکردەوەی چاکە مرۆڤ لـە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە:

ئەبو سەعیدی خودری رەزای خوای لیٚ بیٚ گیٚڕاویەتیەوە کـە پیٚغەمبـەری خـوا صـلی الله علیـە وسلـم فەرمویەتی: (مَا مِنْ عَبْدٍ يَصُومُ يَوْماً فِي سَبِيلِ اللهِ إِلاَّ بَاعَدَ اللهُ بِذَلِكَ اليَوْمِ وَجْهَهُ عَـــنِ النَّـــارِ سَبْعِينَ خَرِيفاً)[٤٧٥]. واتە: هەر کەسیٚك بەئیمانەوە رۆژیٚك لـە پیٚناوی خوای گەورە بەرۆژوو بیٚـت، خوای گەورە بەو رۆژە رووخساری حەفتا پایز لـە ئاگری دۆزەخ دوور دەخاتەوە.

هەروەها فەرمویـەتی: (لَنْ يلِجَ النَّارِ أَحَدٌ صَلَّى قَبْلَ طُلوعِ الشّـــَمْسِ وَقَبْلَ غُرُبِهَا)[٤٧٦]. واتـە: ئەوکەسەی نویٚژی پیٚش خۆرکەوتن و نویٚـژی پـیٚش خۆرئـاوا بـوون بکـات نارِواتـە نـاو ئـاگری دۆزەخەوە، مەبەست نویٚژی بەیانی و عەسرە.

[٤٧٥] - مُتَّفَقٌ عَلَيهِ: أخرجه البخاري ٣١/٤ (٢٨٤٠) ، ومسلم ١٥٩/٣ (١١٥٣) (١٦٧) .
[٤٧٦] - أخرجه مسلم: (٢١٣), وأحمد في المسنده (٤/ ١٣٦).

کۆتایی

خوێنەری خۆشەویست ئەم کتێبەی بەردەستت(گەشتی قیامەت) کە خوای گەورە بۆی ئاسان کردین، هیوا دارین ببێتە هۆی هیدایەت و بەرچاو روونی بۆ موسڵمانانی کورد زوبانی خۆشەویست و کەلێنێك پڕ بکاتەوە لە کتێبخانەی کوردی و خزمەتێك بکات بە راگەیاندنی ئسلامی هاوچەرخ، هەروەها ببێتە خێری نەبڕاوەو زانستی سوود لێ وەرگیراو بۆ بەندەی هەژار و بخرێتەسەر تای تەرازووی کردەوە چاکەکانی دایك و باوکم لە رۆژی رەستاخێزدا.

راستی و دروستیی کتێبەکە لە خوای پەروەردگارەوەیە، هەڵەو ناتەواویی یەکانیشی لەمن و شەیتانی نەفرەتیەوەیە.. جا ئەوەی خوێندیەوە با لە دوعای خێر بێ بەشمان نەکات بەڵکو لەو گەشتە هاتوو نەهاتەدا سەرکەوتوو سەرفەراز بین، خوای گەورە ئێمەش و ئێوەش سەرکەوتوو بکات بۆ هەرچی زیاتر خزمەتکردنی دینەکەمان.

إنه نِعمَ المَولى ونِعمَ النَصير.

سُبْحَانَ رَبِّكَ رَبِّ الْعِزَّةِ عَمَّا يَصِفُونَ وَسَلَامٌ عَلَى الْمُرْسَلِينَ وَالْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ الْعَالَمِينَ.

ناصح ئیبراهیم سازانی

سلێمانی

ساڵی ١٤٣١ی کۆچی– ئازاری/ ٢٠٠٩ی زایینی

سەرچاوەکان

١- قورئانی پیرۆز

٢- عمدة التفسير عن إبن الكثير للشيخ أحمد الشاكر. دار الوفاء ١٤٢٦هجري- ٢٠٠٥م.

٣- تەفسیری رامان مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمود. چاپی یەکەم.

٤- پوختەی تەفسیر مامۆستا موحەممەد مەلا صالّح. چاپی سێهەم

٥- فتح الباری شرح صحیح البخاري لإبن حجر العسقلاني.

٦- شرح صحيح مسلم للإمام النووي. دار إحياء التراث العربي ١٤٢٠هجري- ٢٠٠٠م.

٧- شرح رياض الصالحين للشيخ العثيمين مطبعة دار السلام ١٤٢٣هجري- ٢٠٠٢ م.

٨- رياض الصالحين به کوردی وەرگێڕانی مامۆستا نوری فارس.

٩- مختصرالتذكرة بأحوال الموتى والآخرة للإمام القرطبي مكتبة العصرية ١٤٢٨هجري- ٢٠٠٧ ميلادي.

١٠- كتاب الفتن والملاحم للحافظ إبن الكثير طبعة الأولى دار الغد الجديد المنصورة- مـصر لـسنة ١٤٢٦ هجري- ٢٠٠٥ميلادي.

١١- الروح لإبن قيم الجوزية. تحقيق عصام الدين الصبابطي دار الحـديث القـاهرة لـسنة١٤٢٤ هجري ٢٠٠٤ ميلادي.

١٢- رحلة الى دار الآخرة جمع والترتيب محمود المصري (أبو عمار) طبعـة الثانيةمكتبـة التقـوى ١٤٢٤هجري- ٢٠٠٣ ميلادي.

١٣- أحـداث النهايـة ونهايـة العـالم فـضيلة الـشيخ محمـد حـسان طبعـة الأولى مكتبـة فيـاض ١٤٢٧هجري- ٢٠٠٧ميلادي.

١٤- قیامەتی گەورە نووسینی عمر سليمان الأشقر، وەرگێڕانی ئارام گـەلاڵی چـاپی یەکـەم لـە بڵاوکراوەکانی نوسینگەی تەفسیر لـە هەولێر ساڵی ١٤٢٢کۆچی -٢٠٠١زایینی.

١٥– الفوائد لإبن قيم الجوزية تحقيق عصام الدين الصبابطي دار الحديث القاهرة لسنة١٤٢٦ هجري، ٢٠٠٥ ميلادي.

١٦- قیامەتی بچوك نووسینی عمر سلیمان الأشقر، وەرگێڕانی کاروان موحەممەد لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی رۆشنبیر ساڵی ١٤٢٩ کۆچی – ٢٠٠٨ زایینی.

١٧– أهوال القبور لإبن رجب الحنبلي مكتبة العصرية صيدا–بيروت – لبنان لسنة ٢٠٠٧ ميلادي ، ١٤٢٨ هجري.

١٨– مەترسی و ناخۆشیەکانی قەبر دانراوی ئیبن رەجەبی حەنبەلی بەغدادی، وەرگێڕانی مامۆستا عبدالقادری تەوحیدی. چاپی یەکەم، نوسینگەی تەفسیر ساڵی ٢٠٠٧ کۆچی بەرامبەر بە ساڵی ١٤٢٩ی زایینی.

١٩– چەند سەرچاوەیەکی تر.

بەرهەمەکانی ناصح ئیبراهیم سازانی

١– فەزڵی نوێژ و کاریگەری لەسەر پەروەردە و تەزکیەی نەفس.سێ جار چاپکراوە

٢– خواپەرستی و ئاسەوارەکانی لەسەر پەروەردەی دەروون.

٣– پەروەردەی منداڵان لە ئیسلامدا. نووسینی د. عبداللە ناصح عەلوان، وەرگێڕان و ئامادەکردن.

٤– ئەم کتێبەی بەردەستت(گەشتی قیامەت).

بڵاوکراوەکانی پرۆژەی (تیشك)

ژ	ناوی کتێب	نووسەر
١	بەئیسلامکردنی کورد، ماستەرنامە یان هەڵەنامە؟	ن: فازل قەرەداغی
٢	نـەزانیی و بێـشەرمیی، بەشـێك لـە چەواشـەکارییەکانی مەریوان هەڵبجەیی لە کتێبی (سێکس و شەرع و ژن)دا	ن: عومەر کەمال دەروێش
٣	ئاشتینامە، وەڵامێك بۆ (خوێننامە)ی زەردەشتی	ن: ئامینە صدیق
٤	فەتواکەی مەلای خەتێ، ئەفسانەی مێژوونووسێك	ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم
٥	صـەلاحەددینی ئـەییوبی، گـەورەتر لـە رەخنـەگرانی، گفتوگۆ لەگەڵ پرۆفیسۆر دکتـۆر موحسین موحەممەد حسێن	ئا: ئارام عەلی سەعید
٦	بەرەو بەختیاری ئافرەت (بەرگی یەکەم)	جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار)
٧	ئازادیی رادەربڕین لە رۆژئاوا، لە سەلمان روشدییەوە بۆ رۆجیە گارودی	ن: د. شەریف عەبدولعەزیم و: وەرزێر حەمەسەلیم
٨	بەجیهانیکردن، دیدێکی ئیسلامیی	ن: د. موحسین عەبدولحەمید و: حەمەکەریم عەبدوڵڵا
٩	کوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا	ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم
١٠	بەرەو بەختیاریی ئافرەت (بەرگی دووەم)	ن: جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار)
١١	مێژووی دێرینی کوردستان (کتێبی سێیەم)	ن: فازل قەرەداغی
١٢	سـەدەیەك تەمـەنی نـوورین، مامۆسـتا عەبدولکـەریمی مودەڕیس بە پێنووسی خۆی بناسە	ئا: عەبدولدائیم مەعروف هەورامانی
١٣	دەوڵـەتی خیلافـەت، بوژاندنـەوەی کۆمەڵگـەو گەشەسەندنی شارستانییەت	ن: ئیکرام کەریم
١٤	لە سەرگوزشتەکانی ژیان، ئـەدەبی گاڵتەوگەپ، رووداوی مێژوویی، بیرەوەریی	ن: شێخ موحەممەد خاڵ
١٥	پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان رامانو سەرنجو پێشنیار	ئا: پرۆژەی تیشك

١٦	بیستو سێ ساڵ سەروەریی	ن: ئەحمەد حاجی ڕەشید دکتۆر صەباح بەرزنجی پێشەکی بۆ نووسیوە
١٧	قورئان وەحی ئاسمانە، نەك ڕەنگدانەوەی سەردەمی خۆی	ن: بەکر حەمەصدیق
١٨	ئیسلامو سیاسەت، لێکۆڵینەوەیەك لەمەڕ پەیوەندی نێوان ئیسلامو سیاسەت	ن: ئارام قادر
١٩	سوپای ئەییوبیان لە سەرودەمی سەلاحەددیندا پێکهاتنی، ڕێکخستنی، چەکەکانی، هێزی دەریاییو شەڕو جەنگە گرنگەکانی	ن: پرۆفیسۆر دکتۆر موحسین موحەممەد حسێن و: عوسمان عەلی قادر
٢٠	پوختەیەك دەربارەی ڕۆژوو	ن: عەبدوڕڕەحمان نەجمەدین
٢١	ڕۆڵی پرشنگداری زانا موسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکاندا	ن: د. کاوە فەرەج سەعدون
٢٢	یەکەمین دەستووری نووسراو لە جیهاندا، بەڵگەنامەیەکی گرنگی سەردەمی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)	ن: موحەممەد حەمیدوڵڵا و: شوان هەورامی
٢٣	ئیسلامناسیی یان ئیسلامنەناسیی، وەڵامێك بۆ کتێبی (ئیسلامناسی) عەلی میرفطروس	ن: ئیکرام کەریم
٢٤	بەرەو بەختیاریی ئافرەت (بەرگی سێیەم)	ن: جەمال حەبیبوڵڵا (بێدار)
٢٥	ئیشکردن نەك تەمەڵی	عەبدولعەزیز پارەزانی
٢٦	دوورگەی بیناسازان، چیرۆکێکی پەروەردەییە بۆ گەورەو بچووکی ئەم نەوە نوێیە	نووسینی: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبو سلێمان وەرگێڕانی: ئامینە صدیق عەبدولعەزیز
٢٧	زمانی گەردەلوول، خەونی شنەبا کۆمەڵە دیدارێکە لەسەر شیعر، فەرهەنگ، زمان، تەسەووف، ڕۆژهەڵاتناسی، ژن، ڕەخنەی ئەدەبی،	فەرهاد شاکەلی

	ڕووناکبیر و دەسەڵات	
٢٨	هەڵەبجــە ١٨٨٩ ـ ١٩٣٠، لێکۆڵینەوەیــەکی مێــژوویی سیاسییە	ن: عادل صدیق
٢٩	بەرگری لە قورئان دژی ڕەخنەگرانی	ن: عەبدوڕڕەحمان بەدەوی و: وەرزێر حەمەسەلیم
٣٠	فەرمووده هاوبەشەکانی بوخاری و موسلیم	ئامـــــادەکردن و وەرگێڕانـــــی: حەمەکەریم عەبدوڵڵا
٣١	مەلا ئیدریسی بەدلیسی، ڕۆڵی لـە یەکخستنی میرنـشینە کوردییەکاندا	ن: حەسەن مەحمود حەمەکەریم
٣٢	شێخ مەحمودی حەفید (١٩٢٢ — ١٩٢٥)	ن: ئومێد حەمەئەمین
٣٣	ئیسلام لەبەردەم دوڕیاندا	ن: لیوبو لدڤایس و: عەبدول حسێن
٣٤	ڕامیاری لە ئیسلامدا	ن: ئەحمەد کاکە مەحمود
٣٥	وەڵامـی پرسـیارەکان، ڕەواندنـەوەی کۆمـەڵێك گومـان سەبارەت بە ڕاستییەکانی ئیسلام	ن: دکتۆر کەریم ئەحمەد
٣٦	مرۆڤ و پەیامداری	ن: قانع خورشید
٣٧	سەید قوتب، لە هاتنەدنیاوە تا شەهیدبوون	ن: د. ســـــەلاح عەبدولفـــــەتاح ئەلخالیدی و: تارق نەجیب ڕەشید
٣٨	عوسمانی کوڕی عەففان، کەسایەتی و سەردەمەکەی	ن عەلی موحەممەد سەللابی و: حەمید موحەممەد عەبدوڵڵا
٣٩	خــوانی ڕووح، توێژینەوەیەکـە دەربــارەی گــەورەیی و پیرۆزیی نوێژ	ن: مەلا ئەحمەدی شەریعە
٤٠	ئەلفبێی لاتینی.. زمانی ستاندارد	ئامادەکردنی: ڕەوشت محەمەد
٤١	بنەماکانی فیقهی ئیسلامیی(بەرگی یەکەم)	نووسینی: د. صباح بەرزنجی
٤٢	پوختەیەك دەربارەی ڕاگەیاندن و ڕاگەیاندنی ئیسلامیی	ن: ئەحمەد ئیبراهیم وەرتی

٤٣	دەروازەیەك بۆ زانستەكانی قورئان	ن: ئیكرام كەریم
٤٤	بیرەوەرییەكان دەبنە گرنگ، دیمانەی مامۆستای دێرین ئەحمەد سەعید	ئا: ئەحمەد حسین ئەحمەد
٤٥	گەنجینەكانی دوورگەی بیناسازان	ن: د. عەبدولحەمید ئەحمەد ئەبوسلێمان و: بوشرا صدیق عەبدولعەزیز
٤٦	فرِی فرِی قەل فرِی	نووسینی: مەلا موحەممەدی جەلی كۆیی (مەلای گەورە) قانع خورشید پێشەكی بۆ نووسیوەو رێكیخستووەتەوەو پەراوێزی بۆ داناوە
٤٧	كـۆچ كۆمەڵە چیرۆكێكی واقیعیی كۆمەڵایەتییە	نووسینی:یوسف حاج ئەحمەد وەرگێڕانی: كاوە محەمەد شارباژێڕی
٤٨	پەروەردەی منداڵان لە ئیسلام دا	نووسینی: د. عەبدوڵڵا ناصح عەلوان وەرگێڕانی:ناصح ئیبراهیم سازانی
٤٩	ئیمام حەسەن بەننا ١٩٠٦ – ١٩٤٩	نووسینی: مصطفى محمد الطحان وەرگێڕانی:محمد عبدول رحیم
٥٠	مێژووی كوردەكانی جەزیرە ٤٤٧–٦٥٦ ك	نووسینی: ئومێد بەهرامی نیا وەرگێڕانی: عبدالرحیم معرفتی
٥١	ئایا خوا كچی هەیە ؟ وەڵامێك بۆ كتێبی (كچانی خوا)	نووسینی: ڕوقیە صدیق عبدالعزیز
٥٢	گەشتی قیامەت	نووسینی: ناصح ئیبراهیم سازانی